

**هەرێمی کوردستان - عێراق**
**پەرلەمانی**
**کوردستان - عێراق**

# پرۆتۆکۆلەکان

# 53

**ساڵی/ 2009 – بەرگی پەنجاوسێ**

---

**چاپی یەکەم/ ساڵی 2009**

له بڵاوكراوەكانی پەرلەمانی كوردستان - عێراق

ناوی كتێب: پرۆتۆكۆلەكانی ساڵی(2009)ی پەرلەمانی كوردستان - عێراق
بەرگی: 53
چاپی یەكەم: 2009
تیراژ: 250
پێداچوونەوە: محمد حسن رۆژبەیانی
نەخشەسازی: سنوبر صابر حسن
ژمارەی سپاردنی بە كتێبخانەی نیشتمانیی هەرێمی كوردستان:

# پێرِیست

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (16) خولی دووەمی هەڵبژاردن – چوار شەممە 2009/6/10 ل5

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (17) خولی دووەمی هەڵبژاردن – پێنج شەممە 2009/6/11 ل57

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (18) خولی دووەمی هەڵبژاردن – دوو شەممە 2009/6/15 ل129

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (19) خولی دووەمی هەڵبژاردن – سێ شەممە 2009/6/16 ل187

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (20) خولی دووەمی هەڵبژاردن – دوو شەممە 2009/6/22 ل237

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (21) خولی دووەمی هەڵبژاردن – چوار شەممە 2009/6/24 ل277

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (4)ی نائاسایی خولی دووەمی هەڵبژاردن – پێنج شەممە 2009/7/9 ل353


ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان - عێراق
المجلس الوطني لكوردستان - العراق
KURDISTAN NATIONAL ASSEMBLY - IRAQ

# پەرلەمانی كوردستان - عێراق

**پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (16)**

**چوارشەممە رێكەوتی 10\6\2009**

**خولی دووەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (16)

## چوارشەممە رێكەوتی 2009/6/10

كاتـژمێر (11)ی پـێش نیـوەڕۆی رۆژی چوارشـەممە رێكـەوتی 2009/6/10 پەرلـەمانی كوردسـتان - عێراق بە سەرۆكایەتی بەڕێز عدنان رشاد مفتی سەرۆكی پەرلەمان و, بە ئامادەبوونی بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی) جێگری سەرۆك و, بەڕێز فرست أحمد عبدالله سكرتێری پەرلەمان, دانیشتنی ژمارە (16)ی خولی دووەم, ساڵی (2009) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی كار:**

بەپێی حوكمەكانی بڕگە (1)ی مادده (20) لە پێڕۆی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەمواركراوی ساڵی 1992ی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق, دەستەی سەرۆكایەتی پەرلەمان بڕیاردرا دانیشتنی ژمارەی (16)ی خولی دووەمی هەڵبژاردن لە كات (11)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی چوار شەممە رێكەوتی 2009/6/10 دا بەم شێوەیە بێت:

1- خوێندنەوەی یەكەمی نارەزایی دەربڕینی بەڕێز سەرۆكی هەرێم لەسەر یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنەكان و پارێزگاكان و قەزاكان و ناحیەكان لە هەرێمی كوردستانی عێراق.

2- پێش چاوخستن و گفتوگۆكردنی بودجەی هەرێمی كوردستان بۆ ساڵی 2009.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی كوردستان، دانیشتنەكەمان دەكەینەوە، سەرەتا بەخێرهاتنی بەڕێز كاك بایز تاڵەبانی، وەزیری دارایی و ئابووری، بەڕێز كاك سەعد وەزیری هەرێم بۆ كاروباری پەرلەمان، بەڕێز كاك دڵشادو بەڕێز كاك رەشید، بریكارانی وەزارەتی دارایی و ئابووری دەكەین، بەخێر بێن سەرچاو، داوا لە لێژنەی یاسایی و لێژنەی دارایی دەكەم بێن دابنیشن لە جێی خۆیان، بەرنامەی كاری ئەمڕۆمان:

1- خوێندنەوەی یەكەمی نارەزایی دەربڕینی بەڕێز سەرۆكی هەرێم لەسەر یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنەكان و پارێزگاكان و قەزاكان و ناحیەكان لە هەرێمی كوردستانی عێراق.

2- پێش چاوخستن و گفتوگۆكردنی بودجەی هەرێمی كوردستان بۆ ساڵی 2009.

بڕیار وابوو وەزیری پلاندانان بەڕێز كاك عوسمان بێت، ئاگادارت كرد بوو كاك سەعد؟ هۆكاری دواكەوتنی چ بوو؟

**بەڕێز سعد خالد محمد امین/ وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵڵا ئاگادارم دەکردەوە، بەڵام تەبیعی تۆزێك بە درەنگەوە، ئەویش کارێکی زەرووری هەبوو، داوای لێبوردنی لە هەموو لایەکی کرد، بەڵام دڵنیام لە جەلسەی داهاتوو ئامادە دەبێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئینشاالله سبەینێ جەلسەمان دەبێ با ئامادەبێ، خاڵی یەکەم لە بەرنامەی کار:

1- خوێندنەوەی یەکەمی ناڕەزایی دەربڕینی بەڕێز سەرۆکی هەرێم لەسەر یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنەکانی پارێزگاکان و قەزاکان و ناحیەکان لە هەرێمی کوردستانی عێراق، جەنابی سەرۆکی هەرێم بە پرۆژەی یاسای کە پەسندکرابوو لە لایەن پەرلەمانەوە، سەبارەت بە یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنەکانی پارێزگاکان و قەزا و ناحیەکان لە هەرێمی کوردستان ڕەدی کردەوە، بە تێبینیەکی خۆی، فەرموون بۆ خوێندنەوەی.

**بەڕێز عبدالکریم ابو بکر مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

کۆماری عێراق

هەرێمی کوردستان

سەرۆك

**بڕیاری ژمارە(12) ساڵی 2009**

بەپێی خاڵی (2) بڕگەی (1)ی ماددەی (10)ی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان-عێراق، ژمارە (1) ساڵی 2005ی هەموار کراو لە پێناو مسۆگەر کردنی نوێنەرایەتی پێکهاتەکانی کوردستان لە کلدان و ئاشوور و تورکمان، لە ئەنجومەنی پارێزگاکانی کوردستان و، بە مەبەستی هەماهەنگی لە نێوان یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان-عێراق، ژمارە (1) ساڵی 1992ی هەموار کراو و یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنەکانی پارێزگاکان و قەزا و ناحیەکان لە هەرێمی کوردستان-عێراق، ژمارە (4)ی ساڵی 2009، بڕیارمان دا:

1-یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنەکانی پارێزگاکان و قەزا و ناحیەکان لە هەرێمی کوردستان-عێراق، ژمارە(4)ی ساڵی 2009، کە پەرلەمانی کوردستان لە دانیشتنی ژمارە 11ی ئاسایی خۆیدا، لە 2009/5/11ی تەشریعی کردووە و بە نووسراوی ژمارە (43753) لە 2009/5/26، ناردوویەتی بۆ سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان-عێراق، بگەڕێنینەوە پەرلەمانی کوردستان تاوەکو پێیدا بچێتەوە.

2-بۆ وەبەدیهێنانی ئەو ئامانجانەی سەرەوە کە ئاماژەمان پێکرد، پێشنیار دەکەین پەرلەمان لە پێداچوونەوەکەیدا، ماددەیەك بۆ یاساکە زیاد بکات بەو شێوەیە:

1-له ئەنجومەنی پارێزگای دهۆك، دوو کورسی تەرخان دەکرێ بۆ کلدان و سریان و ئاشووری، پاڵێوراوانی خۆیان کێبڕکێی لەسەر دەکەن.

2-له ئەنجومەنی پارێزگای دهۆك، یەك کورسی تەرخان دەکرێت بۆ پێکهاتەی ئەرمەن پاڵێوراوانی خۆیان کێبڕکێی لەسەر دەکەن.

3-لە ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، یەك کورسی تەرخان دەکرێت بۆ کلدان، سریان، ئاشووری و پاڵێوراوانی خۆیان کێبڕکێی لەسەر دەکەن.

4-له ئەنجومەنی پارێزگای هەولێر، دوو کورسی بۆ کلدان،سریان، ئاشووری، سێ کورسی بۆ تورکمان تەرخان دەکرێت، پاڵێوڕاوانی پێکهاتەی خۆیان، کێبڕکێی لەسەر دەکەن.

5-دەنگدەرانی هەر پێکهاتەیەك، پاڵێوڕاوانی پێکهاتەی خۆیان هەڵدەبژێرن.

**مسعود بارزانی**

**سەرۆکی هەرێمی کوردستان-عێراق**

**2009/6/2**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، دیارە تەبعەن ئەوە پێشنیاری جەنابی سەرۆکی هەرێم بۆ ماددەیەکی تازەیە، بۆ ئەوەی نیزامی کۆتا کە لە پەرلەماندا دانراوە، بۆ هەمان ئەنجومەنی پارێزگاکان هەبێ، ئەوە ئاراستەی لێژنەی یاسایی و لێژنەی ناوەخۆ و ئەندامانی پەرلەمان دەکەم، ئومێد دەکەم ئینشاالله لە هەفتەی داهاتوو لە بەرنامەی کاردا بێت بۆ ئەوەی بڕیاری لەسەر بدەین، خاڵی دووەم لە بەرنامەی کار: پێش چاو خستن و گفتوگۆکردنی بودجەی هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی 2009، دیارە دەمێکە پرۆژەی بودجە لەگەڵ پرۆژەی یاساکەی، بودجە و پرۆژە یاسایەکە بۆ پەرلەمان هاتووە، لێرە خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کرا، ئاراستەی لێژنەی دارایی و لێژنەی یاسایی و لێژنەکانی ناو پەرلەمانمان کرد و، بۆ ئەندامانیش هەروەها، لەو ماوەی رابوردوو، چەندین کۆبوونەوە کراوە لە لایەن لێژنەی دارایی لەگەڵ وەزارەتی دارایی و ئابووری لەسەر بابەتەکان، هەروەها لێژنەکانیش هەندێکیان کۆبوونەوەیان کردووە، پێداچوونەوەیان هەبووە، راپۆرتیان هەیە، بۆیە سەرەتا داوا لە لێژنەی یاسایی دەکەم ڕاپۆرتەکەیان بخوێننەوە و دوایی لەبەر ئەوە بابەتە وردەکارییەکە عایدی لێژنەی داراییە، ئەوانیش دەیخوێننەوە و لێژنەکانی تریش ڕاپۆرتیان هەیە بیخوێننەوە، بە کوردی بیخوێننەوە، فەرموو.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

## بۆ / سەرۆکایەتیی پەرلەمانی کوردستان ـ عیراق

## بابەت / راپۆرتی لیژنەی یاسایی

لیژنە، ئێوارەی رۆژی یەك شەممە 27ی گوڵان / 2709 کوردی رێکەوتی 17/ 5/ 2009 بۆ لێکۆڵینەوەی پرۆژە یاسای بودجەی ساڵی 2009ی هەرێمی کوردستان ـ عیراق کۆبووەوە، کە دوای خوێندنەوەی یەکەمی لەپەرلەمان لە دانیشتنی ئاسایی ژمارە (10)ی رۆژی 2009/5/6 بۆی نێردرابوو. پاش گفتوگۆ و راگۆڕینەوەش، لیژنە، راپۆرت و راسپاردەکانی خۆی دەربارەی پرۆژەکە، بەم شێوەیەی خوارەوە پێشکەش دەکات:

1/ هەق وابوو، بوجەکە لەسەرەتای مانگی تشرینی یەکەم، بەر لەساڵی دارایی پێشکەش بە پەرلەمان کرابا بەپێی ماددەی (79) لە پێڕۆی ناوخۆی پەرلەمان.

2/ هەق وابوو، لەماوەی یاسایی خۆیدا، حساب و حسابکاریی کۆتایی ( الحسابات الختامیه) ساڵی دارایی (2008) بداریە بە پەرلەمان، بۆ ئەوەی پەرلەمان چۆنییێتی خەرجکردنی داهاتی ساڵی پاری زانیبا، بەڵام بەهۆی ئەوەی کە ناردنەکەی دواکەوت، لیژنەش بۆی نەکرا لێی بکۆڵێتەوە و گفتوگۆی لەسەر بکات.

ئەوە بوو، ئێمەش، بەپێی نووسراومان ژمارە (172)ی رۆژی 30/ 12 / 2008 کە بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمانمان نارد، تەرکیزمان لەسەر ئەوە کرد کە پێویستە راپۆرتەکە بدرێت بە دیوانی چاودێری دارایی تا بتوانێت لێی بکۆڵێتەوە و، پاشان بنێردرێت بۆ لیژنەکانی پەرلەمان بۆ ئەوەی بتوانن لێی بکۆڵێنەوە ئینجا بخرێتە پێش چاوی پەرلەمان بۆ گفتوگۆکردن.

3/ نەناردنی بودجە تەواوکارەکەی ساڵی 2008، وێڕای ئەوەش کە لیژنەکەمان بەنووسراوی ژمارە (129)ی رۆژی 21/ 9/ 2008 پێشنیازمان کردبوو بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمان کە داوای بکات لە وەزارەتی دارایی.

4/ لیژنە پێشنیازدەکات سیاسەتی بارسووکی ئیداری (الترشیق الاداری) بە جۆرێ بنیات بنرێ، کە خەرج و مەسرەفی لەسەر ئیش دامەزراندن کەم بکاتەوە و، خەرج و مەسرەفی بوجەی سەرمایەداری وەبەرهێنان زیادبکات لەپێناوی وەدەستهاتنی گەشەسەندندا.

5/ لێژنە، رای وایە کە بنەمای هاوسەنگی لە نێوان کەرتە جۆربەجۆرەکاندا، لەرووی تەرخان کردنی خەرج ومەسرەفی وەربەرهانین و مەبدەئی لەبەرترینەکان (الاولویات) رەچاوبکرێت، لەبەر رۆشنایی سیاسەتی هاوسەنگ کردن لەنێوان پەرەپێدانی بنیادی ژێرخانی و پرۆژەکانی بەرهەم هێناندا.

6/ پێویستە هاودەنگی لەنێوان وەزارەتەکاندا هەبێت لە جێبەجێ کردنی پرۆژەکاندا.

7/حكومەت پرۆژە یاسایەكی دەربارەی جێبەجێكردنی  یاسای بوجە، بۆ ڕێكخستنی سەلاحییاتی خەرج و سەرف پێشكەش نەكردووە، وێڕای ئەوەش كە ساڵی پار ئەوەمان تەكەز كردووەتەوە.

8/مووچەكانی هەندێ گروپی فەرمانبەرانی هەرێم، یەكسان نەكراوە بە مووچەكانی فەرمانبەرە هاوتاكانیان لە حكومەتی فیدراڵ، وێرای ئەوەش كەلە یاسای بوجەی ساڵی (2008) دا تەكەزی لەسەر كراوە. رادەسپێرێ كە ئەو یەكسانكردنە بێتەدی.

9/ وەزارەتی دارایی، ڕێنمایی پێویستی بۆ ئاسانكردنی جێبەجێكردنی حكومەكانی یاسای بوجەی ساڵی پار، لەمیانەی ئەو ماوە یاساییەدا دەرنەچواندووە كە دەقەكەی لەماددەی (18)ی یاسای بوجە ژمارە (3)ی ساڵی (2008)دا هاتووە.

10/ پێشنیاز دەكەین، چاو بەو بڕە سلفانە دا كە بەهاووڵاتیان دەدرێن. بخشێنرێتەوە، بەشێوەیەك، كە سوودی هاووڵاتیانی تێدا زامن بكرێت بۆ چارەسەركردنی كێشەی نیشتەجێی. پێشنیازیش دەكەین مەرجەكانی سلفەدانی خانووبەرە ( العقاریە) لە نێوان پارێزگاكانی هەرێمدا یەك بخرێن.

11/ بەرەچاو كردنی ئەو خاڵانەی سەرەوە، لیژنە سەرەتا تەئییدی پرۆژەكە دەكات و، پێشنیازیش دەكات كە دیباجەكەی بگۆڕدرێت، چونكە دیباجەی پرۆژەكە تایبەتە بەو جۆرەی كە سەرۆكایەتی هەرێم دەریدەچوێنێ، نەك بەو جۆرەی كە پەرلەمان بەپێی حوكمی برگە (1)ی ماددەی (56) لە یاسای ژمارە(1)ی ساڵی 1992ی هەمواركراو دەری دەچوێنێ. هەروەها، لیژنە پێشنیازدەكات، ڕێگای بدرێت، هەندێ ماددەی دووبارە وەك ڕێسای ئەو پرۆژە یاسایانە دابڕێژێتەوە كە پەرلەمان پێڕۆی دەكات و، راستكردنەوەی لایەنی ڕێزمانیش لە هەندێكیاندا ئەنجام بدات. ئیدی، لیژنەكەمان راپۆرتی خۆی، لەسەر یاسای بوجەی ساڵی 2009 بەم شێوەیەی خوارەوە پێشكەش دەكات:

**یەكەم**/ دەربارەی ماددەی یەكەم لە پرۆژەكە، لیژنە پێشنیازدەكات برگەیەكی تایبەت بە خەرج و مەسرەفی پەرلەمانی بۆ زیاد بكرێت و، برگەیەكی دیكەشی دەربارەی خەرج و مەسرفی دەسەڵاتی دادوەریی بۆ زیاد بكرێت، چونكە دەسەلاتێكی سەربەخۆیە و بودجەی تایبەتی خۆی هەیە لە چوارچێوەی بودجەی گشتیی هەرێمدا بەپێی حوكمی ماددەی چوارەم لە یاسای دەسەلاتی دادوەری ژمارە (23)ی ساڵی 2007، بەم شێوەیەی خوارەوە:

یەكەم:..........................

دووەم:................................

سێیەم: بڕی تەنیا (71140000000) حەفتا ویەك ملیار و سەدو چل ملیۆن دینار بۆخەرج و مەسرەفی پەرلەمانی كوردستان.

چوارم: بڕی تەنیا( 24881000000) بیست و چوار ملیارو، هەشت سەدوهەشتاویەك ملیۆن دینار بۆ خەرج و مەسرەفی دەسەڵاتی دادوەری.

ئەوانی تر لێژنە هیچ تێبینی لەسەر نیە، تکایە ئەمربفەرموون و، ئەسڵی پرۆژەکە و رای لیژنەش بخەنە بەردەمی پەرلەمان بۆ ئەوەی گفتوگۆی بکات و، رای لەباری خۆی لەسەر بدات، لەگەڵ رێزدا.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سیستەمی موناقەشەکردنمان بەو شێوەیە، لەبەر ئەوەی ئێمە ئاراستەی لێژنەکەمان کردیە، تێبینی گشتی ئەندامانی پەرلەمان لە راپۆرتی لێژنەکان دێت، بۆیە ڕاپۆرتەکان تەعبیر لە رای گشتی ئەندامانی پەرلەمان دەکات، دواییش کە راپۆرتەکان پەیدا بوون، جەنابی وەزیر و بریکاری وەزارەت، دەتوانن بە شێوەیەکی گشتی وەڵام بدەنەوە و روونکردنەوەی گشتی بدەن، ئیتر دێین مادده بە مادده موناقەشەی دەکەین بۆ ئەوەی قەراری بدەین، ئێستا داوا لە لێژنەی دارایی و ئابووری دەکەم بۆ خوێندنەوەی راپۆڕتەکەیان.

**بەڕێز د.دلێر اسماعیل حقی شاوێس:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لێژنەکەمان لە بەرواری 2009/5/24، کۆبوونەوەی ئاسایی خۆی سازدا بۆ تەواوکردنی گفتوگۆ کردن لەسەر یاسای بودجەی ساڵی 2009، لە ئەنجامی چەند کۆبوونەوەیەکی یەك لە دوای یەك لەگەڵ وەزارەتی دارایی و رێکخراوە مەدەنیەکان و چەند پسپۆر و شارەزایانی دیکەی ئابووری گەیشتینە ئەم تێبینی و پێشنیارانەی خوارەوە:

**یەکەم:** بەهۆی قەیرانی ئابووری جیهان و نزم بوونەوەی نرخی نەوت لە بازارەکاندا، وە رەنگدانەوەی ئەو بارودۆخە لەسەر ئابووری ناوچەکەو عێراق، وە دواکەوتنی ئامادەکردنی بودجەی ساڵی 2009 لەعێراقدا، هەموو ئەو پێشهاتانە کاردانەوەی خۆی هەبووە لەسەر دواکەوتنی بودجەی هەرێمی کوردستان، ئەوە سەرەڕای ئەو کەم و کورتیانەی کە لەهەندێ دام و دەزگاکان و وەزارەتەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان هەبووە بەپێی (یاداشتی روونکردنەوە لەسەر بودجەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی دارایی 2009). لەلایەن وەزارەتی داریيەوە پێشکەش کراوە.

**دووەم:** ئەوەی تێبینی دەکرێت لەلایەن لیژنەکەمانەوە، تەنیا سەرچاوەی داهاتەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بریتی یە لەو برە پارەیەی کە لەلایەن حکومەتی فیدراڵەوە بەرێژەی 17٪ لە بودجەی گشتی عێراق بۆ هەرێم تەرخان دەکرێت. دوای بڕینی خەرجییە سەروەری و فەرمانڕەواییەکان(السیادیە والحاکمە) ئەوەی دەمێنێتەوە نزیکەی رێژەی 12٪ پێکدەهێنێت.

**سێهەم:** ساڵانی پێشوو، بەشێك ئەگەر کەمیش بووبێت، لەداهاتەکانی هەرێم خرابووە سەر بودجە، بەڵام بۆ ساڵی 2009 بەهۆی بڕینی ئەو داهاتانە لەلایەن حکومەتی فیدراڵەوە پێش وەخت ئەو سەرچاوەیەش نەماوە.

پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان تەنها پشت بەو برە پارەیە نەبەستێت کە لە حکومەتی فیدراڵەوە دێت. بۆیە پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان کاربکات بۆ زیادکردنی سەچاوەکانی داهات. وەهەروەها

داوا لـه وەزارەتـی دارایـی دەكـەین راپۆرتێـك پێشـكەش بـە پەرلـەمان بكـات سـەبارەت بـە وردەكـاری ئـەو داهاتانەی كە حكومەتی فیدراڵ بڕیویەتی.

**چوارەم:** ئەگەرچی وەزارەتەكان و دام و دەزگاكانی حكومەتی هەرێمی كوردسـتان یـەكیان گرتۆتـەوە، بـەڵام ئەوەی تێبینی دەكرێت لەلایەن لیژنەكەمانەوە بودجـەكانیان بـە جیاجیـا هـاتووە، داواكـارین بودجـەكانیان یەك بخرێت، وەئەو وەزارەت و دام و دەزگایانەش كە میكانیزمی یەكگرتنەوەیان تـەواو نـەبووە بـەزووترین كات تەواو بكرێت و یەك بگرنەوە.

**پێنجـەم:** لـەراپۆرتی سـاڵانی($2007$ وە $2008$) داوامـان كردبـوو ئـەو وەزارەت و دام و دەزگایانــەی كـە كارەكانیان لەیەكەوە نزیكن یەك بخرێنەوە، وە ئەنجومەنی وەزیران نەخشەو پلانێك بۆ ئەم یەكگرتنەوەیە دیاری بكات، بەڵام تائێستا هیچ هەنگاوێك لەو بارەیەوە نەنراوە، بۆیە داوا دەكەین هەنگاوی جددی بنرێـت بۆ یەكگرتنەوەیان.

**شەشەم:** لەگەڵ ئەوەی پەرلەمانی كوردستان یاسای دەزگای چاودێری دارایی دەركردووە، بەڵام تائێستا ئـەو دەزگایانە یەكیان نەگرتۆتەوە، پێویستە بە زووترین كات یەك بگرنـەوەو یاساكە بخرێتـە بـواری جێبـەجێ كردنەوە، بۆ ئەوەی دەزگای چاودێری دارایی بتوانێت بە ئەركەكانی خۆی هەڵبستێت.

**حەوتەم:** پێویستە ئەو بڕە پارەیەی كە لە ساڵانی ($2007$ وە $2008$) لەلای حكومەتی فیـدراڵ ماوەتـەوە، حكومـەتی هـەرێمی كوردسـتان بەدواداچـوونی بـۆ بكـات و بەدەسـتی بهێنێتـەوە، تـاوەكو لـە پرۆژەكـانی ئاوەدانكردنەوە بەكار بهێنرێ.

**هەشتەم:** ئەوەی تێبینی دەكرێـت لـەئامادەكردن و تـاوتوێ كردنـی بودجـەی حكومـەتی فیـدراڵ نوێنـەرانی حكومـەتی هـەرێمی كوردسـتان پـەراوێز كـراون، ئەمـەش دەبێتـە هـۆی بێبـەش كردنـی خـەڵكی هـەرێمی كوردسـتان لـە بەشـێك لـە مافـەكانیان، بۆیـە داواكـارین هاوكـاری و هەماهـەنگی تـەواو هـەبێت لـەنێوان نوێنەرانی كورد لە حكومەتی فیدراڵ و حكومەتی هەرێمی كوردستان بۆ ئەوەی مافەكانی خـەڵكی هـەرێمی كوردستان پارێزراو بێت.

**نۆیەم:** بەپێی یاداشتی روونكردنەوە لەسەر بودجەی حكومەتی هەرێمی كوردستان بۆ ساڵی دارایی $2009$، ژمارەیـەك لـە وەزارەت و دەزگاكـان كەمتەرخـەم بـوون لـە ئامـادەكردنی بودجـەكانیان بـۆ سـاڵی $2009$، كەهەمان كەمتەرخەمیان هەبووە لە ساڵانی رابردووش، بەڵام حكومەتی هـەرێمی كوردسـتان تائێسـتا هـیچ لێپرسینەوەیەكی لەگەڵ نەكردوون. ئەمەش هۆكارێكە بۆ دواكەوتنی بودجە.

**دەیــەم:** دواكــەوتنی بودجــە ڕێگــرە لەبــەردەم جێبــەجێ كردنـــی پرۆژەكــانی وەبــەرهێنان، ئەمـــەش كاردانەوەیەكی نێگەتیڤی لەسەر باری ئابووری و كۆمەڵایەتی هەیە.

**یانزەهەم:** بۆ ساڵی$2008$ بودجەی وەبەرهێنان ($2.879.079$) (دوو ترلیۆن و هەشـت سـەدو حـەفتاو نـۆ ملیارو حەفتاونۆ ملیۆن)دینار بووە، كە لە($37.7\%$)ی سەرجەم بودجەی گشتی پێك هێناوە.

بەڵام بۆ ساڵی 2009 بودجەی وەبەرهێنان (2.303.338) (دوو ترلیۆن و سێ سەدو سێ مليارو سێ سەدو سی و هەشت مليۆن)دينار بووە، كە تەنها (26٪)ی سەرجەم بودجەی گشتی پێك هێناوە.

**دوانزەهەم:** بودجەو جێبەجێ كردنی، ئامرازێكە بۆ پيادەكردنی سياسەتی ئابووری، بۆيە پێويستە حكومەتی هەرێمی كوردستان پلانێكی زانستيانەی هەبێت بۆ خەرج كردنی بودجە. بودجە چۆن ئامرازێكە بۆ پيادەكردنی سياسەتی ئابووری، هەروەها رێگەيەكە بۆ چاودێری كاری حكومەت و هەڵسەنگاندنی. لەو روانگەيەوە ليژنەكەمان داوای لەسەرۆكايەتی پەرلەمان كرد كە داوابكات لە هەريەكە لە وەزارەتەكانی كشتوكاڵ، پلاندانان و دەزگای وەبەرهێنان، تا ئاگاداريان بكاتەوە لە وردەكاريەكانی پلانی گەشەكردنی كشتوكاڵی و، وردەكاری چۆنيەتی جێبەجێ كردنی پلانی وەبەرهێنان و ئەو مۆڵەتانەی دراون و وردەكاريەكانيان بەمەبەستی وەبەرهێنان....هتد. بەداخەوە جگە لەدەستەی وەبەرهێنان هيچ كام لە وەزارەتەكانی كشتوكاڵ و پلاندانان ئەو داوايەيان بەهەند وەرنەگرت و تا ئێستاش وەڵاميان نەداوەتەوە، گەر ئەوانيش ئەو كارەيان ئەنجام بدايە وەك دەستەی وەبەرهێنان دەتوانرا قسەی زياتر لەسەر رەوشی ئابووری و وەبەرهێنان لە هەرێمدا بكرێت.

سەبارەت بەو زانياريانەی لەدەستەی وەبەرهێنانەوە بەدەستمان گەيشتووەو بەمەبەستی چاو روونی هەمووولايەك ئەم راستيانە دەخەينەروو:

1-لەسەرەتای دامەزراندنی دەستەی وەبەرهێنان تا كۆتايی مانگی مارتی 2009 (162) مۆڵەتی وەبەرهێنان دراوە، (15) لەو مۆڵەتانە هەڵوەشێنراونەتەوە كە دەكاتە نزيكەی (9.3٪) ی سەرجەم پرۆژە مۆڵەت پێدراوەكان. ئەو پرۆژانەی مۆڵەتەكانيان ماوە بريتييە لە (147)پرۆژە كە دەكاتە (90.7٪)ی سەرجەم پرۆژەكان.

2- ژمارەی ئەو مۆڵەتانەی راستەوخۆ دراونەتە وەبەرهێنانی بيانی (16)مۆڵەتە، كە دەكاتە نزيكەی (10٪)ی سەرجەم پرۆژەكان، سەرمايەكانيشيان (8.835.837.929) (هەشت مليارو هەشت سەدو سی و پێنج مليۆن وهەشت سەدو سی و حەوت هەزارو نۆسەدو بيست و نۆ)دۆلارە، كە نزيكەی (55.5٪)ی سەرجەم سەرمايەی وەگەڕخراو پێكدەهێنێ.

3- سەرجەم پرۆژە خۆماڵييەكانی وەبەرهێنان كە مۆڵەتيان وەرگرتووە تاكۆتايی مانگی مارتی 2009 بريتييە لە(117) پرۆژە، كە(72.2٪)ی سەرجەم پرۆژەكان پێكدەهێنێ، سەرمايەكانيشيان (4.965.163.153) (چوار مليارو نۆسەدو شەست و پێنج مليۆن و سەدوشەست و سێ هەزارو سەدو پەنجاو سێ)دۆلارە، كە دەكاتە(31٪)ی سەرجەم سەرمايەی وەگەڕخراو.

4- ژمارەی پرۆژەكانی وەبەرهێنانی هاوبەش (14)پرۆژەن كەدەكاتە(8.6٪)ی سەرجەم پرۆژەكان و كۆی سەرمايەكەشيان (2.110.739.579) (دوو مليارو سەدو دە مليۆن و حەوت سەدو سی و نۆ هەزارو پێنج سەدو حەفتاو نۆ)دۆلارە، كە(13.2٪)ی هەموو سەرمايەكان پێكدێنێ.

5- ژمـارەی ئـەو پرۆژانـەی مۆڵـەتیان وەرگرتـووەو تائێستا دەسـتبەکار نـەبوون (40)پـرۆژەن، کـە دەکاتـە نزیکـەی(25٪)ی سـەرجەم پـرۆژە مۆڵـەت پێـدراوەکان. هۆکـاری دەسـتبەکار نەبوونیشیان دەگەڕێتـەوە بـۆ کێشەی جیاکردنـەوەی زەویەکانیان. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە میکانیزمی کار لەو دەزگا بەرپرسانەدا بـۆ جیاکردنـەوەی زەویـەکان و جێبـەجێ کردنـی کـاری ئـەو پرۆژانـەی مۆڵـەتی وەبـەرهێنانیان پێـدراوە وەك پێویست نیەو، حکومەت نەیتوانیوە میکانیزمێکی گونجاو بدۆزێتەوە.

6- دەستەی وەبەرهێنان (100)ملیۆن دۆلاری وەگەرخستووە بۆ سندوقی نیشتەجێ بوون کـە بـەم جۆرەی خوارەوە جێبەجێ دەکرێ:

| | | |
|---|---|---|
| هەولێر | 3 پرۆژەی نیشتەجێ بوون | 2750 یەکە لەخۆ دەگرێ |
| سلێمانی | 5 پرۆژەی نیشتەجێ بوون | 3072 یەکەو 120 شوقە |
| دهۆك | 2 پرۆژەی نیشتەجێ بوون | 900 یەکە |

ئەم راستیانە ئـەوە نیشاندەدەن کـە یاسـای وەبـەرهێنان توانیویـەتی گۆڕانکاریـەك دروسـتبکات و، دەسـتەی وەبەرهێنان کارەکانی خۆیان ئەنجام داوە، ئەگەرچی تا ئێستاش سەرمایەی خۆماڵی وەك پێویست نەهاتۆتە گۆڕەپانــەوەو، ئەگـەر بەشـێك لـەو سـوود وەرنەگرتنـە کەمتەرخـەمی کـەرتی تایبـەت بـێ، ئـەوا رۆتـین و تەگەرەکانی دەزگاکانی حکومەتیش ئاستەنگێکە لەو رووەوە.

**سیانزەهەم:** لەسـاڵانی رابـردوو بڕێـك پـارە لـەلای حکومـەتی فیـدراڵ ماوەتـەوە وەك پـارەی (وەزارەتـی پێشمەرگە، بەشە پارەی فەرمانڕەوایی و سەروەری-النفقات السیادیە والحاکمـە-، پـارەی وشـکە سـاڵی)، بۆیـە پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان کاربکات بۆ گێرانەوەی ئەو بەشە پارانە کە مافی خەڵکی کوردستانە.

**چواردەهەم:** ئەوەی تێبینی دەکرێت حکومەتی فیـدراڵ بـۆ ساڵی2009 بـڕی (723.599) (حـەوت سـەدو بیست و سێ ملیارو پێنج سەدو نەوەت و نـۆ ملیـۆن) دینـار لەبودجـەی هـەرێمی کوردسـتان دەبـڕێ لـەبری داهاتەکانی ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان، لەکاتێکدا سـەرجەم داهـاتی هـەرێم بـەپێی خەمڵانـدنی وەزارەتی دارایی هەرێم بریتی بووە لە بڕی (375.129) (سێ سەدو حەفتاو پێنج ملیـارو سـەدو بیسـت و نۆ ملیۆن)دینار، جیاوازی نێوان ئەم دوو داهاتەش (348.470) (سێ سەدو چل وهەشت ملیارو چوارسەدو حەفتا ملیۆن) دینارە.

**پانزەهەم:** لێژنەکەمان پێشنیار دەکات وەزارەتی دارایی پێشینەی خانووبەرە (سلفە عقار) دابین بکات بۆ گوندەکان بەپێی رێنماییەکی تایبەت.

**شانزەهەم:** ئەوەی تێبینی دەکرێت بودجەی تەواوکاری ساڵی2008 و ژمێرەی کۆتایی شەش مانگی دووەمی ساڵی2008 نەهاتووە بۆ لیژنەی دارایی، کە دەبوایە لەکاتی خۆیدا بگەیشتبایە لیژنـەی دارایـی و ئـابووری. راپۆرتی ساڵانە گەیشت، بەڵام دوایی نووسینی ئەم راپۆرتە گەیشتە دەستمانەوە، بەداخەوە.

**بەڕێز کریم مجید شریف(جوتیار):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**سەبارەت بە پرۆژە یاسای بودجەی هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی 2009، لێژنەکەمان پشتگیری پرۆژە یاسایەکە دەکات بە شێوەیەکی گشتی، ئەم پێشنیار و تێبینیانە دەخاتە بەرچاوی بەڕێزتان:**

**یەکەم: (ماددەی یەکەم)**

**برگەی دووەم لەم ماددەیە بەم شێوەیە دابڕێژرێتەوە:**

**(دووەم)**

**(أ) گوژمەیەك بڕەکەی 66.140 (شەست و شەش ملیارو سەدوچل ملیۆن) دینار بۆ خەرجیەکانی پەرلەمانی کوردستان.**

**(ب) گوژمەیەك بڕەکەی 24.881 (بیست و چوار ملیارو هەشت سەدو هەشتاو یەك ملیۆن) دینار بۆ خەرجیەکانی دەسەڵاتی دادوەری).**

**(ج) گوژمەیەك بڕەکەی 6.462.904 (شەش ترلیۆن و چوارسەدو شەست و دووملیارو نۆسەدو چوار ملیۆن) دینار بۆ خەرجیەکانی جێبەجێ کردن لە دەزگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان.**

**دووەم: (ماددەی سێیەم)**

**لێژنە پێشنیار دەکات لەکۆتایی ماددەکەدا دەستەواژەی (بەرەزامەندی ئەنجومەنی وەزیران) زیاد بکرێت.**

**سێیەم: (ماددەی چوارەم)**

**لەم ماددەیەدا لێژنە پێشنیار دەکات لەدوای دەستەواژەی (موجودات غیر مالیە- هەبووە نادارابییەکان) لەناو کەوانەیەکدا دەستەواژەی (موجودات الثابتة -هەبووە نەگۆڕەکان) زیاد بکرێت.**

**چوارەم: (ماددەی پێنجەم)**

**لێژنەکەمان پێی باشە دەستەواژەی (وەزارەتی دارایی هەرێمی کوردستان) ببێت بە**

***(وەزارەتی دارایی حکومەتی هەرێمی کوردستان).***

**پێنجەم: (ماددەی یانزەهەم)**

**لێژنە پێشنیار دەکات لەکۆتایی ماددەکەدا ئەم رستەیەی بۆ زیاد بکرێت:**

***(دەبێت وەزارەتی دارایی بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی پلاندانان راپۆرتێك لەو بارەیەوە پێشکەش بکات بە پەرلەمان پێش کۆتایی ساڵی2009).***

**شەشەم: (ماددەی سیانزەهەم)**

**لێژنە پێشنیار دەکات دەستەواژەی (سەرۆکەکانی کە بە وەزارەتەوە) بکرێت بە *(سەرۆکی دەزگاکان کە بە وەزارەتەوە).***

**حەوتەم: (ماددەی حەڤدەهەم)**

**لێژنەکەمان پێی باشە پاداشتی ساڵانە بۆ هەر فەرمانبەرێك لە سێ ملیۆنەوە بکرێت بە یەك ملیۆن.**

**هەشتەم: (ماددەی هەژدەهەم)**

**لە کوردیەکەدا وشەی (لێتوێژینەوە) دەبێت بە وشەی *(لێکۆڵینەوە).***

**نۆیەم:**

لیژنە پێشنیار دەکات لەدوای ماددەی (19) ماددەیەك زیاد بکرێت بەناوی ماددەی (20) وە بەم شێوەیەی خوارەوە دابرێژرێتەوە:

(وەزارەتی دارایی پێشینەی خانووبەرە-سلفە عقار- بۆ هاووڵاتیان دابین دەکات بەپێی رێنماییەکان).

بەم پێیە ماددەی (21) بەهەمان زنجیرە ئەمێنێتەوەو ماددەی (20) دەبێت بە ماددەی(22) ، وە زنجیرەی ماددەکانی دوای ئەوە بەو پێیە دەگۆڕرێت.

لەگەڵ رێزماندا..

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، من دەمەوێ جەنابی وەزیر ڕەچاوی ئەوە بکەن، ئەم راپۆرتانە دوو بابەتن، بابەتێکیان تێگەیشتنی گشتییە، راو و بۆچوونی خۆیانە، بەشێکیشی بریتییە لە رەئیان لەسەر ئەو ماددانەی کە لە پرۆژەی یاساکەدا هاتووە، ئەوە پەیوەندی بە ماددەکانەوە هەبێت، دەخرێتە دواتر، وەڵام ئێوەشە و موناقەشە کردنە ماددە بە ماددە، بەڵام با ئەو سێ چوار راپۆرتەش بخوێنینەوە، ئینجا بە گشتی رەئی جەنابتان لەسەر هینەکان، بە کورتی چونکە دەبێ دواتر لەبەر رۆشنایی راپۆرتەکانی تر جوابدەینەوە، فەرموو.

**بەڕێز بایز تاڵەبانی/وەزیری دارایی وئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە روونکردنەوەیەکمان هەیە لەسەر وەزعی میزانیە، رەنگە پێمان وایە، ئەگەر ئەوە روونبخرێتەوە زیاتر لەبەر چاوی برادەران و خوشکان روونتر دەبێ، چونکە ئەم میزانیەش بەڵکو گۆڕانکاری تێدا دەبێ.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

خۆی ئەگەر ئیجازە بدەی، من پێم باشە ئەم راپۆرتانە بخوێندرێتەوە، دواتر ماوەیەکی باش وەربگرن بۆ روونکردنەوەی خۆتان، و هەردوو بریکاریش دەتوانن قسەیەك بکەن و بەشداری بکەن و هاوکاری بکەن بۆ روونکردنەوەکانیان، بۆیە ئێستا داوا لە لیژنەی تەندروستی دەکەم بۆ خوێندنەوەی راپۆرتەکەیان.

**بەڕێز د.فؤاد بابان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بۆ/سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان-عێراق**

**بابەت/راپۆرتی لیژنەی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی**

لیژنەی تەندروستی و کارو کاروباری کۆمەڵایەتی ،لە رۆژی چوار شەممە رێکەوتی (2009/5/27)دا کۆبووەوە بۆ لێکۆڵینەوەی پرۆژە یاسای بودجەی هەرێمی کوردستان-عێراق ساڵی (2009)،کە دوای خوێندنەوەی یەکەمی لە پەرلەمان لە دانیشتنی ئاسایی رۆژی (2009/5/6)دا پێشکەش بە لیژنەکەمان کرابوو.دوای گفتوگۆکردنی ماددەکانی یاساکەو سەرنجدانی هەموو بودجەی حکومەتی هەرێم کە لەلایەن

وەزارەتی داراییەوە پێشکەش کرابوو،پێوەندیمان کرد لەگەڵ بەرێوەبەری حیساباتی وەزارەتی تەندروستی و وەزارەتی ژینگە،لەسەر ئەوە رێکەوتین کە پێشوازی بکەین لە (یاسین ئەحمەد زەنگەنە-بەرێوەبەری گشتی دیوانی وەزارەتی ژینگە، قادر سعید عثمان – بەرێوەبەری ئیدارەوخۆیەتی وەزارەتی ژینگە)لە بارەگای لیژنەی تەندروستی و کارو کاروباری کۆمەڵایەتی لە پەرلەمان .لەهەمان رۆژ،سەعات (10)ی بەیانی لەسەر پێداویستیەکانی وەزارەت گفتوگومان کرد،دانەیەك لە راپۆرتی وەزیری ژینگەیان نیشان داین کە وەزیری ژینگە بە نووسراوی ژمارە (593)لە رۆژی (2009/3/29) بۆ وەزارەتی دارایی ناردبوو.

دوای گفتوگۆ کردن لەسەر پرۆژە یاسای بودجەی هەرێم ،ئەوا لیژنەکەمان راپۆرت وراسپاردەکانی خۆی لەبارەی پرۆژەکەوە وەك ئەوەی خوارەوە پێشکەش دەکات:

1-لیژنەکەمان هەموو ئەو برگانە تەئیید دەکات کە لە راپۆرتی لیژنەی یاساییدا هاتووە ،لە (2009/5/18) دا پێشکەش کراوە ،تێبینیمان ئەوەیە کە :ئەو برە پارەیەی لە برگەی سێیەمدا لە لاپەرەی (12)ی راپۆرتی وەزارەتی داراییدا هاتووە (66140)ملیار دینارە نەك(71140)ملیار.

2- پێشنیاز دەکەین پارەی دانراو بۆ هەریەرکە لە وەزارەتی تەندروستی و وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی زیاد بکرێت.

دەربارەی وەزارەتی ژینگە پێشنیاز دەکەین(7350)ملیار دینار بۆ پێداویستیەکانی وەزارەتی ژینگە و ئاسانکردنی کاروبارەکانی زیاد بکرێت بە تایبەتیش بە گوێرەی یاسای پاراستنی ژینگە ژمارە(8)ی ساڵی (2008) لە ماددەی دەیەمدا هاتووە کە (سندوقێك بۆ پاراستن و چاککردنی ژینگە لە هەرێمدا دەکرێتەوە،داهاتی سندوقەکە لەو پارەیە پێك دێت کە لە بودجەی حکومەتی هەرێمەوە دابین دەکرێت).

وامان پێ باشە کە پەرلەمان بزانێت کە:

پارەی دانراو بۆ وەزارەتی تەندروستی =(5.76٪)ی بودجەی بەردەست.

پارەی دانراو بۆ وەزارەتی کار=( 1.81 ٪)ی بودجەی بەردەست.

پارەی دانراو بۆ وەزارتی ژینگە=(0.13 ٪)ی بودجەی بەردەست.

کۆی هەمووی =(7.7 ٪)

لەوەوە دەردەکەوێ ئەو پارەیەی بۆ ئەو وەزارەتە خزمەتگوزارییانە دانراوە هەمووی کەمێك لەو پارەیە زیاترە کە بۆ وەزارەتی ناوخۆ دانراوە کە ئەکاتە(13.07 ٪)ی بودجەکەو لە نیوەی پارەی وەزارەتی دارایی کەمترە کە ئەکاتە(20.16 ٪)ی بودجەکە.

3- ئەوەی پار وتمان کاتێ راپۆرتی خۆمان لەبارەی بودجەی ساڵی (2008)ەوە پێشکەش کرد ،وا لێرەدا دووبارەی دەکەینەوە کە زۆر پێویستە حکومەتی هەرێم لەگەڵ حکومەتی فیدراڵدا هاوپشك بێت لە دیاری کردنی داهاتەکانی حکومەتی فیدراڵدا.

4- تەئکید دەکەینەوە لەسەر کەم کردنەوەی خەرج و مەسرەفی کارپێکردن.

5- داوا دەکەین وەزراەتی دارایی   هەموو خەرج و سەرفی بودجەکەی کە دەکاتە (20.16 ٪) لە بودجەی هەرێم بە تەواوی روون بکاتەوە،کە دەکاتە پێنج یەکی بودجەی هەرێم.

6- پێشنیارەکەمان دووبارە دەکەینەوە کە پێویستە پرۆژەی بودجە بۆ ساڵی ئایندە بخرێتە بەردەمی پەرلەمان پێش ئەوەی کە بەشێوەی کۆتایی پێشکەش بکرێت، بۆ ئەوەی بتوانین بە خەستی گفتو گۆی لەسەر بکەین. لە پەرلەمان بە ماوەیەکی گونجاو.

7-پێشنیاز دەکەین دووبارە چاو بخشێنرێتەوە بەو میلاکە گەورەیەی بۆ هەریەکە لە وەزارەتی دارایی و وەزارەتی ناوخۆدا تەرخان کراوەکە:

میلاکی وەزارەتی ناوخۆ =(100891).

میلاکی وەزارەتی دارایی =(61319).

لەگەڵ ئەو هەموو تێبینیانەشدا ،دەشبێ دەست خۆشی لەو پێشبینیە چاکانە بکەین کە لە بودجەی(2009)دا گیراوەتە بەر،بە نموونە:

قەرساندنی وەزارەتی کارەبا بۆ پرۆژەکانی وەبەرهێنان =(19.50 ٪).

بەشی وەزارەتی شارەوانی لە پرۆژەکانی وەبەر هێنان =(15.19 ٪).

بەشی وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێ =(12.15 ٪).

دەبێ دەست خۆشی لە رێکخەرانی بودجەش لە وەزارتی دارایی بکەین کە هێچ کورتیەکی (عجز) تێ نەکەوتووە.

لە کۆتایشدا پێشنیاز دەکەین  بوار بکرێتەوە بۆ دامەزراندنی  لێهاتووەکان (اصحاب الکفاءات) چونکە وەها چاوەروان دەکرێت دوای هەناردنی نەوت لە لایەن حکومەتی هەرێمەوە و بەرز بوونەوەی نرخی نەوت لە بازارەکانی جیهاندا بگاتە بەرز تر لە (50) دۆلار، داهاتی هەرێمیش زیاد بکات ،چونکە قەرساندنی بودجەی فیدراڵ لەسەر ئەساسی ئەو زیادە نرخە دانراوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، لێژنەی ئاوەدان کردنەوە، فەرموو کاك رەشاد نوقتەی نیزامی چیە؟

**بەڕێز  رشاد احمد ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

نووسراوی سەرۆکایەتی ئاراستەی لێژنەی دارایی کرا، کە لێژنەی دارایی لەگەڵ لێژنەکان هەماهەنگی بکات، بەپێی تایبەتمەندی وەزارەتەکان، باسی لێوەکراو چەند شارەزا بانگ کرا، کۆبوونەوەمان لەگەڵ کرد، شتەك گەڵاڵە کرا و تاوتۆکرا ئەوەی لە راپۆرتی لێژنەی دارایی هات، ئەو لایەنانەی گرتەوە کەوا ئێستا ئێمە لەو راپۆرتانە دەیخوێنینەوە، بۆ ئەوەی کاتمان زۆر نەڕوات، بۆ جێبەجێ کردنی ئەو نووسراوەی سەرۆکایەتی، وابزانم ئەو راپۆرتانە ئاراستەی سەرۆکایەتی کراوە کە هاتیە، یەعنی خوێندنەوەیان دووبارە لێرە نازانم جەنابتان چۆن هەڵیدەسەنگێنن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

هەموو لێژنەکان راپۆرتیان نەناردووە بۆ لێژنەی دارایی، ئەو مولاحەزەیە دوێنـێش باسمان کـردووە، بـەڵام هەندێ لە لێژنەکان راپۆرتەکانیان دوێـنێ و پێـرێ ئامادەیـان کردبـوو، بۆیـە هەنـدێ مولاحـەزات هەیـە لـە راپۆرتەکانیاندا، لە راپۆرتی لێژنەی دارایی نەهات بوو، بۆیە وتمان ئەگەر چی وەختمان لێ دەکوژێت، بۆیـە راپۆرتەکانیان بخوێننەوە ئەگەر تەفصیلاتیشی تێدا بێ، برادەرانیش سەبریان هەیە، فەرموو کاک زرار.

**بەڕێز زرار طاهر امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێش ئەوەی راپۆرتی لێژنەی ئاوەدان کردنەوەی بخوێنمەوە، من پێشنیارێکم هەیە، پێم باشە خوێندنەوەی ئەم راپۆرتانـە لەکاتەکدا بێت، کـە بودجـەی نەفـەقاتی تەشغیلی وەزارەتـەکان لـە نەفـەقاتی ئیستیسماری پەسند دەکەین لە هەر وەزارەتێك، بۆ نموونـە ئێستا وەزارەتـی تەندروستی، لێژنـەی تەندروسـتی راپـۆرتی خـۆی خوێنـدەوە، لـە کـاتی پەسـندکردنی نەفـەقاتی تەشـغیلی و نەفـەقاتی ئیستیسـماری بـۆ وەزارەتـی تەندروسـتی، ئـەو کـاتی ئـەو راپۆرتـە بخوێندرێتـەوە، دەور و تەئسـیری زیـاترە، مـن ئامادەشـم ئێسـتا بیخوێنمەوە ئەگەر پێشنیارەکەم قبوڵ نەکرا.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

رەئی جەنابی وەزیر لەسەر ئەو موقتەرەحە چیە؟ لەکاتی مناقەشەکردنی برگەی هەر وەزارەتێك راپـۆرتی وەزارەتەکان بخوێندرێتەوە، موناقەشە بکەین؟

**بەڕێز بایز تاڵەبانی/وەزیری دارایی وئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمەش پێمان باشە بەو شێوەیە بێت، چونکە دووبارە ئەبێتەوە، ئێستا ئەو مەوزوعە جارێکی تر دەخرێتە موناقەشـە، بـەڵام ئێمـە نوسـخەی ئەمانـەمان وەرنەگرتـەوە، دەبوایـە پێشـتر پێمانیـان بدابایـە، بـۆ ئـەوەی بتوانین ئێمەش وەڵامەکانی خۆمان باشتر حازر بکەین.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کەواتە تەئیدی قسەکانی کاك رەشادی دەکەن، فەرموو کاك دکتۆر بۆ جێگای خۆت، هەردوو لێژنەکە رەئیان وایە و جەنابی وەزیریش رەئی وایە، من داوا لە جەنابی وەزیـر دەکـەم، ئـەو بـە شـێوەیەکی گشـتی هەنـدێ تێبینیمان بداتێ لەسەر بابەتەگشتییەکان لە راپۆرتی دارایی و راپۆرتی لێژنەی یاسایی، ئەو دوو راپۆرتـەی کە خوێندرانەوە، لەگەڵ راپۆرتی لێژنەی تەندروستی، تەوزیحتان هەیـە، بـەڵام ئومێـدەوارم تەوزیحـەکانتان ئەم تەوەرەش بگرێتەوە کە هـاتووە:یـەك: هـۆی دواکـەوتنی بودجـە، بەشـێوەیەکی فـەرمی بـۆ خـەڵك بـاس

بکەن، داهاتەکانی تری بودجە، جگە لە 17٪ەکە کە چۆن دێت و چۆنە، ئێتر داهاتەکانی تر چۆن حیساب دەکرێ، خەڵك ئاشنا بێتەوە بەوە، چ داهاتێك هەیە، چۆن حیساب دەکرێ، یەکگرتنەوەی وەزارەتی دارایی و ئابووری لە چ مەرحەلەیەکدایە، لە چ قۆناغێکدایە، یەکنەگرتنەوەی دیوانی چاودێری ئەوە رەنگە دەبێ من روونکردنەوەیەك بدەم، ئەگەر ئەمانە و هەروەها هەندێ وردکاری بودجە هەیە کە خۆتان دەزانن جێگای پرسیاری ئەندامانی پەرلەمانە، ئەگەر روونکردنەوەی خۆتان بدەن سەبارەت بە بودجەی حیزبەکانیش، ئەگەر چی نەهاتووە، بەڵام زۆر لەو ئەندامانە باسی دەکەن، لەسەر رۆژنامەکاندا باس کراوە، مەوزوعێکی گرنگە، حەز دەکەم روونکردنەوەی خۆتان لەسەری هەبێ، فەرموو.

**بەڕێز بایز تاڵەبانی/وەزیری دارایی وئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەراستی ئێمە راپۆرتێکمان ئامادە کردووە بۆ ئەوەی کەوا زیاتر روونبکەینەوە، روونکردنەوەمان هەیە دەربارەی پێشکەش کردنی ئەم بودجەیە، دوایش ئەو پرسیارانەی کە جەنابت وتت ئەوە لە زمنی راپۆرتەکە ئەگەر نەهاتبێت، وەڵامی ئەدەینەوە، سوپاسیشتان ئەکەم بۆ ئەوەی کەوا ئەو مەجالەتان داین بۆ ئێمە وەکو وەزیری دارایی و وەکیلی وەزیری دارایی بتوانین بەشداری موناقەشاتەکان بکەن، بە پێویستمان زانی بە بەڕێزتان رابگەینین کە بودجەی ساڵی دارایی حکومەتی هەرێم ئامادەکراو و دەیخەینە بەردەست بەڕێزتان بە مەبەستی پەسندکردنی، هەر لەو بارەیەوە بە پێویستمان زانی تیشکێك بخەینە سەر باری دارایی و بودجە لە هەرێمی کوردستان، ئاشکرایە ئەمساڵ ساڵێکی ئاسایی نیە لە جیهان و عیراق، لە کوردستانیشەوە بەهۆی ئەو تەنگژە داراییەی جیهانی گرتووتەوە و بوەتە هۆی شکستێکی ئابووری و دارایی و مەترسیدار لە هەموو بوارێکدا، لە عیراقیشدا گرنگترین ئاسەواری ئەم تەنگژەیە دابەزینی نرخی نەوت بوو لە بازاڕەکانی جیهان بە رادەیەك کە نرخی بەرمیلێکی بەنزینی دابەزاند لە پتر لە 140 دۆلارەوە بۆ 32 دۆلار، بە نیسبەت نەوتی عێراقەوە، ئەم دابەزینە لە کاتێکدایە کە رێژەی داهاتی نەوت لە عێراقدا پتر لە 93٪، هەر بەو هۆیەوە وەزارەتی دارایی عێراق چەند جارێك لە بودجەی ئەم ساڵدا گۆڕانکاری کرد، لە سەرەتادا کۆی بودجە 95 ترلیۆن دینار بوو، لە کاتی پەسندکردندا لە پەرلەمانی عێراق گەیشتە 69.1ترلیۆن دینار، لە کاتێکدا ئەم بڕە خەملێنراوەش ئەتوانین بڵێین جێگای متمانە نیە، چونکە داهاتی بودجەی نەوت بەرمیلی دانراوە بە 50 دۆلار بۆ بەرمیلێك، و هەناردەی نەوتیش بە دوو ملیۆن بەرمیل رۆژانە، شایەنی باسە، بەو خەملاندنە پەسندکراوە، بودجەی عێراق ئێستا کورتی هێناوە بە بڕی 18.7ترلیۆن دینار، وە چاوەڕوان دەکرێ ئەگەر نرخی نەوت و هەنارده کردن بەم شێوازە بێت، بڕی کورت هێنانەکە لەوە زیاتر دەبێ، بەڕێزان، کاتێك وەزارەتی دارایی عێراق بە نووسراوی ژمارە 17698 لە 2008/5/28 داوای پێشکەش کردنی لیستی خەملێنراوی بودجەی داهاتی ساڵی 2009ی لێ کردین، ئێمەش بە نووسراوی ژمارە 12695لە 2008/6/8دا بەم شێوازەی خوارەوە پێشکەشمان کرد:

13.7.000.000.000 بڕی خەملاندنی بودجەی ئاسایی.

4.5000.000.000 بودجەی سەرمایەداری.

345000000000 دینار خەملاندنی داهاتی هەرێم.

ئەو کە ئێمە پێشکەشمان کردبوو.

وداوای پەسندکردنی میلاکی فەرمانبەرانمان کرد، کە 644452 پلە بوو، شایەنی باسە ئێمە وەکو حکومەتی هەرێم، هیچ بەشدارییەکمان نەبووە تا ئێستا لە دانانی بودجەی عێراق، دوای تەواو کردنی و ناردنی بۆ لێژنەی ئابووری لە حکومەتی فیدراڵ، ئەو کاتە بانگ دەکرێن بۆ ئاگادارکردنمان لە پشتی هەرێم و گفتوگۆکردن لەو بارەیەوە، ئەگەر سەرنج و تێبینیمان هەبێ لەسەری، ئەو ئیجرائاتانەش لەسەر وەزارەتمان پێویست بوو، ئێمە پێی هەڵساوین، بۆ نموونە بە نووسراوی ژمارە22043 لە 2008/9/24دا، داوامان لە وەزارەتەکانی حکومەتی هەرێم کرد، کە لیستەکانی خەملاندنی بودجەمان بۆ بنێرن، جارێکی تریش بە نووسراومان ژمارە 23841 لە 2008/10/27دا جەختمان کردەوە لە وەزارەتەکان، بەلاّم بەداخەوە زۆر بە سستی بە دەنگ داواکاییەکەمانەوە هاتن، دواتر دوو لێژنەمان دانا یەکێکیان بۆ بودجەی ئاسایی و یەکێکیان بۆ بودجەی سەرمایەداری، بەهاوکاری لەگەڵ وەزارەتی پلاندانان، بەرواری گفتوگۆمان دەستنیشان کرد، لەگەڵ وەزارەتەکان لە 2008/12/1، تا 12/31، گەیشتنە ژمارەیەکی سەرەتایی و دواتر چەند جارێك دەستکاریمان کرد بۆ ئەوەی بگونجێت لەگەڵ بودجەی عیراقی فیدراڵدا، لە کۆتاییدا گەیشتینە پوختەی ئەو ژمارانەی خوارەوە کە لە لیستەکانی هاوپێچی ئەم راپۆرتەیە:

یەکەم: لیستی خەملاندنی داهاتی حکومەتی هەرێم بۆ ساڵی 2009

بابەتەکان:

خەملێندراوی عێراق

| ئەوەی ئەوان تەخمینیان کردووە | ئەوەی ئێمە تەخمینمان کردووە |
|---|---|
| باجەکان:436,503.000.000 | 660,129. 000.000 |
| سوودی کۆمەلاّیەتی:4418.000.000 | هیچمان دانەناوە |
| بەخشینی داهاتی تر:271,353.000.000 | 215,000.000.000 |
| فرۆشتنی مەوجوداتی جێگر:1325داناوە | هیچمان دانەناوە |

واتە کۆی داهاتەکان، ئەوەی کە عێراق تەخمینی کردووە، بە 723599 تەخمینیان کردووە، ئەوەی ئێمە تەخمینمان کردووە، بە 375129،

**دووەم:لیستی خەملاندنی حکومەتی هەرێم بۆ ساڵی 2009ی دارایی**

تەبیعی ئەمە دابین کراوی ساڵی 2009 و دابین کراوی ساڵی 2008 لە ئەوەی کە ئێمە ئێستاکە دامانناوە، مووچەی فەرمانبەران،2008، 3905951,000.000 ، دابین کردنی عێراق ساڵی 2009، ئەوەی کە ئەو دایناوە، 3390587، هەرێم 3,975,056، رێژەی جۆرەکانی خەرجی، ئەوە ئەکاتە 44,9٪ ، شمەك و خزمەت و چاککردن، 869523لە 2008، 14982 لە 2009، ئەوە هی عێراقە، ئێمەش ترلیۆنێك و

273657 داناوه، ئەکاتە 14,3٪، باربوو (اعانات)، دابین کراوی ساڵی 2008 57 بووه، 2009ی عێراق، 320 بووه، ئەوەی ئێمە دامانـاوه 80، لـه 9٪ دەكات، بەخشینی مینەح، 2008، 187 بووه لە 2009 عێراق 317774بووه، ئێمە 156 داناوه، سوودی کۆمەڵایەتیەکان، لە 2008، 19030 بووه لە عێراق 168400 دانـاوه، ئێمە 134.50 ئێستا ڕەوانەی پەرلەمان کردووه، خەرجییەکانی تر، لە 2008، 680بووه، عێراق 465، ئێمە 671 بووه، ئەمەش لە 7,6٪، مەوجوداتی نادارایی، 353 لە 2008، 491،24 لە 2009، ئێمە 263 ناردووه 3٪، کۆی خەرجی بودجەی ئاسایی، 6154092 لە 2008، عێراق له 2009 که داینـاوه، 6553925، ساڵی 2009 ئێمه كه دامانناوه 6553925، واتە لە ڕەقەمی نیهایەتەکەدا ئێمە یەك دەگرینەوه، بودجەی سەرمایەداری، 3387979 لە ساڵی 2008، عێراق لە 2009، 2303238، ئێمەش هەمان ڕەقەمین، 26٪، کۆی بودجەکە ئەکاتە ساڵی 2008، 9541371، ساڵی 2009ئێستا 8857263، ئەوەی ئێمەش له میزانیەکەدا ڕەوانمان کردووه، هەمان ڕەقەمە، بەڵام ئەم ڕەقەمە ئەو ڕەقەمەیە کە لە پەرلەمان موصادەقەی لەسەر کرا، لە پەرلەمانی عێراقی کە ڕۆیی بۆ سەرۆکایەتی کۆمار، گەڕایەوە جارێکی تر، بودجەکە کەم کرایەوە، لە ئاخیردا لە خاڵێکدا دێنە سەر ئەوەی، تێبینی: شایەنی باسە، ئەو بڕە پارەیەی کە دابین ئەکرێ بۆ هەرێمی کوردستان، تا ئێستا بە وردی دیاری نەکراوە، بۆیە ئەگەر ئەو تەرخان کراوە کەمتر بوو لەو بڕەی کە لە عێراقەوە دابین ئەکرێ، ئەوان ناچار ئەبین بە کورت هێنانی بودجە ئەژماری بکەین، لە کاتێکدا ئەمساڵ کورت هێنان ناکرێت بە بودجەی تەواوکەر لەبەر ئەو بارودۆخە داراییەی کە ئاماژەمان پێکرد لەسەرەوە، بەڵکو پێچەوانەی چاوەڕوان ئەکرێت، ئەویش کەم کردنەوەی بودجەیە، بە پێویستمان زانی ئەم لیستەش ڕێژەی سەدی خەرجییەکان لەسەر بنەمای کۆی بودجە دەستنیشان بکەین:

بابەت:دابین کراوی ساڵی 2009، ڕێژەی سەدی

خەرجییەکان:

مووچەی فەرمانبەران 3975 ، 60,6٪

شمەك و خزمەت و چاككردن 1274، 19.5٪

باربۆ 80، 1,2٪

بەخشین 156، 2,3٪

سوودە کۆمەڵایەتییەکان 134، 2,1٪

خەرجییەکانی تر، 672، 10,2٪

مەوجوداتی نادارایی: 263، 4,1٪

6554 ، 100٪ دەکات

تێبینیەکان: لەو لیستانەی سەرەوە بەدی دەکرێ کە ڕێژەی مووچەی فەرمانبەران، بە نیسبەت بودجەی ئاسایی لە 60,6٪ ، ئەوەش بە دی ئەکرێ کە ڕێژەی بودجەی سەرمایەداری بە نیسبەت کۆی بودجەی

هەرێم 26٪ دەکات، شایەنی باسە، لەناو ئەو ڕێژەیەدا، بودجەی پەرەپێدانی پارێزگاکانیشی تێدایە، دابەش کردنی بڕی دابین کراو بۆ پەرەپێدانی پارێزگاکان بەو شێوەی خوارەوەیە:

| ناوی پارێزگا | ساڵی 2009 | ساڵی 2008 | ڕێژەی دابەزینەکەش |
|---|---|---|---|
| هەولێر | 117ملیار | 360ملیار | ٪ 67,5 |
| سلێمانی | 130ملیار | 400ملیار | ٪67,5 |
| دهۆك | 75ملیار | 230ملیار | ٪67,4 |

کۆی گشتی ئەمساڵ ئەوەی کە دابین کراوە بۆیان لەناو بودجەی ئێمە وەکو هەرێمی کوردستان، 322 ملیارە، کەچی پارەکە 990 ملیار بوو، لیستی پرۆژەکانی بودجەی سەرمایەداری بەهاوکاری لەگەڵ وەزارەتی پلاندانندا دانراوە، داهاتی فیدراڵی حکومەتی هەرێم ئەگەڕێتەوە بۆ حکومەتی فیدراڵ، ڕاستەوخۆ لە بودجەی ساڵانەی هەرێم بە یەك وەجبەی ئەیبڕن، تەبیعی ئێستا بۆ مەعلوماتتان ئەم ساڵ، ئەوەی تا ساڵی 2008 هەموویان بە یەك گۆژمەمان بریوە و تەفاصیلیشمان پێیە کە چۆن بڕاوە،

6-خەرجییەکانی وەزارەتی پێشمەرگە بۆ ساڵەکانی 2007 و 2008 کە بڕیار بوو حکومەتی عێراق بیداتەوە، تا ئێستا هیچ بڕێکی نەگەڕێندراوەتەوە بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان، شایەنی باسە، لە پرۆژەی یاسای بودجەی ساڵی 2009، هەمان دەستەواژە هاتووە کە خەرجکردنی مووچە و چەکدارکردنی نەسریەی پاسەوانی هەرێم لە ڕێککەوتنێك لە نێوان سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق و سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان دانردا خەرج ئەکرێت، بەڵام تا ئێستا ئێمە هیچمان وەرنەگرتووە، ڕاپۆرتەکەی ئێستام لەسەر ئێستای بودجەکەیە کە هاتووە لە دوای ئەوەی کە لە وەقائیعی عێراق نەشر کراوە کەم بوویتەوە، بەڵام پاش گەڕاندنەوەی میزانیە جارێکی تر و ناردنەوەی دووبارە بۆ سەرۆکایەتی کۆماری عێراق، دەرکەوت بودجەی کوردستان لە 8857263 کراوە 8283172، واتە 574,091.000.000 کەم کراوەتەوە، لەبەر دەستکاری نەفەقاتی سیادی و حاکمە، بودجە گشتییەکەی عێراق هەر وەکو خۆی ماوەتەوە، کە 69165523 ، دیارە ئەم کورت هێنانە کە بریتیە لە 574,091,000.000 لە بودجەی تەشغیلی کەم کراوەتەوە، بودجەی وەبەهەمهێنان هەر وەکو خۆی ماوەتەوە کە بریتیە لە 23303338، بەم شێوەی لێهاتووە، بودجەی تەشغیلی 6553995 بووە، ئەگەر 5979132 ئێستای لێ دەربکەین، ئەوە 574,091 دەمێنێتەوە، لەناو بودجەی وەبەهەمهێنان کە بریتیە لە 23303338، مەبلەغی 322 ملیار دیناری بودجەکەی(تنمیە الاقالیم) کە بەو شێوەیە، 117 ملیار بۆ هەولێر و 130 بۆ سلێمانی و 75 بۆ دهۆك، ئەوەشیان لێ دەرکەوتووە، بۆیە مەبلەغی جیاوازی ئەم بودجەیە کە پێشکەش کراوە لەگەڵ ئەوەی کە دانراوە، ئیعتیبار ئەکرێت بە عجز، سوپاس، ئەوە بە نیسبەتی ڕاپۆرتەکەمان بوون ئەو تێبینیانەی کە کردوومانە، تەبیعی برادەرانیش ئەگەر مولاحەزاتیان تەسجیل کردبێ، ئێمە جوابی ئەوانە هەندێکیان بدەینەوە، من حەز دەکەم ئەوەی بە جەنابتان بڵێم کە ئێمە وەکو وەزارەتی مالیە ئەوەی داوامان لێ کراوە، شەش مانگی یەکەممان ناردووە، ڕاستە دوا کەوتووە،

بەڵام ناردمان، شەش مانگی دووەمیشمان نارد، داواکارییەکەی ئێوە و ئەمرەکەی ئێوەی بەڕێز بەو نەوعەیە کە شەش مانگ جارێك بینێرین، بەڵام ئەگەر ئەوەمان نارد و شەش مانگ بە شەش مانگ هەر 12 مانگمان ناردووە، ئەگەر هەندێ بە تەئخیر هاتیە دوای ئامادەکردنی راپۆرتەکە ئەوە ناتوانین هی دووەم بە تایبەتی، ئەوەش حیساباتێکی قانونیە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابت ئەگەر تۆزێك راوەستی لەبەر ئەوەی کارەبایەکە گۆڕا،

بەڵێ ڕاستە، خۆی لە یاسای ڕۆژنامەگەری دا خاڵێکی گرنگە، گوێیان لێیە تەبعەن هەموویان، ئەوە خۆیان و ویژدانیان، مەسئولیەتە ڕۆژنامەگەری و کامیرە بەدەستەوە گرتن، مەسئولیەتە هەرئەوە نیە رسم گرتن و هین و ئەوە بکەن، بۆخۆیان مەسئولن، ئێمە هیچ دەسەلاتێکمان لەسەریان نیە، بەلام ئەوە مەسئولیەتێکی خۆیانە، دەتوانین پێیان بڵێین مەیێنە ژوورەوە، بەڵام حەزناکەین بگاتە ئەوە، ڕێز لە پەرلەمان بگرن، ڕێز لە ئەندامانی پەرلەمان بگرن، هەستی خۆیان بەکار بهێنن، لەو مەسئولیەتە تێبگەن، دەگەڕێینەوە سەر بابەتەکانمان، ئەو شتەی باسمان کرد، حەزدەکەم ڕوونی بکەنەوە، زۆر ئەندام پەرلەمان ڕەنگە شارەزاییان نەبێت، وە بەخۆشمانەوەش، فەرقی بەینی حیساباتی خیتامی و ئەو بڕیارەی ئێمە کە داوامان کردووە، ئاخر گوێتان لێی نابێت دوایی عەینی پرسیار دەکەنەوە، لەجیاتی ئێوە پرسیار دەکەم، دواتر عەینی پرسیار نەکەنەوە بڵێم ئەوە قسەی لەسەر کرا، ئێمە بڕیارێکمان هەیە دەڵێت، داهاتوو مەسروفاتی شەش مانگی هی حکومەت بنێرن، بۆمەتان ناردووە، درەنگ گەیشتووە، میزانیەکەتان نارد دواتر، تەقریبەی دوو هەفتە، دە ڕۆژ دەبێت ناردووتانە، لە 1/1 ەوە تا 2008/12/31، ئەم حیساباتی خیتامی تۆزێك فەرقی هەیە، لەگەڵ ئەو ڕاپۆرتەی هی شەش مانگ و شەش مانگتان ناردووە، تۆزێك بۆمان باس بکەن، وە وەڵامی ئەو پرسیارانە بدەنەوە کە دێنە پێشتان کە عەرزم کردن، کە هەندێکتان جواب دایەوە، هەندێکی تریش ئەگەر جواب بدەیتەوە، بەتایبەتی لەسەر هۆی یەك نەگرتنی وەزارەتی دارایی و ئابووری، ئێوە هینێکتان تەقدیم کردووە، نەفەقاتی مەشاریعی ئیستیسماری ساڵی 2009، دیارە ئەو ئیستیمارەتان وا بڕکردووە، پێش ئەوەی بڕیاری یەکگرتنەوەی وەزارەتەکانی ناوخۆو پێشمەرگە بدرێت، دەبوایە ئەوە لە ڕاپۆرتەکەتان وانەبێت، چونکە من دەزانم لە ناوەڕۆکی میزانیەکەتان تەوحید کراوە، بەڵام لێرەدا بەو شێوەیە هاتووە، یەکێك ببینێت دەڵێت وەزارەتی پێشمەرگە دوو وەزارەتەو، وەزارەتی ناوخۆ دوو وەزارەتە، جگە لە وەزارەتی دارایی، ئەوەمان بۆ ڕوون بکەنەوە، فەرموون.

**بەڕێز بایز تاڵەبانی/وەزیری دارایی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە نیسبەت شەش مانگەکانەوە، ئێمە ناردوومانە، عادەتەن حیساباتی خیتامی و ئەوەی ئەخیر ئەکرێت بە حیساباتێکی خیتامی ئەوەلی، حیساباتی خیتامی کە هەمووی تەواو دەبێت، دائیمەن لەدوای ئەوەی مانگی شەش تەواو دەبێت، ئێستاش بۆ مەعلوماتی بەڕێزتان ڕەنگە تا ئێستا 2007-2008 چەندەها وڵات تا

ئێستاکەش تەواو نەبووە، ئێمە ئەوەی کە داوا کراوە لێمان ناردوومانە، میزانیەی تەواو کەر کە باس دەکرێت، ئەوەمانیش لە وەختی خۆیدا ناردووەو هەموو نوسراوەکانم لەلایەو ئێمە ناردوومانە بۆ پەرلەمان، بە نیسبەتی یەکنەگرتنەوەی هەردوو وەزارەتی دارایی و ناوخۆ، بەڕاستی ئێمە ئێستاکە خەتوەیەکی زۆر زۆر باشیان هاویشتوە، ئەویش ئەوەیە ئێستاکە دوو وەزارەتەکە یەك وەزیر دەیبات بەڕێوە، ئەو تەعلیماتانەی دەردەچێت، لیژنەیەکە، لیژنەکە دیراسات و ئەو لیژنەیە وەکیل وەزیرەکانیش مسادەقەی دەکەن، ئەوجا دێت تەعلیماتێکی پێ دەردەچێت، ئەو تەعلیماتە هەمان ئەو تەعلیماتەیە لە هەموو لایەك ئێستاکە ئیشی پێ دەکرێت، بەنیسبەتی گومرگ و تەعریفەی گومرگیەوە، ئێستا لەسەرتاسەری کوردستان بە یەك تەعریفەی گومرگی ئیش دەکەین، قانونی تەقاعدی عام بەنیسبەتی کوردستانەوە هەمووی یەك قانونە لەهەموو کوردستان، بەنیسبەتی مووچەوە ئەوەیە بڕیاری پەرلەمانمان تەتبیق کردووە، یەك مووچەیەو یەك مخەسەساتە لە هەموو شوێنێك، ئەوجار دەمێنێتەوە با باسی ئەوە بکەم، حەزدەکەم بەڕێزتان ئاگاداربن، یەك خیتابی هەیە بە نیسبەتی حکومەتی عیراقیەوە، ئێمە ئێستاکە وەکو وەزارەتی هەرێم بۆ کاروباری دارایی بە هیچ شێوەیەك نەموفاتەحەی بەغدا دەکەینەوە ئەوە دوو ساڵ، سێ ساڵیشە، نە پارە وەردەگرین، پارە هەموو لە وەزارەتی دارایی لێرە وەردەگیرێت، پارە بۆ هەموو دائیرەیەکیش دەڕوات، ئەو دائیرانەی کە پێویستیان پێیەتی، میزانی مراجەعە، یەك میزانی مراجەعە هەیە، ئەو میزانی مراجەعەیە مانگانە دەچێتە بەغدا، ئەگەر نەچێتە بەغدا ئەو میزانی مراجەعەیە بەهیچ شێوەیەك پارە نادرێتە ئێمە بەڕاستی، یەعنی وەرگرتن و ناردنی مخاتەبات، هەرهەمووی وەزارەتی دارایی دەیکات، ئێستا بۆ مەعلوماتی بەڕێزیشتان ئەوەی کە باسم کرد، میزانی مراجەعەکە هەمووی رەقابەی مالی عیراق تەدقیقی کردووە، رەئیان لەسەری داوە، تەدقیق دەکرێت هەموو جارێ، ئەگەر ئەو میزانی مراجەعەیە نەڕوات، پارەمان پێ نادەن، ئێمە موشکیلەکەمان ئەوەیە پارەمان ئێستا بۆ نانێرن، باسی ئەوەشمان کردووە، بەڵام کە باس لەوە هاتووە زیاتر هەماهەنگیمان دەبێت، زیاتر بتوانین ئەو کێشانە چارەسەر بکەین، ئەویش ئەوەیە ئێمە ڕۆیشتنی وفودمان بەردەوامە، ئاخیر وەفدمانیش ڕۆیشتووە لەوێ کە کاك رشید و کاك دلشادیشی تیابووە، جەنابی کاك د.بەرهەم لەوێ بووە، لەلای ئێمەشەوە کاك د.محمد ئیحسانیش ڕۆیشتووە، دیارە لە نەتیجەی قسە کردنەکان، گەیشتونەتە ئەنجامێکی باش، وە فیعلەن دەرکەوت هەق هەقی ئێمەیە، کە ئەوانەمان بۆ ناردووە، بڕیار ئەویە کەلەمەو دوا پارەشمان بۆ بێت، ڕەنگە ئەوە لە هەندێك ئیش و کار دوای خستبێتین، میسالتان بۆ دێنمەوە، هەتاوەکو ئێستاکە ڕەنگە تەسەوڕ نەکەن لە $1/1$ هەتاوەکو ئەمڕۆکە یەك دیناری مەشاریعمان بۆ نەهاتووە، هی وەبەر هێنان، من ئەوانەی کە ئێستا لەبەر دەستمایە، من ئەوانە وەڵام دەدەمەوە، ئەو دوایەش ئەگەر لێم ببورن برادەران زیاتر لە ناو مەوزوعەکەدان، ئەوانیش با وەڵامی پرسیارەکانی تر بدەنەوە، دیارە باسی حیزبەکان کرا، ئێمە وەختی خۆی ئەم حیزبانە بەبۆنەی دوو ئیدارەییەوە کە سلێمانیش وەریان دەگرت، لە هەولێریش وەریان دەگرت، وە ڕەنگە بەهەندێ هینی جیاواز، لەوێ مەسەلەن پارەی پێشمەرگە وەردەگیراو هی خواردن وەردەگیراو

ئەمانە، ئەمانە هەر هەمووی هی سلێمانی و هی هەولێر تەوحید کرا، بڕیاری ئەنجومەنی وەزیرانی پێ دەرچوو، زیادیش کرا هەندێکیان، ئەتوانم بڵێم زۆر بەی زۆریان، دیارە لەدوای ئەوەی یاسایەك دەربچێت، بۆ ئەوەی کە تەحدید بکرێت کە چۆن سەرف دەکرێت، ئەنجومەنی وەزیران بە پێی ئەوەی ئینشا ئەڵڵا دەڕوات ئەویش تا ئێستاکە ئەنجومەنی وەزیران ئەو یاسایەی نەناردووە، یان ئەو یاسایە دواکەوتووە، علی کولین دیارە دەیەوێت، بەڵام حیزب ئێستا لە ئەنجومەنی وەزیران کە تەقدیر دەکرێت، بە پێی قەوارەو بە پێی حەجم و بە پێی تەسفیەو بە پێی ژمارەو ئەوانە، دیارە پارە وەردەگرن بە گشتی، بە نیسبەتی یەك ملاحەزەیەکم هەبوو، بۆ کاکە جوتیار دەڵێت بۆ مۆزەفین مکافەئات بکرێت بە یەك ملیۆن، من بەس تەو زیحێکم هەیە، سێ ملیۆن بۆ ساڵێك بۆ مۆزەفێك سێ ملیۆن، یەعنی بکرێت بەیەك ملیۆن بۆ ساڵێك هەر مۆزەفێك ئێمە لە ئەنجومەنی وەزیران پێمان باش بوو هەتا شەرت نیە سێ ملیۆنەکە وەربگرێت، بەڵام حەدی ئەعلا سێ ملیۆن بێت، ئێستا بەم حیسابە بێت ئەگەر بۆ ساڵێك بێت، وا تێگەیشتبێتین هەموو لایەك ئەوە باشە، ئەوە مەوزوعەکە دەگەڕێتەوە بۆ ئێوە، بەس بۆ ساڵێکە، نەوەك بۆ یەك وەجبە، من ئەم دوایەش داوا لە هەردوو بەڕێزان کاك دڵشاد و کاك رشید دەکەم کە وەڵامی ئەو پرسیارەکانی ترتان ئەگەر هەبێت لەسەر، با ئەمانە وەڵام بدەنەوە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس بۆ ئەم ڕوون کردنەوەیە، بەڵام من تەبعەن ئەو قسانە دەکەم لەبەر ڕۆشنایی تێبینی ئەندامانی پەرلەمانەوە ئەو ڕاپۆرتانەی کە بۆمان هاتووە، ئەو پرسیارەتان ئاراستە دەکەم بۆ ئەوەی زۆر پرسیار تیکرار نەبێتەوە لەلایەن ئەندامانی پەرلەمان، کۆم کردۆتەوە لەلای خۆم ئەو پرسیارانەی کە لەلایەن ئەندامانی پەرلەمانەوە دێت، ڕاستەوخۆ ئاراستەتان دەکەین، وەکو باسمان کرد شەفافیەت، هەموو جۆرە شەفافیەتێك لە مەسەلەی بودجەدا پێویستە لە لایەن پەرلەمانەوە، لەلایەن وەزارەتەوە پێویستە، لە لایەن حکومەتەوە، دەبێت هەنگاوی باش بنێین بۆ ئەوەی دڵنیایی خەڵك بکەینەوە، ئەوانەی کە ڕەخنەشمان لێ دەگرن، کە ئێمە بەرەو ئەوە دەڕۆین هەمووشتێك زانیاری لەبەر دەستی خەڵك دابێت، دووسێ پرسیار کە دەمەوێت جواب بدەنەوە کە لەلایەن ئەندامانی پەرلەمانەوە بۆم هاتووە، یەکێکیشیان کە باسمان کرد بودجەی حکومەت، زۆر باس لەوە دەکەن کە پارتی و یەکیەتی هەریەکە $30$ ملیۆن دۆلار دەبەن لە بودجەی حکومەت، دەمەوێت ئەوەی وەڵامم بدەنەوە، دووەم پرسیاریش ئەوەیە کە $35$ ملیۆن، هەریەکە $35$ ملیۆن دۆلار دەبەن، قۆرخی میزا نیەیان کردووە، ئەندامێکی پەرلەمان نازانم لە کوێ مەعلوماتی هێناوە، دەڵێت $75$٪ بودجە دەچێت بۆ پارتی و یەکیەتی، حەزدەکەم ئەوەش روون بکەنەوە، جوابی ئەو ئەندام پەرلەمانەش بدەنەوە کە نەهاتووە ئەمڕۆ، پرسیارێکی تریش هەیە، دەڵێن داهاتی هەرێم هەیە، جگە لە $17$٪ ، تکایە گوێ بگرن، بۆ ئەوەی ئەو پرسیارەش کە دەکەم تکام وایە ئەو ئەندام پەرلەمانەی کە دەیانەوێت ئەو پرسیارانە بکەن، نەیکەن، بۆ ئەوەی کاتمان لە دەست نەچێت، داهاتی حکومەتی هەرێم جگە لە $17$٪ ، حەزدەکەم وردەکاریەکەی روون بکەنەوە، کە $17$٪یەکە بەچەند دەگاتە

لای خۆتان، دووەم داهاتی تر هەیە لەلای خۆتان، باسی نەوت دەکەن، داهاتی نەوت بۆمان ڕوون بکەنەوە کە داهاتی نەوت چیە؟ داهاتی زەریبەی دەخل، زەریبەی عەقار، گومرگ، چۆن تەعامولی لەگەڵ دەکرێت، داهاتەکانی تر، ئایا حکومەتی عیراق پرسیارێك لێرەدا، ئەو داهاتانە دەچێتە سەر میزانیەی عیراقی یاخود لە 17٪ یەکە لێتان دەبڕنەوە، یان ئێوە تۆماری دەکەن وەکو داهاتێك بۆ حکومەتی هەرێم، یان لە میزانیە دەرناچێت، یان فۆرخ دەکرێت؟ وەکو هەندێك لە ئەندامانی پەرلەمان دەڵێن، ئەوانە ئەو پارانە هین ناکات، ئەو پرسیارانە گرنگن بۆ ئەوەی کات لە ئێوەو لە ئەندامانی پەرلەمان نەکوژین و وەڵاممان بدەنەوەو سوپاستان دەکەم، فەرموو.

**بەڕێز بایز تاڵەبانی/وەزیری ئابووری و دارایی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە پێویست دەکات من ئەم وەڵامانە بدەمەوە، چونکە عامە، بەنیسبەتی حیزبەکان کە گوایە 35 ملیۆن دۆلار دەبەن هەریەکەی، من لە جەریدەکان و لە سەر تەلەفزیۆن و لە هەموو شوێنێك ئەوەم باس کردووە و وەڵامم داوەتەوە، کە ئەوە ڕاست نیە، ئەوەی کە ئەو بەڕێزەی کە دەفەرموێ کە 75٪ ە، ئەگەر بەڵگەیەکی هەیە با پێشانی بدات، ئەوەشی کە دەڵێت 35 ، ئەگەر بەڵگەیەکی هەیە با پێشانی بدات، ئەوەی زۆر خواری ئەوەش دەڵێت هەر بەڵگەیەکی هەیە، من ئەوە زۆر بە هینەوە دەڵێم ئەوە وانیە، زۆر مزاعفیش حیساب کراوە، زیاتریش، ئەتوانن ئەو لە دواییدا خۆتان لەسەر ئەوە قسە بکەن، بە نیسبەتی نەوتەوە، ئەوەی کە مەعلوم بێت لەلای ئێمە، وەکو وەزارەتی دارایی هیچ داهاتێکی نەوت لە وەزارەتی مالیە موسەجەل نیە، چونکە ئەوەی مەعلوم بێت لەلای ئێمە، لە 6/1ەوە نەوت دەڕوات، هەموو داهاتێکیش، هەر هەموو داهاتێکیش لە هەرێمدابێت، لە ابراهیم خەلیل و باشماغ و حاجی ئۆمەران و هەتا بەسیت ترین داهات لە رسومات هەرهەمووی بە پێی وسولاتی قەبز تەسجیل دەکرێت، دەچێتە سجلاتەوە، ئەوەی دەچێتە سجلاتەوە قابیلە بۆ تەدقیق، ئێستاکە رەقابەی مالی تەدقیقی ئەو داهاتانەی کردووە، مەکتەبێکی تایبەتی پێشی ئێستا هاتن تەدقیقی ئەوەیان کرد، ئەو هەموو ئیشەکانی ئێمە ئەو مەکتەبە هی ئێرەش نەبوو، بەکرێ گیراوی عیراقیشە، مەکتەبێکی ئەجنەبی هاتن تەدقیقیان کرد، شەش مانگ، شەش مانگ تەدقیقی دەکەن، ئێستاش دیوانی چاودێری دارایی، بە تەنسیق لەگەڵ دیوانی چاودێری ئێرە داوای ئەوە دەکەن کە ئەوانە تەدقیق بکرێت، واتە ئەو داهاتانەش کە ئێمە هەمانبووە لە کوردستان، ئەو داهاتانە هەمووی حیساب کراوە، کە لەمیزانی مراجعەکانا دەرکەوتووە، ئەوان لەوێ یەکسەر بڕیویانە، لە تەخسیساتی ئێمە، مەقاسەیان پێ کردووە، تاوەکو ئێستاکە ئەوەی 2004 تا 2008 (625356604) ملیۆن دیناریان لێمان بڕیوە، هێشتاکە تەبیعی 2009 ئەوە بەردەوام دەبێت، ئەوە بەنیسبەتی ئەوەشەوە، بە نیسبەتی نازانم تەسجیل کردن، عەلا کولین ئەوانەی کە جەنابت پرسیارت کرد ئەوانە وەڵامەکانمانە، ئەگەر پرسیاری تریش هەیە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ كاك دڵشاد و كاك رشيد وردەكاری هينە، دەتوانن بە ميزانيەی پارتی و يەكيەتی كە وەكو حيزبەكانی تر پارە وەردەگرن بودجەيان يەعنی، ئايا ڕەقەميێكتان لا هەيە تەفسيلاتێك بدەنە ئەندامانی پەرلەمان، فەرموو.

**بەڕێز رشيد طاهر/بريكاری وەزارەتی دارايی وئابووری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

هيچ تەوزيحێكی ئيزافەمان نيە كە ئەوەی جەنابی وەزير باسی كرد، بە نيسبەتی پارتی و يەكێتی، لە هيچ حيزبێك، لە هيچ بودجەيەكی عالەم دانيە، كە بودجە تەقديمی پەرلەمانی كوردستان بكرێت، ناوی حيزب و سەنديكاو كۆمەڵە تێدابێت، تەبعەن ئەو مەبلەغانەش لە فەسڵ و ماددەكان هاتووە، لە مينەح و تەحويلاتی ئوخرەو هی سەنديكاكانيش لە فەسڵی مينەح هاتووە، ئەوە لەوێ دەريش كراوە، بەلاَم ئەو ڕەقەمانە كە دەڵێن ئەوەندەيە، وەكو جەنابی وەزير باسی كردووە، با ئاشكرای بكەم كە چەندە، نەك زوعف، سولسی ئەو مەبلەغەش ئەمن زياتر تەئكيد دەكەمەوە، هی حيزبەكانيش تەبعەن تەئييد لە لايەن سەرۆكايەتی ئەنجومەنی وەزيران هی هەموو حيزبەكان تەحديد كراوە، وە بەتەئييد سەرف دەكرێت، بە نيسبەتی داهات، داهات باسی كرد، ليژنەی دارايی باسی داهاتی كرد ساڵی 2009 داهاتی ساڵی پێشتر دەخرا سەر بودجە، نەخێر داهاتی ساڵی پێشتريش دەچووە بەغدا، هيچ ساڵێك داهاتی حكومەتی كوردستان نەبووە، ئەو داهاتی خاسەتەن زەرائيب و رسومات و گەمارگ، كە داوای كردووە ڕاپۆرتێك پێشكەش بكەين كە شێخ ئاشكرای كرد 625 مليار دينارە، ڕاپۆرتەكە لامە كە تەفاسيلی تيايە زەرائب چەندە، گەمارگ چەندە، رسومات چەندە، ساڵ بە ساڵ كە دايتمانە بەغدا، ئەگەر پێويستيان پێی بێت ئێستا پێشكەشيان دەكەم، بە نيسبەتی وەزارتی پێشمەرگەو پارەی ئێمە لە بەغدا، وەزارەتی پێشمەرگە بە خۆتان دەزانن ئەوە سێ ساڵە لە ساڵی 2007 و 2008و 2009 نەفەقاتی پێشمەرگە لە زمنی وەزارەتی ديفاعی عيراقە، كەلە زمنی ديفاعی عيراقيش و لە زمنی نەفەقاتی سياديە كە تا ئێستا هيچ پارەيەك بۆ حكومەتی هەرێمی كوردستان ڕەوانەيان نەكردووە، ئێمە مەجبور دەبين لە بودجەی خۆمان كە ميزانيە تەقديم پەرلەمانمان كردووە، بودجەی وەزارەتی پێشمەرگە لە ناو بودجەدانيە، ئێمە لە وەزارەتی دارايی بە واستەی سلف سەرف دەكەين، تا ئێستاش ئەوە شتێكی معەلەق ماوە، لەبەر ئەوە وەزعی دارايی لە هەرێمی كوردستان خراپە سەبەبەكەی وەزارەتی پێشمەرگەيە ئەو مشكيلە حەل نەبووە، ئێمە داوا لە پەرلەمانی كوردستان دەكەين، يارمەتی حكومەت بدەن كە ئەو مشكيلە لە بەغدا ساف بێت، جگە لەوە هەندێك نەفەقاتی تريش هەيە، نەفەقاتی سەفەرو جنسيە، ساڵی 2008ديسان دائيرەی سەفەرو جنسيە خستيە سەر نەفەقاتی سيادی ساڵی 2008 و 2009 وا تەواو دەبێت، هەتا مووچەی نەفەتاتی سەفەرو جنسيە سەرف ناكەن، پارەكەشی لای بەغدايە، نووسراوەكانمان محاوەلەكانمان لەگەڵ وەزارەتی داخلی موستەمرە، وەزارەتی دارايی عيراق و وەزارەتی ناوخۆی عيراق، هی 2008 (307) مليارمان سەرف كردووە، تا ئێستا نەيان داوەتەوە ئێمە،

پارەکانی ئێمە لە بەغدا کە دەبڕن تەبعەن بە کەیفی خۆیانە، بە هیچ موبەریرێك کە وەکو شێخ باسی کرد، کە هی ساڵی 2008 (263) ملیاریان بردووە بەبێ هیچ سەبەبێك، کە ئەو سەبەبەش دەڵێن بۆ مەشاریع لە کوردستان تەنفیز دەبێت لە محافەزەکانی تر تەنفیز نابێت، موبەریری وادەهێنن کە مەنتق نەبێت، تەبعەن پارەش لە دەستی وانە، دەبڕن و ئەتو مەحتەل دەکەن، جگەلەوە هی ساڵی2009 کە دەڵێت هی مەشاریع( 945) ملیاریان گلداوە، دەڵێن ئەو حیساب ناکەین، تاوەکو وەلامی رەقابەی مالی نەدەنەوە، رەقابەی مالیش تەقریرەکیان نووسیوە، یەعنی هەتا ئینسان عقوبەی بخوات لە قانون مەفروزە خومسی راتبەکەی حجز بکرێت، ئەوە بە یەك رەقەم کە ڕەقەمیان گلدابوو، ئەوەبوو سەفەرێکی بەغدامان کرد، من و بەڕێز کاك دڵشاد و بەڕێز د.بەرهەم بە وازحی بە ئاشکرایی بە وەزیری دارایی گوت، بەچ هەقێك تۆ ئەو مەبلەغە دەدەیە لایەك ئەوەبوو دیوانی رەقابەی مالی پشتگیری د.بەرهەمی کرد، وەعدیان داوە عەلا ئەساس بۆمان جێبەجێ بکەن، بە نیسبەتی ئێمە، مشارەکەی ئێمە، هیچ مشارەکەمان لە بەغدا نیە، نە لە دانانی میزانیە هیچ مەعلوماتێکمان نیە، نەدەزانین بەرمیلی نەوت بە چەند تەقدیر دەکەن، بە 50 تەقدیر دەکەن، ئاگامان لە هیچ نیە موجەرەد ئێمە کە تەواو بوو، میزانیەکە دەچێتەوە، ئەویش بە واستەی د.بەرهەم کە رەئیسی لیژنەی ئابووریە بانگمان دەکات کا رەئیتان چیە، دەچین رەقەمی ئیجمالی بەس دەزانین، نەفەقاتی سیادی بەکەیفی خۆیان سین و جیمی زیاد دەکەن، بە کەیفی خۆیان دەکەن، ئەوە کەیفی خۆیانە، هەر ساڵێك دائیرەك دەکەنە نەفەقاتی سیادی، ئەگەر تەماشای بودجەی عیراق بکەین دەبینین وەزارەتی پێشمەرگە نەفەقاتی سیادی نەبووە لە 2004و 2005و 2006، لە 2007 بوو سیادی، شورتەو گەمارگ و جنسیە لە 2008 بوو سیادی، یەعنی بەکەیفی خۆیانە، چ نیسبەی زەوابت نیە بڵێن ئەوە سیادیە ڕەقەمەکە، یەعنی داوامان کردیش نەفەقاتی سیادی لە سەدا ئەوەندە زیاتر نەبێت، بەلام بێ فایدەیە، بە کەیفی خۆیانە، یەعنی مەبلەغێکی باش دەدەنە لایەکی بەناوی سیادیە، مەبلەغێکی تریش دەدەن بەناوی نەفەقاتی حاکیمە کە پارە کەی ئێمە لە 17٪ لە بەغدایە، زمنی زۆری ئەو مەوادانە تا ئێستاش کە ڕاستە لە هەموو ساڵ دەنووسن، ئیحتیمالە لە یەك فلسیش سەرف نەکراوە، نەفەقاتی دەعاوی ملکیەکە پارەکەمان دەڕوات لەبەغدا لە 17٪ کە، یەك فلسیش بۆ کوردستان سەرف نەبووە، وە مستەمرە نەفەقاتی شیرائی وقودی مەوادی کەهرەبائی کە پێویستیمان پێی هەیە محتاجین کە لە 17٪یەکەش دەڕوات و ئەویش دەڕوات، وەفدەکەی ئێمە کە چووینە بەغدا، تەئکیدمان لەو مەوزوعە کردەوە، بۆ ئەوانە مەسەلەن کە دەڵێین داهاتی ئێمە هی ساڵی 2008 (212) یە لێیان بڕینە، ڕاستەو دەڵێت قەنەعەتمانە، ئێمەش کە حکومەتی هەرێمی کوردستان کە حەقی خۆمانە تەئکیدمان لێی کردووە کە نەفەقاتی سیادی لە 25٪لە میزانیەی عیراق نەفەقاتی 17٪کەی بە لایەوە نیوەی سەرف نابێت، دیسان نەفەقاتی حاکیمە کە لە لای وەزارەتەکانە، ئێمە کە داوا دەکەین مەفروزە ئەوانیش بۆمان ئیعادە بکەن، مادام سەرف نەبووە و نەیان داوە بە ئێمە کە دەڵێت(بالتنسیق مع الوزارات المختصه فی الاقلیم) بە نیسبەتی ئی میزانیە کە تەقدیمان کردووە، لیژنەی دارایی فەسلی کردووە، پەرلەمان مەبلەغی خۆی هەیە، ئی قەزا ئی خۆی هەیە،

**سەرۆكایەتی هەرێم ئی خۆی هەیە، لە قانونەكانی هەموو وەزارەتەكانی عالەم ئی عیراقیش، ئـی پەرلـەمان و ئی حكومەت و ئی قەزا بەیەك رەقەم دێتە خوارەوە، ئـەوە میزانیـەی ئیعتیادیـە، بـەس تەفاسـیلْ هەیـە، پەرلەمان بابی خۆی هەیە و مەجلسی قەزا بابی خۆی هەیە، ئەوە تەفاسیلْی، سوپاس ئەگەر هەر شتێكیشم لە بیر كردبێت.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**كاك دلْشاد فەرموو.**

**بەڕێز دلْشاد عثمان/ بریكاری وەزارەتی دارایی وئابووری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**زۆر سوپاستان دەكەم بۆ ئەو ماوەیەی كە بە منتان داوە، بەراستی دەمەوێ هەندێك خالْ كە ڕاپۆرتی بەغدا بەڕێزان لیژنەی یاسایی و لیژنی دارایی و ئابووری هاتبوو، تەئكیدی لەسەر بكەمەوە، زۆر جار ئێمـە باسـی ئەوە دەكەین، كە دەلْیین، ئەم شتە بۆ تەئریخ دەلْێم لە پەرلـەمانی كوردسـتان، كـە دەلْـێن یاسـای بودجـەی هەرێمی كوردستان، لە راستیدا بودجە بە تەعریفی مالی و قانونی كە لە قانونی ئـسولی محاسـەباتی عامـەی عیراقـی هـاتووە، دەلْێـت پێـك هـاتووە لـەو جەداویلـە خەملْێنراوانـەی كـە خـەرجی و داهـاتی هەیـە، بـەلاّم بودجـەی هـەرێمی كوردسـتان، تـاك لایەنەیـە، حەزدەكـەم هـەموو كەسـێك و ئـەم برادەرانـە بیـزانن، تـاك لایەنەیە داهاتی تیانیە، ئەگەر بلْێی داهات، دەبـلْ دەبێـت، چـونكە لـە عـیراق بـە داهـات تەسجیل دەكرێـت، ئێمە لە كۆی داهاتی عیراق تەمویل دەكرێین، ئەوەی ئێمـە وەری دەگـرین تەمویلـە، یـەعنی هـەتا بەمـەعنا نزیكەكەی پێی دەلْێن فەنت، ئیرادات ڕڤینیو، جیاوازیەكی زۆر گـەورە هەیـە لـە مستەلەحە قانونیـەكانیان، بۆیـە ئەمـەی ئێمـە وەری دەگـرین لـە عـیراق، ئـەوەی ئێـوەش جەنابیشـتان تەسـدیقی دەكـەن، تەسـدیقی جەدوەلی نەفەقات دەكەن، ئیرادات ناكەن، كە تاك لایەنە بۆ بودجە نیە، ئەوە حەزدەكەم بۆ تەئریخ، وە بـۆ ئەمسـالْ تـازە تێپـەڕیوە، بۆئـەوەی جـەنابتان هـەموو بیـزانن، دووەم خـالْ: حیسـاباتی خیتامیـە، ئەگـەر جەنابتان داوای حیساباتی خیتامی بكەن، حیساباتی خیتامی درەنگ دەردەچێت، ئێستا ئی عیراق تـا ئێسـتا 2004 لە پەرلەمانی عیراق نیـە، لـە 2004 تـا ئێسـتا نەچۆتە پەرلـەمانی عیراقـەوە، حیسـاباتی خیتـامی مەجموعەیەك تەسوییاتی محاسەبی دەوێت، جەنابت وەزیـری دارایـی بـووی، 12/31 كـە تـەواو بـوو، دوای ئـەوە شـەش مـانگ مـەجال دەدرێـت بـۆ تەسـوییات، ئـەو شـەش مانگـە كـە تەسـوییە دەكرێـت فـی شـەش دادەخرێت ، دوای ئەوە بە سێ مانگی تر ئەو حیساباتە لـە كفـری، زاخـۆو هینـەوە كۆناكرێتـەوە ببێـت بـە جەدوەل و بێتە وەزارەتی مالیەوە، بە تایبەتی تا ئێستاش بەداخەوە، حكومەتی ئەلیكترۆنیمان نیە، بە ڕێز كاكە ڕەشید باسی ئەوەی كـرد موچـەو ئیستیسـمار زیـاد بكـەین، بەراسـتی ئێمـە زۆر حـەز دەكـەین، ئەگـەر بكرێـت بتوانین بودجەیەك بـۆ وەبـەرهێنان بكـەین، بـە دوو قـات ئـەم ولاّتـە وێرانـەی ئێمـە پێویسـتی بـە هەموو شتێك هەیە، بەلاّم ئایا لەبەرامبەرادا ئەتوانین ئەو مووچە خۆرانەی كە هەمانە وازیـان لـێ بێـنین؟**

نـەخێر، ئەمـە تەشـجیعی کـەرتی تایبـەتی دەوێـت، کـەرتی تایبـەتیش بـە سـاڵێك ودوو سـاڵ هەڵناسـتێت، بتوانێت هەموو ئیستیعابی هێزی کار لە کوردستان بکات تازەو کۆنیش، بۆئـەوەی خـەڵك واز لـە حکومـەت بێنێت، دەست بەوەوە نەگرێت بڵێت مووچەیەکم هەبێت لە حکومەت هەر باشە، ئێستا ئێمـە لـەو حاڵەتـە دەژین وەکو مووچـەیەکی سۆشـیال، لەبـەر ئـەوە بەداخـەوە مولاحـەزە دەکـەی لـە 60٪، بـە تەئکیـد ئەمـە بەرپرسین بەرامبەری وەکو وەزارەتی دارایی لە 60٪ ئەو پارەیـەی دێت بـۆ هـەرێمی کوردسـتان ( 60,5 ) شەست پۆینت پێنج بۆ مووچە دەچێت، جەنابی باسی سەلاحیەتی کرد کە ئێوە تەئکیـدتان کردۆتـەوە پـار لە بودجە، سـەلاحیەتی خـەرجیش دیـاری بکرێـت، عادەتـەن لـە قـانونی موازەنـە کـە دەردەچێت، وەزیـری دارایی تەعلیماتی تەنفیزی موازەنە دەردەکات، ئـەو تـەعلیماتی تـەنفیزی موازەنـە، دەسـەڵات دەنێرێـت بـۆ وەزیری دارایی، ئەو خەرجیانەی هەموو تیایە، قانونی هەر وەزارەتێکیش دەڵێت، وەزیر باڵاترین دەسەڵاتە وە بەپێی یاساکان دەتوانێت خەرجی ئەنجام بـدات، وەبـۆی هەیـە تـەخویلی دەسـەڵات بکـات بـۆ ئاسـتەکانی خـوار خـۆی، عـەقاری بـۆ گونـدەکان، ئێمـە زۆرمـان پـێ خۆشـە ئەگـەر بتـوانین بـانکی پیشەسـازی و بـانکی خانووبەرە هەموو بانکەکانی کشتوکاڵ زۆر بـە ئـەکتیفی ئـیش بکـەن، بـەڵام لەبەرامبـەر حاڵەتێکدا ئێمـە دەژین، ئیعتیمادی تەواومان بۆ خەرج لەسەر بودجە لەسەر ئەو تەمویلە کەلە عیراق هەیە، ئەو تەمویلـەی لە عیراقەوە دێت، ئێمە دەتوانین تەسەروفی پێ بکەین، هەموو داهاتەکانی تر، بەبێ ئەوەی ئێمـە بینێـرین خۆیان دەی بڕن، کە میزان دەنێرین، میزانی مراجەعە خۆیان دەی بڕن، لە حاڵەتێکا ئێستا عـیراق کێشـەی نیە، ئێمە باسمان کرد لەگەڵ بەڕێز وەزیری مالیەی عیراق، دەڵێـت مەسرەفی رافیدەین 500 ترلیۆن بـەس سیولەی نەقدی هەیە، رەشیدی عـیراق هـەمان تـەراکمی کـردووە، نـازانم چیە، ئـەتوانن بـەکاری بهێـنن بـۆ عەقاری، بۆ زراعی، بۆ ئەوانی تر، بەڵام ئێمە چونکە حکومەتێکی هەرێمین، نـە دەسـەڵاتی ئـەوەمان هەیـە خەرجی گشتی وەرگرین، نە دەسـەڵاتی ئـەوەمان هەیـە پـارەی تـازە دەربکـەین، نەدەسـەڵاتی ئـەومان هەیـە سەنەداتی قەرز دەربکەین، لەبەر ئەوە کێشەی ئێمە کێشەی سیولەی نەقدییـە، بۆیـە نـاتوانین فـراوان زۆر فراوان بین لە عەقاری و زەراعی و سەناعی، مەوزوعێك هەیە موجوداتی سابتەو مەوجوداتی غـیر مـالی کـە جەنابی ئیشارەتی بۆ کرد، حەزدەکەم بزانن موستەلەحاتی تازەی محاسەبی لـە عالـەما شـتێك نـەماوە پێـی بڵێن مەوجوداتی سابتە، یەعنی ئەو بە نیزام دەگۆڕێت بە مەعاییر محاسەبی، دوەلیە دەگۆڕێت، لەبەر ئەوە پێی دەڵێن مەوجوداتی غیری مالیە، بۆیە ئێمەش ئیعتیمادمان کردە سەر ئەوە، میزانیـەی وەزارەتـی مالیـە بۆ 20٪دایە، حەقتانە بپرسن، بۆچی لە 20دایـە؟ دەبێـت ئـەو بزانرێـت مەبلـەغێکی زۆر باشـی ئیحتیـاتی تیایە، لەناو ئەو بودجەیـەی وەزارەتـی دارایـی، بۆئـەوەی لـە کاتێکـدا لـە هـەر شـوێنێك پێویست بـوو، هـەر فەرمانگەیـەك کرایـەوە، تـەحویل بکرێـت بـۆ ئـەو فەرمانگەیـە، ئـەو بـۆ وا دایـناوە، میلاکـاتی زۆربـەی کـە دایناەمزرێنن وەفر دەبێت، پارەکەی دەخرێتە ئەوێوە، بۆیە وەزارەتی دارایی ڕێژەکەی زیاتر بووە، لە چاو، دوای ئـەوە ئێمـە کارەبامـان هەیـە، موئەسەسـەی کارەبـا، موئەسەسـەی کارەبـا عجـزی هەیـە هـەمووجار، جەنابتان دەیزانن، یەعنی قەت بەو پارەیەی کـەکۆی دەکاتـەوە لـە هـاووڵاتی نـاتوانی ئـەو خەرجیـەی پـێ

بکەی، ئەو جیاوازیە لە کوێوە دێت، عجزی موئەسەسەی کارەبا وەزارەتی دارایی مانگانە دەیداتێ، هەموو شارەوانیەکان، هەموو شارەوانیەکان لەسەر ئاستی پارێزگاو قەزاو ناحیەکان، ساڵانە بودجەیەك تەقدیم دەکەن بەداهات و خەرجیان، هەمووشیان عجزیان هەیە لەبەر پرۆژە، بۆیە ئەو حجزە کێ دەیدات، هەموو مانگێك وەزارەتی دارایی دەیدات، لەبەر ئەوە دەبینین وەزارەتی مالیە بودجەکەی قەبە ترە لە وەزارەتی تر، یەك حاڵەتی تریش هەیە، لەسەر داوای جەنابی کاك سەعد روونی دەکەمەوە، ئێمە بەڵێ لە 17٪ بۆمان دیاری کراوە، ناشتوانین بڵێین لە 17٪ وەرناگرین، بەڵام جیاوازیەك هەیە، نەفەقاتی سیادی لەناو نراوە، مەسەلەی پەرلەمانی عیراق، ئەنجومەنی وەزیران، سەرۆکایەتی کۆمارە، ئەمانە فیعلەن ئێمە نوێنەرمان تیایەتی لە حکومەتی عیراقیدا، بۆیە ناکرێت بەشە پارەی خەرجی خۆمان لەوە نەدەین، قەرزی کوێت لە 5٪ هەموو داهاتی عیراق دەچێتە کەرکوکەوە هەموو مانگێك، ناکرێت هەرێمی کوردستان بەشی خۆی ناسەنێت، لەبەر ئەوە نەفەقاتی سیادی دەردەکرێت لەموجمەلی موازەنە، ئی عیراق، دوای ئەوە مەجموعەیەك نەفەقات هەیە کە ناویان ناوە نەفەقاتی حاکیمە، نەفەقاتی حاکیمە عیبارەتە لە خواردن، بیتاقەی تەموینی، وقود، تاقەی کارەبایی کە ئیستیرادی دەکەن، نەفەقاتی حەج، مەجموعەیەکی شتی وایە، ئەم نەفەقاتانە ئیستیرادی مەواد ئەدویەی سەحی، ئی توبی، ئەمانە هەمووی ئێمە ئیستیفادەی لێدەکەین حسەی خۆمان وەردەگرین، بەڵام بەداخەوە وەك پێویست ئەکتیف نەکراوە، چونکە لە یاسای بودجەی عیراق بۆ ساڵی 2009 زۆر بە سەریحی داوە بۆ هەموو ساڵەکان، ئەڵێت نەفەقاتی حاکیمە هیچ وەزارەتێکی عیراق بۆی نیە دینارێکی لێ خەرج بکات، بەبێ موافەقەتی وەزیرەکەی بەرامبەری لە هەرێمی کوردستان، بەداخەوە تا ئێستا ئێمە وەزارەتەکانمان نەیانتوانیوە هاتوچۆی ڕاستەقینەیان هەبێت لەگەڵ وەزارەتەکانی عیراق، ڕاستەوخۆ مباشەرەتەن تەفاوز بکەن، بۆ ئەوەی ئەو پارەیەی هەرێمی کوردستان بەو شێوازەی ئێستا خەرج نەکرێت کە ئاگامان لێی نیە، زۆر سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، روون کردنەوەیەکی گرنگ بوو، بەڵام پرسیارێك لەبەر ڕۆشنایی قسەکانتان بۆ مەوزوعی سیولە، یەك لەو شتانەی کە لەناو کۆمەڵگای ئێمەدا هەیە بەردەست دەکرێت، بانکەکانی هەرێم رەبتی بانکەکانی بەغدا نەکراوە، ئەمەش نازانم بۆمان روون بکەنەوە پێمان وایە زەرەری هەرێمە، بە تایبەتی بانکی ناوەندی، بۆچی هەنگاو نانێن بۆ رەبت کردنی بانکی ناوەندی ئێرە بانکی هەرێم لەگەڵ بانکی ناوەندی، وە بانکەکانی تریش ئەو سیولەتان دەخاتە بەردەست، کار ئاسانی دەکات بۆ خەڵك، فەرموو.

**بەڕێز دلشاد عثمان/ بریکاری وەزارەتی دارایی وئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە نیسبەت بانکی مەرکەزی عیراقیەوە، مافی خۆیانە لقەکانی سلێمانی و هەولێر، ببەستنەوە بە بانکی مەرکەزی عیراقی، لە قازانجی ئێمەشدایە تارادەیەکی زۆر باش، چونکە بەهۆی ئەو بانکی مەرکەزیەوە ئێمە

سیولەمان دەست دەکەوێت، ئـەتوانین کـەی پێویسـتیان بـوو داوای بکـەن، بانکـەکانی تـریش کـەی ویسـتیان داوای بکەن، ئێستا لە مفاوەزاتی ئەخیرداین، لە بارەی ئەوەوە گەیشتۆتە ئەوەی موافەقەت بکرێت لە ماوەی دوو هەفتە، ئەو دوو بانکە مەرکەزیە رەبت بکرێت بە عیراق، بەڵام بانکی رافیدەین و ڕەشید کـە ئێسـتا لـە هەرێمی کوردستان دایە، بەڕێزتان هەمووتان ئاگادارن لە سـاڵی 1991 کـە عـیراق ئیـداراتی بـەجێ هێشـت، ئیلتیزامـەتێکی زۆر گـەورەی لەسـەر ئـەو بانکانـە بەجێهێشـت، بەرامبـەر حقـوقێکی زۆر کـەم، یـەعنی بـۆ نموونە لە هەموو بانکەکانی سلێمانی 15 ملیۆن دیناری تەبعی تیانەبوو، سەدەها ملیۆن ئیلتیزاماتمـان بـوو بەرامبەر بە خۆمان، لەبەر ئەوە وابە ئاسانی ناتوانین ئەو بانکی رافیـدەین و رەشـیدە رەبـت بکەینـەوە بـە وانـەوە، لـە عیراقـیش بـانکی رافیـدەین و رەشـید مەربوتـە بـە وەزارەتـی داراییـەوە، ئێمـەش بـە پێـی یاسـا دەجوڵێینەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سـوپاس، یـەعنی بـۆ ئـەوەی زیـاتر قسـەکانی ئـەوان روون ببێتـەوە، لـە مـەوزوعی داهاتـەکانی هـەرێم، یـەعنی باسمـان کـرد زەریبەیـەو نـازانم هـین و ئەوانەیـە، لەلایـەن حکومـەتی عیراقـەوە، وەزارەتـی دارایـی عیراقەوە داوایان لێدەکەین کەشفیان بنێرن، بەدواداچوونی دەکەین، لەبـەر ئـەوە ئـەو کەشـفە ملزەمـە کـە دەیان دەینێ ڕەقەمەکە، ئـەو پارەیـەی کـە بـۆ حکومـەتی هـەرێم دێـت، ئـەو پارەیـەی داهـاتی خۆیـان لێـی دەبڕن، بۆیە کاك دڵشاد روونی کردەوە دەڵێت، ئێمـە داهـاتی خۆمـان نیـە، پرسـیار هـەبێ بڵـێ ئـەو داهاتـە لەکوێ بوو؟ ئەو پارەیە بۆ کوێ دەڕوات؟ زەریبـەی گومرگـە، زەریبـەی عـەقارە، زۆر داهـاتی تـرە، جـەبرەن دەبێت تەقدیم بکەن بۆ وەزارەتی دارایی عیراق، تیایدا روونی بکەنەوە ئەوە داهاتەکانمانـە ئـەوان ڕەچـاوی دەکەن لەو برە پارەیەی بۆ حکومەت ئـەو داهاتـە دەبـڕن، بۆیـە بـەو شـێوەیە کـە داهاتمـان نیـە، ئەگـەر لـە واقیعدا داهاتمان هەیە، بەڵام ئەو داهاتە ڕاستەوخۆ بۆ خۆمان تەرخان ناکرێـت، بـەس ئـاخیر پرسـیار هـەم دیسان پرسیارانی ئەندامانی پەرلەمانە، ئەو لـە 17٪ کـە بـاس دەکرێـت زۆر جـاری ئـەوها تەسـریح دەدەن دەڵێن، دوازدە دەگاتە ئەوێ، یازدە دەگاتە ئەوێ، 13 دەگاتە ئێمە دەتـوانن ڕەقەمـەکمان بـدەنێ، تێگەیشـتن ئەو نەفەقاتی حاکیمەیە، نەفەقاتی سیادیە دەبڕێن، بێجگە لەوە شتێکی تر هەیە، حکومەتی عیراق لێتـان ببڕێت، ڕەقەمێك هەیە بڵێن لە 12٪یە لە میزانیەی عیراق یان لە 11٪ یە بـە دەسـتمان دەگـات، بۆئـەوەی خەڵك بزانێت میزانیەی ئێمە چەندە، لە چاو میزانیەی عیراق.

**بەڕێز بایز تاڵەبانی/وەزیری ئابووریو دارایی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە هەموو جارێك باسی ئەومان کردووە، دیارە ساڵی پاریش هەر باسم کرد ئەو مەوزوعە، کـە میزانیـەی عـیراق دادەنرێـت ئەوانـەی کـە ئێسـتا کـاك دلشـادیش باسـی کـرد، نەفـەقاتی سیاسـی و حاکیمـە کـە لێـی دەردەچێت ئەوجار دێن پارەکە لە 17٪، لە دوایی ئەوانەی لێی دەردەکرێت ئـەوجا لـە 17٪یەکـەی دەدەن بـە کوردسـتان، بـە هـەرێمی کوردسـتان، ئـەوەش ئێسـتاکە ساڵ لەگـەڵ سـاڵ ئـەوەی کـە ئێمـە ملاحـەزەمان

کردبێت، ڕەقەمەکەی ئێمە کەم دەبێتـەوە، چونکە دەسـتکاری ئـەو نەفـەقاتی سـیادیە دەکرێـت، مەسـەلەن ئێستا پەرلەمانی عـیراق، ئەنجومـەنی وەزیرانـی عـیراق، سـەرۆکایەتی کۆمـاری عـیراق، وەزارەتـی خاریجیـە، وەزارەتی دیفاع، ئەوانە هەر هەمووی هەرساڵە بابەتێکی تێ زیـاد دەکـەن، ئـەم سـاڵەکە لـە پارەکـەوە وەکـو کـاك رشـید باسـی کـرد، موازنـەی سـەفەرو جنسیەشـیان ئیزافـەکرد، ئـەنواع و ئەشـکال لـەو عـەناوین و میزانیانە دەخەنەسەر نەفەقاتی سیادی، دەبێتە هۆی ئەوەی ڕەقەمەکان متەغەیر بێت، ئێستا لـە ڕاپـۆرتی لیژنەی دارایی هاتووە لە حـدودی 12٪، ڕەنـگ هەیـە سـاڵێکی تـر لـە 11٪ بێـت، سـاڵ هـەبووە لـە 10٪ و پۆینت بووە، ئەو نەفەقاتی سیادیەو حاکیمە دەبێتە هۆی ئەوەی کەوا پارەکانی ئێمە یەعنی سـابت نـەبێت لەگەڵ میزانیەی عیراق، میزانیەی عیراق هەموو ساڵێك یەك ڕەقەم نیە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بـەڵێ زۆر سوپاس، لە مەوزوعی نەوت ئێوە دیار بوو جوابەکانتان ئـەوە بـوو، ئێـوە ئاگـادار نـین لـە داهـاتی نەوت، داهاتی نەوتیش لەو ڕۆژەی کە نەوت بە ڕێگای عیراقەوە تەصدیر دەکرێت، مەسئولیەتی حکومـەتی عیراقی فیدراله معامەلە لەگەڵ ئەوە بکات، داهاتەکـەش دەچێتە موازەنـەی عیراقـی بـە شـێوەیەکی گشـتی، بەلام خەڵك باس لەو گرێبەستانە دەکات کە کراوە لەلایەن حکومەتی هەرێم لەگەڵ ئـەو کۆمپانیایانـە، لـە بڕی ئەو گرێبەستانە، بڕێك پـارە تـەرخان دەکرێـت، بـۆ ڕێگـاو بـان، بـۆ ڕوبـەڕوو بوونـەوەی پـیس بـوونی ژینگە، ئەو بڕە پارەیە جاری پێشوو ئێمە لە سەرۆکی حکومەت و وەزیری سـامانە سرۆشـتیەکانمان پرسـی، گوتیان ئەو بڕە پارە هەیە، دانراوە لە بانقیشە، ئێمە لێرە کە بۆ ئەوەی ئـەو مەوزوعـە زۆر بـەکار نـەیێتن لێرەو لە وێ، پێم باشە لە پەسەند کردنـی ئـەو بودجەیـەدا بڕگەیـەك ئامـاژە بـەو بکـات، کـە پێویسـتە لـە حکومەتی هـەرێم ئـەو پارەیـەی کـە لـە ئـەنجامی گرێبەسـتەکاندا بـۆ هـەرێم، وەکـو داهـات هـاتووە ڕوونـی بکاتەوە، بۆ ئەوەی خەڵك پێی ئاشنا بێت، هەروەها وردەکاری ئەو گرێبەسـتانە وەئەگـەر پێویسـتیشی کـرد وەزیری سامانە سروشتیەکان بانگ دەکەین بۆ ئـەوەی زیـاتر بۆمـان ڕوون بکاتـەوە، هـەروەها لـەو قسـانەی باسمان کرد، ئەو قسانەم ئاراستەی لیژنەی یاساییە، کە ماددەیەکیش ئیزافە بکرێـت جـەخت لەسـەر ئـەوە بکەینەوە هەنگاوەکانی ئەوەی ماوە بۆ یەکخستنەوەی وەزارەتی دارایـی و ئـابووری، دیـوانی چـاودێری زیـاد بکرێت، دواقسەم ئەویە لەسەر دیوانی چاودێری دارایی بۆچی یەکنەخراوە یاسایی خـۆی هەیـە، لەڕاسـتیدا مەسئولیەتەکە ئی سەرۆکایەتی پەرلەمانە زیاتر لە هەموو کەسێك، ئێمە لەبەر ڕۆشنایی تێگەیشـتنمان بـۆ واقیعەکەمان، بەدواداچوونمان هەبووە بۆ هەنگاوەکانی وەزارەتی دارایـی وئـابووری، چـەند هـەنگاویان نـاوە بـۆ یەکخسـتنەوە، ئێمـەش هـەنگاومان نـاوە بـۆ ئـەوەی دیـوانی چـاودێری دارایـی یەکبخرێتـەوە، چـەندین کۆبوونەوە کراوە بەینی هەردوو دیوانی چاودێری دارایی هەولێرو سلێمانی، قسەش کراوە بۆ ئەوەی وەکـو بڕیار، دەست نیشانی کەسـایەتیەك بکـەین بـۆ ئـەوەی ببێتـە سـەرۆکی دیـوانی چـاودێری و بـە هەنگاوەکـە هەڵبستێت، بەلام من پێموایە هەنگاوتان ناوە بۆ یەکخستنەوەی وەزارەتی دارایی و ئابووری، ئێستاش وەکـو خاڵێك ئاماژە بەوە دەکەین و جەخت دەکەینەوە وەزارەتی دارایـی و ئـابووری بەتـەواوەتی یـەك بگرێتـەوە،

وەزارەتی هەرێم نەمێنێت، پێموایە لەگەڵ ئەوەشدا دیوانی چاودێری دارایی ئومێد دەکەم لەم چەند ماوەیەی کە ماوە ئەنجام بدرێت، ئەوەش ویستێکی خەڵکە، پێموایە جوابی زۆر لەپرسیارەکانتان درایەوە، بۆیە پێمباشە بچینە سەر ماددەکان، مادده بە مادده قسەی لەسەر بکەین، ئیلا ئەگەر نوقتەی نیزامیتان هەبێت، پرسیارێکتان هەبێت نەکرابێت، کاك عبدالرحمن نوقتەی نیزامی هەیە، جارێ بابزانین، فەرموو.

**بەڕێز عبدالرحمن احمد رضا:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سوپاسی بەڕێزتان دەکەین، هەندێك پرسیارو پێشنیار هەبوون کردتان لە بەڕێزانی وەزارەتی دارایی، بەلاّم بە شێوەیەکی یاسایی بۆ بودجەو موازەنە، هەر لە حیساباتی ختامی، لە پڕۆژەی وەزارەتی دارایی، هەروەها ئێمە لە سەعات 12 خشتەیەك دابەش کرا، خشتەی بەکار بردن و وەبەرهێنان، سەعات 12 ی ئێستا، لە نیزامی داخیلی لە ماددەی 82 دەڵێت، ڕاپۆرتی لیژنەی دارایی و ئابووری بەسەر ئەندامان دابەش دەکرێت، هەتا 2 ڕۆژ بەسەر دابەشکردنی ڕەت نەبێت، لەلایەن ئەنجومەنەوە دەست بە گفتوگۆ کردن ناکرێت، ئەم سێ ڕاپۆرتە ئەمڕۆ دابەش کران، داوا لە بەڕێزتان دەکەم بۆ دیراسەت کردن، بۆ ئەوەی ئەندامانی پەرلەمان لیژنەکان بەدواداچوونێك بکەن، حیساباتی ختامیش بێتە بەردەممان، کەهاتۆتە پەرلەمان، لەبەر ئەوەی بە ڕێك و پێکی موازەنەو بودجە مناقەشە بکرێت.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

خۆ ملاحەزەکەت کاك عبدالرحمن بەجێیە، بەلاّم لە ڕاستیدا ئێمە کە خوێندنەوەی یەکەممان بۆی کرد، داوامان لە ئێوە کرد هەر ئەندامێکی پەرلەمان بۆی هەیە بچێتە لیژنەی دارایی و ئابووری، وردەکاریەکان داوابکات، لیژنەی دارایی و ئابووری هەموو شتەکانی پێ بڵێت، ئەگەر کەسێك نەچوبێتە ئەوێ، ڕەنگە ڕاپۆرتەکە دەبوایە تەوزیح بکرێت، بەلاّم ئەو حەقەتان هەبوو بچن لەوێ بیکەن، جگە لەوەش لیژنەکان پێمان وتن، هەر لیژنەیەك دەتوانێت لەگەڵ لیژنەی دارایی دابنیشێت بۆ وردەکاری، بێجگە لەوەش ئێستا ڕاپۆرتی لیژنەکان ماوە، ئێوە کەستان نیە لە لیژنەکەدا لە لیژنەیەکدا ئەندام نەبێت، تەعبیر لەنەزەریەی هەمووتان دەکات، ئەگەر پرسیارە، زۆرمان کردووە، ئێمە هێشتا دەستمان بە مناقەشە نەکردووە، مادده بە مادده مناقەشەی دەکەین، خۆ ئێستا ناکرێت، من لە جیاتی هەمووتان ئەو پرسیارانەم کرد، ئەگەر پرسیارێکیشتان هەبێت، ناوەکان دەخوێنمەوە، بەسە کەسی تر زیاد ناکەین، ئەو مناقەشە عامە، بەلاّم ئەگەر یەکێك پرسیاری کرد، پرسیارەکە کرابێت، جواب درابێتەوە، مقاتەعەی دەکەم، داوای لێبوردنتان لێدەکەم، کوێستان خان فەرموو.

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێشنیارێکم هەیە، پێش ئەوەی پێشنیارەکەم بکەم، یەك دوو ڕوونکردنەوەی بچووکم هەیە، ئێمە ئەوە سێ ساڵە بودجە تەسدیق دەکەین، هەموو ساڵێك دەڵێین تکایە حکومەت ساڵێکی تر وەزارەتی دارایی با یەك بگرێتەوە، یەك ناگرێتەوە، تکایە حکومەت ساڵی داهاتوو لەکاتی خۆی بودجە بنێرن دوای شەش مانگ، حەوت مانگ ئەی نێرن، هەمووساڵێك بودجە تەسدیق دەکەین و نازانین ساڵی پار بودجە چۆن سەرف کراوە، ئێمە ئێستا نازانین بودجەی ساڵی 2007 چۆن سەرف کراوە، ئەگەر گومانێکمان لەسەر شەفافیەت هەبێت، ئەگەر ئێمە ئەوەمان مناقەشە بکردایە لێرە حەتمەن ئێمە ئەو گومانەمان نەئەما، بۆیە ئێمە ئێستاش لە کۆمەڵێك گومان و ئەوەداین، ئەگەر من بیزانم ئەو مینحەو ئەو هاوکاریانەی کەلە 20٪ ی وەزارەتی دارایی لێرە بیزانم و بە ئەرقام لام بێت، من ئەو گومانەم لانابێت کە حیزبەکان چۆن ئەم پارەیە وەردەگرن، جگە لەوەی پار حکومەت بەبێ ئەوەی ئێمە تەسدیقی بودجەی خیتامی بۆ بکەین، عەفوەن تەکمیلی بۆ بکەین، بودجەکەی سەرف کردووە، ئەمەو کۆمەڵێك مەسەلەی تر، من پێشنیار دەکەم، ئێمە ئەم بودجەیە تەسدیق نەکەین، هەتاوەکو وەزارەتی دارایی نەڵێن هەموو شتەکانی تەواو بووە، بەڕەسمی یەك بگرێتەوە، دیوانی چاودێری دارایی هەموو شتەکانی تەواو نەبووە، باسەرۆکەکەی بێت لێرە سوێند بخوات و یەك بگرێتەوە، با هیچ نەبێت بودجەی خیتامی ساڵی پار ببینین بزانین چۆن سەرف کراوە، چی ماوەتەوە؟ بودجەی وەبەرهێنان چۆن سەرف کراوە؟ کە هەندێکی سەرف نەکراوە، هەموو ئەو شتانە کە لە ڕاپۆرتەکەی وەزارەتی دارایی هەیە، ئەم کێشانە کە سێ ساڵە بە تەوسیات دەدەین بە حکومەت و جێبەجێی ناکات، لەماوەی 10 ڕۆژ، پازدە ڕۆژ بکەین، خۆ بودجەکە هەر تەئخیر بووە، هەر سەرفیشی دەکەن با ئەم 15 ڕۆژە ئەم شتانە جێبەجێ ببێت، دواتر ئێمە بودجەکە مناقەشە بکەین و تەسدیقی بکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سۆزان خان فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پرسیارم ئەوەیە بۆ بەڕێز وەزیری دارایی، یەکەم: میکانیزمەکە چیە کە وا لە ئێمە بکات لەم گەرمەی کێشەی بەغداو ئەمان داتێ و نامان داتێ، لێمان دەبڕێ و لێمان نابڕێت نەجاتمان بێت، یەعنی دەبێت چی بێت، میکانیزمێك خۆیان پێشنیاری میکانیزمێك بکەن، چونکە ڕوویان کردە پەرلەمان دەبێت چارەسەری ئەم کێشانە بکات، من نازانم پەرلەمان چ ڕۆڵێکی دەبێت، سەبارەت بە بودجەی تەکمیلی منیش هەمان ملاحەزەم هەیە، ئێمە پار بیستمان کە بودجەی تەکمیلی هاتووە، بەڵام هیچ وردەکاریەکی لەسەری نازانین، چۆنیەتی سەرف کردنی بودجە، چونکە ئێمە خۆمان بەدواداچوونمان کردووە لە لیژنەی پەروەردە لەسەر چۆنیەتی سەرف کردنی بودجە، هینی وەزارەتەکە کۆمەڵێك خاڵمان بۆ دەرکەوتووە، بەس ئێمە نەمان کرد بە ڕاپۆرت، بڕیارماندا خۆمان بە قسە کردن قسەی لەسەری کرد، بۆمان دەرکەوت کۆمەڵێك خەلەل هەیە لە سەرف کردنی بودجە، یەکێك لەو خەلەلانەی کە زۆر زۆر دیارە، جارێکی تر بودجە لەدوای تەسدیق

کردنیەوە لەلایەن سەرۆکایەتی هەرێم کە دەچێتە ئەنجومەنی وەزیران دەچێتەوە وەزارەتی دارایی جارێکی تـر تەسـدیق دەکرێتـەوە، ئـەوە قسـەی ئێمـە نیـە، قسـەی خۆیـان بـووە، وای لێهات پـار مـانگی 11 بودجـە گەیشـتەوە دەسـتی وەزارەتـەکان، یـەعنی مـن ئـەو پرسـیارەم هەیـە، جـەنابیان وتیـان سـولفەی عـەقار ڕێنماییـەکانی یەکـە، مـن دەڵـێم نـەخێر ڕێنماییـەکانی یـەك نیـە، لـە سـلێمانی بـە نـەوعێك دەدرێـت، لـە هەولێریش بە نەوعێك دەدرێت، لە هەولێر شارەوانی بڕیاری داوە نەیدات بـە 100 مـەتری، لـە سلێمانی وانیـە، ئـەی ئـەوە چۆن ڕێنماییـەکی موەحـەدە، یـەعنی ئێمـە دڵمـان بـەوە خۆشـە کـە پێمـان بڵـێن بـەڵێ ڕێنماییەکان موەحەدەو بۆشمان ئیسپات بکەن کە موەحەدە، خۆ هەموو لەبەرچاومان بـوو خەڵکەکـەی کـە هینی کرد هاتە بەردەمی پەرلەمان 100 مەتریەکان داوای ئەوەیان کرد سلفەی عەقاریان بدرێتێ، کەواتـە هێشتا یەکی نەگرتۆتەوە و نیە وەنەبێت قسەکەی من تەواو نەبێت، خانەنشینان، ئێمە پار مووچەمان زیاد کرد بۆ فەرمانبەران، بیرمان لەوە نەکردەوە لەگەڵ زیاد کردنی هەموو فلسێك لە بازاڕ سێقات و چوار قـات بەدیلی سعر زیاد دەکات، تا چین و توێژ کە هیچ سوودێکیان نەبوو، خانە نشینەکان بوو، بە تایبەتی خانـە نشینە کۆنەکان ئەوانەی 45-50 ساڵ هینیان هەیە خزمـەتیان هەیـە، تـا ئێسـتا زیـادی نـەکردووە بـەهیچ جۆرێك بڕەپارەکەیان، ئەگەر زیاد دەکرێت مەفروزە نسبەت هەبێت، لەگەڵ نسبەتی بازاڕ هەموو شـتێکمان دەبێت بە دیراسە بێت، نەوەکو وا لە خۆڕاو زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر ئەگەر پێتان باش بوو ملاحەزەکان وەربگرن، ئەو قسانە دوایـش هـەمووی بەیەکـەوە بۆمـان جواب بدەنەوە، ئەو پرسـیارانەتان لێـدەکرێت، لای خۆتـان ئـەو ئەنـدام پەرلەمانـەی کـە قسـە دەکـات نـاوی بنووسن و پرسیارەکەشتان دوایی وەڵامەکەی بۆ حازر بکەن، گێلاس خان فەرموو.

**بەڕێز گێلاس محی الدین محمد غریب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لە کاتی تەسـدیق کردنـی بودجـەی 2008 ئێمـە چـەند تەوسـیاتێکمان پێشکەش بـە حکومـەت کـرد، بۆئەوەی هەتا ئەم کاتە جوابمان بدەنەوە، بۆمان جێبەجێ بکرێت، من بەداخەوە نازانم تا چەند جێبـەجێ کراوە، بەڵام ئەوەی دەزانم بەشێکی باشی جێبەجێ نەکراوە، یەکێك لـە تەوسـیاتەکان ئـەوەبوو کـە بودجـە لەکاتی خۆیدا بێت، بەداخەوە ئەمساڵ هەم دیسان دواکەوتەوەو لەگەڵ ئەوەی کە دەکرێت.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

وتم عـەفوم دەکـەی، چـونکە گـێلاس خـان وتم ئـەو پرسـیارانە مەکـەن کـە کـراوەو جـواب دراوەتـەوە، ئـەو پرسیارە من کردم، کاك دڵشاد بە ڕوونی جوابی دایەوە و هەندێك شتی روون کردەوە دەڵێت ئـەوە ناویشـی بودجە نیە، لەبەر ئەوە جوابی پرسیارەکە درایەوە، تکایـە ئـەو پرسـیارانە بکـەن کـە جـواب نەدرابێتـەوە و نەکرابێت.

**بەڕێز گێلاس محی الدین محمد غریب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەلاَم بودجە دەکرێت بە تەخمینی تەقدیم بکرێت دوایی لە زیادو کەمەکە تەعدیل بکرێت، ئەوەش هەر نەکراوە، یەکێکی تر لە خاڵەکان ئەوەیە کە یەکگرتنەوەی هەردوو وەزارەتەکە، ئەوە وەزارەتی دارایی و ئەوە یەکێك هەردوو وەزارەتی داراییەکە یەکیان نەگرتۆتەوە، بەڕاستی بودجە ئەوە بناغەیەکی هی وەزارەتی داراییەکانە، ئێمە نازانم بۆچی مناقەشەی بودجە دەکەین ئەو دوو وەزارەتە تا ئێستا یەکیان نەگرتۆتەوانێ، وابزانم ئەگەر مناقەشەشی بکەین هینێکی ئەوتۆی نابێت، هەرچەندە لە ڕاپۆرتەکەی دارایی خاڵی چوارەم دەڵێت، ئەگەرچی وەزارەتەکان و دام و دەزگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان یەکیان گرتۆتەوە، بەلاَم ئەوەی تێبینی دەکرێت لەلایەن لیژنەکەمانەوە بودجەکانیان بە جیا جیا هاتووە، نازانم ئەمە مانای چیە؟ حەزدەکەم ڕوون کردنەوەیەکمان بدەنێ، ئەگەر بودجەکان هەر بە جیاجیا بێت، یەعنی یەکگرتنەوە بۆچی؟ یەکێکی تر لە خاڵەکانی کەپار لە بودجەی پار داوامان کرد، یەکەی نیشتەجێ بوون بۆ هاوولاَتیانی بێ دەرامەت، تا ئێستا ئەسلەن هەر باسی نەکراوەو سندوقی نیشتەجێ بوون جێبەجێ کرا، کە ئەوە من تەحەدا دەکەم یەك هاوولاَتی بێ دەرامەت ئیستیفادەی لەو پڕۆژەیە نەکردووە، بۆچی تا ئێستا دابین کردنی یەکەی نیشتەجێ بوون لەلایەن حکومەتەوە جێبەجێ نەکراوە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس گێلاس خان، بەلاَم تەحەدا مەکە، چونکە من دەزانم پێش فەتریەك سێ سەد شوقەیان بەسەر کەم دەرامەت تەوزیع کرد لەو هەولێرە، زۆریش بەدواداچوونمان کرد هەر هەژارەکان وەریان گرت، بڵێی کەم تەرخەمی هەیە، کەم کراوە، وەکو پێویست نەکراوە قەیناکا، ئەوە بۆ مەعلومات حەزدەکەی دوایی وەرە پێشت دەڵێم لە کوێیەو خەڵکەکانیش کێن، بەڵێ کاك ئیحسان، نوقتەی نیزامی، ئاخر جەنابت وتت تەحەدا دەکەم کە یەك شت کرابێت، ئیتر ئەمە لە قانونەکە داوامان کرد، کراوە و لەوێش کراوە، بەلاَم وەکو پێویست نیە، فەرقی هەیە بڵێی نەکراوە، لەوەی بڵێی هیچ نەکراوە، کاك ئیحسان قسەت هەبوو فەرموو.

**بەڕێز احسان عبدالله قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو دانیشتنەی پەرلەمان بڕگەی 2 کارنامە دەبێژێت پێش چاو خستنی گفتوگۆ کردنی بودجەی هەرێمی کوردستان، ئەمە پێدەچێت حەقیقەت ئێمە موسائەلەی وەزیر دەکەین لەسەر کۆمەڵێ مەسەلە ئەسلەن ئەم جەلسەیە بۆ ئەمە نیە، ئێمە مناقەشەی بودجە دەکەین، ئەوە دیارەو پڕۆژەکە حازرەو با مناقەشەی بودجە بکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەو فەیناکا ملاحەزەکەت بەجێییە، بەڵام بودجە بە شکلێکی گشتی کارێکی گرنگە یەکێك لە سێ ئەرکی ئەساسی پەرلەمان، وەختیش بخایەنێت، جەنابی وەزیریش سەبری هەیە، هەردوو بریکاری وەزارەت سەبریان هەیە، ئامادەشن پێشیان خۆشە لەبەر ئەوە چی هەیە، قسە هەیە، لە جیاتی ئەوەی لە ڕۆژنامە بیکەن، لێرە بیکەن باشترە، بەڵام جارێکی تر داواتان لێدەکەم، تکادەکەم، تکراری پرسیارەکان مەکەنەوە، کە جوابیشیان دراوەتەوە بە تایبەتی، کاك غەفوور، فەرموو.

**بەڕێز غەفور طاهر سعید مەخموری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە نیسبەت بودجەی کوردستان، بەڕاستی ئەو بەڕێزانەش و ئەو خۆشکانەی کە قسەیان کرد، شتی باشیان باس کرد، بەڵام ئەوەی کە ئێمە تێبینی دەکەین، پار کۆمەڵێك سەرنج و تەوسیات هەبوو، ئێستاش لە ڕاپۆرتەکان ئەو سەرنج وتەوسیاتانە هەمووی دووبارە بوونەتەوە، کەواتە پار زۆربەی هەرە زۆری داوامان کردبوو جێبەجێ نەکراوە، هەر بۆ نموونە: ئێمە لە 2007 داوامان کرد مەسەلەی داهات، ڕاپۆرتێك بێت کە داهاتی کوردستان چەندە، ئێستاش ئێمە نازانین داهاتی کوردستان چەندە ئەو خاڵێك، یەعنی ئەو ڕەقەمانەی کە دەدرێت شتی تەخمینین زیاتر، هی عیراق شتێك تەخمینی کردووە، هی کوردستان شتێکی تر تەخمینی کردووە، لەهەمان کاتدا مەسەلەی چۆنیەتی خەرج کردنی بودجە2007- 2008 -2009 یەعنی ئێستا ئەوە مانگی شەشە نیوەی ساڵەکە ڕۆیشتوە، ئێمە بەڕاستی ئێستاکە بەلای کەم دەبوایە ئەو شەش مانگەمان وەربگرتبایە 2009 چۆن سەرف کراوە، بەڕاستی مەسەلەی چۆنیەتی سەرف کردنەکە بۆ پەرلەمان نایێت، ئەوە لێرە کە قسە لەسەر نەبوونی شەفافیەت دەکرێت لە سەرف کردنی بودجەی کوردستان، بۆیە بەڕاستی ئێمە هەندێك شت هەیە کە بیکەین ئێستاکە، مەسەلەن ئێمە پێشتر وەکو پەرلەمانی کوردستان وتمان هیچ پڕۆژە یاسایەك لە هەردوو ئیدارە وەرناگرین تاوەکو هەردوو ئیدارە یەك نەگرێتەوە، هەقە ئێستا ئێمەش ئیلتیزامەن بەو وەعدانەی کە پێشان بە خەڵکی کوردستانمان داوە، ئیلتیزام بە وەعدی خۆشمان کە پار وتمان یەك بودجە پەسەند دەکەین، ئێستاش تەماشا دەکەین دوو وەزارەتی مالیە هەیە، دوو ئاسایش، کۆمەڵێك دوو دوو هەیە لێرەدا، بۆیە بەڕاستی پێشنیاری ئەوە دەکەم وەکو جەختێك هەموو شتێك تەواو بووە، تەئکید بکرێتەو لەسەر یەکخستنەوەی ئەو دوو وەزارەتەش، چونکە تاوەکو حکومەت یەك نەگرێتەوە، کەواتە دوو سیاسەتی جیامان هەیە ئێمە ئێستاکە، یەعنی سیاسەتی ئابووریەکە ڕوون نیە لەو مەسەلەیە، بۆیە دەبێت جەخت لەسەر ئەو مەسەلەیە بکرێتەوە، دواتر مەسەلەی خەرج کردنی سولفەی عەقار، یەعنی بەڕاستی لە هەولێر وەکو باسیان کرد، 100 مەتریەکان سوودمەند نەبوون، خەڵکێکی فەقیر دەبێت سوودمەند بێت، شوێنی نیشتەجێ بوون بۆ خۆی دابین بکات، دوایی کە تەماشادەکەی یەکنەگرتنەوەی وەزارەتی دارایی، وای کردووە دوو تەعلیمات

دەربچێت، لە سلێمانی شتێك دەربچێت، لە هەولێر شتێکی تر دەربچێت، ئەوش لە زەرەری خەڵك تەواو دەبێت، وەلەهەمان کاتدا پێویستە ئێستا ئێمە لە پێشنیارەکەی ڕاپۆرتی وەزارەتی دارایی هەیە، لیژنەی دارایی هەیە کە دەڵێت، بدرێت بە گوندەکانیش، یەعنی خۆ پێشتریش ئەوە هەبووە، داوامان کردبوو ئەوکاتیش کۆمەڵێك سەرنج و پێشنیار بەداخەوە سەیرم دێت کە نەکراوە، لەسەر مەسەلەیەکی تر مەسەلەی کەم ئەندامان و هەندێك چین و توێژ هەنە کە یارمەتی دەدرێن لە حکومەت، بەڕاستی ئەو یارمەتیەی کە دەیان درێتێ وەکو ئیهانەیەك وایە، 30 هەزار دینار چی پێدێت، بەشی دوو کارت موبایلەکەی ناکات، هەقیشە بەڕاستی لە بودجە حیسابێك بۆ ئەم مەسەلەیە بکرێت، خەڵکی هەژارە، خەڵکی کەم دەرامەتە ئەوەی کە پێویستە حکومەت هاوکاریان بکات، بە شێوەیەکی وابێت بەلای کەمی بتوانێت بەشێك لە پێویستیەکانی خۆی تەئمین بکات، جەنابی وەزیر باسی لە مەسەلەی بودجەی حیزبەکان کرد، بودجەی حیزبەکان لەسەر بنەمای میزاجی شەخسی لە کوردستان دابەش دەکرێت، لەسەر بنەمای هیچ معیارێك دابەش ناکرێت، هیچ پێوەرێك نیە، تەنهاو تەنها میزاجی شەخسیە، ولاتی ئێمە لەسەر بنەمای میزاجی شەخسی ئیدارە دەکرێت، بۆیە ئێمە ڕووبەڕووی ئەو هەموو گرفت و کێشانەش دەبینەوە، مەسەلەی تر ئەگەر باسی بکەین، بەڕاستی مەسەلەی مووچەو ئەوەی خانە نشینان ناکەین پێشتر تەحدید کرا، تەماشادەکەی ئێستاش کەمترین مووچە پێشمەرگە وەری دەگرێت، یەعنی هەقە لەو مەسەلەیەش ڕەچاوی ئەوە بکرێت، چاو بە مووچەی پێشمەرگەو مووچەی هێزەکانی ئاسایش و هێزەکانی پۆلیس هەمووی دابخشێنرێتەوە، یەعنی بەڕاستی مەسەلەی پۆلیسی هاتووچۆیە، هەر هەموو پێویستیان بەوە هەیە چاو بە مووچەکەیان دابخشێنرێتەوە، پێویستە ئێمە سیاسەتێکی وامان هەبێت لە ڕووی ئیداریەوە، لە ڕووی مالیەوە لە کوردستان، عەدالەتێك هەبێت لە بەینی مووچە، نەوەکو ئەو فەرقە جیاوازە هەبێت، خەڵکێك لە خواری خوارە بێت و خەڵکێیش لە سەری سەرەوە بێت، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێش هەمووشتان خۆمان، ئەندامی پەرلەمان پێش هەموو کەسێك، فەرقی مووچە دەبێت لە ئەندام پەرلەمانەوە دەست پێی بکات، کاك محمد فەرەج، فەرموو.

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێموایە ئەوە مەسەلەیەکی گرنگە، پەیوەندی بە هەموو تاکێکی کۆمەڵەوە هەیە گەورە تا بچووك، ئێستا لە ولاتانی پێشکەوتوو، تەنانەت لە عیراق لە بەینی کۆمەڵێك دیواری ناوچەی سەوز، ئێستا قسە لەوە دەکەن کە تاکەکان سەرمایەکانیان دیاری بکەن، یەعنی ئەمە لە عیراقێکی ئاوا پڕ لە ئاڵۆزی و پڕلە مەترسی و توندو تیژی، ئێستا بەدوای ئەوە دەگەڕێن تاکەکان سامانەکانیان دیاری بکەن، یەعنی ئەگەر ئێمە لەسەر سامانی ئەم ولاتە بۆ هاوولاتیەکانی زیاتر بکۆڵینەوە، پێموایە واجبێکی سەرشانمانە ئیشی پەرلەمان سێیانە، یەکێکیان ئەمەیە، لەبەر ئەوە زۆر هین نەبین یەعنی پەلە نەکەین و تەنگە تاویش

نەبین لە قسە کردندا، من لە قسەیەکی جەنابتەوە دەست پێ دەکەم، ساڵی پار لە دیکۆمێنتەکە سەیرم کردووە، کە ئێمە بۆ 2009 ئەگەر دوو شت نەکرا، بودجە ڕادەوەستێت، یەکەم حیساباتی ختامی بەرلە بودجە دەبێت بێتە پەرلەمان، دوو ئەم دوو وەزارەتە یەك بگرێتەوە، وەکو ئەو برادەرانە ئیشارەتیان کرد یەکی نەگرتۆتەوە، لە لیژنەی دارایی لایەزال پارەکە وەکو ئەمساڵ دابەش دەکرێت، لە بەغدا دێت بەشێکی بۆ هەولێر، بەشێکی بۆ سلێمانی، وەزارەتی دارایی وتیان وانیە، تەمەنا دەکەم وانەبێت، پێمخۆشە کە ئەوە بەو جۆرە بێت، دووەم دێمە سەر ڕاپۆرتەکە، ئەو قسانەی کە بەڕێز وەزیری دارایی کردیان، لەم پڕۆژەیە یان لەم موازەنە دووشت دیار نیە کە لە پەرلەمانی عیراق زۆر زەقە، یەکەم ئەولەویەت دیار نیە، بەلاَم ئەگەر سەیری ئەم وەرەقەیە بکەین، ئەولەویەتەکە لەلای وەزارەتی ناوخۆو ئاسایشە، یەعنی زۆرترین ڕێژەی پارە لەلای ئەوانە، ئایا ئێمە ئەوەندە لەمەترسیداین، ئەمە کە یەکێك لە دەرەوە سەیری ئەمە دەکات، کەوابوو تەواوی قسەی بەرپرسانی هەرێمی کوردستان بە ناڕاست لە قەلەم دەدات، لە کاتێکدا کە ئێمە گەورەترین نعمەت لەلای ئێمە ئەوەیە کە ئەم وڵاتە لە ئەمن و ئاسایشدایە، بەلاَم کە سەیری ئەم میزانیە دەکەین، یەکێك لە دەرەوە سەیری بکات لێرە نا، بەلاَم کە یەکێك لە دەرەروە سەیری دەکات، دیارە ئەولەویەت لەم کوردستانە هێشتا بۆ مەسەلەی ئەمنیە، پێموایە مەسەلەیەکی زۆر مەترسیدارە، جێگەی قسە لەسەر کردنێکی زۆر گرنگە ئەوە، دووەم ئەم داهاتانەی کە لە هەرێم قسەی لەسەر دەکەین، عەفوەن پێش ئەوە، بڕیار بوو ئەم دوو دەزگای چاودێریە یەك بگرنەوە، کە زۆر مەسەلەیەکی گرنگە یەکی نەگرتەوە، قەرار وابوو پەرلەمان و وەزارەت بەیەکەوە هەماهەنگیان هەبێت لە دانانی بودجە، ئەوەش نەبوو، لە لیژنەی یاسایی لە کۆی 10 خاڵ، 8 خاڵیان نەرێیە، ئەوە مەفروز وابوو وابێت، لە لیژنەی دارایش چوار خاڵیان وتووە، یەعنی ئەمە 11 خاڵ، ئەوە سێ ساڵە بەلای کەمەوە 2007- 2008- 2009 تکرار دەبێتەوە، ئایا ئەمە جێگەی ئەوە نیە لە جێگایەکا لێی بوەستین.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

نوقتەی نیزامی هەیە نازناز خان، لەسەر قسەکانت بزانین چیە، فەرموو.

**بەڕێز نازناز محمد عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەگەڵ ڕێزم بۆ کاك محمد، جەنابی سەرۆکی پەرلەمان، جەنابیان گوتی ئەولەویەت دراوە لەو وەرەقەیە بە وەزارەتی ناوخۆ، من قسەکەی ڕاست دەکەمەوە، زۆرترین میزانیە دراوە بە وەزارەتی پەروەردە، لە دوای هەرسێ دەزگاکەمان، ئینجا وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە، ئینجا وەزارەتی کشتوکاڵ، لە چوارەم ڕیز بەندی وەزارەتی ناوخۆ دێت، بۆ ئەوەی ڕاستیەکان وەکو خۆی بوترێ.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ئێمە جوابمان دەدایەوە، بەلاَم سوپاست دەکەین، فەرموو.

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

نازناز خان بەداخەوە، یەعنی قسەی خۆی ناكات، هەموو جار لە سەر قسەی یەكێكی تر قسە دەكات، ئەوە دوو وەزارەت، قسەی خۆت كرد، ئەوە دوو وەزارەت وەزارەتی ناوخۆ وەزارەتی كاروباری ناوخۆ، هەردووكیان لە13٪ داهاتی كوردستان دەبەن، وەكو بەڕێز وەزیری داراییش وتی، دیوانی چاودێری دارایی هەردووكیان لە 16٪ داهاتی هەرێمی كوردستان دەبەن، بەڵێ ئێستا ئەو وادەزانێ یەك وەزارەتە ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو كاك بكر.

**بەڕێز بكر فتاح حسین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەوەی كە ویستم باسی كەم، ئەوەیە كە لەو بودجەدا كە تەوزیع كراوە، من پێم باش بوو تەوزیع بكرێ، مەسەلەن بوجەی ریئاسەتی هەرێم پێی دەڵێن، بودجەی پەرلەمان ئەوەی كە بۆ پەرلەمان دانراوە، ئەوەی كە بۆ ریئاسەتی هەرێم دانراوە، ئەوەی بۆ مەجلیسی قەزا یان دەزگای قەزایی دانراوە، بودجەیەكی تریش كە حەقە دەستنیشان كرابایە، بودجەی (ئێن-جی-ئۆ) كان، مەسەلەن ئەو پارەی كە دەردەچێ بۆ (ئێن-جی-ئۆ) كان، پارەیان تێدا سەرف دەكەین، خۆ ئەوە نابێ حوكمەت ئەو شتانە بدات، دەبێ ئەمانە بودجەی هەرێم بیدات، نەك حوكمەت، چونكە ئەگەر (ئێن-جی-ئۆ) یێك لە حوكمەت پارە وەرگرێ، ئەوە بۆ حوكمەت كار دەكات، (ئێن-جی-ئۆ) لێرە حكومییە و، هەروەها بودجەی حیزبەكان، حەز دەكەم یەك تەوزیح بدەم لەسەر بودجەی حیزبەكان، لە هەموو شوێنێكی دونیا حیزبەكان پارە وەردەگرن لە دەوڵەت و، پارەكەش بە پێی مەقعەدەكانیانە لەناو پەرلەمان، مینحەیان دەدرێتێ جا ساڵانەیە یان مانگانەیە؟ بە پێی مەقعەدیانە لە ناو پەرلەماندا پارە وەردەگرن، ئەمە شتێكی شەرعییە، نا شەرعی نییە كە پارە وەرگرن، بەڵام حەقە ئەوەش بە ئاشكرایانە ڕوون بێت، بە شەفافانە بڵێین بابە بودجەی ئێمە، مەسەلەن ئەو حیزبەی كە دەسەڵاتی هەیە یان ئەو حیزبەی كە مەقعەدی زیاترە، ئەوەندە بودجە لەدەوڵەت وەردەگرێت، هیچ شتێكی ناشەرعی نیە، بەڵام بە پێی قانون بێ ، بە یاسا دابڕێژرێ، نوقتەیێكی تر كە پێشنیاری دەكەم ئەوەیە، ئایا ئەم هەرێمەی ئێمە پارەی ئیحتیاتی هەیە؟ مەسەلەن ئەگەر ڕۆژێ بوومەلەرزەییێك، كارەساتێكی سروشتی ڕوویدات ئێمە پارەیەكمان هەیە لە وێدا؟ ئێمە ئەو پارەی كە وە رئەگرین، هەموویان سەرف كراوە بۆ ئەم شتانە، وەكو ئەوەی كە لە جەدوەلەكەدا هاتووە، مەفرووزە دەرگاییێكی هەبێ، پارەییێكمان هەبێ كە پارەی ئیحتیاتی بێت، كە بتوانین ڕوو بە ڕووی ئەم كارەساتانە بین، ئەگەر خوا نەخواستە لە دوا ڕۆژدا ڕوو بە ڕووی ببینەوە، نوقتەییێكی تر ئەو برادەرانە باسیان كرد، ئەوەی كە حەز دەكەم یەعنی بەڕاستی مەسەلەی مووچەی كەم ئەندامەكان و مووچەی خانەنشینەكان چاوێكی پێدا بخشێننەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

کاك عوسمان فەرمووو.

**بەڕێز عثمان عبدالله قادر (بانی مارانی):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

هیوادارم قسەكانمان پێ نەبڕی، لەبەر ئەوەی بەڕاستی وەڵامەكان جێگای دڵنیابوون نەبوون و، بەڕاستی لە موازەنەش كەم و كوڕی زۆرە، بۆیە هیوادارم ڕێگامان بدەی قسەكانی خۆمان بكەین، بەڕاستی زۆر سوپاسی ئەندامانی پەرلەمان دەكەم، قسەی زۆر باشیان كرد و، منیش پێم وایە نەدەبوو پەرلەمانی كوردستان ئەو بودجەی ئەمساڵ موناقەشە بكات، تا دڵنیا دەبوو لە چۆنیەتی خەرج كردنی بودجەی ساڵانی پێشوو، كە ساڵ پار لێرە بڕیارمان دا، لەبەر ئەوەی پەسندی بودجەی ساڵی ڕابردوومان كرد كە ساڵی داهاتوو هەر موازەنە بهاتبایە و، چۆنیەتی خەرجی بودجەی ساڵی پێشوومان لێرە موناقەشە بكردایە، كە بەداخەوە بڕیارەكەی خۆمان جێ بەجێ نەكرد، خاڵێكی تر، بودجەی كوردستان بەڕاستی نا شەفافییەتی تیایە، چی لە 17٪ ی لە بەغدا وەریدەگرین، چی ئەم باج و داهاتانەی لە ناوخۆی كوردستان كۆی دەكەینەوە، حكومەتی هەرێم جگە لەو 17٪ ی وەریدەگرێت، چەندین پارەی تر لە بەغدا وەردەگرێ، نادیارە وەكو بودجەی تەكمیلی، پارەی نەفەقاتی سیادی و، پارەی مینحە، بەڕاستی پارەی مینحە شتێكی خەیاڵییە، نازانم 4٪ ؟ چەندە؟ پارەیێكی یەكجار زۆرە، جگە لەمانەی سەرەوە، دەربارەی فرۆشتنی نەوتی كوردستان، كە دوو ساڵە دەفرۆشێ، پارەكەی ناچێتە خەزینەی هەرێمی كوردستانەوە، بە شاهێدی جەنابی وەزیرەكانی مالیەی هەرێمی كوردستان، هەر لە دوای پرۆسەی ئازادی عێراقەوە تا ئەمڕۆ حكومەتی هەرێم ( 28 ) گرێبەستی لەگەڵ كۆمپانیا بیانیەكان ئیمزا كردووە بۆ دەرهێنان و فرۆشتنی نەوت و غازی هەرێمی كوردستان، بەڵام ئەوەی جێگای پرسیارە لەلای هاووڵاتیانی كوردستان، ئەم گرێبەستانە لە پشتی پەردەوە كراون، بە بێ ئاگاداری جەماوەری كوردستان و پەرلەمانی كوردستان، دەكرێ بپرسین كێن ئەوانەی لەسەر گرێبەستەكان ئیمزایان كردووە؟ حكومەت؟ یان حیزب؟ یان گروپێكی ناو دەسەڵاتی سیاسی كوردستان؟ یان دەست ڕۆیشتووەكانی ناو حكومەت كە كۆمپانیای كەرتی تایبەتیان هەیە؟ بە پێی زانیارییەكان، حكومەتی هەرێم تا ئەمڕۆ 250 بۆ 300 ملیۆن دیناری، وەك 200 ملیۆن دۆلاری وەكو شیرینی وەرگرتووە لە كۆمپانیا بیانییەكان، پرسیار ئەوەیە ئەم پارەیە چۆتە خەزێنەی حكومەت و ئیزافەی سەر بودجەی هەرێم كراوە یان نا؟ ئەوە جێگای پرسیارە، بە پێی وتەكانی بەڕێز كاك ئاشتی هەورامی، وەزیری نەوتی كوردستان، لە ئێستا دا ڕۆژانە دە هەزار بەرمیل نەوت ڕەوانەی دەرەوە دەكرێت، بۆ كۆتایی ئەم ساڵ ئەم ڕێژەیە بەرز دەبێتەوە بۆ بیست و پێنج هەزار بەرمیل لە ڕۆژێك دا، بەم پێیە بێت ساڵانە حوكمەتی هەرێم دوو ملیار دۆلار دەخاتە سەر بودجەی حكومەتی عێراقەوە، بە بێ ئەوەی حكومەتی عێراق تێچووی دەرهێنانی نەوت بداتەوە كۆمپانیاكان، كە گوایە لە بودجەی هەرێمی كوردستان خەرجی دەرهێنانی نەوت دەدرێتەوە كۆمپانیاكان، پرسیار ئەوەیە، بۆچی حكومەتی هەرێم ئەم كارە دەكات؟ .......

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**كاك عوسمان ناكرێت وەختەكەت مەفتووح بێت، دوو دەقەی ترت ماوە.**

**بەڕێز عثمان عبدالله قادر (بانی مارانی):**

**بۆ پەسند كردن و بە یاسا كردنی بودجەی كوردستان لە چوار چێوەی لیستێكی ژمێریاری ساكاردا، نەدەبوو پەرلەمانی كوردستان بیخاتە كارنامەی كۆبوونەوەی خۆیەوە، لەبەر ئەوەی بودجە و داهاتەكانی كوردستان بە شێوەیەكی ئاشكرا و ڕوون دیارنین، چونكە ئەمە دەبێتە دان پێدانانێكی ئاشكرای پەرلەمانی كوردستان بە نا شەرعییەت بوونی گەورەترین پرۆژەی وڵات، كە ئەویش بودجەیە، كە ژیانی گەلی پێوە بەندە، ئەگەر بەم شێوەیە بودجە پەسند بكرێت، شەریك بوونێكی ئاشكرای پەرلەمانی كوردستانە بە دان پێدانان و بە یاسایی كردنی بودجەی هەرێمی كوردستان، پرسیار ئەوەیە، ئایا پارەیێكی زۆری دەوری دەگەڕێتەوە خەزێنەی حكومەتی عێراق كە 17٪ ی بەر هەرێمی كوردستان دەكەوێت، ئایا ئەو پارەیە وەرگیراوە یان نا؟ ئەگەر نا بۆچی؟ ئایا حكومەتی هەرێم خەزێنەی هەیە یان نا؟ ئەگەر هەییێتی، چەند پارەی تیایە؟ پرسیار ئایا پارەی مەدەوەری ساڵانی پێشووی هەرێمی كوردستان گەراوەتەوە خەزێنەی حكومەتی هەرێمی كوردستان؟ ئیزافەی سەر بودجەی كوردستان كراوە یان نا؟ پێشنیار دەكەم دەسەڵاتی هەر سێ سەرۆكایەتی هەرێم بە یاسایێك ڕێك بخرێ لە مەسەلەی سەرف و وە بەردەستەكانی كەم بكرێتەوە و، هەروەها بودجەی حیزبەكان باسیان كرد، لێرەش دا ئەمن دیسان داوا دەكەم بە یاسایێك ڕێك بخرێ، پێشنیار دەكەم سولفەی عەقار، كە برادەرانیش باسیان كرد، بەڕاستی لە هەموو كوردستان وەكو یەك موعامەلەی لەگەڵ بكرێ، مەسەلەی سەد مەتری بەڕاستی حەقە ئێمە تەشجیعی ئەوە بكەین، بۆچی دوو سەد مەتر بكرێ بە سەكن؟ بۆ سەد نەكرێ؟ یەعنی هەر باشە بۆ ئەرازیش، بۆ زەویش باشە و، دوا پرسیارم ئەوەیە، پێشنیاردەكەم ئەم كۆبوونەوەیە موناقەشەكەی بوەستێندرێت، تاكو خەرجی بودجەی ساڵی 2008 تەسفیە دەكرێ كە پار ساڵ لێرە بڕیاری لەسەر درا و، سوپاستان دەكەم.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**نوقتەی نیزامی هەیە كاك ئارام، فەرموو.**

**بەڕێز ئارام رسول مامند:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**سەرەتا من حەز دەكەم لێرەوە ڕەخنەیێك ئاراستەی سەرۆكایەتی بكەم، بەداخەوە خۆتان پابەندنین بەو سیستەمەی كە داتان نا بۆ موناقەشە كردنی بودجە، ئەمە یەكەم، دووەم حەز دەكەم خاڵێكی تر لەبەردەمی سەرۆكایەتی و ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان باس بكەم، ئەگەر لە هەر شوێنێك، بەتایبەتی لە ڕۆژنامەكان یان لەدەرەوە، لە بازاڕ، لەسەر شاشەی تەلەفزیۆن، كەسێك بۆ خۆی قسە بكات لە خۆیەوە زانیاری جۆراو جۆر باس بكات، لەوانەیە عەبر ببێت، بەڵام لە زۆر سیستەمی جیهانی، لەزۆربەی وڵاتان ئەندامی پەرلەمان زانیاری بە هەڵە بدات بە هاووڵاتیانی خەڵكی كوردستان كە لە ڕێگای ئەو جەلسەوە گوێ بیستی دەبن، بەڕاستی ئەمە خەتایێكە و، دەبێ سەرۆكایەتی پەرلەمان لەسەری بوەستێ، هەر ئەمڕۆ**

ئێمە گوێ بیستی چەندین پرسیار بووین، جەنابتان باسی پرسیارێکتان کرد، کە ئەندامێکی پەرلەمان باسی ئەوە دەکات 70٪ ی بودجەی کوردستان بۆ دوو حیزبەکە دەڕوات، ڕوون کرایەوە کە شتەکە بەم شێوەیە نیە، داوا دەکەم سەرۆکایەتی پەرلەمان ئیجرائاتی خۆی وەربگرێت و، هەندێ شتیش لێرە باس دەکرێت هیچ پەیوەندی بە بودجەوە نیە، بۆیە دووبارە من داوا دەکەم سەرۆکایەتی پەرلەمان پابەند بێ بەو سیستەمەی کە بە خۆی داینا لە موناقەشە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، قسەی خۆت کرد کاك عوسمان، تەواو جوابی نیە، نا، نا، جوابی نیە، ئەوە ڕەخنەیێکی لە من گرتووە، لە تۆی نەگرتووە، ڕەخنەییێکی لە من گرتووە و جەوابەکەشم بەو شێوەیەیە، ئەوە بە عەکسەوە کاك ئارام، لێرە من بە تەواوەتی عەکسی ئەوە دەزانم، چونکە ئەوە فورسەتێکە، ئەوە قسە دەکات مەجالی ڕەتکردنەوە هەیە، ڕوون کردنەوەی هەیە، خۆ لە ڕۆژنامە قسە دەکات، ناشتوانی ڕووبەڕووی ببیتەوە، مەجالیشت نیە، لێرە با قسەی خۆی بکات، جەنابی وەزیر لێرەیە، ئەندامی تر مەعلوماتی تری هەیە، جوابی دەدەنەوە، وەڵامیش دەدەنەوە، بەڵام کاك عوسمان لە قسەکانی دا زۆر شت هەبوو باس کرابوو، پرسیار هەبوو جەوابیش درا بوو، بەڵام ئەوە لەبەر ئەوەی خوتبەکەی نووسیبوو، پازی نەدا لەسەر هیچ بڕگەیێك، د. شوکریە فەرموو.

**بەڕێز د. شوکریە رسول إبراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من سێ خاڵم هەبوو، دووانی باس کرا، کە دەربارەی بودجەی تەکمیلی و، دەربارەی چۆنیەتی سەرف کردن و هەروەها خانەنشین و خەلەل لە سەرفەکان دا، پرسیارێکم لە وەزیر هەیە، ئەگەر وەڵامم بداتەوە، بەڕێزی باسی مەشاریعی ڕەئس مالی دەکات، ڕەئس مالیە، حەز دەکەم بۆم ڕوون بکاتەوە لە کوێوە هاتووە، چونکە بەڕێزتان هەر ئەم وەرەقەیەتان دابەش کردووە، دەڵێت (مشاريع الإستثمارية)، ئەو ڕەئس مالیە لە کوێ هاتووە، من کتێبەکەی کارل مارکسم هاتەوە بیر (الرأسمالية)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، د. هالة فەرموو.

**بەڕێز د. هالە سهیل وادی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پرسیارەکەی من دەربارەی تۆڕی پاراستنی کۆمەڵایەتییە، ئایا ئەو بڕە پارەیە لە بەغداوە ڕەوان دەکرێ یان نا و، ئەو بڕە پارەیە زۆر گرنگە لەبەر ئەوەی دەدرێتە ئەو کەسانەی لەژێر هێڵی فەقر دان، زۆر موهیمە لەبەر ئەوەی چارەسەری کێشەی هەژاری دەکات و، چارەسەری ئەو بڕە پارەیە کە 30 هەزارە دەدرێتە ئەو

عائیلانە، لەبەر ئەوەی ئێستا پلانی تازە هەیە لە وەزارەتی کۆمەڵایەتی و تەقییمی تازە هەیە، ئەو برە پارەیە دەگۆڕدرێ و، تا ئێستا یەکجار دراوەتە وەزارەتی کۆمەڵایەتی لە ساڵی 2005، یەکجار دراوەتە ئەو عائیلانە، لە هەموو شارەکانی عیراق دەدرێ و، نازانین بە نیسبەت هەرێمی کوردستان چۆنە و چۆن دەدرێ؟ و، هاتنەکەی زمنی 17٪ کەیە یان سەربەخۆیە و، پلانی وەزارەتی مالیە چییە؟ ئەگەر نەدرا، ئەمە چارەسەری ئەم کێشەیە چۆن دەبێ؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك زانا فەرموو.

**بەڕێز قادر سعید خضر (زانا):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵلاهی منیش 16 خاڵم هەبوو، بەڵام نۆی لێ دەگەڕێم، بەس پێنجی باس دەکەم، داوای لێبووردن دەکەم، خاڵی یەکەمم، بە حەقەت سەبارەت بە داهاتەکانی هەرێم، نە ڕوون کردنەوەکەی جەنابت و، نە ئی جەنابی وەزیر و، جەنابی وەکیلەکان هیچ موقنیع نەبوو، ئەوان ڕەقەمێکیان لەگەڵ بەغدا موناقەشە کردووە، بەغدا بە تەخمین دوو ئەوەندەی داناوە، هەر ئەو کەشفەی کە بۆ بەغدایان کردووە، بۆ پەرلەمانی کوردستانیشی بکەن، بزانن داهاتی ئەو وەزارەتانە چەندە؟ دەسەڵاتی دادوەریش داهاتی خۆی هەبێ لە زاری مەحاکم، کە چەندە و، دوایی چۆن سەرف دەکرێ؟ لە کوێ جێی کراوەتەوە لەو خشتانەی کە لەبەر دەستمان دایە؟ هەتا ئێستا وازح نیە و، ڕوون کردنەوەکانیش موقنیع نیە، داوا دەکەم ڕوون کردنەوەی تەواومان بدەنێ، هەر وەزارەتێك داهاتەکانیان چۆنە؟ ئەوەی رسوومە چییە؟ ئەوەی غێر رسوومیشە چیە؟ خاڵێکی تر، ئەوەی ئەمە بزانین بودجەی 2008 تەواو بووە، بودجەی 2009 ش تا ئێستا پەسند نەکراوە، کەچی لە ئیعلام زۆر بە گەرمی پرۆژە وا جێ بەجێ دەکرێ و، پرۆژە بڕیار دەدرێ، ئەو پارەی لە کوێیە؟ نازانین لە کام بودجەیە، ئەوەی 2008 ە کە تەواو بووە، یا ئەوەی 2009 یە، کە تا ئێستا پەسند نەکراوە، من تەئکیدم کردەوە لە ڕاپۆرتەکەی تەندروستیش دا هاتبوو، بە پێچەوانەی زانیارییەکانی نازناز خان، ناوخۆ 13.34٪ ، ئەوەی کە بۆی دەستنیشان کرابوو، لە ڕاپۆرتەکەی تەندروستیش دا هاتبوو، ئاماژەی پێ کرابوو، ئەو ڕاپۆرتەی کە بەڕێز وەزیری دارایی خوێندیەوە، زۆر پێویستە لەبەر دەستمان بێت بەڕاستی، لەبەر دەستمان نەبێ ئێمە ناتوانین گفتوگۆ لەسەر ئەم بودجەیە بکەین، خاڵێکی تر، بەڕاستی بەشی یەکەمی ڕاپۆرتی دارایی، لیژنەی دارایی، لیژنەی یاسایی، بەڕاستی زۆر جێگەی دەستخۆشییە و، کۆمەڵێك خاڵی مەترسیداریان دەستنیشان کردییە، کە ئەو واقیعە ڕووخاوەی ئابووری هەرێمی کوردستان پێشان دەدا، ناکرێ ئێمە هەر بە تەوسیات و ئامۆژگاری و، بە پێشنیار تێپەڕین و، یەکسەر دەست بە موناقەشەی مادده ماددەکانی پرۆژەکەی بکەین، بۆیە من داواکارم بەڕاستی ئەو بودجەی کە بە شێوەی دوو ئیدارەییش

لـه بۆمـان هـاتووه، ئێمـه ڕەتـی کەینـەوە، ئێمـه تەکریسـی دوو ئیـدارەیی ناکـەین ، بڕیارمـان داوه یـەك بگرێتەوە، با بچن ئەوراقەکانی خۆیان تەرتیب کەن سەر لە نوێ، وەزارەتی ناوخۆ بـە یـەك وەزارەت بۆمـان بنووسن، دارایی بە یەکی بنووسن، بەو شێوەی ئێستا هاتییە، ئەگەر ئێمە قبوڵی کەین، موناقەشـەی لەسـەر بکەین، وەکو تەکریسی دوو ئیدارەیە و، بە هیـچ شـێوەیێك ئێمـە پشـتگیری ناکـەین، بـە پێـی زانیـاری مـن، لێکۆڵینەوەشم کردووە لە هەنـدێ لـە وەزارەتـەکان، هـەر مـانگی هەشـت، کـە هـات مـانگی هەشـت وەزارەتـی دارایی هیچ پرۆژەیێك وەرناگرێ، دەڵێ هەرچی هەتانە بیخەنە بودجەی 2009.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەسە، قسەت پێ دەبڕم کاك زانا، لەبەر یەك جوملە لە قسەکانت دا هاتووە، حـەز دەکـەم چـاکی بکەیتـەوە، کە وتت ئێمە قبوڵی ناکەین، بە ناو کێ قسە دەکەی؟

**بەڕێز قادر سعید خضر (زانا):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ببوورە، مەبەستم ئەوە نەبووە کە قبوڵی ناکەین، مەبەستم ئەوەیە کە ئەو ڕاپۆرتە پێویسـتە بخرێتـە بـەر دەسـت ئینجـا، مـن ئـەو قسـەیە سـەحب دەکـەم، مەبەسـتم نـەبوو، داوای لێبـووردن دەکـەم، بـە نیسـبەت وەزارەتەکان من لێکۆڵینەوەم کردووە، وەزارەت هەیـە لـە مـانگی هەشـتەوە، پـرۆژە و شـتیان لـێ وەرنـاگرن، دەڵێن بیخەنە میزانیەی ساڵی داهاتوو، ساڵی داهاتووش، ئەوە مانگی شەشـە هـەتا ئێسـتا ئێمـە پەسـەندمان نەکردووە، دوو مانگی تر ئیشیان بۆ دەکەین، دیسان هەموو ئیشەکەیان ڕادەگیرێ، 30٪ وەزارەتەکان پـارەی خۆیان سەرف ناکەن، ئەو پارانە چی لـێ دێ؟ بـۆ بـەم شـێوە بـێ؟ تـا کـەی ئێمـە بـێ دەنـگ بـین؟ مـن زۆر دەستخۆشی لە سەرۆکایەتی پەرلەمان دەکەم، کە مەجالمان دەدا قسە بکەین، ئـەو قسـانە بکـرێ باشـە، ڕوون کردنەوەمان بۆ بدرێ باشە، هەتا شەفافیەت هەبێ لەو وڵاتە، لە خزمەتی گەشەکردنی ئابووری دایە و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سارا خان فەرموو.

**بەڕێز سارا خضر پیروت:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەندێك لە قسەکانم کرا، بۆیە دووبارەی ناکەمەوە، بەڵام بۆ مەسەلەی ئەو بێ دەسـەڵاتییەی کـە وەزارەتـی دارایی باسی کرد، لەگەڵ بەغدا، کـە زۆر لـەو بودجانـە ناگاتـە دەسـتیان ، نـاینێرن، یـان هۆکارەکـەی چـیە؟ ئەمن پێشنیار دەکەم پەرلەمانی کوردستان بانگهێشتی یەکێك لە نوێنەرانی کورد لە بەغـدا، کـە پەیوەسـتە بە مەسەلەی دارایی و ئابووری، بانگهێشتی پەرلەمان بکات، با ڕوونی بکاتەوە، هەم بۆ ئەندامانی پەرلەمان، هەم بۆ خەڵکی کوردستان، کە ئەو کێشانە چن؟ و، ئەو بودجانە بۆ ئاوهان؟ بـۆ ئـەو کێشـانە لـە کوردسـتان ڕوو دەدات؟ خاڵێکی تر یەك پرسیارە، جەنابت پرسیارت لە وەزیـری دارایـی کـرد دەربـارەی ئـەوەی کـە لـە

میدیاکان باس دەکرێ، بۆ مەسەلەی بودجەی حیزبەکان، وەڵامەکەی ئەوە بوو کە دەڵێ: وا نیە، یەعنی ئەو داهاتی ئەو حیزبانە 35 ملیۆن و ئەوانە نیە، ئەی چەندە؟ دەکرێ یەعنی بە ووردی وەڵامەکەمان بدەنەوە؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

نازناز خان فەرموو.

**بەڕێز نازناز محمد عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من تەنها لەسەر ئەو خاڵەی کە کاك بایز باسی کرد، کە بە پێی ئەو کەم کردنەوانەی بودجەی سیادی کە لەوێ لێمان دەبردرێ و، ئەو ژمارە کەمە دەگاتە هەرێمی کوردستان، من تەنها ئەم پرسیارە، یاخود لە هەمان کاتدا ئەو پێشنیارەش هەبێ بۆ سەرۆکایەتی هەر سێ دەسەڵاتەکەی هەرێم ئی خۆمان، تا کەی ئێمە بینەر بین؟ ئەوان بە کەیفی خۆیان ڕۆژانە نەسرییە و مەعاشی پەرلەمانتاریان و جۆرەها مەساریفی خۆیان لە ناو دەوائیرە ئەساسیەکانی سیادی سەرف بکەن، ئێمەش بینەری ئەو وەزعە بین؟ ئێمە ژمارەیێکی زۆر کەم ئەندام پەرلەمانمان لەوێ هەیە، بەڵام بە ئارەزووی خۆیان، ئەوان کەوتوونەتە ناو تاڵانکارییێکی زۆر گەورە، سوء ئیستیفادەیێکی زۆر گەورە، هەموو عیراق، هەموو گەلی عیراق بە ئارەزووی خۆیان راتب و ئیمتیازات و موخەسەسات بەرز دەکرێتەوە، نەسریەی رەئیس جمهوریە و رەئیس وزەرا و رەئیسی پەرلەمان، ڕەنگە خۆی لە ملیۆنێك دۆلار بدات مانگانە، نەسریەیێکی یەکجار زۆر لەو شوێنانە سەرف دەکرێت و، هەمووی نەزیفی ئابوورییە لەسەر ژیانی هەموو خەڵکی عیراق، لە زمنی ئەوە هەرێمی کوردستانیش، ئایا دەکرێ ئێمە زەرەر زیاتر بە هەرێم دەگات، چونکە هەرێم دە جار لەوان زیاتر وێران کراوە، ئێمە پێویستیمان بەو بودجە هەیە بۆ ئاوەدان کردنەوە، لە دواییش دا دەبنە سیمبولێکی خراپیش، ڕەنگە ئێمەی پەرلەمانی کوردستانیش بە هەمان شێوە داوای زیادبوونی ئیمتیازات و موخەسەسات دەکەین، لە شوێنەکانی تر بە هەمان شێوە، بۆیە بەڕاستی حەق نیە هەرێمی کوردستان بینەر بێ لەو مەوزووعە دا، بتوانێ زەغتی خۆی بکا کە دوڵەتی فیدرالی عیراقی بە ئارەزووی خۆی، سوء ئیستیفادە لەو هێز و دەسەڵاتەی خۆی نەکات بۆ ئەم جیاوازیانە لە سەرفی بودجە کە دەیکات و، لە قازانجی هەندێك گروپ و نوخبە تەنها لە بەغدا بۆیان دەمێنێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح عبدالله حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سوئالەکانی من کرا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاک دلێر فەرمووو.

**بەڕێز دلێر محمد شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من بەڕاستی قسەکانی کاك دڵشاد پێم وایە زۆر ڕاست دەکات، ئەمەی کە ئێمە ئێستا موناقەشەی دەکەین، ئەمە جەدوەلی نەفەقاتە، فیعلەن ئەمە بودجە نیە، بودجەیێك نیە بە مەعنای حەقیقی کە پەرلەمان زەرورەت بوایە موناقەشەی بکات، چونکە هەمووومان دەزانین بودجە دەبێ لە کۆمەڵێك بەش پێك بێت، کە بەشێك لەوانە، ئەو بڕە پارەیە کە لە بەغدا دێت، بەشەکەی تری مینەحە، بەشێکی تریان داهاتی ناوخۆیە، لە رسومات و مەشاریع و ئەو دەستکەوتانەی کە حوکمەت خۆی دێتە دەستی، ئەو کاتە ئیجمالی دەستکەوت و یان داهاتی گشتی کۆ دەکرێتەوە، پێویست وایە پەرلەمان گفتوگۆ لەسەر ئەوە بکات کە حکومەت چی پێ دەکات لە داهاتوو دا و، لە ڕابردووش دا چۆن سەرف کراوە؟ بۆیە من پێموایە بەڕاستی ئەمە بە خۆی خەلەلێکە لە سیاسەی مالی ئێمە لە کوردستان، ناکرێ وا بەردەوام بێ، چونکە ئەمە، ئەگەر ئێمە بەم حاڵەتە بڕۆین، من وای ئەبینم لە ڕووی ئابوورییەوە و لەڕووی چۆنیەتی گەشە پێکردنی ژێرخانی ئابووری ناتوانین بە هیچ شێوەیێك کوردستان بە هەنگاوێك بچینە پێشەوە، تەنها ئەوەیە کە کۆمەڵێك مەشاریعی مالی دەتوانین ناو بنێین، وەکو بۆرسەیێکی مالی دێ و دەڕوات، خەڵك ئیستیفادەمان لێ دەکات، بە تایبەتی دوەلی ئیقلیمی، من بەڕاستی پێموایە، دەبوایە پەرلەمان تەئکیدی لەو داوا کارییەی خۆی بکردبایە کە ئێمە لە ساڵی پار دا وتمان، کە ناشبێ زۆر دووبارەی کەمەوە، مەسەلەی حیساباتی خیتامی و دەبوایە لە کاتی خۆشی بودجە بهاتایە، ئەو وەزارەتانەش یەکیان بگرتایە، چونکە بەڕاستی ئەمە بۆ خۆی ئیشکالیاتێکی هەر سیاسییە نەك هەر ئیقتیسادی بێ، قەزییەکە لەوە نیە تەنها ئێمە بودجە و موشکیلەمان ئەوەیە کە دوو وەزارەتی مالیمان هەیە، پارەکان بەش دەکرێ، ئەمە بەشێکی قەزییەکەیە، ناوەڕۆکی حەقیقی ئەو کێشەیە ناوەڕۆکێکی سیاسیە، ئێمە دەمانەوێ لە کوردستان دا سیستەمێکی سیاسی موتەکامیلمان هەبێت، هەم لە ڕوانگەی سیاسی و هەم لە ڕووی ئابووری و هەم لە ڕووی ئیجتیماعییەوەش، خۆی پێ بگەیێنێ، کە موستەقبەل خەونی هەموومانە، پێکهێنانی کیانێك و قەوارەیێکی سیاسیە، ئەگەر ئەمانە نەکەین بەڕاستی، بە قەناعەتی من ئێمە بەرەو دوا دەچین، ناتوانین ئەم ئامانجەی کە هەمانە لە داهاتوودا جێ بەجێی بکەین، من داواکارییێکم هەیە، بەڕاستی زەرورەت وایە ئەم ساڵ، لە بودجەی ئەم ساڵ دا، پەرلەمان تەئکید لەوە بکات کە جۆرێك لە تەوازونێك دروست بکەین، لە مەسەلەی دەخلی فەرد، چونکە فیعلەن ئێمە باسی دەکەین، جیاوازییێکی زۆر هەیە لە دەستکەوتی فەرد، بە مەعنای ئەوە نیە تەنها حیسابی ئەوە بکەین توێژێك لەمانە فەقیرە یان توێژێکی تر، ئەوەیان کەم ئەندامە، ئەوە پێشمەرگەیە، هەر هەموو توێژەکانی کۆمەڵگا بەشێکی هەیە بەڕاستی، دەخلی فەرد لە مستەوایێکی نزمە، ئەگەر چی

ڕاپۆرتی عیراقی، ئەوەی لەو دواییانە لە تەختیتی عیراقی، وا باس دەکات کە لە کوردستان دا دەخلی فەرد باشترە، وەك لە شارەکانی تر، ئەمە تا ڕاددەیێك دڵخۆشکەرە، بەڵام بە حەقیقی ئیحتیماله ئەمە حەقیقەتی دەستکەوتی فەرد نەبێ لە ڕاستی دا، چونکە ئێمە بە پێی ئەو ڕێژەیەی کە بەڕێزانی وەزارەتی مالیە باسیان کرد، لە 60.5٪ ئەو بودجەیە ئەدرێ بە ڕەواتب، کەواتە دەخلی فەرد لەسەر ئەساسی بودجەیێك دانراوە کە پێمان وایە نابێ، لەسەر ئەساسێك بێ، خۆی ئینتاجی بێ، لە ئەسل دا چۆن فەرد دەتوانێ داهات لەسەر ئینتاج بە دەست بێنێ و، ئەوە دەبێتە ئەساسێك بۆ ئەوەی کە بتوانرێ، پێموایە خزمەتێکی زۆری ئەو خەڵکە هەژار و نەگبەتە بکات، کە لە کوردستان دا هەیە کە قوەتی ئەساسی کۆمەڵگای کوردستانە، سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك کریم فەرموو.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەندێ لە وتەکانی من کران، بەڵام من لێرەدا دوو خاڵم هەیە، خاڵێکیان ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە بودجەوە هەیە، ئەویش ئەوەیە، پرسیار دەکەم ئایا ئێمە ناکرێت ئیتر لەمەودوا لە ڕووی بودجە و داراییەوە و خەملاندنی بودجە ئێمە شێوازی لا مەرکەزییەت هەبێ لە داهاتوو، لە ئەوەی کاك دڵشاد ئاماژەی پێ دا، کە ئێمە جەدوەلی نەفەقاتە ڕاستە، بەڵام ئێمە ناکرێت داهاتی هەرێمی کوردستان، ئەو داهاتەی کە خۆمان هەمانە لەگەڵ ئەو بودجەیەی، یان ئەوەی کە لە بودجەی عیراق بۆ هەرێمی کوردستان دابین دەکرێت، هەردووکیان لە یەك بدەین وەکو داهات حیساب بکرێت بۆ هەرێمی کوردستان و، بودجەیێکی موتەکامیل پێشکەش بکرێت لە لایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە، بۆ ئەوەی ئێمە موناقەشەی بکەین، یەعنی مەسەلەکە دەگەرێتەوە بۆ ئەوە، لێرە دا نموونەیێك هەیە، ئێستا ئێمە ڕاستە لە نەفەقاتی سیادی بەشداری دەکەین و، ئەوە حەقێکە، کە ئێمەش لەسەرمانە، ئەمە ئەرکێکە دەبێ ئەدای بکەین لە مەسەلەی نەفەقاتی سیادی، هەرچەندە نەفەقاتی سیادیش وا ڕۆژ بە ڕۆژ حقولەکانی تەوەسوع دەکات، یەعنی ئەوەی کە دیاری کراوە، دیارە هەندێکی کەش لە قسەکانی جەنابی وەزیر هاتە سەر کە مەسائیلی تریش وا دێتە سەرێ، بەڵام نەفەقاتی حاکیمە، نەفەقاتی حاکیمە من پێموایە کە ئەو نەفەقاتەیە کە بۆ خزمەتگوزاری دادەنرێت، باشە ئەوە ناکرێ بکرێتە لا مەرکەزی، لە جیاتی ئەوەی ڕاستەوخۆ حکومەتی ناوەندی، حکومەتی ئیتیحادی لە وەزارەتی مالیە بگێرێتەوە و نەیدا بە ئێمە، لەو 17٪ یە دەگێرێتەوە، لە جیاتی ئەوەی ئێمە خۆمان مەسەلەن دەعمی حەجە، کڕینی محەتاتی کارەباییە، یان مەسائیلی دی کەیە، کە خزمەتگوزاری پێشکەش دەکات لە هەرێمی کوردستان، بۆ وەزارەتی مالیەی عیراقی بگێرێتەوە لەوە، هەوڵی ئەوە نەدراوە لە لایەن حکومەتی ئێوە بۆ ئەوەی چارەسەری ئەو مەسەلەیە بکات؟ خاڵەکەی تریشم ناڕاستەوخۆ پەیوەندی بە مەسەلەیەی بودجە و مەسەلەی داراییەوە هەیە، ئەویش ئەوەیە بانکەکانی

هەرێمی کوردستان بە داخەوە تا ئێستا جێگەی متمانە نین لە لایەن حکومەتی عیراقەوە، بۆ نموونە من تەعلیماتێکم لە لایەن وەزارەتێك لە وەزارەتەکانی عیراقی، کە باسی خیتابی زەمان دەکات، داوا دەکرێت لە مقاولینی هەرێمی کوردستان ئەگەر مەشاریعێك لەوێ بکات دەبێ ئەو خیتابی زەمانە نابێ لە بانکەکانی هەرێمی کوردستان دەرچووبێ، کەواتە بڕوایان بە بانکەکانی هەرێمی کوردستان نیە، متمانەیان پێ نیە، تەنها دەبێ خیتابی زەمانەت لە بانکەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان بێت، بۆیە هیوادارم وەزارەتی مالیە و حکومەتی هەرێمی کوردستان، لە ئایندە دا چارەسەری ئەم مەسەلانە بکەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك محمد رفعت فەرموو.

**بەڕێز محمد رفعت عبد الرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من تەئیدی هەموو قسەکانی کوێستان خان دەکەم و، داواکارم کە موناقەشە کردنی بودجەی 2009 دواخرێ، تا ئەو وەزارەتە بە یەکگرتوویی دێتە پەرلەمانەوە و، هەروەها تەفاسیلی خەرجی 2007 و 2008 بێننە پەرلەمانەوە بۆ ئەوەی بزانین، ئێمە ئەگەر نەزانین میزانیەتی 2007 و 2008 چۆن سەرف کراوە، چۆن بێین میزانیەی 2009 ئێستا موناقەشە بکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك رشاد فەرموو.

**بەڕێز رشاد أحمد إبراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پرسیارەکم هەیە لە جەنابی کاك رشید، عەدەدی میلاکات، ئەوەی هاتیە لە جەدوەلی بەغدا، ( 616302 ) میلاکە، عەدەدی میلاکات بە هەموو دەرەجاتەوە، ئەوە موخەمەنە یان موسەدەقە؟ پرسیارەکەم ئەوەیە، ئی خۆمان، ئی هەرێم ( 493831 ) عەدەدی میلاکات، ئەوە پرسیارەکە، بە نیسبەت مەسەلەی عەقاری لە بۆ زەوی سەد مەتری ئەگەر ڕێگا بدەی ڕوونکردنەوەیێکم هەیە، لەبەر ئەوەی بڕێك لە نزیکەوە ئاگادارم، هەر زەوییێك یەك سەنەدی هەبێ، یەك ئیجازە بینای پێ دەدرێ، ئیجازەکانی تر بە ئیجازەی تەکمیلی ئیعتیبار دەکەن، یان ئیزافەت بینا، بۆیە لەو حالەتە بانکی عەقاری پارەیان ناداتێ، بەڵام ئەگەر بکرێ داوا بکرێ لە وەزارەتی شارەوانی زەوییەکان سەد مەتر، سەد مەتر ئیفراز بکرێ چونکە کاتی خۆی قەرار 850 ساڵی 1979 ، (120) مەتر زەوی موستەقیل بوو، یەعنی قیتعەی موستەقیل بوو، پاشان قەرار (940 ) دەرچوو ساڵی 1986 بووە 200 مەتر قیتعەی نیزامی، ئێستا ئەگەر بمانەوێ ئەو کێشەیە حەل بکەین، دەبێ بگەڕێینەوە یاسای بەڕێوەبردنی شارەوانیەکان هەموار بکرێتەوە، بۆ ئەوەی زەوی بە سەد مەتر ئیفراز بکرێت، ئەگەر سەد مەترەکە ئیفراز کرا، ئەو کاتەی بانکی عەقاری هیچ موشکەلەیێکی نامێنێ،

ئیجازەی موستەقیل دەبێ، شەراکەت نابێ، ئەو دوو سەد مەترانە هەموو شەراکەتە لە نێوان دوو کەس، بۆ ئەوەی عیلاجەکەش هەموو لایەنێك بگرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

دوا کەس، کاك بارزان فەرموو.

**بەڕێز بارزان عبدالله نصرالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من چەند پێشنیارییێکم هەیە، سەرەتا ساڵی 2007 و 2008 لەبەر ڕۆشنایی ڕاپۆرتی لیژنە، داواکاری لیژنەی دارایی و، بەشێکی زۆر لە ئەندامانی پەرلەمان، بڕێك لە بودجە تەرخان کراوە بۆ مەنتیقە کارەسات بارەکان، بە تایبەت مەنتیقە ئەنفال کراوەکان و هەڵەبجەی شەهید، کە خۆشبەختانە لەبەر ڕۆشنایی ئەو پێشنیارانە پەرلەمانی کوردستان دوو ساڵ لەسەر یەك تەوسیاتی دەرکردووە بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان کە گرنگی بەو ناوچانە بدات و، من وەك ئەندامێکی نوسینگەی هەڵەبجە، لێرە دەمەوێ دەستخۆشی لە حکومەتی هەرێمی کوردستان بکەم، کە لەبەر ڕۆشنایی ئەو تەوسیاتانە گەلێ پڕۆژەی گرنگی لە بواری ئاوەدانکردنەوە و خزمەتگوزاریی لە هەڵەبجەی شەهید دا ئەنجام داوە، ئەم ساڵیش دووبارەی دەکەمەوە، داوا دەکەم بودجەیێکی تایبەت بۆ هەڵەبجە دیاری بکرێت، بە تایبەت خۆتان ئەزانن سەرەڕای ئەوە کە سیمایێکی ئاوەدانی بە هەڵەبجەوە دیارە، جێگای دەستخۆشیە، بەڵام ئاستی کاولکاریەکان و ڕێژەی کاولکارییەکان بە جۆرێکە، بە تایبەت ئەگەر حکومەتی هەرێمی کوردستان لەو کاتە بودجەیێکی بۆ دیاری نەکات، هاوشێوەی ئەو بودجەیەی کە بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران دوو سەد ملیۆن دیناری بۆ مەنتیقەی گەرمیان تەرخان کرد بۆ مەبەستی ئەنجامدانی پرۆسەی ئاوەدان کردنەوە، داوا دەکەم پرۆژەیێکی هاوشێوەی ئەویش بۆ هەڵەبجەی شەهید تەرخان بکرێ بۆ سڕینەوەی ئاسەوارە خراپەکانی ئەو چەکە کۆمەڵ کوژییەی کە لەو شارە دا بە کارهاتووە، پێشنیاری دووەم، ئێمە پار ساڵ پێشنیارمان کرد کە لێژنەیێکی ئیستیشاری لە کەسانی پسپۆر و شارەزای بواری ئابووری، بە تایبەت لە مەجالی بودجە، پەرلەمانی کوردستان لیژنەیێکی لەو شێوەیە پێك بهێنێ بۆ بە دواداچوونی پشکی لە 17٪ ی کوردستان، بە تەنسیق وهەماهەنگی لەگەڵ ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق، بە تایبەت تەحالوفی کوردستانی و، بۆ ناوخۆی خۆمان پەسندکردنی بودجەی هەرێمی کوردستان بە شێوەیێکی ئەکادیمیانە و زانستیانە، بەشێوەیێك کە ئاراستە بێت، کە ڕەنگدانەوەی فەلسەفەی ئیقتیصادی حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕەنگی تێدا بداتەوە، کە بەداخەوە سیاسەتی ئیقتیصادی حکومەتی هەرێمی کوردستان کە بەرەو کرانەوە و بازاڕی ئازادە، بازاڕی ئازادیش یەعنی کەرتی تایبەت، لە هیچ شوێنێکی بودجە ئاماژە یان

هێمایێك نیە بۆ تەرخان كردنی بڕێكی دیاری كراو لە بودجە بۆ دەعمی كەرتی تایبەت لە هەموو ئاستەكان و سێكتەرەكانی بواری ئابووریی، پشتیوانی لە پێشنیارەكەی كاك بكر فتاح دەكەم، كە بودجەی ڕێكخراوەكانی كۆمەڵگەی مەدەنی بخرێتە سەر پەرلەمانی كوردستان بۆ كەمكردنەوەی هەیمەنەی حكومەت و، یان حیزب و لایەنەكانی تر بەسەر ئەو ڕێكخراوانەوە كە بەڕاستی بۆ ئەوەی بتوانن كە بەشێوەیێكی ڕاستگۆیانەپەیامی خۆیان بگەیێنن و، سەربەخۆیانە كاری خۆیان بە شێوەیێكی پرۆفێشنال ئەنجام بدەن، پێشنیارم بۆ وەزارەتی دارایی ئەوەیە كە ئێمە لە ڕێگەی، لەبەر ڕۆشنایی ئەو بە دواداچوونانەی كە ئەندامانی پەرلەمان بۆ وەزارەتەكان و فەرمانگەكانی حكومەتی هەرێمیان كردووە، یەكێ لە كێشەكانیان ئەوەیە كە وەزارەتی دارایی زۆر تەئخیر، دوای پەسندكردنی بودجە وەزارەتەكان لەبودجەی پەسندكراوی خۆیان ئاگادار دەكاتەوە، بۆ نمونە پارساڵ لە مانگی هەشت دا وەزارەتەكان ئاگاداركراوەنەتەوە، بێ گومان ئەوە چەند مانگێكیشی ویستووە كە فەرمانگاكانی خوارەوە ئاگادار كراوەتەوە، ئەمە یەكێكە لە كێشەكان كە پڕۆژەكان نە لەكاتی دیاری كراوی خۆی دا، ئەنجام دەدرێت و، دەرگاییێك دەكرێتەوە بۆ گەلێ دیاردەی دزێو، چونكە فەرمانگاكان بۆ ئەوەی كە كۆتایی ساڵ بتوانن بودجەكانیان سەرف بكەن، پەنا دەبەن بۆ شێوازێكی تری سیستەمی تەندەری كە ئەویش بەڕاستی دەعوەی موباشیرە و، كردنەوەی دەرگاییێكی زۆر مەترسیدارە، كە زۆرجار پڕۆژەكان بە كولفەی زۆر و، ئەوانە لەسەر حكومەتیش دەكەوێتەوە و، ڕێگاییێك بۆ دیاردەی زۆر ناشیرین دەكاتەوە، داوا دەكەم كە وەزارەتی دارایی لەكاتی دیاری كراوی خۆی دا وەزەارەتەكان لە بودجەی پەسندكردنیان ئاگادار بكاتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، تەواو ئەوانەی كە قسەیان كرد و، قسەی وردەكاری زۆر تێدا بوو، پرسیاری زۆریشی تێدا بوو، هەرچەندە هەندێكیان تیكرار بوو، هەندێكیشی جەنابی وەزیر و جەنابی بریكار ویستیان زوو جەواب بدەنەوە، چونكە مەعلوماتیان هەبوو، بەڵام ئێمە پێمان وتن چاوەڕێیان بكەن بۆ ئەوەی لە وەختی خۆی دا جوابی بدەنەوە، من پێموایە پێویست دەكات وەڵامەكان حازر بكرێت، من پێم باشترە سبەینێ جوابی بدەنەوە، دانیشتنی سبەینێ، نوقتەی نیزامی نەبێت پێت دەبڕم كوێستان خان، فەرموو.

**بەڕێز كوێستان محمد عبدالله :**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە ..........

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەزانم چی دەڵێی، ئەگەر باسم نەكرد حەقت بێ، بەیانی تەبعەن لێرە چوار یان پێنج ئەندامی پەرلەمان داوایان كرد بودجە پەسند نەكەین تاوەكو وەزارەتی دارایی یەكتر دەگرێتەوە، دیارە تەبعەن لە موقابیل دا وەڵامی هەیە، ئێستا ئێمە لە مانگی شەشداین و، بودجە سەرف دەكرێت بە گوێرەی نەفەقاتی تەشغیلی، بە مەجبوری سەرف دەكرێت، نیسبەیێك لە بودجە سەرف دەكرێت بەڵام، كاكە ئیعتیراز لەسەر ئەو ڕەسمانەی

گیراوە، برادەران تەواو، تازە باسمان کرد، فەرمووو وەرنە خوارەوە، تازە گلەییمان کرد لێتان، فەرمووو جەنابت وەرە خوارەوە، حەقتانە، کوێستان خان لە دوورەوە دانیشتووە، پەکی بە کامیراکانەوە نیە، بۆیە ئیعتیرازی نەکرد، چوار، پێنج ئەندامی پەرلەمان داوایان کرد ئەو بودجەیە پەسند نەکرێت، دوابخرێت تاوەکو وەزارەتی دارایی و ئابووری یەك دەگرێتەوە، فەرمووو د. ناصح.

**بەڕێز د. ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو پێشنیارەی ئەو چوار ئەندامە کردیان........

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرمووو دانیشە، ئەوەی نیە، فەرمووو جەنابت دانیشە با قسەم تەواو بکەم، بزانە ڕەدی من چیە لەسەر ئەوان، ئینجا تۆ تەعلیق بدە لەسەر پێشنیارەکانیان، فەرمووو، با من تەواو بم ئێستا، بزانە من چی دەڵێم، ئەو وەختی ڕەئیت بدە لەسەر ئەو چوار، پێنج ئەندامە، ئەو چوار، پێنج ئەندامە کە داوایان کردووە، پێویست دەکات ڕەئی حکومەت لەسەر ئەوە، لەبەر ڕۆشنایی ڕەئی حکومەت و، وەڵام دانەوەیان بۆ پرسیارەکانی ئەندامانی پەرلەمان کە سبەینێ دەبێت، ئەو کاتی بڕیاری پەرلەمانە بە قسەی ئەو چوار، پێنج ئەندامە دەکات، دوای دەخەن، یان ڕازی دەبن بە وەڵامی وەزارەت و ڕەئیی موقابیلەکەی تریش کە ئەندامی پەرلەمان هەیە، بە عەکسەوە دەڵێ دەبێ بە پەلە بێت بۆ ئەوەی بودجە ڕانەوەستێت لەسەر ئەوە دواکەوتووە، مانشێتی گەورە ئەوەیە دەڵێ پەرلەمان بودجەی لەبیر چووە، بودجەی دواخست، ئێستاکە دەڵێن نەخێر هەر مەیکەن، ئێمە بەڕاستی لەو تەناقوزاتە تێناگەین لەڕاستیدا، بە هەرحاڵ، چی بڕیارە، بڕیاری پەرلەمانە، زۆرینە چ بڕیار دەدات ئەوەیە، بەیانی سەعات (10:30 ) سەرەتا گوێمان لە ڕەئی حکومەت دەبێت لەسەر وەڵامی ئەو پرسیارانەی کە ئێستا کران لە لایەنی ئەندامانی پەرلەمانەوە، ئیتر بڕیاری خۆتانە ئەگەر بڕیارتان دا بەردەوام بین، بەردەوام دەبین، بڕیارتان دا دوای بخەین، دوای دەخەین، بەڵێ کاك محمد، فەرمووو.

**بەڕێز محمد فرج أحمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

داوام کرد وتم ئەم داتایانە، یان ئەم مەعلوماتانەمان بگاتە دەست، ئەگەر پێشنیارەکەتان پێ قبوڵ بێ، بیخەینە ڕۆژی دووشەممە، ئەم ڕاپۆرتەمان بدەنێ بۆ ئەوەی سەیری بکەین، بەڕاستی هیچ لەبەر دەستمان......

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

دەتوانی جەنابت، وەکو لەسەرەتای خوێندنەوەی یەکەم هات، داوا بکەی بچی سەردانی لیژنەی دارایی بکەی، لێرە دا ئەو داتایانە تەفسیلیان دانراوە لە لایەن لیژنەی دارایی، دەتوانی ئێستا بچی بۆ لایان، داوایان لێ بکەیت.

**بەڕێز محمد فرج أحمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

وەرمگرتووە، دەڵێ ئەوە نیە، بەڕێز كاك دڵشاد دەڵێ ئەوە گۆڕاوە......

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو كاكە، ڕوونیان كردەوە، لەبەر ئەوەی ئەو بودجەیە بە شێوەیێكی نا ئاسایی خەملێندراوە، بە شێوەیێكی نائاسایی لە بەغدا دا هین كراوە، لەبەر ئەوە چەندین جار لە بەغدا بودجەكە گۆڕانكاری بەسەر دا هاتووە، ئەو داتایەش لێرەدا چەندین جار بەو شێوەیە گۆڕاوە، بۆیە كاك دڵشاد دەڵێ گۆڕاوە، ئەوە كۆنە، ئەوە تازەیە، بە هەرحاڵ دانیشتنەكەمان دوادەخەین تاسبەی، كاك دلێر چیت هەیە، فەرموو.

**بەڕێز د. دلێر إسماعيل حقي شاويس:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لەبەر ئەوەی هەندێك لەو خوشك و برا بەڕێزانە، هەندێ پرسیاریان ئاراستەی لیژنەكەمان كرد، ئەگەر جەنابت ڕێگەمان بدەی؟..

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەیانی سەعات (10:30) ، ئەوەل جار وەڵامی حكومەت بۆ پرسیارەكان، دووەمینیش ئەو پرسیارانەی ئاراستەی لیژنەی یاسایی و لیژنەی دارایی كراوون، ئێوەش وەڵام بدەنەوە، زۆر سوپاس كۆتایی بە دانیشتنەكەمان دێنین تا سەعات (10:30 ) بەیانی.

| | | |
|---|---|---|
| **فرست احمد عبدالله** | **محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی)** | **عدنان رشاد مفتی** |
| **سكرتێری پەرلەمانی** | **جێگری سەرۆكی پەرلەمانی** | **سەرۆكی پەرلەمانی** |
| **كوردستان – عێراق** | **كوردستان – عێراق** | **كوردستان - عێراق** |

# پەرلەمانی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (17)**

**پێنج شەممە ڕێکەوتی 11\6\2009**

**خولی دووەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (17)

## پێنج شەممە ڕێكەوتی 2009/6/11

كاتـژمێر (11)ی پـێش نیـوەڕۆی ڕۆژی پێـنج شـەممە ڕێكـەوتی 2009/6/11 پەرلـەمانی كوردسـتان - عێراق بە سەرۆكایەتی بەڕێز عدنان رشاد مفتی سـەرۆكی پەرلـەمان و, بـە ئامـادەبوونی بـەڕێز محمـد قـادر عبدالله(د.كمال كەركووكی) جێگری سـەرۆك و, بـەڕێز فرسـت أحمـد عبـدالله سـكرتێری پەرلـەمان, دانیشـتنی ژماره (17)ی خولی دووەم, ساڵی (2009) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی كار:**

بەپێی حوكمەكانی بڕگـە (1)ی مـاددە (20) لـە پێـڕۆی نـاوخۆی ژمـارە (1)ی هـەمواركراوی سـاڵی 1992ی پەرلـەمانی كوردسـتانی عێـراق, دەسـتەی سـەرۆكایەتی پەرلـەمان بڕیـاردرا دانیشـتنی ژمـارەی (17)ی خـولی دووەمـی هەڵبـژاردن لـە كـات (11)ی پـێش نیـوەڕۆی ڕۆژی پێـنج شـەممە ڕێكـەوتی 2009/6/11 دا بـەم شێوەیە بێت:

1-بەرچاوخستنی پێشـنیاری سـەرۆكی پەرلـەمان بـۆ بەخشـینی (250,000)دوو سـەدو پـەنجا هـەزار دۆلار لەسەر بودجەی پەرلەمان بۆ دروست كردنی پاركێك لەناو شاری هەڵەبجە.

2- بەردەوامبوون لەسەر پێش چاو خستن و گفتوگۆكردنی بودجەی هەرێمی كوردستان بۆ ساڵی .2009

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی كوردستان. دانیشتنەكەمان دەكەینەوە، بەرنامەی كار.

1-بەرچاوخستنی پێشـنیاری سـەرۆكی پەرلـەمان بـۆ بەخشـینی (250,000)دوو سـەدو پـەنجا هـەزار دۆلار لەسەر بودجەی پەرلەمان بۆ دروست كردنی پاركێك لەناو شاری هەڵەبجە.

2- بەردەوامبوون لەسەر پێش چاو خستن و گفتوگۆكردنی بودجەی هەرێمی كوردستان بۆ ساڵی .2009

سەرەتا بەخێرهاتنی بەڕێزان كاك شێخ بایز وكاك عوسمان و كـاك ڕەشـید و كـاك دڵشـاد، كـاك سـەعد دەكـەم، بەخێربێن سەرچاوان، داوا لە لیژنەی یاسایی ولیژنەی دارایی دەكەم بێن لە شوێنی خۆیان دابنیشن، نوقتـەی نیزامی چیت هەیە، دكتۆرە شوكریە، فەرموو.

**بەڕێز د .شکریە رسول ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من ئەم بەیانیە هاتم بۆ ئێرە، ڕۆژنامەنووسێك منی گرت، وتی دکتۆرە تکات لێدەکەم ناوم مەڵێ، دوێنێ لێرە ڕەسمی تۆیان گرتووە، عەلاگەیەك لە پشتەوە بووە، رەسمی دوو منداڵی پێوە بووە، عەلاگەکەت وا داناوە کە خستووتە سەر شانت، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان من )نەخۆشی کلیە(م هەیە، ئەوەش لەسەر شانمە زۆر زۆر سەرمام بوو، پێشم شەرم بوو بەیەکێك لە بەڕێزەکان بڵێم چاکەتەکەی خۆتم بدەرێ تا لەبەری بکەم، جا ئەو کاتە بەمنیان ئەوت چاکەتی ئەندام پەرلەمانێکی لەبەر کردووە، لەبەرئەوە ڕجات لێ دەکەم مادام بەدرێژایی ئەم چەند ساڵە کە تەلەفزیۆنی نەوروز هەیە، سایتێکی پەرلەمانیشمان هەیە، پێویست ناکات ئێمە بەم شێوەمان لێ بێت، وەلەو خۆم ئەندامی سەندیکای رۆژنامەنووسانیشم، بەڵام جوان نیە، ئەو شتە بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوە موعالەجە ئەکرێت، دوێنێ وتمان پێویستە کامێراکان لەوێوە رەسم نەگرن، باشە بەسەرچاو، فەرموو دانیشە، کاك عادل، فەرموو.

**بەڕێز عادل محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە (25)ئەندام پەرلەمان یاداشتێکمان ئیمزا کردووە، وتمان لەبەر ئەوەی خولی پەرلەمان تەواو بووە، تەمدیدیش کراوەتەوەو ماوەی تەمدیدیش تەواو بوو، ئێمە نووسیومانە تەنها موناقەشەی بودجەو هەندێ یاسای زۆر پێویست کە تێدامانداا نووسیوە، بەڵام ئەمڕۆ لە ئاوێنە خوێندمەوە ئەوەی تێدا لابراوە، ئیتر نازانم ڕۆژنامەکە لایبردووە، یان لەکاتی پێشکەش کردن بەجەنابت لابراوە، ئێمە وتوومانە بودجەو هەندێ یاسای تایبەت و زۆر پێویست کە موناقەشە بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاست دەکەم، هەرچەندە ئێمە قەرارمان دابوو، ئەو مەوزوعە باس نەکەین، بەڵام کە کاك عادل باسی کرد، ناچارین هەندێ نوقات باس بکەین، لە خودی یاداشتنامەکە وەکو لە ڕۆژنامەکەش نووسراوە، ئەوەی تێدا نیە، نووسراوە بەس بودجە، هەندێ یاسای تایبەت یان حاڵەتی تایبەتی تێدا نیە، بەڕاستی من پێم سەیرە، کە ئەم خولەی پەرلەمان بەناشەرعی بزانن، چونکە لەڕووی یاساییەوە، ئەندامانی یاسایی موناقەشەمان کرد، دەنگیشمان بۆ دا، وتمان دەستوور نەبێت، هەتاکو دەستوور نەبێت، تاکو دەنگ نەدەین بۆ دەستوور، پەرلەمان مەسدەری شەرعیە بۆ دانانی یاسا و هەموارکردنی یاساش، ئەگەر دەستوور هەبوایە، لە دەستووریشدا نووسرابوایە، خولی پەرلەمان لە 4/6دەست پێدەکات وەکو ئێستا نووسراوە، یەعنی لەدەست پێکردنی دانیشتنی یەکەم، تا چوار ساڵ تەواو دەکات، نەمان دەتوانی ئەو یاسایە دەربکەین بەبێ هەموار کردنی ئەو خاڵە لە دەستووردا، بەڵام کە دەستوورمان نەبێت وەکو لە ساڵی 1992تا ئەمڕۆ، پەرلەمان

جیهەتی شەرعیە، دەستەڵاتی شەرعیە، بۆ دانانی قانون، بۆ هەمواركردنی قانون بەدرێژكردنەوەی خولی خۆشیەوە، ئەگەر تەماشا بكەن لە خولی یەكەمدا چەندجار درێژكراوەتەوە بە چ شێوەیەك، بەڵام ئەگەر هەڵی بسەنگێنین چەند كەموكوڕی هەبووە، زۆریش كەموكوڕی هەبووە، زۆریش ناڕەزایی هەبووە، بەڵام لەبەر ئەوەی كە شەرعیەتی هەبووە، دەستوور نەبووە، قبوڵمان كردووە، دواتریش هاتووین یاساكانیشمان جێبەجێ كردووە، خولی پەرلەمان لە $4/6$دەستی پێكرد، بەڵێ لەناو پەیڕەوی ناوخۆدا نووسراوە پاش هەڵبژاردن بە $10$ڕۆژ دەبێ كۆببێتەوە، بەڵام كۆنەبوویەوە، ئەوە بەدەست پەرلەمان نەبوو، بەدەست ئێوە بوو، بانگهێشت نەكرا، ئەو وەختە بەو شێوەیەش نەبوو عیلاقاتەكان، لە واقیعدا دوو ئیدارە هەبوو، دوو قیادەی سیاسی هەبوو، لیستەكانیش مەعلوم بوو چۆن بوون، دوا كەوت، كە دوا كەوت لە $4/6$دا خولی یەكەم دەستی پێكرد بەپێی پەیڕەوی ناوخۆ چوار ساڵەكە لە $4/6$تەواو دەبێت، خۆشتان باش دەزانن، ئەگەر بۆ مەرامێكی سیاسی نەبێت، من پێم وانیە كەسێك خیلافی ئەو قسانەی من قسە بكات، ئێمە لەسەرەتای ئەمساڵەوە بەشێوەیەكی فەرمی لە مانگی یەكدا داوامان كردووە هەڵبژاردن لە $19/5$بكرێت، پێش ئەوەی كەس بیری لێ بكاتەوە، پێش مەسئولیەتی خۆمان بووە، داوامان كردووە، نامەمان نووسیوە بۆ كۆمیسیۆنی باڵا، وتوومانە پێشنیار ئەكەین $19/5$هەڵبژاردن بكرێت، دەشمانزانی كە ئاوای لێ دێت، بۆیە پێنج مانگ وشتێك پێشتر داوامان كردووە كە هەڵبژاردن لە وادەی خۆی بكرێت، بۆ ئەوەی تووشی ئەو بۆشاییە نەبێت، بەڵام كە نەكراوە هۆكارەكەی بەشێكی زۆری دەگەڕێتەوە بۆ كۆمیسیۆنی باڵا، لە وەختێكدا وەڵامیان داینەوە وتیان درەنگ بوو، وتیشیان سێ مانگمان دەوێت، ئەسبابی دواكەوتن و هۆكاری سەرەكی ئەوە بوو، كە دواشكەوت ئێمە لێرە خۆمان دەسەڵاتمان هەیە، كۆتایی بە خولی پەرلەمان بێنین یان درێژی بكەینەوە، چونكە دەستوور نیە، ئەگەر دەستوور هەبوایە، ئەوە ئەگەر سەبەبێكیش هەبوایە، ئیلا ئەگەر قاهر بوایە، یان دەبێت هەمواری دەستوورەكە بكەین، ئەگەر سەبەبەكە قاهر بوایە وەكو وتم بۆمان نەكرا، ڕیفراندۆم بكەین بۆ هەمواركردنی دەستوور، بەڵێ ئەو كاتە پەرلەمان دەسەڵات دەدات بەخۆی لەو بۆشاییەدا بڕیارێك بدات، بەڵام كە دەستوور نەبێت شەرعیەت تەنها لەپەرلەماندایە، بۆیە لێرەدا قەرارمان دا بۆ ئەوەی ئەو مەسئولیەتە لەدەست نەدەین، بۆشایش نەبێت، بۆ شەرعیەتی دەسەڵاتی دانانی یاسا، ئەو ماوەیە تاكو هەڵبژاردن، یان خولی یەكەم دەكرێتەوە، پەرلەمان بەردەوام دەبێت لە ئیشوكارەكانی ئەمە ئیشێكە لەسەرشانی ئێوە، بە عەكسەوە ئاسانتر بوو بمانوتایە لە $4/6$تەواو دەبێت، هەر كەسەو دەچووە ماڵی خۆی ومەسئولیەتەكەشی لەسەرشان نەدەما، بەڵام ئێستا هەندێ كەس دەڵێن بودجە، ئەگەر پەرلەمانمان درێژنەكردایەتەوە، یاساییەن حەقمان نیە، بودجە بخەینە بەرنامەی كار، چونكە بەپێی پەیڕەوی ناوخۆ دەڵێت، ئەگەر بێت و لەخولی ئاسایدا كەوتە پشووی پەرلەمان، دەبێت بەردەوام بین، بەڵام كە پەرلەمان تەواو بوو، ناتوانین نائاسایی داوا بكەین، لەبەر ئەوەی بودجە هەیە، بەهەرحاڵ هەندێ ئەندام پەرلەمان لەسەر پێشنیارەكە ئیمزایان نەكردووە، ئەوەشی كە كاك عادل وتی ڕاستە، بەس ژمارەیەكی تری ئەندامانی پەرلەمان دەڵێن ئێمە وتوومانە بودجەو چەند حاڵەتێكی تایبەت، بەڵێ كاك زرار قسەت هەیە، فەرموو.

**بەڕێز زرار طاهر امین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڕاستی من یەكێكم لەو ئەندام پەرلەمانانەی كە ئیمـزام كـردووە، بـەڵام كـە یاداشـتەكە هاتـە بەردەسـتمان، بەڕاستی ئێمە هەمووومان وتمان بایاسایەك دەرنەكەین كە لەدوای $4/6$گلەییمان لێ بكەن، بڵێن ئەوە پەرلەمان خولەكەی تەواو بوو بەس یاسا دەردەكات، لە یاداشتەكەدا نەصەن وانووسراوە، جگە لەیاسـای بودجـەو چـەند یاسایەكی تایبەتمەند و حاڵەتی پێویست، بەڵام بەڕاستی ئەوەیان لابردووە، حەقیش نیـە شـتێك كەنووسـرا و هێنایانە بەردەمت و ئیمزات كرد، دوایی دەستكاری بكرێت، لەبەرئەوەی من ئەگەر ئەو وشـەی تێـدا نەبوایـە ئیمزام نەدەكرد، چونكە من پەرلەمان بە ناشەرعی نازانم، ئێمە دەستوورمان نیە، كە دەستووریشمان نـەبێت، لـەناو دەسـتووردا نەنووسـراوە تـۆ دەتـوانی مەسـەلەن خولەكـە درێـژ بكەیتـەوە، یـان نـاتوانی خولەكـە درێـژ بكەیتەوە، ئێ كە دەستوورمان نەبێت خۆ ماوە درێژكراوەكە شتێكی یاسایی نیە، بەڵام ئێمە ئـەو $25$ئەنـدام پەرلەمانە كە ئیمزامان كردووە، وتوومانە جگە لەیاسای بودجەو چەند حاڵەتێكی پێویسـت و تایبەتمەنـد بـا پەرلەمان هیچ یاسایەكی تر دەرنەكات، من لەگەڵ ئەوەشدا بووم ئەوەی كە ئێستا دەیڵێم، بەڵام بەڕاستی ئـەو چەند حاڵەتێكی تایبەتمەند و پێویست لابراوە، من ئەوەم پێ سەیرە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك جوتیار، فەرموو.

**بەڕێز كریم مجید شریف(جوتیار):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڕاسـتی ئـەوە كـاتێ كەهاتـە بەردەسـتمان لەگـەڵ كـاك زرار و كـاك عـادل و یـەك دوو بـرادەری تـر زۆر موناقەشەمان لەسەر ئەوە كرد، بەنەص ئەوەی كاك عادل و كاك زرار باسیان كـرد تێیـدا بـوو، چونكە ئێمـە پێمان وابوو هەندێ حاڵەت دێتە پێشەوە كە پێویستە یاسای بۆ دەربكەین، ڕەنگە ئەو پرۆژە یاسـایانەی كـەوا لەبەردەسـتماندان كـە پێشـتر نەخراونەتـە بەرنامـەی كـار، لـەم فەترەیـەدا موناقەشـە نـەكرێن ئـەوە شـتێكی ئاساییە، بـەڵام ڕەنگـە هەنـدێ حاڵـەتی پێویسـت و تایبەتمەنـد ڕەنگـە بێتـە پێشـەوە و لـە ئـیرادەو دەسـەڵاتی خۆماندا نەبێت، ئێمە پێویستیمان بەوە دەبێت كەموناقەشەی بكەین، بۆیە بەنەص ئەو ڕستەیەمان تێ كرد، تا بتوانین موناقەشەی ئەو یاسایانە بكەین كە پێویستە، بەڵام كەدوایی خوێندمانـەوە ئـەوەی تێـدا نـەمابوو، بۆیە لەڕاستیدا دەبوایە ئەوەی تێدا بمایە، چونكە ئێمە ئیمزامان لەسەر ئەو حاڵەتە كرد، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كوێستان خان، فەرموو.

**بەڕێز كوێستان محمد عبداللە:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

وەڵلا من تەئكيد ئەكەمەوە وەكو ئەو ڕۆژەی كە قسەمان كرد لەسەر درێژكردنەوەی وادەی پەرلەمان، من بۆخۆم پێم وایە، خەڵك دەنگی بەئێمە داوە بۆ ماوەی 4ساڵ، واتە 4/6وادەی یاسایی ئێمە تەواو بووە، ئەمە بمانەوێت یان نەمانەوێت ئەمە وایە، چونكە لە یاسای هەڵبژاردنیش هەر وایە ماوەكە بۆ 4ساڵە، وە زروفی قاهیرەش نیە كە ئێمە ئەو ماوەیەمان درێژكردۆتەوە، بەڕەئی من ئەمە نایاساییەو ناشەرعیە، بۆ مەسەلەی بودجەش، ئەوە بودجە مانگ و نیوێكە لەپەرلەمانە دەكرا زووتر موناقەشەمان بكردایە، كە نەمان كردووە ئەوەش ئەوەیە كە خۆمان كەمتەرخەم بووین و نەكراوە بەداخەوە، لەسەر مەسەلەی ئەوەی كە پەرلەمان دەتوانێ هەندێ یاسای تایبەت دەربكات، یان بودجە تەواو بكات، من بۆخۆم پێم وایە دەكرا بودجەش پێش 4/6بوایە، یاسای تایبەتمەند چیە؟، تۆ شەرعیەتت لەدەست داوە، چۆن ئەتوانی یاسا دەربكەیت، ئەمە ڕەئی خۆمە، من تەئكید دەكەمەوە ئێمە 4/6ماوەكەمان تەواو بووە، خەڵك پەیمانی لەگەڵ ئێمە بەستووە و بۆ ماوەی 4ساڵ دەنگمان دەداتێ، لەیاسای هەڵبژاردنیش وا ئەڵێت، كە ماوەی چوار ساڵە لەیەكەم دانیشتن بۆ ئەخیر دانیشتن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس كوێستان خان، بەڵام من شتێكت بەبیر دێنمەوە، ئێمە لێرەدا كە بەزۆرینەی دەنگ، دەنگمان دا بۆ هەر یاسایەك حەقە ڕێز لە ئیرادەی زۆرینە بگرین ئەوە یەك :دووەمیش :بەناچاری ئەو قسەیە دەكەم و داوای لێبوردنیشت لێ دەكەم، پاشی دەنگدانیش جەنابت داوات لە ئێمە كرد بە ئیلحاحیشەوە، كە پرۆژەی یاسایی توندوتیژی بەرامبەر بە ژنان بخرێتە بەرنامەی كارو لەم خولە تەواوی بكەین، ئەمە لە كوێی و ئەوەش لەكوێ، فەرموو جوابت چیە؟.

**بەڕێز كوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەوە پێش 4/6بوو.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

نەخێر پێش 4/6نەبوو، پەخشان خانیش لێرە نیە، ڕاستە پێش 4/6داوات كرد بەس دوای 4/6یش هەر داوات كرد، لەهەردوو حاڵەتدا وتووتە، پێش 4/6داوات كرد ئەوە ڕاستە بەس پاش 4/6وتت ئومێد دەكەم ئەو یاسایە پشتگوێ نەخرێت لەم خولەدا تەواو بكرێت، بەڵێ كاك ئیحسان، فەرموو.

**بەڕێز احسان عبدالله قاسم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەحەقیقەت لە ڕۆژنامەی ئاوێنە بابەتێك بڵاو كرایەوە، بەناونیشانی بیست و پێنج پەرلەمانتار داوا دەكەن، پەرلەمان جگە لە بودجە هیچ یاسایەكی تر دەرنەكات، لەبەر ئەوە لە ڕیزبەندی ناوەكان ناوی منیش لە زنجیرەی سێیەم هاتووە، بۆ ئاگاداری بەڕێزتان نە لەدوور نە لە نزیك ئاگاداری ئەو بابەتە نیمە، هیچ ئەندامێكی پەرلەمانیش ئەم بابەتەی لەلای من باس نەكردووە، حەقیقەت من پەرلەمان بەشەرعی ئەزانم،

ئیشـەکەی ئێمـە کـە ئیسـتا دەکـەین ئەوەیـە بـە نـەزەری هەنـدەك گـرنگن بـە نـەزەری هەنـدەك گـرنگیش نیم،هەمیشە شەرعینە وهەمیشە یاساینە وهەمیشە رێـك و پێکە،نابی بوشاییەك لـە مـەجالی دەسـەڵات لـە هەرێمی کوردستان بەجی بێڵین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك شێروان، فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵڵامن سەیرم بە هەندێ بۆچوون هەیە لە ناو ئەو هۆڵە باس دەکرێ، هەرچەنـدە هـەر کەسـێك ئـازادە کـە قسە بکات، کە گوایە پەرلەمان شەرعییەتی نەماوە، ئێمە حەقە شانازی بـەو پەرلەمانـە بکـەین، چـونکە ئـەو پەرلەمانە بە خوێنی هەزارەها شەهید هاتۆتە کایەوە ،حەق وایە ئەو کەسانەی کە تەعن لە پەرلەمان دەدەن، ئێمـە لـەم هۆڵـە دیفـاع لەپەرلـەمان بکـەین، نـەك لێـرە لـەناو هـۆڵی پەرلـەمان خۆمـان بڵـێین پەرلـەمانی کوردسـتان شـەرعیەتی نـەماوە، پەرلـەمانی کوردسـتان هـەر لـە ڕۆژی یەکەمـەوە تـا ئـەمڕۆ، توانیوویـەتی شەرعیەتی خۆی بپارێزێت، بۆیە چوار جار تەمەنی خۆی درێژ کردۆتەوە، یەك لە دارەبەن، دوو لە شاوێس، سێ لە شەقڵاوە، چواریش لەناو هۆڵی ئەم پەرلەمانە، جگە لەوەش ئێمە نابێ خۆمان بـەراورد بکـەین لەگـەڵ ئەو پەرلەمانانەی کە 200یان 300ساڵە تەمەنیان، ئێمە نابێ هیچ مەجالێك بـدەین فـەراغێکی تەشـریعی لەم کوردستانە دروست ببێت، چونکە ئەوە ویست و خواستی ناحەزانی گەلی کوردە، بۆیە بە حەقیقەت حەق نیە ئەو جۆرە مەجالە بدرێت، کە لەناو هۆڵی پەرلـەمان شـەرعیەت لـە پەرلـەمان بـدرێت، هـەر یاسـایەکیش دەربچێت، هەتا تەمەنی پەرلەمان ئیعتیبار دەکرێت بە یاسایەکی ڕاست و دروست، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کۆتایی بە موناقەشەکە دێنین لەسەر ئـەو بابەتـە، پێویسـت ناکـات قسـەی لەسـەر بکـەین، ئێمـە بەرنامـەی کارمـان هەیـە، ئـیتر تـەواو موناقەشـە لەسـەر ئـەوە ناکـەین، ڕجاشـتان لـێ دەکـەم ئێمـە لێـرە مەسئولیەتمان لەوەدایە، بەرەو هەڵبژاردن دەڕۆین، کەس ئەم هۆڵە بەکار نەهێنێت بۆ هەڵوێستی سیاسـی بـۆ هەڵبژاردن، ئەو بابەتە تەواو بوو، قەراری پەرلەمان بۆ درێژکردنەوە ڕێزی لێ دەگیرێت، بە زۆرینەش دەنگی بـۆ دراوە، حـەقی خۆیـەتی یاسـا دەربکـات، دەسـتووریش پەسـەند بکـات، هـەر بڕیـارێکیش بـدات یاسـاییە و تەبیعیشە، هەر کەسێکیش بۆچوونی خۆی دەتوانێ لەناو هۆڵی پەرلەماندا بڵێ کە ئا یـان نـا، ئـەوەش حـەقی تەبیعی خۆیەتی، بەڵام ڕێزگرتن لە زۆرینـە یـان بڕیـاری زۆرینـە ئـەوە تـەواوە، و موناقەشـەش تـەواو، خـاڵی

يەكەم لە بەرنامەی كار، -1بەرچاوخستنی پێشنیاری سەرۆكی پەرلەمان بۆ بەخشینی (250,000)دوو سەدو پەنجا هەزار دۆلار لەسەر بودجەی پەرلەمان بۆ دروست كردنی پاركێك لەناو شاری هەڵەبجە.

ئەوەی ڕاستی بێت ئەو خاڵە پەیوەندی بە منەوە هەیە، بەندە لە 16/3لەیادی كیمیابارانی شاری هەڵەبجە، بەشداریم كرد لەو ڕۆژەدا، لەبەردەم خەڵكی هەڵەبجە، لەسەر پێشنیاری ئەندامانی نووسینگەی هەڵەبجە، وتیان داوای خەڵكی هەڵەبجەیە كە پەرلەمانیش دەوری هەبێت لە چاككردنەوەی ژینگە لە هەڵەبجەو دەوروبەری، بۆیە پێشنیاریان كرد پەرلەمان لەسەر بودجەی خۆی پاركێك دروست بكات، من لەوێ بەناوی پەرلەمانەوە ئەو بەڵێنەم پێدان كە بودجەكەی دابین بكەین و سەرفی بكەین، لەڕاستیدا هەموویان وتیان ئەوە دەسەڵاتی خۆمە كە ئەو كارە بكەم، بەڵام من ئەوەم ناوێت وەكو مێژوو كە سەرۆكی پەرلەمان ئەو كارەی كرد، بۆیە دەمەوێت ئەوە بە بڕیاری پەرلەمان بێت، بودجە،بودجەی پەرلەمانە، بۆیە داواتان لێ دەكەم كەوا پشتگیری لەو قسەیەم بكەن، كە لە شاری هەڵەبجە كردوومە، لە بودجەی ئەمساڵدا ئەو پارەشمان داناوە، یەعنی پێشنیارمان كردووە و خراوەتە ناو بودجەمان، بۆیە داواتان لێ دەكەم پشتگیریم بكەن و ئەو بڕە پارەیە دابین بكەین بۆ هەڵەبجە بۆ دروست كردنی پاركێك بەناوی پاركی پەرلەمان، ئێستا كێ لەگەڵ ئەو پێشنیارەی مندایە بادەستی بڵند بكات تكایە؟، فەرموون كێی لەگەڵدا نیە؟، بەكۆی دەنگ پەسەند كرا، زۆر سوپاستان دەكەم، دەچینە خاڵی دووەم -2 :بەردەوامبوون لەسەر پێش چاو خستن و گفتوگۆكردنی بودجەی هەرێمی كوردستان بۆ ساڵی 2009.

دوێنێ ژمارەیەك لە ئەندامانی پەرلەمان، قسەیان زۆر كرد لەسەر مەلەسەی بودجە و بابەتەكانی، ئەمڕۆش داوامان لەجەنابی وەزیرو هەردوو بریكارەكەی كرد، كە ئامادە بن و بەڕێز كاك عوسمانیش لەگەڵمان ئامادەیە، دوایش داوا لەو دەكەین كە دوێنێ هەندێ مەسەلە باسكران، كە پەیوەندی بەوەوە هەیە تا وەڵامیان بداتەوە، ئێستا داوا لەجەنابی شێخ بایز ئەكەم وەزیری دارایی، ئەگەر خۆی و هەردوو بریكارەكەی كاك دڵشاد و كاك ڕەشید، كە وەڵامیان و بۆچوونیان پێشكەش بكەن، كاك اسماعیل قسەت هەیە، فەرموو.

**بەڕێز اسماعیل محمود عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

هەندێك لە لیژنەكان ماون كەڕاپۆرتیان هەیە، با ڕاپۆرتەكانیان پێشكەش بكرێت دوایی جەنابی وەزیر وەڵامی هەمووی بداتەوە، من ئەوەم پێباشە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

دوێنێ ئەو ئیقتراحە كرا، وتیان ڕاپۆرتەكان مادده بە مادده كە موناقەشەكرا، هەر لیژنەیەك دەتوانێ لەسەر ماددەكان ئەو ڕەئیەی كە تۆماری كردووە، یان پەیوەندی بە وەزارەتەكەیەوە هەیە، قسەی خۆی لەسەر بكات، ئێمە دوێنێ ئەو ئیقتراحەی ئێوەمان قبوڵكرد، دوو، سێ كەس بوون، كاك ڕەشاد و چەند برادەرێكی تر بوون، ئیقتراحیان كرد كە ئەو ڕاپۆرتانە دوابخرێن ولە بابەتەكاندا موناقەشە بكرێن، فەرموو جەنابی وەزیر.

**بەڕێز شێخ بایز تاڵەبانی(وەزیری دارایی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە ئێمە ئەو پرسیارانەی کە لێمان کرابوو، ئێستا وەڵامەکانمان حازرکردووە، وەڵامەکان دەدەینـەوە خـۆم و هـەردوو بـەڕێزان بریکارەکـانی وەزارەت، بەنیسـبەت هـی خۆمـەوە، مـن دەمـەوێت وەڵامـی ئـەم پرسـیارانە بدەمەوە دوێنێ کە باسکرا، لەو پلە نزمانەی کە تەقاعودی وەردەگرن کە پارەکە کەمە، دیارە لێـرە بڕیـارێکی پەرلەمانی کوردستان دەرچوو، ئێمە موچەی خۆمان وەکو موچەی بەغـداد بەهـەمان سیسـتەم بـڕۆین، چـی تەقاعودی بێت، چی موچەی فەرمانبەران بێت، چی هی زانکۆ بێت، گرنگ هەر سێ قانونەکە تەتبیق بکەین، لەبەرئەوە ئێمە یاسای ژمارە (22-23-27)عێراق ئێستاکە وەکو خۆی تەتبیق دەکـەین، بـەڵام بـە نیسـبەت ئەو شەریحانەی کە موچەیان کەمـە، ئێسـتا لیژنەیـەك دروسـت بـووە لـە بەغـدا، دیراسـەتی ئـەوە دەکـەن بـۆ ئەوەی بتـوانن ئـەو پلانـەی کـە نـزمن، لـە وەرگـرتنی خانەنشـینی بـەرزی بکەنـەوە، ئێمـەش چاوەڕێی ئـەوە دەکەین، ئومێدەوارین و هەمان دەستووریش بەکار دێنین، بەنیسبەتی ئەوەی کـە موسـتەفیدین لـە عـەقارات، ئێمـە ئـەوەی لـەو کاتـەی کـە ئـەم یاسـایە دەرچـووە لـە پەرلـەمان، ئاگادارکراینـەوە بـە بڕیـاری پەرلـەمان، (11655)کەس لە سولفەی عەقاری سوودمەند بووە، (2608)کەسیش لە سندوقی ئیسکان سوودمەند بووە، بەنیسبەت ئەوەی کە دوو ڕێنمایی هەیە، نەخێر بەنیسبەت ڕێنمـایی داراییـەوە تـەنها یـەك ڕێنمـایی هەیـە، بەڵام لێرە هەندێ ڕێنمایی شارەوانی هەیە، لە سلێمانی خەریتەو ئیفراز ئەوانە هـەمووی بـۆ (100)مـەتری دەکرێـت، لەهـەولێر لـە هەنـدێك لـە گەڕەکـەکان ئـەوە ناکرێـت، لەبەرئـەوە ئـەوە عیلاقـەی بـە فـەنیاتی شـارەوانییەوە هەیـە، بەنیسـبەت ئـەوەی کـە هەرچـەندە دوێـنێ وەڵامیشـم دایـەوە، بـەڵام ئێسـتاش دووبـارەی دەکەمەوە بەنیسبەت یەکگرتنەوەی هەردوو ئیدارەوە، دیارە ئەوە بۆ زیـاتر لـە (8)مـانگ دەبێـت، وەزارەتـی دارایی و وەزارەتی هەرێم بۆ کاروباری دارایی، یـەك وەزیـری هەیـە، یـەك جـۆرە تـەعلیمات دەردەچێت، ئـەو تەعلیماتەی کە ئێستا لێرە دەردەچێت هەمان تەعلیماتە کە لە سلێمانیش دەردەچێت، بەنیسبەت تـەعلیماتی داراییەوە، یەك تەعریفەی گومرگیمان هەیە، لە سەرتاسەری کوردستاندا، ئێستاکە ئێمە جێبـەجێی دەکـەین، سیستەمی موچە، یەك سیستەم هەیە، هـی خانەنشـینی یـەك سیسـتەمە، هـەموو ئـەو ئیشـانەی کـە بـەعزێك خـیلاف هـەبوو لـەم لاو لـەو لا لـە تەعلیماتەکانـدا، لـە ڕێنماییەکانـدا، لـە بۆچـوونەکاندا، ئەوانـە هـەمووی یەکخراونەتەوەو وەکو یەك ئەڕوات، بەنیسبەت ئێمە وبەغداد، کە هەندێ لە بـرادەران بـاس دەکـەن و دەڵـێن ئەو پارەیە ، یەکەم :ئـەڵێن چۆن وەردەگیرێـت؟، دووەم :ئـەڵێن ئایـا چـۆن تەقسـیم ئـەکرێت؟، ئێمـە هـەموو مانگێك وەزارەتی دارایی کە وەزارەتی دارایی لە هەولێرە، تەنها وەزارەتی دارایی موخاتەبەی وەزارەتی دارایـی عێراق ئەکات، هەموو مانگێك میزانی موڕاجەعە لێرەوە ئەڕوات بـۆ بەغـداد، لـەوێ تـەدقیق ئـەکرێت ئینجـا پارەمان دەدەنێ، ئەو پارەیەش کە دەماندەنێ دێتە وەزارەتی دارایی و بەناوی وەزارەتی داراییەوە دێت، ئینجا بەنیسبەت دەوائیرەکانەوە ئەو پارەیە لە بانکەکانە تـا هـەر دائیرەیـەك میزانیـەی خـۆی دیـاریکراوە و بـەپێی تەعلیماتی مالیە کە دەرچووە ئێستا لێی سەرف دەکرێت، ئەوەش بەنیسبەت یەکگرتنەوەی هەردوو وەزارەتـی

دارایی، ئێستاش تکام وایە کە بەشێك لە وەڵامەکان با کاك دڵشاد بفەرمووێت و جوابیان بداتەوە، پاشان بەشێکی تریشی کاك ڕەشید ئەگەر ڕازی بن وەڵام بداتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك دڵشاد.

**بەڕێز دڵشاد عثمان (بریکاری وەزارەتی دارایی) سلێمانی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دوێنێ هەندێ پرسیار وروژێنرا لەلایەن بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمانەوە، بەپێویستی ئەزانم وەڵامی هەندێك لەو پرسیارانە بدەمەوە، یەکەم :بەنیسبەت بودجەی تەواوکەری ساڵی 2008، بودجەی تەواوکەری ساڵی 2008سروشتێکی تایبەتی خۆی هەبوو، بەتەئکید لە وڵاتێکدا ئەگەر بودجەی تەواوکەری تەواوی بۆ بێت، دەبێ دیراسە بکرێت لەلایەن وەزارەتی داراییەوە، دیسان بدرێتەوە بەپەرلەمان بۆ ڕاساندنی و تا ببێت بە یاسایەکی تەواوی بودجەی تەکمیلی، بەڵام بەسێ بڕگەی جیاواز بودجەی تەکمیلی هات بۆ کوردستان و بەفەرز بۆ عێراق، یەکێکیان(تریلیۆنێك و نەوەد وشەش هەزار) بۆ زیاد کردنی مووچەی فەرمانبەر و خانەنشین، بەتەحدید بۆمان هاتووە بۆ ئەوەی ئەو فەرقانەی ساڵی 2008بدەین بەو توێژەی کۆمەڵ، دووەم :بەڕێزتان دەزانن بودجەی ساڵی 2008کورت هێنانی تێدا هەبوو، بە بڕی(تریلیۆنێك و سەدو حەفتاو هەشت)بەتەئکید ئێمە وەکو دوێنێ باسمان کرد، عەجز لە کوردستاندا پڕ نابێتەوە، چونکە توانای پڕکردنەوەیمان نیە، بەهیچ وەسیلەیەکی تر غەیری دابەزاندنی خەرجیەکان، یان پارەمان لەلایەن عێراقەوە بۆ بێت، کە پارەکە لە عێراقەوە هات، ئەبێ ئەولەویەت بۆ داپۆشینی کورت هێنانەکە بێت، کە کورت هێنانەکەمان پێ داپۆشی ئەوە تەواو، )چوارسەدو نەوەد و پێنج ملیار(یشی بۆ تەنمیەی پارێزگاکان هاتبوو بەتەحدید، ئەڵێت پارێزگای سلێمانی ئەوەندە، هی هەولێر ئەوەندە، هی دهۆك ئەوەندە، بەو شێوەش دابەشکراوە کە بۆمان هاتووە، ئەوە بۆ تەوزیح کردن لە بودجەی تەکمیلی، سێیەم :دوێنێ باسی ئەوەیان کرد کە بەشی کوردستان هەیە، لە دوەلی مانیحە، ئەوانەی کە پارە دەبەخشن بە عێراق، لە یاسای بودجەی ساڵی 2009ی عێراقدا ئەوەی تێدایە، هەر دەوڵەتێکی مانیحە، هەر بڕە پارەیەك بدات بە عێراق ئەوە لە 17%ی بۆ کوردستانە، بەڵام تا ئێستا وەزارەتی دارایی هەرێمی کوردستان نە دۆلارێك نە دینارێکی وەرنەگرتووە لە دوەلی مانیحە، یەك پرۆژە هەیە بۆ تۆربایین، وابزانم جەنابی کاك عوسمان بە تەئکید باشتر ئەیزانێت تەفسیلاتەکە لای ئەوە، ئەوە لەڕێگای ئێمەوە خەرج ناکرێت، نەشهاتووەتە وەزارەتی داراییەوە، بەڵام ئەوەی لەمەودوا بێت بڕیارە هەرێمی کوردستان بە ڕێژەی 17%ی وەربگرێت، دوێنێ باس لەوەکرا، کە دابەشکردنی داهات چۆنە، بەڕێزێك وتی بزانم چ وەزارەتێك داهاتی زیاترە، حەز دەکەم بەڕێزتان بزانن دوو تەصنیف هەیە، لەخەرجیدا تەصنیفی جۆری پێ ئەڵێن، پۆلێن کردنی جۆری لەسەر ئەساسی وەزارەتەکانە، بەڵام بەپێی یاسای بودجەو یاسای ئیدارەی مالی کە لەعێراقیشدا دەرچووە، داهات لەسەر بنەمای وەزارەت نیە، داهات لەسەر ئەساسی تەصنیفی ئیقتیصادیە، لەبەرئەوە مەرج نیە، داهاتێك لە هەر وەزارەتێك

وەربگیرێت، موهیم پۆلێنەکەیەتی نەك لەوەرگرتنی داهاتدا مەرج نیە باسی وەزارەتەکان بکرێت، بەڕێزێك باسی ئەوەی کرد، ئەڵێت مدەوەر چی لێ دێت، یەعنی پارەی مدەور کە ئەمێنێتەوە لە $31/12$چی لێدێت، یان ئێمە چی لێ دەکەین، بۆ زانیاری بەڕێزتان بەپێی یاسا لە $31/12$هەر برە پارەیەك لە بودجە مابێتەوە سقوت ئەکات، ئەو تەخصیصاتە سقوت ئەکات، ئەگەڕێتەوە بۆ وەزارەتی دارایی عێراق، بەلام شکور بۆ خوا تائێستا ئێمە ئەوەمان نەبووە، چونکە هەر خەرجیمان زیاتر بووە لەچاو عێراقدا، عێراق بەهۆی باری ئەمنیەوە دائیمەن وەفری هەیە، بەلام کوردستان بەو ئاسایشەی کە تێیدایە، توانیویەتی خەرجیەکانی خۆی بە شێوازێکی باش لە بواری پرۆژەو موچەدا خەرج بکات، ساڵی وا هەیە $(10)$ملیار یان$(5)$ملیار زیاد ئەبێت یەکسەر لێمان وەرئەگرنەوەو ڕەوانەی ئەکەین، بەڕێزێکی تر باسی ئەوەی کرد ئەڵێت لیستەکان لیستێکی سادەو ساکارن کە دێنە بەردەستی پەرلەمان، من حەز دەکەم بە بەڕێزتان ڕابگەیەنم گەورەترین ڕێکخراوی جیهانی عەقدی لەگەڵ عێراقدا کردووە، ئەم لیستی بودجانەی کە ئێستا ئامادە کراوە، کە ئێمە پڕی دەکەینەوە هەتا دوێنێش بەڕێزێك لە ڕادیۆدا باسی کردووە، کە ئەمە لە بودجە ناچێت، ئەمە تازەترین نیزامی عالەمیە بۆ ئامادەکردنی بودجە، بەڵێ بودجە جۆری هەیە، مەسەلەن بودجەی سفری هەیە، بودجەی (اداء) هەیە، ئەمەش هەیە کە ئێستا ئێمە لەسەری ئەڕۆین، ئەو بودجەی کە ئێستا ئێمە لەسەری ئەڕۆین تازەترین نیزامە و باشترین نیزامیشە بۆ دانانی بودجەی حکومەت، لەبەر ئەوە لەسەر ئەو نیزامە ئەڕۆین بڕواش ناکەم لیستەکە سادەو ساکار بێت و هیچ کەموکوڕییەکی تێدا نیە، بەڕێزێکی تر باسی یەکەی نیشتەجێبوونی کرد، جەنابی کاك عەدنانیش جوابی دایەوە، کە لەهەولێر هەیە، لە سلێمانیش شوقەکانی ڕاپەڕین وزێڕینۆك بە دوو دەفتەرو پانزە وەرەقە یان دە وەرەقە دابەشکران، بە قسیتی $10$ساڵ لە فەرمانبەران وەردەگیرێتەوە، دوێنێ ئەندامێك باسی موراقەبەی خەرجی عێراقی کرد، من حەز دەکەم ئەو بەڕێزە بزانێت داهاتی عێراق ئێمە بۆمان هەیە موراقەبەی بکەین، لە ڕێگای ماددەی $106$وەیە وابزانم کە دەبێ هەیئەیەکی موراقەبەی واریدات لە عێراقدا دابمەزرێت، ئەو هەیئەیە دڵنیا بێت لەهەموو داهاتێك کە دێتە عێراقەوە، چ لەدەرەوە چ لەناوەوە، ئەو بەرپرسە لە تەحدید کردنی داهات بۆ دەستنیشان کردنی $17\%$ی کوردستان، بەلام لەدەستووردا کە ئێمە پابەندین بە دەستوورەوە، وەکو کورد خۆمان دەنگمان بۆداوە، شتێکی وای تێدا نیە کە ئێمە موراقەبەی خەرجی عێراق بکەین، بەڵکو دیوانی چاودێری دارایی عێراقی کاری سەرەکی ئەوەیە، کە ڕەبتە بە پەرلەمانی عێراقەوە، ڕاپۆرت بدات لەسەر خەرجیەکانی عێراق و دەستنیشانی کەموکوڕییەکەی بکات، کە نوێنەری خۆشمان بە تەئکید لە پەرلەمانی عێراقدا هەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز کاك ڕەشید ئیزافەت هەیە، فەرموو.

**بەڕێز رشید طاهر( بریکاری وەزارەتی دارایی:)**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دوێنێ هەندێ لەبرادەران چەند پرسیارێکیان کرد، کە پێویستە ئەوەی ماوە وەڵامیان بدەینـەوە، یـەکێکیان : باسی ئالیەتی جێبەجێکردنی بودجەو تەمویلی بودجە کەلەبەغداد چۆن دێتە هـەرێمی کوردسـتان، جـەنابی وەزیر باسی کرد کەپاش تەمویل کردنـی بودجـە لـە عێراقـەوە، ئێمـە مانگانـە نووسـراو لـە وەزارەتـی دارایـی لەهـەولێر دەکرێـت بـۆ بەغـداد، دوو نوێنـەریش لەسـەر حسابی هـەرێمی کوردسـتان لـەناو وەزارەتـی دارایـی عێـراق هـەن و دەوام دەکـەن کـە موتابەعـەی نووسـراوەکانمان دەکـەن، لـە دەوائیرەکـانی وەزارەتـی دارایـی و وەزارەتـەکانی تـری عێـراق، ئـەو پـارەی کـە دێت و موافەقـەت دەکرێـت، ڕاسـتەوخۆ دێـتە بـانکی مەرکـەزی هەولێر کە دوو حیسابمان هەیە، بەناوی وەزارەتی دارایی، یـەکێکیان :حسابی بودجـەی جارییـە، دووەمیـان : حسابی خوتەیە، بەڵام ئەو پارەی دێت کە حسەی ئێمەی تێدایـە هـی مانگانـە، تەبعـەن بـەو حسـەش دابـەش دەکرێت بۆ سێ قۆناغ، زۆرجاریش قۆناغەکان بە مانگ تـەواو دەبێـت بـەس هێشـتا ئـەو پارەیـە نەگەشـتوەتە هـەرێمی کوردسـتان، ئێمـەش وەکـو حکومـەتی هـەرێم ئیشـەکانی خۆمـان بەتایبـەتی موچـەی فەرمانبـەران دابەشکردووە لەسەر مانگ، لە $1$مانگ تا $5$مانگ کەسوکاری شەهیدان و دەزگای ئەیلول ، لە $6$تا $10$مـانگ چاودێری کۆمەڵایـەتی و فەقیرانـە، چونکە هـەموو پارەکانمـان لـە بانکـە لـە $14$یـان $15$ی مـانگ موچـەی فەرمانبەران دەست پێدەکات، کە بوو بە $1$مانگ کەسوکاری شەهیدانی تەقاعود دەچن لەپێش دەرگـای بانـك ڕادەوەستن پارەی خۆیان دەوێت، ئەو نازانێت کـە پـارە لـە بەغـداد هـاتووە یـان نـەهاتووە، ئـەو پـارەی خـۆی دەوێـت، ئیزدیحـام دروسـت ئـەکات ئێمـەش مـەجبور دەبـین پـارەی بـۆ سـەرف بکـەین، دائیمـەن لـە حساباتی وەزارەتی مالیە زۆربەی مانگەکان سورە لەبانك لەبەر ئەو سەبەبانە، کە سورە ئـەڵێم ئـەو ئەمانـەتی دەوائـیر وهی ئەشخاص ئێمە سەحب دەکـەین وپارەکـەیان سـەرف دەکـەین، جگـە لـە مەشـاکیل کـە دوێنـێش جـەنابی وەزیر و خۆشم باسمکرد، کە تەمویلی مانگانە وتم ئێمـە لـە مـانگی $6$بـوو ئێمـە سـەفەری بەغـدادمان کـرد، مانگی $5$لە ڕاتب تەنها ($184$)ملیار بۆ ئێمە نارد ، کە بەشی هەولێر بەتەنها ئەکات، بەشی سلێمانی ناکـات، جگە لەوەش بودجەی ئیستسماری کە تا ئەم کاتەش بەخوتەی تەنمیەی ئەقالیمیشەوە ($234$)ملیـار هـاتووە، ئـەوە مەشـاکیلە لـە مەشـاکیلەکانی ئێمـە لەگـەڵ بەغـداد کـە پـێش ماوەیـەك کۆنفرانسـێك کـرا لـە هـەولێر، وەزارەتـی پلانـدانان و وەزارەتـی مالیـە و هـەموو وەزارەتـەکان و ئەنـدامانی پەرلـەمانیش هـاتبوون، لەگـەڵ وەزارەتـەکانی بەغـدادیش، بـەس بەداخـەوە وەزارەتـی مالیـەی عێراقـی نـەهاتبوو، (u.n.d.p)و سـندوقی نەقـدی نێودەوڵـەتیش، بۆیـە زۆر تەئکیـدمان کـرد، کـە بـۆ حکومـەتی هـەرێمی کوردسـتان و حکومـەتی بەغدادیش ئالیەتێك دروست بکەن، بەتایبەتی ئەو دەوڵەتانەی کە نیزامی فیدرالیەتیان هەیە، ئەو نیزامە لە عێراق بەکاردێت، تەحدیدی واجبـاتی هـەرێم بکرێـت، هـی واجبـاتی مەرکـەز بکرێـت، بـا بـەو ئالیەتـە ئـیش بکـەین، ناکرێـت سیاسـەت تەئسـیر لـە موچـەی فـەقیرو هـەژار بکرێـت، یـەعنی زروفێکـی سیاسـی لەمابـەینی حکومەتی هەرێم وحکومەتی بەغداد دروست ببێت، پـارە لـە بەغـداد تـەئخیر بکـەن، موچـەی فـەقیرو هـەژار تـەئخیر بکـەن، ئـەوە داوای ئێمـە بـوو، ئـەوانیش پشـتگیریان لـێ کـرد، لـە حکومـەتی هـەرێمی کوردسـتانیش سندوقێکیان بۆ دروست کرد، کە حکومەتی خۆشمان بـە بـڕی ($500$)هـەزار دۆلاری بەشـداری تێداکرد، کـە

ئەوانی تریش 4ملیار دۆلاریان داوە، ئێمەش بەردەوامین لەگەڵ وەزارەتی پلاندانان، بەڵکو ئەو ئالیەتە دروست بکەین لەگەڵ وەزارەتی بەغداد، نیسبەتی ئیرادات کە باسکرا، ئێمە مانگانە بۆ مانگی شەش ئەگەر مراجعەی میزانیەی مانگی 5ی بۆ نەبەم چ بەڕاست چ بەدرۆ بۆ بەغداد نەبەم تەمویلی مانگی شەشم ناداتێ، دەبێ میزانیەی موڕاجعەی بۆ بەرم بڵێم ئەوە ڕاتبمە، ئەوەندەم مەشاریعە، ئەوەندەش پارەم لە بانك ماوە، یەعنی موعامەلەی پارێزگایەك لە پارێزگاکانی میسان و بەصرەو ئەنبار لەگەڵ هەرێمی کوردستان دەکەن، زۆرجار لە موناقەشاتی ئێمەدا حەتا سەرۆکی حکومەت و هەردوو وەزیری دارایی بەڕێز کەهاتنە بەغداد تەئکیدمان لەسەر ئەو مەوزوعە کردووە، هەتا ئێستا هیچ نەتیجە نەبووە، کە ئیرادات دەدەین بە بەغداد، ئیرادات لە قانونی موازەنە ئەڵێت (الایرادات الاتحادیة المستحصلة)ئێستاش بۆ وەزارەتی دارایی حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕوون نەبووەتەوە کە ئیراداتی ئیتیحادی کامانەن، بەڵام ئێمە گومرگیان دەدەینێ، ڕسوماتیان دەدەینێ، زەرائیبیان دەدەینێ، ئەو ئیراداتانە هەندێکیان دەدەینێ، یەعنی لای ئەوانیش و لای ئێمەش هەر وازح نیە، ئێستا ئەوە موعەلەق ماوە، برادەرێکی تر پرسیاری کرد و وتی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئیحتیاتاتی هەیە، یان نیەتی، ئەگەر خوانەکات کارەساتێك یان ڕووداوێك ڕووی دا، نەخێر حکومەتی هەرێمی کوردستان هیچ ئیحتیاتێکی لەبانك نیە؟ ئەو ئیحتیاتەی کە لە بانکی مەرکەزی عێراقی فیدڕال هەیە، ئێمە مەعلوماتمان نیە، بەس ئەڵێن لەسەرەوەی (40)ملیار دۆلارە، هیچ لە هەرێمی کوردستان نیە؟، بەڵام ئەو ئیحتیاتەی کە ئێمە ساڵانە بودجە تەقدیم دەکەین ئیحتیاتێکمان داناوە بۆ حاڵەتی لەناکاو یان ئەوانەی لە پێش چاون، ئەم ساڵ مەبلەغێك دیاریکرا لەناو بودجەی ساڵی 2009کە ) (312ملیار دینارە، دوێنێش برادەرێك باسی میلاکاتی کرد، میلاکاتیش لە زمنی بودجە هەیە، هەندێ دەرەجاتی شاغریشیان داناوە بە تایبەتی ئەو دەرەجانەی کە وەزارەتەکان پێویستیان پێی هەیە، ناکرێ تۆ ئەو حوکمەتە ڕابگریت و تەعینات نەبێت، بەتایبەتی لە تەربیەو لە خوێندنی باڵاو لە تەندروستی و ئەوانی تر، بەتایبەتی دەرچووی کۆلێژەکان، بەشێوەیەکی هەمیشەیش تەعینات هەر هەیە، نزیکەی (15)هەزار لە وەزارەتی پەروەردە موافەقەتی کردووە کە تەعینیان بکات بۆ ساڵی 2009، بە نیسبەت داهاتیشەوە حکومەتی هەرێمی کوردستان هیچ داهاتێکی نیە؟ جگە لەو مەبلەغەی کە دیاری دەکرێت لە بەغداد ئەویش ئەگەر بەتەواوی بگات و مەشاکیلمان بۆ دروست نەکەن، چونکە ساڵی (260) 2008ملیار لەو پارەی کە لەبەغداد

دیاریکراوە ئێستا حجزە لەبەغدادو لە مفاوەزاتیش بەردەوامین تا بزانین دەماندەنەوە یان ناماندەنەوە، لە دواین سەردانمان بۆ بەغداد وەعدیان داوە کە بماندەنەوە، بەڵام داوای هەندێ مەعلوماتیان لێ کردووین، یەکێکی تر لە ئەندامان باسیان کرد، کە زۆرینەی بودجەی حکومەتی هەرێم بۆ وەزارەتی ناوخۆیە، بەڵام بودجە بەپێی ڕێژە زۆرینەی بۆ وەزارەتی پەروەردەیە، ئەگەر تەماشای میزانیەی وەزارەتی پەروەردە بکەین، ئەگەر بەنیسبە دەریبهێنین لە 89%ی بۆ موچەی فەرمانبەرانیەتی، بەڵام هی وەزارەتی ناوخۆ ڕاستە ئێستا هەردوو وەزارەت بووە بەیەك، بەڵام کە ئێمە تەقدیممان کرد هەردوو وەزارەت ئەو کاتە یەکیان

نەگرتبوویەوە، لەبەر ئەوە دوو وەزارەت هاتووە، بەڵام ڕێژەکەیان لەسەرەوەی لە 13%یە، لەبەرئەوە ناکرێ تۆ ئەمن و ئاسایش ڕاستە بەرقەرارە، ئەگەر ئیدامەی نەبێت و پارەی نەبێت و سەرفیاتی بەردەوامی نەبێت، ئەو تەقینەوانەی کەوا لەبەغداد و جنوبن دێنە هەرێمی کوردستان، دوایش ئەمن وئاسایشی هەرێمی کوردستان تەنها پارێزگای هەولێر وسلێمانی و دهۆك نیە؟، لە شنگار دەست پێدەکات هەتا لە خانەقین دەردەچێت، ئەمن و ئاسایش هەمووی عائیدی هەرێمی کوردستانە، یەعنی ئەو پارانە هەمووی لەو جێگایانە سەرف دەکرێت، باسی خانووبەرە کرا، لە هەولێر جگە لە سولفەی عەقار تەبعەن هەندێ شوقەش دروستکراوە، شوقەکانیش نزیکەی (350)شوقەن، ئەوانیش دابەشکراون، بەشێکیان دراوە بەکەسوکاری شەهیدان، کە ئەویش بەبێ بەرامبەر پێیان دراوە، ئەوانی تریش بە (9)هەزار دۆلار دراوە (3)هەزار پێشەکی دراوە، (6)هەزارەکەی تریش مانگانە (50)دۆلاری لێ وەردەگیرێت، ئەویش بە هاووڵاتیان دراوە ئەوانەی کەوا مەرجیان تێدا هەیە بەشێوەیەکی گشتی، هەندێ شوقەش ماوە لە قۆناغی جێبەجێ کردنن، هێشتا تەواو نەبوو، ئیتر سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك دکتۆر کەمال قسەی هەیە، فەرموو.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د.کەمال کەرکووکی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەر بۆ زانیاری زیاتر ئیحتیاتی پارەی عێراق لە ناو عێراق و لەدەرەوەش بە وەسائیق هەیە، نزیکی (55) ملیار دۆلارە، ئینجا نازانم وەزارەتی دارایی ئێمە چەند لەو مەعلوماتە ئاگادارە، ئەمە تەنها بۆ ئاگادارییە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سۆزان خان، نوقتەی نیزامیت هەیە، فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە دوێنێوە ئێمە موخالەفەی خاڵێکی پەیڕەوی ناوخۆ ئەکەین، ئەویش ماددەی (53)یە کە ئەڵێت)لأعضاو مجلس الوزراو حچور جلسات المجلس والمشاركه في مناقشاته ولا يشترك في التصويت من لم يكن منهم عچواً فيه ولهم استصحاب كبار موڤفى وزاراتهم للاستعانه بهم باژن من الرئيس دون ان يكون لهم حق الكلام(هەردوو بریکاری بەڕێز لە دوێنێوە قسە دەکەن، دەبوایە بخرایەتە دەنگەوە، بۆ ئەوەی بەدەنگدان بوایە و شتەکە شەرعی بوایە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوە باسمان کرد، سۆزان خان چونکە ئەوە میزانیەیە، بودجەش گرنگە و وردەکارییەکان پێویستی بە هەردوو بریکار هەیە، لەبەر ئەوە سەرۆکایەتی قەرارمانداوە کە ڕێگایان پێبدەین کە هەردوو بریکار قسە بکە، پێش ئەوەی بێنە ئێرە، کوێستان خان، فەرموو.

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من سێ پرسیارم هەیە، ئەگەر یارمەتیم بدەن لەسەر زەوئی وەلامدانەوەی ئەو بەڕێزانە بێت، ئەگەر ڕێگام بدەن، پرسیاری یەکەم :ئەپرسم ئەو وەزارەتی داراییەی کە ئێستا لە سلێمانی وەزارەتی دارایی هەیە، تەشکیلەی خۆی هەیەو دەوامیش دەکەن، ئەوە بۆ ماوە؟، دووەم :ئەوەندەی کە من ئاگادارم ئەو شوقانەی کە لە سلێمانی دروستکراون، لەسەر بڕیاری (986)دروستکراون، تەسەور ئەکەم ئەوەی هەولێریش هەر وابێت، ئایا ئەمە ئەکرێت بفرۆشرێت بە هاووڵاتیان؟، سێیەم :بودجەی تەکمیلی ئێمە نالێین حکومەت سەرفی نەکردووە ئەوە ئەزانین، بەڵام من لە یاساییەکان ئەپرسم ئەبوایە پەرلەمان پێش ئەوەی پەسەندی بکات ئەوان سەرفیان بکردایە؟، چوارەم :مەسەلەی بودجەی ئیحتیاتیە، ئەو بەڕێزانە ئەڵێن حکومەت هیچ بودجەیەکی ئیحتیاتی نیە؟، تا چەند ئەمە خەتەرە لەسەر حکومەتی هەرێم، ئەگەر مانگێك حکومەتی مەرکەزی بودجە بۆ ئێمە نەنێرێت ئەم حکومەتە مەسیری بەچی ئەگات؟، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

یەکەم شت ئێمە هەرێمێکین لە عێراقدا، نەبۆمان هەیە پارە تەبع بکەین، میزانیەشمان لە بەغدادەوە بۆ دێت، چ ئیحتیاتێکیش هەبێت دەبێ بگەڕێتەوە بۆ بەغداد، ئەوەتا شەرحیشی کرد وتی، ئەگەر بودجەیەك پاشماوەکەی بمێنێتەوە و پرۆژەکە جێبەجێ نەکەین پارەکە دەگەڕێتەوە بۆ بەغداد، لە چ حاڵەتێکدا ئەتوانین من لەجیاتی ئەوان جوابت دەدەمەوە، واتە چۆن ئەتوانین وەفرمان هەبێت، بۆیە هەر بەپەلە دەبێ پارەکە سەرف بکەین بۆ ئەوەی نەگەڕێتەوە، ئەگەر پارێزگاکانی تر بە کەرکوکیشەوە تەماشا بکەین، نەیانتوانیوە پرۆژەکانیان جێبەجێ بکەن نیوەی پارەی 2007و 2008یان گەڕاوەتەوە بۆ بەغداد، کاك شێخ بایز و کاك عوسمان وەڵامی پرسیارەکانی کوێستان خان بدەنەوە، فەرموو کاك عوسمان.

**بەڕێز عثمان شوانی(وەزیری پلاندانان):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یەکەم :سەبارەت بە دروست کردنی ئەو شوقانەی کە کوێستان خان باسی کرد، ئەم شوقانە لەسەر میزانیەی

حکومەتی هەرێمی کوردستان لەدوای ساڵی 2004ەوە دروست کراون، چ لە هەولێر وچ لە سلێمانیش

میزانیەکەشی مەوجودەو ناوی پرۆژەکەش مەوجودە، هیچ پەیوەندی بە میزانیەی (986)وە نیە، بۆ

(986)ئێوە هەمووتان دەزانن کە کۆتایی پێهات لە رۆژی 22/11/2003وە، یەعنی هاند ئۆڤەر کرا لەناو

ئەم پەرلەمانەوە، بەتەواوەتی (U.N)دەستی کێشایەوە لە عێراق و لە هەرێمی کوردستان، وە هیچ

پەیوەندی بەم پرۆژانەوە نیە کەلەدوای ساڵی 2003دروست کراون، دووەم :سەبارەت بەمەسەلەی ئەو

نیسبەی ئینجازانەی کە جەنابت باستکرد، من تەقریرێك هەیە حەز دەکەم بیدەم بە هەموو برادەران،

کەلەلایەن وەکیل وەزیری مالیەی کۆنی عێراق دکتۆر کمال بەصری کە تەقدیمی هەرێم کراوە، نیسبەی

ئینجازەکانی نووسیوە، ئەڵێت تەنها هەرێمی کوردستان توانیوویەتی لە ساڵی 2007و 2008بەتەسەلسول

لە 100% _ 98,9%میزانیەکەی جێبەجێ کردووە، عێراق لە ساڵی 65%( 2007)ی بودجەکەی

جێبەجێ کردووە، ئەو باسی بودجەی ئیستیسماری دەکات، لە ساڵی 2008یش 70%ی جێبەجێ کرد، بۆیە

ئێمە هیچ ئیحتیاتێکمان نەماوەتەوە لە هەرێمی کوردستان، ئەگەر ئیحتیات هەبێت وەکو ئەو پارەی کە

برادەران کاک رەشید و کاک دڵشاد ئیشارەتیان پێدا لەوێ هەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، سەبارەت بە پرسیارێك کە دوێنێ کاک عوسمان کردی، پەیوەندی بەوەزارەتی داراییەوە نیە؟،

بۆیە لە جوابی هەر سێ بەڕێزەکەدا نەبوو، ئاراستەی کاک عوسمان شوانی دەکەم بۆ ئەوەی وەڵامی بداتەوە،

بەو ئیعتیبارەی کە ئەندامە لە لیژنەی نەوت، لە قسەکانیدا وتی سیاسەتی نەوت کێ بەڕێوەی دەبات،

پەرلەمان ئاگادار نیە؟، من نامەوێت قسەکان من خۆم بیکەم، چونکە زۆرجار کردوومە، بۆ ئەوەی دووبارە

نەبێتەوە، بۆیە ئەندامێکی لیژنەی باڵا کەلەم پەرلەمانەدا دانرا بۆ لیژنەی نەوت و غاز، خۆشتان دەنگتان

بۆدا، کە لیژنەیەکی باڵا دەبێت بۆ بەڕێوەبردنی سیاسەتی نەوت و غاز لەهەرێمی کوردستان، بریتیە لە

سەرۆکی حکومەت و جێگرەکەی و وەزیری دارایی و وەزیری پلاندانان و وەزیـری سـامانە سروشـتیەکان کـاك عوسمان ئەندامە لەو لیژنەیەدا، بۆیە حەز دەکەم ئەو ڕوونکردنەوە بدات، فەرموو کاك عوسمان.

**بەڕێز عثمان شوانی(وەزیری پلاندانان):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆر سوپاس، وەکو جـەنابت ئیشـارەتت پێـدا، لیژنـەی بـاڵا هەیـە کـە پێکهـاتووە لـەو بەڕێزانـەی کـە جـەنابت ئیشارەتت پێدان، کۆبوونەوەی دەورییمان هەیە، هەموو مانگێك جارێك دادەنیشین ئەو پێشهاتانەی کـە دێنـە پێشەوە پێشکەش دەکرێن بە وەزارەتی سامانە سروشتیەکان، وەزارەتی سامانە سروشتیەکان هەموو مفاوەزات و شتەکانی تر ئەنجام دەدات، کورتی دەکاتەوەو لە پوختەیەکدا دەیهێنێت بـۆ لیژنـەی بـاڵا، لـە لیژنـەی بـاڵادا بڕیار لەسەر ستراتیژیەتە ئەساسیەکە دەدەرێت کە چۆن عەقد لەگەڵ ئـەم کۆمپانیایانـەدا دەکرێـت؟، هـەموو ئەو عەقدانەی کە کـراون، لەسـەر یـەك ئیتـار کـراون، ئیتارەکـەش بریتیـە لـەوەی کـە ئـەم عەقـدەی کـە پـێ دەوترێت (P.S.A)بەشەراکەتە، کە ئەم شـەراکەتە دەبێـت هـەموو تەفصـیلاتەکەی تێدایـە، ئـەم شـەریکەیە چەند پارە سەرف دەکـات؟، لـە مـاوەی چـەندایە؟، ڕێـژەی چـەندی هەیـە؟، چـەند ئەمێنێتـەوە؟، زۆرجـاریش پرسیار دەکرێت لەسەر ئەوەی کە ئەم شەریکانە چۆن پارەکـەی خۆیـان وەردەگرنـەوە؟، ئەمانـە هـەمووی لـە عەقدەکەدا بەوازحی هـاتووە، پرسـیارێك دێتـە پێشـەوە کـە زۆرجـار دەکرێـت، بەشـێك لـە کۆمپانیاکـان پـارە دەدەن، وەکو کۆمپانیای (تەلیسمان) کە لـەمانگی ڕابـردوودا ئیعلانمـان کـرد، (200)ملیـۆن دینـاری داوە بـۆ ناوچـەی گـەرمیان، ئـەم پارەیـە تایبەتـە بـەو ناوچـانەی کـە ئـەو شـەریکانە ئیشـی تێـدا دەکـەن، چـونکە لـە ئەنجامی ئیشکردنی کۆمپانیای نەوت، زەرەر بە بیئەو ژینگەی ناوچـەکە دەگەیەندرێـت، ئـەبێت تـەعویزێك بـدات بەخـەڵکی ناوچـەکە، ئـەو تـەعویزەش دوو بەشـە، بەشـێکیان بریتیـە لـە پرۆژەکـانی ڕێگـاو بـان، ئـاو، قوتابخانـە، نەخۆشـخانە، هـەر پرۆژەیـەك کـە حکومـەت لەگـەڵ شـەریکەکە ڕێـك دەکـەوێت وەکـو ئـەوەی (تەلیسمان)کە ئێمە ڕێکمان خستووەو دابەشمان کردووە بەسەر چوار سێکتەردا، یـەکێکیان :هـی خـانووە بـۆ ئەنفال و کەسوکاری ئەنفال، (1500)خانووی تێدا دروست دەکـەین، دووەمیـان :بریتیـە لـە ڕێگـاو بـان کـە کۆمـەڵێك ڕێگـاو بانـە لەناوچـەکەدا، سـێیەمیان :قوتابخانەیـە، چـوارەم :پرۆژەکـانی ئـاودێر وئـاوو بـیرە

لەناوچەکەدا، بەهەمان شێوە بۆ ناوچەکانی تریش، بەلاّم هەموو پارەکان شەرت نیە گەیشتبن، چونکە دەست پێکردنی ئەم عەقدانە مێژووی هەیە، کەی پارەکان دەفع دەکەن؟، چۆن ئەم پارە دێتە کوردستان؟، دوای ئەوە ئالیەتی تەحویل کردنەکە لەگەڵ وەزارەتی مالیە ڕێکخراوە، چۆن ئەم پارەیە بگەڕێتەوە، بۆیە هەموو عەقدەکان کەکراون لە هەرێمی کوردستان تاکو ئەگاتە ڕۆژی $6/1$کەڕۆژێکی مێژووییە، لە ناردنە دەرەوەی نەوت لە هەرێمی کوردستان، هەموو عەقدەکان ئێمە بینیومانە، لیژنەکەش بینیویەتی، هەمووشی ئیمزای لەسەرە، مەحزەریش هەیە مەحزەرەکەش ئیمزای پێنج ئەندامی لەسەرە، هی سەرۆکی ئەنجومەن و جێگرەکەی و سێ وەزیریش، کە هی دارایی و پلاندانان و سەرچاوە سروشتیەکانە، هەر تەوزیحێکیشیان بوێت ئێوە دەتوانن وەزیری سەرچاوە سروشتیەکان بانگ بکەن بۆ ئێرە، من بانگ بکەن، ئێمە ئامادەین بۆ هەر ڕوونکردنەوەیەك و هەموو تەوزیحێك سەبارەت بە شەفافیەتی عەقدەکان، ڕاستە کێشە هەیە لەنێوان ئێمەو عێراقدا، ڕاستە ئەم کێشانە گەیشتووەتە قۆناغێك کە وای لێهاتووە زەرەرەکەی لەهەموو عێراق داوە، چونکە بە بەڕێکردنی یاسای نەوت لە هەرێمی کوردستان ئێوەی بەڕێز واتان کرد کە هەرێمی کوردستان لە قۆناغێك بپەڕێتەوە بۆ قۆناغێکی تر کە ئەویش قۆناغی بەرهەم هێنانی نەوتە، عێراق چ ئیستیفادەیەکی کرد لەوەی کە ڕێگای نەدا ئەم عەقدانە بکرێت، تەنها لەوە نەبێ کە $(8)$ملیار دۆلار سەرفکراوە نەتوانراوە $(50)$هەزار بەرمیل ئیمکانیەتی تەصدیری عێراق زیاد بکرێت، ئێمە دەتوانین لەماوەیەکی زۆرکورتدا، ئینتاجی نەوت$(100)$هەزار بەرمیل ئیزافە بکەین بیبەینەوە ناو بۆڕیەکانی نەوت، کە عێراق تەصدیری دەکات بۆ دەرەوە، تەبعەن هەموو داهاتەکەشی بۆ عێراقە، ئێمە لە میزانیەی عێراق $17\%$وەردەگرین، بەرزکردنەوەی ئیمکانیەتی نەوت بەپێی ئەم عەقدانەی کە ئێمە کردوومانە، ئەمە بونیەیەکی تەحتی گەورە بۆ ئابوری کوردستان دروست دەکات، جگە لەمەش کۆمەڵێ عەقدمان هەیە ئەویش مزگێنیەکە بۆ خەڵکی کوردستان، ئەویش عەقدی دروستکردنی مەسفایە، ئەم مەسفایانەش کە دێنە کایەوە ئەو کات هەرێمی کوردستان لەبواری تاقەدا، لەبواری سوتەمەنیدا ئەبێتە خاوەنی ئیمکانیەتێکی گەورە، بەهەمان شێواز کراوە ئەو شێوازەی کە یاساکەی پێدەرچووە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، كاك عوسمان ئێستا ئێمە دێینە سەر ئەو پرسیارەی دوێنێ، باشە كاك عوسمان بانی مارانی پرسیارەكەت چی بوو، بەس پرسیارەكە، فەرموو.

**بەڕێز عثمان عبدالله قادر(بانی مارانی):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من باسی ئەوەم كرد، ئەو عەقدانەی كە لەهەرێمی كوردستان كراوە، پێش ئەوەی ئەو لیژنەیە دروست بێت بە ئێستاشەوە، كێ ئیمزای لەسەر كردووە؟، ئایا حزب، حكومەت، ئەو دەسەڵاتانەی لەناو حكومەت هەیە، كە كۆمپانیای كەرتی تایبەتیان هەیە، كێ ئیمزای لەسەر كردووە؟، دوو :ئەو شیرییینیەی كە (300 -250) ملیۆن دۆلار بۆ كوردستان وەرگیراوە لە كوێیە؟، پرسیارەكانی من ئەوە بوو، ئەو نەوتەش كە لە دوو ساڵی ڕابردوو فرۆشراوە پارەكەی هاتووەتە خەزێنەی حكومەت یان نەهاتووە؟، داواكارم وەڵامی ئەو پرسیارانەم بدەنەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك عوسمان شوانی، فەرموو.

**بەڕێز عثمان شوانی ( وەزیری پلاندانان):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

زۆر سوپاس، سەبارەت بە ئیراد، ئێمە وەكو باسمان كرد هیچ ئیرادێكی نەوت نایەتەوە كوردستان، نەوتیش نەڕۆشتووتە دەرەوە، ئەوەی كە باسكرا كە نەوت دەڕوات ئەوە بریتی بوو لەو نەوتە ڕەشەی كە لە عێراقەوە فائیزە لە مەسفای بێجی ئەتوانن هەمووتان تەئكید لەو مەعلوماتە بكەن، لەسەر وێب سایتی وەزارەتی نەوت هەیە، كە بریتیە لە فرۆشتنی نەوتی ڕەشی موتەبەقی لە بەقایەی مەسفا، ئەم مەسفایە لەعێراقدا یان ئەبێ دووبارە بخرێتەوە ناو بیرە نەوتەكان، یان ئەبێ بڕواتە دەرەوە، ئەو ڕۆشتنە تەنها ئەوە بووە، كەڕۆشتووەتە دەرەوە، ئەوەی كە ئەمساڵ ئەڕوات بریتیە لەو نەوتەی كە ئەچێتە ناو بۆریە نەوتەكان، وە هیچ پەیوەندیەكی نە لەفرۆشتنی نە لە عەقدەكەشی بە هەرێمی كوردستانەوە نیە؟، پەیوەندی بەشەریكەی سۆمۆوە هەیە، سۆمۆ ئەیفرۆشێت، ئەوی تر دوو عەقد هەیە كە پێشی دەركردنی یاسای نەوت كراوە،

یەکەمیان ئەوەی تەقتەق ئەوی تریان ئەوەی دییەلۆیە، هەر دوو عەقدەکە هێنراونەتەوە بۆ لیژنەی باڵای نەوت، دووبارە تەعدیل کراوەتەوە، بەپێی ئەو مەرجانەی کە موعامەلەکراوە لەگەڵ هەموو کۆمپانیاکانی تر، ئەم عەقدانە هەردووکیان تەعدیل کراونەتەوە، پێشتر ڕاستە عەقد کراوە بەس لەلایەن حزبەوە نەبووە، عەقد کراوە دوو ئیدارەش هەبووە، یەکێك سلێمانی و ئەوی تریش هەولێر، لەلایەن ئەم ئیدارانەوە کراوە، بەڵام هەردوو عەقدەکە تەعدیل کراونەتەوە، بەپێی مەرج و زەوابتی پەیڕەوکراو لەیاسای نەوت، مەسەلەی شیرینیش ئەوە بوو کە باسم کرد، بریتیە لە بۆنەس، ئەویش ئەو پارانەیە کە هی شەریکەی تەلیسمان کە داوییەتی، بەهەمان شێوە ئەوانی تریش تەبعەن ئەمە بەقۆناغ دەدەرێت جەنابی سەرۆکی پەرلەمان، ئەوەش تازەیەو ئەو دوو عەقدە کۆنە، بۆنسی تێدا نیە، ئەم عەقدە تازانە هەمووی تازە کەوتوونەتە گەڕ، هەمووی شەرت نیە کە تۆ دەڵێیت بلۆکی فلان کەس دراوە بە شەریکەیەکی کۆری مەسەلەن شەریکەی هێرتس، هەمووی دەستی بەکار نەکردووە تا دەست بەکار نەبێت، پارە دەفع ناکات ئەم عەقدەی کە پارەکە درا هی تەلیسمان لەبەر ئەوەی شەریکە زۆر زووتر دەستی بەکار کرد، لە ناوچەی شاکەلە، بۆیە زووتر پارەکەی دەفع کرد، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، وەڵڵا ئەو مەوزوعە بەسە، تەواو، ئاخر خۆ ناکرێت بیکەین بە پرسیارو جواب، دوێنێ قسەتان کردو ئەمڕۆش وەڵامتان درایەوە، پەرلەمان سیستەمی هەیە، ناکرێ بیکەین بە پرسیاری لابەلا، جەنابت پرسیار بکەیت وئەوانیش وەڵام بدەنەوە، بەو شێوەیە دانیشتن بەڕێوە ناچێت، لەبەر گرنگی میزانیە ناکرێ بەو شێوەیە موناقەشە بکرێت، ئێمە بەرنامەکەمان لێ تێك دەچێت، ئێستا دێینە سەر ئەو پێشنیارەی کە ژمارەیەك لە ئەندامانی پەرلەمان کردیان، فەرموو دکتۆر دلێر قسەت هەیە.

**بەڕێز د .دلێر اسماعیل حقی شاوەیس:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەشێك لەو پرسیارانە ئاراستەی لیژنەی دارایی و ئابووری کرابوو، ئەگەر ڕێگا بدەن ئێمە جواب دەدەینەوە، من لێرەدا هەندێ تێبینیم نووسیوە، گێلاس خان باسی خاڵی چوارەمی کرد کە ئێمە ئیشارەتمان بەوە داوە

بودجەی وەزارەتەکان یەکنەخراوە، بەڕاستی لە لیژنـەی دارایـی و ئـابووری بەتـەما بـووین کـە ڕاپۆرتەکـەمان بەو شێوە بخوێنینەوە، جگە لەوەش سەرجەم خۆلاصەی بودجەکەش بخوێنینەوە، کـە هـەر وەزارەتـەو چـەند بودجەی تەشغیلی و چەندی ئیستیسماریەکەیەتی، ئێمە لەخوێندنەوەی ئەوەدا بودجەی ئەو وەزارەتانەی کە یـەکیان گرتووەتـەوە، یـەکمان خسـتووە، بـەس بەداخـەوە سـەرۆکایەتی پەرلـەمان ڕێگـای نـەداین کـە ئـەوە بخوێنینـەوە، ئەگینا ئێمە یەکمان خستووەو پێشمان خۆشە لێرە دەنگ بدرێت کە ئەو بودجانە یـەك بخرێـت، بۆ نموونە دوو بودجە نەبێت بـۆ وەزارەتـی نـاوخۆ و وەزارەتـی هـەرێم بـۆ کاروبـاری نـاوخۆ، یـەکێك بێـت و ئێمەش یەکمان خسـتووە، چـاودێری داراییمـان یـەك خسـتووە، دەزگـای ئاسایشـمان یـەك خسـتووە، وەزارەتـی داراییشمان یەك خستووە، ئێمە داوا دەکەین و پێشمان باشە بەو شێوەیە دەنگی بۆ بدرێت، کـاك غـەفور باسـی ئەوەی کرد کە هەندێك لەو تێبینیانەی لە ڕاپۆرتەکەی لێژنەی دارایی و ئابووریـدا هەیـە دووبارەیـە، ڕاسـتە دووبارەیە ئێمە لە ساڵی 2007یش هەندێ لەو تێبینیانەمان هەیە، ئەوەی تووشـی ئێمـە ئـەبێت پێشـینەی مێژوویی خۆی هەیە، چارەسەرکردنی وا ئاسان نیە، لەبەر ئەوە ئێمە ئەبێ بزانین لەساڵانی ئایندەشدا ئەگەر ئێمە بەم سیسـتەمە ئـیش بکـەین، بـەم عەقڵیەتـە ئـیش بکـەین، پـێم وابـێ هەنـدێ لـەو تێبینیانـە دووبـارە ئەبێتەوە، ئەمە لەلایەك لەلایەکی تریش بەڕاستی بەشێك لەوکارانەی کە جێبەجێ نـەکراوە ئەگەڕێتـەوە بـۆ ئەوەی کە هەنـدێك لەدەزگاکانی حکومەتی هەرێم وەکو پێویست کارەکـانی خۆیـان ئـەنجام نـەداوە، لەهـەمان کاتیشـدا بەشـێك لـەو کێشـانە ئەگەڕێتـەوە بـۆ ئـەوەی کـە هەنـدێك لـە لیژنـەکان یـاخود هەنـدێجار لیژنـە هەمیشەییەکانی پەرلەمان وەکو پێویست کاری خۆیان نـەکردووەو بەدواداچـوونیان نـەکردووە بـۆ دەزگاکـانی حکومەت، بۆیە ئەو تێبینیانە جاروبار دووبارە ئەبێتەوە، یەکێك لەو کێشانەی کـە لـە ئیـدارەی حکومـەتی هەرێمدا هەیە، ئێمە وەکو پێویست کار لەسەر پرەنسیپەکانی سزادان و پاداشت کردن ناکەین، ئەو دەزگایـەی کە کەمتەرخەمە و کـاری خـۆی ناکـات، سـزا نادرێـت ولێپێچـینەوەی لـێ ناکرێـت، ئـەو کەسـەی کـە کارەکـانی دەکـات وەکـو پێویسـت سـوپاس ناکرێـت و پاداشـت نادرێتـەوە، هـەر بـۆ نموونـە لـە ڕاپـۆرتی ڕوونکـەرەوەی وەزارەتی داراییدا هاتووە، کـە چـەند جارێك داوایـان لـە وەزارەت کـردووە، بـەڵام هەنـدێکیان لـەکاتی خۆیـدا

بودجەکەیان نەهێناوە، لەهەمان کاتیشدا ئێمە تێبینی ئەکەین، ئەمساڵ و پارو پێراریش، هیچ کام لەو وەزارەتانە لێپێچینەوەیان لەگەڵدا نەکراوە، سزا نەدراون، هیچ بەرپرسێك سزا نەدراوە لەسەر ئەوەی کە بە ئەرکەکەی خۆی هەڵنەساوە و بودجەکەی نەناردووە بۆ وەزارەتی دارایی، تاکو لەکاتی خۆیدا بگات، کاك محمد فەرەج باسی لەوە کرد، کە ئێمە لە ڕاپۆرتەکەماندا ئیشارەتمان بەوە داوە، کە پارەکەی لە بەغداد دێت ولە نێوان هەولێر وسلێمانیدا دابەشدەکرێت، لەڕاپۆرتی ئێمەدا شتی وانیە، وابزانم لەبەردەمی هەریەك لەئێوەشدا هەیە، خاڵی وای تێدا نیە، کاك بەکر باسی لە کێشەی مووچەی کەم ئەندام و خانەنشین کرد، ئێمە چەند ڕاپۆرتێکمان وەکو لیژنەی دارایی بەرزکردۆتەوە، وابزانم هەندێ لیژنەی تریش ڕاپۆرتیان بەرزکردۆتەوە بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمان، کە سەرۆکایەتی حکومەتی لێ ئاگاداربکاتەوەو چاوێك بخشێنێتەوە بەئاستی ژیانی ئەو توێژە بەتایبەتی دوا ڕاپۆرتمان لە کۆتایی مانگی پێنج بوو، کە بەرزمان کردەوە سەبارەت بە چاککردنی گوزەرانی خانەنشینان، کاك زانا باس لەوە ئەکات کە وەزارەتەکان، دوای مانگی هەشت پرۆژەکانیان لێ وەرناگیرێت، ئەمە باسکرا کە ئیجرائاتێکی ئاساییە، ئەگەر لێیان وەرگیرا ئەوە کارەکە ناڕوات، ئەمە کاری وەزارەتەکان بەو شێوەیە، بەڵام لایەنێکی زۆر گرنگ هەیە، کە دوا کەوتنی بودجەو تەمویلەکەی کاردانەوەیەکی زۆر زۆر سلبی ئەکاتە سەر بودجەی ئیستیسماری، دواکەوتنی ئەو برە پارانەش بەڕاستی ئەمە بووە بە کێشەیەکی موزمین لە حکومەتی هەرێمی کوردستاندا، ئەو دواکەوتنانە هەموو ساڵێك ئەبێتە هۆی دواکەوتنی جێبەجێکردنی بەرنامەی وەبەرهێنان، یاخود بودجەی وەبەرهێنان لە حکومەتی هەرێمی کوردستاندا، زۆر زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، وەڵڵا من سەبارەت بەوەزارەتەکان ئەوەی کاك دلێر باسی کرد، بەتەئکید ئەبێ وەزارەتی ناوخۆ و وەزارەتی پێشمەرگە یەك بودجەیان هەبێت، بەهەڵە هاتووە، دوێنێش جەنابی وەزیر ئاماژەی پێکرد، یەك میزانیەیەو تەواو بووە، هی وەزارەتی داراییش شەرحی کرد، هەنگاوەکانی یەکخراوە، دەبێ ڕەقەمەکەی یەك بخەن، هەنگاوەکانی یەکخستنی هەری سێ وەزارەتەکەشی شەرح کرد، ئومێد دەکەین لەو ماوەی کە ماوە

ئەوەی پێویستە بکرێت بۆ نەهێشتنی وەزارەتی هەرێم بۆ کاروباری دارایی، بەڕاستی ئەم وەزارەتە هیچ مانایەکی نەماوە، بەتایبەتی بۆ ئەوەی کە ئاماژەی بۆ کرد، ڕێنماییەکان یەکن، تەعلیمات یەکن، یەك وەزیریشە، دەبێ حکومەتی هەرێم بەزووترین کات هەوڵ بدات بۆ یەکگرتنەوەی ئەو دوو وەزارەتەو یەخستنەوەی، ئێمە دوێنێ چوار، پێنج ئەندامی پەرلەمان داوایان کرد، ئەم بودجەیە پەسەند نەکرێت، لەبەرئەوەی کە وەزارەتی دارایی یەکی نەگرتووەتەوە، ئێمە لە پەسەند کردنی بودجەی ساڵی 2008دا، داوامان کرد وتمان پێویستە بۆ ساڵی 2009بودجە پەسەند نەکرێت، ئەگەر ئەو سێ وەزارەتە یەك نەگرێتەوە، وەزارەتی ناوخۆ، پێشمەرگە، دارایی و ئابووری، دوو وەزارەت لەو سێ وەزارەتەی کە لە یاساکەدا ئیشارەتمان پێکردو پێویست بوو یەك بگرنەوە، حکومەت لێرەدا مەراسیمێکی بۆ کردو یەکیان گرتەوە، وەزارەتی دارایش کە سێیەم وەزارەتە، بەپێی بڕیارەکەمان وەزیر یەك وەزیرەو ئەمەش هەنگاوێکی گرنگە بۆ نەهێشتنی ئەم دوو وەزارەتە، ڕێنماییەکانیان یەکن، تەعریفە یەکە، لەبەر ئەوە هەر ئەوەندە ماوە کە حکومەت بڕیارێك بدات بە نەهێشتنی ئەو دوو وەزارەتەو یەکگرتنەوەیان، لەگەڵ ئەوەشدا ئەو داواکارییە لەلایەن ئەو چەند ئەندامەوە کە دەڵێت با بودجە پەسەند نەکرێت، تا وەزارەتی دارایی و ئابووری یەکنەگرێتەوە، من ئەو پێشنیارەی ئەو پێنج برادەرە بەسە تەواو دوێنێ قسە کرا، باشە کاك عادل نوقتەی نیزامی هەیە، بزانین چیە؟، فەرموو.

**بەڕێز عادل محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەنها ئەوە نەبوو کە وەزارەتەکان یەك نەگرنەوە، باسی حسابی خیتامی بێت، یان باسی بودجەی تەکمیلی بێت، یەعنی شتەکان شەش، حەوت خاڵ بوون، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە دوێنێ کاك دلشاد باسی حسابی خیتامی کرد، بۆیە من ئاماژەم پێنەدا، وامزانی ئێوە ئیستیعابتان کرد وتێگەیشتن لە جوابەکەی، وتی ئەو موازەنەی کە تەقدیممان کردووە، داوای لێبوردن دەکەم، ئەگەر قسەکەشم وانەبێ، دەیگۆڕم، بەڵام ئەو حساباتەی کە تەقدیم کراوە، یەعنی واریدات و نەفەقات لە 1/1وە تا 31/12 ئیعتیبار دەکرێت بە حساباتی خیتامی تەمهیدی ئەوەلی، حساباتی خیتامی ئیمکان نیە بکرێت بەو ئاسانکارییە، بەو وەختە کورتە، ئاماژەشی بەوە کرد وتی حکومەتی عێراقی هی ساڵی 2004یش تا ئێستا

نەيتوانيوە بيكات، ئێمە لەلايەن خۆشمانەوە بۆ پەسەند كردنـی بودجـە بڕيارەكـەشمان وايـە، ئـەڵێت )شـەش مانگ جارێك دەبێت، واريدات و نەفەقاتەكە تەقديم بكات (خۆشی ئاماژەی پێكرد وئەو وردەكاريەش وابزانم دەبێ لە مەسەلەی ميزانيەی ختامی دەبێ تێبگـەين، بـەڵام ئـەوەی كـە ئێمـە داوامانـە لـەو ڕاپۆرتـەی كـە بـۆ ئێمەيان ناردووە، مەسروفات و داهاتی حكومەتی هەرێمی تێدايە لـە 1/1تـا 31/12پـێم وابـێ ئـەوە جـواب بوو، بەنيسـبەت ميزانيـەی تـەكميلی شـەرحی كـرد جـەنابی كـاك دڵشـاد، كـە ميزانيـەی تـەكميلی حكومـەتی عێراق وەكـو ميزانيـەی تـەكميلی بـۆ حكومـەتی هـەرێمی نـەناردووە، بـەڵكو وەكـو شـوبهەو مينحەيـەك بـۆی ناردوون كە ئاماژەشی پێكرد، دياريشی كردووە ئەو پارەيە كـە سـەرف دەكرێـت ئەوەنـدەی بـۆ فەرمانبەرانـە، تريلۆنێكی تر بۆ سەدی عجزە لە ميزانيەی ساڵی 2008، (400)ئەوەنـدە مليـۆن بـۆ تەنميـەی پارێزگاكـان، واتە فـەرزی كـردووە لەسـەر حكومـەتی هـەرێم ئـەو پـارەی نـاردووە، دەڵێـت بـۆ ئـەو بابەتانـە، بـەڵام لەگـەڵ ئەوەشدا داوا لە حكومەت دەكەين كە وردەكاری سەرفكردنی بودجەی تەكميلی، كـەناوی بودجـەی تەكميليـە، كە لە واقيعيشدا بەو شێوە بوو كە حكومەت ناردوويەتی هەشيانەو كردووشيانە ئـەوان، بودجـەی تـەكميليان حازر كردووە، بەڵام هۆی نەگەيشتنی بۆ پەرلەمان نازانم لەحكومەتە يان نا، ڕۆژی يەك شەمەش ئەگەر چـی بەپێی ئەو ڕوونكردنەوەی كە كرديان بودجە نيە تا بخرێتـە دەنگدانـەوە، بـەڵام بۆمـان بنێـرن، تـا ببێـت بـە ئەوەلياتی ئەو بودجەيە، چونكە بودجەی تەكميلی دەبێت لامان هەبێت، ئەو دوو جانبە شەرحكرا، بۆيە مـن پێيدا نەچوومەوە، تـەنها ئـەوە مايـە لەسـەر ڕەئـی جيـاواز بـۆ يەكگرتنـەوەی وەزارەتـی دارايـی كـاك شـێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حەيدەری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من بۆيە دەستم هەڵگرت بەڕاستی ڕەئيەك هەيە لەناو پەرلەمان، كە گوايـە موناقەشـە كـردن لەسـەر بودجـە دوابخرێت، بەڵام لەهەمان كاتيشدا ڕەئی موعارزيش هەيە كە دەڵێن با دوانەخرێت، لەحەقيقەتدا يەكێك لەو دروشمانـەی كـە خـولی دووەمـی پەرلـەمانی كوردسـتان هـەڵيگرتبوو، يەكگرتنـەوەی هـەردوو ئيـدارە بـوو، پەرلەمانی كوردستان لـەو خولـەدا هەڵوێسـتی خـۆی هـەبوو، لەهـەمان كاتيشـدا فشـاری خـۆی هـەبوو لەسـەر حكومەت توانی ئەو دوو ئيدارەيە يەك بخاتەوە، چوار وەزارەت مايەوە پاشان پەرلەمانی كوردستان بەفشاری خۆی توانی ئەو سێ وەزارەتەش يەكبگرێتەوە، ئەوەی كە ماوەو نەماوە وەزارەتی داراييە، كە هـەنگاوی باشـی بۆ هاويشتراوە، بۆ ئەوەی يەكتری بگرنەوە، بۆيە بە حەقيقەت من لەگەڵ ئەوەدا نيم كە گفتوگۆكردن لەسەر ئەم پرۆژەيە دوابخرێت، چونكە ئەوە كاريگەری سلبی دەبێت لەسەر ژيانی ڕۆژانەی هاووڵاتيـان، ئـەوە يـەك : دوو :كاريگەری دەبێت لەسەر لاوازی ئەدائی حكومەت وپرۆسـەی ئاوەدانكردنـەوەو هـەموو پرۆسـەكانی تـری حكومەت كە لەبەرنامەيدايە، بۆيە بەحەقيقەت من لەگەڵ ئەوەدا نيم، زۆرسوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

پێش ئەوەی بیخەمە دەنگەوە حەز دەکەم ڕەئی حکومەتیش بزانم، فەرموو جەنابی وەزیر قسەت چیە لەسەر ئەو داواکارییە.

**بەڕێز شێخ بایز تاڵەبانی(وەزیری دارایی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

جارێ کە داوای ئەوە ئەکرێت وەزارەتی دارایی یەك بخرێتەوە، من باسم کرد، وەزارەتی دارایی یەکخراوەتەوە، بەس ڕەنگە مودیریەتی زەریبەی عامە هەبێت لە سلێمانی، مودیریەتێکی عامەش هەبێت لێرە ئەوە بۆ نموونە، ڕەنگە بەعەمەلی بەعزێك شت مابێ، بەڵام وەڵلاهی ئەگەر ئێستا ڕەئی وەزارەتی مالیە وەربگرن، پێمان باشە مودیریەتی زەریبەی عامە لە سلێمانی هەبێت و لە هەولێریش هەبێت، لە دهۆکیش هەبێت، یاخود مودیریەتی تەقاعودی عامە، چونکە ئەگەر کەسەکان تەقاعود بوون تێیاندایە زۆر پیرە لەکوێ لەوێوە بێت بۆ ئێرە بۆ موعامەلات، بەڕەئی من ئەوە باش نیە، ئەوە ڕەئی ئێمەیە، ئەگینا وەزارەتی دارایی هیچ شتێکی وای نەماوە تا یەکبگرێتەوە، ئەگەر مەوزوعیش ئەوەیە کە ئەڵێن حەتا بودجەکەشی کەهاتووە بە دوو بەش، واتە، لێرە لە پەرلەمان بە دوو جەدوەل هاتووە، ئەوەتا یەکیان خستەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عوسمان، فەرموو.

**بەڕێز عثمان شوانی(وەزیری پلاندانان):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵڵا من تەئیدی ڕەئی کاك شێروان دەکەم، بۆ پەسەند کردنی بودجە، چونکە بودجە مەسەلەیەکە پەیوەندی بە ئەدائی حکومەتەوە هەیە، تۆ هەرچەندێ بودجەت هەبێ ئەوەندە موفەیەد تر دەبێت وەزارەتەکە، چونکە تۆ حساب بکە، ئەگەر وەزارەتی پەروەردە یان تەندروستی یان هەر وەزارەتێکی تر لە ساڵی پار بەرنامەیەکی هەبووە، ئەمساڵیش بەرنامەیەکی تری هەیە، ئەگەر ئەو بەردەوام بێت لەسەر سەرفکردنی ساڵی پار ڕەنگە ئەمساڵ تەئسیر بکات لەسەر ئیشەکەی ئەمساڵی، چونکە بەرنامەکەی خۆی گۆڕیوە، بۆیە بەڕای من پەسەند کردنی بودجە کارێکی زۆر گرنگە، کارێکی نیشتمانیشەو حەقە بیکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی دارایی و ئابووری ڕەئیان چیە؟، فەرموو دکتۆر دلێر.

**بەڕێز د .دلێر اسماعیل حقی شاوەیس:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان .**

لە ڕاستیدا دەنگ نەدان بۆ بودجە نەك تەنها زەرەر لە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەدات، بەڵکو لەخەڵکی کوردستان دەگەیەنێت، بەتایبەتی ئەو چین و توێژاڵە کۆمەلایەتیانەی کە کەمدەرامەتن، لەلایەکی تریشەوە

ئەبێتە کۆسپێکی گەورە بۆ بـەردەم هـەموو پـرۆژە وەبەرهێنانـەکان وپرۆژەکانی ئاوەدانکردنـەوە لەهـەرێمی کوردستان، لەبەرئەوە هیچ کاتێك لەبەرژەوەنـدی حکومـەتی هـەرێم و خـەڵکی کوردسـتان و ئاینـدەی ئێمـەدا نیـە، ئەگـەر دەنـگ نـەدەین بـۆ بودجـەو پەسـەند کردنـی و دواخسـتنی زیـاتری، چـونکە خـۆی دواکـەوتووە بەراستی نیوەی ساڵەکە ڕۆشتووە، کێشەیەکی گەورەی دروست کردووە ئەوە، ئێمە ئەگەر دەنگ نەدەین دەیان جاری قوڵتر دەکەینەوە و زەرەرو زیانێکی زۆرتر دەدەین لەچارەسەرکردنی لە ئایندەدا، زۆر زۆریش زەحمەت دەبێت، لەلایەکی تریشەوە، ئێمە پێمان چاکە پەرلەمان بڕیارێك بدات، ئێمە پێشنیازێکمان هەیە کە بڕیارێك بـدەین کـە ئـەو وەزارەتانـە بودجـەکانیان یـەك بخـەین لـەنزیکترین کاتیشـدا جـەنابی وەزیـری دارایـی بێتـە بەردەمی پەرلەمان و سوێندی یاسایی خۆی بخوات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڵام زۆر قسەکرا، باشە کاك زرار بە حوکمی ئەوەی کە ئەندامی لیژنەی فەرموو.

**بەڕێز زرار طاهر امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەبعەن هەموومان دەزانین، پەسەند کردنی بودجە یەك لە ئەرکە هـەرە گرنگـەکانی پەرلـەمانی کوردسـتانە، سێ ئەرکی سەرەکی لەسەر شانی هەمووما نـە، چـەند شـەفاف بـین، چـەند داوا بکـەین بودجـە بـە شـەفافیەت لەناو پەرلەماندا پەسەند بێت، ئەو کاتە ئـەو پەرلەمانـە بـەڕێز دەبێـت، لەبـەر ئـەوە بەڕاسـتی ئێسـتا چـەند ئەندام پەرلەمانێك داوایان کردووە، کە بودجەی تەواوکاری بێتـە بەردەسـتیان، کـە حسـاباتی خیتـامی شـەش مانگی ڕابردوو چەندە، خۆ بەڕاستی لێتان ناشارمەوە، ساڵانە کـە بودجـەی عێـراق پەسـەند دەکرێـت لـەدوای پەسـەند کردنـی بودجـەی عێـراق نەفـەقاتی سـیادی لـێ دەبڕدرێـت، خـۆ بەشـێك لـە بودجـەی هـەرێمی کوردستانیش لەو پارەیـە دەڕوات، هیچیشـمان نـادەنێ، دوایـی نەفـەقاتی حاکیمـەی لـێ دەبڕدرێت، نەفـەقاتی حاکیمەش ئەو پارەی کە بۆ موادی غیزائی وکارەباو تەعدادی سوکانی دادەنـدرێت، لـەوەش هیچمان نـادەنێ، ئەو بڕە پارەی کە بۆ هەرێمی کوردستان دێت دەبا هـەمووما ن بـە شـەفافیەت بـزانین چـەندە؟، سـاڵی پـار لـە ساڵی 2008کە بودجەمان پەسەند کرد، بۆ سەرجەم وەزارەتەکان نەفەقاتی تەشغیلیمان هـەبوو، نەفـەقاتی ئیستیسماریشمان هەبوو، ئێستا چەند ئەندام پەرلـەمانێکی بـەڕێز داوا دەکـەن کـە بـزانن بودجـەی تـەکمیلی چەندە، چی تێدایە با تا ڕۆژی یەك شـەممە ڕای بگـرین، ئـەو نوسخەی بودجـەی تـەواوکاری دابـەش بکرێـت بەسەر هەموو ئەنـدامان، بـا ببیـنن خـۆ کـە زانیـان هیچـی تێـدا نیـە، لەوانەیـە ئـەوانیش ڕایـان لەگـەڵ ڕای گشتیدا بێت، یەعنی زۆر ئاساییە، ئینجا شـەش مـانگی کۆتـایی سـاڵی 2008حسـاباتی خیتـامی نێـردراوە بـۆ پەرلەمان، بەڵام بەڕاستی زۆر درەنگ نێردراوە، دەتوانن ڕۆژی یەك شەممە جەنابی وەزیر ئامـاژە بەخاڵـەکان بدات، مەسەلەن ئەوەندە پارە سەرفکراوە، ئەوەندە پارە ماوە، ئێمە بەڕاسـتی ئێسـتا لێتـان ناشـارینەوە، ئێمـە هەمووما ن دەزانین خۆ بودجەی هەرێمی کوردستان کە دێـت، نابێ لەو بڕە پارەیە هیـچ بۆ کـەرکووك سـەرف بکەین، نابێ هیچ بۆ خانەقین سەرف بکەین، نابێ هیچ بۆ ناوچە دابڕاوەکان سـەرف بکـەین، خـۆ حکومـەتی

هەرێمی کوردستان بۆ ئەو شوێنانە پارە سەرف دەکات، باشە بۆ باسی نەکەین، حساباتی خیتامی زۆر ئاسانە، نەفەقاتی ئیستسماری هەر وەزارەتەو چەندی دراوەتێ، لە سەدا چەندی ماوە، مەسەلەن بەئاسانی دەیخەنە بەردەم ئەندام پەرلەمانەکان وهیچ کێشەیەکیش دروست نابێت، من پێشناری دەکەم، ئەوەی کە ئێستا دەتانەوێ بیخەنە دەنگەوە، با دوابخرێت بۆ ڕۆژی یەك شەممە، با هەموو ئەندام پەرلەمانە بەڕێزەکان بودجەی تەواوکاری ببینن، حساباتی خیتامییەکە ببینن، ئەوکاتە زۆر ئاساییە من لەو بڕوایەدام شتێکی وای تێدا نیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك زرار، داواکارییەکەت لەسەر ئەوە نیە، کە بۆچی بودجەی تەکمیلی نەهاتووە، داواکارییەکە لەسەر ئەوەیە ئەم سێ وەزارەتە یەك نەخراون، ئەو دوو، سێ خاڵەی کە هی حساباتی خیتامی بوو جواب درایەوە، کاك محمد فەرەج، فەرموو.

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وابزانم قسەکە لەسەر دەنگدان بۆ بودجەو دەنگ نەدانی نیە، بودجە بۆ خۆی شتێکە لە حاڵەتی تەبیعی و ناتەبیعی ئەبێ پەرلەمان قسەی لەسەر بکات، با ڕایشی نەگرین دەنگی لەسەر بدەین، باسەکە لەسەر ئەوەیە ئێمە کاتێ کە موناقەشەی بودجە ئەکەین، کە یەکێکە لە ئەرکە ئەساسیەکانی پەرلەمان ڕێگای تەبیعی خۆی هەیە، ڕێگای یاسایی هەیە، ڕێگا یاساییەکان بەر لەوەی بێین ئەمە باس بکەین، ئەبێ بزانین هی ساڵی پارت چی لێ کردووە؟، باسەکە لێرەیە، نەك ئەوەی ئێمە بێین بڵێین دەنگ بۆ بودجە نادەین، نەخێر بودجە واجبە لەسەر ئێمە، ئەگەر لە پشوودا بێت یان هەر کاتێك بێت دەبێ بێین و قسەی لەسەر بکەین، دوو مەسەلەی زۆر گرنگ هەیە، یەکەم :لە عێراقدا یان لەهەموو جیهاندا، بودجە بەدوو جۆر دێت، بەشێکی لە پێشەوە دێت و بەشەکەی تریشی تەکمیلیە، ئێستا ئەوە نەهاتووە، دووەم :حساباتی خیتامی ساڵێك خۆ ئەمە لەهەموو دونیادا وایە، بەرلەوەی دەست بەئەمەیان بکەین دەبێ بزانین ئەوی تریان چی لێهاتووە، ئێمە ئەمەیە باسەکەمان نەك بیکەین بە تەوەتور وئەو وائەڵێت ئەوی تر وائەڵێ، نەخێر ئەمە بۆ بەقوەت کردنی ئەم مەسەلەیە، لە عێراقدا ئەمە بەسێ هەفتە ڕواوە، سێ هەفتە قسە لەسەر ئەمە کراوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە فەرموو، کاك غەفور.

**بەڕێز غفور طاهر سعید مەخموری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من بەڕاستی دوێنێ کۆمەڵێك پرسیارم کرد، هیچ وەڵامێکیان نەدامەوەو هیچم بە دەست نەگەشتەوە، لەسەرەتای دانیشتنەکەوە داوام کرد دوای وەڵام دانەوەی بەڕێزیان بواری قسەکردن نەبوو، یەك :من باسی ئەوەم کرد بۆ ڕاپۆرتی داهاتی کوردستان نادرێت بە پەرلەمانی کوردستان، مەسەلەن هەر هیچ نا ئەو

ڕاپۆرتەی کە بۆ بەغداد ئامادە دەکرێت، با ئەوەش بدرێت بە پەرلەمانی کوردستان، با بزانین داهاتەکە چەندەو بەغدادیش چۆن دەیبات؟، دوو :من باسم لەوە کرد کە پار ساڵ لە ڕاپۆرتەکەدا کۆمەڵێك داواکاری لە حکومەتی هەرێمی کوردستان کرابوو، هیچی جێبەجێ نەکرا، حەقە وەزارەتی دارایی حکومەتی کوردستان وەڵامی هەبێت، بۆ جێبەجێی نەکردووە، مەسەلەن ئەوانەی کە داوامان کردبوو، لەسەرەتای تشرینی یەکەم بودجە هەموو ساڵێك پێشکەش بکرێت، بۆ وا تەئخیر هات، داوامان کردبوو حساباتی خیتامی بێت، ئەویش نەهات، بەشێکی وەڵام درایەوە، بەڵام ئێمە داوای ئەوەشمان کردبوو، کە پرۆژە یاسایەك لە ئەنجومەنی وەزیرانەوە ئامادە بکرێت و پێشکەش بە پەرلەمان بکرێت، سەڵاحیاتی سەرف تێدا دیاری بکرێت، ئەی ئەوە چۆن دەبێت، ئەوەش هیچ وەڵامێکیان نەبوو، لەهەمان کاتدا داوا کرابوو، بارسووکی ئیداری بکرێت، بەداخەوە بۆ ئەوەش هیچ وەڵامێکیان نەبوو، دواتر ئێمە داوای ئەوەمان کردبوو، مەسەلەن مووچەی فەرمانبەران و خانەنشینان هەمووی هاوشان بکرێت، لەگەڵ عێراقدا، داواشمان کردبوو کە عەدالەتێك هەبێت لە مەسەلەی مووچەدا، چونکە مووچە بەڕاستی فەرقێکی زۆری تێدایە، مووچەی ئەندام پەرلەمان و وەزیرەکان زۆر زۆر زیاترە لەهی فەرمانبەران یان بەڕێوەبەرە گشتیەکان، حەقە عەدالەتێك لەوەدا هەبێت، چاو بەوەشدا بخشێنرێتەوە، هیچ وەڵامێك بۆ ئەوەش نەبوو، یەعنی کۆمەڵێك مەسائیل هەبوو کە پێویست بوو وەڵامیان هەبێت وەزیری دارایی و وەزیری پلاندانان لەو مەسەلانەدا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك کەریم، قسەت هەیە، فەرموو.

**بەڕێز کریم بحری عبداللە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان .**

بەڕاستی داواکاری ئەو ئەندامە بەڕێزانە لەیەکگرتنەوەی هەردوو وەزارەتەکە، هەروەها بۆ مەسەلەی حساباتی خیتامی و تەکمیلی لەجێگای خۆیەتی و مەشروعیشە، پێویستە پەرلەمانتاران بەدوایدا بچن، بەڵام پەسەند کردنی بودجە یەکێکە لە ئەرکە سەرەکیەکانی پەرلەمان و ناکرێ نکوڵی لەوە بکرێت و بودجە پەسەند نەکات لەوادەی خۆیدا، لەبەر ئەوەی زۆربەی زۆری پرۆژەکان، ئەوەی من ئاگادارم زۆربەی پرۆژەکان وەستاون، کولفە سەرف ناکرێت، چاوەڕێی ئەوە دەکرێت کە ئەو بودجەیە پەسەند بکرێت، ئەوە ئەرکێکی قورسەو لەسەر شانی ئێمەیە، ئەبێ ئێمە پەلە بکەین لە جێبەجێکردنی ئەو پرۆژەیە، دووەم :لەڕووی یاساییەوە ناکرێت پەسەند کردنی بودجە مەشروت بێت، باشە گریمان هەردوو وەزارەتەکە یەکی نەگرتەوە، کەواتە ئەمساڵ ئێمە حکومەتی هەرێمی کوردستان بەبێ پەسەند کردنی بودجە بەڕێوە بچێت، ئەوەش ناکرێت، بەڕاستی ئێمە خۆمان لە پەرلەمان نابێ ڕێگا بەوە بدەین، ئەوە شتێکی نایاساییە ئەبێ ئێمە یاسا پێش هەموو کەس پیادە بکەین و جێبەجێی بکەین، بۆیە مەشروت کردن و مەرجدارکردنی ئەو بودجەیە

بەیەكگرتنەوەی دوو وەزارەت پێم وایە یاسایی نیە ولەجێگای خۆیدا نیە، بۆیە داوا دەكەم كە بـەردەوام بـین و پەلە بكەین لە پەسەند كردنی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك دكتۆر كەمال قسەی هەیە، فەرموو.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله( د .كەمال كەركووكی):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەحەقیقـەت ئەمـە دروسـت نیـە، لێـرەدا وەزیـری دارایـی بخەینـە بـەردەم پرسـیار بـۆ وەزارەتەكـەیان یـەكی نەگرتووەتــەوە، ئەگــەر پەرلــەمانتارە بــەڕێزەكان لەســەر ئەمــە كــە موجیــدن ئــەزانین، داوا دەكــەین لــە سەرۆكایەتی حكومەت كە بێنـە ئێـرە، باسـی ئـەو مەوزوعـە بكـەن، ئـەم بەڕێزانـە لێـرە زۆر بەجـدی كاریـان كردووە، ئێمە هاوار هاوار بۆئەوەیە كە بۆ میزانیە دوا كـەوتووە، كـە میزانیـەش هـاتووە، خۆتـان هەنـدێكتان دەڵێن دوای بخەن، ئەمە عەدالەت نیە، زۆر زۆر گرنگەو پێویستە میزانیەكە بەردەوام بێت لـە موناقەشـەدا و دەنگی لەسەر بدرێت، مولاحەزەیەكی تر هەیە، پاشان لەڕێگای سـەرۆكایەتیەوە داوا لـە ئەنجومـەنی وەزیـران بكەن، بۆیە من داوا دەكەم ئێستا ئەم بخرێتە دەنگدانەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك عوسمان نوقتەی نیزامیت هەیە، فەرموو.

**بەڕێز عثمان عبدالله قادر(بانی مارانی):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

نازانم ئەو مەسەلەیە بەڕاسـتی شـتێكە بەملمانـدا دەبـڕدرێـت بـەزۆری زۆردار، ئێمـە دەڵـێین سـەرفیاتی سـاڵی 2008بێـت موناقەشـەی بكـەین، ئینجـا ئـەوانی تـر بـڕوات، كـەس باسـی ئـەوەی نـەكردووە، كـە وەزارەت یەكبگرێت، یەكگرتنەوەی پەرلەمانیش هیچ عیلاقەی بەپەرلەمانەوە نیـە، ئەگـەر هەیبوایـە ئێمـە بـۆ وامـان بەسەر دەهات، ئێمە دەڵێین سەرفیاتی ساڵی 2008بێت موناقەشەی بكەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

ئێوە سێ شتی جیاواز باس دەكەن، ئێمە مەوزوعێكەو بڕیاری لەسەر دەدەین و دەیخەینە دەنگـەوە، عیلاقـەی بە حساباتی خیتامیەوە نیە، عیلاقەشی بەو داواكارییانەوە نیە، ئێمە ئەو پێشنیارەی كە لەلایـەن ژمارەیـەك لە ئەندامان هاتووە، كە دەڵێت بودجە پەسەند نەكرێت لەبەر چەند هۆیەك، هەندێكیان ڕوونكرانەوە، ڕەئـی عەكسەكەش درا، كێ لەگەڵ ئەو پێشنیارەی ئـەو چـەند برادەرەیـە كـە بودجـە پەسـەند نـەكرێت لەبـەر ئـەو هۆیانەی كە دیاریكران، ئێستا كێ لەگەڵ ئەوەدایە كە بودجە دوابخرێت بادەستی بڵند بكات تكایە؟، باشە كاك عادل نوقتەی نیزامی هەیە، فەرموو.

**بەڕێز عادل محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یەکێك لەو مەوزوعانە مەسەلەیەکی نیزامیە، من ماددەکەت بۆ دەخوێنمەوە، ماددەی هەشت(تقدم اللجنة المالية والاقتصاد تقريرها حول مشروع قانون الموازنة العامة والحساب الختامي) یەعنی مەفروزە لیژنەی دارایی لەسەر میزانیەکە چی هەیە و حسابی ختامیەکەش کە ئەم مەوزوعە ئیسارە ئەکرێت کە حسابی خیتامی نیە، یەعنی شتێکی نانیزامیە بەڕاستی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە کاکە باسم کرد وتم داواکاریتان بۆ حسابی خیتامی و ئەو وردەکاریانەوە، عیلاقەی بەو ئیقتراحەوە نیە، ئێستا ئیقتراحەکە یەکلابکەنەوە تا جوابی ئەو پرسیارانەتان بدەینەوە، ئەو پێشنیارە یان سەحبی بکەن یان دەیخەمە دەنگەوە، دواتر ئەو قسانەی کە دەیکەن بەسەرچاو بیکەن و جوابتان دەدرێتەوە، بەڵام ئەو پێشنیارەی کە کوێستان خان و ژمارەیەك لە ئەندامان دواتر پشتگیریان لێکرد، وەکو کاك زانا، کاك محمد رەفعەت، سەحبی دەکەن یان بیخەمە دەنگەوە، باشە سێ کەسیان موسڕن، بۆیە دەیخەمە دەنگەوە چونکە داوای دوونیان ناخەمە دەنگەوە، ئێستا کێی لەگەڵدایە بادەستی بڵند بکات تکایە؟، 7کەسن فەرموون، کێی لەگەڵدا نیە؟، بەزۆرینەی دەنگ، بۆیە ئەو نوقتەیە ئیتر موناقەشە ناکرێت، ئێستا دێینە سەر ئەوەی حساباتی خیتامی ئەو قسانەی تر کە باسکران، من جارێکی تر بەنیسبەت حساباتی تەکمیلی ئەو قسانەی کە کردمان، ڕوونکردنەوەیەکیش کرا کە حساباتی خیتامی بەو شێوەیە هاتووە کەباسیان کرد، ئەو قسەی کاك زراریش کردی با وەزارەتی دارایی ڕۆژی یەك شەممە وردەکارییەکانمان بۆ بێنێت، باشە ئەڵێن پێمانە، باشە ئێستا ئەو بخوێننەوە تا دوایی بچینە سەر حساباتی خیتامی وباسی بکەین، باشە دەی با کۆپی بکرێت، باشە کاك عبدالرحمن نوقتەی نیزامی هەیە، فەرموو.

**بەڕێز عبدالرحمن احمد رضا:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان .**

باسی بودجەی تەکمیلی کرا، بەڕێزتان کردتان بە مینحە، ئەویش هەر پێویستە بگات، واتە بودجەی تەکمیلی نەك بکرێت بە مینحە، بوترێت بودجەی تەکمیلی.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

تەواو ببورە کاك عبدالرحمن ئەوە نوقتەی نیزامی نەبوو، فەرمووو دانیشە، سۆزان خان فەرمووو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی ئەمە کات بەسەربردنە، هەموو پرسیارێك وەڵامی خۆی درایەوەو قەناعەتی پێکرا، ئەوەی کە قەناعەتیشی نیە، ئەتوانێ لەدوایدا بەنووسراو ئاراستەی جەنابتانی بکات، یان وەکو پرسیار ئاراستەی وەزارەتی بکات، با کات بەفیڕۆ نەدەین، ئەگەر موناقەشەش ئەکەین لە ئەسنای موناقەشەکاندا کۆپی وەرەقەکان بکرێت بۆ ئەوانەی کەداوایان کردووە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

یا شێخ پێم باشە، پاش ئەوەی كە قسە دەكەیت، ئەو وردەكاریی تەكمیلیەی كە كردووتانە، ڕاستە وەكو باست كرد بەو شێوەیە حكومەت فەرزی كردووە لەسەرتان، بەڵام خۆتان ئەوەتان تەقسیم كردووە، حەز دەكەیت با كۆپی بكرێت یان ڕۆژی یەك شەممە هەر ئەندامێكی پەرلەمان با پێی بگات، ئێستا فەرموو قسەكانت بكە.

**بەڕێز شێخ بایز تاڵەبانی(وەزیری دارایی):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڕاستی من بەنیسبەت خیتامی ئەوەلیەوە كە باسی لێ دەكەن، ئێمە ناردوومانە بۆ ئەنجومەن و بۆ پەرلەمانیش، بە نووسراوی ئەنجومەنی وەزیران، ژمارە (5007 )لە 24/5/2009، ئەمە لە 1/1/2008 هەتاكو 31/12/2008 هەموو حساباتەكە و قۆناغی یەكەمیشمان ناردبوو، هی دووەمیشمان ناردبوو، ئێمە بەڕاستی بەنیسبەت میزانیەی تەكمیلیەوە نازانم بۆچی ئێستا لێرە باس لەوە ئەكرێت، نازانم ئالیتەكە چیە بۆچی نەگەشتووە؟، بەلاّم ئێمە ناردوومانە بۆ ئەنجومەنی وەزیران، لە 21/10/2008 بەنووسراومان ژمارە (23502)ئەوانیش بەم نووسراوە ناردوویانە (3354)لە 1/12/2008، بەلاّم ڕەنگ هەیە نەگەشتبێ، ئەوە من نازانم، بەلاّم بەنیسبەت ئەوەی تەكمیلیەكە كەباس ئەكرێت، ئەوەی كە كاك دڵشاد باسی كرد، یەعنی بەڕاستی ئەمە خۆی كە فەرز كرابوو، بەو شێوە بوو كەمن وتم، بەلاّم تەفاصیلە وردەكارییەكانی لەدوای ئەوەی كەسەرف بووەو تەوزیع بووە بەم شێوەیە، تەعویزاتی فەرمانبەران (1096308)ئەمە تەعویزاتی فەرمانبەرانە كە هەر لەبەغدادەوە دەستنیشان كراوە، سلع و خەدەمات و صیانە(212)ملیارو 280هەزار، ئیعانات (465)، المنح (65)، المنافع الاجتماعیة(19488)، المصروفات الاخری(301058)، الموجودات غیر المالیة(78609)، المشاریع الراسمالیة الاستثماریة (1)تریلیۆن و(15179)ئەمە خۆی تەفاصیلەكان تەفاصیلی لەمە وردتری تێدایە، كە هی تەنمیەی ئەقالیمەو شتی ترە، ئیجمالیەكەشی كەهاتووە، (2)تریلیۆن و(947387)ە، یەعنی بەنیسبەت ئێمەوە ئەوە لە مستەوای فصول ناردوومانە، لەسەر مستەوای وەزارات ناردوومانە، بەلاّم ڕەنگە نەگەشتبێتە ئێرە ئەوە ئێمە نازانین، ئێمە هەموو شتێكمان تەواو كردووە، وابزانم ئەوە هیچی تێدانیەو هەموو مەوجودە، ئێستا كۆپی ئەكەین یان یەك شەممە ئەوە هیچ موشكیلەیەكی تێدا نیە، ئەوەتا هەر هەمووی مەوجودە خۆ ئەوە نەبێ شاردرابێتەوە، تكام وایە هەر كەسێك ئەیەوێت با بیبات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

تكایە بینێرن با كۆپی بكرێت، كاك دڵشاد جوابی كاك عبدالرحمن كە ئێمە لە پەیڕەوی ناوخۆمان دەڵێین دەبێ حساباتی خیتامی بێت، هەرچەندە دوێنێ باست كرد، لەڕووی واقیعەوە هەندێجار واقیع زاڵ ترە لەسەر هەر بڕیارێك كە دەیدەیت، حساباتی خیتامی باستكرد كەبۆچی نەكراوە، حەز دەكەم كەمێك ڕوونتر باسی بكەیتەوە، تا بزانم فەرقی حساباتی خیتامی و سەرفیات و داهات چیە كە ناردووتانە؟، ئەگەر حساباتی خیتامیش بنێرن چ ئیستیفادەیەك دەكەن؟، ئەگەر ناشینێرن بۆچیە؟، فەرموو.

**بەڕێز دڵشاد عثمان(بریکاری وەزارەتی دارایی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان .**

داوای لێبوردن دەکەم، لەبەر ئەوەی پەیڕەوی ناوخۆی ئەنجومەنم لەلا نیە، لەوە ئەچێت تەناقوزێك هەبێت لەوەی کە کاك عادل خوێندیەوە، لەلایەك ئەڵێت لەمانگی 10یەعنی مەفروز بوو لە ساڵی 2008ئێمە بودجەی تەخمینی بنێرین بۆ پەرلەمانی کوردستان، لەلایەکیشەوە لە نیزامەکەدا ئەڵێت بودجەی تەخمینی و حساباتی خیتامی، لە مانگی 10چوزانی لە 31/12چی سەرفکراوە، ئەوە تەناقوزێکە لە نیزامەکەی خۆتاندا من داوای لێبووردن دەکەم، نەخێر هی ساڵی 2007مان بۆ ناردوون، ئەوە نیهائیەن تەحدیدی نەکردووە، ئەڵێت (الحساب الختامی والمیزانیە التخمینیە) ئەوەی ئەو بەڕێزانەی کە دایانڕشتووە نیزامەکە، تەناقوزێکی تێدایە جەنابتان چارەسەری بکەن، ئەوە پەیوەندی بەوەزارەتی داراییەوە نیە، ساڵەکەی تەحدید نەکردووە، ئەڵێت (الحساب الختامی والمیزانیە التخمینیە)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك دڵشاد، ئەوە تەحدید نەکراوە، کەوات وت مەعلومە کە سەری ساڵی پێشووە.

**بەڕێز دڵشاد عثمان بریکاری وەزارەتی دارایی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ببورە یەعنی سەری ساڵی چەندە، یەعنی ساڵی /2007یان 2008یان 2009.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

مەسەلەن لە ئێستادا مەقسەدمان ساڵی 2008ە.

**بەڕێز دڵشاد عثمان بریکاری وەزارەتی دارایی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان .**

نەخێر نابێت، مانگی 10 دەڵێیت 2008 کە 2009تەقدیم کرا، کاك عەدنان جەنابت باش بزانە، لە 13/12/2009با بەوردی باسی بکەین مانگی 10میزانیەی تەخمینی ساڵی 2009 دەنێرین، بەپێی نیزامەکەی خۆتان، لە مانگی 10من چوزانم 3یەم خەرج کردووە، ئەوە ئەبێت بڵێین(مرفقەًبها بالتقریر المالی) نەك حساباتی خیتامی دوای ئەوە یەك شتی تر هەیە، با بەڕێزتان ئاگادار بکەم، حساباتی خیتامی تەنها ئەو کەسانە ئەتوانن شی بکەنەوەو کاری لەسەر بکەن کە پسپۆڕن لەبواری داراییدا، ئەو شوێنەش ڕەقابەی مالیە و مەکاتبی تەدقیق، دوایی تەصدیقی ئەکەن و ئەینێرن بۆ پەرلەمان، ئەوەی بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان ئەیخوێننەوە و لەمستەوای ئەواندایە بۆ ئەوەی یەکێکی غەیر حسابی بیخوێنێتەوە پێی ئەڵێن ڕاپۆرتی دارایی، خاوەن کارگەیەك تێناگات میزانیەی موراجەعەو مەدین ودائین چیە؟، ئەبێ تۆ ڕاپۆرتێکی دارایی بدەیتێ لەسەر وەزعی کارگەکەی خۆی، حکومەتیش بەهەمان شێوە، پەرلەمانی بەڕێز لەبەر ئەوەی پسپۆڕ نین لەداراییدا حساباتی خیتامی بۆ ئەوان نیە؟، ڕاپۆرتی دارایی بۆ ئەوانە، ڕاپۆرتی

داراییشمان تا 31/12داوە بەبەڕێزتان، بەس دواکەوتووە ئێمە فعلەن دانی پێدا دەنێین، لە 19/5بەدەستی بەڕێزتان گەشتووە، ئەوەش کوڕاسەکەیەتی بە داهات و خەرجیەوە هەمووی کەناردوومانە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەو پرسیارەی کاك غەفوریش، کە دەڵێت داهاتەکانی تری حکومەت دیاری بکرێت.

**بەڕێز دڵشاد عثمان بریکاری وەزارەتی دارایی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان .**

داهاتەکە لەم ڕاپۆرتەدایەو حازرە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەتوانن ئەوەش کۆپی بکەن، یان هەر ئەندامێك ویستی لە لیژنەی دارایی کۆپیەکەی وەربگرێت، کاك پیرخدر، فەرموو.

**بەڕێز خضر سلیمان خلیل( پیر خدر):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێوە دەزانن ئێمە نزیکی پرۆسەیەك بووینەتەوە کە ئەویش پرۆسەی هەڵبژاردنە، بەس وادەی دەست پێکردنی ڕیکلام وپڕوپاگەندە بۆ هەڵبژاردن هێشتا بەفەرمی دەستی پێنەکردووە، بۆیە هیوادارم دەزگای ڕاگەیاندن نەبێتە مینبەرێك بۆ ڕیکلامی هەڵبژاردن و بۆ کاك غەفوریش دەڵێم، ئەگەر ئەزانێ مەعاشی زۆرە وەك ئەندام پەرلەمان با بێت من و ئەو تەعاهودێك دەنووسین کە مەعاشی خۆمان نیوەی کەم بکەینەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوە ئیقتراحێکی باشە، کاك پیرخدر و بەڕێزان ئێمە ئەو مەسەلەیەمان باس کرد، ژمارەیەك لە ئەندامانی پەرلەمان وتیان، لەبەر ئەوەی بەرەو هەڵبژاردن دەڕۆین و وادەی پڕوپاگەندە بۆ هەڵبژاردن دەستی پێنەکردووە، بەڵام لەناو پەرلەماندا دەستی پێکردووە دەمێکە، وتیان ڕاستەوخۆ پەخش نەکرێت، ئەوەش ڕایەکی پەسەند بوو، بەڵام لەبەر ئەوەی لەسەر بودجە زۆر قسە کراوە لە ڕۆژنامەکان، لەسەر تەلەفزیۆن خەڵکێکی زۆر دەبینم بەهەڵە تێگەیەندراون، زۆر خاڵ باسکراوە کە ڕاست نیە، وەکو دوێنێش ئاماژەم پێکرد یەکێك گوتوویەتی 75٪ بودجە دوو حیزبەکە دەیبات، یەکێك دەڵێت پارەی نەوت دوو حیزبەکە دەیبات، یەکێك دەڵێت بودجە بە کەیفی خۆیان دابەش دەکەن، شەفافیەت لە بودجەدا پێویستە، ئەگەر چی ئەو داواکاریە لە جێی خۆیەتی، بەڵام بۆ بودجە گوتمان نەخێر فرسەتێکە ئەو ئەندام پەرلەمانانەی کە دەیانەوێت لە تەلەفزیۆن قسەی بکەن با لێرە قسان بکەن بۆ ئەوەی مەجالی ڕەد دانەوەی هەبێت لەلایەن پەرلەمانەوە، لەلایەن لیژنەمانەوە، لەلایەن حکومەتەوە کە وەزیرەکان و بریکارەکان لێرە بەشدارن، بۆیە ئەو ڕەئیەمان پەسەند نەکرد دوێنێ کە ڕاستەوخۆ نەبێت و ئەوانە، یاسای تر دێتە پێشەوە لە غەیری دەستوور، ئەو قەسەیەی تۆ گوتت بە جێیە، پێویست ناکات بۆ ئەوەی بڕادەرانیش

برێك ئارام تر و بێ تەشەنوج رەئیەكانی خۆیان بدەن و واقعی تریش رەئیەكانی خۆیان دەدەن ئەو كاتی ئەگەر تەلەفزیۆن نەبێت لێرە، پێم وایە تەنها پابەند دەبن بەوەی كە ئەندامی پەرلەمانن، نەك بۆ ئەوەی كە بیروبۆچوونی تایبەتی خۆیان هەیە بۆ چەند ڕۆژێكی تر، بەهەرحاڵ ئێستا ئەوە كۆپیەكەتان پێ دەگات، من داوا دەكەم كە بچینە سەر ئەسڵی مەوزوعەكە، كاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من پێم وایە ئەو ڕاپۆرتەی لە وەزارەتی دارایی هاتووە 2008 یەكێكە لە بنەماكانی حیساباتی خیتامی، بۆیە من پێم باشە، هەروەكو جەنابت لە بیدایەت ئیشارەتت پێی دا ئەویش ئێستا كۆپی بكرێت و دابەش بكرێتە سەر ئەندامانی پەرلەمان بۆ ئەوەی زیاتر شەفاف تر بێت مەسەلەكە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەوە لە لیژنەی دارایی هەیە، دەتوانن هەر ئەندامێك، خۆ هەموویان موهتەم نین بەو مەوزوعەیە، هەر ئەندامێك كە پێویستی پێیەتی لیژنەی دارایی با كۆپیەكی بداتێ، بەڵێ كاك دلێر فەرموو.

**بەڕێز د.دلێر حقی شاوێس:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەو ڕاپۆرتە لە لیژنەی دارایی دا هەیە، ڕاستە درەنگ گەیشتووە، بەڵام لە لیژنەی دارایی هەیە و لەبەردەست هەر هەموو ئەندامە بەڕێزەكانی پەرلەماندایە، وەكو چۆن بودجەكانی ساڵانی پێشتر لەبەردەمی هەریەكە لە ئەندامە بەڕێزەكانی پەرلەمانە، بەڵام هەندێك كەس خۆی نەیەت و تەماشای نەكات بەزۆر نایدەمێ، بەڕاستی وەكو كاك دڵشاد ئاماژەی پێی كرد، ئەمە مەسەلەیەكە پەیوەندی بە هەندێك پسپۆری هەیە، من لەگەڵ ڕێزمدا ڕاستە دكتۆرام هەیە، بەڵام هەر هێلكاریەكی دڵ ببینم لەبەرئەوەی پزیشك نیم تێی ناگەم، هەر خەریتەیەك ببینم لەبەرئەوەی ئەندازیار نیم، من تێی ناگەم، لەبەرئەوە هەندێك شت هەیە كە مەسەلەیەكی دیجیتاڵە، لەمەسەلەی بودجە، لە مەسەلەی تریشدا هەمووی ژمارەیە، هەندێك لە برادەرە بەڕێزەكان دێن لەگەڵ مندا باس دەكەن كە ئێمە تێی ناگەین، بەڕاستی ئیتر ئەوەیە، یەعنی بودجە بریتیە لە شتێك كە مەسەلەیەكی محاسبیە، مەسەلەیەكی داراییە، كە دەبێت خەڵك شارەزایەكی هەبێت لەو بوارە زانستیە ئینجا تێی ئەگات، من لێرەوە ناتوانم لەهێلكاری دڵ و خوێن و كۆمەڵە ئەشیعەیەكم پێ نیشان بدەی، بەڕاستی تێی ناگەم، ناتوانم تێی بگەم، لەبەرئەوە گوناحی دكتۆرێك نیە، گوناحی كەسێك نیە كە ئەشیعەكەی گرتووە و من تێی ناگەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

کاکە ئەو موناقەشەیە تا ئەخیر لە هین دەردەچین، ئەوە زۆر ڕوونە ڕاپۆرتی دارایی بۆ ساڵی 2008 کۆپی بکەن و دەیدەین بە هەمووتان، وەکو پێشتریش باسم کرد هەر ئەندامێك بۆی هەیە بۆ وردەکاری بچێتە لای لیژنەی دارایی باسی بکات، ئێستاش ئەو وردەکاریەی میزانیەی 2009 کۆپی هەیە، هەر ئەندامێك بیەوێت دەتوانێ کۆپی لە ئەوان وەربگرێت و لەبەردەستیشی بێت و دەتوانێ تەقیمی بکات و هەڵیسەنگێنێ و دواتر ڕەئی خۆیشی لەسەر بدات، ئێستا دەچینە سەر ڕاپۆرتی لیژنەی یاسایی خاڵ بە خاڵ ماددەکان موناقەشە دەکەین و دەوڵەمەندی دەکەین و دواتریش بڕیاری لەسەر دەدەین، فەرموو بۆ ئەسڵی پرۆژەکە.

**بەڕێز کریم مجید شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**یاسای ژمارە(  )ی ساڵی 2009**

**یاسای بودجەی هەرێمی کوردستان-عیراق بۆ ساڵی 2009**

ماددەی یەکەم:

بۆ خەرجیەکانی ساڵی دارایی/ 2009 گوژمەیەك تەرخان دەکرێ کە بڕەکەی 8.857.263 تەنیا(هەشت ترلیۆن وهەشت سەدوپەنجاوحەوت ملیار و دووسەدو شەست و سێ ملیۆن دینارە)و بەم جۆرە دابەش دەکرێ:

یەکەم: گوژمەیەك بڕەکەی 2.303.338 تەنها (دوو تریلیۆن و سێ سەدو سێ ملیار و سێ سەدو سی و هەشت ملیۆن دینارە) بۆ خەرجیەکانی پرۆژە سەرمایەدارییەکان.

دووەم: گوژمەیەك بڕەکەی 6.553.925 تەنیا(شەش تریلیۆن و پێنج سەدو پەنجاو سێ ملیارو نۆسەدو بیست و پێنج ملیۆن دینارە) بۆ خەرجیەکانی بەکارهێنان.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك کریم فەرموو.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**قانون رقم (  ) لسنة 2009**

**قانون موازنة اقليم كوردستان - العراق لسنة 2009**

المادة الاولى:

يرصد لنفقات السنة المالية 2009 مبلغ قدره 8.857.263 فقط (ثمانية ترليون وثمانمائة وسبع و خمسون مليار ومائتان وثلاثة وستون مليون دينار) ويوزع كالاتي:

1ـ مبلغ قدره 2.303.338 فقط(اثنان ترليون وثلاثمائة و ثلاثة مليار وثلاثمائة و ثمانية وثلاثون مليون دينار) لنفقات المشاريع الراسمالية.

2 ـ مبلغ قدره (6.553.925) فقط(ستة ترليون وخمسمائة وثلاثة خمسون مليار وتسعمائة وخمسة وعشرون مليون دينار )للنفقات التشغيلية.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕەئی لیژنەی دارایی و ئابووری لەسەر ئەوە؟ فەرموو کاك دلێر فەرموو.

**بەڕێز د.دلێر حقی شاوێس:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لیژنەی دارایی و ئابووری پێی چاکە ماددەی یەکەم لە بڕگەی 1 وەکو خۆی بمێنێتەوە، بڕگەی 2 بەو شێوەیەی خوارەوە دابڕێژرێتەوە:

أ ـ گوژمەیەك بڕەکەی66,140,000 (شەست و شەش ملیار و سەدو چل ملیۆن دینار) دینار بۆ خەرجیەکانی پەرلەمانی کورستان.

ب ـ گوژمەیەك بڕەکەی 24,881,000 (بیست و چوار ملیار و هەشت سەد و هەشتاو یەك) ملیۆن دینار بۆ خەرجیەکانی دەسەڵاتی دادوەری.

ج ـ گوژمەیەك بڕەکەی 6,462,904 (شەش ترلیۆن و چوار سەد و شەست و دوو ملیار و نۆسەد و چوار ملیۆن دینار) بۆ خەرجیەکانی جێ بەجێ کردن لە دەزگاکانی حکومەتی هەرێمی کورستان.

ئەمە ئێمە تەنها بەس جیامان کردووەتەوە، بودجەکە بە پێی هەر سێ دەسەڵاتەکە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی ڕەئیتان، کاك کریم فەرموو.

**بەڕێز کریم بحری عبداللە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لیژنەکەمان ڕاپۆرتی خۆی، لەسەر یاسای بوجەی ساڵی 2009 بەم شێوەیەی خوارەوە پێشکەش دەکات:

**یەکەم/** دەربارەی ماددەی یەکەم لە پرۆژەکە، لیژنە پێشنیازدەکات بڕگەیەکی تایبەت بە خەرج و مەسرەفی پەرلەمانی بۆ زیادبکرێت و، بڕگەیەکی دیکەشی دەربارەی خەرج و مەسرفی دەسەڵاتی دادوەریی بۆ زیادبکرێت چونکە دەسەڵاتێکی سەربەخۆیە و بوجەی تایبەتی خۆی هەیە لە چوارچێوەی بوجەی گشتیی هەرێمدا بەپێی حوکمەکانی ماددەی چوارەم لە یاسای دەسەڵاتی دادوەری ژمارە(23)ی ساڵی 2007، بەم شێوەیەی خوارەوە:

یەکەم ودووەم وەکو خۆی بێت و بڕگەی 3 بەو شێوەیە بێت:

سێیەم: بڕی تەنیا (71140000000) حەفتا ویەك ملیار و سەدو چل ملیۆن دینار بۆخەرج و مەسرەفی پەرلەمانی کوردستان.

چوارم: بڕی تەنیا( 24881000000) بیست و چوار ملیارو، هەشت سەدوهەشتاویەك ملیۆن دینار بۆ خەرج و مەسرەفی دەسەڵاتی دادوەری.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

خۆی لەڕاستی دا پارەکە تەحدید کراوە لە میزانیەی بەغدا ناتوانین زیادی بکەین، بە گشتی، ئەوە شتێکی دیارە، بەڵام لە نەفەقاتی تەجریدی دوو لیژنەکە دوو بۆ چوونی جیاوازیان هەیە لە تەحدید کردنی میزانیەی پەرلەمان و میزانیەی دەسەڵاتی دادوەری ، ئەو فەرقە دەمەوێت بزانم بۆ وا هاتووە لە بەینی ئەو 71 یەکە و ئەو 66 ە؟ بۆچی ئەو فەرقە هەیە لە بەینی لیژنەی دارایی و لیژنەی یاسایی، یەعنی لیژنەی دارایی لەسەر چ ئەساسێك ملیارەکەی ئامادە پێ کردووە؟ هەروەها لیژنەی یاسایی بۆچی 71ی داناوە؟ دەمەوێت ئەوە ڕوون بکرێتەوە؟ کاك دلێر فەرموو.

**بەڕێز د.دلێر حقی شاوێس:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لەسەر ئەو پرۆژە بودجەیەی کە حکومەتی هەرێمی کوردستان کە تەرخان کراوە بە پێی وەزارەتەکان و دەزگاکان، حسەی پەرلەمانی کوردستان کردوویەتە 66 ملیار و لەسەر ئەو بنەمایە ئێمە دامانناوە، نازانم ئیتر ئەو 77 ـە چۆنە؟.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك کریم فەرموو.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی ئێمە دوای وردبوونەوە پێمان وایە پەرلەمانی کوردستان پێویستی بە شوێن و بینایە و هۆڵی نوێ هەیە بۆ دروست کردن، بۆ ئەوەی لە ئاییندەدا شوێنەکە فراوانتر بکریت و هەروەها ئەو شوێنەی بۆ فراکسیۆنەکان کە بە نیازن زیاد بکرێت، بۆیە پێمان وایە و دەبێت بودجەکەی زیاد بکرێت لەوەی کە دیاری کراوە لەلایەن حکومەتەوە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

من حەزدەکەم رەئی خۆم بڵێم لەسەر ئەوە، جارێ ئەوەڵەن ئێمە لە مانگی 6ین لەبەرئەوە، ئەو قسەیە ئەگەر مەنتقیش نەبێت و زیادە بێت کە داوای دەکات لیژنەی یاسایی کە پەرلەمان پێویستی بە بینایە هەیە، تەبعەن برێك لەو بودجەیەی کە لە 66 دا هەیە، دروستکردنی بینایە وەکو پار ساڵیش کردمان و نەمانتوانی، لەبەرئەوە ئێستا تەماشای میزانیەی پەرلەمان هی ساڵی 2006 بکەین 60٪ ی سەرف کراوە، نەمانتوانیوە بینایە دروست بکەین، مەقالەشمان لەسەر دەنووسن کە پەرلەمان لەسەدا ئەوەندەی بودجەی برد کە لە واقع دا لە نیوەی ئەوەش کە باسکراوە کەمترە، ئەو 66ش نسبەتەکە قسورەکە، نیسبەتێکی بۆ بینایە کە ڕەنگە دیسانیش لە 2009 دا ئاسان نەبێت دروستکردنی لەبەر ڕۆشنایی وەزعی ئێمە و هین و ئەوانە، ئەوەی کە لیژنەی یاسایی داوای دەکات پێویست ناکات ئەوە، لە وەختێك دا کە کرابا یان دەستی پێ

کرابا هەستمان کردبا پێویستمان بە پارەی زیاتر هەیە، ئەگەر توانرا دەست بە دروستکردنی بینای تازە بکرێت بۆ پەرلەمان لەو 6مانگەی داهاتوودا ئەوا ئەو کاتە لە کۆتایی ساڵ دا ئەو پارەیەی کە بۆی داندراوە بەش نەکات، دەکرێت بۆ بودجەی 2010 ئەو زیادە و ئەو پیداویستیە ئیزافە بکرێت، بۆیە من پێم باشە لیژنەی یاسایی موقتەرەحی خۆیان سەحب بکەن و وەکو خۆی بمێنێتەوە، کاک دڵشاد فەرموو.

**بەڕێز دڵشاد عثمان (بریکاری وەزیری دارایی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە نیسبەت ئەو ئیزافانەی کە باس دەکرێت پەرلەمانی کوردستان و ئەنجومەنی دادوەری ئەوانە، لە خەرجیەکان دا کە دەست نیشان بکرێت، من بەڕاستی هیچ موبەررێك نابینم بۆ ئەوە، موازەنەی عیراق لە ساڵی 1929 ەوە کە هەیە، کە ئەوە 2009یە و بە تەئکید خیبراتی زۆر زیاتری هەبووە لەو شوێنە، لە ساڵێك لە ساڵەکاندا باسی ئەوەی نەکردووە پەرلەمان لە خەرجی ئەوەی تیا بێت، بۆیە یەکسەر تەحدیدی دوو جۆری سەرەکی دەکات، لە خەرجی وەبەرهێنان و لەگەڵ خەرجی بەکاربردن کە تەشغیلە، لەبەرئەوە ئەو تەفسیلاتە وردە بە ڕای من لە جەدوەلەکانی مولحەق دا ئاماژەی بە ئەوە کردووە کە لە جەدوەلی رەقەم یەك ئەوە خەرجیەکانە، پێویست ناکات باس بکرێت، ئەمری جەنابتانە و ڕەئی بەڕێزتانە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

وەڵڵا ڕاستە لە بودجەی عیراق ئەوە نیە، بەڵام لە لای ئێمە کە پارەکەش وامان کرد و ئەگەر هەبێت باشترە، لەبەرئەوەی ئەو دوو دەسەڵاتە کە دەسەڵاتی دادوەری و دەسەڵاتی پەرلەمان جیاوازن و بودجەشیان جیاوازە، هەتا بۆ موناقەلەش هەر دەسەڵاتی خۆیانە، دیوانی چاودێریش بە هەمان شێوە، بەڵام لەبەرئەوەی تەوحید نەبووە، دەنا دەمان خستە پێش، ئەگەر دیوانی چاودێری تەوحید بووبا دەبووایە ئاماژە بە بودجەی ئەوانیش بکرابا، زەرەری نیە و فازانجیشی هەیە بۆ جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان، بەس ئەوەندە هەیە ئەگەر لیژنەی یاسایی هینەکەی خۆی سەحب بکات، ئەگەر نا موناقەشەکەمان دوور دەکێشێت، کاک کریم فەرموو.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مادام رەئیتان وایە کە بودجەی بۆ داندراوە لە زمنی ئەو 66 ە ئێمە سەحبی دەکەینەوە زیادەکە و ئیقتراحەکە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوە سەحبیان کرد، ئەگەر نا کێشەیەکی گەورە هەبوو من باسم دەکرد، تۆ ئەو فەرقە لە کێی دەسەنی؟ نەفەقاتەکە داندراوە ئەوەندەیە، لە زمنی ئەوانە دیراسەت کراوە، دەبێت لە وەزارەتێك کەم بکەیەوە، بە

هەرحاڵ ئەو ماددەیە موناقەشەی زۆر هەڵناگرێت، لەبەرئەوەی پارەکە دیاری کراوە کە پارەکە ئەوەندەیە و نەفەقاتەکە ئەوەندەیە و تەفسیلاتەکەی لەبەردەستتانە، باشە کاك محمد فرج فەرموو.

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشتریش باس لەو نەفەقاتی تەشغیلیە کراوە، یەعنی ئەمە 65٪ە بە پێی پێوەرە نێودەوڵەتیەکان نابێت لە 32٪ تێپەڕێ، ئایا ناکرێت بۆ ئەم سێ، چوار ساڵە موعالەجەیەك بۆ ئەوە هەبێت، مەسەلەن بیخەینە بابێکی تر، ئێستا شەبەکەی ریعایەی ئیجتماعی هەیە، مەسەلەن بیکەینە بابی سۆشیال، یارمەتیەك یەعنی وەکو راتب نەبێت، ئەو زیادەیە حاڵەتێکی تری بۆ بدۆزینەوە، یەعنی ئەم مەسەلەیە لە قەیران رزگار بکەین، چونکە ئەمە کاریگەری هەیە، جەنابت دەزانی بانکی نێودەوڵەتی، مەسەلەن کۆمەڵێك شەریکاتی ئەجنەبی لەم وڵاتە هەن، ئێستا ئێمە ڕاستەوخۆ ناتوانین هەندێك شت بکەین، ئەوە کارێکە ئیشی ئەوانە، ئەوانە دەڵێن هەتا ئەم پێوەرە نەگاتە ئەم ئاستەی خۆی ئێمە ناتوانین مامەڵە لەگەڵ ئەم مەسەلەیەدا بکەین، ئایا ناکرێت ئەمە بخەینە بابێکی تر، یان موناقەلەی بکەین بە شێوەیەکی تر لەگەڵ ئەم حاڵەتە بگونجێت و هەم ئەوە ڕاست بکەینەوە، هەم لەلایەکی تریشەوە زەمینە خۆش دەکەین بۆ مەسەلەیەکی تر، سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەو قسەیە زۆر ڕاستە من تەئیدی دەکەم، بەڵام وابزانم شتێکیان کردووە کە مووچە خۆر و فەرمانبەر جیاکراونەتەوە، شتێکی وام دی فەرمانبەر ژمارەیان لە 37٪ شتێکی وایە، ئەوەی تر مووچە خۆرن، وردە وردە بەرەو نیزامی سوشیال برۆین، دەبێت ئەوە بکەین و ئەوانە، بەڵام ئێستاکە ئەمری واقعە، پارەکە ئەو نیسبەیە، نەفەقاتی کەمتر بوو لەبەرئەوە میزانیە ئەمساڵ دابەزیوە و کەم بووەتەوە، بەڵام تۆ مەساریفی هین و ئەوانە و نەفەقاتی تەشغیلی ناتوانی کەم بکەیەوە، مووچە ناتوانی کەم بکەیتەوە، لەبەرئەوە کە میزانیە دادەبەزێت حیسابی ئیستیسماری کەم دەبێتەوە، کاك عادل فەرموو.

**بەڕێز عادل محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵڵا من بەراوردێك لە نێوان پارو ئەمساڵ دەکرێت، بەڕاستی پار میزانیەکەمان 7ترلیۆن و شەست سەدو بیست و هەشت ملیار و ئەوەندەیە، ئەمساڵ 8 ترلیۆن و 857 ملیار، دەبینم ترلیۆنێك 228 ملیار زیادی کردووە، بێینەوە تەماشا بکەین، ساڵی پار لە بودجەی ئیستیسماری تەقریبەن 675 ملیار زیادمان دانابوو، ئەمساڵ لە جیاتی ئەوەی ئەو بودجەیە زیادبکەین و بودجەی ئیستیسماری زیاد بکەین کە دەبێتە بەگەڕخستنی خەڵك، مایەی خۆشگوزەرانی بۆ خەڵك، پرۆژەی زیاتر بۆ خەڵك دەکرێت، کەچی ئەمساڵ ئەوەش کەم کراوەتەوە و بودجەی تەشغیلیش نزیکەی 2ملیاری بۆ زیادکراوە، نازانم ئێمە ساڵی پار وابزانم

موسادەقەی 29 هەزار ئەوە کرابوو کە موەزەفین دابمەزرێت، یەعنی ئەو زیادەیە چیە ئەو حاڵەتە ئەوەندە زیادی کردووە؟.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوەندەی من بزانم پار عەجزی زیاتر بوو میزانیەی خەمڵێندراو عەجزێکی گەورەی هەبوو، چاوەڕوان دەکرا میزانیەی تەکمیلی کە دەزانرا دەبێت بۆیە عەجزیان دانا، ئەمساڵ تەوەقوع ناکەن میزانیەی تەکمیلی هەبێت، بۆیە عەجزەکەیان زۆر کەم کردووەتەوە، فەرقەکە لەوە داهاتووە، نەسرین خان فەرموو.

**بەڕێز نسرین محمد :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پرسیارێکم هەیە لەسەر ماددەی یەکەم خاڵی دووەمی بۆ خەرجیەکان و بەکارهێنان، ئەو پارەیەی کە زیندانیە سیاسیەکانی عیراق مانگانە بڕێگ پارە وەردەگرن، بەڵام هینی کوردستان تا ئێستا بۆیان سەرف نەکراوە، هەرچەندە دەمێکە داوا دەکەن بەشێکی ئەوانیش لەسەر بودجەی هەرێمی کوردستان بێت، بەڵام تا ئێستا هیچ سەرف نەکراوە، هۆکارەکەی چیە؟ حەزدەکەم ئەوە ڕوون بکەنەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاک غفور فەرموو.

**بەڕێز غفور طاهر سعید مەخموری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی کە تێبینی دەکەم و منیش لەگەڵ رەئی ئەو بەڕێزانەم و هاوڕام بودجەی وەبەرهێنان زۆر زۆر کەم بووەتەوە ئەو ساڵ، بەڵام من پرسیارێك دەکەم، هەموو لیژنە تایبەتمەندەکان ڕاپۆرتی خۆیان نووسیوە، ئایا ئەو سەرنج و پێشنیارانەی کە لە راپۆرتەکان هاتوون تا چەند بە نەزەر ئیعتیبار وەردەگیردرێن و تا چەند ئیعتیمادی دەکرێتە سەر بۆ ئەو گۆڕانکاریانەی کە داوا کراوە لە راپۆرتەکان؟ لەبەرئەوەی تێبینی دەکەین ئەو یاسایە زیاتر لەڕووی شکلیەوە داڕێژراوە کە ئێوە پەسەندی دەکەن تەفاسیلەکە لە یاسایەکەدا نیە، تەفاسیلەکە لە بودجەکەدایە کە بۆمان هاتووە باب، باب دابەش کراوە، ئێمەش هەموومان لە لیژنەکان کە دیراسەتمان کردووە کۆمەڵێك سەرنج و تێبینی خۆمان هەیە، ئایا ئەوە چی بەسەر دێت؟ چۆن ئیعتیماد دەکرێتە سەری؟ ئەوە یەك، دووەم: ئەو جەدوەلەی کە ئێمە لەبەردەستمان دایە کە میزانیەی وەزارەتەکان دیاری کراوە، یەعنی نیسبەکان بە پێی جەدوەلەکە تەماشا دەکەین هەندێك وەزارەتی زۆر، زۆر گرنگ هەنە کە بەڕاستی بودجەکەیان زۆر زۆر کەم دیاری کراوە، بۆ نموونە وەزارەتی پیشەسازی، یەعنی سەدا سفرو پۆینت چوارە، یەعنی پێویستیت بە ئەوە هەیە کارگە بینا بکەی بۆ ئەوەی داهاتی تر بۆ وڵاتەکە وەدەست بخەی، یەعنی پێویست دەکات کەرتی پیشەسازی لە کوردستان زیاتر بایەخی پێ بدەی، نەك بەو شێوەیە تەعامولی لەگەڵ بکەی، کەرتی کشتوکاڵ بە هەمان شێوە، دواتر وەزارەتێکمان هەیە کە وەزارەتی

ناوچەكانی دەرەوەی هەرێم، وەزارەتی ناوچەكانی دەرەوەی هەرێمیش ئەو وزارەتانە بودجەكەیان زۆر، زۆر كەمە، یەعنی خۆتان دەزانن تەنها ئەوەی كە دانـدراوە بـۆ راتـب و بـۆ ئەوەیـە، كـە مـەجالی تەشغیلیەكەیە هیچ شتێكی ئیستیسماری نـەبووە، یـەعنی ئـەو وەزارەتـەش سەرپەرشـتی لەسـەر كۆمـەڵێك ناوچـە دەكات، دەبێت دەسەڵاتی ئەوەی هەبێت كە هەندێك پرۆژە لەو ناوچانە بكرێت و كۆمەڵێك كاری تر، دواتر كـەرتی تەندروستی ئێمە كۆمـەڵێك گرفتمـان هەیـە، لـە راپۆرتـەكانیش ئامـاژەی پـێ كـراوە كـە لەبەردەسـتم دایـە، یەعنی بەڕاستی پێویستە ئەو ئەو كەرتە زیـاتر ئیهتیمـامی پـێ بـدرێت لـە ڕووی مەسـەلەی دابـین كردنـی داودەرمان بێت، مەسەلەی بیناكردنی نەخۆشخانە بێت، كۆمەڵێك مەجالی تر، كەرتی پەروەدەش بە هـەمان شێوە باوەڕدەكەم ئەوە پێویستی بە ئەوە هەیە، كە بە پێی ئەو ڕاپۆرتانەی كە نووسراون چاو بە ڕێژەكاندا بخشێندرێتەوە و نەك ڕێژەكان بەو شێوەیە بمێنێتەوە، لەگەڵ ڕێزماندا.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

وەڵلا مولاحەزەیەكی بەجێیە لەڕاستی، ئەو ڕاپۆرتانەی كە نووسراون بەهەند وەربگیردرێن، من پـێم باشـە ئـەو ڕاپۆرتانــە بدەینــە وەزارەتــی دارایــی و ئــابووری و لەگــەڵ لیژنــەی دارایــی و ئــابووری، ئایــا دەكرێــت گۆڕانكـاری بكرێـت؟ دوو ڕێگـا هەیـە، یـان ئـەو نەفـەقاتی تەشـغیلیەی كـە هەیـە موناقەلـەی تیـا بكـەن و نەفەقاتی رەئس مالیش موناقەلەی تیا بكەن لەوە زیاتر بۆ وەزارەتەكە بە پێـی ئـەو ڕاپۆرتانـە پێداویسـتی گرنگ دیاری بكەن و چ ئیمكان هەیە لە زمنی ئەو میزانیەی كە داتان ناوە، لەبەر ڕۆشـنایی ئـەو ڕاپۆرتانـە ئەو موناقەلەیە بكەن، یان میزانیەكە زیاد بكەن بە عەجز، یەعنی خەمڵێندراوە، بەڵكو سعری نەوت بـەرز بـۆوە، هەنـدێك لـەو پرۆژانـەی كـە داواكـراوە لەلایـەن ڕاپـۆرتی لیژنەكانـەوە زۆر زەروریـە بـا میزانیەكـە عەجزی هەبێت و ئەوەی بۆ ئیزافە بكرێت و یـان موناقەلـە بكرێـت، ئـەوە دەمێنێتـە سـەر تـەقیمی ئێـوەو تەقدیری ئێوە، هەڵسەنگاندنتان بۆ وەزعی دارایی عیراق ئایا بەرەو زیاد دەڕوات؟ ئایا هەرچەندە  لە بەغدا گوتوویانە و وەزیری دارایی من دوێنێ گوێم لێ بوو دەڵێت هی ئەمساڵ تەكمیلی نابێـت، حكومـەتی فیـدڕاڵ داوای كـردووە میزانیـەكی تـەكمیلی هـەبێت لەبـەر ڕۆشـنایی بەرزبوونـەوەی نرخـی نـەوت، بـەڵام وەزیـری دارایی دوێنێ جوابی دایەوە دەڵێت ئەم بەرزبوونەوە لەو چەند مانگەدا  داهاتی نەوتمان زیاد ناكات و بۆیە پێی وا نیە بتوانین میزانیـەی تـەكمیلی ئەمسـاڵ دروسـت بكـەن، بـەڵام ئـەوە بەهـەرحاڵ بـۆ ئـەو وەزارەتـە دەمێنێتەوە، تەقدیری ئەوانە بكات، هـەموو ڕاپۆرتـەكان دەخەینـە بـەردەمتان، چـونكە ئـەمڕۆ هـەر تـەواو نابێـت، بۆیـە ئەگـەر لێـرەوە تـا یەكشـەممە ئـەو شـتەی كـە كـاك زراریـش داوای كردبـوو كـە ئـەمڕۆ پێـنج شـەممەیە و قـەیناكات خۆتـان دەبێـت تۆزێـك مانـدوو بكـەن لـەو دوو ڕۆژە كـە عوتڵەشـە، ئـەو راپۆرتانـە بخوێننەوە و بزانن چی تێدایە و بتوانن میزانیەكە یان موناقەلە بكـەن یـان عـەجزی بخەنـە نـاو، نوقتـەی نیزامی هەیە كاك رشاد فەرموو.

**بەڕێز رشاد احمد ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بە نیسبەت ئەبوابی موازەنە لە بابی تەشغیلی قەتعەن موناقەلە ناکرێت، لە ئەبوابی تریش بۆ تەشغیلی دەکرێت، لە تەشغیلی بۆ ئەبوابی تر ناکرێت، ئەوە یەك، دووەم: بە نیسبەت عەجزی موازەنە کێشەیەك دروست دەکات بۆمان، ئێستا بۆ نموونە پارێزگای هەولێر مەجموعەك ئیشی تەنفیز کردووە و پارەی خەڵك نەدراوە، ئەو کاتە وەزارەت لە سنووری ئەو موازەنەیە تەعامول دەکات و ئیحتیماله مەشاریع ئیحالە بکات و پارە نەبێت و کێشەی زۆرمان بۆ دروست دەکات، مەسەلە مومکیناتە، هەموو وەزارەتەکان دە هەندە پێویستیان هەیە، بۆ نموونە سێ وەزارەت ئێستا ئێمە کە شارەوانی و گەیاندن و گواستنەوە، ئەوەی بۆیان داندراوە زۆر کەمە، بەڵام مەسەلەی مومکیناتە، هەشت ترلیۆن و ئەوەندە هاتووە دابەش کراوەتە سەر وەزارەتەکان، ئەوەی مەوجودە دابەش کراوە، ئەمە مەسەلەی موستەقبەلی ناتوانین بە نەزەر ئیعتیبار وەربگرین بڵێین عەجز دروست بکەین لە موازەنە ئیعتیمادەن لەسەر میزانیەی تەکمیلی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك جعفر فەرموو.

**بەڕێز جعفر مصطفى معروف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من دوو پرسیارم هەیە، کاك بارزان ئیشارەی کرد، ئێمە لەم ماددەیە ئەتوانین شتێك لە بابەکانی تر کەم بکەینەوە، حسەیەك بۆ هەڵەبجە دابنێین نەك بە ناوچەگەریەتی، هەموو کوردستان وێرانە، بەڵام هەڵەبجە فەرقێکی هەیە، ئێستا هەڵەبجە بۆتە دەروازەی هەموو ئەجنەبیەکان، هەر سەردانی دەکەن، هەر وێرانە، ناڵێم هیچی بۆ نەکراوە، بۆی کراوە، ئەگەر بتوانین لێرە حسەیەك بۆ هەڵەبجە دابنێین ئەو کەموکوڕیانە کە ماوە چاك بکرێت، دووەم: پێشنیارێکم بۆ وەزارەتی دارایی پرۆژەیەك هەبووە لە هەڵەبجە بە 18 ملیار دینار لەسەر ئەرکی جەنابی سەرۆکی هەرێم جێ بەجێ کراوە، لەم 18 ملیارە 6 ملیاری لە وەزارەتی داراییە تا ئەم بەیانیەش کێشەیەکی گەورە لەسەر ئەم مەسەلەیە دروست بووە کە پێی دەڵێن گەڕەکی دەروازەی شار، پرۆژەکە ڕاوەستاوە، ئەم 10 مانگە 3 مانگە موراجەعە دەکەن بۆ تەمویلی ئەو پرۆژەیە لە وەزارەتی دارایی بۆ وەزارەتی شارەوانی نەکراوە، داوا دەکەم وەزارەتی دارایی تەمویلی وەزارەتی شارەوانی بکات بۆ ئەو پارەیە بۆ ئەوەی ئەو پرۆژە هاوردە بکات و تەواو بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی کاك شێخ و کاك عثمان ڕەئیتان لەسەر ئەو پێشنیارو پرسیارانە؟ فەرموو.

**بەڕێز بایز تاڵەبانی (وەزیری دارایی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵڵا بە نیسبەت ئەوەی کە باسی عەجز کرا، بۆ مەعلوماتتان ئێستا عەجز هەیە، ئێستا 574,091 عەجز هەیە، بە نیسبەت موناقەلەوە بەس تەنها موناقەلە لە فەسڵی یەکی تەشغیلی دا دەکرێت، ئەویش ڕەواتبە بە هیچ شێوەیەك ناکرێت لێی کەم بکرێتەوە و ئیزافەی سەر شوێنی تر بکرێت، بە نیسبەت ئەوەی کەوا

موعالەجەی ئەو تەقاریرانەی کەوا ئێستا لیژنەکان ئەوەیان کردووە، خۆی وابزانم لە ماددەکانی داهاتوودا هەندێك دەسەڵات دێت بۆ وەزارەتی دارایی بۆ ئەوەی بتوانێ هەندێك موناقەلات بکات لەسەر ئەو ئەساسانە دەتوانین ئەوەی کە بگونجێت بە نەزەری ئیعتیباری وەربگرین، مەسەلەن میسالێکیش دەهێنین لەسەر وەزارەتی صناعە کە ئێستا ئێمە خۆمان لە وەزعێکی تردا دەژین، ڕاستە بەڵام بە نیسبەت وەزارەتی کشتوکاڵەوە ئێمە ئەمساڵ وەزارەتی کشتوکاڵمان زۆر بە نەزەری ئیعتیبار وەرگرتووە، هەتا ئەگەر تەماشای تەشخیسەکە بکەین ئەمساڵ لەگەڵ پاردا زۆر فەرقی هەیە، بە نیسبەت منەوە تەواو دوایش ئەگەر کاك عثمان شتێکی هەبێت؟.

**بەڕێز عثمان شوانی (وەزیری پلاندانان):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دابەشکردنی بودجە هەموو ساڵ هەر وابووە، موناقەشە کراوە، دوو لیژنە هەبووە، دوو لیژنە هەبووە کە لیژنەیەکیان موشتەرەکە لە بەینی وەزارەتی دارایی و وەزارەتی پلاندانان لەگەڵ گشت وەزارەت و هەرسێ پارێزگاکە کە دانیشتووین و موناقەشەی تەفسیلّی هەموو مەشاریع دەکرێت، لە هەمان کاتدا لیژنەیەکی تر هەیە لە وەزارەتی دارایی ئیشی بۆ موناقەشە کردنی بودجەی ئاسایی هەیە، داواکاری هەر وەزارەتێك بۆ وەزارەتەکانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ ئەو راپۆرتانەی کە لیژنەکان نووسیویانە ڕەوایی تێدایە، حەقیشی تێدایە و وە حەقیشە هەموویان بۆ بکەین، بەڵام لەگەڵ بودجەدا بریتیە لە ژمارەیەك کە بۆی تەخسیس کراوە، کە بریتیە لە 8 پۆینت ئەوەندە بودجەکەتە، لەم بودجەیەدا تۆ کە ڕەواتب دادەنێی بڕادەران دەبێ ئەوە بە نەزەر ئیعتیبار وەربگرن، ساڵی پار ئێمە کە لەم پەرلەمانە بڕیارماندا مووچە و تەقاعودی تەوحید بکرێت لەگەڵ عیراق دا، بووە مایەی زیادبوونێکی یەکجار گەورە لە فەسڵی یەکەم، ئەمە وای کردووە تۆ ئیمکانیەتەکەت بۆ تەحدید کراوە، منیش ئەزانم وەزارەتی تەندروستی پێویستی زۆر بە پارەی زیاترە، وەزارەتی کارەبا پێویستی بە دەیان مەشاریعی زیاتر هەیە، بەڵام تۆ ئەو پارەیەی کە بۆت تەخسیس دەکرێت کە بریتیە لە ترلیۆنێك و نۆسەد و یەك ملیار دینار بۆ میزانیەی ئیستیسماری، تۆ دەتوانی لەو ڕەقەمەدا تەعامول بکەی، ئێمە چیمان کردووە، ئێمە بۆ ئەوەی هەم عەدالەتی تێدا بێت، هەم گرنگیش بەو سێکتەرانە بدەین کە گرنگن، زۆرترین پارەی کە تەخسیس کراوە بۆ وەزارەتی کارەبایە و وەزارەتی شارەوانیە و وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەیە، وەزارەتی خوێندنی باڵایە، ئەمانە پارە ئەساسیەکەیان بەبەر کەوتووە، بەڵام مەعنای ئەوە نیە من وەزارەتی گواستنەوەم لەبیر کردبێت، یاخود وەزارەتی عەدلم لەبیر کردبێت یان هەر وەزارەتێکی ترمان لەبیر کردبێت، بەڵام تۆ بە پێی ئەو پرۆژانەی کە هەتە، بە پێی ئەو ئیمکانیەتەی کە لەبەردەست دایە، تۆ دەبێت تەعامول لەسەر ئەو ئەساسە بکەی، بۆیە ئێمە بە نەزەری ئیعتیبار وەری دەگرین مەسەلەی راپۆرتەکان، بەڵام دەسکاری کردن لە حدودی ئەو ڕەقەمە جەنابی سەرۆکی پەرلەمان، کە ڕەقەمێکت هەیە و بۆت هاتووە ئێمە ساحێبی ئیرادەیەکی تر نین، ئیرادەی ئێمە بریتیە لە (المبلغ المخصص للميزانيه العراقيه المصدق من كوردستان) ئەوە میزانیەی ئێمەیە، بۆیە ئێمە

حیسابی ئەو ڕەقەمە دەکەین، هەر ڕەقەمێك کە ئیقتراحی کرد یان هەرکەسێك کە ئیقتراحی کرد کە عەجز بخەینە ناو میزانیەکەوە بەڕاستی شتێکی باش نیە، لەبەرئەوەی دووبارە تووشی ئەوە دەبینەوە وەکو ساڵی پار ئەگەر میزانیەی تەکمیلی نەبووایە تووشی ئەزمە دەبووین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەهەرحاڵ ڕاپۆرتەکان لەبەردەستان دایە و ئیتر موقتەرەحی خۆتان چیە بیڵێن، فەرموو کاك محمد بۆ تەواو کردنی قسەکانی خۆت.

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من ئێستا نەمهێناوە، بەڵام ڕامکێشاوە، خوبەرای ئیقتساد لە وەزارەتی مالیە دەڵێن ئەم ساڵ عەجز نابێت، ئەم زیادەیەی نەوت ئەو عەجزە پڕدەکاتەوە، بەڵام لەوانەیە تەکمیلی نەبێت، ئەلوهیم عەجز ئەمساڵ نابێت، ئەوە یەك، دووەم: ئێمە دەکرێت ئەو مەسەلەیە بە جۆرێکی تر مامەڵەی بکەین، مەسەلەن داهاتەکانی تر زیاد بکەین، بۆ نموونە یەکەم: (الضريبة على خدمة الهاتف النقال) لە عیراق دا هێشتا یاسای بۆ دانەنراوە، مادام یاسای بۆ دانەنراوە دەکرێت ئەوە لە ئیختساسی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئایا ئەمە هەیە؟ دووەم: ئەو مونشەئە سناعیانەی کە لە کوردستان دا هەیە و وەکو چیمەنتۆ پێشتر هی حکومەت بووە ئەوسا تەنی چیمەنتۆ بە 30 دۆلار بوو، ئێستا جاری وا هەیە 170 دۆلار، ئایا حکومەت و وەزارەتی مالیە ئیستیفادە لە ئەمە دەکات؟ ئەوە بکەینە شتێکی تر، کۆمەڵێك سناعاتی زۆر گەورە لە کوردستان دا دروست بووە و وەکو چیمەنتۆ، وەکو ئاسن، وەکو مەشروب، وەکو زۆر شتی تر، ئایا وەزارەتی مالیە لەگەڵ ئەمانە مامەڵەیەکی کردووە؟ بۆ ئەوەی ئەمەش ببێتە ڕەسیدێکی تر، لەسەر ئەو مەسەلەیەی چارەسەری زۆر مەسەلەی تری پێ بکەین.

**بەڕێز سەۆکی پەرلەمان:**

من هەندێك جوابت دەدەمەوە، بەڵام کاك دڵشاد لەوانەیە شارەزا تر بێت لە من بە تایبەتی مەوەزوعی چیمەنتۆ و مەوزوعی ئەو زەریبە و ئەو شتانە لەڕووی حیسابیەوە باشتر ڕوونی دەکاتەوە، من داوای لێ دەکەم ئەو قسە بکات فەرموو.

**بەڕێز دڵشاد عثمان (بریکاری وەزارەتی دارایی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی بەڕێز کاك محمد فرج خستیە ڕوو، ئەمە دوو بابە، یەکەمیان مەسەلەی ئیتیسالات مەرکەزیە و داهاتەکەی عیراقیش وەری دەگرێت نەك تەنها ئێمە، ساڵانەش وەری گرتووە و دەچێتە کۆی داهاتیەوە بە حدودی 3 ملیار دۆلار کە لە شەریکاتی موبایل وەری دەگرێت و وەریشی گرتووە لە کۆرەکیشی وەرگرتووە و لە ئاسیاشی وەرگرتووە، وە لە زمنی سەڵاحیاتی حەسری مەرکەز دایە، ئەوە ئێمە ناتوانین هیچ شتێك لەسەر ئەوە بڵێین، دووەم: دێتە سەر ئەوەی ئێمە موخالەفەی خۆمان بکەین، ئێمە بەڕاستی حکومەتی

هەرێمی کوردستان هانی کەرتی تایبەت دەدات بۆ ئەوەی پرۆژەی  زۆر گەورە و چاك بكات، لەو بوارە یاسای ئیستیسمار وابزانم لەم پەرلەمانە بەڕێزە ئیمزا کراوە کە بۆ 5 ساڵ خۆتان لە زەریبە عەفوویان دەکەن، لە هەموو زەریبەیەك و رەسم و هەموو شتێك، جەنابتان کردووتانە، ئێستا ئێمە دەتوانین کە عەفوو بن پارەیان لێ وەربگرین؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك رشید ئیزافەت هەیە لەسەر ئەوانە؟ فەرموو.

**بەڕێز رشيد طاهر (بریکاری وەزارەتی دارایی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەعقیبێکم هەبوو لەسەر ئەو برادەرەی کە گوتی میزانیەی پار، یەعنی وازح نیە کە بووە، نەهۆ پێنج سەدو چل و یەك، ئێستا بوویە هەشت سەد و  پەنجاو حەوت، فەرقەکە ئەوەیە، لە میزانیەی عێراقی فیدراڵ بودجەی ئیستیسماری 22٪ هی حکومەتی هەرێم کە تەقدیممان کردووە، 26٪ یەعنی زیاترە، مووچەی فەرمانبەرانیش کە کاك عثمان ئیشارەتی پێی دا لەسەدا شەست و کەسر مووچەیە، یەعنی ئەوەی کەم بوویەوە لەگەڵ پار، یەعنی لە فەسڵەکانی دوو، سێ، یەعنی لە سلع و خەدەمات و منحە و ئەوانەیە، ئەوانە لە کوێ پڕدەکەینەوە؟ مەسەلەن یەکێك گوتی با مووچەی فەرمانبەران کەم بکەینەوە، یەعنی نەقڵی بکەینە فەسڵەکانی تر، نیسبەکە بهێنینە خوارەوە، مەبلەغێك هەیە لە شەبەکەی حیمایەی ئیجتماعی ئەوە لە وەزارەتی ریعایەی ئیجتماعیە، برادەرێکی تر دەڵێت ئیهتمام نەداوە، ڕاستە دەرمان لە وەزارەتی تەندروستی عیراقە و لە زمنی نەفەقاتی حاکیمەیە، بەس زمنی ئەو بودجەیەی کە تەقدیممان کرد،  کوراسەی وەزارەتی سحە 15 ملیارمان بۆ کڕینی دەرمان داناوە، ئیزافەتەن بۆ ئەوە ئیهتیمام بە وەزارەتی سحە دراوە لەناو قانونی موازەنە، ئێمەش تەئیدی عیراقمان کردووە کە ئەو داهاتەی کە بە دەستی وەزارەتی سحە بکەوێت، بۆ نەفەقاتی وەزارەتی سحەیە، ئەو پێداویستیانەی پێ دابین بکەین، ئەو تەقریرانە بە خۆی عەجزمان هەیە، 575 ملیار، ئەمە چۆن ڕێگا بدەینێ؟ تەنها ئەو موناقەلەیەی کە لە ئەسنای تەنفیز کە ئەو وەزارەتانەی کە تەخمینیان کە تەخمینیە ئیحتیماله 100٪ تەواو نەبێت، چونکە کە شتێك تەنفیز دەبێت ئەوەی زەروریە مەجاڵ بدرێتە وەزارەتی ملیە بدرێتە وەزارەتەکانی تر، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەهەرحاڵ ئێستا ئەو ڕاپۆرتانە لەلای جەنابی وەزیری جگە لەو پێشنیارانە پێشنیاری تریشیان کردووە، لەوانە خانووبەرە و نیشتەجێ بوون، یەعنی کۆمەڵێك پێشنیار لە راپۆرتی لیژنەکاندا هاتووە، حەزدەکەم بۆ ڕۆژی یەکشەممە وەڵامتان هەبێت و ئەو پێشنیارانەی کە قبوڵە، باشە با دووشەممە بێت، کاك ئارێز فەرموو نوقتەی نیزامیت چیە؟

**بەڕێز ئارێز عبدالله احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**وا پێویست دەكات ڕاپۆرتەكان پێشكەش بكرێن دواتر ئەوان قسەی لەسەر جواب بدەنەوە، نەك پێشتر جواب بدەنەوە، سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**ئەوە لەسەرئیقتراحی ئەندامانی پەرلەمان بوو، دوێنێ گوتیان راپۆرتەكان نەخوێندرێتەوە، دووشەممە دەتوانن بیخوێننەوە و جوابەكەشتان حازر دەبێت ئەو كات، دەكرێ دووشەممە ئەو راپۆرتانەی كە ماون بخوێندرێنەوەو پێش ئەوەی جەنابی وەزیر وەڵام بداتەوە راپۆرتەكان بخوێندرێتەوە، مولاحەزەیەكی بەجێ هەیە كە كاك جوتیار گوتی كە ئەگەر ئێستا دەنگ بدەین بۆ ماددەی یەكەم، بەڵكو وەزارەتی دارایی بڕیاری دا عەجزەكە زیاد بكات، لەبەرئەوە ئەشكال دەبێت، لەبەرئەوەی دەنگی بۆ بدەن و لەلایەكی تریشەوە با ئەو ماددەیە با بمێنێت، دەچینە ماددەی داواتر، بەردەوام دەبین بەڵام ئەو موناقەشە كردنەی یاساكە دوادەخەین، مادام وایە ئێستا راپۆرتی لیژنەكان بخوێندرێتەوە، بۆ ئەوەی ڕۆژی دووشەممە كاتمان بە فیڕۆ نەچێت، من ڕاپۆرتەكانم بۆ جەنابت نارد، ئەگەر بۆم بنێریەوە بۆ ئەوەی داوا بكەین بیخوێننەوە، كاك رشید فەرموو.**

**بەڕێز رشید طاهر (بریكاری وەزارەتی دارایی):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**قانونی موازەنەی عامەی حكومەتی عیراقم لەلایە لە ماددەی 20 ئەو ساڵ فەقەرەیەكیان ئیزافە كردووە كە بە عەرەبی بۆتان دەخوێنمەوە (یعاد النظر فی حصة اقلیم كوردستان فی الموازنة العامة الاتحادیة لسنة 2009 وما بعدها فی ضوء نتائج الاحصاء وتعداد السكان لسنة 2009 وعلى ان یتم فی ضوءه تحدید المبلغ الحقیقی لحصة اقلیم فی الموازنة الاتحادیة لسنة 2009 وعرض الفرق على مجلس الوزراء الاتحادیة لتسویته)، یەعنی ئەگەر هاتوو كەم دەرچوو لە 17٪ پارەكەمان لێ دەبڕن، ئەوە تەسبیت كراوە، ئەوساڵ لە تەحدیدی پارەی تەنمیەی ئەقالیم كە تەحدید كرا بۆ تەنمیەی ئەقالیم لە حصەی هەر سێ موحافەزاتی ئێمە هەولێر و دهۆك و سلێمانی سەدا یانزەو پۆینت یەك بووە، نە سەدا سێزدەو چاردە بوویە، یەعنی ئەو ئەحسایە بكرێت ئیحتیماڵە ئەو كاتی ببێتە 14 و 13 ئیحتماڵە ئەو رەقەمەی كە هاتووشە ئەو ژی بێتە خارێ، ئەوە لە قانونی موازەنەی 2009 لە ماددەی 20 تەسبیت بووە.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**ئەوە هەڵەیەكی زۆر گەورەیە، زەقیشە كە كردوویانە لەڕووی یاساییەوە، ناكرێت قەرارو قانون بە ئەسەری رەجعی وەربگێردرێت، ئیحسا مانگی 10 دەكرێت، هەتا ئیعلانی نەتائیج دەبێت و مومكینە بگاتە مانگی**

نیهایەتی، چۆن دەبێت قەرارێکی وا بدەن کە میزانیەی 2009 لەبەر ڕۆشنایی ئیحسا بێت، میزانیەکە سەرف کراوە، هەڵەیەکی گەورەیان کردووە ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق، هەڵەیە بە ئەسەری ڕەجعی ناوچەیەك هین بکەن، دەبێت شکایەت بکەین لەوە، هەرچەندە ئومێدەوارم نەتیجەی ئیحسا زیاتر بێت و کەمتر نەبێت، بەڵام لە حاڵەتێك دا دەبێت لەوە شکایەت بکەین، پارەیەك کە سەرف کراوە بێن لێمان بسێنن و یان لە داهاتوو دا کەم بکرێتەوە، مانای وایە 2010 زۆر کەم دەبێتەوە بەو حیسابە بێت، بەهەرحاڵ ئێستا داوا لە لیژنەی ئاوەدانکردنەوە و ئەشغال دەکەم بۆ خوێندنەوەی ڕاپۆرتیان، باشە کاك شێروان قسەی هەیە فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یەك پرسیارم هەیە و یەك پێشنیاریشم هەیە، پرسیارەکەم ئەوەیە ئەگەر ئەو میزانیە عەجزی تێدا هەبێت ئێستا کە هاتووەتە پەرلەمان ئێمە دەبێت موناقەشەکە لەسەر ئەساسی عەجز بکەین، ئەگەر ئەو میزانیەش عجزی تێدانەبێت دەبێت موناقەشەکە لەسەر ئەو ئەساسە بێت، ناکرێت ئێمە لە پەرلەمان پێشنیارێکی تازە بکەین و عەجزێکی تازە بخەینە ناو پەرلەمان، ئەوە یەك ئەگەر تەوزیحێکمان بدەنێ مەمنون دەبین، دووەم: ئێستا سەعاتی یەکە و نیهایەتی دەوامە پێم وایە مادام تەئجیلی ڕۆژی دووشەممەی دەکەین کۆتایی بە جەلسەکە بێنین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوەی یەکەمت جواب دەدەمەوە، بەڵام ئەوەی دووەم تا سەعات دوو مەجالمان هەیە با بەلای کەمی بەس ڕاپۆرتەکان بخوێنینەوە، بۆ ئەوەی ڕۆژی دووشەممە وەختمان لەدەست دەرنەچیت، کاك عبدالرحمن فەرموو.

**بەڕێز عبدالرحمن احمد رضا:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ڕاپۆرت بخوێنینەوە موناقەشەی تیایە و گفتوگۆی تیایە، یەعنی چۆن دەکرێت ڕاپۆرت بخوێندرێتەوەو موناقەشەی نەکرێت؟.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕاپۆرت دەخوێندرێتەوە بۆ ئەوەی ئەندامانی پەرلەمان لەڕای لیژنەکە گوێ بیست بن، ڕۆژی دووشەممەش وەڵامی وەزارەتی دارایی لەسەر ڕاپۆرتەکان و پێشنیارەکان قبوڵ دەکرێت یان نا؟ لیژنەکان داوا دەکەن ڕاپۆرتەکانیان بخوێندرێتەوە، ماندوو بوونە ودانیشتوونە کۆبوونەوەیان کردووە، نەسرین خان فەرموو.

**بەڕێز نسرین محمد صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

جوابی پرسیارەکەی من نەدرایەوە؟ ئەو زیندانیە سیاسیانەی بەغدا هەموو مانگێك مووچە وەردەگرن، ئێمە لە کوردستان داوای دەکەین، دەڵێت ئێوە لەسەر بودجەی هەرێمی کوردستان دەبێت وەری بگرن، تا ئێستاش سەرف نەکراوە، هۆکارەکەی چیە حەزدەکەین ئەوە ڕوون بکەنەوە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك رشید ئەو پرسیارە ئاراستەی جەنابت دەکەم، نەسرین خان دەڵێت زیندانی سیاسی موچە و یارمەتیان و تەعویزاتیان بەغدا دەڵێت لە زمنە میزانیەی 17٪ ی میزانیەی هەرێمە، لێرە بۆچی بۆیان سەرف ناکرێت؟

**بەڕێز رشید طاهر (بریکاری وەزارەتی دارایی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

نسبەتی مووچەی زیندانیە سیاسیەکان، تەبیعی لە بەغدا راتبێکی مەقتوع بۆیان سەرف دەکرێت، کە 500 هەزار دینارە، ئێمە لە حکومەتی هەرێمی کوردستان راتبی شەهیدمان لە 300 کەمترە، لەبەغدا بە زروفێکی ئیحتیماله لە دیعایاتی ئینتخابی، مەسئولەکانی بەغدا بۆخۆیان سەرفی بکەن، بەڵام ئەو پارەیەی کە هی حکومەتی هەرێمی کوردستانە نە هاتووە بەناو موجەرەد ئیجمالی رەقەمەکەی کە پشتی موسادەقە بووە بە یەك رەقەم هاتووە هەشت ترلیۆن و دوو سەدو هەشتا و سێ یە ، ئەوەی تەسدیق بووە ئاخر رەقەم، هیچ باسی سوجەنای سیاسی تیا نیە، ئەو قەرارەی لێرە دەدرێت حکومەتی هەرێم لەگەڵ پەرلەمان بێت قەراری لێ بدەن چ بۆ سوجەنای سیاسی بکرێت، ئینجا قانونێکی دروست دەکات راتبێك تەحدید دەکەن لەسەر زەوئی ئەو رەواتبانەی لە کوردستان هەیە، هی شەهید چەندە، هی ریعایەی ئیجتماعی چەندە؟ هی خانەنیشینی و پێشمەرگە چەندە؟ هی پەککەوتوو چەندە؟ شتێکی وابێت، بەڵام یەعنی مەبلەغێکی مەحدود بێت و عەدالەتەکەشی لە زەوابت و تەعلیمات هەبێت لەسەری بڕۆن، نەك هەرکەسێك شەقێکی پێ کەوت، رۆژێك سجن ببێت و راتبەکی بدەنێ و وەڵڵا راتبی هەشت ملیارەکە بدەنە کورد بەشی ناکات، هەمووی دەڵێن سجنی سیاسین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەزانم بەڵام پرسیارەکە لەوەدایە ئەو پارەیە کە لە بەغدا تەرخان کراوە داندراوە بۆ هەرێم یان گوتراوە ئەوە میزانیەی زیاندانیە سیاسیەکانە؟ فەرموو کاك رشید.

**بەڕێز رشید طاهر (بریکاری وەزارەتی دارایی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

نەخێر ئەو پارەیەی هیچ نەنووسراوە، ئەو پارەیە کە هاتووە تەنها حصەی هەرێمی کوردستانە، هەشت و دوو سەدو هەشتاو سێ، ئێمە لێرە تەوزیعمان کردووە لەسەر فەسڵ و ماددەکان کە هێناومانەتە پەرلەمانی بەڕێزەوە تەوزیعمان کردووە هیچ باسی راتبی سوجەنای سیاسی تیا نیە، میزانیەکیش دەدەینە بەغدا لە

بەغدا کە میزانیەی ئێمە توحید ببێت لەگەڵ هی عام، چونکە ئێمە بابێك لە بابەکانی وەزارەتی عیراق ئو میزانیە هاتووە رەقەمی تر دەدەن بەغدا زۆر جار کە هاتووە تەقریری ئێمە مولاحەزە بکەن رەقەمی بەغدا بە شکلێکە و هی هەرێم بەشکلێکی ترە، ئەوەی داومانەتە بەغداش باسی سوجەنای سیاسی هیچ مەبلەغێکمان تەحدید نەکردووە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەو پرسارەی تر ئەو میزانیە کە تەرخان کراوە بۆ زیندانیە سیاسیەکانی عیراق لە کوێ پەسەند دەکرێ و لە چ فەسڵێکە؟

**بەڕێز رشید طاهر (بریکاری وەزارەتی دارایی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوە لە وەزارەتی شەهیدانە، لە موئەسەسەی شەهیدانە......... .

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئایا سیادیە یان حاکیمەیە ئەو مەسەرفە؟

**بەڕێز رشید طاهر (بریکاری وەزارەتی دارایی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

نازانم بۆ منیش هێشتا وازح نەبووە، بەڵام لە قانونی موازەنە کە تەسدیق کرابوو، مەبلەغێك لە سیادی نەقل کرابوو بۆ سوجەنای سیاسی، لە قانونی عیراق کە ئەوەڵ جار وەقائیعی عیراقی دەرچوو بوو بۆ قانون رەقەمی 15 موناقەلاتی تیا بوو لە مەکتەبی قائیدی عامەی موسەلەحە مەبلەغێك لەوێ نەقل کرابوو بۆ سوجەنای سیاسی، پشتی سەفەری مە بۆ بەغدا پرسیارمان کرد دەڵێن ئەو موئەسەسە لە زمنی وەزارەتی شوهەدایە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەگەر لە زمنی وەزارەتی شوهەدا بێت، پێویستە حکومەت پرۆژەیەك تەقدیم بکات بۆ ئەو مەسەلەیە و بە پێی قانون یەکلابکرێتەوەو بیما فیهیم تەحدیدی ئەو مووچەیە بکرێت و بۆیان سەرف بکرێت، بەڵێ سۆزان خان فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لەگەڵ هەموو رێزێکم بۆ بەڕێزی بریکاری وەزارەتی دارایی ئەوەی جاران شەقێکیشی بخواردبایە ئەوە نۆتێکی زۆر گەورە بوو بۆ سەرشانی ئەو خەڵکە، یەعنی ئاوا بە کەم وەرنەگیردرێت، شەق بەڵێ شەق خوراوەو زۆر خراپیش شەق خوراوە زۆریش تەبیعی بووە بەلامانەوە و سەربەرزیش بووین بەو شەق خواردنە، بەڵام ئەوەی کە هەیە من دەمەوێت ڕوونکردنەوەیەك بدەم بە جەنابی دیارە ئاگادار نیە، زەوابت هەیە، بەڵێ ئەو زیندانیە سیاسیانەی کە داوای دەکەن، ئەوانە حوکم داروەکانن، یەعنی حوکم

دراوە، بۆ ئەوەی ئەو ڕۆژە بێتەدی ئەو عەزابی چەشتووەو حوکمی داوە، یەعنی داوا دەکەین سەحبی بکاتەوە قسەکەی، چونکە بەڕاستی ناخۆشە شەق خواردنی ئەو زەمانە بەقەدەر بیری پێشمەرگایەتیەك بوو، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

خۆی سەندیکایە؟ ڕیکخراوی زیندانیە سیاسیەکانە، زۆر بەوردی بەدواداچوونیان کردووە، ئەوانەیان قبوڵ کردووە بە ئەندام کە بە پێی ڕێنماییەکانی قانونی عیراقی بە زیندانی سیاسی ناسراون، لەبەرئەوە باوەڕناکەم ئیشکال لەوە هەبێت، ئەشکال لەوەیە دەبێت قانونێکی هەبێت، بە پێی ئەو قانونە هین بکرێت، فەرموو کاك رشید.

**بەڕێز رشید طاهر (بریکاری وەزارەتی دارایی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

عەفو نسبەتی کە باسی شەقم کرد، مەبەستم ئەو نەبوو کە دەڵێم کە مەعلوماتی من زیاتر لە 100 هەزار کەس ناویان نووسیوە، کە تەقدیمی حکومەت بکەن و پارە وەربگرن، قەسدم ئەوە بوو، نە ئەوانەی لە دەرەوە پێشمەرگایەتیان کردووە، نە ئەوانەی زەحمەتیان کێشاوە، مەبەستم سیاسی نیە، مەبەستم ئەوانەی بەهەر هۆیەك ڕۆژێکی سجن ببن ناویان نووسیوە، ئەوە بوو، چونکە ئەگەر وەکو حکومەتی عیراق 500 هەزاری بدەین، میزانیەکە هەمووشی هەر بەش ناکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوە تەواو لەسەر ئەو مەوزوعە جوابەکەش هین بوو، کە یاسای پێویست دەربچێت بۆ ئەوەی ئەو بوارە ڕێکبخرێت بە پێی یاسا هەم قەرەبوو بکرێنەوە، هەم ئەو یارمەتیە وەربگرن، کاك زرار فەرموو بۆ خوێندنەوەی ڕاپۆرتتان.

**بەڕێز زرار طاهر امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.

**بۆ /سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان - عیراق**

**بابەت/ راپۆرتی لێژنەی ئاوەدانکردنەوە لەسەر یاسای بودجەی ساڵی 2009**

لێژنەکەمان رۆژی 2009/5/27 کۆبوونەوەی ئاسایی خۆی سازدا لەسەر یاسای بودجەی ساڵی (2009)بەئامادەبوونی هەموو ئەوانەی لەخوارەوە واژوویان کردووە. پاش گفتوگۆکردن و ڕاگۆڕینەوە لەسەر پرۆژەی یاساکەو سەردانی سەرۆکی لێژنە بۆ وەزارەتی دارایی و وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە ئەم تێبینی و پێشنیارانە خرانەروو.

یەکەم/لێژنەکەمان داوادەکات:-

1-هەموو ئەو وەزارەتانەی کەیەکیان گرتۆتەوە وەك (وەزارەتی پێشمەرگەو هەرێم بۆ کاروباری پێشمەرگە، وەزارەتـی نـاوخۆو هـەرێم بۆکاروبـاری نـاوخۆ) بودجـەکانیان یـەك بخرێـت لەبـەر ئـەوەی لەیاداشـتی روون کردنــەوە لەســەر بودجـەی حکومـەتی هـەرێمی کوردسـتان بـۆ سـاڵی دارایـی (2009)بودجـەکانیان بـەجیا هاتووە.

2-وەزارەتی دارایی و وەزارەتی هەرێم بۆ کاروباری دارایی ببنەوەیەك و بودجەکانیان یەك بخریت هەروەکو لەساڵانی رابردووش لەکاتی پەسند کردنی بودجە هەمان پێشنیارمان ئاماژە پێکردووە لەراپۆرتەکانماندا.

3-دیـوانی چـاودێری دارایـی هـەولێر و سـلێمانی ببنــەوە یــەك و یــەك بودجـەیان هـەبێت یاساکەشـیان کەلەپەرلەمان دەرچووە بخرێتە بواری جێ بەجێ کردنەوە.

دووەم/لێژنەکەمان داوا دەکات ساڵانە بودجەی خەملێنراو لەمانگی (10)بگاتـە پەرلـەمان بـۆ ئـەوەی پـێش هاتنی ساڵی نوێ بودجە پەسند بکرێ لەپەرلەمان، ئەمەش ئەبێتە هۆی ئەوەی سەرجەم وەزارەتەکان هەر لەســەرەتای ســاڵی نــوێ وە بتــوانن دەســت بــەکاربن لەئەنجامــدانی ئــەو پرۆژانــەی کــە لەســەر بودجــەی وەبەرهێنان دەتوانن ئەنجامی بدەن.

سێ یەم/لێژنەکەمان تێبینـی هەیـە لەسـەر نـەهاتنی وێنەیـەك لـە بودجـەی تـەواوکاری سـاڵی (2008)بـۆ لێژنەکـەمان، هـەروەها تـاوەکو ئێسـتا ژمـارەی کۆتـایی شـەش مـانگی دووەمـی سـاڵی (2008)وێنەیـەکی نەهاتووە بۆ لێژنەکەمان وەنەگەیشتۆتە لێژنەی داراییش لەناو پەرلەمان.

چوارەم/لێژنەکەمان داواکارە پێشینەی خانووبەرە بـدرێت بـە هاووڵاتیـان لەهەرسـێ پارێزگاکـانی (هـەولێر وسلێمانی ودهۆك)بەسەرجەم قەزاو ناحیەکان و گوندەکانیشەوە، چونکە لـەکاتی سـەردانی لێژنەکـەمان بـۆ سەرجەم قەزاوناحیـەکان و ناوچـەکانی هـەرێمی کوردسـتان داواکـاری دانـی پێشـینەی خانوبـەرە بەخـەڵکی گونــدەکان داواکــاری ســەرجەم ناوچــەکان بــوو، بۆیــە لێژنەکــەمان پێشــنیار ئــەکات حکومــەتی هــەرێمی کوردسـتان رێنمـایی تایبـەت بـۆ سـالی (2009)دەربکـات بـۆ ئـەوەی خـەڵکی گونـدەکانیش سـوودمەندبن لەوەرگرتنی پێشینەی خانووبەرە.

پێنجەم/لێژنەکەمان پێشنیار ئەکات حکومەتی هەرێمی کوردستان کاربکـات بـۆ زیـاد کردنـی سەرچـاوەکانی داهات.

شەشـەم/دوای ئـەوەی سـەرۆکی لێژنـەی ئاوەدانکردنـەوە رۆژانـی 25 و 2009/5/26 سـەردانی وەزارەتـی ئاوەدانکردنەوەی کرد ئەم ژمارە کۆتاییانەی ساڵی (2008)ی وەزارەتـی ئاوەدانکردنـەوەی وەرگـرت کەبـەم جۆرەی خوارەوەیە.

*وەزارەتی ئاوەدانکرنەوە بۆ ساڵی(2008)داوای ئەم برە پارانەی کردبوو:-

- بۆ پرۆژە بەردەوامەکان(242.664.000.000)دوو سەدوچل و دوو ملیارو شەش سەدو شەست و چوار ملیۆن دینار.
- بۆ پرۆژە پێشنیارکراوەکان(111.064.000.00)سەدو یانزە ملیارو شەست و چوار ملیۆن دینار.

**کۆی گشتی دەکاتە (353.728.000.000)سێ سەدو پەنجا و سێ ملیارو حەوت سەدو بیست و هەشت ملیۆن دینار.**

**لەکاتی پەسندکردنی بودجەلەناوپەرلەمان ئەم بڕە پارەیەی سەرەوە بۆ وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە پەسندکرا، بەلآم سالّی(2008)وەزارەتی دارایی و وەزارەتی هەرێم بۆ کاروباری دارایی ئەم بڕە پارانەیان داوە بەوەزارەتی ئاوەدانکردنەوە.**

**1-وەزارەتی هەرێم بۆ کاروباری دارایی (128.429.972.287) سەدو بیست و هەشت ملیارو چوار سەدو بیست و نۆ ملیۆن ونۆسەدو حەفتاو دوو هەزارو دووسەدو هەشتاو حەوت دیناریان داوە بۆ وەبەرهێنان و پرۆژە خزمەتگوزاریەکان.**

**2-وەزارەتی دارایی (060.719.444.800)شەست ملیارو حەوت سەدو نۆزدە ملیۆن وچوارسەدو چل وچوار هەزارو هەشت سەد دیناریان داوە بۆ وەبەرهێنان وپرۆژە خزمەتگوزاریەکان.**

**کەواتە کۆی گشتی ئەوپارانەی وەریان گرتووە لەوەزارەتی دارایی و وەزارەتی هەرێم بۆ کاروباری دارایی دەکاتە (128.429.972.287)+(060.719.444.800)=(189.149.417.087)**

**سەدو هەشتاو نۆ ملیارو سەدو چل و نۆ ملیۆن و چوارسەدو حەڤدە هەزارو هەشتاو حەوت دینار کەوەزارەتی ئاوەدانکردنەوە داوای کردوە لێ یان**

**⋆بۆ زانیاری بەرێزتان :**

**1-وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە کۆمەلّێك پرۆژەی تاوەکو ئێستا لەژێر ئەنجام دایە**

**2-بەگشتی زۆربەی پرۆژە پێشنیار کراوەکان نەکەوتوونەتە بواری جێ بەجێ کردن.**

**3-بەشێك لەپرۆژە بەردەوامەکانیش کێشەیان هەیە و لەسالّی (2008)کاریان بۆ نەکراوە.**

**حەوتەم/ لیژنەکەمان پێشنیار ئەکات لێ پرسینەوە بکرێت لەگەلّ هەموو ئەو بەلّێندەرانەی کە لەکاتی خۆیدا کارەکانیان ئەنجام نەداوەو کەم تەرخەم بوونە لەئەنجامدانی کارەکانیان.**

**هەشتەم/لەسەر یاسای بودجەی هەرێمی کوردستان –عێراق بۆ سالّی (2009)لیژنەکەمان پشتگیری پرۆژە یاساکە دەکات و چەند پێشنیارو تێبینیش ئەخاتە بەر دیدی بەرێزتان. بەلآم من ئەو تێبینی و پێشنیارانە ناخوێنمەوە، لەبەرئەوەی بۆ خۆم ئەندامی لیژنەی دارایی بووم و ئێمە 100٪ لەگەلّ لیژنەی دارایی موافقین، بۆ ئەوەی کاتتان لێ نەگرم نایخوێنمەوە، زۆر سوپاس.**

**ئەوانەی کە ئامادەبوون لە کاتی نووسینی ئەم ڕاپۆرتە، زۆر بەداخەوە کاك رۆبیتان نەماوە جێگای بەهەشتە انشاللە.**

**- ئارام رسول مامند.**

**- زرار طاهر امین.**

**- عبدالرحمن اسماعیل.**

**- ئەرسەلان غفور سلێمان.**

ـ خەمان زرار اسعد.

ـ محسن علی اکبر.

ـ سوارە محمد امین.

ـ سارا خضر پیرۆت.

سەرجەم ئەندامانی لیژنە لە نووسینی ئەو ڕاپۆرتە ئامادەبوون، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس ڕاپۆرتی شارەوانی، کاك رشاد فەرموو.

**بەڕێز رشاد احمد ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان ـ عیراق**

**بابەت/ راپۆرت**

ئاماژە بە نووسراوی سەرۆکایەتی ژمارە (ك) 93 لە 2009/5/12 دەربارەی هەماهەنگی کردن لەگەڵ لیژنەی دارایی بۆ گفتوگۆ کردن لەسەر ناوەڕۆکی پرۆژە یاسای بودجە، پاش گفتوگۆ کردن لەسەر پرۆژەکە بە ئامادەبوونی بەڕێز دڵشاد توتنچی لە لیژنەی دارایی لە 5/19 ئەم تێبینیانەی خوارەوەمان هەیە:

1 ـ وەزارەتی شارەوانی هیچ تێبینیەکمان نیە، وەزارەتی گواستنەوە بودجەکەیان زۆر کەمە ئەوەش پاش ڕێککەوتن لە وەزارەتی داراییەوە دواتر زۆر کەم کراوەتەوە لەبارەی (سلع والخدمات)، داوا دەکەین ئەم وەزارەتە بایەخی پێ بدرێت، چونکە هیچ پرۆژەیەکی گرنگی جێ بەجێ نەکردووە وەکو تێرمیناڵ و نووسینگە بۆ کۆمپانیاکانی گواستنەوەی تایبەت، وەزارەتی گەیاندن (المواصلات) ئەم وەزارەتە بەشی زۆری کارەکانیان دراوەتە بەشی کەرتی تایبەت بەڕاستی هیچ زەرورەتێك نیە بۆ مانەوەی، چونکە بووەتە وەزارەتێکی ئیستهلاکی هیچ سوودێکی نەماوە بۆ حکومەت، لەگەڵ ڕێزماندا.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، وەڵڵا راپۆرتەکەتان کورت و باش بوو، سەبارەت بە تەنها بەو وەزارەتانەی کە پەیوەندی بە لیژنەکەیەوە هەیە لەجێی خۆی بوو.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس ڕاپۆرتی لیژنەی کشتوکاڵ و ئاودێری، کاك عبدالرحمن فەرموو.

**بەڕێزعبدالرحمن احمد رضا:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان.**

**بەڕێز/ سەرۆكایەتی پەرلەمانی كوردستان**

**بابەت / ڕاپۆرتی بودجە**

**بۆ تاوتوێكردنی بودجەی هەردوو وەزارەتی كشتوكاڵ و سەرچاوەكانی ئاو لێژنەكەمان لەگەڵ هەردوو وەزارەتی ناوبراو چەندین كۆبوونەوەی ئەنجامداوە، كە دواجار رۆژی 2009/5/25 دوا كۆبوونەوە ئەنجامدراو ئەم چەند تێبینی و پێشنیارانە دەخەینە بەردەست هیوادارین لەبەر چاو بگیرێت.**

**1 – وەزارەتی كشتوكاڵ:. لەبەر رۆشنایی پلانی ستراتیجی و ناونانی ئەم ساڵە بە ساڵی كشتوكاڵ لە هەرێمی كوردستان و جەخت كردنەوە لەسەر بووژانەوەی ئەم كەرتە كە بە یەكێك لە بنەماكانیانی رێكخستنەوەی ژێرخانی ئابووری هەرێم دەژمێردرێ و چاوەڕوان دەكرا كە بودجەی ئەم ساڵەی وەزارەت تایبەتمەندی خۆی هەبێت بەڵام دوای لێكۆلینەوە لەوردە كاریەكانی وادەر ئەكەوێ كە بەم بڕە پارەیەی لەلایەن وەزارەتی داراییەوە تەرخان كراوە وەزارەت ناتوانێ ئامانجەكانی خۆی بپێكێ و پرۆژەكانی وەكو پێویست جێ بەجێ بكات كە بەم شێوەیەی خوارەوە:.**

**أ – بودجەی خەملێنراوی وەبەرهێنان بۆ پرۆژەكانی وەزارەت بریتیە لە 605055 (شەش سەدو پێنج ملیارو پەنجاو پێنج ملیۆن دینار) بەڵام وەزارەتی دارایی گوژمەی 69042 (شەست و نۆ ملیارو چل و دووملیۆن) دیناری پەسند كردووە كە جیاوازیەكەی 536013 (پێنج سەدو سی و شەش ملیارو سێزدە ملیۆن دینار) كەمترە.**

**ب – بۆ جێ بەجێ كردنی یاسای رێكخستنەوەی مولكایەتی زەوی و زار ژمارە (1) ساڵی (2008) لەهەرێمدا وەزارەت گوژمەی 8250 (هەشت ملیارو دوو سەدو پەنجا ملیۆن دینار)ی خەملاندوە بۆ هەرسێ پارێزگا، بەڵام وەزارەتی دارایی بڕی 187000 (سەدو هەشتاو حەوت ملیۆن)ی پەسند كردووە، ئەمەش دەبێتە رێگر لەبەردەم جێ بەجێ كردنی ئەم یاسایە.**

**ج – بۆ پاراستنی ژینگەی هەرێمی كوردستان و رێكخستنەوەی دارستانەكان و چاندنی دارستانی دەستكردو ئاودێریان و بەگەر خستنەوەی نەمامگەكان وەزارەتی دارایی ڕەزامەندی دەرنەبڕیوە لەسەر هیچ بڕە پارەیەك بۆ ئەم مەبەستە.**

**د – بۆ بودجەی وەبەرهێنانی ساڵی (2008) ئەو بڕە پارەیەی تەرخان كراوە وەكو پێویست جێ بەجێ نەكراوە لە لایەن وەزارەتی داراییەوە.**

**2 – وەزارەتی سەرچاوە ئاوییەكان:. ئەم وەزارەتەش هەر وەكو وەزارەتی كشتوكاڵ ئەو بڕە پارەیەی كە خەملێنراوە لە لایەن وەزارەتی دارایی كەمكراوەتەوە كە ئەمەش دەبێتە دروست كردنی گرفت لە جێ بەجێ كردنی پرۆژەكانیان كە دەبوایە گرنگی زۆری پێ بدرێ، چونكە هەروەكو خۆتان دەزانن ئاو ئێستا وەكو كالایەكی ستراتیجی مامەڵەی لەگەڵ دەكرێت و دەبێت لە ئێستاوە ئامادەكاری هەبێت لە لایەن هەرێمی كوردستان بۆ ئەو ئەگەرانەی دێنە پێشەوە لە داهاتوودا:.**

أ – وەزارەت سـەرەتا گوژمـەی 52334 (پـەنجاو دوو ملیـارو سـێ سەدوسـی و چـوار ملیـۆن دینـار)ی خەملاندوە بۆ بودجەی ئاسایی کە ئەم برە پارەیـەش بەشـێك لـە کـرین و بەگەرخسـتنی ئامێرەکـانی جـێ بەجـێ کردنی پرۆژەکانی وەبەرهێنانی تیایە کـە ئەوانـەی کـە لەلایـەن وەزارەتـەوە راسـتەوخۆ جـێ بـەجێ دەکـرێن، بـەلآم وەزارەتـی دارایـی تـەنیا بـری 20205 (بیسـت ملیـارو دووسـەدو پێـنج ملیـۆن)ی پەسـند کردووە، جیاوازیەکە 32129 (سی و دوو ملیارو سەدو بیست و نۆ ملیۆن دینارە).

ب – بۆ جێ بەجێ کردنی پلانی ستراتیجی وەزارەت سالی یەکـەم 130(سـەدو سـی ملیـۆن دۆلار) تـەرخان کراوە، بەلآم تا ئێستا نە چووەتە بواری جێ بەجێ کردنەوە، ئەمەش گرفت لە بەردەم جـێ بـەجێ کردنـی پلان و پرۆژەکان دروست دەکات.

تێبینی و پێشنیارەکان:.

1 – دەبوایە بودجە لە کاتی یاسایی خۆیدا رەوانەی پەرلەمان بکرایە بە پێ ی ماددەی (79) لە پەیرەوی ناوەخۆ.

2 – حیساباتی ختامی سالی (2008) لە کاتی خۆیدا بۆ پەرلـەمان بـەر چـاو روونـی لـە چۆنیەتی سـەرف کردنی دروست دەکات، کارئاسانی پەسند کردنی بودجەی سالی (2009).

3 – ئەو بودجەی دابین کراوە بۆ وەزارەتەکان لـەکاتی خۆیـدا سـەرف بکرێـت بـێ دروسـت کردنـی ئەگـەرو گرفت لەلایەن وەزارەتی داراییەوە.

4 – تەرخانکردنی گوژمەیەکی دیـار بـۆ ئاوەدانکردنـەوەی گونـدەکان و رێکخسـتنی کۆچـی بەپێچـەوانە لـە شارەوە بۆ لادێکان و هاریکاری کردنی جووتیاران بۆ بووژانەوەی ئابووری لادێ.

5 – داواکارین بودجەی هەردوو وەزارەتی کشتوکالّ و سەرچاوەکانی ئـاو بـە رێژەیـەك زیـاد بکرێـت لەگـەلّ ئاستی گەشە کردن و بووژانەوە و سەرخستنی پلانی ستراتیجی وەزارەتەکان بگـونجێ و تـا ببێتـە هـەنگاوی یەکەم بۆ دابین کردنی ئاسایشی خۆراکی هەرێمی کوردستان – عێراق.

**لەگەلّ رێزماندا.......**

**لیژنەی کشتوکالّ و ئاودێری**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆر سوپاس، لیژنەی کاروباری ناوخۆ فەرموو کاك اسماعیل.

**بەرێز اسماعیل محمود:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بۆ/ سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان ـ عیراق**

**ب/ راپۆرتی لیژنە لەسەر بودجەی 2009**

**لیژنەی کاروباری ناوخۆ لە رۆژی یەك شەممە ڕێکەوتی(2009/5/24)و رۆژی یەك شەمە (2009/6/7) دوو کۆبوونەوەی ئەنجامدا بۆ تاوتوێ کردنی پڕۆژەی یاسای بودجەی هەرێمی کوردستان- عێراق ، ئەویش پاش ئەوەی ڕەوانەی لیژنەکەمان کرا لەلایەن جەنابی سەرۆکی پەرلەمان لە خوێندنەوەی یەکەمی ئەم پڕۆژەیە لە دانیشتنی ژمارە (10) رێکەوتی (2009/5/6)، وپاش گفتوگۆکردنو ئالوگۆرکردنی بیروڕا لیژنەکەمان راو بۆچونەکانی بەم شێوەیە پێشکەش دەکات:-**

**یەکەم:- رای لیژنەکەمان سەبارەت بە پڕۆژەکە بەشێوەیەکی گشتی:-**

**1ـ لیژنەکەمان تێبینی ئەوە دەکات کە حکومەت لە ناردنی یاسای بودجە هەموو ساڵێك بەدواکەوتووە، ونەیتوانیوە کە لە تشرینی یەکەم بەر لە ساڵی دارایی پێشکەش بە پەرلەمانی بکات، هەروەك لەماددەی (79) پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان هاتووە، بۆیە ئێمە پێشنیار دەکەین:**

**اـ دەرچواندنی راسپاردەیەك کە حکومەت ناچار بکات پابەندبێت بەماوەی یاسایی ناردنی بودجە.**

**ب ـ هەموارکردنی ماددەی (79)ی پەیڕەوی ناوخۆ بەشێوەیەك کە حکومەت بتوانێت جێ بەجێ ی بکات.**

**2ـ ئەو بڕە پارەی کە حکومەت وەکو سلفەی عەقار بە هاووڵاتیان دەدات بەپێ ی ئەو ماددەی کە بەبڕیاری پەرلەمان زیاد کراوە، تێبینی دەکرێت کە کەمەو ناتوانرێت ببێت بەفاکتەرێك بۆ چارەسەرکردنی کێشەی نیشتەجێ بوون، بۆیە پێشنیار دەکەین زیاد بکرێت.**

**3ـمەرجەکانی بەخشینی سلفەی عەقار جیاوازن لەنێوان پارێزگاکانی هەرێم، بۆیە پێشنیار دەکەین یەك بخرێن.**

**4ـ پێویست بوو یاسای بودجە ڕەوانەی دیوانی چاودێری دارایی بکرابا، ئینجا پێشکەش بە پەرلەمان بکرابا وراپۆرتی دارایی چاودێری لەگەڵ با بۆ هەڵسەنگاندنی ئەم بودجەیە کە دەبووە مایەی ئاسانکاریەکی زۆر بۆ ئەندامانی پەرلەمان.**

**دووەم:- ڕای لیژنە سەبارەت بە بودجەی وەزارەتی ناوخۆو هەردوو ئاسایش:-**

1-لیژنەکەمان تێبینی ئەوە دەکات کە بودجەی وەزارەتی ناوخۆو وەزارەتی هەرێم بۆ کاروباری ناوخۆ بەشێوەیەکی جودا هاتووە، کەچی لەبەر یەکگرتنەوەی هەردوو وەزارەت دەبوایە بەیەك بودجە هاتبا، وکاتی پەیوەندی کردنمان بەوەزارەتی ناوخۆ سەبارەت بەم بابەتە پێیان ڕاگەیاندین کە لەبەر ئەوەی یەکگرتنەوەی هەردوو وەزارەت لە بەشی دووەمی ئەمساڵ بووە، بۆیە بودجەکە بەم شێوەیە هاتووە، پێشنیار دەکەین بودجەی هەردوو وەزارەت بۆ شەش مانگی داهاتووی ئەم ساڵ یەك بخرێتەوە.

2-تێبینی ئەوە دەکەین کە بودجەی هەردوو ئاسایش (سلێمانیو هەولێر) هەموو ساڵێك بۆ لیژنەکەمان دێت کەچی بەپێی بڕگە (3) ماددەی (38) لیژنەکەمان چاودێری تەنها وەزارەتی ناوخۆ دەکات، بۆیە لەڕووی یاساییی ئێمە ناتوانین متمانە بە بودجەی ئەم دوو دەزگایە بدەینو پێشنیار دەکەین ئەم ماددەیە هەموار بکرێت بەجۆرێك کە لیژنەی کاروباری ناوخۆ چاودێری ئاسایش بکات.

3-سەبارەت بە بودجەی وەزارەتو ئاسایش لیژنەکەمان ئەم تێبینیانە دەکات:-

أ – وەزارەتی ناوخۆ:- بودجەی تەرخان کراو بۆ ساڵی 2009 (350059)ملیۆن دینار( سێ سەدو پەنجا ملیار وپنجا و نۆ ملیۆن دینار)، کە لەساڵی 2008 بودجەی وەزارەت بریتی بوو لە (241900) ملیۆن دینار (دووسەدوو چڵ ویەك ملیار و نۆ سەد ملیۆن دینار) کەواتە بڕی (108159) ملیۆن دینار( سەدو هەشت ملیار وسەدوپەنجا ونۆ ملیۆن دینار) زیادی کردووە.

ب – وەزارەتی هەرێم بۆ کاروباری ناوخۆ:- بودجەی تەرخان کراو بۆ ساڵی 2009 (506595) ملیۆن دینارە( پێنج سەد وشەش ملیار وپێنج سەد ونۆهەت وپێنج ملیۆن دینار)، کە لەساڵی 2008 بودجەی وەزارەت بریتی بوو لە (385159) ملیۆن دینار(سێ سەد و هەشتاو وپێنج ملیار و سەدو پەنجاو نۆ ملیۆن دینار) کەواتە بڕی (121436) ملیۆن دینار(سەد و بیست ویەك ملیار و چوار سەدو سی وشەش ملیون دینار) زیادی کردووە.

ج – ئاسایشی هەرێم/ هەولێر: بودجەی تەرخان کراو بۆ ساڵی 2009 (175000) ملیۆن دینار(سەد و حەفتا وپێنج ملیار دینار)، کە لە ساڵی 2008 بودجەی دەزگای ئاسایش بریتی بوو لە (80050) ملیۆن دینار(هەشت ملیار و پەنجا ملیون دینار) کەواتە بڕی (94950) ملیۆن دینار(نۆهەت وچوار ملیار ونۆسەد وپەنجا ملیون دینار) زیادی کردووە.

د – ئاسایشی هەرێم/ سلێمانی:- بودجەی تەرخان کراو بۆ ساڵی 2009 (115300) ملیۆن دینار(سەد و پانزە ملیار وسێ سەد ملیون دینارە)، کە بودجەی ئەم دەزگایە لەساڵی 2008 بریتی بوو لە (85835) ملیۆن دینار(هەشتا وپێنج ملیار وهەشت سەدو سی وپێنج ملیون دینار) کەواتە بڕی (29465) ملیۆن دینار(بیست ونۆ ملیار وچوارسەد وشەست وپێنج ملیون دینار) زیادی کردووە.

لەگەڵ ڕێزماندا...

لیژنەی کاروباری ناوخۆ

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی ڕۆشنبیری فەرموو، كاك خدر فەرموو.

**بەڕێز خضر سلێمان خلیل:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەگەر گەلەك راپۆرتماینە، پێشنیار دكەم ئەو راپۆرتانە بێنە كۆپی كرن و هەر یەكە نوسخەكی بخوینیت و لە ماڵ بە تێروتەسەلی و باش تێی بگات و بێتە ژمارن، ........... .

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

با بخوێندرێتەوە، ئسوڵیە بخوێندرێتەوە، فەرموو كاك ئارێز.

**بەڕێز ئارێز عبدالله احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

راپۆرتی لیژنەی پەیوەندیەكان و كاروباری ڕۆشنبیری كە لەسەر هەر سێ وەزارەتی ڕۆشنبیری و وەرزش و لاوان و ناوچەكانی دەرەوەی هەرێمە.

**بۆ/ سەرۆكایەتی پەرلەمانی كوردستان ـ عیراق**

**ب/ راپۆرتی لیژنە لەسەر بودجەی 2009**

دوای خوێندنەوەو لێكۆڵینەوە لە فۆرمی بودجەی وەزارەتەكانی (ڕۆشنبیری، وەرزشولاوان، ناوچەكانی دەرەوەی هەرێم)ی ساڵی 2009 بەشێوەیەكی گشتی ئەم تێبینیو سەرنجانەمان دەخەینە ڕوو:

1 ـ یری و لابەلاكانمان زرنو بارێكی گرانن بەسەر داهات. ئێمە وای دەبینین كە لەلایەك ئەو هەموو خەرجیانە كۆسپی بەردەم ئاوەدانكردنەوەو خزمەتگوزاری پترو وەبەرهێنانن لەلایەكی دیكەش هۆكارن بۆ بەفیڕۆدانی دارایی گشتی و لەم بوارەشدا نموونە دەخەینە ڕوو:

2 بەێکرایی، وردبینی له خەملاندنی بڕی پێویست بۆ برگه جیاوازەکانی بوودجه نیەو، لەسەر ئەم بابەتەش نمونه دەخەینه ڕوو:

3ـ هەندێ بڕگەدا جیاوازی نێوان بڕی پێشنیارکراو لەلایەن وەزارەتی پەیوەندیدار لەگەڵ بڕی پەسندکراو لەلایەن وەزارەتی دارایی زۆرە، لێرەدا پرسیارێك دروست دەبێ ئایا ئەگەر وەزارەتی پەیوەندیدار بەڕاستی پێویستی بەو بڕە هەیه چۆن دەکرێ دواتر به نیوە ، یان کەمتری پەسندکراو لەلایەن وەزارەتی دارایی کارەکانی پێ جێبەجێ بکا؟!

هەندێ بڕگەی جێ سەرنج وەك نموونه:

جەنابی سەرۆك ئەگەر دەرفەتم بدەی ئێمه مەبەستمان نه کەم کردنەوە نه مەبەستمان زیادکردنەوەیە، مەبەستمان سەرنج خستنەوەیە.

***له وەزارەتی ڕۆشنبیری:***

1ـ له بڕگەی (تعويضات الموظفين) دا جیاوازی نێوان بڕی پێشنیارکراو له لایەن وەزارەتی ڕۆشنبیری و پەسەندکراو له لایەن وەزارەتی دارایی زۆرە، هەرچەندە بەشێکی ئەو بڕە زۆرە داواکراوە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە که وەزارەتی ڕۆشنبیری داوای دامەزراندنی (1150) کارمەندی نوێی کردووە، بەڵام وەزارەتی دارایی پەسەندی نەکردووە لێرەدا پرسیارێك دێتەوە پێشەوە ئایا ئەگەر وەزارەتی ڕۆشنبیری پێویستی بەو کارمەندانه هەیه چۆن دەکرێ داواکه جێبەجێ نەکرێ، یاخود ئەگەر وەزارەتی ڕۆشنبیری پێویستی بەو ژمارەیە نیه بۆچی داوای دەکا؟

2ـ لەبڕگەی (المنافع الاجتماعيه) بڕی خەملینراوی وەزارەتی ڕۆشنبیری یازدە ملیارو پێنج سەدو سیوسێ ملیۆن دینارە، ئەو بڕەی که لەلایەن وەزارەتی داراییەوە ڕەزامەندی لەسەر دراوە تەنها (400) ملیۆن دینارە!..؟واته جیاوازیەکی گەلەك زۆر هەیه.

ئایا لێکوشتنەکە واته بڕە کەم کراوەکە زۆر نیەو وەزارەتی دارایی مەترسی لەوە نیه وەزارەتی ڕۆشنبیری بەو بڕە پارەیە کارەکانی پێ جێبەجێ نەکرێ؟

3ـ تێبینی لەسەر چەند بڕگەیەکی لاوەکی، وەك:-

- چەندین جۆر (مخصصات) هەیە لەوانەش (مخصصات ليليه) ئایا ئەوەچیە؟
- مخصصات السكن (26) ملیۆن، ئایا ئەوە پێویستە؟
- مخصصات استثنائية (1783) ئایا ئەوە چیەو بۆ چیە؟
- اللوازم الاخرى (899) پارەیەکی زۆرەو جۆرەکانی دیار نیین، ئایا مەبەست لەو (اللوازم الاخرى) چیە؟..
- پارەی بڕگەی (إيجار المباني) که بریتیه له (1264) ملیۆن بڕێکی زۆرە، ئایا ئەو وەزارەتە زۆربەی فەرمانگەکانی کرێن؟

◆ له بڕگەی (إیجار مكائن ومعدات)دا هاتووه (ایجار الحاسبات والاثاث واللوازم) كە جێگای سەرسوڕمانە هەرچەندە پارەكەش كەم بێت، بەلاَم ئایا فەرمانگە هەیە كۆمپیوتەر بەكرێ بگرێ؟

◆ بڕگەی (تنظیف الدائرة) كە بریتیە لە (265) ملیۆن، جێگای پرسیارە؟

◆ بڕگەی (الصیانە) بریتیە لە (5374)ملیۆن، جێگای پرسیارە؟

جگە لەوەش چاكردنەوە بە هەموو جۆرەكانیەوە پارەیەكی زۆری بۆ دانراوە.

◆ بڕگەی (شبكە المیكرویف) 132 ملیۆن دیناری بۆ دانراوە!.. ئایا پڕكردنەوەی ئەو خانەیە چی دەگەیەنێ؟

◆ (إجور المكالمات الهاتفیە) 178 ملیۆن دیناری بۆ دانراوە ئایا ئەمە بڕێكی زۆر نیە؟

بەشێوەیەكی گشتی ئەو بڕگانەی كە شاراوە، یاخود، نادیارن‌و بەرچاونین (أدخال مخزنی) ناكرێن، پارەیەكی زۆریان بۆ دانراوە.

4- زۆری ژمارەی كارمەندان لە وەزارەتی ڕۆشنبیری كە بریتین لە (3635) سێ هەزارو شەش سەدو سی‌وپێنج، لەم ژمارەیەش (383) كارمەند بە بەلێننامە (عقد) كاردەكەن، ئەگەر وەزارەت بلێت ئەم كارمەندانەی بە عقد دامەزراون پسپۆڕن، ئایا مانای وانیە كارمەندانی تر بەبێ پسپۆڕی دامەزراون، جا بە هەر هۆیەكەوە بێت؟!

5- بێ ڕەچاوكردنی ڕادەی پێویستی وەزارەت كە لە خانەی مەبلەغی خەملێنراودا ئاماژەی پێدراوە، وەزارەتی دارایی نزیكەی (99٪)ی بڕگە خەملێنراوەكانی بۆ نیوە كەمكردۆتەوە بە ڕادەیەك كە لە كۆی گشتیدا بڕی ڕەزامەندی لەسەر دراو شەست‌و حەوت ملیارو چوارسەدو شەست ملیۆن دینارەو بەمەش بڕی ڕەتكراوە زیاتر لە نەوەدو هەشت ملیار دینارە! ئەمە نەبوونی وردبینی لە بواری خەملاندن بۆ پێویستیەكانی وەزارەت دەردەخا؟!

6- لە بڕگەی (المصروفات الاخری)دا خەملاندنی وەزارەتی ڕۆشنبیری سێ ملیارو شەست‌و یازدە ملیۆن دینارە، لە كاتێكدا هی وەزارەتی وەرزش‌ولاوان بیست‌و یەك ملیارو حەوت سەد ملیۆن دینارە. بەهۆی ڕەچاوكردنی نەریتی قەبولكردنی نیوەی بڕی خەملێنراوی وەزارەتەكان مەبلەغی تەرخانكراوی وەزارەتی دارایی پەیوەست بەم بڕگەیە بۆ وەزارەتی ڕۆشنبیری یەك ملیارو دووسەد ملیۆنەو هی وەزارەتی وەرزش‌ولاوان یازدە ملیار دینارە!.. بۆیە لە بڕی تەرخانكراوی وەزارەتی دارایی بۆ ئەم دووخانەیە دەردەكەوێت كەوا مەبلەغە نووسراوەكانی وەزارەتی وەرزش‌ولاوان دە ئەوەندەی وەزارەتی ڕۆشنبیریە...!! ئەم بەراوردەش بۆ ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان بەجێ دێلێن...؟

***وەزارەتی وەرزش‌و لاوان***

1-بوونی جیاوازیەکی زۆر لە نێوان ژمارە خەملێنراوەکانی وەزارەتی وەرزش‌و لاوان (المقترح من قبل الدائره لسنه 2009)و ئەو ژمارانەی کە وەزارەتی دارایی لەگەڵ وەزارەتی نابراو لەسەری ڕێکەوتوون (متفق وزاره المالیه لسنه 2009). کە زۆر بە ئاشکرا لەسەرجەم بڕگەکاندا دیارەو، ئەوەش دیاردەیەکی زۆر ترسناکە، چونکە زۆر مانا لەخۆ دەگرێت و دەتوانرێت ئەم دەستەواژانەی لەبەرامبەردا بەکاربهێنرێ (نەزانین لە خەملاندن، ناوردبینی لە خەملاندن، نەبوونی متمانە لە نێوان وەزارەتی ناوبراوو دارایی، نەبوونی پسپۆریی، خەملاندنی نازانستی، پێشکەش کردنی خزمەتگوزاری بە ناتەواوی، سەرلێشێواندن، مەبەستی تر... هتد).

2 ـ جیاوازی نێوان بڕی خەرجکراو تا 2008/6/30 واتە تا شەش مانگی یەکەمی ساڵی ڕابردوو کە دەکاتە نیوەی ماوەی خەرجی بودجەی ساڵێکی وەزارەت، لەگەڵ بڕی خەملێنراو بۆ ساڵی 2009 زۆر زۆرەو هەندێ جار دەگاتە شەست‌و سێ ئەوەندەی خەرجی شەش مانگی وەزارەت لە ساڵی ڕابردوو واتە تا 6/30 وەك لەخانەی (المنافع الاجتماعیه) وە بیست‌و حەوت ئەوەندە وەك لە خانەی (السلع والخدمات والصیانه) دەپرسین ئایا دەکرێ لە نیوەی دووەمی ساڵدا خەرجیەکانی وەزارەت بیست ئەوەندەی خەرجیەکانی شەش مانگی یەکەم بەرز ببێتەوە؟

ئەم ڕاستیە لەسەر زۆربەی بڕگەکانی بودجەی خەملێنراوی ساڵی 2009 دیارە، ئەمە بە لەبەرچاوگرتنی ئەو ڕاستیەی کە مەبلەغی خەملێنراو بۆ ساڵی 2009 زۆر جار پتر لە دوو ئەوەندەی مەبلەغی خەملێنراوی ساڵی 2008 دەبێت. بۆ نموونە خەرجیی وەزارەتی وەرزش‌ولاوان بۆ خانەی (تعویضات الموظفین) تا 2008/6/30 تەنها دوو ملیارو سێسەدو هەشتا ملیۆن دینارە، بڕی خەملێنراو واتە داواکراو بۆ ساڵی 2009 نۆ ملیارو دووسەدو نەوەدو دوو ملیۆن دینارە. هەر سەبارەت بەم خاڵە لە خانەی (السلع والخدمات والصیانه) خەرجی شەش مانگی وەزارەت واتە نیوەی ساڵی 2008 چوارسەدو بیست‌و هەشت ملیۆن دینار بووە، بڕی خەملێنراو بۆ ساڵی 2009 یازدە ملیار و هەشت سەدوو نەوەدو نۆ ملیۆن دینارە!..

3-بڕگەی (المصروفات الاخری) پشکی شێری بەردەکەوێت کە بریتیە لە (11000) ملیار کە هەڵوەستەی لەسەر پێویستە؟

ـ بڕگەی (المکافئات لغیر المنتسبین) کە بریتیە لە (159) بڕێکی زۆرەو شێوازی خەرجکردن‌و چۆنیەتی خەرج کردنی جێگای پرسیارە؟؟

ـ بڕگەی (نفقات السفر) کە بریتیە لە (70)و بڕگەی (النفقات الاخری) بریتیە لە (25)و، بڕگەی (مخصصات ونفقات الایفاد) کە بریتیە لە (255) کە ئەمانەش جێگای پرسیارن....؟.

**4**- بڕگەی (ایجار مکائن ومعدات) کە بریتیە لە (99) کە تایبەتمەندی وەزارەتی ورزش‌و لاوان زۆر دوورە لە بەکرێ گرتنی مکائن‌و معدات. هەروەها بڕگەی (ایجار اثاث ولوازم) هەرچەندە کەمە بەلاَم ناکرێ هەبێت...؟!

**5**- بڕگەی (الترفیه الرسمی) کە بریتیە لە (353)جێگای پرسیارە؟

**6- بەشێوەیەکی گشتی خەرجی (صیانە) گەلێك زۆرە بە تایبەتی چاکردنەوەی کتێبو سجلات...؟؟**

**7- بەشێوەیەکی گشتی بودجەی وەزارەتی وەرزشو لاوان زۆرترین خەرجی لەبواری (المصروفات الاخری)یە، کە دەتوانین بڵێین زیاتر ئەم خەرجیانە لەبواری ڕاگەیاندنی ڕواڵەتیو پڕوپاگەندەو سەفەرکردنو داوەتکردنی خەڵكو...هتد، ئەگەر بەراوردی بکەین لەگەڵ وەزارەتی ڕۆشنبیری دەبینین بڕگەی (المصروفات الاخری) بریتیە لە یەك ملیارو دووسەد ملیۆن دینار ، کەچی ئەم بڕگەیە لە وەزارەتی وەرزشو لاوان بریتیە لە (11) ملیار. ئەم جیاوازیە جۆرێك لە گومان دروست دەکات کە وەزارەتێکی بچووكو کەم فەرمانگەو کەم کارمەندو، کە زیاتر کاری ئاسانکاریە بۆ لاوانو وەرزشوانان؟؟ ئایا ئەم خەملاندنو دابەشکردنی خەرجیانە لەسەر بنەمای کاری وەزارەتەکە هاتووە، یاخود بەهۆیەکی ترە کە پێویستە ڕوونبکرێتەوە؟؟**

**8- بوونی (112) کارمەند، میلاکی مؤقتو کارمەندی بە عقد (الملاك المؤقت) بریتیە لە (64) کارمەندو (الموظفون بعقود) بریتیە (48) کارمەند، کە ئەمەش هەم خەرجی زۆری دەوێو هەمیش نەبوونی هیچ پسپۆڕیەك بۆ دامەزراندنی کارمەندان نیە؟**

**9- لە هەر جێگایەك (اخری) هاتبێ وەکو: ملابس اخری، اغذیة اخری، اللوازم الاخری، سلعیة متنوعة، النفقات الاخری، خدمیة متنوعة، خدمات اخری، وسائل النقل الاخری، مصاریف متنوعة، المصروفات الاخری، الاثاث الاخری، الألات ومعدات اخری، ألات کبیرة اخری،.... خانەکەی پڕکراوەتەوە، ئەوە لە کاتێکدا ئەو شتانەی تر واتە (الاخری) یەکەم: دیار نیە چیەو، دووەم: ئەوە حاڵەتی (استثناء)ە بۆ وەزارەتەکان، بەڵام لێرەدا بۆ وەزارەتی وەرزشولاوان وەك ڕێسا (قاعیدە)ی لێ هاتووەو بەهۆیانەوە بڕە پارەیەکی یەکجار زۆر ڕاکێشراوە؟**

**تێبینی گشتی بۆ هەردوو وەزارەت**

**لەبەر داواکاریو زۆرو خراپ دابەشکردنی داهات لەم دوو وەزارەتە دەتوانین بڵێین کە ئەم دوو ڕێسایەیان جێبەجێ نەکردووە:**

**1 – ڕێسای سوود: واتا ئاراستەکردنی خەرجیەکان بۆ دەستەبەرکردنی زۆرترین سوود بەکەمترین تێچوون؟**

**2 – ڕێسای ئابووری: دوورکەوتنەوە لە خراپ بەکاهێنانو بە فیڕۆدانی خەرجی گشتی، واتە دەست گرتن بە خەرجی گشتو خەرج نەکردنی لە بواری نا پێویستو بێ کەڵك.**

**بوونی گوژمەی زۆر گەورە لە بڕگەکانی وەك صیانەو مصاریف اخریو نفقات...هتد ئەمانە هەمووی پێچەوانەی ئەم دوو ڕێسایە ئابووریەن؟**

**بۆیە، پێویستە هەڵوەستەیەك بکەینو ئەو شێوە سەودایە بۆ هۆکارێك یان چەند لەم هۆکارانەی خوارەوە بگێڕینەوە:-**

**أ-** نەشارەزایی لە خەملاندن – کە ئەوەش کارێکی زۆر نابەجێیە، چونکە:

**یەکەم:** ئەزموون لانی کەمی جیاوازی نێوان بڕی خەملێندراو و ڕادەی پێویست دەردەخا؟

**دووەم:** وەك پێویست ڕاوێژ بە شارەزایانی بواری داراییو بودجە نەکراوە!

**ب-** کێشانەوەو قاچاندنەوەی پترى پارە لە بودجەی گشتیو دواتریش خەرجکردنی بەبێ بوونی ڕەوایی پێویستیو پلانی کار کە ئەوەش دیاردەیەکی مەترسیدارە.

**ج-** دڵنیابوون لەوەی کە هەرچەندی بنووسن وەزارەتی دارایی لێیان کەم دەکاتەوە!.. بۆیە ئەوان پترى دەنووسن تا لەگەڵ کەم کردنەوەش ڕاددەیەکی دیاریکراو بمێنێتەوە:- ئەگەر ئەوەش ڕاست بێ ئەوا هەم وەزارەتی پەیوەندیدارو هەم وەزارەتی دارایی لەبەرامبەر بەپرسیاریەتێکی یاساییدا دەبنو ئەبێ پەرلەمان لە ئاستیدا بێ دەنگ نەبێو لەم حاڵەتەدا هۆکاری نەبوونی متمانە لەنێوان وەزارەتەکانو وەزارەتی دارایی ڕوون بکرێتەوە؟

لێرەدا دەپرسین: ئایا مەبەستی پەسندکردنی بودجە تەنیا هاوسەنگ کردنی نێوان داهاتو خەرجیە یان، هاوسەنگ کردنی خەرجیە بەپێی پێویستی پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریو کار لەگەڵ بڕی داهات؟

بێگومان، چەندی هەڵە لە خەملاندندا کەم بێ ئەوەندە کەموکوڕی لەخەرجکردندا کەمتر دەبێو تێچوونی ڕاستەقینەو خەملاندنەکە لە یەکتری نزیك دەبنەوە.

ئەوەی ئێمە تێبینی دەکەین جێگەی داخە کە خەملاندنو رێککەوتن لەسەر بڕی پارەی بڕگەکان زۆر هەڕەمەکیو نابابەتیانەیە. بۆ پتر ڕوونکردنەوە دەپرسین ئایا کاتێك کە وەزارەتێك بڕێك پارەی خەملاندووە و دواتر لەلایەن وەزارەتی دارایی تەنیا نیوەی بۆ موافەقەت دەکرێ چۆن دەتوانێ ئەو کارە جێبەجێ بکا؟

یان ئەگەر هاتو وەزارەتی دارایی موافەقەتی هەموو بڕەکەی کرد کە پترە لە ڕاددەی پێویست، ئایا ئەوە بەزیان بۆ سەر بودجەی گشتی ناشکێتەوە؟

ئایا کێ لە ئاکامە خراپەکانی ئەو دیاردەیە بەرپرسیارە؟

**د-** پڕکردنەوەی خانەکانی فۆرم بە هەڵە یان، بەمەبەستی تایبەت.

دیارە فۆرمەکە بۆ هەموو وەزارەتەکانە بە تایبەتمەندیەکانیانەوە، بەڵام کە سەرنج دەدەین لە چەندین شوێن هەندێ خانە پڕکراونەتەوە کە هیچ پەیوەندیان بەو وەزارەتانەوە نیە، ئەگەر ئەوە لە نەشارەزایی بێ مایەی هەڵوەستە لەسەرکردنەو، ئەگەریش بۆ پتر ڕاکێشانی پارە بێ مایەی بەدوا داچوونەو، ئەگەریش هەر لە بێ بایەخیەوە بێ دیسان هەڵوەستەی دەوێ؟

بێگومان بەو شێوەیە بواری بەفیرۆدانی داهاتی گشتیو خراپ بەکارهێنانیو گەندەڵی فراوانتر دەبێ.

*وەزارەتی ناوچەکانی دەرەوەی هەرێم*

هەرچی سەبارەت بە وەزارەتی ناوچەکانی دەرەوەی هەرێمە بەشێك لەو هەڵسەنگاندنانەی باری دارایی هەردوو وەزارەتی وەرزشولاوانو ڕۆشنبیری دەیگرێتەوە، بە نموونە: لە خانەی (إیجار مکائن ومعدات) بڕی

**(1107) ملیۆن دینار نووسراوە، ئایا ئەو خانەیە تایبەتمەندی وەزارەتی ناوبراوە؟.. هەروەها لە خانەکانی (الصیانە) بڕێك پارە دانراوە ئایا ئەو (الصیانە)انە هەمووی هەن؟ و، هەروەها خانەی (وسائط النقل) (ل17) بڕە پارەیەك نووسراوە کە خۆی ئەو خانەیە بۆ وەزارەتەکانی تر دانراوە؟**

**بە شێوەیەکی گشتی وردبینی لە خەملاندنو پڕکردنەوەی فۆڕم نیەو پێویستە وەزارەتی دارایی بە هاوکاری وەزارەتەکانی تر پێداچوونەوەی بۆ بکاو بڕە پارە زیادەکانی بواری کارگێڕی (تشغیل) کەم بکاتەوەو بیخاتە سەر بواری خزمەتگوزاریو ئاوەدانکردنەوەو بەهێزکردنی ژێرخانی ئابووری.......**

**بەشی هەرە زۆری ئەندامانی لیژنەکەمان ئیمزایان لەسەر کردووە، ئەگەر پێویست دەکات ناوەکانیان بخوێننەوە:**

**- ئارێز عبداللە.**

**- ئەرسەلان غفور.**

**- خەمان زرار.**

**- رۆمیۆ هەکاری.**

**- باپیر کاملا.**

**- غفور مەخموری.**

**- سید طلعت.**

**- رشید کریم.**

**- تاڤگە محمد علی.**

**- ڤیان سلێمان.**

**ئەوانە ئیمزایان لەسەر کردووە، کاك دیلمانیش بەهۆی نەخۆشیەوە موافقە، بەڵام لێرە نەبووە ئیمزای لەسەر بکات، وە کاك بەڵێینش لە دەرەوەی وڵاتە و لەگەڵ ڕێزمدا.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**تەعلیق نیە لەسەر ڕاپۆرتەکان، ناوتی خوێندەوە؟ نا ناوتی نەخوێندەوە! کاك ئارێز فەرموو.**

**بەڕێز ئارێز عبداللە احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**برادەران ئەو برادەری ئیمزای نەکردووە هیچ ڕایەکی جیاوازی لەسەر ئەو ڕاپۆرتە نەبووە، تەنها ئیمزای نەکردووە.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**کاك ئارام فەرموو.**

**بەڕێز ئارام رسول مامند:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

نەخێر بە عەکسەوە من ئێستا رەئی خۆم دەڵێم.......... .

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

تەعلیق نەدەی تەنها رەئی خۆت بڵێ. کاك ئارام فەرمووو.

**بەڕێز ئارام رسول مامند:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا ئەم ڕاپۆرتە تەنها لەلایەن سەرۆکی لیژنەوە ئامادە کراوە، ئەمە یەك، دووەم: ژمارەیەك لەو پێشنیار و پرسیارانەی کە لەو ڕاپۆرتەدا هاتوون ئێمە لە کۆبوونەوەمان لەگەڵ وەزارەتی ڕۆشنبیری کە نوێنەریان هاتووە بۆ لیژنەکەمان باس کردووە و وەڵاممان وەرگرتووەتەوە، وەڵامەکانیش زۆر جێگای قەناعەتی جەنابی سەرۆکی لیژنە خۆی بووە، هەروەها لیژنە موافق نەبووە لەوەی کە هەوڵ بدات بە هەمان شێوە لەگەڵ وەزارەتی وەرزش و لاوانیش دابنیشێت بۆ ڕوونکردنەوەی زۆرێك لەو خاڵانەی کە وەکو گومان لێرەدا هاتووە، ئەم ڕاپۆرتە دوای ئەوەی کە یەك جار لە لیژنە خوێندرایەوە زۆربەی ئەندامانی لیژنە دەزانن ئێمە ئامادەنەبووین ئیمزای لەسەر بکەین، داوامان کرد لەگەڵ وەزارەتەکان دانیشتن بکرێت، لەگەڵ وەزارەتێك دانیشتن کرا، دوای ئەوە کۆبوونەوە نەکراوە بۆ تەوحیدی رەئیەکان، بۆیە من پێم وایە ئەم ڕاپۆرتە هەندێك بەڕێز ئیمزایان کردووە کە ناوەکانیان دیارە لە دانیشتنەکان ئامادەنەبوون، فەترەیەکیشە نەهاتوون بۆ کۆبوونەوەکانی لیژنە، بۆیە ئێمە هەموو ئەندامانی لیژنە پشتگیری لە خاڵەکانی ئەم ڕاپۆرتە ناکەین، وە جەنابی سەرۆکی پەرلەمان زۆر مولاحەزاتی تیایە ئەم مولاحەزاتانەمان ئێمە لەگەڵ وەزارەت باس کردووە، ڕوونکردنەوەیان داوینەتێ مەفروز بوو واقعی ئەو ڕوونکردنەوەیەش بخرابا ڕوو، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

موساعەدە بکە، ناوەکانی خوێندەوە ئیمزایان کردووە، تۆ رەئی خۆت دا ئەوەی کە ئیمزای کردووە تاڤگە خان فەرمووو.

**بەڕێز تاڤگە محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە کە ڕاپۆرتەکە ئامادەکراوە و خوێندراوەتەوە، موناقەشەی زۆرمان کردووە، ڕاستە وەزارەتی وەرزش ولاوان ئێمە داوامان کردن یەکسەر بۆ بەیانی هاتن، ئامادەبوون، دوای ئەوەی کە داوامان کرد وەزارەتی وەزرش و لاوان بێن دوو ئختیار خرا بەردەممان ئێمە بچین سەردانی ئەوان بکەین بۆ موناقەشەی ڕاپۆرت، ئەوە بوو گوتمان ئێمە ناچینە ئەوێ و موناقەشەی ڕاپۆرت بکەین با ئەوان بێن لێرە موناقەشەکە بکەین، ئیتر نازانم نەتیجە گەیشتەوە چی، بەڵام بۆ ئیمزا کردن حەزدەکەم ئیشارەت بەوە بکەم بە ئیرادەی خۆمان ئیمزامان کردووە و موناقەشەمان کردووە دوو، سێ جار خوێندراوەتەوە، یەعنی خۆش نیە بگوترێت سەرۆك حازری کردووە و ئەوان ئیمزایان کردووە، بەس یەعنی ئەوەیە هەمووشیان مولاحەزەیان هەبووە

کاك ئارام خۆی مولاحەزەی هەبووە، ڕاست دەکات، لەبەرئەوەش ئیمزای نەکردووە، ئێمە بە فعلی هەر هەمووومان بە ئیرادەی خۆمان و موافقیش بووین لەسەر ئەوە کە ئیمزا کراوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوە پێویست ناکات، ئەوە ڕەدی داوە، باشە با ئەوانەی ئەندامی لیژنەکەن قسەی بکەن، ڤیان خان فەرموو.

**بەڕێز ڤیان سلێمان پاشا:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی سەبارەت بە چۆنیەتی ئامادەکردنی ئەم ڕاپۆرتە با ڕاستیەکەی بڵێین، ڕاپۆرتەکە ئێمە لەلایەن کاك ئاریێزەوە ئامادەکراوەو سەرەتایەکەی بەڵێ بەو شێوەیە بووە، ئێمە یەك کۆبوونەوەمان کرد لەگەڵی دانیشتین کە ڕاپۆرتەکە خوێندرایەوە نوسخەشی بۆ ئێمە کۆپی نەکردبوو، بەس خۆی خوێندیەوەو ئێمە هەمووومان لەسەر ئەوە موتەفق بووین کە لەگەڵ وەزارەتەکان دانیشین، لەبەرئەوەی کە زۆرینەی خاڵەکانی ئەم ڕاپۆرتە لە ئەنجامی پرسیارکردن و ڕاوێژکردن لەگەڵ وەزارەتەکان حەل دەبێت، چونکە لەگەڵی نەبووین، هەتا لەگەڵ وەزارەتی ڕۆشنبیری دانیشتین بە تەما بووین لەگەڵ وەزارەتەکانی ناوچەکانی دەرەوەی هەرێمیش و لەگەڵ وەزارەتی وەرزش و لاوانیش دابنیشین، بەڵام مەجال مابوو کە ڕۆژی یەکشەممەی داهاتوو ئێمە لەگەڵ وەزارەتی وەرزش و لاوان دابنیشین، بەڵام پێ ڕانەگەیشتین، بۆیە کاك ئاریێز دوێنێ کە ئەو مولاحەزاتانەی ئێمە وەرمان گرت بوو لەگەڵ مودیر عامەکانی وەزارەتی ڕۆشنبیری مەفروز بوو زۆرینەیان کە لێرە دووبارە نەبووبانەوە، بەڵام بەداخەوە هەندێکیان دووبارە بووبوونەوە کە وەڵاممان وەرگرتۆتەوە، لەگەڵ ئەوەش یەکێکم لەوانەی کە تەوقیعم کردووە، بەڵام بە هەبوونی هەندێك تێبینیم، چونکە بەڕاستی هەندێك خاڵ هەیە دروستە لەگەڵینە، هەندێك خاڵیش زۆرینە خاڵەکانیش وەڵڵاهی لەگەڵی نیم بە حەقیقەت، ئەوجا بۆیە وابزانم پێویست ناکات ئێمە وەکو ئەندامانی لیژنە بەو شێوەیە تەعامول بکەین، حەقیقەتەکە بەو شێوەیە بووەو تەواو.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کێشەی لیژنەکە مەهێنە ئێرە، تەواو، باشە فەرموو.

**بەڕێز ئاریێز عبدالله احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من ئاگادارم با برادەران وانەزانن دوو جار من حەزدەکەم هەموو ئەو برادەران ئاگادار بن، بەنووسراوی ڕەسمی ئاگاداری جەنابتم کردووەتەوە دووجار مەوعیدی کۆبوونەوەی لیژنەمان داناوە، ژمارەیەکی وا ئامادە نەبوون کە بێن ئێمە گفتوگۆ لەسەر ئەو پرۆژە یاسایە بکەین ناوەکانیشم داوە بە جەنابت، هەردوو جار جەنابت لەسەرت نووسیوە من نەمزانی وای لێ دێت، ئەگینا خۆم دەمهێنا، بەڵام لای جەنابت هەیە، دووجار مەوعیدی کۆبوونەوە بووە لە دوو هەفتەی ڕابردوو دا، ئەوە یەك، تکام وایە ڕێگەم بدەن با قسە بکەم، دووەم: جەنابی سەرۆك من نەمویست باسی بکەم، برادەرینە کەمتەرخەمی لەلایەن هەندێك

ئەندامانی لیژنەکە هەیە ئامادە نابن بۆ کۆبوونـەوە، ئایـا مـن بەرپرسـیارم یـان ئـەوان بەرپرسـیارن؟ ئـەوە یـەك، دووەم: جـەنابی سـەرۆك لیژنەکـەی ئێمـە لیژنەیـەکی فراوانـە، ئێمـە کردوومانـە بـە سـێ گـروپ حەزدەکەم ئەوە بزانن، گروپێـك کـاك جمـال سەرپەرسـتی دەکـات بـۆ وەزارەتـی وەرزش ولاوان، مـن فـۆرمی وەزارەتی وەرزش ولاوانم تەسلیمی کاك جمال قاسـم کـردووە لـەو ڕۆژەی کـە فۆرمەکـە هـاتووە، کـاك جمـال قاسم بۆ ئەوەی ڕاپۆرتێك ئامادەبکات و بەدوای ئیش وکارەکاندا بچێت، دووجار تەئکیدم لێی کردەوە ئینجا هات فۆرمەکەی تەسمیلی من کرد، گوتم کاك جمال جەنابت لەگەڵ وەزارەت دانیشتی؟ گوتی وەزیر نایەت و منیش نەچووم، ئاخیر جار گوتم کاکە هـەر دەبێـت ڕاپۆرتەکـە ئامـادە بکـەین، ئینجـا کـاك جمـال قاسـم کـە ئەندامی پەرلەمانە هاتووە لێرە لە ژوورەکەی خۆی لەگەڵ مەحاسیبێکی وەزارەتی وەرزش و لاوان دانیشت، ئەوەش ئایا لەسەر داوای کاك جمال بووە یان لەسـەر داوای وەزارەت بـووە؟ مـن نـازانم، بـەڵام تـەنها لەگـەڵ مەحاسب دانیشـتووە، یـەعنی ئێمـە دوو هەفتـە تـەرحمان دابـووە ئـەو گروپـەی کـە ئیشـی لەگـەڵ دەکـەن، وەزارەتی وەرزش ولاوان ئیش و کارەکانی خۆیان بکـەن، ئینجـا فۆرمەکـە برادەرینـە ئـەوەتا تـەسمیلی منـی کردووە، گوتم کاك جمال کوا ڕاپۆرتە گوتی هیچی تیا نیە، سێیەم: کاك ڕۆمیـۆ هـەکاری کـە سەرپەرشـتی و قسەکەری گروپێکە بۆ وەزارەتەکانی ناوچەکانی دەرەوەی هەرێم ڕاپۆرتی خۆی حازر کردووەو لەبەردەستم دایە، چوارەم: وەزارەتی ڕۆشنبیری کە خودی تاڤگە خـان سەرپەرشـتی دەکـات، بـەڵام لەبەرئـەوەی هەنـدێك کێشە و گرفتـی هـەبوو لـە دەرەوە بـوو، مـن خـۆم ئیشـەکەم لـەباتی ئـەویش جـێ بـەجێ کـرد، ئینجـا کـۆی هەمووی من کە سەرۆکی لیژنەم زۆربەی ئەندامـەکان ئامـادەی کۆبوونـەوە نـابن، کـە زۆربـەیان لـە وەختـی خۆیدا نایەن، من ڕاپۆرتەکەم ئامـادەکردووە، ڕاپۆرتەکـەم هێنـاوەتـە لیژنـە و لـە لیژنـە خوێندنـەوەمان بـۆ کردووە، برادەرانی وەزارەتی ڕۆشنبیریش بە سوپاسەوە داوامان کردوون هاتوون، مولاحەزەکانیشیان هەیە و هەردوو ڕاپۆرتەکەم لەبەردەستە، مولاحەزەکانیان لەبەرچاو گیراوە، من ڕاپۆرتە کۆنەکەش تەقدیم دەکـەم و ڕاپۆرتە نوێیەکەش تەقـدیم دەکـەم، مـن پـێم خۆشـە بـزانن ئاسایشـە لـەناو لیژنەیـەك جیـاوازی ڕەئیـان هەبێت.......... .

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك ئارام فەرموو تەنها دەقیقەیەك قسەت دەدەمێ.

**بەڕێز ئارام رسول مامند:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

برای بەڕێز کاك ئارێز زۆر ڕاستە لەوەی کە بـاس دەکـات و دەڵێـت، بڕیـاری کۆبوونـەوەمان داوەو ئەنـدامان ئامادە نەبوونە، ئەو قسەیە 100٪ تەئیدی دەکەم، من لێی دەپرسم لە چ ڕۆژێك بڕیاری کۆبوونەوە دراوە؟ لە ڕۆژێك کە زۆر باش ئەوە دەزانێت کۆنفرانسی وەرزش و لاوان بووەو ئەندامانی ئـەو لیژنەیـە بانگێشـتی ئەو لیژنەیە کراوە و شەوی پێشتر بڕیاری کۆبوونەوە دراوە، ئێمـە هـەمووومان بانگهێشـتی ئـەو کۆنفرانسـە کراوین و خۆمان نەمانتوانیوە بچین، دووەم: خۆشی دووبارە ئیشارەی پێیدا کـاك جمـال قاسـم کـە جێگـری

سـەرۆكی لیژنەیـە، مەلـەفی وەرزش و لاوان پێویسـتە ئیشـارەتی پـێ بـدرێت، ....... سـەرۆكی پەرلەمان........... ئەمە واقعەو ........... .

**بەڕێز ئارێز عبدالله احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ڕاست نیە........... .

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كۆتایی پێهات موناقەشە ناكرێت بەسە، دوو نوقتە دەڵێم لیژنەكەتان ئیختلافی لەسەر ئـەوە هەیـە شـتێكی تەبیعیە، بەڵام لەلایەن ئێمەوە ئیمزا كراوە، تەواو خوێندرایەوە و با تۆزێك لەوە هین بكەین و پرسیارێكم هەیە، تەواو موناقەشە لەو مەوزوعە كۆتایی پێهات، ڕاپۆرتەكە تێروتەسەلەو پرسیاری زۆری تێدایـە، هـەر بۆ ئەوەی بڕێك تەخفیفی بكەین، تەركی تێدانیە؟ ........... .

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك ئارێز فەرموو.

**بەڕێز ئارێز عبدالله احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

نەخێر جەنابی سەرۆك خاترمان گرتوون،.......... .

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك شێروان قسە تەواو، فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

منیش سەرۆكی لیژنەی قانونیم و پێویستە قسە بكەم، ئەوەڵەن ئـەو ڕاپۆرتـە شـروتی قـانونی تێـدا نیـە، چونكە ڕاپۆرتەكە سوئال و ئیستجوابە، سوئال و ئیستجوابیش لیژنەی پەرلەمانی حەقی نیە بیكات، بەڵكە سـوئال و ئیسـتجواب هـەر ئەنـدامێكی پەرلـەمان حـەقی هەیـە بیكـات، بۆیـە پرسـیارو وەڵامـیش لیژنـەی پەرلەمانی حەقی نیە بیكات، بەڵكو سوئال و ئیستیجواب هـەر ئەنـدامێكی پەرلـەمان حـەقی هەیـە بیكـات، بۆیە ڕاپۆرتەكە پرسیارو وەڵامە، ڕاپۆرتەكە ڕاپۆرتی موازەنە نیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەهەرحاڵ ئەوە تەنها ئەوەندە دەمێنێ كە دوایی تەقیمی بكـەین، ئـەوە تـەواو وموناقەشـەی لەسـەر مەكـەن، ئێستا دوو ڕاپۆرتمان ماوە، كورتن تـەواوی دەكـەین، لیژنـەی پیشەسـازی وزە كـێ دەیخوێنێتـەوە، كـاك بـارزان فەرموو.

**بەڕێز بارزان عبدالله نصرالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ڕاپۆرتی لیژنـەی پیشەسازی وزە لەسـەر وەزارەتـی پیشەسـازی، لەڕاسـتیدا ئێمـە لیژنەکـەمان لـە ڕێکـەوتی 26/5لیژنەکـەمان لەگـەڵ وەزارەتـی پیشەسـازی کۆبوونەوەیـەکی ئەنجامـدا، سـەبارەت بـە تـاوتوێکردنی بودجەی پێشنیارکراوی وەزارەتەکە، وەزارەت داوای جێبەجێکردنی (19)پرۆژەی کردبوو، بـۆ دامەزانـدنی کارگە، ئێمە وەکو لیژنە داواکارییەکانی ئەوانمان لاپەسەند نەبوو، لەبەر ڕۆشنایی ئەو سیاسەتە ئابووریەی کـە حکومـەتی هـەرێمی کوردسـتان بـەرەو خەصخەصـەو بـازاڕی ئـازادە، بۆیـە ئێمـە پشـتیوانیمان لەسـەر داواکارییەکانی ئـەوان نـەکرد، بـەس ئێمـە خۆمـان داواکارییـەکمان هـەبوو، ئـەو دوو ڕۆژە یاسـای بودجـەی هەرێمی کوردستان پەسەند ناکـەین، زۆربـەی زۆری ئەنـدامانی پەرلـەمان داوای ئـەوەیان دەکـرد و تێبـینی ئەوەیان هەبووە، کە بۆچی بودجەی ئیستسماری بەبەراورد لەگەڵ پاردا کەمی کردووە، بودجـەی تەشغیلی زیادی کردووە، ئەوە یەکێکە لە گرفتەکانی بودجەی ئێمە کـە ناتوانێـت وەکـو پێویسـت هـەدەف و ئامـانجی خۆی بپێکێت، تاکە چارەسـەر بـۆ ئـەو حاڵەتـە ئەوەیـە کـە دەبـێ دەعمـی کـەرتی تایبـەت بکرێـت تـا بێتـە ناوەوە، بۆیە لیژنە پێشنیازی ئەوەیە.

یەکەم :دابین کردنی بودجەیەکی پێویست بە بڕی (100)سەد ملیون دۆلار هاوشێوەی ئـەو بودجەیـەی کـە لە عێراقدا لە سەرجەم پارێزگاکان پەیرەو کراوە بۆ پیشتیوانی کردنی گەشەپێدانی پیشەسازی)دعم التنمیە الصناعیە(لە ڕێگەی بانکی پیشەسازیەوە بە بێ سوود بدرێتە خاوەن کارگەکان.

دووەم :پێشنیارێکی ترمـان هەیـە، بـەس ڕەنگـە پەیوەنـدی بـە بودجـەوە نـەبێت، لـەوەزارەتی دارایـی عێـراق بڕیارێك دەرچووە، یان یاسایەك دەرچووە، یان تەعلیماتێك دەرچووە، مەنعی هەنارده کردنی مەڕمەڕ ئـەکات بۆ دەرەوەی هەرێم، ئێمە لێرەدا داوا لە وەزیری دارایی دەکەین، کـە ڕێنمـایی پێویسـت وکـار ئاسـانی بـۆ ئـەو شتە بکات، چونکە هەرێمی کوردستان دەوڵەمەندە بەو سەرچاوە سروشتیە گرنگە، تا گرنگی خۆی هەبێت بۆ بوژاندنەوەی سەرچاوەی ئابووری هەرێمی کوردستان، سەبارەت بەوەزارەتی کارەباش تێبینیـەکانمان بـۆ سـاڵی 2009بەم شێوەی خوارەوەیە:

یەکـەم :کـڕینی وزەی کارەبـا بـۆ وێسـتگەکانی (500)مێگـاواتیو (700)مێگـاواتی چەمچـەماڵ وهـەولێر بەگوژمەی(260)ملیار دینار، کە وەزارەتی دارایی تەنها ڕەزامەندی لەسەر (62)ملیار دینار داوە، کـە دەکاتـە 24٪)یبودجەی پێشنیارکراو، بۆ کڕینی ئەو وزەی کارەبایە بۆ هەردوو وێستگەی ناوبراو.

دووەم :کڕینی سووتەمەنی بۆ کـارپێکردنی هـەردوو وێسـتگەکە، بـە بـڕی (681)ملیـار دینـار پێشـنیارکراوە، تەنها ڕەزامەندی لەسەر (151) ملیار دینار دراوە، کە دەکاتە (37٪)ی بودجەی پێشنیار کراو.

سێیەم :بـۆ صـیانەش بـڕی (10)ملیـار دینـار پێشـنیار کـراوە، تـەنها (13٪)ی بـڕی بودجـەی پێشـنیارکراو ڕەزامەندی لەسەر دراوە لەلایەن وەزارەتی مالیـەوە، بـەڕێز سـەرۆکی پەرلـەمان، وەزارەتـی کارەبـا یەکێکـە لـە گرنگتری وەزارەتەکان بەڕاستی، کۆمەڵێك ئیلتیزاماتی هەیە بەرامبەر بە هەردوو کۆمپانیای کـەرتی تایبـەت، کە ئەویش بۆ کڕینی کارەباکـەو دابـین کردنـی سـووتەمەنی بـۆ ئـەو دوو وێسـتگەیە، نـە ئـەبوو بـەو شـێوەیە

تەعامول لەگەڵ وەزارەتی کارەبا بکرێت، چونکە ئەو پابەندە بە ناوەڕۆکی ئەو گرێبەستەی کە ئەنجامی داوە، سەبارەت بە بودجەی وەبەرهێنانیش،
یەکەم :بەگوێرەی بودجەی وەبەرهێنانی پێشکەشکراو لەلایەن وەزارەتی پلانـدانان تـەنها ڕەزامەنـدی لەسـەر داواکانی ساڵی 2008 دراوە.

دووەم :بودجەی ساڵی 2008بڕیـار بـووە لەبودجـەی تـەواوکاری جێبـەجێ بکرێت، ڕەزامەنـدی ئەنجومـەنی وەزیرانیش هەبووە، بەڵام ئەوە نەکراوە و وا بڕیار بووە لە ساڵی 2009بۆ پرۆژەکانی ساڵی 2008 بودجەی پێویست پەسـەند بکرێـت، بەداخـەوە لـە سـاڵی 2009ش ئـەو پرۆژانـەی سـاڵی 2009 بـەهیچ شـێوەیەك بودجـەی بـۆ دانـەنراوە، پرۆژەکـانی سـاڵی 2009ش هـیچ ڕەزامەندییـەکیان لەسـەر نـەدراوەو بودجـەی بـۆ دانەنراوە، من تێبینیـەکم هەیـە، بەڕاستی وەزارەتـی کارەبـا بەتایبـەت لـەبواری وەبـەرهێنانی وزەی کارەبـادا پێویستی بەپلانی چەند ساڵە هەیە، بـەهۆی ئـەو گەشـەکردنە ئابووریـە بەردەوامـەی کـە هەیـە لـە هـەرێمی کوردستان و ئەو تەوەسوعە بەردەوامـەی کـە هەیـە، پلانـی چـەند ساڵەیان داوە، بۆیـە مـن داوا لـە وەزارەتـی پلانـدانان دەکـەم، کـە بەجدی ئیعـادە نـەزەرێك لـەو پڕۆژەیـە بکرێتـەوە، چـونکە هـەمان ئەزمـەو قـەیرانی ڕابردوو، لەساڵی 2011 تەسەور دەکەم بەهۆی ئەو گەشەپێدانەوە دووبارە بێتەوە، هەرچەندە هەنگاوی زۆر باش وئیجابی لـەماوەی ڕابـردوو نـراوە، ئـەوەش جێگـای دەستخۆشـیە بـۆ بەرهـەمهێنانی وزەی کارەبـا، بـەڵام نـەدەکرا بەپێوانـەی هـەمان وەزارەتـەکانی تـر تـەعامول، لەگـەڵ وەزارەتـی کارەبـادا بکـات، چـونکە ئـەوە وەزارەتێکی گـرنگ وهەسـتیارە، کاریگـەری بـۆ سـەرجەم کایـەکانی ژیـان هەیـە لـە هـەرێمی کوردسـتاندا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، وابزانم هیچ لیژنەیەك نەما ڕاپـۆرتی بخوێنێتـەوە، تـەواو بـوو هـەموو ڕاپۆرتـەکان خوێندرانـەوە، لیژنەی یاسایی و تەندروستی پێشتر خوێندرانەوە، هەموو ئەو خاڵانـەی لـەو ڕاپۆرتانـەدا هاتوون، موناقەشـەی لەسەر کراوەو بڕاوەتەوە، ئـەو خاڵانـەی کـە پەیوەنـدی بەوەزارەتەکانـەوە هەیـە یـان داواکاری وەزارەتەکانـەوە هەیە، داوا دەکەین ڕۆژی دوو شەممە، جەنابی وەزیری دارایـی و پلانـدانان ئـەوەی پەیوەنـدی بەوانـەوە هەیـە، هەردوو بریکاریش وەڵامی ئەو بابەت و پێشنیارانە بدەنـەوە کـە لـەو ڕاپۆرتانـەدا هاتوون، دانیشـتنەکە لێـرەدا کۆتایی پێدێنین تا ڕۆژی دوو شەممە سەعات (11) بەخێربێن سەرچاوان.

**فرست احمد عبدالله**
**سکرتێری پەرلەمانی**
**کوردستان – عێراق**

**محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی)**
**جێگری سەرۆکی پەرلەمانی**
**کوردستان – عێراق**

**عدنان رشاد مفتی**
**سەرۆکی پەرلەمانی**
**کوردستان - عێراق**

# پەرلەمانی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (18)**

**دووشەممە رێکەوتی 15\6\2009**

**خولی دووەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (18)

## دووشەممە ڕێكەوتی 2009/6/15

كاتژمێر (11)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی دووشەممە ڕێكەوتی 2009/6/15 پەرلەمانی كوردستان - عێراق بە سەرۆكایەتی بەڕێز عدنان رشاد مفتی سەرۆكی پەرلەمان و, بە ئامادەبوونی بەڕێز محمد قادر

عبدالله(د.كمال كەركووكی) جێگری سەرۆك و, بەڕێز فرست أحمد عبدالله سكرتێری پەرلەمان, دانیشتنی ژمارە (18)ی خولی دووەم, ساڵی (2009) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی كار:**

بەپێی حوكمەكانی بڕگە (1)ی ماددە (20) لە پێڕۆی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەمواركراوی ساڵی 1992ی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق, دەستەی سەرۆكایەتی پەرلەمان بڕیاردرا دانیشتنی ژمارەی (18)ی خولی دووەمی هەڵبژاردن لە كات (11)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی دووشەممە رێكەوتی 2009/6/15 دا بەم شێوەیە بێت:

1-بەردەوام بوون لەسەر پێشچاوخستن و گفتوگۆكردنی بودجەی هەرێمی كوردستان بۆ ساڵی 2009.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی كوردستان، دانیشتنەكەمان دەكەینەوە، بەرنامەی كار:

1-بەردەوام بوون لەسەر پێشچاوخستن و گفتوگۆكردنی بودجەی هەرێمی كوردستان بۆ ساڵی 2009، جارێكی تر بەخێرهاتنی وەزیرە بەڕێزەكان و بریكاری وەزارەت، هەردوو بریكاری وەزارەتی دارایی و ئابووری دەكەین، زۆر بەخێر بێن سەرچاو، داوا لە لێژنەی یاسایی و لێژنەی دارایی و ئابووری دەكەم بێن لە شوێنی خۆیان دابنیشن، من ئەگەر ئیجازەم بدەنێ روونكردنەوەیەكی بچووكم هەیە، ئەویش لە دانیشتنی رۆژی پێنجشەممەی رابووردوو، لە مەجالی موناقەشە موداخەلەیەكی بەڕێز كاك محمد فەرەج كە باسی بودجەی حیزبەكان هاتە پێشەوە، كە ئەندامێكی مەكتەبی سیاسی وتوویەتی سی ملیۆنە، منیش ئەمڕۆ تەماشای تەواوی دانیشتنەكەم كرد، بۆ ئەوەی ئەو روونكردنەوە دیقەتی تێدا بێت، منیش وتم وردەكارییەكانت بینیەوە، ناوەڕۆكەكەت بینیوە سی ملیۆنە؟ یان هەر ئەوەیە مانشێتەكەیە؟ دواتر ئەوەم لە بیرە كە گوێم لە یەكێك بوو، كە وتی دەترسیم سێ ملیۆن بێت، منیش وتم سێ ملیۆنی لێ بوویتە سی ملیۆن، جا لەبەر ئەوەی ئیشكالی لەسەر دروست بوو، خۆم ئەسڵی موقابەلەكەم نەدیبوو، گەڕامەوە بۆ موقابەلەكە، بەڵێ كاك مەلا بەختیار گوتی سی ملیۆن، وردەكارییەكانیشی باس كردووە، بۆ پێشمەرگەیە، بۆ مەكاتبی دەرەوەیە، تەفصیلاتی زۆری تێدایە، لەبەر ئەوە داوای لێبوردن لە كاك محمد فەرەج دەكەم كە هین كراوە و رەخنەش لە خۆ گرتن نوقتەیەكی ئیجابیە لە هەموو ئینسانێكدا، ئەوەی ئەوەندە جورئەتی هەبێ ئەگەر مەعلوماتێكی نەزانێ و رەخنەش لە خۆ بگرێت، بەڵام ئەوە بەو شێوەیە بوو، نوقتەی نیزام بێت تكایە، فەرموو.

**بەڕێز ئارێز عبدالله احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

یەك روونكردنەوەی گچكەم هەبوو، ئەگەر مەجالم بدەی، نوقتەی نیزامیەكە پێش ئەوەی بچینە ناو جەلسەكە روونكردنەوەیەك هەیە حەز دەكەم بیدەم،

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو دانیشە، ئەوە نوقتەی نیزامی نیە، کەینی وەختی هات بەسەر چاو، ئەوە نوقتەی نیزامی نیـە، ئـەو ڕۆژەی جەنابیشت ڕوونتکردەوە، نامەیەکی لە وەزارەتی ڕۆشـنبیری هـاتووە، فـەرموو دانیشـە خۆمـان باسـی نامەکە دەکەین ئەو وەختی ڕوونکردنەوەکەی بدە، کاك سەعد قسەت هەبوو؟

**بەڕێز سعد خالد محمد امین/وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەبیعی لەسەر ئەو ڕاپۆرتەی لیژنەی ڕۆشنبیری، وەزارەتی ڕۆشـنبیری چـەند مولاحەزەیـەکیان هـەبوو، جا ئەگەر سەرۆکایەتی بەڕێز و ئەندامانی پەرلـەمان مـەجال بـدەن، ئێمـە لـە جیـاتی بـەڕێز کـاك فەلەکـەدین وەزیری ڕۆشنبیری تەکلیف کراوین بۆ ئەوەی ئەو مولاحەزاتانە لێرە بخەینە ڕوو، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

حەقی خۆیەتی وەزارەتـی ڕۆشـنبیری نوسـخەی بـۆ ئێمـەش هـاتووە، وەزیـری ڕۆشـنبیری دیـارە موتابەعـەی ڕاپۆرتەکـەیان کـردووە، لیژنـەی ڕۆشـنبیرییان گـوێی لێبـووە، یـان بینیانـە لـە تەلـەفزیۆنی، جـا وەڵامیـان داوەتەوە، حەقی خۆیەتی وەڵامەکەیان بخوێندرێتەوە، فەرموو ئەگەر دەتەوێ بیخوێنیەوە فەرموو.

**بەڕێز غفور طاهر سعید مەخموری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە داوای ڕاپۆرتی داهاتی بودجەی کوردستانمان کرد، ڕاپۆرتی خەرج کردنی بودجە، بەڵام ئەو ڕاپۆرتـەی کە دابەشی سەر بەڕێزان، ئەندامانی کوردستان کراوە، ئەوە ڕاپۆرتی بودجـەی تـەکمیلی سـاڵی 2008، ئـەو ڕاپۆرتە نیە بۆ ئاگاداریتان، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك د.دلێر فەرموو.

**بەڕێز د.دلێر اسماعیل حقی شاوێس:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بابەتی سەرەکی دانیشتنەکەمان بەڕاستی تاوتوێکردنی بودجەیە، هەر یەك لە ئێمە قسەمان لەسەر یـەك و دوو هەیـە، ئێسـتا کۆمـەڵێك بـرادەر قسـەی لەسـەر قسـەکانی مـن هەیـە، ئەگـەر ئێمـە بکەوینـە ئـەو موناقەشەیەوە، هەندێ لـەو کێشـانە لـەناو لیژنـەکان و لەگـەڵ سـەرۆکایەتی لیژنـەکان ئـەتوانن چارەسـەری بکەن، نەك لێرە لە هۆڵی پەرلەمان و بەرنامەی کارێکە کـە تایبـەتی بـە بڕیـاردان لەسـەر یاسـای بودجـەی هەرێمی کوردستان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەو نوقتە نیزامیە پێم وایە پەسندە، بۆ ئەوەی موناقەشەکان لا بەلا نەکرێن، دواییش ئـەو نامەیـە کە لـە لایەن وەزارەتی ڕۆشنبیری هاتووە، لیژنەی ڕۆشنبیری دواتر دەتوانێ موراجەعەی بکات، لەگەڵ ڕاپۆرتەکەی

خۆیدا بیداته لیژنەی دارایی، له ئاخیر دانیشتنمان داوامان کرد لـه وەزارەتـی دارایـی و ئـابووری، وەڵامـمان بداتەوه لەسەر ئەو دوو راپۆرتە، جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز بایز تاڵەبانی/وەزیری دارایی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمه ئەو وەڵامانەمان ئاماده کردووه، له لای کاك دڵشاد و کاك رشیدن ئەیخوێننەوه و وەڵام ئەدەنەوه.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك رەشید فەرموو.

**بەڕێز رشید طاهر/بریکاری وەزارەتی دارایی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەربـارەی وەڵامدانـەوه لەسـەر وەڵامـەکان، یەکـەم، ئـەوەل جـار لـه راپـۆرتی وەزارەتـی رۆشـنبیری، لەسـەر وەزارەتی رۆشنبیری و لەسـەر وەزارەتـی وەرزش و لاوان و لەسـەر وەزارەتـی ناوەچـەکانی دەرەوەی هـەرێم ، دەمـەوێ تەوزیحـەکی بـدەم بـۆ ئەنـدامانی پەرلـەمان کـه وەزارەتـی رۆشـنبیری پێـك هاتیـه لـەو دائیرانـەی رەئیسی:

1-دیوانی وەزارەت.

2-بەرێوەبەرایەتی فنونی هەولێر و سلێمانی و دهۆك.

3-مودیریەی ئیعلام.

4-سەقافەی فنونی تورکمان و سریان.

5-مودیریەی عامەی سینەما.

6-مودیریەی عامەی تەبع و نەشر.

7-مودیریەی مەکتەباتی عامه.

8-تەلەفزیۆنی نەورۆز.

لیژنه باسی کردیه که ئەو تەخمینەی، خەملاندنەی بودجه، مەعلوماتێکی عامه، تەقدیمی وەزارەتی دارایی دەکەن، دەڵێت، نا متمانه دروست بووه له نێوان وەزارەتەکان و وەزارەتـی دارایـی کـه زۆر تەقـدیم دەکـەن و وەزارەتی دارایی دێنێته خوارەوه، نیسبەکی زۆر ئـەوه دەڵـێم ئـەو قسـه راسـته، ئێمـەش لەگـەڵ حکومـەتی رەئیسی بەغدا، 18 ملیارمان تەقدیم کردیه، 8200 داینێ، وەزارەت، هەر وەزارەتێك تموحاتی خۆی هەیه، بەڵام ئێمه له وەزارەتی دارایی محاوەله دەکەین، رەقەمی خۆمـان بگـونجێنین لەگـەڵ ئـەو رەقەمـەی کـه لـه بەغدا دەدرێته ئێمه، که ئەوەی تەصدیق دەکرێ، چـونکه ئـەوەی تەقـدیم دەکرێ، حـەوت سـەد بەرامبـەر ئەوانەی کـه لـه بەغـدا موافەقـەت دەکرێ، لەبـەر ئەوەیـه دژی راتـبی مـوەزەفین و راتـبی فەرمانبـەران کـه تەحدید دەکرێ لەسەر موعادەلەك که وەزارەتی دارایی بۆ خۆی دادەنێ، که هەموو وەزارەتەکان لەسەر ئەو موعادەلەیه رێك بخرێن، عەدەدی مەشغول چەند موەزەف هەیه؟، چەند ئیستیحداس دەکرێ، ﻓﻲ نیسـبەکی

موعەیەن لە هەموو وەزارەتەکان، مەعەدەل ڤی شەش سەد هەزارمان کردیە، راتب، مووچە دەرچوو، ما عەدا سەرۆکایەتی هەرێم نەبێ، سەرۆکایەتی پەرلەمان نەبێت، سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران نەبێت، چونکە لەوێ دەرەجاتی خاصەی زۆری تێدایە، ئیحتیمالە نیسبەکە بەو شکلە بەش نەکات، هەروەها نیسبەی تەقاعود، ئێستا مووچەی فەرمانبەران لەسەر ئەو ئەساسەمان دانایە، مەنافیع ئیجتیماعی، لە تەقریرەکە باسی کردیە، 11 ملیارە کرایە 400 ملیۆن، راستە داوایان کردیە، بەڵام مەنافع ئیجتیماعی تەنها بۆ ئەوانەیە کە سوودی لێ وەردەگرن، ئێمە لە حکومەتی هەرێمی کوردستان، سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران، موافەقەی کردیە، تەعمیمەك هەیە کە ئەو فەرمانبەرەی دەمریت یان شەهید دەبێ، بۆ خۆی یان بۆ ژنی یان بۆ پیاوی یان بۆ باوکی یان بۆ منداڵەکانی، مەبلەغێك سەرف دەکرێ، بۆ خۆی 750 ، بۆ دایك و باوکی و ژنەکەی 500، بۆ منداڵەکانی 500، ئیدی کەمتر، بەو شکلەیە ئەو مەنافع ئیجتیماعی، لەبەر ئەوە 11 ملیار بووە 400 ملیۆن، ئێمە لە فەقەرەکی دی 11 ملیارمان دایتە وەزارەتی سەقافە کە باسی نەکردیە ئەویش لە فەصڵی سلع و خەدەماتە، ئەویش بۆ دروست کردنی ئەفلام و مەسرەح و گۆرانی و ئەو شتانەیە کە وەزارەتی سەقافە ئیشی خۆیەتی، دەربارەی موخەصەصاتی لەیلی، موخەصەصاتی سەکەن، تەبعەن ئینسان کە سەفەری دەکات لە دەرەوەی وەڵات، یان دەچێتە فندق یان مەسرەڤی هەیە، تەبعەن ئەو موخەصەصاتی سەفەر و ئیفادە تەبعەن، یان لەیلیە یان سەکەنە، ئەوە وازیحە، بە نیسبەتی ئیجاراتی مەبانی کە دەڵێت، 1264000000 هەیە، لە هەولێر 24 بنکەی وەزارەتی سەقافە ئیجارمان هەیە، لە دهۆك کە مەبلەغەکەی 405000000ە ساڵانە، لەدهۆك 20 بنکەم هەیە، 328، لە سلێمانی 26 بنکەی ئیجارم هەیە کە دەکاتە 480، کۆی دەکەینەوە کە دەگاتە 1280 کە ئەوە فیعلی وەزارەتی مالیە موافەقەتی کردیە، وەزارەتی رۆشنبیری موافەقەتی کردیە کە ئەو بنکانە دائیرەنە، ئینجا بچنە بنکەکانی ئی مافوورە، ئی کتێبخانەیە، ئی ئەو دائیرانەیە کە باسم کرد، باسی صیانە کرایە، راستە کۆی صیانە، مەبلەغی 5274000000، صیانەی مەبانی تەبعەن، تەبعەن بینایان زۆرە وەزارەتی سەقافە، مەبلەغەکمان هەیە کە لە حەدی300000زیاتر بێ، عەقدمان هەیە لەگەڵ وەزارەتی پلان دانان ئەگەر نۆژەن کردنەوە لە مەبلەغی 300000 زیاتر بێ، دەبێ لە بودجەی ئیستیسماری بدرێ، بودجەی ئیعتیادی، ئەوە صیانەی مەبانی، صیانەی ئەجهیزەش یەك ملیارمان دەدەنێ، هەر لە مەکینەی دەگریت، هەر لە کۆمپیوتەری دەگری، تەلەفزیونی نەورۆز لەوێیە، ئەجهیزەی مەسرەحە، موسیقایە، ئەو ملیارە بۆ صیانەتە، صیانەی چارەسەرکردن 586، ماء و مەجاریش ئی ناو دائیرەکان و کارەبا 620، کۆی دەبێتە 4630، ئەوە بۆ هەموو دائیرەکان تەوزیع دەبێ و حیصەی خۆیان وەردەگرن، لە مەصروفات ئوخرا، داوای 3611000000 یان کردیە، موافەقەتی وەزارەتی دارایی بە 1200، ئەوە رێز لێنانە ئی هونەرمەندانە، کە 700 کەسمان هەیە کە مووچەی رێزلێنانیان هەیە کە هیچ راتبی نیە، مانگانەی بۆ سەرف دەکەین، ئەوە لەوێ سەرف دەکرێ، ئەوە نیسبەتی وەزارەتی رۆشنبیری، وەزارەتی وەرزش و لاوان، دائیرەکانیان:

1-دیوانی وەزارەتە.

2-موديريەی عامەی ریازە و شەبابە، کە لە هەولێر و سلێمانی و ئەلعابەکەش شەعبیە و ئیتیسالات و عیلاقاتی عامیان هەیە، مەشغولیان 808 دەرەجەیە، تەعینیان 150 دەرەجەی بۆ ئیستیحداس کرایە، 112 عەقدیان هەیە هەمووی دەکاتە 120.

جیاوازی لە خەملاندن هەیە راستە، نیسبەتی موديريەی عامەی ریازە و شەباب لە ساڵی 2008 لە زمنی وەزارەتی سەقافە بوو، لە ساڵی 2009 بەتەواوی هاتیە سەر وەزارەتی وەرزش و لاوان، مووچەی فەرمانبەران ئەوەی زیادەکە کە پەرلەمانی کوردستان موافەقەتی لەسەر کرا لە ساڵی 2009 هاتە مەرحەلەی جێبەجێ کردن، خەملاندنی فەرقی کردیە لەگەڵ 2009، مەنافع ئیجتیماعیە، دیسان دەڵێت 63 بەرامبەرە، موصەدقی پار، 490000000بوو، سەرف 58 بوو، بە خۆیان داوای 3686000000 کردیە، ئێمە لە وەزارەتی مالیە تەنها موافەقەتی یەك ملیارمان کردیە، ئەویش وەکو باسم کرد ئەوەی دەمری، جگە لەو هونەرمەندانەی کە موساعەدە دەکرێن، ئەوانەی وەکو ئەوەی کە ئەمری خوای کرد صلاح داوودە، ئیسلاح و خەدەمات دەڵێ 27 جار زیاد کرایە، بە خۆیان تەقریبەن 11900000000 داوایان کردیە، وەزارەتی مالیە 6 ملیاری موافەقە کردیە، شەش ملیاریش کە بریتیە لە 292 وقودە، 87 بۆ کارەبایە، 76 لەوازمە، 1395 تەجهیزاتە، تەجهیزاتی ریازیە، 245 ئیفادی داخیلی عیراقە، 200 خاریجی عیراقە، 864 بۆ مەبانی و سەیاراتە، 764 ملیۆن بۆ ئیشتیراکی دەوراتە، موافەقە کرا دیسان 11 ملیار بۆ مەسروفات ئوخرا، ئەو 11 ملیارەش بریتیە لە 7 ملیار و کەسر بۆ نادیەکانی ئەوانەی 137 نادیمان هەیە لە هەولێر و سلێمانی و دهۆك کە مینحەی ئەندیەیە کە مانگانە زیاتر لە 500 ملیونیان بۆ سەرف دەکرێ، دوو بۆ نەشاتی کەشفیە، ئەوەی تر نەشاتاتی ریازیشیان هەیە، نزیکی سێ ملیار و مەعلوماتی عامە کە گوتم ئەو وەزارەتە کە 137 نادیان هەیە، نزیکی 1000 فرقەی شەعبیان هەیە، تەبعەن ئیحتیمالە دەعمیان دەکات و موساعەدەیان دەکات، ئەوە جلە و تۆپە و شتی تەجهیزاتی ریازیە، 22 مەرکەزی ریازی هەیە عایدی حوکمەتن، یەعنی ئەو مەراکزانە فرەقی ریازی تێدایە، موسیقی تێدایە و مەسرەحی تێدایە، رەسمی تێدایە، حەتا لە سلێمانی مەرکەزێك هەیە بە ناوی (مرکز الرعایە العلمیە) بەناوی وەزارەتی وەرزش و لاوانە، ئەوەش عایدی ئەوانە، وەزارەتی ناوچەکانی دەرەوەی هەرێم کە یەك مولاحەزەیان هەبوو، دەڵێت 1107000000 بۆ ئیجیاری وەسائیتی نەقلی دانایە، راستە، ئەو وەزارەتە مومەسیلی هەیە لە بەغدا و لە ناوچەکانی دەرەوەی هەرێم، بەتایبەتی ئەو موهاجیرانەی کە لە دەرەوەی هەرێم دێنە کوردستان، ئەرکە لەسەر شانیان کە سەیارە بگرن و بگەینیە جێگای خۆیان، ئەوە ئەو مەبلەغە بۆ ئەو ئەساسە داندرایە، ئەوە نیسبەتی وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان و ئی ناوچەکانی دەرەوەی هەرێم، دەربارەی وەزارەتی کشتوکاڵ، سەرۆکی حکومەت لە کۆبوونەوەیەکدا بریاریان دا کە ساڵی 2009 ساڵی کشتوکاڵ بێت، مولاحەزاتی ئەوان، رەقەمەکیان هێنایە فەقەرەی (ب)ە، 8250000000 دەڵێت بۆ زەوییە، لەوێ ئوصولی زەوی لە مالیە یەعنی کرینی عەردە بۆ دائیرە، راستە لە 8250000000 بوو بە 187000000، نا بۆ کرینی عەرد بۆ فەلاحەکان، بەڵام مەبلەغێك هەیە لەناو وەزارەتی زیراعە بە ناوی

(مسح و تحديد الاراضي) 1265000000 هاتیه له زمنی فەقەرەی سلەع و خەدەمات، ج- فەقەرەك هەیه دەڵێت: ئیهتیمام بە ژینگە، راستە ئیهتیمام بە دارستان دەدرێت و ئیهتیمام بە ژینگە دەدرێت لەناو وەزارەتی زیراعە، تەقریبەن مەبلەغێکی زۆر سەرف کرایە بۆ کڕینی شتەلاتی زەیتون، تەقریبەن 200باخ، هەروەها بۆ فستەق و هەروەها بۆ تەتویری مەشاتیلی ئەوەی بۆ هەرێمی کوردستان لەگەڵ لەوازیمی زیراعی، کە نزیکی 7 ملیار دینارە، بۆ صیانەی ئەو حەدیقانە و ئەو مەشاتیلانە، ئەو غاباتانە، تەقریبەن نزیکەی 4 ملیارە، موافەقەت کرایە کە 100 ملیارە بدرێتە زیراعە کە دەعمی کەرتی تایبەت دەکات، بۆ ئەو بوارانە، بۆ بواری ئینتاج حەیوانی، خانووی پلاستیکی، باغی بیستان، مەشاتل، هەروەها سیستەمی ئاودێری و سیستەمی تەنقیت و دەعمی فەلاح بۆ کڕینی تراکتۆرو دەڕاسە و مەناحیلی هەنگوین، دەعمی فەلاح دەکرێت تەقریبەن بۆ نەقلی مەزروعاتی مەحاصیلی خەزراوات ئی فەلاح لە هەر سێ موحافەزە نزیکەی 7ملیار دینارە کە دەعمی فەلاح بکرێت کە مەحاصیلی خۆی بینێتە ناو مەرکەز، دەعمی ئیجاری سەیاراتی لێ بکرێ کە تەقریبەن 7 ملیاری دەدرێتێ، هەروەها بۆ گەنم و جۆ، ئەو مەنتیقانەی مەبلەغێك تەخصیص کرایە، ئەو مەنتیقەی کە وشکەساڵی بەرکەوتیە 90٪ حکومەت دەعمی دەکات، ئەو مەنتیقەی کە وشکە ساڵی بەرنەکەوتیە 10٪ لەو مەبلەغە، حکومەت دەعمی دەکات، هەروەها هاندانی جوتیار بۆ کڕینی تراکتۆر و دەڕاسە و هەروەها بۆ ئەوانە، حەتا بۆ عەلەفی حەیوانیش مەبلەغێکی زۆر تەخصیص کرایە، بۆ کڕینی عەلەفی حەیوانی بۆ حەیوانەکان، 2200000000 تەرخان کرایە بۆ لابردنی ئەدغال لەناو زیراعەت، هەروەها ئی موکافەحەی ئەمرازی حەیوانی، 12 ملیار تەخصیص کرایە کە لەوێ دەعمی قتاعی دەواجن بکرێ، کە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەعمی کەرتی تایبەت بکات، کە ئینتاجی دەواجن نەیەتە ناو هەرێمی کوردستان، ئەوانەی کە دەعمی ئەو مەشاریعی دەواجن بکرێت، ئەوە نیسبەتی وەزارەتی زیراعە، ئەو مولاحەزاتانەی کە لەسەر وەزارەتی کارەبا نووسیتی بە رەئی من مولاحەزاتی باشیان نووسیوە، دەڵێن: وەزارەتی کارەبا 260 ملیار دیناریان داوا کردیە بۆ کڕینی کارەبا بۆ وێستگەی 200 مێگا واتی هەولێر و 750 مێگا واتی چەمچەماڵ، لەگەڵ 681 بۆ کڕینی دیسان وەقود بۆ ویستگەی هەولێر و چەمچەماڵ، ئەوە موفتەرەحی ئەوانە، تەنها وەزارەتی مالیە بۆ کارەبا 62 موافەقەی کردیە، بۆ وقود 251، یەعنی ئی 62 دەکا 24 لە تەلەبی ئەوان، ئی وقود 27٪، لە صیانەی کارەبا 82 ملیاریان داوا کردیە، بەلام نیسبەی سەرفیان تا 6/25 15654 بووە، وەزارەتی مالیە تەنها 10654، یەعنی دەکات موافەقەی لە 13٪، وەلامی وەزارەتی دارایی ئەوەیە کە ئێمە بێین ئەو تەلەبەی وەزارەتی کارەبا، تەنها تەلەباتی وەزارەتی کارەبا لەسەر سێ فەقەرە، ئی کڕینی کارەبا، ئی کڕینی وقود، یەك صیانە کە 262682 زائیدەن 82 دەکاتە یەك ملیار، یەك ملیار بودجەی حکومەتی هەرێمی کوردستان هەمووی، 6 ترلیۆن و 283 ملیارەیە کە ئەخیرەکەی موافەقەی کردیە، 6283 بۆ مووچە و پلان دەچیت، مووچە 3975، پلانیش 2303، هەردووکی دەکاتە 6283، دەمێنێت دوو ملیار بۆ هەموو وەزارەتەکان، بۆ هەموو فەصڵەکان، ئێمەش لە وەزارەتی دارایی ئەگەر بێین تەوافوقێك دروست بکەین بەینی ئەو وەزارەتانە، راستە

کارەباش موهیمە و پلانیش موهیمە، ئێمە لەسەر ئەو حاڵەش ئەو ڕەقەمەمان دانایە، ئەو ڕەقەمە ئیحتیاتە لە وەزارەتی مالیە، ئەگەر تەنگاو بووین مەجبوورین، ئەگەر بە موناقەلە نەکرا لە ئیحتیاتی وەزارەتی مالیە، و تەشجیعی کارەباشمان کردیە و محاوە بکەن کە رسوم و ئیجاراتی زیاد بکەین کە داهاتێکی زیاد بکات و بتوانین خزمەتی ئیشەکانی خۆمان بکەین، دوو: لەفەقەرەکی تر هەیە لەناو میزانیە، دیسان 4300 تریش هەیە بۆ ئیجاری مەکائین و موعیدات کە بتوانن ئیستیفادە لە صیانە بکەن، هەروەها ملیارەك و 900 هەیە موکافەئاتی غەیری مونتەسبین کە دەتوانن ئیشەکی لەخۆ و ئیستیفادە لەو ئیشانە بکەن، ئەوە نیسبەتی کارەبا، نیسبەتی وەزارەتی صیناعە، ئی صیناعە داوایان کردیە 100 ملیۆن دۆلار وەکو بانکی زیراعی، بانکی صیناعیش بکرێتەوە، ئێستا ئەوە حکومەتی هەرێمی کوردستان و وەزیری داراییش دانیشتیە، ئەو ساڵە باوەڕ ناکەم پێی بکرێتەوە، بەڵام با مەشروع بێت، بەڵام با ئیستیفادە لە داهات و بانکی مەرکەزی هەرێم، فەرعەکانی بانکی مەرکەزی هەرێم بۆ عایدی بەغدا بانکی مەرکەزی ئیحتیمالە لەوێ بتوانین ئیستیفادە لەو سیولە نەقدەی و خەدەماتی مەسرەفی بکەین کە بتوانین چۆن لە بەغدا ئەو قەرزە دەبێت، ژی ئەو قەرزە بەو شێوەیە بدرێ، دەربارەی وەزارەتی سامانە سروشتیەکان، ئەو پێکهاتیە لەسەر دیوانی وەزارەت، پێك هاتیە لە مەنتوجاتی نەوتی هەولێر و دهۆك و سلێمانی، لەگەڵ مەسحی جیۆلۆجی هەولێر و دهۆك و سلێمانی، لەگەڵ مەعمەلی غازی هەولێر، لەگەڵ مودیریەی تەوزیعاتی مەنتوجاتی نەوتی لەگەڵ ئیدارەی مەشاریعی خاصە لە سلێمانی ئی نەوتی، ئەوە میزانیەی وایە کە میلاکیان، 2386، 190 دەرەجەیان بۆ دانایە کە موافەقەت بکرێت و تەعین بکرێن ئەوەی پێویستیان پێیانە، بەڵام هاتیە فەقەرەك دەڵێ: وەاللە سلەع و خەدەمات 254 ملیاریان داوا کردیە، 17 موافەقەیان کردیە، داوای ئیزافەی 150 یان دەکرد، وەڵامی ئێمە ئەوەیە مەبلەغێك لە ئیدارەی مەنتوجاتی نەوتی خاصە هاتیە 184 ملیار وەزارەتی مالیە جارێ موافەقەی نەکردیە، گوتی ئیشەکانی خۆتان جێبەجێ بکەن لەبەر ئەوەی ڕەقەمەکە زۆر هاتیتە خوارێ، ئەوانەی کرایە، دیسان دەڵێت: لە مەوجوداتی غەیری مالی 7 ملیۆنیان داوا کردیە، وەزارەتی مالیە 2 ملیاریان موافەقە کردیە، یان مەنافیعی ئیجتیماعی 592 بووە 170 موافەقەی کردووە، یەعنی ئەوە بە پێی عەدەدی موەزەفەکانە کە وازیحمان کرد و هەموو هەدەفی ئێمە ئەوەیە کە تەجمیعی دەکەین و تەوحیدی دەکەین هەدەفمان ئەوەیە کە بگەینە ڕەقەمی خۆمان، کە گوتم و دیسان تەئکیدی دەکەین کە هەموو کەس تموحاتی خۆی هەیە و وەزراەتی مالیە موقەیەدە کە چ لە گیرفانیتی و چی بەدەست دەکەویت، لەسەر ئەو ئەساسە دابەشی دەکات کە بگاتە ئەو ڕەقەمەی حەقیقی مەجبوورە، ئەتو ناتوانی لە فەصلی یەك خەتی سوورە، راتبی فەرمانبەران و مووچە خۆران و شەهید و ئەوانەیە، ئیدیش ئی خوتەیە موستەحقاتی ئەشخاصە لە مەشاریعی ئێمە ساڵی 2009، هەموو مەشاریعی موستەحیقەیە، ئەتۆ مەجبوور بی کە لە فەسڵەکانی تر بێنیە خوارێ بۆ وەزارەتەکانی تر کە تەنسیق بکەی، لەسەر ئەو حاڵەشدا میزانیەمان تەقدیم کردیە بە 575ملیار بە عجز، ئەوە نسبەتی وەڵامی منە لەسەر هەر چوار وەزارەتەکان، بەڵام یەك قسەم هەیە پێشی تەواو بکەم، تەوزیحێك دەربارەی ئەو ڕۆژە

جەنابی سەرۆکی پەرلەمان پرسیارێکی لە من کرد دەربارەی سوجەنائی سیاسی، مـن وەڵامـم داوە کـە گـوتم لە بەغدا تەنها 500 هەزار بۆ ئەوان سەرف دەکرێت، جارێك یان دوو جار، نەبووە سێ جـار بـە رەئـی مـن، یەعنی نەمەفتوعە، مانگانە بێ، گوتم لێرە مەفروزە لە سەرۆکایەتی حکومـەت، لێژنەیـەك هەیـە و بـەخۆم چوومە موتابەعەم کردیە، کە لێـرە تـەعلیمات و قانونێك دانـێین موراعـاتی شـەهیدەکانی خۆمـان بکـەین، موراعاتی پێشمەرگەکانی شۆڕشی ئـەیلوول بکـەین، موراعـاتی ئـەوەی رەوشـەی لـە حکومـەتی هـەرێم دەدن لەسەر ئەو ئەساسە بدرێتە پەرلەمانی کوردستان، موافەقە بکرێت، بەڵام ئەو پـارەی کـە لـە بەغـدا وەرمـان گرتیـەن بـە هـیچ ناوێـك وەرمـان نەگرتیـە، حیصـەی هەرێمـە لـە بودجـەی عـام، حیصـەی هـەرێمیش لـە بودجەی عام بێت ئەوە تەوزیع دەبێت لەسەر ئەو فەصڵ و فەقەرانەی ئەوەی باسم کرد، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك دڵشاد قسەت هەیە فەرموو.

**بەڕێز دڵشاد عثمان/بریکاری وەزارەتی دارایی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی بەدی ئەکرێ لە زۆربەی راپۆرتەکان کە هاتووە ئی لێژنەکان، باسی ئەوە کـراوە کـە گوایـە وەزارەتـی پلان داوای ئەوەندەی کردووە و ئەوەندەی دراوەتێ، ئەمەوێ روونی بکەمەوە بۆ جەنابتان کە دوو پێـوەری سـەرەکی هەیـە بـۆ دانـانی بـڕی دیـاریکراو، بـڕی خـەملێنراو لـە بودجـەدا، یەکـەم: ئـەو خەرجیـەی ئـەو فەرمانگەیە یان ئەو وەزارەتە تا رۆژی 6/30 ئەم ساڵە ئەنجامی داوە، نموونـەمان زۆر لەلایە، مەسەلەن، لە 6/30 200 (30) ملیۆن دیناری خـەرج کـردووە بـۆ ماددەیـەك لـە ماددەکـان، بـۆ سـاڵی 2009 داوای 11 ملیار ئەکات، بە تەئکید ئەو کەسەی کە گفتوگۆ لەگەڵ ئـەو وەزارەتـە ئـەکات قەناعـەتی وایـە کـە مـومکین نیە تۆ 200 ملیۆن دینارت خەرج کردبێت بە 6 مانگ، داوای 11 ملیار بکەی، ئـیلا ئەگـەر شـتێکی تـاریئ هەیە و بەرنامەیەکی بۆ دارێژراو بێـت، ئـەوە یـەك، دوو: ئایـا ئێمـە چەنـدمان بـۆ دێـت، تمـوحی وەزارەتـی مالیە چەندە؟ کاك رەشید باسی کرد ئێمە داوای 18 ترلیۆنمان کرد، ئەوەی هاتووە بە فیعلی 8، ئەبێ سەر لە نوێ دابەشی بکەینەوە بەسەر وەزارەتەکان، بـە تەئکیـد دائەبـەزێ، لـە زۆربـەی راپۆرتەکانـدا بـاس لـەوە کراوە کە ئەوە کێشەی دروست کردووە، بەڵام لە حەقیقەتەکەی ئەوەیە ئێمـە دەبـێ تـەوازونێك هـەبێ لـە بەینی هەموو وەزارەتەکان بـۆ جوابدانـەوەی پێداویستیەکانیان لـە خـەرجی ساڵەکە، بـە نیسـبەت لێژنـەی ئاوەدانکردنەوە، باسـی ئـەوە ئـەکرێ بـۆ سـاڵی 2008 داوای ئـەو بـڕە پارانـەی کـردووە، ئـەوە جیایـە و بـە فیعلیش خەرج کردن جیایە، جەنابتان ئەزانن ئێمە لەسەر ئەساسـی ئـیش کردنـی تـەواو، الاعمـال المنجـزە، سولفە ئەدەین، تا ئێستا باوەڕ ناکەم مقاوەلێك تا 2008/12/31 ئەگەر وەزارەتی ئـاوەدان کردنـەوە داوای پارەی بۆ کردبێ و وەزارەتـی دارایـی پێـی وتـووبێ پارەمـان نیـە، لەبـەر ئـەوە ئـەو پارانـە لەسـەر ئەساسـی ئەعمالی مونجیزە دەدرێ، مەعنای ئەوەیە مقاوەلەکان ئەوەندەیان ئینجاز کردیـە و ئەوەنـدەیان بـۆ خـەرج کراوە، لەو حاڵەتەدا بۆ پرۆژەیەکی تر کە پێشکەوتووتر بێ، لە شوێنێکی تر لە وەزارەتی شـارەوانی پارەکـە

و نیسبەتی ئینجازەکە ئەو وەزارەتە ئەیبا، باس لەوە کراوە کە ئەوە ئیشی جەنابتانە کە مقاولەکان بانگ بکرێن و موحاسەبە بکرێن لە لایەن لیژنەیەکی پەرلەمانەوە، ئەوە بۆ جەنابتان بە جێی ئەهێڵێن، زۆر باس لە مەسەلەی سولفەی عەقار کراوە، ئەوانەمان لە پێشتر باسمان کردووە، لە رۆژی تر و لە پێشووتر، بە نیسبەت لیژنەی وەزارەتی شارەوانی، خۆیان ئەڵێن هیچ تێبینیەکمان نیە لەسەر بودجەی وەزارەتی شارەوانی، وەزارەتی شارەوانی بودجەکەیان زۆر کەمە ئەوەش پاش رێککەوتن دواتر زۆر کەم کراوە، بەڕێزتان ئەزانن ئێستا ئێمە لە قۆناغی کەرتی تایبەتین، یەعنی بە تایبەت کردنی کەرتەکان، وەزارەتی گواستنەوەش یەکێکە لەو کەرتانە، یەعنی مەفروزە وەزارەتی گواستنەوە پلان دابنێت بۆ ئەوەی تیرمینال بدات بە ئیستیسمار، شەریکاتی نەقلی داخیلی زۆر بکرێتەوە، خەڵك پاس بێنێ، هەمووی لە بواری کەرتی تایبەتە، بواری ئەوە نەماوە کە حکومەت مەصلەحەی نەقل بێنێ و خەڵك تەعین بکات و پاس خەڵك نەقڵ بکات، کەرتی تایبەت رێی پێ بدەین بە هۆی تەشجیعەوە و بە پێی یاسای ئیستیسمار، لەبەر ئەوە من پێم وایە وەزارەتی گواستنەوە و هەروەها وەزارەتی گەیاندنیش، لە حکومەتدا کە حکومەتێك ئابووری ئازاد بێت، حکومەتێك خەصخەصەی کەرتی تایبەت بکات، پێویستە بیر لەو پرۆژانە بکاتەوە کە پارە ئەهێنێت بۆ حکومەت، کە تەشجیعی کەرتی تایبەت دەکات، کە هەڵی کار ئەرەخسێنێت، نەك وەزارەتی دارایی پارەیان بۆ تەخصیص بکات، بە نیسبەت کاروباری ناوەخۆە، لیژنەی ناوەخۆ و ئاساییش، بە تەئکید ناوەخۆ یان ئاساییش، دوو دەزگای زۆر گرنگن، من لەگەڵ ئەوانەم کە دەڵێن، دائیمەن خەرجی وەزارەتی ناوەخۆ جیایە و ئاساییش جیایە، ئەو ئاساییش و سەقامگیریە ئێستا کە لە کوردستاندا هەیە، بە رای من ئەوە وەزارەتی ناوەخۆ و دەزگای ئاساییش هێنایە کایەوە، هەر کات دەستی لێ بەرەلا بکرێ، لە ماوەی دوو مانگدا لەوانەیە دەستی تیرۆر بگاتەوە کوردستان، بەهەمان شێوازی عێراقمان لێ بکات، مولاحەزەیەکی زۆر گرینگیش ئەو وەزراەتە ناوەخۆیە لەگەڵ هیندا، زۆربەی زۆری تەخصیصاتیان مووچەیە، شتی تر نیە، لەبەر ئەوە ئەبینین بەشێکی زۆری تەخصیصاتی ئەوان تایبەت بە مووچەی کارمەندانی ئاساییش و کارمەندانی ناوەخۆ کە بۆیان خەرج دەکرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس بۆ ئەو روونکردنەوەی وەزارەتی دارایی و ئابووری، سەبارەت ئەو تێبینیانەی کە لە راپۆرتەکانی دوێنێ هاتبوو، سەبارەت بەو موداخەلاتی ئەندامانی پەرلەمان، من پێش ئەوەی قسەی بدەمە کاك عوسمان کە داوای کردووە، وەڵامی ئەو پرسیارەی دەدەمەوە کە کاك غەفوور کردی، کە داواکرابوو داهات و خەرجیاتی ساڵی 2008 بخرێتە بەردەم ئەندامانی پەرلەمان و دەڵێ بەس تەکمیلیەکەمان بۆ هاتووە، ئەگەر روونکردنەوەیەکتان لەم بارەیەوە، فەرموون، ئەگەر نەگەیشتبێتە دەست ئەندامانی پەرلەمان ئەوە خەتای وەزارەت نیە، ئەوان نوسخەی خۆیان دا و قەول بوو کۆپی بکرێ، کۆپی نەکراوە.

**بەڕێز بابیز تاڵەبانی/وەزیری دارایی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

به نیسبەتی ئێمەوە، ئێمە دیارە دوێنێکە هەم نوسخەیەکی ترمان دا پێیان بە نیسبەتی شەش مانگ، شەش مانگەکانەوە، هەردوو شەش مانگەکە، ببیەن و ئیستینساخی بکەن و لەسەر ئەمری جەنابتان ئیستینساخ بکرێ، تەکمیلیەکەش، دیارە تەکمیلیەکە کراوە، بەس ئێمە جارێکی تر تەئکید دەکەین کە هەر ناردوومانە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە ئەوەی ئەگەر تەوزیع نەکراوە با کۆپی بکرێ و تەوزیع بکرێ، نوسخەکەت لە لایە شەرمین خان؟ ئێمە دێینەوە سەر ئەصڵی مەوزوعەکە ئەوەی هینمان کرد، ماددەی یەکەم لە قانونەکە موناقەشەمان کرد، بۆیە دەنگمان بۆ نەدا وتمان با بمێنێتەوە سەر جوابی وەزارەتەکان ئایا زیاد دەکرێ یان زیاد ناکرێ؟ ماددەی یەکەم خوێندرایەوە و رەئی لێژنەی یاسایی و لێژنەی داراییشی لەسەر درا، بۆیە دەنگ نەدرا وتمان ئایا زیاد دەکرێ یان زیاد ناکرێ؟ لەوەی ناچێت هیچ زیادەیەك بکرێت، چونکە نەنووسرایە هیچ زیاد بێت، قسەمان لەسەر کرد ماددەی یەکەم، قسەمان زۆر لەسەر کرد، فەقەت ئەوەی زیاد دەکرێ یان زیاد ناکرێ ئەوەی موناقەشە دەکرێ، ئێستا جارێکی تر موناقەشە دەکرێ، کاك عبدالرحمان نوقتەی نیزامیت هەیە، فەرموو.

**بەڕێز عبدالرحمان احمد رضا:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە راپۆرتمان خوێندنەوە، بەڕێزانیش وەڵامیان دانەوە، ئەو هینە چۆن پەسند بکرێن؟ نابێت گفتوگۆی لەسەر بکەین؟ تا بگەینە نەتیجەیەك؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

خۆی ئەوەی راستی بێت خەلەکە لێرە نیە، خەلەلەکە لەوەیە ئەو لێژنانە کە راپۆرتیان هەیە لەگەڵ لێژنەی دارایی، یەکلایی بکەنەوە پێش ئەوەی دانیشتن دەست پێ بکات، خۆتان دوا کەوتوون لە هینەکاندا، کێشەتان بۆ ئێمەش دروست کرد و بۆ ئێوەش، زووتر بچن راپۆرتەکانتان لەگەڵ لێژنەی دارایی و وەزارەتە تایبەتیەکان یەکلایی بکەنەوە، تاوەکو ئەو هینەشمان نەمێنێ، ئێستا ئەوە خوێندرایەوە و وەڵامەکەش دراوە، ئێستا ئەوەی نوقاتە تایبەتیەکان  و عامەکان کە مولاحەزەی دەکرێ، وەرگیرایە، ئەوەی پێویست بکات وەکو تەوصیە و وەکو بڕیار دەیخەینە ناو قانونەکە دوایی، نوقتەی نیزامی، فەرموو.

**بەڕێز ئارێز عبدالله احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

راستە وەڵامیان دایەوە، بەڵام شەرت نیە ئێمە قەناعەتمان هاتبێ، لەبەر ئەوەی حەقە ئەو مەسەلەیە یەکلایی بکرێتەوە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لێرە حەسم ناكرێ، خەتای خۆتانە تۆ ئاخیر لەحزە راپۆرتەكەتان دایێ، دەبوایە لەگەڵ لێژنەی دارایی باسی بكەن و یەكلایی بكەن نوقتە بە نوقتە، ئەگەر راوەستین لەسەر ئەوە بە بیست رۆژێش تەواو نابین، بەڵی كاك محمەد.

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لە دانیشتنی پێشتر باسمان لە نەفەقاتی تەشغیلی كرد، لەبەرامبەری ئەوەوە نەفەقاتی ئیستیسماری كەمە، ئەو ئەبوابانەی كە لە نەفەقاتی تەشغیلی هەیە، ئەوانەی ئیعانات و مینەح و مەنافیعی ئیجتیماعی و مەصاریف ئوخرا، ئەوانی ترم نەنووسیوە، هەر ئەوانە وەكو نموونە ئەهێنمەوە، لە 2008 بەس لە تەكمیلیەكە جەنابت گوێی لێ بگرە، ترلیۆنێك و 291 ملیار و 588 ملیۆن دینار بەس بۆ ئەو ئیعانات و مینەح و مەنافیعی ئیجتیماعی و مەصاریفی ئوخرا دانراوە، لەبەرامبەری ئەوەوە، بۆ نەفەقاتی ئیستیسماری چەند دانراوە، ترلیۆنێك و 150 ملیار و 79 ملیۆن، یەعنی لە تەكمیلیەكە نەفەقاتی ئیستیسماری زۆر كەمترە لەو چوار بابە، بابی تریش هەیە لە پێشەوە، پێنج بابن، ئایا لە هەموو دونیا كاتی دەتەوێ تەرشید بكەی یان تەقلیص بكەی، ئەبێ بێی لەو شتانەوەی كە سانەوین، ئەساسیات نین، وەكو مووچە و ئەوانە نین، دێین لەوانە كەم دەكەینەوە، كەچی ئێستا سەیر دەكەین لە 2009، یەعنی ئەوانە لەگەڵ 2008دا جیاوازیەكی زۆر تەفیفە، هەیە، بەس زۆر تەفیفە، لەچاو ئەوەی كە لە شتەكانی تر زۆر براوە، لەوەی زۆر كەمە، من پێشنیارەكەم ئەوەبوو، بۆ ئەوەی ئەم ساڵەی 2009 كە كێشەی پێشتری بە دەستەوە بوو، كە كێشەی دابەزینی نەوتی لەگەڵدا بوو، بتوانین بەرزی بكەینەوە، بەكەم كردنەوەی ئەم بوارانە، یەعنی ناتوانین ئەو مەعاشانە دەست لێ بدەین، خۆ فەرعی (ب) ئەتوانین دەست لێ بدەین، كە بریتیە لەو ئیعانات و مەساریف ئوخرا، چەند جاریش كە جەنابت گوێبست دەبێت، خەڵكیش ئاگای لێیە، زۆرترین ئەم ناوی گەندەڵی لێ ئەنێن، ناوی مەسروفی زائیدی لێ ئەنێن، ناوی تەبزیری لێ بنێین، لێرە دەست پێ ئەكا، چونكە قەوانینە نایگرێتەوە، ئەڵێ تەواو ئەوانەی سەرف كردووە، هەندێ جار كەلیماتی جوانیش ناكرێتە پاڵی، لەبەر ئەوەی من پێشنیار دەكەم لەم شتانە كەم بكرێتەوە، ئێستا ئێمە لە وڵاتێكی زۆر پێشكەوتوو، كابرا ئەچێ بۆ فرەنسا مەسەلەن، سێ رۆژ لە دەورەیەكدا بەشداری دەكات، بۆ چوار تەواو ئەڵێ مافمان نیە بەسەرت، برۆ بۆ خۆت بژی، لێرە حەتا ئەو موەزەفانە لە دەوڵەتاندا كاربەدەستن، ئەڵێن: وەفدی وا هەیە بۆ سێ رۆژ دێین كەچی مانگێك لێرە ئەمێنێتەوە و ئێمە مەسارفی ئەكێشین، كەچی لەو وڵاتە پێشكەوتووانە كە رۆژی خۆی تەواو بوو تەواو ئەتوانێ برواتەوە، ئێمە ئیشمان بەتۆ نەما خۆت ئەتوانی مەسروفی خۆت بكەی، ئایا ناكرێ ئێمە ئەمانە كەم بكەینەوە؟ بێگومان لەوەی بۆمان كۆ دەبێتەوە، یەعنی ئەو ترلیۆنە، ترلیۆنێك بۆ ئیعانات و ئەوانە بە رەئی من مەسەلەیەكی زۆرە، عەلەل ئەقەل رێژەیەكی لێ دابەزێنین، ئەویش پەكی نەكەوێ، سوپاستان ئەكەم.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

ئـەو موقتەرەحـەی کـاك محمـد فـەرەج چـەند ئەنـدامێکیش ئاماژەیـان پێـدا، رەئـی وەزارەتـی دارایـی چـیە سەبارەت بە ئیقتیراحی کەم کردنەوەی نیسبەتی مینەح لە بودجەی ساڵی 2009؟ئایـا چ مـەجالێك هەیـە بە تایبەتی لە سەرۆکایەتی هەرێم و سەرۆکایەتی حکومـەت و پەرلـەمان؟چ مـەجالێك هەیـە؟ بـە نیسـبەت پەرلەمانەوە من بەش بـە حـاڵی خـۆم پـێم وایـە زۆر ئیعتیادیـە، چـونکە ئێمـە مەسـئولیەتی هینمـان نیـە، مەسئولیەتی ئەوەمان نیە مینـەح بدەینـە مونـەزەمات و ئـەحزاب و ئەوانـە، تـەنیا ئـەوەی دەتـوانین وەکو پەرلەمان لە 20٪ لە مینەحی کەم بکەینەوە، ئێمە وەکو پەرلەمان رازینە ئەوەی کەم بکەینەوە، بەڵێ کاك رەشید فەرموو.

**بەڕێز رشید طاهر/بریکاری وەزارەتی دارایی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەربارەی پرسیاری کاك محمد کە دەڵێت لە بودجەی تەکمیلی مەفروزە بودجەی ئیستیسماری زیـاد بکرابـا، تەبیعی بودجەی ئیستیسماری کە پار تەقدیممان کرد، رێژەی 37٪بوو، عـەجزێکمان لـەناو بودجـە هـەبوو، ئەو عجزەمان پێی پڕ کردەوە، دیارە کەسرەکە هەمووی بۆ عیجزەکە چـوو، ئەوەکـەی تـر ئەکسـەریەتی بـۆ مووچەی فەرمانبەران بوو، چونکە قانونی مووچەی فەرمانبەران لە ساڵی 2008 کەوتـە بـواری جێبـەجێ کردن لە حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە، راتبی هەموویان بووە دوو بەرامبـەر و سـێ بەرامبـەر، هـەتا ئـی خانەنشـین و ئەوانـەش، لەبـەر ئـەوە بـوو، مووچـەی فەرمانبـەران رەقـەمێکی زۆری بـرد، دوو، نیسـبەتی فەقەراتی تر جگە لە راتبی موزەف، ئەکسەریەت بۆ فەصڵی دوو چـوو، ئەگـەر ئـەو مولاحـەزەی بکـەن، پـار 869 ملیار بوو، ئەو ساڵە بووە 1276، فەصڵی دوو کـرێنی مـەوادە، ئێسـتا وەزارەتـی کارەبـا ئەسـعارەکانی خۆی گـران کردیـە، هـەموو دائیرەکـانی حکومـەت و لـە زەمـنی ئـەوان پەرلـەمانی کوردسـتانی بـەڕێز، بێـت ئوجوری کارەبا بداتە وەزارەتی کارەبا ئەگەر هات و حکومەت بێ، هـەموو کـەس پابەنـدە و ئـەبێ ئوجـوری کارەبا بدات، تا بتوانێ ئیشەکانی خۆی بەرێوە ببات، ئوجوری کارەبا مـەبالیغی زۆرە لـەناو دام و دەزگاکـانی حکومـەت و هـەموو وەزارەتـەکان، دوو: شـتی دام و دەزگاکـانی حکومـەت زیـاد بووینـە پێویسـتی بـە صـیانە هەیـە، پێویسـتی بـە ئیدامـە هەیـە، خاصـەتەن لـە بنایـات و لـە سـەیارات و مـەکائین و لـە ئـەجهیزە، کـە پێشتریش باسم کرد، مەبلەغێك تەرمیمی بینایەتێك دەکات، مەدرەسـەك یـان مزگـەوتێك یـان بینایـەتێك، هەمووی ناچێتە حیساباتی خوتە، لـە پـلان سـەرف نابێـت، لـە زمـنی فەقـەرەی صیانە سـەرف دەبێـت، کـە نۆژەن کردنەوە و ئەوانەش، ئەوانەش مەبلەغێکی زۆر بۆ ئەوانـە داندرایـە، ئینتیـزار نـاکرێ حـەتا ئـیعلان دەکـرێ و ئەوانـە، یـەعنی لـە زمـنی ئـەوە دەبێـت، لـە 300 ملیـۆن کـەمتر بـێ دەچـێتە نـاو بـاری صـیانە، نیسبەتی ئیعانات، ئیعانات تەنها لە وەزارەتی ریعایەی ئیجتیماعیمان هەیە، ئـی فـەقیران، کـە 80 ملیۆنمـان دانایـە، لـە هـیچ وەزارەتـی تـر ئیعانـەمان نیـە، دوو: مینـەح، ئـی مونەزەماتـە، مونـەزەماتی سـەقافیە، مونـەزەماتی عیلمیـە، مونـەزەماتی جەماهیریـە، سـەندیکایە، نیقابەکانـە، سـەنتەر و ئەوانەیـە، هـەموو لـە حکومەتی هەرێمی کوردستان پارە وەردەگرن لە زمنی ئـەو مەبلەغـەی، لـە زمـنی 156 مکەیـە، ئەوەیـە بـە

ڕەئی من کەم کردنەکە بەشمان ناکات لە حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئەگەر بەشی کرد دوایی دەسەڵات لە وەزارەتی مالیەیە، نەقل دەکات بۆ کوێ پێویستە، ئیحتیمالە بدەینە وەزارەتی کارەبا، لە ئەسنای مەرحەلەی جێبەجێ کردنە، چونکە ئەوەش 100٪ نیە، 8٪ ، 95٪ نزیکی واقیعە، تەخمینە ئەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك دڵشاد فەرموو.

**بەڕێز دڵشاد عثمان/بریکاری وەزارەتی دارایی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من ویستم زیاتر روونی بکەمەوە بۆ بەڕێزان کە ئەو شتانە چی ئەگرێتەوە، ئەوەی بەڕێز کاك محمەد فەرەج داوای کرد کەم بکرێتەوە، بۆ نموونە، الاعانات کە 80، تەنانەت بێجگە لەوەی کە کاك رەشید باسی کرد، ئەو شەریکە عامانە کە داومانە بەکرێ بۆ ڤیتاعی تایبەت، ئەو کرێکارە زیادانەی کە مووچەیان لەسەر ئەوەیە، دەعمی موزارعین لەسەر ئەوەیە، کڕینەوەی بەربووم، پەین و مەین، ئەمانە هەمووی لەسەر ئەوەیە، بە نیسبەت حیسابی مینەحیشەوە، بۆ ئەوەی جەنابتان بزانن، هەر چی مینەحی جامیعاتە، مینەحی مونەزماتی مەدەنی، ئیتیحادات، جەمعیات، مەراکزی سەقافی، وەحەداتی حکومی، مەجالیسی موحافەزات، مونەزەماتی عیلمی و سەقافی، مەجالیسی عیلمی، هەر چی ئەیڵێ بۆ ئەوانە خەرج ئەکرێ، یەعنی کە ئەڵێ مینەح هەر ئەوە نیە ببەخشرێ، مەجموعەیەك مەوادی خۆی هەیە بۆی سەرف ئەکرێ، مەنافیعی ئیجتیماعی، ئەوەی کە ئەو بێوەژنانەی کە خەرجی ئەکرێ لە حکومەتدا، زائیدەن تەبەروعات، ئیعانات، راتبی تەقاعودی کە ئەدرێ بە موئەسەسەی تەقاعود و زەمانی ئیجتیماعی، ئەوانەشی تێدایە، مەسروفاتی ئوخرا کە گەورەیە، 671 ملیارە، ئیجاری ئەرزی تێدایە، موکافەئات بۆ غەیری مونتەسبین، موکافەئاتی موخبرین، مخصصات و بعثات الطلاب، مخصصات التلامیذ، ئەوەی خوێندکارێك لە جامیعە وەریدەگیرێ مانگانە، تەعویزات و غەرامات و رسوم و زەرائیب کە حکومەت دەیدا، مینەحی جەمعیاتی خەیری و دینی، نەشاتی کەشفی ریازی، ئەمە ئەو شتانە هەمووی لە مەسروفاتی ئوخرایە، یەعنی کە دەڵێن، ئوخرا، وامەفهومە کە کشکۆڵێکە و شتی لێ ئەفرێ، بەڵام وا نیە، کە دێیتە سەر شێکردنەوەی هەموو ئەو شتانەی تێدایە، زائیدەن تەواریئ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، وەاللە من پرسیارێکم هەیە دەربارەی وەزارەتی دارایی و ئابووری و وەزارەتی پلان دانان، ئەگەر رەئیان هەبێ، بۆ نەهێشتنی عجز لە میزانیە، 20٪ لە بودجەی مینەح لە سەرۆکایەتی هەرێم و

حكومەت و پەرلەمان، ئەگەر دەتوانن موافەقەت بکەن کەم بکەنـەوە، بۆخۆشـیان باشـە و بـۆ بودجەکـەش باشە، رەئی وەزارەت چیە؟

**بەڕێز بایز تاڵەبانی/وەزیری دارایی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە نیسبەت ئێمەوە ئیعتیادەیە، لاریشمان نیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەو موقتەرەحە لە لایەن زۆر برادەرانەوە هاتووە، کاك محمەد فـەرەجیش وای گوتیـە، بـەڵام نیسـبەتەکەی نـەگوت، مـن ئـەو موقتەرەحـەی کـە موافەقـەتی وەزارەتـی دارایـی لەسـەر کـرا، کـەم کردنـەوەی بودجـەی سـەرۆکایەتی هـەرێم، حکومـەت، پەرلـەمان، لـە مینـەح 20٪ی لـە بودجـە، کـێ لەگـەڵ ئـەو موقتەرەحەیـە دەستی بڵنـد بکات تکایـە؟ لـە مـەنافیعی ئیجتیمـاعیش لـە 20٪ کـەم بکرێتـەوە، کـێ لەگـەڵ ئەوەیـە 20٪ مەنافیعی ئیجتیماعی بودجەی حکومەت و سەرۆکایەتی هەرێم و پەرلـەمان کـەم بکرێتـەوە، فـەرموون کـێ لەگەڵدا نیە؟ زۆر سوپاس، سۆزان خان فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەبێ وا صیاغە بکرێ کە ئەچێتەوە سەر بودجەی ئیستیسماری.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

نا، ناچێتەوە سەر بودجەی ئیستیسماری، ئەوە عجزە، بۆ ئەوەی عجز نەمێنێ، بـۆ ئـەوەی قانونەکـە لەگـەڵ میزانیە بگونجێ، باسیان کرد 500 و کسور ملیار عجز هەیە، بۆ ئەوەی ئەو عجزە نەمێنێت، ئەو بودجەیە لە مەنافیعی ئیجتیماعی کەم بکرێتەوە، بەڵێ.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئاخەر تەرحەکەی کاك محمەد فەرەج بۆ ئەوە نەبوو، ئەو باسی ئیستیسماری کرد بۆیە منیش وام وت.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

نـا، قسـەکەت جوانـە، بـەڵام بـا جارێ ئێمـە حـەلی عجـز بکـەین ئینجا ئەگـەر وەفرمـان هـەبوو بـا بچێتە ئیستیسماری، بە تەئکیـد کـە وەفـر بـوو، تەوصـیە دەکـەین ئیهتیمـام دان بـە دوو، سـێ بابـەتێك، کۆمـەڵێك مولاحەزات بنووسرێتەوە لەبەر رۆشنایی ئـەو موداخەلاتانـە و ئـەو راپۆرتانـە، لـە زمـنی قانونەکـە رچـاوی دەکەین بۆ حکومـەت لـە زمـنی ئـەو شـتانە بکـاتن، یـەك لەوانـە بایەخـدان بـە بـواری ئیستیسـماری، دوایـی دەیخوێنینەوە نامەوێ پێشبینی بکـەم ئێسـتا، کـە مـاددە بـە مـاددە تـەواومان کـرد زۆر مولاحـەزاتی بـەجێ دراوە بۆ ئەوەی عەدالەت دابین بکرێت، سولفەی عەقار بدرێت بۆ کەم دەرامەت، بۆ مەنتیقەی گەرمیان، بۆ زیندانە سیاسیەکان، دوایی وەکو تەوصیات لە زمـنی قانونەکـە بـە تەوصیات دەیخەینـە بـەردەم حکومـەتی

هەرێم، بەڵام ئەو بڕیارەی کە داتان بۆ ئەوە بوو عجز کەم بێتەوە لە بودجە، ئێستا دێین بزانین بەو عجزە دەریبێنن، دەبێ ماددەی یەکەم چاك بکرێتەوە، کاك دڵشاد فەرموو.

**بەڕێز دڵشاد عثمان/بریکاری وەزارەتی دارایی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو کەم کردنەوەیە بۆ ئەوەی جەنابتان بزانن، 4780ملیۆن دینارە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کەواتە تەقریبەن نزیکی عەدەدەکەیە، شتێکی کەمە، بەهەر حاڵ شتێکی مەعنەویش بێ، کەمیش بێت با ببێتە بنەمایەك لە دوا ڕۆژدا ئەو بنەمایە ڕەچاو بکرێت بۆ ئەوەی میزانیەکە رێك و پێکتر بێ و عجز کەمتر بێ، بەس لە ماددەی یەکەم کەواتە، کاك دلشاد ماددەی یەکەم دەبێ رەقەمەکان بگۆڕن لەبەر رۆشنایی ئەو قەرارە، پێش ئەوەی بیدەینە دەنگدان، فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە تەدبیر ناکەین بۆ حکومەت، ژن دائیمەن لەو شتانە هەندێك مودەبر ترە لە پیاو، من داوا کارم لەگەڵ ئەوەی کە ئەو لە 20٪ بۆ پڕکردنەوەی عجز، بۆ ئەوەی بە تەواوی پڕ بکاتەوە، هیواکارم، ئەو مینەحانەی کە ئەدرێ بە رێکخراوەکان لەسەر ئەساسی کارنامەی ساڵانەیان، نەك بە خۆڕایی، ئەوەی ئەمڕۆ مولاحەزە ئەکرێ لە هەرێمی کوردستان، رێکخراوی وا هەیە ژوورێکی هەیە، مێزێکی هەیە، پارە وەرئەگرێ بەبێ ئەوەی هیچ ئینتاجێکی هەبێ، لەبەر ئەوەی هەر لێرەوە داواتان لێ ئەکەین، هەموو رێکخراوەکان بە شێوازێك بە پێی پلانی ساڵانە، هەتا ساڵانە پێشکەشی نەکەن ئێوە نابێ مینحەیان بۆ سەرف بکەن، کە کاریان کرد پارەیان بۆ سەرف بکەن، کاریان نەکرد پێویست ناکات پارەیان بدرێتێ.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کە هاتینە سەر ئەوە، ئەو کات وا بڵێ، ئەوە نوقتەی نیزامی نەبوو، ئێستا ئەگەر ئەو رەقەمەمان بدەنێ بەو 20٪ دەبێتە چەند تا بیخەینە دەنگدانەوە، کاك محمەد فەرموو.

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

کۆمەڵێك شت هەیە لە میزانیەی عێراق وەکو ئەساسیات وایە، بوویتە ئەبواب، یەعنی لە هەموو بابێك ئێمە لە 17٪ وەردەگرین، مەسەلەن مینەح لە 17٪، کە لەوێ دائەنرێ، بۆ نموونە لە شەبەکەی ریعایەی ئیجتیماعی، موخەصەصات 120ترلیۆن و 110 ملیار و نازانم چەند، ئەوەندە تەخصیص کراوە بۆ ریعایەی ئیجتیماعی، ئێمە لە 17٪ وەردەگرین، ئەوە میزانیەی بەغدایە، دوو، لە مەسەلەی زیندانە سیاسیەکان و شوهەداء ، لەوێ ئێمە لە 17٪ وەردەگرین، ئەوان دایانناوە بۆ هەر نەفەرێك، هەر جۆرە شەهیدێك بێ 500000 دینار، ئێمە ئەوە بەش، بەشمان کردووە، لەبەر ئەوە داوا ئەکەم ئەوەی چاك

بکەین، مەسەلەی عەجزیش لە ماددەی 7ی قانونی مەجلیسی نەواب کە سەرۆکایەتیش پەسندی کردووە، قانونی بودجە، لە ماددەی 7 ئەڵێ (عند حصول زيادة او انخفاض في اجمالي نفقات الموازنة العامة الاتحادية، تضاف الى او تنخفض حصة اقليم كوردستان تناسبيآ)، یەعنی هەر کاتێك بەرز و نزم بێت، ئێستا هەر لە ئەمڕۆوە، ئێستا 70 دۆلارە، یەعنی لە 50 بوویتە 70، یەعنی هەر لە ئێستاوە عەرزەکە تەکبیر دەکرێ، هەر رۆژێك کە زیاد ئەبێ ئێمە تەناسوبیەن ئەو 17٪ ئەبێ بۆمان حیساب بێ، وا نیە بەو جۆرە ببرێ، بەس داوا نەکەین یان کەسێ نەچێت بە دەمیەوە، ئەوە باسێکی ترە، ئەگینا ئێمە بە پێی یاسا ئەبێ داوای بکەین و ئەوە حیصەی ئێمەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عوسمان فەرموو.

**بەڕێز عثمان شوانی/وەزیری پلاندانان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێم وایە ئەوە بەلزەبت تەواو نەبووە ئەوەی مامۆستا محەمەد فەرمووی، تەفصیلاتی موازەنە هەیە لە عێراق کە دەرچووە، تەفصیلاتەکە کوراسەکی گەورەیە، لە کوراسەکەدا هەموو ئەوەکانی شەرح کردووە، کە باسی ئیرادات دەکات، ئەو تەقدیری کردووە ئیراداتی نەوتی ئەم ساڵ چەندە، چەندیش مەبالغی ئیزافی هەیە بۆی خستوتە سەری، چونکە ئەو مەبلەغەی کە میزانیە پێی داندراوە ئیجمالی موازنە کە نزیکی 72 ترلیۆن و کەسرە، ئەوەندە ئیرادەی نەوتی نیە، هەستا ئەو چی دەکات ؟ بەو پارەی کە ئیزافەی هەیە لە ئیحتیاتەکە دەیخاتە سەر ئەمە، تەقدیری نەوتی کردووە بە 50 دۆلار، شەرت ئێستا ئەمڕۆ سەعری نەوت بەرز بوویتەوە، بەڵام ئەو تەقدیریشی کردووە دەبێ دوو ملیۆن بەرمیل نەوت بڕوات ئینجا ئەتوانێت ئەو پارەیە تەئمین بکات، نە گەیشتووتە دوو ملیۆن و نە سعرەکەشی ئەوەندە بەرز بوویتەوە، بەعامیش سیعری نەوتی عێراق تۆزێك هەرزانترە لە چاو نرخی شوێنەکانی دیکە بە هۆی گرانی تەئمینەوە کاتێ کە رەوانە دەکرێ بۆ خەلیج، مەسەلەی لێکدانەوەی جەنابی مامۆستا محمەد لەسەر ئەمە، ئەمە جەدوەلەکەیە، جەدوەلی عێراقە و لە وەقائیعیش نەشر کرایەتەوە، کە تەخصیصاتی داناوە و لێکی دایتەوە، ئیجمالی موازەنە چەندە، نووسیتی (كيفية احتساب حصة كوردستان من اجمالي النفقات لسنة 2009)، اجمالی موازەنەی دەرهێناوە، ئینجا نەفەقاتی سیادی لێ دەرهێناوە، ئینجا نەفەقاتی حاکمە، چەند فەقەرەیەکە ئەویشی لێ دەرکردووە، کە لێ دەرکردووە چەند ماوەتەوە ئینجا هەستاوە جارانی 17٪ حیصەی هەرێمی کوردستانی لێ دەرچووە، ئەوە نیە هەستابێ لە فەصڵی ئیعانات چەند بێت و لە 17٪ ئیعاناتی بۆ بێ، ئەوە حیسابی ئەوها نەکراوە، بەو شێوە حیساب نەکرایە، چونکە شوێنێك لەگەڵ شوێنێك، ناوچەیەك لەگەڵ ناوچەیەك میزانیە فەرقی هەیە، میزانیەی ئیستیسماری ئێمە لەوانەیە لەگەڵ ئەوی تر فەرقی هەبێ، لەوانەیە فەصڵی رەواتبمان فەرقی هەبێ لەگەڵ ئەوان، بۆیە بە ئیجمالی حیساب کراوە، هەر ویستم ئەو روونکردنەوەیە بۆ جەنابی کاك محمد و برادەران روون بکەمەوە و زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

ئێستا بێینە سەر ماددەی یەك، فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

هەر راستكردنەوەیەكە و نوقتەی نیزامیە، بەڕێز كاك محمد فەرج مەعلومەیەكی دا و غەڵەتە، كە ئەڵێ لە 17٪ حیسابە هینی لە زیندانی سیاسی، ئەوە كیتابی هینە لەبەر دەستمدایە، الامين العام لمجلس الوزراء، كە موفاتەحەی هەرێم دەكات و ناردوویەتی لە رێگەی كاك محمد ئیحسانەوە بۆ ئەنجومەنی وەزیران و بۆ وەزارەتی شهداء و مؤنفلین، كە داوا دەكات و تیایدا ئەڵێ: راجین بیان رأیكم بشأن ادخال نفقات مؤسسة السجناء السیاسین و غیرها من الجهات المرتبطة بمجلس الوزراء من النفقات السیادیة لكي یتم استبعادها و قبل تحدید نسبة 17٪ لاقلیم كوردستان و امكانیة القیام بذلك ضمن الموازنة التكمیلیة، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەهەر حاڵ، لە یەك لە تەوصیەكان كە من لە لای خۆم نووسیومە بە نیسبەت زیندانە سیاسیەكان، حكومەت ئەوەی یەكلا بكاتەوە لە بەغدایە پارەكەی وەربگرێ ئەگەر لای خۆمانە بە قانونێك یەكلایی بكرێتەوە ئی زیندانە سیاسیەكان، ماددەی یەكەم گۆڕانكاری بەسەر كرا لەبەر رۆشنایی رای لێژنەی یاسایی و لێژنەی دارایی كە میزانیەی رەصد كراوە بۆ پەرلەمان و سوڵتەی قەزائی جیا بكرێتەوە، ئەو رەئیەی لێژنەی دارایی پەسند كرا كە لەگەڵ ئەساسدا دەگونجا، لێژنەی یاسایی داوای كردبوو و بۆ پەرلەمان قبوڵ نەكرا بە شكلەكی عام، یان خۆشیان موافەقەتی كرد وەكو ئەوەی لێژنەی دارایی ئاماژەی پێكردووە 166ملیار و كسورە، ئی قەزا 24 ملیار و كسورە، بۆیە ئەگەر بیخوێننەوە، بیخەینە دەنگدان، فەرموو كاك دلێر.

**بەڕێز د.دلێر اسماعیل حقی شاوێس:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە وەكو لێژنەی دارایی پێشنیازمان كردبوو ماددەی یەكەم، بڕگەی دووەم بەم شێوەیە دابڕێژرێتەوە،

دووەم: أ- گوژمەیەك بڕەكەی 16666000000 دینار، بۆ خەرجییەكانی پەرلەمانی كوردستان.

ب-گوژمەیەك بڕەكەی 24881000000 دینار بۆ خەرجییەكانی دەسەڵاتی دادوەری.

ج-گوژمەیەك بڕەكەی 6462904000000 دینار بۆ خەرجییەكانی جێبەجێ كردن لە دەزگاكانی حكومەتی هەرێمی كوردستان.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەو ماددەیە دەخەمە دەنگەوە، كە كۆی گشتی پارەكە 8 ترلیۆنە، رەئی لێژنەی دارای كە دوێنێ لێژنەی یاسایی پەسندی كرد، جیای كردووە هینی پەرلەمان و قەزا، دەیخەمە دەنگەوە، كێ لەگەڵێتی دەستی بڵند

بكات تكايە؟ بە كۆی دەنگ ماددەی یەكەم قبوڵ كرا، دیارە تەبعەن ئەو 20٪ دوایی دەبێتە ماددەیەك، وەزارەتی دارایی جێبەجێی دەكات، ماددەی 2، فەرموون بیخوێننەوە ئەویش وەكو ئەمە دوا خرا بۆ ئەمڕۆ.

**بەڕێز كریم مجید شریف(جوتیار):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی دووەم:داهاتەكانی بودجەی ساڵی دارایی 2009لە سەرجەم خەرجییەكانی بودجەی فیدراڵی 8857263ملیۆن دینار مەزەنەدە دەكرێ.

**بەڕێز كریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

المادة الثانية:

تقدر ایرادات الموازنة للسنة المالیة 2009 من اجمالي نفقات الموازنة الفدرالیة فقط 8857263 ملیون دینار.

**بەڕێز د.دلێر اسماعیل حقی شاوێس:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە وەكو لێژنەی دارایی و ئابووری هیچ تێبینیەكمان لەسەر ئەم ماددەیە نیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز كریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لێژنەی یاسایی هیچ تێبینیەكی لەسەر ئەم ماددەیە نیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەم ماددەیە تەئكیدكردنەوەی ماددەی یەكەمە، دەیخەمە دەنگەوە، كێ لەگەڵ ئەم ماددەیە دەستی بڵند بكات؟ كێ لەگەڵدا نیە؟ بەكۆی دەنگ قبوڵ كرا، چ خیلافێ ئەو قسەیەیە؟ فەرموو بڵێ.

**بەڕێز دڵشاد عثمان/بریكاری وەزارەتی دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دوای گۆڕینی پارەكە لە قانونی موازەنەی عیراقدا، ئیرادات بوو بە 8253، ئێمە ئێستا بڵێین 8257 لە كوێ بێنێین؟، ئەبێ ئیلا ئیشارەتێك بەو عەددە بدرێ، ئەوە داهاتە، ئەوە بە قانونی پەرلەمانی عیراقە، ئێمە لەوە زیاترمان بۆ نایێت، بەڵێ ئێستا گۆڕا، دوایی ئێمە ئەوەمان ناردووە و پەرلەمان تەصدیقی كردووە.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەوەل جار تەصدیقمان كرد و دووەمین ئێستا ئەگەر تەماشای بكەی دەڵێ: تقدر، ناڵێ ئەوەندەیە، تەقدیراتە، یەعنی ئەوەی بەغدا بێت و زیادیش بێتەوە مومكینە زیاد بێتەوە، مومكینە داهاتوو زیادی دەكات، مادام تەقدیراتە و دەنگیشی بۆ دراوە، تەواو، دواییش كاك فورسەت دەڵێ: هەر غەڵەتێك لە

ئەرقامدا، قانونیەن دەکرێت تەصلیح بکرێ، لەبەر ئەوەی قابیلی غەڵەت و قابیلی تەصحیح بکرێتەوە، کاك دلێر فەرموو.

**بەڕێز د.دلێر اسماعیل حقی شاوێس:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ماددەی سێیەمدا ئەو ئیشکالە چارەسەر کراوە، لە دەقی یاساکە، لە پرۆژەی یاساکە، لەبەر ئەوە هیچ ئیشکالێك نامێنێ.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو ماددەی سێ بخوێنەوە.

**بەڕێز کریم مجید شریف(جوتیار):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی سێیەم: لە بارێکدا، کورتیەك لە بودجەی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا روویدا، ئەوە دەسەڵات بە وەزیری دارایی دەدرێت بەکەم کردنەوەی گوژمەی گشتی بودجە بە هەمان رێژە کە تێیدا کورتی هێناوە.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة الثالثة:

في حالة حصول عجز في موازنة حكومة اقليم كوردستان، يخول وزير المالية بتخفيض المبلغ الاجمالي للموازنة بنفس النسبة التي حصل فيها العجز.

**بەڕێز د.دلێر اسماعیل حقی شاوێس:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە وەکو لێژنەی دارایی و ئابووری، پێمان چاکە لە دوای ئەو ماددەیە، ئەم دەستەواژەی بۆ زیاد بکرێ (بە رەزامەندی ئەنجومەنی وەزیران).

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە وەکو لێژنەی یاسایی هیچ تێبینیەکمان لەسەری نیە و وەکو خۆی هاتووتەوە و زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر لەسەر ئەو موقتەرەحەی؟

**بەڕێز بایز تاڵەبانی/وەزیری دارایی:**

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە لە كاتێكدا كە تەخویلی وەزیری دارایی كرا، پێویست ناكات ئەنجومەنی وەزیران، ئەوە یەك، دوو: پێم باشە كەم كردن و زیاد كردنیش تێیدا بێ، سوپاس.

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەگەر زیادكردنی تێدا بێ، پێویست دەكات پەرلەمانیش موافەقەتی لەسەر بكات، بەلاّم كەم كردنەوەكە بە تەنیا وەزارەتی دارایی، ئەگەر من رەئیسی حكومەت بم دەلێم هی من كەم مەكەوە، ئەوانی تر كەم بكەوە، لەبەر ئەوەی وەزارەتی دارایی خۆی باشتر تەقدیم بكات، پرۆفشینالە، بەلاّم ئەگەر زیادكردنەكە بێت، عەجزەكە زیادكردنەكە بێت، دەبێ پەرلەمان موافەقەت بكات.

**بەرێز بایز تاڵەبانی/وەزیری دارایی:**

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەگەر زیادكرا، ئەوە دیارە وەكو میزانیەی تەكمیلی زیاد دەكرێ، ئەو وەختە هەر مەجبوور ئەبین، ئەگینا نابێ.

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان:**

جا ئەگەر زیادكردنەكە دەتەوێ ئیشارەتی پێ بدەین، دەبێتە دوو فەقەرە، فەقەرەی یەكەم وابێ، فەقەرەی دووەم بۆ زیادكردن دەبێ موافەقەتی پەرلەمان وەربگرین، بەلاّم تەحصیل حاصلە، وەكو خۆی بمێنێتەوە، كاك دلێر ئەگەر سەحبی بكەی موقتەرەحەكەت.

**بەرێز د.دلێر اسماعیل حقی شاوێس:**

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەوە وەكو ئیجرائێكە بۆ تەئكیدەكە و بۆ شەفافیەت، ئەگینا خۆ وەزارەت زوو زوو كۆئەبێتەوە، لە كۆبوونەوەیەكی ئەنجومەنی وەزیراندا جەنابی وەزیری دارایی، ئەمە پێشكەش دەكات و موافەقەتی لەسەر دەكرێ و ئیجرائێكی رۆتینیە و هیچی تر.

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان:**

ئێستا خیلافێ ئەوە هەیە؟ فەرموو كاك زرار.

**بەرێز زرار طاهر امین:**

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لەگەڵ رێزێكی زۆرم بۆ وەزیری دارایی، بەراستی زیادكردنەكە ئەگەر لێرەدا بنووسین، زیادكردن چیە؟ ئیلا دەبێ بودجەی تەواكاری بێ، ئەگەر ساڵی 2009 بودجەی تەواوكاریمان هەبوو و زیادی كرد، ئەوە زیادەكە هەر ئەوەیە، دەنا خۆ لەناو حكومەتی كوردستان داهاتی زیادمان نابێت، داهاتەكان تەخمین كراون، بودجەی تەواوكاریش دەبێ بەقانون لەناو پەرلەمان پەسند بكرێ، كەواتە زیادكردنەكەی نابێ بنووسین،

**كە نووسیمان ئەو كاتی ڕێگە لەوەی دەگرین كە بودجەی تەواوكاری بێتە ناو پەرلەمان و پەسند بكرێ، سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**فەرموو ڤیان خان.**

**بەڕێز ڤیان احمد خضر باشا:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**داهاتی تەكمیلی تەواوكەر یان ئیزافی بە گوێرەی نرخی نەوت دەبێ، نرخی نەوتیش وەكو پێشبینی دەكرێ لە بەرزبووندایە، لەو كاتی كە بودجە تەصدیق كرا ئی عیراق، بە 50 دۆلار ژماردرا، بەڵام ئێستاكە تا 70 دەڕوات و پێشبینی ئەوەش دەكرێ كەوا نرخی بەرمیل ئەوەی كە موتابەعەدەكەن بگاتە 90 دۆلار ئەمساڵ، ئەوە چۆن دەبێت؟ كەواتە با بڕگەك زیاد بكرێن منیش لەگەڵ ئەوەم بڕگەك زیاد بكرێ ئەگەر هات و داهاتی تەكمیلی یان تەواوكەر یان ئیزافی، چونكە ئێستاكە نەوت بەراستی لە 70، بەڵام بە دڵنیاییەوە ئەو زیادەیە حیساب نەكراوە، لەبەر ئەوە ئەوەش بە جیا دادەنرێ و ئەو زیادەش دەگەڕێتەوە بۆ میزانیەی عێراق، لەبەر ئەوە ئەو زیادەیە دووبارە دەگەڕێتەوە سەر هەرێمی كوردستان، پێشبینیش دەكرێت بۆ 90 دۆلار بڕوات تا 100 دۆلار.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**هەر بۆ ئەوەی مەعلوماتتان زیاد بێت، ئەوەندەی مەعلوماتی خۆم هەیە كە شەرتیش نیە كامل بێت، بەڵام هیچ تەوەقوعی ئەوە ناكرێ میزانیەی تەكمیلی هەبێت، لەبەر چی؟ لەبەر ئەوەی دائیمەن داهاتی نەوت، ئەو پارەی كە چاوەڕوان دەكرێت بێتە خەزینەی عێراق ئی ئەو عقودانەیە كە پێش چوار مانگ و پێنج مانگ كرایە، یەعنی هەتا مانگی 12 ئەو پارەیەی دێتن ئی ئەو نرخەیە پێشی پێنج مانگ و چوار مانگ كرایە، مومكینە ئەگەر ئێستا بە 70 دۆلار بێت، بۆ سەری ساڵی داهاتوو ئەو داهاتە بە 70بێتە هین، ئەوە لە مانگی 12 دێتە هین، بەس هەر بۆ ئەوەی كە جەریدە دەخوێننەوە بوویتە 70 دۆلار ئەوە یەكسەر بۆمان نایەت، عقودی ئاجیلە ئێستا مومكینە تا شەش مانگیش هەمووی كراوە، تا ساڵەكیش هەمووی كراوە، بەو نرخەی كە ئەمڕۆ تۆ ئیمزات كردووە، لەبەر ئەوە ئاساری نرخ بەرز بوونەوە بە لای كەمی شەش مانگی دەوێ تا هین بكات، بەڵام لەگەڵ ئەوەش ئێستا دوو ڕەئی هەیە، كاك سەردار فەرموو.**

**بەڕێز سردار صباح بۆزۆ هەركی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**من پێم وایە چ زیاد كردن و چ كەم كردنەوەیەك پێویستی بە موافەقەی پەرلەمانە، لەبەر ئەوەی عجز كردن و دەستنیشان كردنی عجز و متمانەدان بە میزانیە ئەوە صەلاحیەتێكی پەرلەمانە، لێرەشدا كە ئەو میزانیە، ئەو بودجەیە كەم دەكرێتەوە بە هۆی عجز، بەڕاستی پەرلەمان دەبێ ئاگادار بێت ئەو عەجزە لە**

کوێیە و لە کۆێ نیە و چۆنیەتی چارەسەرکردنی، بۆیە پێشنیار دەکەم ئەو ماددەیە لابرێ و تێبینی ئەوەشم کردیە بەراستی ئەو ماددەیە ئەوە یەکەم جارە دێتە ناو ئەو یاسایە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

دوای کاك عومەر ئەو مولاحەزەی کاك سەردار حەز دەکەم وەزارەتی دارایی جواب بداتەوە، کاك عومەر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێم وایە ئەو موقتەرەحەی کە جەنابی وەزیر تەقدیمی کرد، لە زمنی صەلاحیاتی خۆیەتی لە کاتی تەقلیص کردن و زیادکردنی میزانیە و هەر عجزێك تەحصیل حاصل ئەو زیادانەی کە ئەکرێ، میزانیەی تەکمیلی هەر دێتە پەرلەمان، کەواتە بە نەتیجە پەرلەمان ئاگادارە لە زیادەکە، بەلأم وەزارەتی مالیە کە هەموو میزانیەکە لە لای ئەوە، تەخصیصات، سەرفکردن، تەحدید کردن بۆ هەموو وەزارەتەکان، بۆچی وەزیر بۆی هەبێ تەخفیزی میزانیە بکات، بۆ چی بۆی نەبێ زیادەکە بکات؟ لەبەر ئەوە من پێم وایە تەئیدی موقتەرەحەکەی جەنابی وەزیر بکەین لەبەر ئەوەی شتێکی عەمەلیە بە نیسبەت میزانیە و زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە قەناعەتی من، بە نیسبەت ماددەکە ئەوەی لێژنەی دارایی، موافەقەتی ئەنجومەنی وەزیرانی پێی ناوێ، چونکە ئەو زیادەیە رۆتینە بە قەناعەتی من، لە زمنی دەسەڵاتی وەزارەتی دارایی بێ و لە هەموو دونیاش هەر وایە، ئەوە یەك، دوو: ئەو زیادەی جەنابی وەزیریش ئیشارەتی پێدا منیش لەگەڵ ئەوەدام کە تەحصیل حاصلە و پێویست ناکات لەناو یاساکەدا بێت و زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

خیلافەکە لەوەدایە کە ئایا ئەو فەقەرە زیاد بکەین لە حاڵەتێکدا کە ئایا بودجەی تەکمیلی دەبێ بێتە پەرلەمان؟ دەسەڵاتی حوکمەت بێ؟ ئەوە وەکو من تەصەووەری دەکەم هەر دەبێ بێتن، ئەوەی تریش کە بە موافەقەتی مەجلیسی وزرا، جەناب وەزیر شەرحی کرد کە پێویست ناکات ئەوە، لەبەر ئەوە شتێکی ناچارییە، کەم کردنەوەکە رەنگە وەزارەتی دارایی فەنییەن بیر بکاتەوە لە کەم کردنەوەکە، بێ ئەوەی بێتە مەجلیس وزرا، هەر وەزیرێك بڵێت ئەوەی من کەم مەکەوە و ئەوەی تر بڵێت ئەوەی من کەم مەکەوە، وەزارەتی دارایی لە رووی فەنی و حیساباتی رەقەمیەوە باشتر دەتوانن ئەوە هین بکەن، ئەگەر ئیصرار

لەسەر ئەوە دەکەن کە دەبێ بە موافەقەتی مەجلیسی وزرا بێت، ئەگەر رەئی خۆی سەحب ناکاتەوە ئەوە دەیخەمە دەنگەوە.

**بەڕێز د.دلێر اسماعیل حقی شاوێس:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە بۆ شەفافیەت کۆنترۆلێکی ترمان دانایە، ئەگینا لە راستیدا هەبێ و نەبێ وەکو یەك وایە لە لای ئێمە، دەتوانین سەحبی بکەینەوە زۆر ئیعتیادیە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوە سەحب کراوە، ماددەکە وەکو خۆی دەخەمە دەنگەوە، کێ لەگەڵیتێ دەستی بەرز بکاتەوە؟ فەرموون، کێ لەگەڵدا نیە؟ بە زۆرینەی دەنگ قبوڵ کرا، بۆ ماددەی چوار.

**بەڕێز کریم مجید شریف(جوتیار):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی چوارەم: خەرج کردن لە پشتیوانەی ژمێریاری سەرەکی، وەك بەخشین، ریکلام، مەوجوداتی نادارایی، خەرجییەکانی پرۆژە سەرمایەداریەکان، لە بودجەی گشتیدا تەنیا لە دەست حکومەتی هەرێمی کوردستان و وەزیری دارایی بۆی هەیە دەسەڵاتی خەرج کردنی راستەوخۆ لەسەر هەندێ ئاستی ژمێریاری سەرەکی بدات بە وەزیرەکان و سەرۆکەکانی نەبەستراو بە وەزارەتەوە.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة الرابعة:

يحصر الصرف من الحسابات الرئيسية، المنح، الاعلانات، الموجودات الغير المالية، نفقات المشاريع الرأسمالية من الموازنة العامة لحكومة اقليم كوردستان، و لوزير المالية تخويل الوزراء و الرؤساء الغير المرتبطين بالوزارة، صلاحية الصرف مباشرة على بعض مستندات الحسابات الرئيسية.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە وەکو لێژنەی یاسایی هیچ تێبینیەکەمان لەسەر ئەو ماددەیە نیە.

**بەڕێز د.دلێر اسماعیل حقی شاوێس:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە وەکو لێژنەی دارایی و ئابووری، پاش راوەرگرتنی هەندێ پسپۆر لە بواری ژمێریاریدا، پێمان چاك بوو دەستەواژەیەك ئیزافە بکەین لەم ماددەیە، ئەویش ئەوەیە کە دوای دەستەواژەی (موجودات غیر مالیە)، هەبوونە نادارایییەکان، دەستەواژەی (الموجودات الثابتة) هەبوونە نەگۆڕەکان زیاد بکرێ، بەس موجەرەد موستەلەحاتە و هیچی تر.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

یەعنی چی؟ تێنەگەیشتم موستەلەحاتی چی؟

**بەڕێز د.دلێر اسماعیل حقی شاویس:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

یەعنی لە دەقی یاساكە مەوجوداتی غەیر مالی هاتووە، یەعنی هەبوونە نادارایییەكان ئێمە ئەمانەوێت مەوجوداتی ثابتة، یەعنی هەبوونە نەگۆڕەكان.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك دڵشاد ئەوێ ڕۆژێ وتی وشەی مەوەجودات ثابتة نەماوە، هەڵگێراوە و بوویتە مەوجودات غەیر مالیە، كاك عوسمان فەرموو.

**بەڕێز عثمان شوانی/وەزیری پلاندانان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من پێشنیار دەكەم ئەم ماددەیە هەر هەڵبگێرێت، لەبەر ئەوەی مەوجودات غەیر مالی تێدایە، مەوجودات غەیر مالی یەعنی مەسەلەن حەتا كڕینی مێز و كورسییەك و شتێك دەگرێتەوە، یەعنی مەعقول نیە وەزیرێك دەسەڵاتی نیە مێز و كورسییەك بكرێ، میزانیە دادەنێ كە ئەو فەقەرەیە با هەڵبگێرێ، چونكە قەیناكە ئیعانات و مینەح ئەوە لە دەسەڵاتی وەزیرە، ئەوە حەقیشە هەر لە لای ئەو بمێنێتەوە، بەڵام مەسەلەی مەوجودات غەیر مالیە نەمێنێ، دوێنێ كێشەیەك هەبوو لە نێوانی وەزیری مالیەی عێراق و وەزیری پلان دانان لەسەر دەسەڵاتی سەرف كردن لەسەر نەفەقاتی مەشاریعی ڕەئسمالی، ئەم كێێشەیە لێرە نیە، بەڵكو دەسەڵاتەكە هەر لای وەزارەتی داراییە، بەڵام بۆ ئەم كێشەیە دووبارى بێتەوە و ماددەكی قانونەكەی عێراقی دێنمەوە و نەقلی دەكەم لێرە بەبێ موراعات كردنی وەزعی هەرێمی كوردستان، حەقە هەڵگێرێ بەرای من، بە تایبەتی فەقەرەی الموجودات غیر مالیە.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەوە مولاحەزەیەكی بەجێیە جەنابی وەزیری پلان دانان، وەكو وتت وەزیر دەبەسترێتەوە، موشتەرەیاتەكی داوا بكات لە وەزارەت و هین و ئەوانە، ئەگەر جەنابی وەزیری مالیە موافیق بێت، بۆ شەتبی مەوجودات غەیر مالیە لە مەوزوعەكە، كێ قسەی هەیە لەسەر ئەو مەوزوعە؟ ناوتان دەنووسم، با كاك شێخ بایز وەزیری دارایی ڕەئی خۆی بدات دوایی ئێوەش ڕەئی خۆتان بدەن.

**بەڕێز بایز تاڵەبانی/وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمەش پێمان باشە ئەو فەقەرەیە نەمێنێ.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کەواتە ئێوە ئەو پێنج ئەندامە قسەتان لەسەر خیلافی ئەوە هەیە؟ لێژنەکانیش دەڵێن لابچن، خیلافی ئەوە چ قسە هەیە؟

**بەڕێز دڵشاد عثمان/بریکاری وەزارەتی دارایی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەوە ئەچێ غەڵەتێکی مەتبەعی تێدا بێ، یحصر الصرف من الحسابات الرئیسیة، المنح، الاعلانات، الموجودات الغیر المالیة، نفقات المشاریع الرأسمالیة من الموازنة العامة لحکومة اقلیم کوردستان، نابێ بڵێین و لوزیر المالیه، بوزیر المالیة و له تخویل الوزراء، یحصەرەکە ئەمرێ و دەوری نامێنێ، یحصر الصرف بوزیر المالیە، ئەوە غەڵەتە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوە ئیعاناتە یان ئیعلاناتە؟ ئیعلانات نووسرایە، ئەدی رەئیس وزرا؟ چۆنە قانون عیراقی چۆنە؟ وەکو ئەوی لێ بکەن، وەکو عیراق بکەن، بوزراة المالیة و لوزیر المالیة، ئەوە باشترە، کاك جەعفەر چیت هەیە فەرموو.

**بەڕێز جعفر مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە بۆ هەر وەزیرێك دەسەڵاتێکمان نیە، پێشتر پار ساڵ لە فکرمانە، هەر وەزیرێك بۆ جووتێ تایە ئەبوایە موافەقەتی وەزارەتی مالیەی وەرگرتبا، ئێمە لەم پەرلەمانە بریارمان دا هەر وەزیرێك مەبلەغێك پارە لە دەستێدا صەلاحیاتی هەبێ هەر چۆن سەرفی بکات، وا بزانم 250 ملیۆن بوو شتێکی وا بوو، ئەم پارەیە و ئەم تەخویلەی جەنابی وەزیری دارایی ئەکەین، تەخویلە لەسەرووی ئەوانەیە بۆ شتێکی دیکە، ئەگەر تەخویل بێ لەسەرووی ئەوە بۆ بابەکانی دیکە ئەوە هەندێ بابی سەرفی هەیە، مەعاش دیارە و سەرفیات دیارە، ئەدەوات دیارە، ئەگەر بە پێی بابەکان بێت، یان ئەوە دەسەڵاتێکی زیاد دەدرێتە وەزیر لە سەرووی ئەو پارەیە بە دەست ئەو وەزیرەی کە پەیوەندیدارە بە سەرفەکەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك شێخ بایز جوابت هەیە؟ کەواتە فەقەت گۆڕانکارییەکە ئەوەلەن، ئیعلانەکە غەڵەتە ئەوە ئیعاناتە، دەیخوێنمەوە بۆ ئەوەی بیخەمە دەنگدان: یحصر الصرف من الحسابات الرئیسیة، المنح، الاعانات ، نفقات المشاریع الرأسمالیة من الموازنة العامة لحکومة اقلیم کوردستان، بوزارة المالیة و لوزیر المالیة تخویل الوزراء و الرؤساء الغیر المرتبطین بالوزارة، صلاحیة الصرف مباشرة علی بعض مستندات الحسابات الرئیسیة، دەیخەمە دەنگەوە، کێ لەگەڵێتی دەستی بڵند بکات؟ فەرموو، کێ لەگەڵدا نیە؟ بە کۆی دەنگ، راوەستێن بزانین نیصاب کامیلە؟ 54 کەواتە نیصاب کامیل نیە و ئیعتیبار دەکرێ دەنگەکە باتیلە، بەڵێ گوڵناز خان.

**بەڕێز گوڵناز عزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لێرە نووسراوە (لبعض المستلزمات) بەراستی ئەو بەعزە پەیوەستیە، ئێمە لەگەڵ وەزیرەکان دانیشتین پار صەلاحیاتیان تا 250 هەزار بوو، ئەوەش دەستشکاندنی وەزیرە لە ئیشدا.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

دواتر ناوی هەیە، سوپاس، سارا خان قسەت هەیە؟ فەرموو.

**بەڕێز سارا خضر پیرۆت:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی باسی دەکەم نازانم تا چەند پەیوەندی بەو ماددەیەوە هەیە، بەڵام مادام کات هەیە و فورسەت هەیە با باس بکەم، مەسەلەی لەو ماددانەی، لەو یاسایانە کە باسی دەکەم، مەسەلەی قەرەبوو کردنەوە یان تەعویز، هیچ باس لەوە نەکراوە، لە یاسای عیراقدا باس لە قەرەبوو کردنەوەی وڵاتی کوێت دەکرێ بۆ نموونە، بەڵام ئایا لە کوردستان زیان لێ کەوتووانی رژێمی پێشوو، زائیدەن زیان لێ کەوتووانی دوای راپەڕین و مەسەلەی تۆپ باران و ئەوانەی ناوچە سنوورییەکان، ئەوانە هەمووی قەرەبوون، خەڵکێکی زۆر و بەردەوام ئێمە وەکو ئەندامانی پەرلەمان ڕووبەڕووی ئەوە دەبینەوە کە داوای قەرەبوو دەکەنەوە، ئێمە زۆر جا داواکاری ئەو خەڵکەمان هێناوە ئەوانەی کە داوای قەرەبوو کردنەوەی زیانی سەردەمی رژێم دەکەنەوە، هێناومانەتە پەرلەمان و پەرلەمان ناردوویەتی بۆ ئەنجومەنی پارێزگا، جاری وا هەبووە ئەنجومەنی پارێزگا دەیباتەوە بۆ ئەنجومەنی وەزیران، یەعنی ئێمە نازانین لێرە چی بە خەڵك بڵێین؟ قەرەبوو یان تەعویزی خەڵکی کوردستان چۆنە و لە کوێ؟ پێم خۆشە ئەگەر وەزارەتی دارایی وەڵاممان بداتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

پێش ئەوەی وەڵاممان بداتەوە، خۆی ئێستا ئێرە لەگەڵ کوێت فەرقی هەیە، کوێتەکە فەرز کراوە لەسەر عێراق، بە قەراری ئومەمی موتەحیدە، لە زەمانی رژێمی لەناوچووە تا ئەمڕۆکە بە قەراری ئومەمی موتەحیدەیە، بە پارەی داهاتی عێراقە، دەبێ تەعویزی کوێت بکرێت، لەبەر رۆشنایی ئەو قەرارە، نە لە دەسەڵاتی عیراقە، بەڵام با جەنابی وەزیریش جوابداتەوە، کاك رەشید فەرموو.

**بەڕێز رشید طاهر/بریکاری وەزارەتی دارایی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەربارەی پرسیارەکەی قەرەبوو کردنی هاووڵاتیانی کوردستان، کە زەرەر و زیانی پێکەتووە، تەبعەن لە بودجەی حکومەتی هەرێمی کوردستان هیچ مەبلەغێکی وا نیە کە بە ئاشکەرایی و بەناوی تەعویزات و زەرەر و زیان هاتبێ، لە بودجەکانیساڵی، یەعنی لە بیدایەتی تەشکیلی حکومەت هەرێمی کوردستان تا ئێستا، ئێمە کە حکومەتی هەرێمی کوردستان، بێین ئەو زەرەر و زیانەی کە بە خەڵکی کوردستان کەوتووە،

که بیاندەینێ، باوەڕ ناکەم حکومەتی هەرێمی کوردستان بتوانێت ئەو بوارە بتوانێ جێبەجێی بکات، تەنها ئەوەیە داوا لە حکومەتی مەرکەزی بکرێت کە بێت تەعویزی ئەو هەموو خەڵکە بدرێت کە زەرەر و زیانیان پێ کەتییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ماددەکە جارێکی تر دەیخوێنمەوە بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدان، يحصر الصرف من اعتمادات الحسابات الرئيسية، المنح، الاعانات، نفقات المشاريع الرأسمالية من الموازنة العامة لحكومة اقليم كوردستان، بوزارة المالية و لوزير المالية تخويل الوزراء و الرؤساء الجهات الغير المرتبطين بالوزارة، صلاحية الصرف مباشرة على بعض مستندات الحسابات الرئيسية، کێ لەگەڵێتی دەستی بەرز کاتەوە تکایە؟ کێ لەگەڵدا نیە؟ بە کۆی دەنگ ئەم ماددەیە پەسند کرا، بۆ ماددەی دواتر تکایە.

**بەڕێز كريم مجيد شريف(جوتيار):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی پێنجەم:

1- وەزارەتی دارایی هەرێمی کوردستان-عێراق، پارەدابین کردن بۆ ژمێریاری وەزارەتەکان و کارگێرییەکان بە پێی داهاتی دارایی لەدەستهاتوو دەگرێتە ئەستۆ.

2-داهاتەکانی شارەوانییەکان دەخاتە ئەستۆی بودجە تایبەتییەکانی وەزارەتی دارایی و چاودێری ئەو داهاتانە و چۆنیەتی خەرجکردنیان دەکات.

**بەڕێز كريم بحري عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة الخامسة:

1-تتولى وزارة المالية لاقليم كوردستان العراق، تمويل حسابات الوزارات و الادارات و الموارد المالية المتاحة.

2-تضاف ايرادات البلديات الى ميزانيتها الخاصة و تقوم وزارة المالية بمراقبة هذه الايرادات و كيفية صرفها.ئێمە وەکو لێژنەی یاسایی هیچ تێبینیەکمان لەسەر ئەو ماددەیەش نیە.

**بەڕێز د.دلێر اسماعيل حقي شاوێس:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لێژنەی دارایی و ئابووری تەنها تێبینیەکی بچکۆلەی هەیە، ئەویش وشەی حکومەت ئیزافە بکرێ، ئەو کاتە وەزارەتی دارایی هەرێمی کوردستان، دەبێتە وەزارەتی دارایی حکومەتی هەرێمی کوردستان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەو فەقەرەی دووەم کە هاتووە، پارەکەش موناقەشە کرا، بۆ لامەرکەزییەت و بۆ نەهێشتنی ، چونکە وەرگرتنی ئەو داهاتانە لە لایەن بەلەدیات خۆیەوە، وتمان ئیزافەتی میزانیەی خۆیان دەبێت، بەڵام بە موافەقەتی وەزارەتی مالیە موراقەبەی ئەو دەکات، ناوتان دەنووسم، کاک رەشاد فەرموو.

**بەڕێز رشاد احمد ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

داهاتی شارەوانی چەند جۆرێکە، لەوانە فرۆشتنی زەوییە، غەراماتە، ئیجاری مەبانیە، نەفەقاتی تەبلیتە، ئوجوری ئاوە، ئەو جۆرە داهاتانە ئەوەی بزانم فرۆشتنی عەرد حەصرە بە وەزارەتی مالیە، ئەو تێبینیەم هەیە ئەگەر بەڕێزیان روونکردنەوەکم بدەنێ، فرۆشتنی زەوی پارەکەی حەصرە بە وەزارەتی مالیە، نەك بۆ شارەوانی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك محمد رفعەت فەرموو.

**بەڕێز محمد رفعت:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پرسیارێکم لە جەنابی وەزیر هەیە، لە بڕگەی دوو، بۆ هەر ئیراداتی بەلەدیات ئیزافە دەکرێ؟ ئەی بۆچی گومرەکەکان نەبێ؟ ئەو ئیراداتانە کە حکومەت وەری ئەگرێ، وەکو باجەکانی زەریبە و مەحکەمە و هی مرور و کۆمەڵێك ئیراداتی تر هەیە، بۆ ئەوانی تر ئیزافە نەکراوە و تەنها ئی بەلەدیات ئیزافە کراوە؟سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سۆزان خان فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

1-تتولى وزارة المالية لاقليم كوردستان العراق، تمويل حسابات الوزارات و الادارات و الموارد المالية المتاحة، ئەی ئەگەر مەواریدی مالیمان نەما؟ یەعنی مەبەستم ئەوەیە، ئەگەر عێراق ئەو پارەیەی نەنارد کە بە. بە دە ڕۆژ جارێك ئەینێرێ، بۆ ئەم ماددەیە و بۆ ئەم بڕگەیە لێرەدا بێت، ئەمانەوێ تەئکید لەسەر چی بکەینەوە؟ یەعنی مەبەستم لێرەدا سوودی ئەم بڕگەیە چیە لێرەدا، حەزدەکەم بۆم شی بکەنەوە، زۆر سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ڤیان خان فەرموو.

**بەڕێز ڤیان خضر پاشا:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش رەئیم لەگەڵ مامۆستا محمد رفعت دایە، بۆ دابین کردنی باسی باج و داهاتەکانی نەکراوە، لێرە پێشنیارێکم هەیە ئایا هەوڵی ئەوە نەدراوە یاسای مەواردی مالیە کە هەرێم بەشی هەیە لە تەواوکەری هەموو داهاتەکانی ناوخۆیی و عیراقی، لە هەمان کاتیشدا هاوبەشیمان بکەن بۆ ئەوەی باشتر داهاتەکەمان

تەقدیر بکەین، ئەو یاسای مەواردی مالی کە پاریش باسکرا لە کاتی موناقەشەی بودجە کە ئەو یاسایە بێتە ئاراوەو دەستی پێ بکەین، ئایا وەزارەتی مالیە ئەوەی دەست پێ کردووە یان نا؟ ئایا مەواردی مالیە، یەك پێشنیاریشم هەیە لێرە کە پرسیارێکی تر دێتە ئاراوە ئایا پرۆژە یاسایەك نەتوانین وەکو پەرلەمانی بەغدا کەوا نیو دۆلار بۆ هەر بەرمیلێك تەرخان بکرێت بۆ ئاوەدانکردنەوەی ئەو ناوچەیە، ئێستا ئایا ئەوەش دەتوانی هەرێمی کوردستان پرۆژە یاسایەك ئامادەبکەین لەلایەن پەرلەمانەوە، یان ئایا لەلایەن وەزارەتی داراییەوە، بۆ ئەوەی بەشە نیو دۆلار لە هەموو ژێرخانی ناوچەکانی هەرێمی کوردستان بێت، ئیتر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

تەنها ئەو بەشەت جواب دەدەمەوە کە عیلاقەی بەو نیو دۆلارەوە هەیە، ئەوە قەرارێکی ئیتیحادیە، داهاتی نەوت دەچێتە موازەنەی عامە و لەوێ ئەو نیو دۆلارە ببڕێنن بۆ ئەو ناوچانەی کە نەوتی لێ دەردێت، بە ناوچەی گەرمیان و ئەوەی ئێستا کە لە کوردستانیش بە تایبەتی ئەو نەوتەی کە بەڕێگای حکومەتی فیدراڵەوە تەسدیر دەکرێت، داهاتەکەشی دەچێتە لای حکومەت و دەبێت نیو دۆلار تەرخان بکرێت لە میزانیەی عیراق، موباشەرەتەن بۆ ئەو ناوچانە، داخلی میزانیەی هەرێمیش بکرێت، بەڵام بەجیا داخل دەکرێت تەنمیەی ئەو ناوچانەی کە نەوت دەردەهێنن، کاك عادل فەرموو.

**بەڕێز عادل محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من تێبینیم لەسەر بڕگەی 2 هەیە، ئێمە بە یاسا ئەنجومەنی پارێزگا و قەزاو ناحیەکانمان دروست کرد، لەو یاسایەش لامەرکەزیەی ئیداریمان تەسبیت کرد، هەمووومان دەزانین یەکێك لە بنەماکانی لامەرکەزیەی ئیداری ئەوەیە کە ئیستقلالی مالی هەبێت و شەخسیەی مەعنەویە ئەو ئەنجومەنانە، بۆیە من لێرە پێم باشە ئیراداتی داهاتی، یەعنی لەم نەسە بنووسین داهاتی ئەنجومەنەکان بۆ خۆیان نەبێت، کە هەموو داهاتی سنوور خۆی دەبێت، لە ئەنجومەنی پارێزگا و ئەنجومەنی قەزا و ئەنجومەنی ناحیە، وەکو کە پێشتر گوتم یەکێك لە ئەساسیاتی شەخسیەی مەعنەوی ئیستقلالی مالیە، بۆیە پێم باشە ئەو بڕگەیە وا بنووسین و قانونەکەشمان هەیە و بۆ ئەوەی ئەوانە بتوانن تەمویلی میزانیەی خۆیان بکەن لە خۆیان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عبدالرحمن فەرموو.

**بەڕێز عبدالرحمن احمد رضا:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەبڕگەی یەکەمی ئەم ماددەیە دەڵێت وەزارەتی دارایی داهاتی وەزارەتەکان بە پێی حیساباتی بوون دەگرێتە ئەستۆ، بەڵام ئێمە داهاتمان تەحدید کردووە، وەزارەتەکانیش ئیلتزاماتیان هەیە لەگەڵ کۆمپانیا بۆ پرۆژەکانیان بۆ وەبەرهێنان، کە موراجەعەی دارایی دەکەن دەڵێن پارە نیە، ئەو کاتە لێرەوە ڕۆتین دروست دەبێت، ئەو وەزارەتە ناتوانی ئیشەکانی وەکو پێویست ڕاپەڕێنێ، کەواتە ئەم فەقەرەیە بە ئاڵۆزی

هاتووه، وەزارەتەکان لای ئێمە سکالاّ دەکەن و دەڵێن پرۆژەمان بەردەوامە، ئیلتزاماتمان هەیە کە لە کاردابین، ئەوەش بە پێی بەرنامە و مەوعیدە کە دەچینە دارایی دەڵێن پارە نیە، لەوێوە موشکیلەیەکی زۆر بۆ وەزارەتەکان دروست دەبێت، ئەوە یەك، بڕگەی دووەمیش کە باسی داهاتی شارەوانیەکان دەکات، هەندێك وەزارەتی تریش هەیە داهاتی هەیە، وەکو وەزارەتی ناوخۆ و کارەبا و داد، ناچێتە بابی رسومات و زەریبەشەوە، ئەم داهاتە دەچێتەوە دارایی و دەدرێت بە وەزارەتەکان، چونکە لە هینیش تەسجیل نەکراوە، لە داهاتی ئەم بودجەیەش تۆمار نەکراوە داهاتی ئەم وەزارەتانە و ناچێتە بابی روسماتیش و دیار نیە، داوا دەکەین تەوزیحاتمان بۆ ئەوە بۆ پێ بدەن و زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

گوڵناز خان فەرموو.

**بەڕێزگوڵناز عزیز قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش هاوڕام لەگەڵ ئەو برادەرانە کە تەنها وەزارەتی شارەوانی نیە داهاتی هەبێت، بەڵکو وەکو وەزارەتی کارەبا و تەندروستی و هاتوچۆ داهاتێکی بەرچاویان هەیە، ناشچێتە خانەی باجەوە کە ئێمە بڵێین ئاراستەی ناوەند دەکرێتەوە، بە نیسبەت هەر وەزارەتێك بودجەکەی با خۆی سەرپشك بێت، بەڵام تەخویل بکرێت لە خەرج کردنی بودجەکەی، نەك ئەو حەسارەی لەسەریەتی وەکو ئێستا، رەقابە هەبێت لەسەری و لایەنێکی تر مەسەلەی لادێکانە، یان هەندێك ناوچە هەیە حیسابی شاریشی بۆ دەکرێت بۆ قەزاو ناحیەکان، بەڵام ئەوەندە ئاوەدانکردنەوەی لەدواوەیە داهاتی خۆی یان بودجەی تەکمیلی نیە بۆ ئەوەی کە ئەم ناوچانە پێش بخرێن، ڕەنگە خزمەتگوزاری شارەوانی ناو پارێزگاکان  زۆر جیاوازی هەبێت لە ئاستی قەزاکان، بۆیە دەکرێت لەم حاڵەتەدا ئەو بودجە تەکمیلیەی کە لە داهاتی وەزارەتەکانەوە دێت، تەنها لەسەر وەزارەتی شارەوانی چڕنەکرێتەوە، داهاتی وەزارەتەکانی تریش بۆ ئەو کەلێنانە پڕبکرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر ئەو پرسیارانەی کە کران، وەڵامتان بۆ ئەوانە  بە تایبەتی دوو شتی سەرەکی پێویستی بە ڕوونکردنەوە هەیە، یەکێکیان ئەوەیە کە ئەو مەواردی مالیەی موتاحە ئەشکال دروست ناکات بۆ ئێوە؟ بۆ هین و ئەوانە؟ دووەمیش ئیراداتی بەلەدیات، بۆچی بەس بەتەنها ئیراداتی بەلەدیات، کاك دڵشاد ئەگەر ڕوونکردنەوەیەك بدات، فەرموو.

**بەڕێز دڵشاد عثمان (بریکاری وەزارەتی دارایی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لە دانیشتنەکانی پێشوو باسی ئەوەمان کرد کە داهات تایبەتە بە گومرگ و زەریبە و رسوم، پێی دەوترێت داهاتی ئیتیحادی، لە دەستووریش دا هاتووە کە ئەو داهاتانە دەبێت بۆ حکومەتی ئیتیحادی بێت

و بۆیان ئەنێرینەوە، ئێستا حالیەن بۆیان دەنێرینەوە، بۆیە هیچ مەجالێك نیە كە ئەوەی بەڕێزان باسیان كرد، ئێمە بۆ خۆمانی وەربگرین، دەمێنێتەوە قانونی رەقەم 6 كە بۆچی بەلەدیات باسكراوە، بەلەدیات بە پێی قانونی عیراقیش تاكە دەزگایە كە یاسای رەقەم 6 لەم پەرلەمانە بەڕێزەشەوە دەرچووەو لە عیراقیش دا بەعەینی رەقەمە بۆ وارداتی بەلەدیات، بە پێی ئەو نیزامە شارەوانیەكان داهاتی خۆیان وەردەگرن، خەرجی دەكەن بۆ پرۆژەكان، وەزارەتی دارایی جیاوازی بەینی خەرجی و داهاتی شارەوانیەكان تەمویل دەكات، یەعنی عەجزەكەیان تەمویل دەكات، لەبەرئەوە هیچ مەجالێك نیە لە مەسەلەی ئەوەی كە باج و گومرگ و باسی دائیرەكانی تر بكەین و بڵێین داهاتی ئەوانیش بخرێتە ئەم یاسایەوە، ئەمە ئەو، بە نیسبەت مەواردی مالی موتاحە كە باسكرا ئێمە مەبەستمان یەك شتە، ئەگەر وەزارەتێك لەسەر ماددەیەك 6 ملیار دیناری هەبێت، ئەم 6 ملیار دینارە ناتوانێ عەلەل ئەقەل لە مانگەكانی بیدایەتی ساڵا خەرجی لەسەر بكات بە كاملی، چونكە ئێمە گوتمان خۆی داهاتەكەمان تەقسیمی 12 مانگ دەكەیت، كە 12 ەكەش مانگی بە دووجار و سێ جار، ئەگەر بێتو وەزارەتێك عەقدێك بكات، 6 ملیاری هەبوو بە هەر 6 ملیارەكە لە مانگێك دا بە تەئكید ناتوانین ئێمە تەمویلی بكەین، چونكە ئەو چی كردووە؟ ئەو عەقدێكی كردووە لەسەر ئەساسی ساڵێك، پارەی ساڵێكی بە ڕۆژێك لە ئێمەی دەوێت، بە تەئكید تووشی كێشە دەبین، بۆیە هەر لێرەوە داوامان لە وەزارەتەكانیشە و چەند جارێكیش پێمان گوتوون كە عقود دەكەن بۆ خەرجی بۆ شت كڕین و هاوردەكردنی شت، عقودەكانیان بە شێوازێك بێ كە شروتی دەفعەكەی بگونجێت لەگەڵ ئیمكانیاتی وەزارەتی دارایی، مەوزوعی ئەوەش باسكرا كە مەجالسی مەحافەزات و قەزا و ئەمانە، بە پێی قانونی موحافەزاتی عیراقی، نازانم ئەوەی جەنابتان دەرتان كردووە تازەیە و نەگەیشتووە، یاسای پارێزگاكان كە تیای بێت یان تیای نەبێت، ئەمە بەڕێژەی حەدی ئەعلای 5٪ باج بخاتە سەر هەر جۆرێك و دەبێت بە داهات بۆ پارێزگا و قەزاو ناحیەكان، بۆ ئەوەی بەكاری بهێنن، بەلام لە سنووری پارێزگای خۆی بە تەئكید بەكاری دەهێنێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سۆزان خان نوقتەی نیزامیت هەیە؟ فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

جەنابی كاك دڵشاد دەڵێت عەقد دەكات وەزیر بەیەك جار پارەكەی دەدات، وەزارەت تا وەزارەت فەرقی هەیە و وەزارەتی پەروەردە بۆ نموونە هەموو ساڵێك دەبێت كتێبی خوێندن چاك بكاتەوە، ئەوە یەكێكە لەو كارانەی كە دەبێت بیكات، ناكرێت ئەمە بە ئەو عەقدەی دەیكات بڵێت من بۆ ساڵێك ئەم كتێبە، چونكە ساڵ وەرناگەڕێ جارێكی تر ئەم دەبێت هەمان كار بكاتەوە، لەبەرئەوە بەڕاستی ئا ئەم بڕگەیە من بۆیە پرسیارم كرد كە دەچن دەڵێن نیە، ئەوە دەبێتە هۆی دواكەوتنی كارەكانی ئەو وەزارەتانە بە تایبەتی، خوێندنی باڵا لەگەڵ پەروەردە دوو وەزارەتن ساڵانە كتێب و ئەم شتانەیان بەو جۆرەیە، یان ئەوەتا دەبێت

ئەمە هەڵبگیردرێت و نەهێڵدرێت یان ئەوەتا دەبێت بە شێوازێکی تر مامەڵە لەگەڵ ئەوانەدا بکەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەگەر بۆ نموونە پارە نەبوو، چی بکەن؟ با ئێستا عەرزت بکەم ئەوە ئەو ساڵ میزانیەکە بەو شکلە بوو ئەگەر نەوت دابەزی بۆ 20 دۆلار، تەوەقوعی دەکرد هەموو عیراق تووشی قەیرانێکی گەورە دەبوو بە مووچەشەوە، ئەو کاتی وەزارەتی مالیە بچیە لای دەڵێت پارەم نیە، خۆ هین نیە! قسەتان کردووە، تەواو، بەڵێ کاك زرار پێشنیارتان چیە؟

**بەڕێز زرار طاهر امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەبعەن ئێمە هەمووومان دەزانین داهاتی هەموو وەزارەتەکان دەچێتەوە حکومەتی ناوەند، تەنها کارەبا و وەزارەتی تەندروستی و شارەوانی و فەرمانگەکانی وەزارەت کاروکاروباری کۆمەڵایەتی بانکە توجاریەکانیش ئەوانە بۆ ئێرەیە، من پێشنیار دەکەم بڕگەی 2 بەم شێوەیەی خوارەوەی لێ بێت، داهاتەکانی شارەوانیەکان و ئەوانەی ئێستا خوێندمەوە کە ناچێتەوە سەر حکومەتی ناوەند، (ئەوە پێشنیارە من ناڵێم سەر دەگرێت یان سەر ناگرێت) ڕێژەیەکی بۆ وەزارەتەکان بێت و ئەوەی تر بچێتەوە سەر وەزارەتی دارایی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

دەزانی چۆنە؟ ئەوەڵەن وەزارەتەکان هەموویان بودجەیان بۆ داندراوە، بۆچی گوتراوە وەزارەتی بەلەدیات تەحدیدەن، چونکە وەزارەتی بەلەدیە وەزارەتێکی خەدەمیە، مەشاریعێکی زۆری هەیە، فراوانیشە و داهاتیشی هەیە، لە دانانی بودجەش دا ڕەچاوی ئەوە کراوە کە ئەو داهاتەشی هەیە بۆ ئەوەی ئیبداعی هەبێت بۆ زیاتر، بۆ نموونە حەدیقە دروست بکات و مەلاعب دروست بکات، میزانیەی تایبەتی خۆشی هەیە، دێهاتەکان ئاوەدان بکاتەوە، ئەوەندەی کە بۆی بکرێت، هەریەکە لە حدودی بەلەدیەی خۆی، بۆیە تەئکید لەسەر بەلەدیە کراوە، لەبەرئەوەی خەدەماتی بەلەدیە دەگاتە هەموو هاووڵاتیان، بەڵام وەزارەتەکانی تر میزانیەی خۆیانیان هەیە، وە حیسابی ئەوەش کراوە، ئەو داهاتە دەچێتە هین و ئەوانە، چ پێویستیەکیان هەبێت لە میزانیەکە دیاری کردووە، شتێکی تازەیان نیە، مەسەلەن وەزارەتی کارەبا ئەگەر بەرنامەیەکی تازەی هەبێت خۆ ڕۆژانە نیە، لەبەرنامەی دا میزانیەکە داندراوە و حیسابی بۆ کراوە، داهاتەکەشی بەناوی وەزارەتەوە تەرخان دەکرێت، دەنووسرێت لە وەزارەتی مالیەوەیە، داهاتی وەزارەتی کارەبایە، بەناوی ئەوەوەیە، بەڵام سەرفیاتەکەی لە زمنی وەزارەتی کارەبایە و سەرف دەکرێت لەلایەن وەزارەتی داراییەوە، فەرموو د.هالە.

**بەڕێز د.هالە سهیل وادی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

مەبدەئی لامەركەزیەت زۆر زەرورە ئەگەر تەنفیز بكرێت، یەك تەجروبە هەبوو لە بەغدا كرا لەسەر ئەوە، نەك تەنها ئیرادات نەدرێتە وەزارەتی تەندروستی، ئیراداتی نەخۆشخانەكان بۆ خۆیان بگەڕێتەوەو بۆ خۆیان وەكو تەمویلی زاتی چارەسەری كێشەكانیان بكەن، زۆر تەجروبەیەكی سەركەوتوو بوو، یەعنی ئەمە دەكرێت ئیستیفادە لەو تەجروبانە بكەین و دەكرێت لامەركەزیەت نەك تەنها لەناو وەزارەت، یەعنی لە خوارتریش بكرێت بۆ ئەوەی زیاتر كێشەكان لە جێگای خۆی چارەسەر بكرێت و وەكو حەوافیز درا مونتەسبین، یەعنی یەكجار زۆر خەڵكەكە ئەو كاتە بووە شەڕ لەسەر خەفارات، لەسەر دەوامی زۆر تر، یەعنی وەكو هاندەرێكە بۆ زیاتر ئیش كردن، بەڕاستی پێویستە ئەو مەبدەئە دەست پێ بكەین ئێمە لە هەرێمی كوردستان، نەك چاوەڕێ بكەین هەتا بەغدا ئیعلانی دەكاو پەیڕەوی دەكات ئەو كاتی ئێمە چاو لەئەوان بكەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

مولاحەزەیەكی بەجێ یە، ئەگەر ئەوە نەكرایە لە میزانیەی وەزارەتی سحە، جوابتان چیە؟ د.هالە دەڵێن ئەوە ئیزافە كراوە، فەرموو د.هالە.

**بەڕێز د.هالە سهیل وادی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

نەخۆشخانەی حەبیبیە لە بەغدا، ئەوە دەستی پێ كرد، دەڵێن لێرەش كراوە، فەرموو جەنابی وەزیر.

**بەڕێز شێخ بایز تاڵەبانی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەمە كراوەو چەند ساڵێشە كراوە، نیسبەكانی دابەش كراوە، 50٪ی بۆ خۆیانە، ئەو 50٪ یەش تەوزیع كراوەتە سەر چەند فەقەراتێك، هەندێكی بۆ خەدەماتە، هەندێكی تری بۆ كارمەندەكانە، وەكو حەوافز، 50٪ یشی بۆ وەزارەتی داراییە، عەفوەن ماددەی 14 تیایەتی و عیلاجی كردووە.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو د.هالە.

**بەڕێز د.هالە سهیل وادی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئیرادی وەزارەتی تەندروستی، دوو بەشی دەگەڕێتەوە مالیە و یەك بەشی دەگەڕێتەوە وەزارەت وەكو حەوافیز، ئەویش زۆر كەمە، چارەسەری هیچ كێشەیەك ناكات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەگەر ڕەچاوی ماددەی 14 بکەی، نووسراوە دەڵێت (لوزير المالية اضافة التخصيصات مبالغ الايرادات الشهرية التى تحققها وزارة الصحة لكافة دوائرها، الى موازنة وزارة الصحة لاغراض شراء الادوية وتدارك نفقات الصيانة بانواعها حسب طلب وزارة الصحة مشفوعا بجداول الايرادات المتحققة فعلا)، بەس لێرە باسی حەوافز ناکات، فەرقی هەیە، دەکرێ لەوێ دەوڵەمەندی بکەین ئەو ماددەیە؟ ئەو ماددەیە دەخەمە دەنگدانەوە بە ئیزافە کردنی (تتولى وزاره المالیه لحکومه اقلیم کوردستان) نەك (لاقليم كوردستان)، کێ لەگەڵ ئەو ماددەیەیە دەستی بڵند بکات تکایە؟ فەرموون، کێ لەگەڵ دانیە؟ چوار کەس موعارزە، ئەو ماددەیە بە زۆرینە قەبوڵ کرا، بۆ ماددەی 6 تکایە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك جوتیارفەرموو.

**بەڕێز کریم مجید شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی 6

سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان ـ عیراق بۆی هەیە گواستنەوە لەناو بودجەی تایبەت بە پەرلەمان بکات.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك کریم فەرموو.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لرئيس برلمان كوردستان ـ العراق اجراء المناقلة ضمن الميزانية الخاصة بالبرلمان.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك جوتیار فەرموو.

**بەڕێز کریم مجید شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لیژنەی یاسایی هیچ تێبینیەکی لەسەر ئەو ماددەیە نیە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك د.دلێر فەرموو.

**بەڕێزد.دلێر اسماعیل حقی شاوێس:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوە تەحسیلٚ حاسڵە، لەبەرئەوە لیژنەی دارایش هیچ تێبینیەکی نیە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، دەیخەمە دەنگەوە کێ لەگەڵ ماددەی 6 کە خوێندرایەوە دەستی بڵند بکات تکایە؟ کێ لەگەڵ دانیە؟ بە کۆی دەنگ قبوڵ کرا، بۆ ماددەی 7 تکایە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاک جوتیار فەرموو.

**بەڕێز کریم مجید شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی 7

سەرۆکی ئەنجومەنی دادوەری بۆی هەیە گواستنەوە لەناو بودجەی تایبەت بە دادوەری بکات.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاک کریم فەرموو.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة 7

لرئيس مجلس القضاء اجراء المناقلة ضمن الميزانية الخاصة بمجلس القضاء.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوەش وەکو هینە رەئیەکانیان پشتگیری دەکەن، کێ لەگەڵیەتی دەستی بڵند بکات تکایە؟ فەرموون، کێ لەگەڵ دانیە؟ بە کۆی دەنگ قبوڵ کرا، بۆ ماددەی 8 تکایە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاک جوتیار فەرموو.

**بەڕێز کریم مجید شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی 8

یەکەم: دەسەڵات بە وەزیری دارایی دەدرێت بۆ گواستنەوە لە نێوان پشتیوانی دەروازەیەك بکات بەدەر لەبەشی مووچەکان کە دەشێ گواستنەوەی بۆ بکرێت و نابێت لێی بگوازرێتەوە.

دووەم: وەزیری دارایی بۆی هەیە گواستنەوە لە نێوان پشتیوانی دەروازەکانی بودجە بکات بۆ مەبەستی فەراهەم کردنی توانایی خەرج کردن بۆ کارگێڕیەکانی کە بڕیاردەرێ پەیوەندیان لە وەزارەتێك بپچڕێ و بخرێتە سەر وەزارەتێکی دیکە و وەزیری تایبەت بۆی هەیە گواستنەوە لە نێوان بەشێك و یەکەیەکی خەرجی بکات.

سێیەم: نابێت گواستنەوە لە نێوان تەرخانکراوەکانی گەشەکردن لەنێوان پارێزگاکان دا بکرێت.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**كاك كريم فەرموو.**

**بەڕێز كريم بحرى عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**المادة 8**

**اولا: يخول وزير المالية صلاحية المناقلة بين اعتمادات الباب الواحد باستثناء فصل الرواتب حيث يجوز النقل اليه ولايجوز النقل منه.**

**ثانيا: لوزير المالية اجراء المناقلة بين اعتمادات ابواب الميزانية لاغراض توفير امكانيات الصرف فى الادارات التى تقرر فك ارتباطها من وزارة والحاقها بوزارة اخرى وللوزير المختص اجراء المناقلة ضمن الفصل الواحد و وحدة الصرف الواحدة.**

**ثالثا: لايجوز اجراء المناقلة بين تخصيصات التنمية بين المحافظات.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان، ئێمە وەكو لیژنەی یاسایی هیچ تێبینیەكمان لەسەر ئەو ماددەیەش نیە.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**كاك د.دلێر فەرموو.**

**بەڕێزد.دلێر اسماعیل حقی شاوێس:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**لیژنەی دارایی و ئابووریش هیچ تێبینیەكی نیە، میكانیزمی جێ بەجێ كردنی بودجەیە، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**كاك جعفر فەرموو.**

**بەڕێز جعفر مصطفى معروف:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**لەو ماددەیە بڕگەی 3 وەكو ئەوەی كە نابێت گواستنەوە لە نێوان تەرخانكراوەكانی گەشەكردن لەنێوان پارێزگاكاندا بكرێت، ئەگەر ئەوە قەزاكانیشی بۆ زیادبكرێت باشە، كاتی خۆی موشكیلە لە نێوان قەزاكان دروست دەبێت ئیلتیزامیان نەدەكرد قەزاكان، دیارە دەبووە موشكیلە لە نێوانیاندا، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**ئەوە لە نێوان موحافەزات دا نابێت بكرێت، زۆر باش هاتووە، گوڵناز خان فەرموو.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**گوڵناز خان فەرموو.**

**بەڕێز گوڵناز عزیز قادر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

مادام لێره، وەزارەتی مالیە دەسەڵاتی موناقەلەی هەیە، من پێشنیار دەکەم، دوو شت بکات، یەکێك بودجەیەك بۆ سەر وەزارەتی کاروباری شەهید و ئەنفال کە بە پێی ئەو دوا نووسراوی زیندانییە سیاسیەکان 404 کەس ئەو یاسایە دەیانگرێتەوە، کە پاڵێوراون وەکو بەغدا کە هەمان سیفاتیان هەیە، ئەویش ئەگەر بێتو مانگانە 500 هەزاریش وەربگرن دەکاتە 20000200 (بیست ملیۆن دوو سەد هەزار دینار)، ئەگەر مەعاشەکەشیان بۆ ئەوە بێت، ئەگەر وەکو بەڕێز کاك رشید ئاماژەشی پێدا مەقارەنەیەك بکرێت لەگەڵ مەعاشی ئەوەی ئێستا کە شەهید وەری دەگرێت، ئەگەر مانگی 250 هەزار دیناریشیان بدرێتێ 10000100 دینار دەکات، ئێمە دەزانین قەرزێکمان لەلای حکومەتی عیراقە دەبێت مەسەلەی شەهیدان تایبەتمەندی خۆی هەیە، بەڵام مووچەی شەهیدانی ئەنفال و شەهیدانی هەڵەبجە و زیندانییە سیاسیەکان قەرزێکە وەکو لەئەستۆی حکومەتی عیراقە، وەکو لە ئێستادا حکومەتی عیراق ناهاتووە مووچەی ئەو دوو توێژە جیابکاتەوە، بۆیە ناکرێت مووچەی زیندانییە سیاسیەکانیش لە ئەوە زیاتر دوابخرێت و ڕێژەکەشیان زۆر کەمە، 404 کەس ئەوەندە نیە حکومەت سڵی لێ بکاتەوە، مەسەلەیەکی تر بۆ سەر بودجەی وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی، بەڕاستی ئەو وەزارەتە شەریحەیەکی زۆر ئاست نزمی کۆمەڵگەی لە ئەستۆیە، ئەویش بێوەژنەکانە و کەم ئەندامەکانە، مەسەلەی 30 هەزار مووچە لەم قۆناغەدا زۆر عەیبە و زۆر شەرمە ئێمە کە ئەوە بەسەرماندا چەند ساڵێکە تێ دەپەڕێ، داواکارم وەزارەتی مالیە لەو دەسەڵاتەی کە هەیەتی بودجەیەك بۆ ئەو دوو وەزارەتە تەرخان بکات، وە ئەو 30 هەزاش زۆر غەدرە کە ئەو خەڵکە وەری دەگرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

هەردوو مولاحەزە لەلای خۆم نووسیومە هەم کەم ئەندامان هەم زیندانییە سیاسیەکان، بەڵام دەکرێت وەکو ماددەیەك لەدواییدا وەکو تەوسیاتێك وەکو بڕیارێك ئاماژەی پێ بکەین، بەڵام ئێستاکە ناتوانی تۆ بیخەیتە سەر وەزارەتی مالیە هەموو بەرنامەکان هەمووی تێك دەچێت، دەکرێت بیخەیتە بەردەم هێن وەکو بڕیارێك یان وەکو تەوسیەیەك بۆ بەردەم حکومەتی هەرێم و وەزارەتی دارایی، بەڵام من نازانم چۆن 404 کەسن زیندانی سیاسی؟ ئیمکان نیە! کاك سعد فەرمووو، باشە گوڵناز خان فەرمووو.

**بەڕێز گوڵناز عزیز قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

داواکاری پێشکەش کردووە، دوای تەسفیە کردن و پاڵاوتنیان ئاخر نووسراویان کە لە 2009/6/3 بەرز کراوەتەوە بۆ ئەنجومەنی وەزیران 404 کەسە، کە هەمان تایبەتمەندی بەغدایان هەیە و بەو یاسایە دەیانگرێتەوە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەگەر بە تەنها 404 کەس بن، ئەوا ئەو کێشەیە کێشەش نیە، زۆر بە ئاسانی حەل دەبێت، بەڵێ کاك سعد فەرمووو.

**بەڕێز سعد خالد محمد امين ( وەزیری هەرێم بۆ كاروباری پەرلەمان):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

هەر بۆ مەعلوماتی گوڵناز خان و هەموو ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان ئەوە وەجبەی یەكەمە، چونكە لە كوردستان مومكین نیە سی ساڵ دكتاتۆریەت و هین هەبوو بێت 404 كەس بێت!.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر، زۆر زیاترە، هەر لە سنووری هەولێر دا 10 هەزار و 15 هەزار زیاتریش هەیە، بەهەرحاڵ ئەمە وەكو ماددەیەك موقتەرەحێك هەیە دەیخەینە دوای ئەوەی كە پەسەندی ماددەكان دەكەین، موقتەرەحێك دەخەینە بەردەم بەڕێزتان سەبارەت بە زیندانیە سیاسیەكان، ئێستا ئەو ماددەیە وەكو ئەوەی خوێندرایەوە دەیخەمە دەنگەوە، كێ لەگەڵیەتی دەستی بڵند بكات تكایە؟ فەرموون، كێ لەگەڵ دانیە؟ بەس گوڵناز خان، بە زۆرینە قەبوڵ كرا، ماددەی 9 تكایە، كاك جوتیار فەرموو.

**بەڕێز كریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی 9

وەزارەتەكان و فەرمانگەكانی دەوڵەت ژمێریاری مانگانەیان بودجەی پێداچوونەوە ماوەیەك لە 10 ڕۆژ زیاتر نەبێت و لە كۆتایی هەر مانگێك پێشكەش بە وەزارەتی دارایی بەڕێوبەرایەتی ژمێریاری بكەن.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك كریم فەرموو.

**بەڕێز كریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

المادە 9

تقدم الوزارات ودوائر الدولة كافة حساباتها الشهرية (موازين المراجعة) في موعد لاتتجاوز مدته عشرة ايام نهاية كل شهر الى وزارة المالية مديرية المحاسبة.

بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان، ئێمە وەكو لیژنەی یاسایی هیچ تێبینیەكمان لەسەر ئەو ماددەیە نیە.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك د.دلێر فەرموو.

**بەڕێزد.دلێر اسماعيل حقی شاوێس:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە هیچ تێبینیەكمان نیە، پێشمان چاكە و ماددەیەكی چاكە و حەقە لێ پێچینەوەش لەوانە بكرێت كە كەمتەرخەمی دەكەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

من پرسیارێکم لە وەزارەتی مالیە هەیە لەسەر ئەوە، حیساباتی مانگانە، کە تۆ دەڵێی مانگانە پێشی نیهایەتی مانگ بە 10 ڕۆژ چۆن تەقدیم دەکرێت؟ دەبێت بڵێی هی مانگی پێشوو، تۆ دەڵێی 10 ڕۆژی پێش کۆتایی مانگەکە حیساباتی مانگە؟ (مدە عشرە ایام من نهایە کل شهر)؟ دەبێت ببێت بە (بعد نهایە کل شهر)، (من نهایە کل شهر) باشە، کەس لەسەر ئەوە قسەی هەیە؟ کاك شێخ الله فەرموو.

**بەڕێز شێخ الله ابراهیم شێخ الله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵڵا من ئەو ماددەیە بەزیاد دەزانم، یەعنی شتێکە و تەعلیماتێکی هی وەزارەتە، یەعنی پێویست بە ئەوە ناکات لێرە بکرێتە یاسا، خۆی هەمووی موتەبەعەن لە وەزارەتەکان هەموو 10ی مانگان ئەو حیساباتە دەچێتەوە وەزارەتی مالیە و کاك رشیدیش ئاگادارە، پێم وانیە ئەوە پێویست بە ئەوە بکات لێرە بیکەینە ماددەیەکی یاسایی.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

نا عەفوم دەکەی کاك شێخ الله پێویستیەکە لەوەدایە کە بە قانون ئیلزامیان دەکەین کە ئەو ڕاپۆرتە مانگانە تەقدیم بکرێت، چونکە خۆمان داوامان لە وەزارەتی مالیە کردووە کە 6 مانگ جارێك ڕاپۆرتمان بداتێ، لە کوێ بێنێت ئەو ڕاپۆرتە ئەگەر وەزارەتەکان مانگ بە مانگ حیساباتیان نەدەنێ و ئەویش حازری نەکەن، چۆن دەڵێی ئیلزامی وەزارەتی مالیەمان کردو وەزارەتی مالیەش موفتەرەحی ئەوەیە، ئێمە ئیلزامی وەزارەتەکان بکەین بۆ ئەوەی ئەو کارە بتوانن بە ئاسانی بدەن، بەس ئەوەندەی ئەگەر بڵێین (بعد نهایە کل شهر) پێم باشترە، (مدة عشرة ایام) لەجیاتی (من نهایة کل شهر) بێت، دەیخەمە دەنگەوە بەو گۆڕینە کێ لەگەڵیەتی دەستی بڵند بکات تکایە؟ فەرموون، کێ لەگەڵ دانیە؟ بە کۆی دەنگ قبوڵ کرا بۆ ماددەی 10 تکایە، کاك جوتیار فەرموو.

**بەڕێز کریم مجید شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی 10

دەسەڵات بە وەزیری دارایی دەدرێت پشتیوانی گشتی پەسەندکراو بخاتە سەر بودجەی ساڵی دارایی 2009 بەڕێژەی 1٪ لە کۆی پشتیوانی پەسەندکراوی بودجە بۆ ئەم مەبەستانەی خوارەوە:

یەکەم: دانانی گوژمە پارەی پێویست بۆ بودجەکانی کارگێڕیە نوێیەکان لە ماوەی ساڵی دارایی 2009 دا.

دووەم: پشتیوانی نوێ لە بودجەکانی وەزارەتەکان و کارگێڕیەکان زیادبکات بۆ باری ناکاوی کە ئەنجومەنی وەزیران بڕیاری لەسەر دەدات.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك كريم فەرموو.

**بەڕێز كريم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة 10

يخول وزير المالية اضافة الاعتمادات الاجمالية المصدقة للميزانية للسنة المالية 2009 بالنسبة 1٪ من اجمالي الاعتمادات المصدقة للميزانية لاغراض التالية:

اولا: اعتماد المبالغ الازمة لميزانيات مجالس الادارات المستحدثة خلال سنة المالية 2009.

ثانيا: اضافة اعتمادات جديدة فی ميزانية الوزارات والادارات للحالات الطارئة والتی يقررها مجلس الوزراء.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، ئێمە وەکو لیژنەی یاسایی هیچ تێبینیەکمان نیە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك د.دلێر فەرموو.

**بەڕێزد.دلێر اسماعيل حقی شاوێس:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لیژنەی دارایش هیچ تێبینیەکی لەسەر ئەو ماددەیە نیە، زۆر ئیعتیادیە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك دلێر و کاك جمال دەیانەوێت قسە لەسەر ئەو ماددەیە بکەن، کاك دلێر فەرموو.

**بەڕێز دلێر محمد شريف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو ڕێژەی 1٪ شتێکی باشە بۆ ئەو حاڵەتانە بەس من پێم باشە حاڵەتێکی تریش زیادبکرێت کە بکرێت ئەو ڕێژەیە زیاتر بکرێت ئەوە باشتر، بە تایبەتی بۆ ئەو ناوچانەی دەرەوەی هەرێم کە تا ئێستا ناوچەی کێشەدارن، لایەکی لێ بکرێتەوە یەعنی چ ئەمەش دابەش بکرێت بەسەر ئەو وەزارەتانەی کە دەتوانن ئیش لەسەر ئەوانە بکەن، بۆ نموونە وەزارەت ئیسکان و ئەعمار هەتا وەزارەتی زراعە، چونکە ئەو ناوچانە بەڕاستی ناوچەی فەرامۆش کراون، یەعنی خەڵکێکی زۆر لەو ناوچانە دەچین و ئێمەش پەیوەندیمان پێیانەوە هەیە کە رەبتیان بکەینەوە بە پێی کە ماددەی 140 رەبتیان بکەینەوە بە هەرێمی کوردستانەوە، بەڕاستی زەرورەت وایە ئێمە گوژمەیەك دیاری بکەین کە تایبەت بێت بە ئەوانە، ئینجا ئەگەر وەزارەتی دەرەوەی هەرێم پێی هەڵدەستێت، وەزارەتەکانی تریش لەڕێگەی وەزارەتی پلاندانانەوە بێت باشە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك جمال فەرموو.

**بەڕێز جمال محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵلا من تەنها تێبینیەکم هەیە لەسەر دووەم، بە قەناعەتی من سیغەکە تۆزێك دەستکاری بکرێت، ئەولەویەت بدرێت بەو وەزارەتانەی کە پێویستیان پێی هەیە، یەکەم: ناوخۆ و کارەبا و تەربیە و تەندروستی، یەعنی بە پێی ئەولەویەت بێت، ئەگەر لە حاڵەتێك ئەو زیادەیە کرا گرنگی بە ئەوانە بدرێت ئینجا بۆ ئەوانی تر، ئەو چوار وەزارەتە بەڕاستی دەبێت لە حاڵەتێك گرنگیان پێ بدرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

مولاحەزەکەت بەهەند وەرگیراوە و دەڵێت (والتی یقررها مجلس الوزراء) یەعنی مەجلسی وزەرا تەحدیدی ئەولەویەتەکەی دەکات، ئەو باشتر دەزانێت کام وەزارەت حاڵەتی تەواری هەیە و کام وەزارەتە و چۆنە و چۆن نیە، لەبەرئەوە تەحدید بکەن، لەوانەیە قەیدێك بێت لەسەر ئەو ئەولەویاتە، کاك کریم مولاحەزەیەکی لوغەویت هەبوو؟ کاك کریم فەرموو.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە بیدایەتی سەترەکەی (یخول وزیر المالیة اضافة) یەکسەر (الاعتمادات) هاتووە دیارە تێبینی حکومەت لەسەر ئەوەیە (مبالغ علی )پەڕیوە لە تەبع، دەبێت بگوترێت (یخول وزیر المالیة اضافة مبالغ علی الاعتمادات الاجمالیة ..........)، لە کوردیەکەی وا نووسراوە، دەبێت ئەوەش وابێت.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

الاعتمادات المالیة الاجمالیة ..................

ئەو ماددەیە بە ئیزافە کردنی ئەو کەلیمەیەی کاك کەریم ئیقتیراحی کرد، (مبالغ علی)، دەیخەمە دەنگەوە، کێ لەگەڵە دەستی بڵند بکات؟ فەرموو، کێ لەگەڵ دا نیە؟ بە کۆی دەنگ ئەو ماددەیەش قبوڵ کرا، بۆ ماددەی (11) تکایە، فەرموو.

**بەڕێز کریم مجید شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (11)

وەزارەتی دارایی بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتەکانی تر ئامادەکردنی وردەکاری میلاکەکانی هەموو وەزارەتەکانی هەرێمی کوردستان – عیراق بۆساڵی دارایی 2009 دەگرێتە ئەستۆ و پەسندی دەکات لەبەر ڕۆشنایی تێچووی مووچە پەسند کراوەکان لە بودجەدا.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة الحادية عشرة:

تتولى وزارة المالية بالتنسيق مع الوزارات الأخرى إعداد مفردات ملاكات جميع الوزارات في إقليم كوردستان-العراق للسنة المالية 2009 و المصادقة عليها و على ضوء كلف الرواتب المصدقة في الميزانية.

**بەڕێز كريم بحرى عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لیژنەی یاسایی هیچ تێبینییێكی لەسەر ئەو ماددەیە نیە، سوپاس.

**بەڕێز د. دلێر إسماعيل حقی شاوێس:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لیژنەی دارایی و ئابووری پێشنیاز دەكات لە كۆتایی ماددەكە دا ئەم ڕستەیەی بۆ زیاد بكرێت، دەبێت وەزارەتی دارایی بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی پلاندانان ڕاپۆرتێك لەو بارەیەوە پێشكەش بكات بۆ پەرلەمان پێش كۆتایی ساڵی 2009، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

هەردوو وەزارەت ڕەئیتان لەسەر ئەو پێشنیارەی لیژنەی دارایی؟ باشە، بە عەرەبیەكە چی دەڵێ؟ على وزارة المالية بالتعاون مع وزارة التخطيط تقديم تقرير؟ تقديم تقرير تفصيلي؟ ڕەئیتان كاك عثمان فەرموو.

**بەڕێز عثمان شوانی / وەزیری پلاندانان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پلاندانان نیە ئەوە، میلاك، میلاك بۆ ئەوەیە كە میلاك چونكە بەشێكە لەو بودجە و، سەر بە ئیشی وەزارەتی داراییە، بۆیە تەسەور دەكەم جەنابی سەرۆك، پێویستی بەوە نەبێت كە وەزارەتی پلاندانان ئیزافە بكرێ بۆ عیبارەكە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

وەزارەتی دارایی چ ئیشكالەكتان هەیە؟

**بەڕێز شێخ بایز تاڵەبانی / وەزیری دارایی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە هیچ تێبینیەكمان نیە .

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

كاك دلێر، فەرموو.

**بەڕێز د. دلێر إسماعيل حقی شاوێس:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بە حوكمی ئەوەی میلاكات بەشێكە لە نەخشە كێشانی ِهێزی مرۆیی، لەبەر ئەوە پێویست دەكات كە وەزارەتی پلاندانان هاوكار بێ لەگەڵ وەزارەتی دارایی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

دەتوانین بڵێین (بالتشاور) لە جیاتی (بالتعاون)، (بالتشاور مع)،(بالتنسیق)،باشە (بالتنسیق)، (على وزارة المالية و بالتنسيق مع وزارة التخطيط)، كاك شێخ بایز چ ڕئیەكت هەیە؟ كاك رشید، فەرموو.

**بەڕێز رشید طاهر / بریكاری وەزارەتی دارایی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ڕەئی من، نازانم هیچ ساڵێك ئەو ڕاپۆرتە تەقدیم نەكرایە، مەبالغ موسادەقە دەكرێت لەسەر ئەوەی فەسلی یەكە، لەسەر رەواتبە، عەدەدیش تەحدید كرا، دەرەجاتی وەزیفەش دابەش كراینە لەسەر دەرەجاتی وەزیفی، نازانم ئەو تەقریرە بۆ چیە؟ یەعنی دەڵێم زیادەیە.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

دەزانی بۆ چیە؟ عەفوم دەكەی، بۆ ئەوەیە موناقەشەیێك هەیە بۆ تەنزیم میلاكات، زۆر باس دەكرێت، تەنزیم میلاكات، هەندەك ڕەئی هەیە تەعینات بە خزمەت دابندرێ بۆ ئەوەی تەعینات بە ڕێگای مەجلیس خدمە بێت و، ڕزگارمان بێت لەوەی كە تەعیناتی لابەلا بكرێت، بێ تەنزیم و بێ عینوانە و، ئەوە هەنگاوێكی گرنگە بۆ ڕێكخستنی میلاكات، بۆ هاوكاری كردنی ئەو مەجلیس خدمەیە ئەگەر لە موستەقبەل دامەزرا، مەبەست لەوەیە، ئەوە تێگەیشتم، بەڵێ كاك رشید.

**بەڕێز رشید طاهر /بریكاری وەزارەتی دارایی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

........ئەو كاتە تەحدید دەكەین، با هەیكەلی وەزارەتەكان، نیزام داخلی وەزارەتەكان ئیلغا بكەین، وەزیفی هەیكەلی نیزامی داخلی، هەتا هەیكەلی دروست نەبێت، یەعنی هەر كەم و زیادەی تێدا دەبێت، هەیكەلی وەزیفی وەزارەتەكان لێرە دروست بكرێت، بە خۆی تەحدید دەكرێت و، ئیشەكان جێ بەجێ بكەن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك عوسمان فەرموو.

**بەڕێز عثمان شوانی / وەزیری پلاندانان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەو پێشنیارەی كاك رشید زۆر باشە، لەبەر ئەوەی ئێستا لەسەر پێشنیارێكی وەزارەتی پلاندانان كە بۆ ئەنجومەنی وەزیران بەرزكرابوەوە، لیژنەیێك پێك هاتووە بە سەرۆكایەتی جەنابی وەزیری دارایی، لەگەڵ كۆمەڵێك وەزیر و، كاك رشید خۆشی ئەندامە، موقتەرەحەكەی ئێمە ئەوەیە، كە هەیكەلی حكومەت دابرێژرێتەوە بە شێوازێك لەگەڵ وەزعی ئێستا گونجاو بێت و، دامەزراندنی خەڵك، هەروەها هەیكەلی، دائیرەكانیش گونجاو بێت لەگەڵ وەسفی وەزیفی دا، چونكە بەبێ وەسفی وەزیفی ناتوانی تۆ تەحدیدی

میلاك بکەیت، دەبێت بڵێی ئەو دا ئیرەکەی چیە؟ چەند قسمی تێدایە؟ هەر بەشێك چ کارێك دەکات، بەوە دیاری دەکرێت، ئێستا ئیشی زۆر باش کراوە، ئێستا حالیەن تەقریبەن توانیتمان نیوەی زیاتری وەزارەتەکان وەسفی وەزیفی تەواو بکەین، خەبیرێکمان هێناوە لە وەزارەتی پلاندانان دەورەی کردۆتەوە بۆ زۆربەی وەزارتەکان، بەردەوامین لەسەر ئەوە، وەکو جەنابی کاك دلێر ئیشارەتی پێی دا، بە تەئکید مەسەلەی پلانی هێزی کار، ئیش و کاری وەزارەتی پلان دانانە، هاوکاری لەگەڵ وەزارەتی دارایی و وەزارەتی کاروباری کۆمەلآیەتی، وەزارەتەکانی وەکو پەروەردەو خوێندنی بالآش، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

یەعنی ئیوە پێتان وایە بۆ تان دەکرێت بەشەش مانگ ئەو هەیکەلیەتە تەقدیمی بکەن، میلاکات و هەیکەلیەتەکە.

**بەڕێز عثمان شوانی / وەزیری پلاندانان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوە کارێکی زۆر قورسە، کارێکی ئەوەندە ئاسان نیە، بۆ هەر وەزارەتێك، بۆ هەر وەزارەتێك کە تۆ دێی وەسفی وەزیفی دادەنێی دائیرە بە دائیرە، دێیتە سەر وەزارەتەکان، بۆ نموونە، وەزارەتی کشتوکاڵ، بڵێ دائیرەی زراعەی هەڵەبجە ئیشەکەی چیە، چەند بەش لەم دائیرەیە دروست دەبێت، چەند کەسی پێویست دەبێت لەهەر بەشێك، ئەو کەسانەی لەسەر ئەو کورسیە دادەنیشن دەبێت ئیختیساسەکەی چی بێت؟ ئەمە کارێکی زۆر وردە، یەعنی مودەی زەمەنی دەوێت، ئیش کردنەکی زۆری دەوێت، بەتایبەتی لەم ژمارە زۆرەی فەرمانبەران، تۆ پێویستیت بە ڕێکخستنەوە هەیە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە ئەگەر بێتو ئەوە بێت، ئەو موقتەرەحەی لیژنەی دارایی، وەکو ماددەیەك یەعنی مەبادیئ عامە بخرێتە کۆتایی هینەکانەوە، داوا لە حکومەت بکرێت، کە هەیکەلی وەزارەت و میلاکات تەنزیم بکات، فەرموو کاك دلێر، فەرموو.

**بەڕێز دلێر اسماعیل حقی شاوێس:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خۆی ماددەکە لە ڕاستیدا ئەرکێکە حکومەت خستویەتیە ئەستۆی خۆی، لە ڕێگەی وەزارەتی دارایی، ماددەکە دەڵێت وەزارەتی دارایی بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتەکانی تر، ئامادە کردنی وردەکاری میلاکەکانی هەموو وەزارەتەکانی هەرێمی کوردستانی عیراق، بۆ ساڵی دارایی 2009 دەگرێتە ئەستۆو پەسەندی دەکات، لەبەر ڕۆشنایی تێچوی مووچە پەسەند کراوەکان لە بودجەدا، ئەمە دەقی ماددەکەیە کە لە پڕۆژەکەدا هاتووە، وەزارەتی دارایی بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتەکانی تردا ئەم کارە ئەنجام دەدات، مولزەمە بەمە، ئەمە ئەرکێکە خستویەتیە سەر شانی خۆی، ئێمە تەنها داوای ئەوەی لێدەکەین کە لە کۆتایی ساڵی 2009 ڕاپۆرتێکمان پێشکەش بکات بۆ ئەوەی ئێمە وەکو پەرلەمان بەدواداچوون بکەین، کاری

خۆمان ئەنجام بدەین، ئەمە بەس تەنها بۆ بەدواداچوون و ئەوەیە کە لیژنەکانی پەرلەمان کاری خۆیان بکەن، لیژنەی کۆمەڵایەتیە، لیژنەی دارایی و ئابووریە، لیژنەکانی تره، مەبەست لێرە بەدواداچوونی ئەرکەکانەو کۆنترۆڵ کردنەوەیەو هیچی تر.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

داوای قسە دەکەن، کاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێموایە ملاکات، پێشی ئیستا تەبعەن بویتە واقعێك زەحمەتە دەسکاری کردنی، چونکە هەموو فەرمانبەرەکان حەقێکی موکتەسەبیان وەرگرتووە، ناشکرێت موزەفەکان ئیزن بدەی بچنەوە ماڵەوەو ڕاتب وەربگرن، بۆیە بە قەناعەتی من ئەوە ئەرکێکی زۆر سەهل نیە، زۆر زۆر ئەرکێکی قورسە، ئەو ماددەی کە هاتووە من پێموایە لە جێگای خۆیەتی، ئەو دەوائیرانەی کە پێویستیان بە میلاکات هەیە، دەوائیری حەساسن، وەزارەتی حەساسن، بە تەنسیق لەگەڵ وەزارەتی مالیە، دەتوانن میلاکی ئەو وەزارەتە تەرتیب بکەن، چونکە ئیحتیاجیان پێی هەیە، وەزارەتی تەربیە ڕەنگە پێویستی بە ماموستاو ئەو جۆرە شتانە هەبێت، ئیمکان هەیە میلاکاتی وەزارەتی تەربیە تەنزیم بکرێت، بە تەنسیق لەگەڵ وەزارەتی مالیە، ئەوەی تر بەنیسبەت موزەف چۆن ئیعادەی هەیکەلی وەزارەت دەکەیەوە، کە ئەمڕۆ تۆ میلاکت تەسبیتە، فەرمانبەر تەعین بووە بە ئەمرێکی رەسمی حقوقی خۆی وەردەگرێت، باشە ئەو موزەفە فایزە چ لێدەکەی؟ بەقەناعەتی من ئەوەی لە پڕۆژەکەدا هاتووە لە جێگای خۆیەتی و زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك محمد فەرەج، فەرموو.

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی د.دلێر دەیڵێت ڕاستە، بەڵام ئەوە لە پڕۆژە یاساکەی وەزارەتی دارایی هاتووە، یەعنی هەموو وەزارەتێك تەقدیم دەکات، وەزارەتی مالیەش موافەقە لەسەر ئەوەندە دەکات، یەعنی لە هەموو شوێنێك ئەوە هاتووە، ئەکرێت ئێمە لەوێوە قسە لەسەر ئەوە بکەین، دوو، ئێمە ئەگەر لەباتی ئەمە من پێم باشە لەسەر تەرشیقەکە قسە بکەین، چۆن ئەمە چاك دەکەین، مەسەلەن من ئێستا یەك نموونە دەدەم، کارەبای 29 میگاواتی، کاتی خۆی کە دروست کرا، ئەوانەی دروستیان کردو سەرپەرشتیان کرد، 45 کارمەندیان بۆ دانابوو، کە بە جێیان هێشت ئێستا بۆتە 250 کارمەند، یەعنی ئەمە لە هەموو جێگایەك ئەم زۆریە ئاوا دیارە، ئەم تەرشیقە من دەڵێم بیر لەمە بکەینەوە، ئەمە بکەین، ئەمە هەمیشە ڕێگە دەگرێت لە تەعیناتی تازە، وتمان لە 65٪ مووچە خۆر هەیە، بە هەردوو بەشەکەیەوە، ئیتر خۆ تۆ ناتوانی بیکەی بە 80، چۆن

دەتوانی هەمووساڵ ئەوە زیاد بکەی، لە کاتێك تەندروستی هەمووکات پێویستی بە زیاد کردن هەیە، پەروەردە پێویستی بە زیادکردن هەیە، هەندێ وتیان ناوخۆ پێویستی بە زیادکردن هەیە، ئەم زیادکردنانە لەسەر حیسابی چیە؟، ئینجا ئێمە دەزانین هەموو ساڵێك یەعنی بە تاڵەیەکی ئەکادیمیش دروست دەبێت، خەریجی کولیەیەو دادەنیشێت، ئەمانە خۆ بیری لێبکەینەوە بۆ ئایندە کێشەو گرفتی زیاتری لێ دروست دەبێت، من دەڵێم لە ڕێگەی پسپۆرو خەڵکی شارەزا بیر لەوە بکەینەوە ئەم تەرشیقە چۆن دروست دەکرێت، ئێستا وادەزانن ئێمە هیچی لێ نازانین، خۆ دەکرێت ئیستیعانە بکەین، بە جێگایەك لە وڵاتانی تر ئەمانە دەزانن، ئێمە تەگبیر بکەین بۆ ئەوەی ئیستیفادەی لێ بکەین.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

هەر با بۆ تەعلیقێك لەسەر قسەکانی جەنابت، ئیستیعانە کراوە، حکومەت ئەوەندەی من بزانم لە خەڵکی پسپۆر لە دەرەوەش، پرسیاری کردووە، چۆن؟ هەندێك ئەزمات هەیە لە هەرێمدا عیلاجی بکەین، لەوانە چۆنیەتی بەرنامەدانان بۆ نەهێشتنی گەندەڵی، بۆ کەم کردنەوەی نەفەقاتی تەشغیلی، ئەوە هەموو لە بەرنامەدایە، بەڵام من یەك شت دەڵێم، ئەو کەم کردنەوەو زیاد کردنە بەندە بە میزانیە بە گشتی، ئەگەر میزانیەکە 18 ملیار دینار بوایە وەکو پێشتر هین دەکرا، نەفەقاتی تەشعیلی ئەوکات دەبووە لە 35٪-40٪، بەڵام ئەگەر 8 ترلیۆنەکە هاتووە، 8 ترلیۆنەکە ببێتە 6ترلیۆن، نەفەقاتی تەشغیلی دەبێتە لە 80٪، عیلاقەی بەوەوە هەیە، ئیرادەکەمان چەندە؟ ئەمساڵ ئیرادات کەم بۆتەوە، بۆیە نەفەقاتی تەشغیلی زیادی کردووە، چونکە تۆ ناتوانی مەعاش بگۆڕی، ئیلا ئەگەر ناچار بی بێتە خوارەوە، ئەوکات مەجبوری بیگۆڕی، بەڵێ کاك محمد فەرەج.

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە قانونی موەقەتی عیراقی هاتبوو، کە ئەو جێگایانەی کە نەوت دەردەهێنن، لە دوای 2003 ەوە، دەبێت حسەیان هەبێت، ئایا لە قانونی ئەساسیش لەوەزارەتی مالیە بپرسم، یەعنی ئێمە وابزانم لە 5٪بوو، یەعنی ئەو شوێنانەی کە نەوتی لێدەردێت، یەعنی تۆ خزمەتی چی دەکەی، ئەمە دەخەیتە ئەوە، ئەی نابێ تۆ ئێستا خزمەتی پێ بکەی، ئایا ئێمە ئێستا ئەو مافەمان هەیە، ئەگەر هەمانە ئەوە ناچێتە سەر ئەو ئیرادە، ئەگەر هەیە؟

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لە قانونەکەی خۆماندا هەیە، دەبێت خەباتیشی بۆ بکەین، کاك رشاد، فەرموو.

**بەڕێز رشاد احمد ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

میلاك و میزانیە، مەفروزە، ئامادە دەکرێت هەرساڵێك لە 2009/11/31 موازەنەی 2010 دەبێت ئامادەبکرێت، ئیعتیمادیش دەکات لەسەر ئەو شەش مانگەی ئەوەڵی سەرفیات چیە؟ ئەو بە نەزەری ئیعتبار

وەردەگیرێت، تەنزیمی میلاك و میزانیە دەكرێت، مسادەقە دەكرێت، بڕەك وەزارەتی مالیە زەخت لەسەر ئەوە بكات، وەكو ئەو ساڵانە تاخیر نەبێت، وەكو ئەو ساڵانە تا شەش مانگ بەسەر دابچێت، با لە وەختی خۆی، وەختی خۆی محەددەدە لە نیهایەتی تشرینی دووەم دەبێت ئامادە بێت، میلاك و میزانیەی هەموو وەزارەتەكان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سۆزان خان فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من هەر ڕاست كردنەوەیەكم بۆ بەڕێز كاك محمد فرج، بەتاڵەی ئەكادیمیمان نیە ئێمە، ئەكادیمی ئەو كەسانەن كە خوێندنی باڵایان تەواو كردووەو لە مستەوا بەرزەكانن، زانكۆكان پێیان ناوترێ ئەكادیمی، ئەو بەشە ئەكادیمیەكەی پێ ناوترێ ئەوانەی كە خەریجن، خەریج جیایە لەگەڵ ئەكادیمی، هەرشتێك دەبێت لە جیگای خۆی بەكاربێت، بەداخەوە من لێرە نەبووم، كە باس لەوە كراوە 404 زیندانی سیاسی ئەوانەن كە بە پێی ڕێنماییەكان و بەبێ ئیعتیبار، یەعنی بەبێ ئەوەی خاتریان بگیرێ، ئەوانەن كە حوكمەكانیان هەیەو دەرچووە، لیژنەی زیندانیە سیاسیەكانی عیراق دانی پێداناون كە ئەوانە مستەحەقی وەرگرتنی ئەو بڕە مووچەیەن 404 ە، بە كتابی ژمارە 267 ڕۆژی 2009/6/3 كە كۆمكاری زیندانیە سیاسیەكان، دەستەی باڵا ڕەوانەی كردووە بۆ دیوانی سەرۆكایەتی ئەنجومەنی وەزیران، بۆ بەشی دیوان كە ئەڵێت، ئێمە ئێستا 404 مان ئەوە نیە كە هیچ عەیبێكمان هەبێت هەموومان زیندانی سیاسی بووین نوسخەی حوكمەكان و لیژنەكەی عیراقیش هینی كردووە لەسەریان، یەعنی ئەوە هەیە ئەتوانن ئێوە لە كۆمكاری زیندانیە سیاسیەكان وەری بگرن، بەداخەوە من لێرە نەبووم كە باسیان كردووە، خاڵی دووەم: ئێمە لێرە بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان لێرە ئێمە مناقەشەی شتێك دەكەین، كە عیلاقەی هەیە بەسەر دیدی حوكمڕانیەوە، بە شێكمان داوادەكەین كە لەو دیدی حوكمڕانیە خەڵك تەعین بكرێت، بەبێ ئەوەی جێگایەك هەبێت، من دائیرە ئەزانم سێ مێزی تیایە ژوورەكە لەگەڵ سێ كورسی، 20 فەرمانبەری تیایە، بەشێكیشمان داوادەكەین كە ئەمە ڕێك بخرێت، لە بەینی ئەم دوو دیدەیە بۆ ڕێكخستنی میزانیە و مەساریف و میلاكاتی حكومەتی هەرێمی كوردستان، دەبێت ئەو یەكێك لەو دیدانە هەڵبژێرێت، ئەگینا ئەمەی تیانیە مناقەشە، بەڵێ ئەبێتە تەقاعد، من بەڕێوەبەر دەناسم تەمەنی گەیشتۆتە خانەنشینی لەم هەفتەی پێشوو چووە لە مەحكەمە تەمەنی خۆی بچووك كردۆتەوە بۆ ئەوەی خانەنشین نەكرێت ئەمساڵ، یەعنی ئەمە كارەساتە تۆ پەنا بەریتە بەر مەحكەمە بۆ ئەوەی تەمەنی خۆت بچووك بكەیتەوە بۆ ئەوەی ئەمساڵ خانەنشین نەكرێت، یەعنی بەڕاستی ئەو جۆرە تەسەروفاتانەیە كاری كردووە كە ئەم هەڵاوسانە ببێت، لەبەر ئەوە تكا دەكەم مەوزوعی میلاكات دەبێت یەكلایی بكرێتەوەو، زۆر سوپاس،

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

گوڵناز خان فەرموو.

**بەڕێز گوڵناز عزیز قادر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لەو ڕوانگەوە من حەز دەكەم چاوێك بەو ڕاپۆراتانەی لیژنـەكانی پەرلـەمان بخشێنین، كەلـەماوەی ئەمساڵ بە تایبەتی سەردانی زۆربەی ناوچەكانی هەرێمی كوردستانیان كردووە، لـەم كێشـەیان كۆڵیوەتـەوە، یـەكێك لـەو لیژنانـە كـەخۆم تیـابووم، سـەردانی گـەرمیانمان كـرد كـە بەڕاسـتی ئەزمـەی كارمەنـدو ئـەو كێشـەیە میلاكاتە لەو فەرمانگانە هەیە، هەر ئـەوانن تەحـەمولی بـەڕێوەبردنی ئـەو ئیشانە دەكـەن، كێشـەیەكی تـر هەیە لەسەر ئاستی بڕوانامەو بێ بڕوانامە، ئێمـە زۆربـەی فەرمانبـەرەكان كە ئێستا بوونەتـە بـار بەسـەر حكومەتەوە ئەوانەن كە ئاستێكی نزمی خوێندەواریان هەیە، یان هەر نیانە، بە تایبـەت شـەریحەیەكی زۆر لە كارمەندو پاسەوان كە كارمەندی پاككەرەوەن، ئەوانە خەڵكێكن بەڕاستی كە دەیان بینی شـەرمەكەی كـە تا ئێستا لە ئیش دان، تەندروستیان، تەمەنیان هی ئەوە نیە، ئەگەر بێتو بە بڕیارێك ئەوانە بە پاداشـتێكی مەعقولەوە خانەنشین بكرێن، ڕێگـە بـۆ خـەڵكی تـر چۆڵ بكرێـت، بـۆ ئـەوەی خـەڵكی پسپۆر بچێت ئـەو فەرمانگانە پڕبكرێتەوە، ئەو ئەزمە چارەسەر دەبێت، پار ئێمە لـەم پەرلەمانـە داوامـان كـرد كـە تەسـدیقی ئەوەمان كرد كە 29 هەزار فەرمانبەر تەعین بكرێت، من نازانم ئەو ڕێژە چەندە كە تەعین كـراوە؟ بـەڵام لەو بڕوایە نیم ئەوە بكرێت، باسی پێویستی دەكەین، بەڕێوەبـەری پـەروەردەی گـەرمیان دەڵێـت مـن 500 ماموسـتای ئامـادەیم نەقسـە، لەگـەڵ 550 مامۆسـتای سـەرەتایی، كـە دەچـیتە فەرمانگـەكان هـەموو فەرمانگەكان بەڕێژەیـەكی پێویست 10 تـا 15 فەرمانبـەری نەقسەو ئیشی نـاڕوات بـەڕێوە، كـە دێـی لای حكومەتیش قسە دەكەی من لەو باوەڕەدام كە ئەو ڕێـژە زۆرەی فەرمانبـەران لـە مەركـەزی پارێزگاكـان كـۆ كراونەتەوە، ئەگینا قەزاو ناحیەكان كێشەو گرفتی زۆر زۆریان هەیە كە پێشتریش باسم كرد، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ، كاك شێخ بایز فەرموو.

**بەڕێز بایز تاڵەبانی/ وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بە نیسبەت میلاكاتەوە، مەعلوم میلاكات ئیش و كـاری وەزارەتـی مالییـەو مدیریـەتی میلاكاتـە ، سـتافێكی كامیلن ئەو ئیشانە هەمووی مەوزوعی میلاكات دیراسات دەكات، وە دوا وەڵامـی وەزارەتـەكانیش دەداتـەوە، هەتا ئێمە زۆر جار لە وەزارەتەكانیشەوە بۆمان دێت ئێستاكە، لەبەر ئەوەی لەسەر ئەساسی نەوعیەت ئیش دەكەین ئێستا، ئەوانەی كەوا شەهادەیان هەیە، لەسەر ئەساسی ئەوانە زیاتر ئیش دەكـەین، سـەیرەكەین لـە وەزارەتەكانیشەوە دێت داوای هەندێك عەناوینی نزم دەكات بۆ شەهاداتی نزم، ئەوانە ڕەنگە لـەلای ئێمـەوە تەمشـیە نـەكرێت، مـن بۆیـە ئەمـە دەڵـێم تەئكیـد دەكەمـەوە لەسـەر ئـەوەی كـاك عوسمـان، مـەوزوعی

هەیكەلەكەی ئێستاكە لە لیژنەكان، لیژنەكە ئیش دەكات، وە ئینشائەڵلاكە تەواو دەبێت لەگەڵ ئەوەی كە مدیریەتی میلاكاتیش ئیش و كاری خۆی دەكات ئێستا، ئەو ئیشانەی وەكو باس كرا ئێستا لێرە، هەموو ئەو ئیشانە دەكەین ئێمە لە وەزارەتی مالیە، یەعنی ئەوە نەبێت نەكرێت، بە نیسبەتی ئەوەی كە ئەو خوشكەی كە دەڵێت، تەعینات مامۆستا بەتایبەتی، بڕیارێكی ئەنجومەنی وەزیرانمان بۆ هاتووە، بە ئیمزای سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیران دەڵێت، هەموو دەرچوویەكی فیزیا، كیمیا، احیاء بیركاری، ئینگلیزی، ئەلەو بابەتانە هەرهەموویان وەزارەتی تەربیە چەندی پێویست بێت، بۆی تەعین بكەن، لەهەر كوێ بێت، ئەوەی كە هاتووە بۆ ئێمە بۆ وەزارەتی دارایی موافەقەتمان كردووەو تەعینیش كراون، ئێستاش لێرەوە من دەڵێم چەندی تریش هەیە با بێت، بە نیسبەتی ماموستایانەوە، ئەوانەی كە پێویست بێت، لە هەرشوێنێك بێت، كە وەزارەتی تەربیە داوای كردبێت، تەعین بووە لەلای ئێمە، مەوزوعی میلاكاتیش بە نیسبەتی وەزارەتی تەربیە ومەكتەبەكانیان و پێویستیەكانیانەوە، دیارە لەلای خۆیانن، ئێمە لەهیچ وەختێك دامەزراندنی مامۆستا ڕەت ناكەینەوە، بەلاَم ئەوەش دەبێت بزانین، ئێمە بەداخەوەئێستاكەش لە بەعزێك دائیرەی پەروەردەوە بۆمان دێت، ئەڵێن نووسەر تەعین بكەن، بۆ ئێمە دەنووسن تەنانەت بە عەقدیش، مەعەل عیلم لە بەعزێك لە مەكتەبەكانا، لە جیاتی نووسەرێك 20 نووسەر ڕەئی دەدەن، ئێمە ئەو كێشانەشمان هەیە، بەلاَم بەهیچ شێوەیەك مەوزوعی مامۆستا دوانەكەوتووە لەلای ئێمە، ئێستاش چەند هەیە بابێت، ئێمە دایدەمەزرێنین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

وەڵلا ئەوە فورسەتێكە، دەستان خۆش بێت، ئەوە باشە منیش داواكاری دەرچووانی پەیمانگای مامۆستایان لە ناوچەی هەڵەبجەو گەرمیان و ئەوانە لە ڕانیە، هەموویان ئەو داواكاریانەیان كردبوو، ئێمەش ناردمان بۆ حكومەت، ئومێد دەكەین ڕێگای خۆی بگرێت و ئەوانیش دابمەزرێن، چونكە مامۆستا وەكو هیچ پیشەیەك نیە، هیچ ڕێگایەكی تر نیە، دەبێت دایانبمەزرێنین، فێری هیچ شتێك نەكراوە تەنها وانە وتنەوە نەبێت، ئەوەش بۆیە حكومەت دەبێت ئیلتیزام بەوەوە بكات، دەتوانن دانمەزرێنن.

**بەڕێز بایز تاڵەبانی/ وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەلاَم دەبێت وەزارەتی تەربیە تەئید بكات، بە هەڕەمەكی ناتوانین هەرچیەك بێت ئێمە تەعینی بكەین.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بە تەئكید ئەركی وەزارەتی پەروەردەیە، ئەو داواكاریە بكات، ئەگەر لیژنەی دارایی هەر بەردەوامە لەسەر پێشنیارەكەی، پێشتر پێشنیارەكەی دەخەمە دەنگەوە، فەرموو.

**بەڕێز د.دلێر اسماعیل حقی شاوێس:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڕاستی یەكێك لە ئەركە سەرەكیەكانی پەرلەمان، بریتیە لە چاودێری كردنی حكومەت و بەدواداچونی جێبەجێ كرنی یاساكان و بڕیارەكان، ئەگەر لێرە بڕیارێك بدەین، ڕاپۆرتێك نەبێت تا لیژنەكان بەدواداچوونی بۆ بكات، چ فائیدەیەكی هەیە، بۆیە لەسەر ئەم ئەساسە ئێمە بە پێویستی دەزانین كە ئەو ڕاپۆرتە هەبێت، خۆی ڕاپۆرتەكە هەر هەیە، ئێمە داوا دەكەین ئەو ڕاپۆرتە نوسخەیەكی بدەن بە پەرلەمان، بۆئەوەی پەرلەمان بتوانێت بەدواداچونی خۆی بكات، ئەو ڕاپۆرتە شەرت نیە هەمووكارەكانیان تەواو بكرێت، چەندیان لێ تەواو كردووە، چەندیان لێ تەواو نەكردووە، كۆسپەكانی چیە، چی بكرێت بۆ ئەوەی چاك بكرێت، ئەمە میكانیزمێك دروست دەكات، ئەوە پردێك دروست دەكات لە بەینی پەرلەمان و حكومەتدا، بۆ ئەوەی پەرلەمان بتوانێت باشتر بە ئەركەكانی خۆی هەڵسێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك شێخ بایز فەرموو.

**بەڕێز شێخ بایز تاڵەبانی/ وەزیری دارایی وئابووری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڕاستی هەروەكو پێشوو تریش جوابمان دایەوە، ئێمە مدیریەتی میلاكاتمان هەیە، ئیش دەكات، هیچ تێبینیەكمان نیە لەسەر داواكاریەكەی بەڕێزتان، ئێمە ڕازین لەسەر ئەو مەوزوعە و كاریشی بۆ دەكەین، ئەو ڕاپۆرتەش تەقدیم دەكەین، هەموو نیهایەتی ساڵێك، بۆ مەعلوماتی بەڕێزتان، ئێمە كە میزانیە تەقدیم دەكەین، شاغریشی تیایە، پەسەند كراویشی تیایە، هەمووی تیایە مەعلوماتەكان، تەنها دەیكەینە سەر ڕاپۆرتێك و بۆتانی ئەنێرین، یەك ئیزافەم هەیە لەسەر قسەكانم، بەتایبەتی لەسەر وەزارەتی تەربیەوە، بەڕاستی ئەوەی وەكو هاتووە وتم، تەعینمان كردووە، بەلاّم خۆ دەبێت وەزارەتی پەروەردەش بزانێت كە تەعین دەكات، گوندێك، لادێیەك لە فلاّنە شوێن دوورە لە حدود بۆ ئەوێش خەڵك تەعین بكات، ئێستا ئێمە هەندێك مۆزەفمان هەیە وەك گومرگ، ویستمان تەعینیان بكەین، پێیانمان وتوە ئەگەر تەعاهود ئەدەن ئەچن لە فلاّنە شوێن ئیش دەكەن، ئێمە داتان دەمەزرێنین، خەریجی كولیە، یەعنی مەفروزە بە نیسبەتی مامۆستاشەوە ئەوە وابێت، ناشكرێت هەموو مامۆستاكان لە ناوشارو لەناو قەزاو ناحیەكان دابمەزرێن، گوندەكانیشمان بێ بەش بن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، كەواتە ماددەكە بەو شێوەیەی بیخوێنێتەوە كاك دلێر، بەلاّم لەجیاتی هینەكە (بالتنسیق) مان هەڵبژارد لە جیاتی(بالتخطیط).

**بەڕێز د.دلێر اسماعیل حقی شاوێس:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی یازدەم:

وەزارەتـی دارایـی بـە هەماهـەنگی لەگـەڵ وەزارەتـەکانی تـر ئامـادەکردنی وردەکـاری میلاکـەکانی هـەموو وەزارەتەکانی هەرێمی کوردستان-عیراق بۆ ساڵی دارایـی 2009 دەگرێتـە ئەسـتۆو پەسـەندی دەکات لەبـەر ڕۆشنایی تێچووی مووچە پەسەند کراوەکان لە بودجـەدا، دەبێـت وەزارەتـی دارایـی بـە هەماهـەنگی لەگـەڵ وەزارەتی پلاندانان ڕاپۆرتێك لەو بارەیەوە پێشکەش بکات بە پەرلەمان پێش کۆتایی ساڵی 2009.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

دەیخەمە دەنگەوە ئەو گۆڕانکاریە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟سوپاس، کێ لەگەڵدانیە دەستی بەرز بکاتەوە؟ سوپاس، بەکۆی دەنگ پەسەند کرا، سۆزان خان لەگەڵدانیە، باشە، سـیغە عەرەبیەکـە نادەیـە کـاك فرسەت بۆ ئەوەی ئیزافەی بکات، ماددەی دوازدە تکایە.

**بەڕێز د.دلێر اسماعیل حقی شاوێس:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی دوازدەم:

نابێـت هـیچ لایـەنێکی حکـومی بـە سـەرۆکایەتی ئەنجومـەنی وەزیرانیشـەوە پـڕۆژەی تایبـەت لـە نـاو بودجەکەیدا جێبەجێ بکات.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة الثانية عشرة:

لايجوز لاي جهة حكومية بضمنها رئاسة مجلس الوزراء، تنفيذ مشاريع خاصة ضمن موازنتها.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

دەتوانن بۆمان شەرح بکەن، ئەوە چیە؟ ئەوە لەکوێوە هاتووە، حکومەت ناردوویەتی؟

**بەڕێز کریم بەحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە وەکو لیژنەی یاسایی، هیچ تێبینیەکمان لەسەر ئەو یاسایە نیە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

من پێموایە غەڵەتیەك هەیە لەو شتە، مەخسەدی ئەوەیە خارج موازنە چیە؟ یـەعنی چـی؟ بڵـێ موازەنـە چیە؟ فەرموو کاك دڵشاد تۆ شەرحی بکە، دەڵێت(لايجوز لای جهـة حكوميـة بضـمنها رئاسـة مجلس الـوزراء تنفيذ مشاريع خاصة ضمن موازنتها)ئەگەر تێی ناگەن و زیادیشە با هەر نەمێنێت، بەڵێ.

**بەڕێز دلشاد عثمان/ بریکاری وەزارەتی دارایی وئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێ دەچێت ئەوە لە ئەنجومەنی وەزیران زیاد کراوە ئەو ماددەیە، مەبەستی ئەوی تریشیان ئەوەیە ئەگەر لە بودجەی مەسەلەن ئەنجومەنی وەزیران، یان وەزارەتێك، لە بودجەی ئاسایی بزانێت وەفری هەیە، بەکاری بهێنێت بۆ جێبەجێ کردنی پڕۆژەیەك، لێیان مەنع کردووە، چونکە پڕۆژەکان دەبێت لە پلانی سالأنە دەست نیشان بکرێت، ئەوە لەبەر ئەوەیە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە، ئەوە بەو شەرحە مەعقولە، دەیخەمە دەنگەوە کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ سوپاس، کێ لەگەڵدانیە دەستی بەرز بکاتەوە؟ سوپاس، بەکۆی دەنگ پەسەند کرا، ماددەی 13 تکایە.

**بەڕێز د.دلێر اسماعیل حقی شاوێس:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی سێزدەم:

1-وەزیری تایبەت مەند دەسەلأتی خەرج کردنی هەیە بە مەرجێك لە 250 ملیون دینار زیاتر نەبێت بۆ هەر حاڵەتێك و بۆی هەیە دەسەلأت بە سەرۆکەکانی فەرمانگەکانی سەر بەوەزارەتەکەی بدات بە خەرج کردنی پارەیەك لە 100 ملیون دینار زیاتر نەبێت.

2-سەرۆکەکان کە بە وەزارەتەوە نەلکاون دەسەلأتی خەرج کردنیان هەیە کەلە 150 ملیون دینار زیاتر نەبێت بۆ هەر حاڵەتێك بە ڕەچاو کردنی ئەمانەی خوارەوە:

1-دەبێ خەرج کردنەکە بەپێی پشتیوانی پەسەند کراو بێت لە بودجەی سالأنەداو بۆ مەبەستێکی دیاری کراو بێت.

2-خۆبەستنەوە بە پشتیوانی تەرخانکراو لە بودجەداو نابێت خۆی بە خەرج کردنێك ببەستێتەوە کە زیاتر بێت لەوەی لە بودجەدا بۆی تەرخانکراوە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك کریم.

**بەڕێز کریم بەحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة الثالثة عشرة:

1-للوزير المختص صلاحية الصرف بما لا يزيد عن 250 مليون دينار عن كل حالة و له تخويل رؤساء الدوائر التابعة لوزارته بصرف ما لا يزيد على 100مليون دينار.

2-لرؤساء الدوائر غير المرتبطة بوزارة صلاحية الصرف بما لا يزيد على 150 مائة وخمسون مليون دينار لكل حالة مع مراعاة ما يلي:

1-ان يتم الصرف وفقآ للاعتمادات المصادق عليها في الموازنة السنوية و للاغراض المحددة لها.

2-التقييد بالاعتمادات المخصصة في الموازنة و لا يجوز الدخول في الالتزام بالصرف بما يزيد عما هو مخصص في الموازنة.

**بەڕێز كريم بەحرى عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە وەكو ليژنەی ياسايی هيچ تێبينيمان لەسەر ئەو ماددەيە نيە.

**بەڕێز د.دلێر اسماعيل حقی شاوێس:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە تەنها تێبينيەكی بچكۆلانەمان هەيەلە دەقە كورديەكەيە سەرۆكەكانی كە بە وەزارەتەوە نەبەستراونەتەوە بكرێتە سەرۆكی دەزگاكان كە بە وەزارەتەوە نەبەستراونەتەوەو هيچی تر، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو كاك عادل.

**بەڕێز عادل محمد امين:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من داوام وايە رؤەسائی دەوائير تەوزيح بكەن، لەبەر ئەوەی بەپێی قانونی ئينزيباتی فەرمانبەرانی دەوڵەت موحافز رەئيسی دائيرەيە، وەكيلی وەزير رەئيسی دائيرەيە، وەزير رەئيسی دائيرەيە، ئەوە پێم باشە شەرحێكی بكەن.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

مەقصەدی ئەوەيە رؤەسائی دەوائير غەيری مورتەبيت بە وەزارەت، نووسيەتی، ئەو رؤەسا دائيرانەی كە سەر بە وەزارەت نينە، يەكسەر لێرەوە بە قانون ئەو سەلاحيەتەيان داوەتێ، كاك جەعفەر فەرموو.

**بەڕێز جعفر مصطفى معروف:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من پرسيارێكم لە وەزارەتی دارايی هەيە، ئەگەر گوێيان لێ بێت، ئێمە خۆی وەزير (250) مليۆن دينـاری لەبەر دەستدايە، دەتوانێت سەد مليۆن ئيزافە بكات بۆ رەئيس دائيرەيەكی تر، ئەو سەدە لە كوێ دەهێنێت لە (250)يەكان، لە كوێ دەهێنێت؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەوە خۆيان وەڵامی دەدەنەوە، من وەڵامم پێيە، بەس با خۆيان وەڵامی بدەنەوە، ئەوە ئاسانە، كاك محەمەد فەرەج فەرموو.

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من قسەم لەسەر ئەوە هەیە، یەعنی مەجال دان بەوە، ئەگەر ئەو سەدە یەك کەس بوو، بۆ نەفەرێك بوو، یەعنی ئەو دەتوانێت مادام سەلاحیەتت داوەتێ لە سەد دەتوانێت، بەلام لە ئەوەی عێراقدا لە ماددەی (24) هاتووەو تەفسیلی داوەتێ، دەڵێت ئەگەر بۆ فەردێك بێت دە ملیۆن، ئەگەر بۆ عیلاجێکی موستەعصی بێت سەد ملیۆن، ئەگەر بۆ موئەسەسات بێت، یەعنی مەعقول نییە تۆ موئەسەسەو شەخصێك ئەوە ئەو وەزارەتە مەسەلەن موئەسەسەیە هاتە بەردەستی چۆن مەعونەتی بکات؟ مەعقول نییە وەکو فەردێك بۆ ئەویش سەد، بۆ ئەویش سەد، لەبەر ئەوە من پێم باشە یەعنی پێشنیاری ئەوە دەکەم ئەوە جیا بکەینەوە، ئەگەر ئیعانەکە بۆ فەردێکە تەحدیدی بکەین لە دە ملیۆن زیاتر نەبێت، ئەگەر بۆ موئەسەسەیە، موئەسەسە گەورەیە، نا عەفو باسی ئیعانە نییە، عەفو، تەخصیصەکە باس دەکەم، تەخصیصەکە ئەگەر بۆ فەردە لە دە ملیۆن زیاتر نەبێت، ئەگەر بۆ موئەسەسات و دەوائیرە، یەعنی موئەسەسەو هەرچی تر هەیە فەرقی بکات لەگەڵ فەردێکدا.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

وەزارەتی دارایی وەڵامتان.

**بەڕێز دڵشاد عثمان/ بریکاری وەزارەتی دارایی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مەبەست لەو (250) ملیۆن دینارە، ئەو خەرجیانەیە کە بەپێی یاساو ڕێنماییەکان جێ بەجێ دەکرێت، مەبەست ئیعانە نییە، ئەو عقودانە کە دەکرێت بۆی هەیە وەزیری دائیرە تا (150)، وەزیریش دەتوانێت بیدات بە خواردن تا سەد ملیۆن بۆچی؟ بۆ ئەو خەرجیانەی هەموو موافەقەتێکی ئوسولی وەردەگیرێت و عقودی لەسەر وەردەگیرێت، یان جێ بەجێ دەکرێت بەپێی یاساو ڕێنماییەکان، با نەوعێك تێ نەگەین، یەعنی ئەو پارەیە بەردەستی وەزیر نییە، نەخێر بەردەستی وەزیر نییە، موکافەئە لە شوێنی دیکە تەحدید کراوە، ئیعانە تەحدید کراوەو دەسەڵاتیشی هەیە، بەلام وەزیر (250) ملیۆن بەپێی عەقد جێ بەجێی دەکات بۆ هەموو حاڵەتەکان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

شتەکە مەفهومە، بەلام ئەوە جوابەکەش دیارە، بۆ عقود و مەشاریع و تەنفیزی ئەو مەشاریعانە، بەڵێ مام خورشید فەرموو.

**بەڕێز خورشید سلیم شێرە:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**پێشی ئێستا، پێش ئەو قانون و ئەوانە، پێش ئەو دەسەلاَتەی كە دراوەتە وەزیرو كە وەزیر بیداتە هەندێك مەسئوولەكانی خۆی، ماوەی دە سالَیش دەبێت هیچ وەزیرێك لە زیمنی میزانیەی خۆی سەلاَحیەتی نەبووە یەك دینار سەرف بكات بەبێ موافەقەی وەزارەتی مالیە، ئێستا لە زیمنی ئەو میزانیەی كە موتەبەعە لە هەموو دنیا سەلاَحیەت دراوەتە وەزیر (250) ملیۆن دینار بۆ مەشاریع، یان بۆ ئەو شتانەی كە بەرنامەی خۆی پێ تەنفیز بكاتن نەك بۆ شتی تر، مەكتەبێك دروست دەكات، مەشروعێك لە زمنی وەزارەتەكەی خۆیەتی، پێشان دەبوایە موافەقەی ئەو 250 ملیۆنە لە وەزارەتەكەی خۆی وەربگرێت، ئێستا لەزمنی میزانیەی خۆی ئەگەر لە خەزێنە پارەی هەبێت و رەسیدی هەبێت دەتوانێت ئیسارەی بكات، بە بێ ئەوەی موراجەعەی وەزارەتی مالیەی بكات، ئەوەیە مەسەلەكە هیچی تر نیە، هەندێك سەلاَحیەتی دەداتە مودیری قسمەكان یان مودیری موئەسەسەكانی خۆی هیچی تر نیە، زۆر تەبیعیە ئەوە.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**وەللاَ وەكو خۆی دەیخەمە دەنگەوە، كێ لەگەلَیەتی دەستی بلَند بكات تكایە؟ فەرموون، كێ لەگەلَ دانیە؟ بەكۆی دەنگ قبولَ كرا، ئەگەر غەلَەت هەیە چیە؟ دەبوو پێشتر بتگوتیا، مەشروعی خۆتانە و موناقەشە كراوە و ئێستا پاش دەنگدان نابێت، بەیانی سەعات 10,30، بەلاَم ئێمە تەبعەن زۆر تێبینی و زۆر ڕاو بۆچوون تەرحمان كرد لێرە، بۆیە من رئوسی ئەقلام دەدەم بە لیژنەی یاسایی و لیژنەی دارایی وەكو مەوادی هین و ئەوانە و تەوسیات و مەواد حازری بكەن هەتا سبەینێ، یەكەم: مەوزوعی زیندانیە سیاسیەكان، دووەم: شەفافیەت لە داهاتی نەوت و خەرج كردنی ئەو بڕە پارانەی كە تەرخان كراون بۆ ناوچە نەوتیەكان وەكو باسمان كرد، ڕوون كردنەوەی بۆ پەرلەمان، سێیەم: سولفەی عەقار بدرێت بە 100 مەتریش و دەرەوەی شارەكانیش، چوارەم: قانونی بودجەی ئەحزاب بە پەلە حكومەت بینێرێتەوە بۆ ئەوەی قانونی بۆ دەربچێت، پێنجەم: بە پەلە وەزارەتی دارایی و ئابووری تەواوكاری یەكخستنەوەی وەزارەتەكەیان بكەن و ئیعلانی بكەن، بە پەلە دیوانی چاودێری دارایی و ئاسایشی هەرێم یەك بگرنەوە، شەشەم: بایەخدان بە زیادكردنی یارمەتی كەم ئەندامان و چاك كردنی وەزعیان، حەوتەم: بۆ نەهێشتنی جیاوازی بەینی مووچەی پلە بەرز و مووچەی پلە نزم، پێویستە حكومەت ئیهتمام بە كەم دەرامەتەكان بدات وە ئیمكانیات تەرخان بكات بۆ ئەوەی گۆڕانكاری لە موچە تەنها لە ئەوانەوە دەست پێ بكات كە موچەیان كەمە، هەشتەم: هەموو دەوائیری دەولَەت و موئەسەساتی حكومەت پێویستە ڕەچاوی ڕێنماییەكانی دارایی بكەن لەسەرف و لە بەكارهێنانی دەسەلاَتیان و پێویستە دیوانی چاودێری دارایی كار بكات لەسەر ئیشراف كردن و بەدواداچوونی ئەو سەرفیاتە بۆ ئەو كەموكوڕیانەی كە لە دام و دەزگاكانی حكومەت دا هەیە كەم بكرێتەوە، ئەوەو هەر شتێكی تریش كە هاتە پێشتان بیدەنەوە لیژنەی یاسایی و**

هەر موفتەرەحێك هەبوو كەمن لەبیرم چوو بیٚ بیدەنە لیژنەی یاسایی و دارایی بۆ سبەینیٚ ئامادەی بكەن، هەركەسێك موفتەرەحێكی هەبوو بێت و چوار كەس و پێنج كەس باسیان كردبێت قبولٚی هەبێت لەو مولاحەزاتانەی كە نەم دا بە نووسین بیداتە لیژنەی یاسایی و لیژنەی دارایی بۆ ئەوەی بۆ بەیانی ماددەكانی تریش تەواو بكەین و ئەوتەوسیاتانەش بخەینە بەردەم بەرِێزتان، كۆتایی بە دانیشتنەكەمان دێنین و تا سەعات 10,30 بەیانی خوا حافیزتان بێت.

| | | |
|---|---|---|
| فرست احمد عبدالله | محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی) | عدنان رشاد مفتی |
| سكرتێری پەرلەمانی | جێگری سەرۆكی پەرلەمانی | سەرۆكی پەرلەمانی |
| كوردستان – عێراق | كوردستان – عێراق | كوردستان - عێراق |

# پەرلەمانی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (19)**

**سێ شەممە ڕێکەوتی 16\6\2009**

**خولی دووەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (19)

## سێ شەممە رێكەوتی 16/ 6/2009

كاتـژمێر (11)ی پـێش نیـوەڕۆی رۆژی سـێ شـەممە رێكـەوتی 2009/6/16 پەرلـەمانی كوردسـتان - عێراق بە سەرۆكایەتی بەڕێز عدنان رشاد مفتی سـەرۆكی پەرلـەمان و، بـە ئامـادەبوونی بـەڕێز محمـد قـادر عبدالله(د.كمال كەركووكی) جێگری سـەرۆك و، بـەڕێز فرسـت أحمـد عبـدالله سكرتێری پەرلـەمان، دانیشـتنی ژمارە (19)ی خولی دووەم، ساڵی (2009) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی كار:**

بەپێی حوكمەكانی بڕگـە (1)ی مـاددە (20) لـە پێـڕۆی نـاوخۆی ژمـارە (1)ی هەمواركراوی ساڵی 1992ی ئەنجومـەنی نیشـتمانیی كوردسـتانی عێـراق، دەسـتەی سـەرۆكایەتی پەرلـەمان بڕیـاردرا دانیشـتنی ژمـارەی (19)ی خولی دووەمی هەڵبژاردن لە كات (11)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی سێ شەممە رێكەوتی 16/ 6/2009 دا بەم شێوەیە بێت:

1- بەردەوامبوون لەسەر پێش چاو خستن و گفتوگۆ كردنی بودجەی هەرێمی كوردستان بۆ ساڵی 2009.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی كوردستان، دانیشتنەكەمان دەكەینەوە، بەرنامەی كار:

بـەپێی حوكمـەكانی بڕگـە (1)ی مـاددە (20) لـە پـەیڕەوی نـاوخۆی ژمـارە (1)ی هـەموار كـراوی سـاڵی 1992ی پەرلـەمانی كوردسـتانی عێـراق، دەسـتەی سـەرۆكایەتیی پەرلـەمان بڕیاریـدا بەرنامـەی كـاری دانیشتنی ژمارە (19)ی خولی دووەمی هەڵبـژاردن لـە كاتـژمێر (11)ی پـێش نیـوەڕۆی رۆژی سـێ شـەممە رێكەوتی 2009/6/16دا بەم شێوەیە بێت:

1- بەردەوامبوون لەسەر پێش چاو خستن و گفتوگۆ كردنی بودجەی هەرێمی كوردستان بۆ ساڵی 2009.

جارێكی تر بەخێرهاتنی وەزیرە بـەڕێزەكان و بریكاری وەزارەتـی دارایـی و ئـابووری دەكـەین، زۆر بـەخێر بـێن سەرچـاو، داوا لـە لیژنـەی یاسـایی و لیژنـەی دارایـی دەكـەین بـێن لـە شـوێنی خۆیـان دابنیشـن بـۆ بەردەوامبوون لەسەر بەرنامەی كار. لەسەر ماددەی چواردە ئێمە دوێنێ دەنگمان بۆ سێزدە ماددەدا، چـەند تەوصیاتێكیشمان كرد بۆ حكومـەتی هـەرێم، یـەك، دوو تەوصـییەی تـریش هـەبێتن ئـەمڕۆ باسـی بكـەین، بـەلاَم مـن موقتـەرەحێكم هەیـە بـۆ حكومـەت لەسـەر كەمئەنـدامان، دیـارە ئـەوەی كەمئەنـدامی سـەنگەر حیسابی بۆ كراوە، بەلاَم مەقصەدم لە كەمئەندامانی ترە، كە ئاماژەیان پێ كرد (30000) سی هەزار دینار وەردەگرێت، دوێنێ لەگەڵ حكومەت قسەم كردیە، بەلاَم مەجال نەبوو لەگەڵ جەنابی شێخ بایز قسە بكەم، ئەو بـڕە پـارەی (30000) سـی هـەزار دینـار حـەددی ئەدنایەكـە بكرێتـە (50000) پـەنجا هـەزار دینـار،

كـراوە، كورتـە بـالاَ، هـەموو كەمئەندامـەكان، چـونكە زۆر ئەنـدامی پەرلـەمان ئامـاژەی بـەوە كـرد گـوتی (30000) سی هەزار دینارە، ئەگەر زیاتریش بكرێت، چەند زیاد بكرێتن باشترە، فەرموو كاك شێخ بایز.

**بەڕێز شێخ بایز تاڵەبانی/ وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەنیسبەت كەمئەندامانەوە، ئێستا لـە (30000) سـی هـەزارەوە كراوەتـە (50000) پـەنجا هـەزار دینـار، جەنابیشتان ئەمرەكەی پێ دەربكەن، بڕیارەكەی پێ بدەنەوە.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەگەر جێ بەجێتان كردووە مەمنونین، هیچ پێویست ناكات هینی بكەین، بەلاَم دەبوایە دوێنێ پێمان بلێن، بەهەر حالَ دەستتان خۆیش بێت، ئەوە باشە كراوە، حەددی ئەدنای كەمئەندامان جگە لـەوەی مـن دوێـنێ تێگەیشتم لە بەدواچوونی كێشەی كەمئەندامان كە شتی باش كراوە تەنیا ئـەو (30000) سـی هـەزارە كـە تەئكید دەكەنەوە (50000) پەنجا هـەزار دینـار، ئەگـەرنا دەمـانكردە قـەرارێك، ئـەوەش باشـە، ئێمـە ئـەو راسپاردانەی كە هەبوو، دوو، سێ راسپاردەی تریش هەیـە كـە دەبێـت ئیزافـە بكرێـت دواتـر دێینـە سـەری، بەلاَم با ئێستاكە با ماددەكانی تر تەواو بكەین، ئینجا دەچینە سەر ئەو راسپاردانەی دوێنێ و هی تریش كە دێنە پێشەوە، مەسەلەی گەرمیانە، هەڵەبجەیە، دەبێت ئامـاژەی پـێ بكـرێتن و تێـدا هـەبێتن، پێشمەرگەیە هەرچی پێویست دەبێتن باسی دەكەین، ئێستا دەچینە سەر ماددەی چواردە، فەرموو بۆ خوێندنەوەی.

**بەڕێز كریم مجید شریف(جوتیار):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی چواردەم:

وەزیری دارایی بۆی هەیە گوژمەی داهاتەكانی مانگانەی كە وەزارەتـی تەندروسـتی بـەدی دێنـێ بـۆ هـەموو فەرمانگەكانی بخاتە سەر بودجەی وەزارەتی تەندروسـتی بـۆ مەبەسـتی كـڕینی داودەرمـان و دابـین كردنـی خەرجییـەكانی پاراسـتن بـە هـەموو جۆرەكانیـەوەو بـەپێی داوای وەزارەتـی تەندروسـتی و دەبـێ خشـتەی داهاتە دەسكەوتەكانی بە كردەنی تێدابێت.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

رای لیژنەی یاسایی و لیژنەی دارایی و ئابووری.

**بەڕێز كریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

المادة الرابعة عشرة:

لوزیر المالیة اضافة تخصیصات مبالغ الایرادات الشهریة التي تحققها وزارة الصحة لكافـة دوائرهـا الى موازنـة وزارة الصحة لاغراض شـراء الادویـة وتـدارك نفقـات الصیانة بانواعها وحسـب طلب وزارة الصحة مشفوعاً بجداول الایرادات المتحققة فعلاً.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لیژنەی یاسایی هیچ تێبینیەكی لەسەر ئەو ماددەیە نییە.

**بەڕێز د. دلێر اسماعیل حقی شاوەیس:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لیژنەی دارایی و ئابووریش هیچ تێبینیەكی لەسەر نییە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو كاك دكتۆر فوئاد.

**بەڕێز فؤاد احمد محمد بابان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لەڕاستیدا من هەندێك تێبینیم هەیە لەسەر ئەو ماددەیەو پرسیارێكیشم هەیە بۆ بەڕێز وەزیری پلاندانان و وەزیری دارایی ئەگەر ڕێگەم بدەن.

یەكەم/ كڕینی داودەرمان تەبیعی دەبێت ئەندامانی پەرلەمانی بەڕێز بزانن، كەوا بۆچی داودەرمان دەكڕێت؟ لەڕاستیدا داودەرمان دەبێت لە لایەن وەزارەتی تەندروستیی عێراقەوە دابین بكرێت بۆ هەرێم، بەڵام ئەو بڕە دەرمان و كەلوپەلە پزیشكیانەی كە ساڵانە دابین دەكرێن زۆر كەمترە لە پێویستیەكانی هەرێم هەر بۆ نموونە ژمارەیەكم لە لایە كەوا لە پێنج مانگی ڕابردوودا لە 2009/1/1 تاوەكو 2009/5/31 هەر لە پارێزگای سلێمانی بە تەنها بایی (13593284000) سێزدە ملیارو پێنج سەدو نەوەدو سێ ملیۆن و دوو سەدو هەشتاو چوار هەزار دینار دەرمان كڕاوە بۆ پارێزگای سلێمانی، ئەگەر بەم ڕێژەیە حیسابی بكەین تەماشا دەكەین نزیكەی ساڵانە چل ملیۆن دینار حكومەتی هەرێم دەرمان دەكڕێت، سەرەڕای ئەوەی كەوا ئەو دەرمانە پێویستە لە بەغداوە دابین بكرێت، لەبەر ئەوە بەڕاستی كەموكوڕییەكی زۆر هەیە لە دابین كردنی دەرمان لە لایەن وەزارەتی تەندروستی بەغداوە، بۆیە حكومەتی هەرێم ئەو ئەركەی گرتۆتە سەرشانی خۆی.

ڕوونكردنەوەیەكیشم هەیە لە كۆبوونەوەی پێشووی دوێنێدا باس كرا كە گوایە تەمویلی زاتی هەیە، یان نییە، لەڕاستیدا بەپێی ڕێنماییەكانی وەزارەتی دارایی هەرێمی كوردستان نیزامی تمویلی زاتی لە پارێزگای سلێمانی ئێستا جێ بەجێ كراوە لە دوو سەنتەردا لە قەستەرەو لە وردبینی ریخۆڵەكان لە سلێمانی، زۆر زۆر سەركەوتووە.

پرسیارێكم هەیە لە بەڕێزان وەزیری پلاندانان و وەزیری دارایی، كە ئایا بودجەی هەرێم لە كاتێكدا بەم شێوەیە هەموو ساڵێك لەناوەڕاستی ساڵدا بگاتە دەست پەرلەمان و كاتێك كەوا دەكەوێتە بواری جێ بەجێ كردنەوە مانگێكی زیاتری پێ دەچێت، بەم شێوەیە ئایا دەتوانرێت پرۆژە ستراتیجیەكان جێ بەجێ بكرێت؟ یان پێویستمان بە پلانی درێژخایەن هەیە، بۆ ئەوەی ئەو بودجەیەی پرۆژە سەرمایەدارەكان

لـەجێی خۆیـان سـەرف بکرێـت، بتوانێـت کاریگـەر بێـت لـە پەرەپێـدانی بـاری ئـابووری کوردسـتان و بەرزکردنەوەی ئاستی مرۆیی فەرمانبەرانی کوردستان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

دکتۆرە هالە فەرموو.

**بەڕێز د. هالە سهیل وادی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەت ئەو فەقەرەیەی کە هاتووە بۆ کڕینی دەرمان، ئێستا کێشەیەك هەیە لـە هـەرێمی کوردسـتان کـە هاووڵاتی بەشەکانی تری عێراق روو لە هەرێمی کوردستان دەکەن بۆ چارەسەر کـردن بەتایبـەتی نەخۆشـی سەرەتان، ئێستا ئەو بودجەیە کە تەرخان دەکرێت بۆ چارەسەر کردنی نەخۆشی سەرەتان زۆر کەمە، لەبەر ئەوەی لە 20٪ی نەخۆشەکانی ئەو سەنتەرانە لە بەشەکانی تری عێراقەوە دێـن، دەرمانەکـەش کـە عێـراق تەوفیری دەکات بەشی خۆمان ناکات، چۆن بەشـی ئـەو 20٪ش دەکـات کـە لـە بەشـەکانی تـر دێـن؟ یـەعنی پێویستە ئەوە حیسابێکی پێویستی بۆ بکرێت، لەبەر ئەوەی شتەکە ئینسانییە، ناکرێـت ئێمـە ئـەوان رەفـز بکەین، دەکرێت ئەوان عیلاج بکەین، بەس دەکرێت ئیزافاتی دیکە هەبێت لەسـەر میزانیـە، داوا بکـەین لـە عێراق بەشی ئەوانیش بنێرێت جگە لە میزانیەی هەرێمی کوردستان.

بەنیسبەت ئەو فەقەرەیەش کە هاتووە بۆ (شراء الادوية وتدارك نفقات الصيانة) باسـی ئـەوە ناکـات، ئێسـتا ئێمە کێشـەیەکمان هەیـە، لـە نەخۆشـخانەکانی خۆمـان موشـکیلەی ئـەمن، باسـی پزیشکەکان ناکـەم، باسـی پەرسـتار تـا ئێسـتا حیسـاب بـۆ خـەفاراتی پەرسـتار ناکرێـت، ئێسـتا زۆربـەیان لـە نەخۆشـخانە گـەورەکان دەردەچن بۆ ئەو بنکە تەندروستیانە کە خەفاراتیان تێدا نییـە، ئەگـەر خـەفارەت بگـری لـە ئێـوارێ هـەتا سبەینێ (1750) دیناری بۆ حیساب دەکرێت، ئەگەر لـە مانگێـك پـازدە رۆژ خەفـەر بێـت سـی هـەزاری بـۆ دەرناچێت، یەعنی بەڕاستی ناکرێت ئێمە حیساب بۆ خەفاراتی پەرستار نەکەین، بۆ ئەوەی ئێمە بمانـەوێت نەخۆشـخانە گـەورەکانمان پـێش بکـەوێت، بـۆ ئـەوەی ئێمـە دەعمـی کـەرتی حکـومی بکـەین زۆر زەرورە ئیهتیمام بەو شەریحەیە بدەین، زۆر ئیهتیمایان پێ بدەین، لەبەر ئەوەی نەخۆشـخانەکانمان دوادەکـەوێت و کەرتی حکومیمان فەشل دەهێنێت.

بەنیسبەت ئەو میزانیەش دووبارە دەکەمەوە بەنیسبەت عیلاجی سەرەتان میزانیەی تایبەتی بـۆ دابنـرێـت لەحکومەتی عێراقەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك غەفور فەرموو.

**بەڕێز غفور طاهر سعید مەخموری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشتر برادەران دکتۆر فوئاد و دکتۆرە هالەش باسی کۆمەڵێك شتیان کرد، من نامەوێت ئەوانە دووبارە بکەمەوە، بەڵام من لێرە پێشنیاری ئەوە دەکەم کە داودەرمان بە پلەی یەك لە لایەن حکومەتی عێراقەوە تەئمین دەکرێت، ئەو پارەیە بەشێکی بۆ نۆژەن کردنەوەی بنکە تەندروستیەکان و نەخۆشخانەکانیش بێتن، ئەگەر تێبینی بکەیت زۆربەی هەرە زۆری نەخۆشخانەکانی ئێمە زۆر بینایەکانیان کۆنە، نوێ نین، بەشێك لەو پارەیەش بۆ تەئمین کردنی ئامێری نوێ بێتن (ئامێری پشکنین)، چونکە زۆربەی زۆری ئامێرەکان کۆنە، ئامێری پێشکەوتوو لەوڵاتی ئێمە کەمە لە نەخۆشخانەکان، ئەوە خاڵێك.

خاڵێکی تر، مەسەلەی خەفارات کە دکتۆرە هالەش باسی کرد، بەداخەوە لە تەواوی کوردستان لە نەخۆشخانەکان هیچ دکتۆرێکی ئیختصاصی خەفەر نامێنێتەوە لە نەخۆشخانەکان، ناوی لە جەدوەلی خەفارات هەیە، بەس لە نەخۆشخانەکان نامێننەوەو خەفارات ناگرن، حەقە لەسەر ئەو مەسەلەیەش بەڕاستی ئەوەی کە ناوی لە خەفارات هەیە خەفارات بگری، یاخود ئەوە ئیجرائاتی مالی بەرامبەر ئەو دکتۆرە بکرێتن کە ناچێتە خەفاراتەوە، ئەوە یەك.

پرسیارێکیشم هەیە لە بەڕێز وەزیری پلاندانان، من پارساڵ، پێرار ساڵیش داوای ئەوەم کرد بەنیسبەت مەخمور، یەعنی بەڕاستی تاکو ئێستا نەخۆشخانەیەکی پێشکەوتوو نییە، بنکەیەکی تەندروستی زۆر زۆر کۆنی لێیە، داوای ئەوەم کرد کە داخیلی پلان بکرێتن و نەخۆشخانەیەکی مۆدێرن لەوێ دروست بکرێت، لەبەر ئەوەی خەڵکێکی زۆرە مەخمور، قەراج، گوێر، کەندیناوە، هەمووی لەسەر ئەوەیە دیبەگە لەسەر مەخمورە، پار وەعدیدا گوتی ئێمە داخیلی بەرنامەی دەکەین، ئایا تاکو ئێستا جێ بەجێ نەکراوە؟ دەکرێت لە بودجەی ئەمساڵدا ئەوە داخیلی بەرنامە بکرێت، مەسەلەی دروست کردنی پرۆژەی ڕێگاوبانیش بوو بۆ بەستنەوەی گوندەکان، دیسان وەزیری پلاندانان گوتی داخیلی بەرنامەی دەکەین، من لێرە پرسیار لە بەڕێزیان دەکەم دەخوا بۆ ئەوە چی کراوە، ئەگەر نەکراوە، داوا دەکەم لە بودجەی ئەمساڵ شوێن بۆ ئەوە بکرێت، وەکو هاوکارییەك بۆ خەڵکی دەڤەری مەخمور نەخۆشخانەیەکی مۆدێرن دروست بکرێتن، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك محەمەد فەرەج فەرموو.

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من قسەم لەسەر کارەباش وەکو تەندروستی پارە وەردەگیرێت، من پێموایە شتێکی باشە لە هەموو دەوائیرەکانی دەوڵەت و لە هاووڵاتیان، بەڵام تێبینیەکی ئەوەم هەیە، ئەگەر جەنابت لە پێشنیارەکاندا بنووسی، بەڕاستی بۆ هاووڵاتی گرانە، ئەوەی کە دانراوە بۆ هاووڵاتی زۆرە، ئایا ئەمە ئەگەر ئوجوری کارەبا

ئیتیحادی نییە، ئەمە بۆچیە وەکو صحەی بۆچی لێ نەکەین و لێرە دایبنێین، ئەویش بگەڕێتەوە ناو میزانیە کاروباری وەزارەتەکەی پێ دیاری بکرێت، بەلاّم بنووسرێت.

دوو/ ئەوەی دکتۆر فوئاد گوتی ئایا ئەم کێ لێی بەرپرسیارە؟ یەعنی لە نەفاقاتی حاکیمەدا دەرمان بۆ هەرێمی کوردستان دابین دەکرێت، کەچی رێژەکەشی زۆر کەمە، من پێشنیار دەکەم لەمەولا ئەو شتانەی کە لەسەر نەفاقاتی حاکیمەیە چ وەکو خۆراك، چ وەکو دەرمان، چ وەکو هەر شتێکی تر، ئەگەر ئەوە نکوڵی دەکرێت لێی، پەرلەمانی کوردستان لێرەوە دەعوا لە مەحکەمەی ئیتیحادییەوە تەسجیل بکات لەسەر حکومەتی عێراق، یەعنی ئێمە ئەوە سێ جارە لەو پەرلەمانە باس لە بودجە دەکەین هەمیشە باس لەو ناتەواویی و لەو نەناردنە دەکرێت، کە حکومەتی عێراقی نکوڵی لێ دەکات و ناینێرێت، ئایا ئەمە لە رووی دەستوورییەوە مافێکی ئێمەیە؟ بۆچی ئێمە قسەی لێ ناکەین؟ کێ بەرپرسە لێی؟ لەبەر ئەوە من پێشنیاری ئەوەی لێ دەکەم حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەو وەزارەتانەی کە پەیوەندییان بە نەفاقاتی حاکیمەوە هەیە، مەسەلەن وەکو تەندروستی ئەو بڕانەی کە بۆ ئێمە نانێرن، پەرلەمان بکات بە دەعوایەك تەسجیل بکات لەسەر حکومەتی عێراقی لە مەحکەمەی ئیتیحادی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك دکتۆر رەمەزان.

**بەڕێز د. رمضان عبدالرحمن محمد رضا:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتگیری لە هەردوو هاوڕێ و هاوکاری بەڕێزم کاك دکتۆر فوئادو دکتۆرە هالە دەکەم، داوایەکی ترم هەیە ئەگەر ئێمە سەیری ئەو بڕە بودجەیە بکەین وەکو نیسبەت لەچاو هەموو ئەو بودجانەی کە لە جیهاندا لەو سیستەمی تەندروستیەی کە لە لایەن حکومەتەوە دابین دەکرێت بۆ هاوولاّتی ئەو بودجەیە کەمەو، ئەگەر بکرێت لە پلانی نوێدا ئەو بودجەیە زیاد بکرێت، بۆ ئەوەی خزمەتگوزاری باشتر بگەیەنرێتە هاوولاّتیان و سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کەس خیلافی لەسەر ئەسڵی ماددەکە نەبوو، بەلاّم پرسیاریان هەبوو، فەرموو جەنابی وەزیری دارایی.

**بەڕێز شێخ بایز تاڵەبانی/ وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەت وەزارەتی تەندروستییەوە ئێمە ئەولەویەتێکی زۆر باشمان پێ داوەو، ئەوان کارو ئەرکەکانیان بەڕاستی زۆر زۆرە، خەدەماتێکی زۆر پێشکەش دەکەن بە هاوولاّتیان، ئێمەش ئەوەمان زۆر باش بە نەزەری ئیعتیبار وەرگرتووە لە وەزارەتەکە، بەڕاستی بەنیسبەت ئەو دەرمانانەی کە ئێستاکە لە بەغداوە دەینێرن یەکەم/ کەمە، رەنگە هەندێکیان بەسەرداچوو بێت تاریخەکانی.

دووەم/ رەنگە ئەو دەرمانانەش نەبێت، کەوا لەلای ئێمە زیاتر پێویست بێت.

ئێمە بۆ ئەو مەسەلەیە ئەنجومەنی وەزیران دیراسەتێکی کامل لەسەر پێشنیاری وەزیری تەندروستی بەڕێز هات بۆ ئەنجومەنی وەزیران لیژنەیەکیان دانا، بۆ ئەوەی چارەسەری ئەو مەسەلەیە بکات و بتوانرێت دەرمان یەکسەر لە لای خۆمانەوە بکڕێت، بەلاّم ئەوە بوو ئەوانیش ئەوەیان پێ باش بوو لە حکومەتی عێراقیدا، بەلاّم ئەوان ئەمساڵ گوتیان با تەئجیل ببێت، بەس لەسەر ئەوەشەوە من لێرەوە باس دەکەم چ داواکارییەکی وەزارەتی تەندروستی هاتۆتە وەزارەتی دارایی بۆ پێشکەش کردنی خەدەمات، بۆ کڕینی ئامێر، بۆ کردنەوەی بەش کە چەندەها بەش کراوەتەوە لە وەزارەتی تەندروستیدا رەنگ هەیە لە هەموو عێراقدا نەبێت، ئایا ئەمانە تا ئێستا وەستاوە؟ ئایا ئەمە چۆن تەمویل کراوە؟ ئەوەی کە لێرە دایە دێت لە میزانیەکدا میزانیەیەکە بەپێی ئەو رەقەمانەی کە بۆمان هاتووە، ئێمە دەست نیشانمان کردووە، بەلاّم دائیمەن لە موناقەلە دابووینە، دائیمەن لە موافەقاتی ئیزافی دابووینە بۆ وەزارەتی تەندروستی، ئێمە ئەو وەزارەتە زۆر باش بە نەزەری ئیعتیباری وەردەگرین و کارئاسانیشی بۆ دەکەین، ئەوەی کە پێویست بێت بۆ خزمەتی هاوولاّتیان لە رێگای وەزارەتی تەندروستییەوە ئێمە دەیکەین و دوای ناخەین و ناهێڵین تەعتیل دروست بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاک عوسمان وەزیری پلاندانان فەرموو.

**بەڕێز عثمان شوانی/ وەزیری پلاندانان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە پرسیارەکەی کاک دکتۆر فوئاد بۆ دواکەوتنی بودجە، بە تەئکید کاریگەری خۆی هەیە، بەلاّم خۆشبەختانە ئێمە بەحوکمی ئەوەی سیاسەتێکمان هەیە لە ساڵی 2003 و 2004ەوە تا ئێستا بەردەوامین لەسەری، ئەوەیە کە بودجەکە ئەمساڵ بۆ نموونە ئەگەر دوو سەد ملیۆن دۆلار بێت، ئێمە زیاتر لە سەد ملیۆن دۆلار مەشروع ئیعلان دەکەین، چونکە دەزانین نیسبەی تەنفیز نابێتە 100٪، بۆیە ئەم موشکیلەیە لە عێراقدا دەبینین نیسبەی ئینجاز لە هیچ وەزارەتێکی عێراقی ناگاتە 70٪ لە هەرێمی کوردستان دەگاتە 100٪، بۆیە ئێمە وا دەکەین مەسەلەن ئێستا ئەو پرۆژانەی کە بەردەوام بن و لە ساڵی 2008ەوە بەردەوام بووە هاتۆتە ساڵی 2009 (1316) پرۆژەیە، بۆیە ئەم پرۆژانەی کە دەمێنێتەوە راستە تاخیر بوونەکە دەوری خۆی بینیوە، بەلاّم لێرەدا ئەو شەش مانگە برادەرانی وەزارەتی مالیە مەوجودن و دەزانن ئێمە بەردەوام بووینە لەو پرۆژانە، ئەو (1316) پرۆژەیە بەردەوامە، جگە لەو پرۆژە تازانەی کە ئێستا ئەنجام دەدرێت، راستە ئەوە دواکەوتنێك بەخۆیەوە دەبینێ، بەلاّم بەوە تەعویز دەبێتەوە کە ژمارەی پرۆژەکانمان زیاترە کە لە ساڵی 2008ەوە تەدویر بووە بۆ ساڵی 2009، بەهەمان شێوە ئەو پرۆژانەی کە لە ساڵی 2009ەوە تەدویر دەبێت بۆ ساڵی داهاتوو لە 1/1ەوە دەست بەکار بووە، ئیشی خۆی دەکات بەردەوامە لە جێ بەجێ کردن لە تەنفیز کردن، ئەمە سەبارەت بەوە.

سەبارەت بە پرسیارەکەی کاك غەفور، بۆ مەسەلەی نەخۆشخانەی مەخمورو هەروەها ڕێگاوبانەکان، جەنابی نائیبی رەئیسی وزەرا لەگەڵ موحافزی هەولێر سەردانی قەزای مەخموریان کردو کۆمەڵێك پرۆژەیان بۆ جێ بەجێ کرد، سیاسەتی ئیش کردنی ئێمە لەگەڵ هەموو وەزارەتەکان بەم شێوەیە، ئێمە وەك وەزارەتی دارایی کە لەگەڵ وەزارەتەکان دادەنیشین، ئێمە داوای ئیحتیاجاتی وەزارەت دەکەین بۆ سێ ساڵ، دەڵێین ئیحتیاجاتی چیە؟ کە ئیحتیاجاتی دەنێرێت، ئەو ئەولەویاتەی کە موناقەشەی لەگەڵ دەکەین ئینجا ئەولەویات دادەنێین، ئەولەویاتەکە ئێمە بەس حیسابی تەوزیعی جوگرافی و حیسابی سەکتەرەکانی ناو وەزارەتەکە دەکەین، کە تۆ باسی وەزارەتی شارەوانی بکەیت، ئێمە ناڵێین بە تەنها پرۆژەی ئاو دەکەین، ئاو هەیە، خەدەمات هەیە، مەجاری هەیە، باخچەت هەیە، ڕێگاوبانت هەیە، ئەنواعی پرۆژەت هەیە، ئێمە ئیشمان ئەوەیە کە داوا لە ئەوان دەکەین فیعلەن ئەو پرۆژەی کە جەنابی داوای کردووە، ئێمە داوامان لە وەزارەتی تەندروستیش کرد، بەداخەوە وەزارەتی تەندروستی لەبەر ئەوەی بودجەکەی بەس بەشی ئەوەی کردووە کە بتوانێت ئەو پرۆژانەی کە ئەمساڵ، چونکە بڕیاری داوە کۆمەڵێك نەخۆشخانەی تەخەصوصی دروست بکات، چونکە ئێمە لە کوردستان کێشەیەك هەیە لە تەندروستی، کە کێشەی نەبوونی نەخۆشخانەی تەخەصوصییە، ئەگەرنا عەدەدی نەخۆشخانەکان، عەدەدی ئەسیرە لە کوردستان، عەدەدی مەراکیزی صحی یەکجار زۆرە، بەڵام لە کوردستاندا پێویستیت بە نەخۆشخانەی تەخەصوصی وەکو نەخۆشخانەی چاو، نەخۆشخانەی دڵ، نەخۆشخانەی نەخۆشی دڵی منداڵان، نەخۆشخانەی گورچیلە، یەعنی پێویستمان بەو جۆرە نەخۆشخانانە هەیە، بۆیە تەرکیزیان کردۆتە سەر ئەم جۆرە نەخۆشخانانە، خۆشتان دەزانن ناوچەکانی دەرەوەی هەرێم زۆر پرسیار کراوە، دوێنش و ئەمڕۆش لەسەر بودجەی هەرێمی کوردستان تەخسیریان بۆ نەکراوە، بەڵام بەپێی ئەو ئیمکانیەتەی کە هەمانە هەر ئەوەندە کراوە بۆ کەرکووك و سنجارو مەخمورو خانەقین، بەڵام بۆ هەموو شوێنێك لەو شوێنانەو لیستیشمان هەیە دەتوانین بیدەینە هەموو برادەرانی پەرلەمانتار، چەند پرۆژەمان جێ بەجێ کردووە بۆ کەرکووك و خانەقین و سنجارو ناوچەی مەخمور، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

نوقتەی نیزامی نەبێت قسە تەواو، تەنیا نوقتەی نیزامییە، فەرموو.

**بەڕێز غفور طاهر سعيد مەخموری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من هەر بۆ ڕاست کردنەوە، کە دەڵێت کۆمەڵێك پرۆژە لە مەخمور ئەنجام درا، قسەی بەڕێزیان ڕاستە جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران، لەگەڵ ژمارەیەك وەزیر سەردانی مەخموریان کرد کۆمەڵێك بەڵێنیان بە خەڵکدا، بەڵام هیچ لە بەڵێنەکانیان جێ بەجێ نەکرد، نەك کۆمەڵە پرۆژە جێ بەجێ کرا بێت، بۆ ڕاستکردنەوە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر چاکە، بەلاَم حەقە ئەو مەسەلەی ئیهتیمامدان بە مەخمورو هەر ناوچەیەکی تر ئیشی رۆژانەی لیژنەکان بێتن، نەك تەنیا لە کاتی موناقەشە کردنی بودجە، لیژنەکان بەتایبەتی لیژنەی تەندروستی لەگەڵ وەزارەتی تەندروستی، لیژنەی ئاوەدانکردنەوە لەگەڵ وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە، ئەو مەسەلەیە ببووژێننەوەو بەدواچوونی تێدا بکرێت، یەعنی ئەو ناوچانە جێی حەقە هەمووی ئیهتیمامی پێ بدرێتن، بەهەر حاڵ دەکرێتن بکرێت، کەس ئیزافەیەکی نەبوو لەسەر ماددەی چواردە وەکو خۆی مایەوە، دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ماددەی چواردەیە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ وەرگیرا، تکایە ماددەی پازدە.

**بەڕێز کریم مجید شریف(جوتیار):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ماددەی پازدە:**

گۆژمە پارەکانی پیتاکەکانی کە دراون بە وەزارەتەکان و لایەنەکانی کە بەوەزارەتەوە نەلکاون دوای قەبوول کردنیان لەلایەن وەزیری داراییەوە وەك داهاتێکی کۆتایی بۆ بودجەی گشتی تۆمار دەکرێن، بەمەرجێك وەزیری دارایی لە پشتیوانەی وەزارەت، یان لایەنی نەبەستراوە بە وەزارەت تەرخانیان بکات بۆ خەرج کردنیان، بۆ ئەو مەبەستانەی کە لە پێناوییەوە بەخشراون.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**المادة الخامسة عشرة:**

تقيد مبالغ التبرعات الممنوحة للوزارات والجهات غير مرتبطة بوزارة بعد قبولها من قبل وزير المالية ايراداً نهائياً للميزانية العامة على ان يقوم وزير المالية بتخصيصها من اعتمادات الوزارة او الجهات غير المرتبطة بوزارة لصرفها على الاغراض التي منحت من اجلها.

ئێمە لە لیژنەی یاسایی هیچ تێبینیەکمان لەسەر نییە، تەنها مەسەلەی (ایراداً نهائیاً للمیزانیة) لەگەڵ وەزارەتی مالیە راست کراوەتەوە (ایراداً نهائیاً للخزینة) تەنها میزانیە بکرێتە خەزینە، ئەوە پێشنیار دەکەین و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. دلێر اسماعیل حقی شاوەیس:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمەش هیچ تێبینیەکمان لەسەر نییە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەو ماددەیە کەس تێبینی لەسەر نییە، لیژنەی یاسایی تەنیا دەڵێت بیکەنە خەزینە، ئەگەر حکومەت مانیعی نییە، باشە، دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ماددەی پازدەیە بەو گۆڕینەی کە کرا دەستی بەرز

بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ وەرگیرا، تکایە ماددەی شازدە.

**بەڕێز کریم مجید شریف(جوتیار):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی شازدە:

وەستاندنی هەموو دامەزراندنێك بە گرێبەست تەنیا بەرەزامەندیی وەزارەتی دارایی نەبێ.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة السادسة عشرة:

ایقاف التعینات بعقود کافة الا بعد موافقة وزارة المالیة.

لیژنەی یاسایی هیچ تێبینیەکی لەسەر ئەو ماددەیەش نییە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. دلێر اسماعیل حقی شاوەیس:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لیژنەی داراییش هیچ تێبینی لەسەر ماددەی شازدە نییە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

خۆی عەمەلیەن وایە، کاك رەشاد فەرموو.

**بەڕێز رشاد احمد ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو ماددەیە بەڕاستی زیادە لێرە، ئیلغا بکرێت باشە، لەبەر ئەوەی لە پرۆژە یاسای وەزارەتەکان لە هەموو وەزارەتەکان وەزیر بۆی هەیە بە عەقد تەعین بکاتن، پاش موفتەرینە بە موافەقەی ئەنجومەنی وەزیران و وەزارەتی مالیە، وابزانم لێرە هاتنی ئەو ماددەیە زیادەو دووبارەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

دکتۆرە شوکریە فەرموو.

**بەڕێز د.شوکریە رسول ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی منیش هەمان قسەی کاك رەشادم هەبوو کەوا بیکەم، ئەو ماددەیە زیادە.

دووش/ لە عەرەبیەکە ئەو (الا)یە لێرە زیادە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

شیرین خان فەرموو.

**بەڕێز شیرین عبدالرحمن دینۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

نیسبەتی عەقدا ئەم سەح کرن، یەعنی عەقد پترن لە تەعیناتە، جەنابێ وەزیر مزگێنیەکی باشیدا بۆ مامۆستایان، یەعنی بێنە تەعین کرنێ، باشە ئەڤ فەرمانبەرە بۆ نموونە لە باژێری زاخۆ مە کولیە پەروەردە هەیە، مە بازرگانی هەیە، مە سەدان فەرمانبەر هەنە حەتانوکە عەقدن، چەندین جارە یەعنی دەوام لێداینە، یەعنی ناچن، ئەڤە سێ سالە بەس بەردەوام عەقدن هەروەسا بۆ دائیرەت ژی نیسبەت دائیرە چاودێریا بازرگانی، چەندین دائیرەی دی، یەعنی ئەڤ عەقدە حەتا کەی، چەند سالێ دەمێنێت؟ یەعنی تەعینات هەیە بۆ نینە، سالێکە، دوا، سێیە، چارە، یەعنی بێت حەددەکا سەقفێکی زەمەنی هەبێت بۆ ڤان عەقدەو گەلەك مەمنون.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عادل فەرموو.

**بەڕێز عادل محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتیوانی رەئیەکەی مام رەشادو دکتۆرە شوکریەم، بەڕاستی بوونی عەقد زۆر پێویستە، بەلاَم لێرە دەسەلاَتەکە بە موافەقەتی وەزیری دارایی دراوە، من پێم باشە بەڕاستی هەموو وەزارەتێك بۆی هەبێت خەڵك دابمەزرێنێت لە هەموو دنیا تەوەجوهە خەڵك بە عقود دادەمەزرێت، ئێمە دامەزراندن لەدەسەلاَتی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران دایە، بۆ ئەگەر کارگوزاریش بێت، ئینجا زۆر وەزارەت هەیە، بۆ نموونە وەزارەتی شارەوانی یەکێکە لەو وەزارەتانەی کە خەڵکی پاککەرەوە وەکو ئەوانەی دەوێت، یەعنی ئەگەر ئێمە ئەوە لە دەستی وەزیرەکەش بکەینەوەو بدەینەوە بە وەزیری دارایی، ئێمە هەموومان دەزانین وەزارەتی دارایی چۆن موافەقەت لەسەر پارە دەکات بۆ ئەو تەخصیصاتانە، یەعنی من پێم باشە تەعینات هەبێت بە عەقد، بەلاَم لە سەلاَحیەتی وەزیری موختەس خۆی بێت، دواتر ئیعلام بداتە وەزارەتی مالیە بۆ ئەو فەرمانبەرە، بەڕاستی هەبێت باشترە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەس ئەوەندە کاك عادل رەزامەندی وەزارەتی مالیە بۆ ئەوەیە بزانێت تەخصیصات هەیە، چونکە لەسەر حیسابی نەفاقاتی تەشغیلی دەبێتن، ئەگەر هەر رەئی ئەوان نەپرسم مومکینە بگاتە سەرفێك مەعاشەکە تەرخانی بۆ نەکرا بێت، ئەگەرنا بۆ ئەوە نییە بڵێت دەسەلاَتەکە لە وەزیری مالیە بێتن تەعین دەکاتن، یان نا، تەنیا بۆ ئەوەیە بزانێتن زمنی نەفەقاتی تەشغیلی ئەو وەزارەتە تەخصیصات هەیە، ئەگەر تەخصیصات هەبێتن ئیعتیادیە یەکسەر موافەقەتی بۆ دەکەن، گوڵناز خان فەرموو.

**بەڕێز گوڵناز عزیز قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش پێموایە ئەمە بۆ دەسەلآتی وەزیر بگەڕێتەوە، دوایی کێشەیەك هەیە لەناو دائیرەکانـدا کـە خـەڵکێك هەیە وەکو شیرین خان ئاماژەی پێدا چەند ساڵێك عەقدە، ئەگەر ئەو کەسە پێویستە بۆ نایکەن بە دائیمی دامەزراندن، ئەگەر پێویستیش نییە بۆچی بـەو موعەلەقییـە بمێنێتـەوە، عەقـدیش شـتێکە کـاتی بێـت لـە ساڵێك تێپـەڕ نـەکات، بۆیـە بـە تایبـەت لـە هەنـدێك دامودەزگـا هەیـە، وەکـو هەڵمـەتێك هەیـە پێویسـتی بەوانەیە بەتایبەت شارەوانیەکان جاری وا هەیە بـۆ هەڵمـەتێکی پـاك کردنـەوەی شـەش مـانگی پێویسـتیان بەوانـەیـە، ئـەم سـەلآحیەتانەی ئێمـە داوای لامەرکـەزی دەکـەین، هـەمووی چـڕ دەکـەین لـە شـوێنێکەوە مەرجێکی توندی بۆ دادەنێین، ئەمە دەبێتە رۆتینێکی دوورو درێژ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

دکتۆرە هالە فەرموو.

**بەڕێز د. هالە سهیل وادی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەمان تێبینیم هەبوو کە ئەو ماددەیە زیادەو لابدرێت لێرە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

خاتوو فەزیلە فەرموو.

**بەڕێز فضیلة رمضان سعدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەڕاستیدا من هیچ تێبینیم نییە، یەعنی کـو حـەزف ببێـت، ببینـێتن هـەر ئیشـکالێك نینـە، بـەس نەفسـی پرسـیاری شـیرین خـانم هەیـە، یـەعنی مەصـیری ئـەو عقودانـە چیە؟ ئێمـە حـەزمان لێیـە وەزیـری مالیـە جوابێك بداتن، چونکە خەڵك زۆر موڕاجەعەی دەکاتن و دەترسێتن، رۆژێك دێـت پێـی بڵـێن بـڕۆ لـە مـاڵی خۆی دابنێشێتن، حەز دەکات بزانێت مەصیری ئەو چیە؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك کەرخی فەرموو.

**بەڕێز کرخی نجم الدین نورالدین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەڕاستی من لە 100٪ لەگەڵ بۆچوونەکەی کاك عادلم، بۆچی عقود ئیلغا بکرێت؟ زۆر جار لە دەوائیرەکان، لە وەزارەتەکان رەنگە پێویستی بە کارێکی موەقەت هەبێت، یان خیبرەیەکی دیاری کراوی هـەبێت، بـۆ ئـەو کارە موەقەتە تۆ لە جیاتی ئەوەی بە دائیمی خـەڵك تـەعین بکـەیت، دوایـێ لەسـەری ببنـە بـار، عەقدەکـە باشترە کە کارەکە تەواو دەبێت هەر کەسە دەچێتە رێی خۆی بە موافەقـەی هـەردوولا دەبێـت، خـۆی نـاوی

عەقدە بە موافەقەی هەردوولا دەبێت، بەلام شتێکی تریش هەیە بەڕاستی ئەو عەقدانە دوو شێوەن هەندێکیان هەیە بەردەستن بە عەقد لە هەندێك دەوائیر، لە هەندێك وەزارات کار دەکەن، ئەوانە کاتێك کە مووچەکانیان دەبڕێت، بەڕاستی تووشی موشکیلەی ماددی دەبن، هەندێ شتیان بینا کردووە لەسەر ئەو مەعاشەی کە وەریدەگرن لە پڕێکدا لێیان دەپچڕێت، باشە ئەوەی کە ئێستا لێرە نووسراوە ئەوانی پێشتر وەزعیان چۆن دەبێت عەقدەکانی پێشتر، ئەگەر روون کردنەوەیەك هەبێت لە لایەن بەڕێزان وەزیری پلاندانان و وەزیری دارایی زۆر سوپاسیان دەکەین.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

دکتۆر رەمەزان فەرموو.

**بەڕێز د. رمضان عبدالرحمن محمد رضا:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکانی من برادەرانی پێش خۆم کردیان، بەتایبەتی کاك عادل، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا موقتەرەحێك هەیە لە سێ ئەندامی پەرلەمان کە دەڵێت ئەو عەقدە زیادە، یەعنی ئەو فەقەرەیە زیادە، لەبەر ئەوەی تەحصیل حاصلە ئەوە یەك.

دوو/ پرسیارێك هەیە ئەوەی کاك عادل کردی و دوو برادەری تریش کردیان، چیە کاك رەشاد نوقتەی نیزامی.

**بەڕێز رشاد احمد ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

راستکردنەوەیەکم هەیە، من نەمگوت عەقد ئیلغا بکرێت، دەڵێم ئەو ماددەیە لێرە نەمێنێت، برادەران دەڵێن عەقد بۆ ئیلغا بکرێت، من باسی ئیلغای عەقدم نەکردووە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

داوا لە جەنابی وەزیری مالیە دەکەم رەئی لەسەر دوو شت بداتن، یەك/ ئەو موقتەرەحەی کە دەڵێت ئەو ماددەیە ئیلغا بکرێت.

دوو/ ئەو گرێبەستانەی کە هەن چیان بەسەر دێتن؟ ئەوەلەن پارەکە لە میزانیە سەرف دەکرێت، میزانیەی تەشغیلی، ئیشیش دەکەن، ئایا مەجالێك نییە تەعینیان بکەن؟ مادام ئیش دەکەن و داواکاری زۆریش هەیە، بەڕاستی ئێمە لە پەرلەماندا لەبەر ئەوەی ئەو دەسەلاتەمان هەیە گرێبەستەکانمان نەهێشت هەمووومان تەعین کردن و ژمارەیەکی کەم بوو، بەلام تەعینمان کردن بەپێی رێنماییەکانی دارایی مەعاشیان گۆڕا، رەنگە کەمتریش بووە لەوەی کە بە عەقد بوون هەندێکیان، لەبەر ئەوە ئەو دوو شتە جواب بدرێتەوە مەمنونین فەرموو.

**بەڕێز شێخ بایز تاڵەبانی/ وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە مەوزوعی دامەزراندن بەگرێبەست لە هەموو شوێنێك هەیە، لە هەموو وەزارەتێك هەیە، لە هەموو وڵاتێکیش هەیە، ئێمە تەعیناتێکی زۆرمان کردووەو دامەزراندنێکی زۆرمان کردووە، بەلاّم لە کاتی خۆشیدا ئەوە بوو، پارەکەش هەر باسمان کرد، ئەمساڵیش ئەم تەعیناتانە هەندێکیان لەسەر ئەساسی نەوعیەت نەکرا، بەلاّم ئێستا لە ئەسنای ئیش وکار، ئیش و کاری ئێمە بۆمان دەرکەوتووە پێویستمان بە هەندێك نەوعیەت هەیە بەعەقد تەعینیان دەکەین، مەسەلەن بۆ نموونە ئێمە پێویستمان بە سائیق هەیە، ئێستا سائیقی تەعین دەکەیت وەکو تەعین، ئەمە زیادە دەخاتە سەر مووچەکە مەشاکیلمان بۆ دروست دەکات، ئێستا بە عەقد تەعینی دەکەیت و لە پاش ماوەیەك وەزعی ئێمە کە عیلاجی وەزعی مووچە بکرێت هێواش هێواش، ئێستاش ئیشی تیا دەکەین، ئێستاش لەو عەقدانە زۆربەی زۆری ئێمە خەریکین لێیان دادەمەزرێنین، بەلاّم مەوزوعی عەقدو ئێمە وەزارەتەکان هەمووی پێویستیان بەوە هەیە کە خەڵك دابنێین بە عەقدو تەعینیان بکەین، بەس بەداخەوە لە هەندێك لە وەزارەتەکان ئێستاش دێن چەندەها کەسیان پێویستەو داوا دەکەن کە تەعینیان بکەین، کە لەلای ئێمە لە مودیریەتی میلاکات تەماشا دەکەین لەو عەناوینانەیان زیاتر هەیە، مەسەلەن هەر باسی سائیق بکەم، بڕواتان هەبێت وەزارەت هەیە داوای کردووە پێنج سائیقی بۆ دابمەزرێت تەماشامان کردووە خۆیان سێ سەیارەیان هەیە، چوار سەیارەیان هەیە، لەبەر ئەوە پێویستە بێتەوە وەزارەتی مالیە، چونکە مدیریەتی میلاکات لە وەزارەتی مالیەیەو، ئەو مەوزوعە دیراسەت دەکات و، دەزانێت میلاکاتی ئەو وەزارەتە چەندە؟، ئەو مودیریەتە چەندە؟ چەند ئالیاتیشی هەیە؟ دوای ئەوە مەوزوعی تەخصیصە لێرە، ئەی باشە ئەگەر پارە نەبێت چۆن ئەو لەلای خۆیەوە دەچێت تەعینی دەکات و دادەمەزرێنێ؟ ئەمە سەبەبەکەیە، بەلاّم بەنیسبەتی ئەوانە جارێکی تر تەئکید دەکەم، ئەوەی کە ئێستا عەقدن ئێمە بیرمان لەوە کردۆتەوەو گەیشتینە ئەو رادەی ئەو نەوعیەتانەی کە دەفع دەدەن بۆ ئیش و کار، ئێستاکە بمێننەوەو هەوڵ بدەین لە زیمنی ئەو میلاکاتەی کە تەرخان کراوە بۆ تەعینات، تەعینیان بکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەو سێ برادەرەی کە ئیقتیراحیان ئەوە بوو ئەو ماددەیە ئیلغا بکرێت، ئەگەر بەردەوامن لەسەر رەئیەکەی خۆیان دەیخەمە دەنگدانەوە، رەنگە یەکێکیان پەشیمان ببێتەوە، لەبەر رۆشنایی رەئی وەزارەتی مالیە ئاگادارم بکەن، کەستان لەو سێ کەسە پەشیمانن، کەواتە موقتەرەحێك هەیە، بەڵێ دکتۆرە شوکریە.

**بەڕێز د.شوکریە رسول ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

با عەقدەکە بمێنێت، بەلاّم موافەقەکە لابرێت.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوە ئەسڵەکەی داواکە موافەقەتەکەیە، خۆی لەڕاستیدا ئیلغاشی بکەین، ئەو ماددەیە ئیلغا بکەین بۆ مەعلوماتتان حکومەت حەقی خۆیەتی داوا لە وەزارەتەکان بکات کە ڕەئی وەزارەتی دارایی وەربگرن، لەبەر ئەوەی ئەگەر پارە نەبێتن چۆن دەتوانێت عەقد بکاتن، بۆیە من ئەو ماددەیە سێ ئەندامی پەرلەمان داوایان کردووە ئیلغا بکرێت، کێ لەگەڵ ئەوەیە ئیلغا بکرێت دەستی بەرز بکاتەوە؟ خۆیان دەستیان بلند نەکرد، کێ لەگەڵ ئەو ماددەیە وەکو خۆی بمێنێتەوە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەزۆرینەی دەنگ وەرگیرا، تکایە ماددەی حەڤدە.

**بەڕێز کریم مجید شریف(جوتیار):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ماددەی حەڤدە:**

پاداشتی فەرمانبەران ساڵانە لە سێ ملیۆن دینار زیاتر نەبێ بۆ تاکە کەسێك و لەناو ئەو تەرخانکراوە پەسندکراوە بێت کە لە بودجە تەرخانکراوەکەدا هاتبێ و بەپێی ڕێنماییەکانی کە وەزارەتی دارایی دەری دەچوێنێ.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**المادة السابعة عشرة:**

لاتزيد المكافأت للموظفين على ثلاثة ملايين دينار سنوياً لشخص واحد وضمن التخصيصات المقررة بالموازنة المختصة وبموجب تعليمات تصدروها وزارة المالية.

لیژنەی یاسایی هیچ تێبینیەکی لەسەر ئەو ماددەیە نییە؟

**بەڕێز د. دلێر اسماعیل حقی شاوەیس:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لیژنەی دارایی پێی وایە ئەو بڕی سێ ملیۆن دینار وەکو پاداشت لە ساڵێك بکات بۆ فەرمانبەرێك زۆرە، لەبەر ئەوە ئێمە پێشنیاز دەکەین بکرێت بە یەك ملیۆن لە ساڵێکدا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

عەرەبیەکە سێ ملیۆن هاتووە، خۆی لەڕاستیدا ئەو سێ ملیۆنە لێرە تەرخان کراوە حەددی ئەقصایەو مولزەمیش نییە، ئەوە بۆ ئەو کەسانەیە کە کەفائەتیان هەیە، زۆر ئیش دەکەن، یەعنی ئیبداعێکیان هەیە، یەعنی ئەوە نییە هەموو فەرمانبەرێك بۆی هەیە ساڵانە ئەو سێ ملیۆنە وەربگرێت، ڕەئی وەزیری دارایی دەپرسین لەسەر ئەو پێشنیارەی لیژنەی دارایی.

**بەڕێز شێخ بایز تاڵەبانی/ وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەم مەوزوعە بە ملیۆنێك هاتە ئەنجومەنی وەزیران، ئەنجومەنی وەزیران هەموو وەزیرە بەڕێزەکان موناقەشەیەکی زۆری لەسەر کراو، داوایان کرد بە کۆی گشتی دەنگ لەویٚ گوتیان ئەگەر حەدی ئەعلایەکە سێ ملیۆن بێت باشترە بەنیسبەتی ئیش و کاری ئێمەو بۆ راپەڕاندنی، چونکە ئەو سێ ملیۆنە لە ساڵێکە، نەك بۆ جارێك بۆی هەیە، بەلاٚم خۆی تەحدیدیش کراوە دەسەلاٚتەکەی وەزیر چەندێکە؟ هەموو جارێك چەند دەتوانێت، بەلاٚم ئەو دەسەلاٚتەی کە پێی دراوە ئەسڵەن رەنگە قەد تەجاوزی سێ ملیۆنەکەش نەکات، بەلاٚم هەندێك حاڵەتیش دێتە پێشەوە سێ ملیۆنەکەش پێویست دەکات.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کەواتە رەئی حکومەت سێ ملیۆنە، رەئی لیژنەی دارایی ملیۆنێکە، ئەگەر کەسێك بەس رەئیەك بداتن، یان پشتگیری رەئی لیژنەی دارایی بکاتن، یان بە عەکسەوە، دوو، سێ کەس قسەی لەسەر بکات، لیژنەی دارایی بەردەوامی لەسەر ئیسرارێت.

**بەڕێز د. دلێر اسماعیل حقی شاوەیس:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر رێگە بدەیت من هەندێك روون کردنەوەم هەیە لەسەر ئەو بۆچوونە، بەڕاستی ئەو پاداشتانەی دەدرێت بە فەرمانبەران ئەمڕۆ لە دامودەزگاکانی ئێمە بەداخەوە پرنسیپێك ون بووە کە پاداشت و لێ پێچینەوەیە، ئەو فەرمانبەرو ئەو دەزگایانەی کە کارەکانیان بە باشی جێ بەجێ دەکەن، وەکو کارەکانیان باش دەکەن وەکو پێویست پاداشت ناکرێنەوە، بەداخەوە ئەوانەی کە کەم تەرخەمیشن وەکو پێویست لێ پێچینەوەیان لێ ناکرێت، ون بوونی ئەم پرەنسیپە بەڕاستی کێشەیەکی دارایی و دواتریش کێشەیەکی کارگێڕی و دواتریش کێشەیەکی دارایی و ئابووری تەنانەت کۆمەلاٚیەتی و فەرەنگیشی لە کۆمەڵگای ئێمە دروست کردووە، ئەمە لە لایەك.

لە لایەکی ترەوە ئەوەی تێبینی دەکرێت ئەو فەرمانبەرانەی پاداشت دەکرێن زیاتر کۆمەڵە کەسانێکن کە لە بازنەیەکی تایبەت نزیکن لە بەرپرسەکانەوە، ئەگینا خەڵکە زەحمەتکێش و خەڵکە ماندووەکە، ئەو کەسانەی بەدڵسۆزییەوە کار دەکەن کەم جار هەیە پاداشت بکرێن وەکو پێویست مافەکانیان خۆیان وەربگرن، بۆیە ئێمە دژی پاداشت کردنی کەسە لێهاتوو و کەسە چالاکەکان نین، بەپێچەوانەوە بۆ چاك کردنی ئەم بارودۆخە، بۆ ئەوەی لەو بازنەیە دەربچی، ئەگەر کەسێك، ئەگەر فەرمانبەرێك، ئەگەر کارمەندێك ئەوەندە لێهاتووەو ئەوەندە بەتوانایە، ئێمە دەتوانین باشتر پاداشتی بکەین بە روویەکی ترەوە پارچە زەوییەکی بدرێتێ، شتەکی تری بدرێتێ، ئەگەر ئەوەندە لێهاتووە توانیویەتی کارێکی واهی بکات دەزگایەك بەرەو پێشەوە بەرێت، بەلاٚم ئێمە لە ساڵێکدا بە هەزاران کەس پاداشت بکەین، هەر یەکە بە

مەبلەغێکی زۆر ملیۆنێـك، ملیـۆن و نیوێـك، دوو ملیـۆن، سێ ملیـۆن، بەڕاسـتی ئەمـە بـڕە پارەیـەکی زۆرو بارگرانیەکی زۆرە بۆ سەر بودجە لە لایەکەوە، لـە لایـەکی تریشـەوە ئـەو فەرهەنگـە زیـاتر دەچەسـپێنێت، ئەمڕۆ وای لێهاتوە کەس لە شوێنی کارەکەی خۆیدا کارەکەی وەکو پێویست جێ بەجێ نەکات، ئەگـەر بێتـو پاداشتێك وەرنەگرێت، فەرمانبەرێك کە واجیبی خۆیەتی کارەکەی جێ بەجێ بکات، داوای پاداشـت دەکـات لە بەرپرسەکەی، ئەگەر بۆی نەکات کارەکەی خۆی وەکو پێویست جێ بەجێ ناکات، لەسەر ئەو پرەنسیپ و لەسـەر ئـەو زانیاریانـە، ئێمـە داوامـان کـردووە ئـەو پاداشـتانە کـەم بکرێتـەوە، ملیـۆنێکیش بەراسـتی بـۆ کارمەندێکی ئاسایی کەم نییە، لەبەر ئەوە داوا دەکەی کە پشتگیری بۆچوونەکەمان بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ئێستا زۆر وازیحە مەسەلەکە، رەئـی حکومـەت کـاك بـایز باسـی کـرد، کـە گـوتی لـە مەجلیسـی وزەرا بەکۆی دەنگ ئیقراری ئەوەیان کردووە سێ ملیۆن دینار بێت، رەئی لیژنـەی دارایـی دەڵێـت ملیۆنێـك بێت، کەسێك پێش ئەوەی بیخەمە دەنگدانەوە خیلافی ئەو دوو رەئیە رەئیەکی تری هەیە، ئەگەر رەئیەکی تری هەیە داوای قسە بکاتن، یان ئەگەر تەئیـدی یـەك لـەو شـتانە نـەکات نایـەوێ، ئەگـەر تەئیـدی دەکـاتن پێویسـت ناکـات، بـەڵام ئەگـەر رەئیـەکی تـر هەیـە، چـونکە هـەردووکیان بۆچـوونەکانی خۆیـان بـاس کـرد، جەنابی وەزیر باسـی کـرد، لیژنـەی داراییـش باسـی کـرد، ئەگـەر رەئیـەکی تـر هەیـە فـەرموو، کـاك کـەمال دەیەوێت قسە بکاتن، فەرموو.

**بەڕێز محمد قادرعبداللە(د.کەمال کەرکووکی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من روون کردنەوەم هەیە لەسەر ئەم خاڵە، بەحەقیقەت ئێمە لەم پەرلەمانـدا، ئـەو پەرلـەمان دێـت سـیقە بەو وەزیرە دەداتن کە بە کارەکەی خۆی هەڵبستێت، ئەو وەزیرە کە مەسئوولە لەو دەزگایەیە، کە متمانەی پەرلـەمانی هەیـە دەزانـێ کارەکـانی خـۆی فەرمانبـەرەکانی چـۆن دەڕواتـن؟ چـۆن کـار دەکـەن؟ بۆیـە ئـەم حەقەی لێ نەسـێنینەوە کـە فەرمانبـەرێکی شـەو و رۆژ بداتـە کـار بیـەوێتن حـافزێکی بـداتێ، ئێمـە باسـی بەشی تەندروستیمان کرد کە حافز هەبێت بۆ دکتۆرەکان، بۆ فەرمانبەرەکان بتوانن کارەکەی خۆیان بکەن، ئێستا سەدێکی بۆ دابنێین، زۆر زۆر ئەگەر ئەنجومەنی وەزیـران ئـەو سـێ ملیۆنەشـی تەحدیـد نـەکرد، مـن داوام دەکرد زیاتر دەسەڵاتیان هەبێت، بۆیە ماددەکە وەکو خـۆی پشـتیوانی لـێ دەکـەم و بدرێتـە دەنگـدان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

موقتەرەحی لیژنەی دارایی کـە دەڵێـت سـێ ملیۆنەکـە بکرێتـە یـەك ملیـۆن کـێ تەئیـدی ئـەو موقتەرەحـە دەکات دەستی بەرز بکاتەوە؟ (36) دەنگە زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بـەرز بکاتـەوە؟ (36) کـاك کەمال و کاك فرسەت لەگـەڵ حکومـەتن بـووە (38) دەنـگ، کەواتـە رەئـی حکومـەت دەخـوا، بـە رەئـی دوو ئەندامی سەرۆکایەتی موقتەرەحەکەی لیژنەی دارایی پەسند نەکرا، بەڵێ کاك محەمەد فەرەج.

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر ئەوە تاك نەبوو، جەمع بوو مەسەلەن من فەریقێکی تۆپانێ بووم، یەعنی هەر ئەوە بێت، من پێم باشە یەعنی شەخصێك، لەگەڵ موئەسەسەیەك جاری وا هەیە تۆ یەعنی موکافەئەی موئەسەسەیەك بکەیت، خۆ ناتوانی ئەوکاتە، دەڵێی تۆ سێ ملیۆن.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوە بۆ فەرمانبەرە، ئەگەر شتێکی وا هاتە پێشەوە دەبێت بەپێی دەسەلاَتی وەزیرو ئەنجومەنی وەزیران یەکلا دەکرێتەوە، ماددەکە وەکو خۆی دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەزۆرینەی دەنگ وەرگیرا، تکایە ماددەی هەژدە.

**بەڕێز کریم مجید شریف(جوتیار):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی هەژدە:

سەرۆکی فەرمانگەی یەکەی خەرج کردن لێتوێژینەوەی لەگەڵدا دەکرێ بەپێی بنچینە یاساییەکان و ڕێنماییە جێبەجێ کراوەکانی، لەوانەی دوا دەکەون لە پێشکەش کردنی ژمێریاریی کۆتایی بۆ ساڵی 2009 بۆ فەرمانگەکەیان دوای جێبەجێ کردنی یاساکە.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة الثامنة عشرة:

يحال رئيس الدائرة لوحدة الانفاق الى التحقيق وفق القواعد القانونية والتعليمات النافذة الذي يتخلف عن تقديم الحسابات الختامية لسنة 2009 لدائرته بعد نفاذ القانون.

لیژنەی یاسایی لەگەڵ دەقی ماددەکەدایە، سوپاس.

**بەڕێز د. دلێر اسماعیل حقی شاوەیس:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لەبەر ئەوەی دەقە کوردیەکمان بە ئەساس وەرگرتووە، تەنها تێبینیەکی بچووکمان هەیە ئەویش وشەی (لێ توێژینەوە) هاتووە بکرێت بە (لێکۆڵینەوە) زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

عەرەبیەکە لێکۆڵینەوەیە (تحقیق)، ماددەکە شتێکی ڕۆتینیە، دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ وەرگیرا، صیاغەکەی چاك بکەن، تکایە ماددەی نۆزدە.

**بەڕێز كریم مجید شریف(جوتیار):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی نۆزدە:

لێبوردنی ئەو كۆمپانیایانەی گرێبەستیان لەگەڵ حكومەتی هەرێم و دەزگاكانیدا مۆركردووە لەسەر ئەو بەرنامە وەبەر هێنانەی لەهەموو باج و ڕەسمێكی پوول كە دەكەوێتە سەری لەهەرێمدا لەئەنجامی كارە ناوبراوەكانی و لەچوارچێوەی گرێبەستەكە.

**بەڕێز كریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

المادة التاسعة عشرة:

اعفاء الشركات المتعاقدة مع حكومة الاقليم ومؤسساتها على مشاريع المناهج الاستثماري من جميع الضرائب والرسوم بضمنها رسم الطابع المترتبة عليها في الاقليم نتيجة اعمالها المذكورة وفي اطار العقد.

لیژنەی یاسایی لەسەر ئەو ماددەیەش هیچ تێبینی نییە.

**بەڕێز د. دلێر اسماعیل حقی شاوەیس:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لیژنەی داراییش هیچ تێبینی نییە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

من پرسیارێك دەكەم وابزانم لە قانونی ئیستیسمار هەیە، نییە.

**بەڕێز عثمان شوانی/ وەزیری پلاندانان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ببوورە، ئەوە پەیوەندی بە مەشاریعی ئیستیسماری لەسەر میزانیەی دەوڵەت، تەنها ئەوەیە ئەو مقاولانەی كە مەشروعێك جێ بەجێ دەكەن، پێویستی بە بۆڕیە، پێویستی بە شیشە، پێویستی بە هەر ماددەیەكە تەسیهلاتی بۆ دەكات، ئیعفا دەكرێت لە گومرگ و لە زەریبە، یەعنی مەبەستەكە ئەوەیە، نەك مەشاریعی تر لە یاسای ئیستیسمار خۆی عەفو كراوە.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

دەبێت بە قانون بێت كەواتە، زۆر سوپاس، كاك ڕەشاد فەرموو.

**بەڕێز رشاد احمد ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەو پرۆژە یاسایە قانون تەنفیزی بودجەیە، هەتا نیهایەتی ساڵ كاری پێ دەكرێت، ئەوەی بەڕێز وەزیری پلاندانان ئیشارەتی پێ كرد، دەكرێت لە ئەسڵی تەندەرەكەی ئیعلان دەكەن، ئەو مەشاریعانەی زیمنی

مەشاریعی ئیستیسماری حکومییە لەناو تەندەرەکەی بڵێن ئەو مەشروعە ئیستیسنا دەکرێت لە زەرائیب، لە روسومی گومرگی، نەك بێتە ئێرە، ناکرێت لێرە دەمج بکرێت ئەوە بە هیچ شێوەیەك، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەگەر ئیعفای زەریبە بە عەقد ناکرێت، ئەگەر نەصێکی قانونی نەبێتن ناتوانێتن هیچ تەرەفێك ئەو عەقدە بکاتن، ئەو بەندەی بخاتە ناو عەقدەکەوە، کاك سەردار فەرمووو.

**بەڕێز سەردار صباح بۆزۆ هەرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بابەتی ئیعفا کردنی کۆمپانیا لە باج و رسوم، منیش پێموایە کە هیچ پەیوەندییەکی بە یاسای بودجە نییە، بەڵکو پەیوەندی هەیە بە یاسای کۆمپانیاکان، یاسای ئیستیسمار، هاتنی لەنێو ئەو یاسایەدا، من پێموا بێت یاساکە لەنگ دەکاتن، بۆیە پێشنیار دەکەم ئەگەر حکومەت پێی وا بێت شتێکی باشە ئیعفا کردنی ئەو شەریکانە با داوا بکاتن یاسای ئیستیسمار هەموار بکرێتن، هۆیەکانیش بۆ پەرلەمان دیار بخرێت، هەرچەندە من لەگەڵ ئەوە نیم، بەڕاستی ئیعفا بکرێت، لەبەر ئەوەی پێوەری سەرەکی ئەو کۆمپانیایانە ربحە، ئەگەر حکومەت مەبەستی ئەوەیە تەشجیعی قیتاعی خاص بکات، تەشجیعی ئیستیسمار بکات، بەڕاستی هەر ئەوە نییە بە ئیعفا کردنی لە زەرائیب و رسوم، بەڵکو بە قەرزە، بە لابردنی رۆتینە، بە چارەسەر کردنی ئیحتیکارە، بە زۆر خاڵی دیکەیە، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

پێش ئەوەی لە قسە کردن بەردەوام بین، من پرسیارێکم هەیە، ئایا مەقصەدتان بۆ ئەو ساڵیش بوو، بودجە بۆ ئەو ساڵە، ئەگەر بیخەینە ئێرە ساڵێکی تر بودجە قانونێکی تر دەبێتن، یەعنی ئەگەر بۆ ئەمساڵ بێتن راستە، بەس ئەگەر مەبەستتان عام بێت، دەبێت مەشروعێکی قەرارێك، قانونێکی پێ دەربچێتن، یەعنی ئەو قانونە بۆ بودجەی ئەمساڵە، ئەو ماددەیەی کە تێدایە یەعنی بۆ یەك ساڵ دەبێتن، ئینجا ئەگەر عامە دەبێت مەشروعی قەرارێك بێت قانونی پێ دەربچێتن، مەشروعێك بێت لە حکومەتەوە تایبەت بەوە، بۆ ئەوەی پاشی کۆتایی ساڵ، فەرموو کاك عوسمان.

**بەڕێز عثمان شوانی/ وەزیری پلاندانان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکەی جەنابت راستە، ئەگەر بێتو بە بەردەوامی بیکەین، ئێمە بۆیە ئەوەمان داخیل کردووە، کە ساڵی پار ناروونیەك هەبووە لەگەڵ هەندێك لە موقاولەکان کە تووشی کێشە بوونە، عادەتەن ئینسان لە ئەنجامی جێ بەجێ کردنی مەشاریعەکاندا ئەو کێشانەی دێتە پێش و تۆ هەوڵ دەدەیت لە کۆتایی ساڵدا، یان لە بەرنامەی ساڵی داهاتوو بۆی موعالەجە بکەیت، یەکێك لە موعالەجەکانی ئەوە بووە کە خەڵك داوا دەکات دەڵێت من دەچم مەوادی ئیستیلام دەکەم بۆ مەشروعەکەم، داوای عەفو دەکات لە زەرائیب و گومرگ،

**جەنابی سەرۆکی پەرلەمان، بەس دەمەوێت تەنها روون بکەمەوە بەتایبەتی بۆ کاك سەردار کە محامییەو قانونیە دەبێت وازیح نووسیمانە بە عەرەبیەکەی (اعفاء الشرکات المتعاقدة مع حکومة الاقلیم ومؤسساتها علی مشاریع المناهج الاستثماری) زۆر بە موحەدەدی گوتمانە، (مشاریع المنهاج الاستثماری)، مەناهاجی ئیستیسماری ئەوەیە کە ئەو پرۆژانەی لەناو ئەو بودجەیەدا کە موصادەقەی لەسەر دەکرێت، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**ناتوانین جوملەیەك بڵێین (لهذه السنة)، دکتۆرە هالە.**

**بەڕێز د.هالە سهیل وادی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ئەو منهاجە بۆ تەحدیدی بکەین؟ هەر بڵێین (علی المشاریع الاستثماریة) مینهاجەکە تایبەتمەندی دەدات، سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**کاك عومەر فەرموو.**

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**من لەگەڵ ڕێزمدا بۆ ڕەئیەکەی کاك عوسمان هاوڕام لەگەڵ ئەو ڕەئیەی کە کاك سەردار باسی کرد، ئەسڵەن ئەم ماددەیە لێرە من بە زیادی دەزانم وەکو جەنابیشت تەوزیحت پێدا ئەمە یاسای بودجەی ساڵی 2009یە، واتا مەفعولی ئەم یاسایە تەنیا بۆ ساڵی 2009یە، ساڵیش بە تەئکید هەر ڕۆیشتووە خۆشی لە پێنج، شەش مانگی دیکە هەر یاساکەش مەفعولی نامێنێت و کۆتایی پێ دێت، ئەمە لە لایەك.**

**لە لایەکی دیکە، ئێمە لە یاسای ئیستیسماردا باسمان لە ئیعفای شەریکات و مەستەسمرین کرد لە رسوم و زەرائیب و ئەمانە، ئەم قانونە قانونێکی عامە قانونی میزانیە، قانونی ئیستیسمار قانونی خاصە بەگوێرەی (قانون خاص یقید عام)ە، بە واتا بە وجودی ئەم ماددەیە لێرە زیادە، ئەمە لە لایەك.**

**لە لایەکی دیکە وەکو کاك سەردار باسی لەسەر کرد، ئەگەر ئەم یاسایە بمێنێتەوە لەنگ دەبێت بە چی؟ بەوەی مەسائیلی گومرگی، رسومی گومرگ و زەرائیب، ئەمە لە سەلاحیەتە حەصریەکانە، حکومەتی ئیقلیم ئەگەر بیەوێت ئیعفایان بکات، وەکو جەنابت باست لەسەر کرد، دەبێت یاسایەکی تایبەتی بۆ دەربکات، نابێت لێرە بە ماددەیەك باسی لەسەر ئەوە بکات لە رسومی گومرگی لە رووی زەرائیب ئیعفا ببن، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**دکتۆر کەمال پرسیارێکی هەیە.**

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پرسیارێکم بۆ ئەو وەزیرە بەڕێزانە هەیە، کە شەریکەیەك دێت عەقد دەکات لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان، لەوانەیە مەشروعەکەی بە ساڵێك تەواو نابێت، بەلاّم ئێمە لێرە حەقمان هەیە لێرە ئەگەر قەبولیشی بکەین ساڵێك تەصدیقی موازەنەی ساڵی داهاتوو کە پەرلەمانێکی دەیکات، لەوانەیە قەبولی نەکات، ئینجا ئەو شەریکەیە تووشی تەناقوز دەبێت، بۆیە ئەمە نازانم یان جێگای لێرە نییە، یان حەلێکی تری بۆ بدۆزنەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

من پرسیارەکە تازە دەکەمەوە، بۆ ئەوەی زیاتر روون بێت، ئەگەر مەقصەدتان ئەو مەشاریعانەی کە حکومەت خۆی تەنفیزی دەکات بە رێی مقاول، عەقدەکە لەگەڵ مقاولە ئەوە راستە لێرە بێتن، ئەگەرنا وەکو کاك سەردارو کاك عومەریش گوتیان ئەوە لێرە جێی نییە، کاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە قەناعەتی من مەنهاجی ئیستیسماری شتێکە، مەشاریعی ئیستیسماری شتێکی ترە، مەنهاجی ئیستیسماری ئەو مەشاریعەیە لە زیمنی موازەنە هاتووە، ئەو بڕگەیەی کە ئێستا لێرە هاتووە بۆ مەنهاجی مەشاریعی ئیستیسماری هاتووە، ئەوەی دووەم، بەنیسبەت قانونی ئیستیسمار ئەوە بەنیسبەت مەشاریعی ئیستیسماری هاتووە کە ئیعفامان دەداتێ چ بەنیسبەت زەریبەی دەخل، چ بەنیسبەت ئەو مەوادانەی  کە لە دەرەوە دەیهێنێ، بۆیە بە قەناعەتی من نەصەکە لە جێگای خۆی هاتووە شمولی مەشاریعی مەنهاجی ئییستیسماری دەکات و ساڵ بە ساڵیش تەجدید دەکرێتەوە، شەریکاتەکەش مەقصود ئەوەیە شەریکەی ناوەوەو دەرەوەیە، ئەوانەی ئەو مەشاریعانە تەنفیز دەکەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عوسمان فەرموو.

**بەڕێز عثمان شوانی/ وەزیری پلاندانان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو تەوزیحەی کاك شێروان 100٪ راستە، ئێمە باسی مەنهاجی ئیستیسماری دەکەین کە لێرە هاتووە، ئەو ئیشەش لە رێگای قانونێك دەکرێت، لە رێگای شروتی عامی مقاولی عێراقی دەکرێت، شروتی عامی مقاولاتی عێراقیە کە عەقد لەگەڵ مقاول دەکات بەپێی ئەوە ئیشی لەگەڵ دەکرێتن، ئەویتریان قانونی ئیستیسمارە، قانونی ئیستیسمار جیاوازە، بۆ ئەو کەسەیە کە دێت پارەی خۆی ئیستیسمار دەکات لەولاّتدا، بەپێی قانون دەکات، ئەوەی ئێستامان قۆنتراتە، لەگەڵ هەر کەسێك کە مەشروعێك جێ بەجێ دەکات بۆ

هەرێمی کوردستان لەسەر بودجەی دەوڵەت، لەسەر بودجەی حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئەوەیە ئێمە بە موحەددەدی، بۆیە پێمانوایە زۆر لە شوێنی خۆی هاتووە ئەو داواکارییە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ڤیان دزەیی فەرموو.

**بەڕێز ڤیان احمد خضر پاشا:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لەگەڵ ڕەئیەکەی کاک سەردارو کاک عومەر بووم، بەڵام پاشان کە کاک شێروان ڕوونی کردەوە، مەسەلەکە تێگەیشتم کە چیە، ئەوە یەك.

بەڵام من پێشنیازێکم هەیە نووسیمە بۆ لیژنەی یاسایی بۆ دانانی باج و رسومیات، ئەگەر بێتو گومرگ لە سەڵاحیاتی مەرکەز بێت کەوا حەصری بێت، بەڵام ئێمە ئالیەتێك بدۆزینەوە بۆ دانانی سیاسەتی رسومات بکەین لەسەر هەموو کاڵاو بەروبوومێکی کەوا هەمان کواڵێتی هەیە، بەڵام هەرزانترە لە کوردستان، پێداچوونەوە بە رسوماتمان بکەین، چونکە رسومات بەپێی ماددەی (110)ی لە حەقی هەرێمە دەتوانین پێداچوونەوە بە رسوماتمان بکەین و بیخەینە ناو بەرنامەمان، بۆ ئەوەی رسومی نوێ دابنێین، بەتایبەتی ئەو دائیرەو فەرمانگانەی کەوا خەدەماتیان هەیە، دەتوانێت داهاتەکانیان بە ڕێکوپێکی بێتە ناو بودجەی هەرێمی کوردستان وەرگرین، لێرە داهاتی زیاترمان دەبێت غەیرە نەوت، کەوا زیاتر بەو شێوەیە بە هەمان ئاست بتوانین بەهێزتر بین و بەهێزتر بچینە ناو بودجەی گشتی مەترسیمان نەبێت ئەوەندە لە بودجەی عێراق، کە هەمیشە چاومان لە بەغدایە، لێرە من پێشنیار دەکەم کەوا ئالیەتێك بدۆزرێتەوە بۆ دانانی باجی خزمەتگوزاری کەوا پرۆژە یاسایەك پێشکەشی لیژنەی یاساییم کرد دانانی رسومی خەدەماتی پزیشکی لەسەر بەروبوومی تووتن، کە ئەو پرۆژە یاسایە لە نیهایەتی مانگی نۆی 2008ەوە پێشکەشی لیژنەی یاساییم کردووە، ئێستاکە پێشنیاز دەکەم ئایا دەتوانین ئەو پارەیەی کەوا دەستی دەکەوێت بخرێتە سندوقێك، بخرێتە ژێر چاودێری وەزارەتی تەندروستی، بەتایبەتی بەناوی رسمی خزمەتگوزاری پزیشکی بەرامبەر ئەو خزمەتگوزارییە تەندروستیانەی کەوا هەرێم دەیگرێتە ئەستۆی لەو خەرجیە پزیشکیانەی کە بۆ چارەسەری هەزاران نەخۆشی و تووشبوانی نەخۆشی کەوا لە ئەنجامی ئەوە دەبێت.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

دکتۆر ڕەمەزان فەرموو.

**بەڕێز د. رمضان عبدالرحمن محمد رضا:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو پرۆژەیە کە دابین دەکرێت لە حکومەتەوە دیراسە دەکرێت تەکلیفەکەی لەسەر ئەسعاری بازاڕی خۆماڵییە، سعری بازاڕی خۆماڵیش هەموو ئەو مەوادانە رسومات و گومرگی لێ دراوەو ئەو پرۆژانە، ئینجا تەندەری بکرێت بۆ مقاولەکان حیساب دەکرێت، کاتێك کە ئەم لە دەرەوەش شتەکان دەهێنێت ئەم قانونەی

ئێمە وەکو ئەوە بێت، بەس بمانەوێت بەڵێندەر کۆمپانیاکان قازانج بکەن، ئەی چ حیسابێك بۆ دەوڵەت و بۆ میللەت بکەین؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

راستیەکەی یەك شت دائیمەن لە لای هەندێك ئەندامی پەرلەمان، نەك هەر لە لایەن پەرلەمان، بەڵکو لە لایەن هەندێك کەس کە پسپۆڕن لە تەلەفزیۆن رەئی خۆیان دەڵێن و وتار دەنووسن، خاڵێك هەیە یەعنی زۆر جار لە تەفصیلات بێت، یان بێ ئاگایی بن لە تەفصیلات دەکەونە هەڵەوە، هەتا لێرەش کە ئێستا باسی ئەوە دەکەین دەڵێن ئیعفا نەکرێتن، یان ئیعفا بکرێتن، یەعنی ئەگەر بێتو ئیعفا نەکرێت، ئەو پارەیە دەچێتە سەر عەقد، تەئسیری هەیە، ئەو عەقدەی کە حکومەتی هەرێم دەیکات لەگەڵ ئەو جیهەتەی، ئەگەر ئەو ئیعفایەی تێدا بێت پارەکە کەمترە، ئەگەر ئەو ئیعفایەی تێدا نەبێت، داوێتە سەر عەقدەکە، دواتر زەریبەکەش مەحسوب دەبێتن لەسەر ئێمە، دەچێتە سەر میزانیەی عێراق، لەوێوە حیساب دەکرێتن لە بڕی پارەی بودجەمان دەبڕن، یەعنی من خۆشم نەمدەزانی بۆ ئەوەی هین نەکەم، واریداتەکان لە وەزارەتی دارایی بۆی ناردوون و ئەوانە، زەریبەی دەخل، زەریبەی عەقار، گومرگ، ئەوانە هەمووی حیساب دەکرێتن لە موازەنە لەو $17$٪ی ئێمە دەبڕن، لەبەر ئەوە لە مەقالەیەك نووسراوە دەڵێتن ئەو داهاتانەو گومرگ و زەریبانە بۆ کوێ چوو؟ پێش ئەوە بنووسێتن لە لیژنەی دارایی خۆمان بپرسێتن، بچێت لە وەزارەتی دارایی بپرسێتن، بەڕاستی من خۆشم نەمدەزانی، ئەو مەسەلەیان چۆن حەل کردووە؟ چونکە بەغدا داوای دەکردو چوونە سەر ئیبراهیم خەلیل، چوونە سەر نوقاتی گومرگییەکان، حیسابیان کرد، کەشفیان کردو فەرمانبەری خۆیان نارد، ئەمە تاکو ئێستاکە هەمووی دیارە کەباسێك دەکرێت لەو بابەتانە، ئێمە ئەگەر دەسەڵاتمان هەبێتن ئەو ئیعفایە بدەین بەپێی دەستوورو ئەوانە، کارێکی زۆر باشە تەئسیر دەکاتن لەسەر بڕی عەقدەکەی کردووە لەگەڵ ئەو شەریکەیەی کە دەیکات بۆ حکومەتی هەرێم، حەز دەکەم جەنابی وەزیریش، یان کاك رەشید دەیەوێت تەوزیحێك بدات، پێش ئەوە کاك رەشاد نوقتەی نیزامی هەیە.

**بەڕێز رشاد احمد ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هێنانی مەواد لە دەرەوە بەناوی وەزارەتەکان بێت، بەناوی حکومەت بێت، ئەوە مەعفییە، لێرە باس باسی مقاول و شەریکاتە، ئەوانە ئەگەر زەرائیب نەدەن، قانون زەریبە لە $15$٪یان لێ وەردەگرێت مەقتوعە، مەساریفیان کە میزانیە تەقدیم دەکات، ئەمە لێرە موداخەلەك دەبێتن لە قانونی زەریبەش، خۆی دوو شەقە، شەقی یەکەم بەناوی حکومەت هەر شتێك لە دەرێ بێت، ئەوە مەعفیە دەوائیری گومرگی هیچی لێ وەرناگرێتن، زەرائیبیان لێ وەرناگیرێت، بەڵام ئەوەی مقاول پێی هەڵدەستێت مەفروز نییە لێرە ئیعفا بکرێتن، مولاحەزەکە ئەوەیەو زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**كاك ڕەشید فەرموو.**

**بەڕێز رشید طاهر/ بریكاری وەزارەتی دارایی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**ئەو قانونە لە قانونی موازەنەی عێراقیش ژی هاتیە، مەعقول نییە ئەو مادده هاتووە بە سەراحەت، نەفسی نەصمان نەقلی ئەو قانونە كردووە، مەعقول نییە ئەو مەشاریع ئیستیسنا بكات لە رسوم و زەرائیب، ئێمە ناحیەكی قانونیمان نەبێتن ئیستیسنا بكەین، لەبەر ئەوە كردیتمان، ئینجا جوابێكی زۆر تەوزیحتدا.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**ئەوە مەعلومەیەكی تازەیە، تەئسیر دەكاتن لەوەی كە هین بكەین، حكومەتی عێراقی لە موازەنەی خۆی ئەو شەریكاتانە لەگەڵ حكومەتی ئیتیحادی تەعاقود دەكاتن لەو زەریبەو رسومانە عەفویانی كردووە، باشە ئێمە بۆ عەفوی نەكەین و پارەكە بگەڕێتەوە ئەوێ، هەمان شتە ئەو حەقەی ئەوان داویانەتە خۆیان، كەواتە قوەی قانونی ئەو قەرارە بەقوەتترە، بەڵێ كاك شێخ بایز فەرموو.**

**بەڕێز شێخ بایز تاڵەبانی/ وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**دیارە زۆر جار هەر باسی ئەوە دەكرێت وەكو جەنابیشت باست كرد لە رۆژنامەكاندا راست كراوە بەنیسبەتی داهاتەكان، من دەمەوێت هەندێك روون كردنەوە بدەم، جارێك لیژنەیەك هات لیژنەیەكی زۆر باڵا بوو لە زەرائیب و مودیر عامی زەریبە، مودیر عامی گومرگ، مەجموعەیەكی زۆر زۆری مەسئوولین لە بەغداوە هاتن و چوون لە ئیبراهیم خەلیل مانەوەو دیراسەتی هەموو شتەكانیان كرد، یەعنی زۆر بە وردی ئەو شتانەی ئەوێیان بینی، دوایێ هاتنە باشماغیش وەكو مەنفەزێكی رەسمی، بە هەمان شێوە بە حاجی ئۆمەران وەكو مەنفەزێكی رەسمی، ئەمانە هەمووی گەڕان بەنیسبەت داهات و تەرحیلی وسوڵات و ئیخراجی موستەنەداتی سەرف و ئەوانەیان هەموو بینی، بەڕاستی ئەوە راپۆرتەكەیان مەعلومەو ئێستاكە هەیە، ئەسڵەن زۆر رازی بوون لەو وەزعەی كە هەیە ئێستاكە لە مەنفەزەكانی ئێمە لەو رووەوەو، بەنیسبەتی داهاتەوە بۆ وەڵامدانەوە من دەمەوێت ئەمانە بەوردی هەندێك شت هەیە راستی بكەم، ئێمە ساڵی 2004 (64447888) پارەیان لێمان بریوە، ساڵی 2005 (85936680) پارە، ساڵی 2006 (57819199) پارە، ساڵی 2007 (204712500) پارە، ساڵی 2008 (212440337) پارە، تا ئێستا كۆی (625356604) پارەیان لێمان برێوە، بەنیسبەتی داهاتەوەو تەفاصیلەكانی لێرەیە لە زیمنی میزانیەی موراجەعاتدا دەركەوتووە، كە چووە بۆ بەغدا مەقاصەیان پێ كردووە بە یەك وەجبە ئەمانەیان**

له بودجەی ئێمە بڕیوە، ئەو رسوماتانەی کە ئێستا باس دەکرێت، هەندێك شت هەیە کە گوایە داخیلی میزانیە نەناردراوە بۆ بەغدا، ئەوانە رسوماتی بەلەدییە، ئێمە دوێنێ تەوزیحماندا بەلەدییە خۆی قانونێکی تایبەتی خۆی هەیە، ئێمە لەسەرمانە دەعمیان بکەین، هەتا رسومات دەگەڕێتەوە بۆ خۆیان، ئوجوری خەدەمات و غەرامات، ئەمانەش بەنیسبە دابەش دەکرێت، مەسەلەن لە صحەدا هەیە، هەتا لە مروریشدا هەندێك هەیە لەو بابەتانە، ئەمە نیسبەتێکی دەگەڕێتەوەو دەچێتەوە ناو میزانیەی وەزارەتی دارایی حکومەتەوەو، نیسبەتێکی بۆ خۆیان سەرف دەکرێت بۆ ئاگاداری جەنابتان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا ئەگەر سورن لەسەر ئەو موقتەرەحەی کە ئەوە جیا بکرێت، کاك رەشادو کاك سەردار، کاك عومەریش تەئیدی کردەوە، موقتەرەحێك هەیە دەڵێت ئەو ماددەیە زیادە ئیلغا بکرێت، جەنابی وەزیر شەرحی کرد هۆکارەکانی، بەوەشەوە کە لە موازەنەی عامەشدا هاتووە، دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ تەئیدی موقتەرەحی ئەو سێ ئەندامی پەرلەمان دەکات، کە دەڵێت ئەو ماددەیە ئیلغا بکرێت دەستی بەرز بکاتەوە؟ (21) دەنگ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ (30) دەنگ زۆر سوپاس، بەزۆرینەی دەنگ وەکو خۆی دەمێنێتەوە، جارێکی تر دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەزۆرینەی دەنگ وەرگیرا، تکایە ماددەی بیست.

**بەڕێز د. دلێر اسماعیل حقی شاوەیس:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە پێشنیازێکمان هەیە بۆ ماددەیەکی نوێ بەو پێیە تەسەلسولی ماددەکان تێك دەچێت، ئەگەر رێگامان بدەن بیخوێنینەوە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

جارێ ئەوەلەن بیخەنە ماددەیەك 20٪ەکەی کە دەنگمان بۆدا کەمکردنەوەی بودجەی مەنافیعی ئیجتیماعی لە هەرسێ سەرۆکایەتیەکە، ئەوە ماددەیەکە لە شوێنی خۆیدا جێگای دەبێتەوەو صیاغە بکرێتن، بەڵێ ئێستا موقتەرەحی تازەت چیە؟

**بەڕێز د. دلێر اسماعیل حقی شاوەیس:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لیژنەی دارایی و ئابووری پێشنیاز دەکات، کە لە دوای ماددەی (19) ماددەیەك زیاد بکرێت بەناوی ماددەی (20) بەم شێوەیەی خوارەوە دابڕێژرێتەوە:

(وەزارەتی دارایی پێشینەی خانووبەرە (سلفة عقار) بۆ هاووڵاتیان دابین دەکات بەپێی رێنماییەکان).

بـەم پێیـەش مـاددەی (21) بـە هـەمان زنجـیرە ئەمێنێتـەوەو مـاددەی (20) دەبێـت بـە مـاددەی (22) و، زنجیرەی ماددەکانی دوای ئەوە بەو پێیە دەگۆڕێت.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

پارەکەش ئەوەمان هەبوو، بەڵام موفتەرەحەکە ئەوە نەبوو، موفتەرەحەکە ئـەوە بـوو کـە لەسـەر وەحـدەی سەد مەتریش ئەو سولفەیە بدرێت و لە دێهاتیش، یەعنی لە دەرەوەی ئەو موفتەرەحە وا هاتووە، ئەگـەرنا بۆ داخیل پارەکە کرا بوو، دەڵێت ئەگەر ئیزافەی ئەوەش بکەین بە رەچاو کردنـی شمـولی ئەوانـەش بکاتن لە سەد مەتر دەکەن و لە لادێش، یەعنی رەچاوی ئەوە بکرێت، هینەکە بدرێت، کاک دڵشاد فەرموو.

**بەڕێز دڵشاد عثمان/ بریکاری وەزارەتی دارایی/سلێمانی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی کاک بـەڕێز دکتـۆر دلێـر دەڵێـت بـەپێی ڕێنماییـەکان، ئێمـە پـار پێشینەکەمان بـە قـانونی موازەنـە دەرچووە، هی ساڵی 2008 و، ڕێنماییشـمان بـۆ دەرکـردووە، لەبـەر ئـەوە بـە رەئـی مـن تەحصـیل حاصـلە، مەسەلەی گوندەکان، ئێمە گوتمان و شەرحمان کرد لە توانای حکومەتی هەرێمـدا هەیـە ئەمسـاڵ پێشـینەی خانووبەرە بۆ گوندەکان خەرج بکات، ئێستا تەنانەت کێشەمان لە هەڵەبجە هەیە ئیفـرازی زەوییـەکانی نـاو هەڵەبجە تەواو نەبووە، چونکە تۆ مەسەرەفی عەقاری دەدەیتێ، دەبێت زەویەکەی حجز بکەیت، خانووەکەی حجز بکەیت لەپێناوی خەرج کردنی پێشینەکە، لەبەر ئەوە لەم قۆناغـە بـە رەئـی مـن نـەتوانای دارایيمـان هەیە، نە وەسائیلی قانونیش فەراهەم کراوە بۆ ئەوەی ئەوە جێ بەجێ بکرێت و سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەگەر وا بێت کە توانای داراییت نەبێت، ناتوانیت تۆ شتێك بکەیت و ئەوانە، بەڵام ئەگەر ناکرێتن بخرێتە تەوصیات باشە، کاك دلێر.

**بەڕێز د. دلێر اسماعیل حقی شاوەیس:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لیژنەی دارایی و ئابووری پێشنیازەکەی تەنها سەبارەت بـە تەسـبیت کردنـی پێشـینەی خانووبەرەیـە وەکو پار، بۆ ئەوەی ئیلزامێکی قانونی هەبێت بەڕاستی بەنیسبەت حکومەتەوە بیدات، ئیتر ڕێنماییـەکان هەیـەو بەردەوامە ئەمـە باشـترە، دەڵێین ئیلزامێکی قـانونی هـەبێت، وەکو تەوصیات سـەبارەت بـە شـتی تـر ئێمـە تەوصیاتمان هەیـە لەگـەڵ لیژنـەی یاسایی هەنـدێك تەوصیاتمان هەیـە ئامادەمـان کـردو، دوایـێ دەخەینـە بەردەمی بەڕێزتان.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەگەر ئەو ماددەیە وەکو خۆی لەناو یاساکەدا دەبێتن، مادام خۆیان هەیانەو ڕێنمایی باشە، ئەویتر هی سەد مەتریەکەو دەرەوەی هین ببێتە تەوصیات بەپێی ئیمکانیاتی حکومـەتی هـەرێم بخرێتـە بەرنامـەی ئەگـەر پارە بوو ئەوە هین و ئەوانە، دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەسـتی بـەرز بکاتـەوە؟ زۆر سـوپاس، کـێ

ئەو موفتەرەحەی لیژنەی دارایی و ئابووری دەڵێت ئەو ماددەیە ئیزافە بکرێتن حکومەت خانووبەرە دابین بکاتن بەپێی رێنماییەکان، قسەتان هەیە، کاك کەریمیش وەکو لیژنەی یاسایی رەئی هەیە لەسەری فەرموو.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەبەر ئەوەی یاسای موازەنەی ساڵی پار کۆتایی پێهاتووە، ئەوە یاسایەکی نوێیە، پێمان باشە هەمان ئەو پێشنیارەی کە لیژنەی دارایی کردوویەتی، ئێمەش وەکو لیژنەی یاسایی پشتیوانیان لێ دەکەین کە دووبارە بکرێتەوە لەو یاسایەداو، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەگەر ئەوانەی کە داوای قسەیان کردووە خیلافی ئەو قسەیان هەیە، ئێستا بووە موفتەرەحی هەردوو لیژنە، ئەوانەی کە قسەیان کردووە خیلافی ئەوەیان هەیە، جەنابی وەزیر رەئیت چیە؟

**بەڕێز شێخ بایز تاڵەبانی/ وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر ئێوە باسی لێوە دەکەن ئێمە بە تەما نەبووین لە 2010شەوە ئەوە رابگرین بەڕاستی، بەنیسبەت ئەوە قەرار دراو ئێمە ئێستا دەتوانین لەسەری بەردەوام بین و هەر بەردەوامیش دەبین.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر چاکە، کەواتە حکومەتیش تەئیدی دەکات، سۆزان خان دەڵێی رەئیەکی ترت هەیە، فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من ئەو رۆژە کە تەرحیشم کرد، من دەزانم حکومەت ئەو بەرنامەی هەیە هەتا 2010، بەلاّم ئیقتیراحەکەی من ئەوە بوو رێنماییەکان یەك نییە، لە هەولێر بەهۆی ئەوەی شارەوانی ئیفرازی ناکات هی سەد مەتری، ئێمە کێشەی سەد مەتریەکانمان هەیە، یەعنی ئەگەر لەناو رێنماییەکان، یاخود ئێستا لەناو ئەو ماددە یاساییە، یەعنی ئەو خەڵکە فەقیرو هەژارە بەو شێوەیە کە بیەوێت خانوو بکات، کێشەیەکی نیشتەجێ بوون چارەسەر بکەیت، دەتوانیت لەناو ئەم یاسایە ئیجبار بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

رەئیتان هەیە لەسەر ئەو قسەیە، فەرموو.

**بەڕێز شێخ بایز تاڵەبانی/ وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە حاڵەتی فەنی لە وەزارەتی شارەوانی لێرە جیاوازە، بەنیسبەتی سلێمانیەوە، لێرە ئەو پارچە زەویانەی ئیفرازی بۆ ناکرێت، من پێموایە ئەوە مەوزوعێکی فەنییەو عیلاقەی بە وەزارەتی شارەوانییەوە هەیە، هەر کاتێك ئەوانە کرا، ئێمە لە لای خۆمانەوە سلفەی عەقارییان بۆ سەرف دەکەین.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك ئیسماعیل فەرموو.

**بەڕێز اسماعیل محمود عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەی من لەسەر ئەوەیە، ئەو قەزاو ناحیانەی کە تاپۆیان نییە، ئەوە بیگرێتەوە، بەتایبەتی ئەوەی کە من مەعلوماتم لەسەر هەیە قەزای چۆمان بەگشتی بە هەر چوار ناحیە، جەنابت باسی گوندەکان دەکەیت، با بڵێین من باسی ناحیەکان دەکەم، قەزای چۆمان بە هەر چوار ناحیەوە سیدەکانیشی لەگەڵ بێت، ئەوەی کە من مەعلوماتم لەسەر هەبێت هیچ تاپۆی لەسەر نییە، کە تاپۆی نییە ساڵی پار کە یاسای پێ دەرچوو، دەبوایە بەڕاستی حکومەت هەوڵیدا بوایە زوو ئەو مەسەلەیە چارەسەر بکات، خەڵك ئەو پارچە زەویانەی کە هەیانە تاپۆ بکرێن و ببنە خاوەن تاپۆی خۆیان، سلفەی عەقار ئەگەر ئەو ناوچانە نەگرێتەوە، بە رەئی من گوناحێکی گەورەیە لەو مەنتیقانە دەکرێت، چونکە ئەو مەنتیقانە هەمووی راگوێزرایە، گوندەکانی خاپور بووە هیچی نەماوە، دەبوایە لە جیاتی ئەوەی کە حکومەت ئاوەدانی بکاتەوە، من پێموایە ئەگەر حکومەت دەعمی ئەو مەسەلەیە بکات و سلفەی عەقار بدرێتە ئەو قەزاو ناحیانە، خەڵك لە ئۆردوگایەکانیش دەگەڕێتەوە، دەتوانن دەعمێکی گەورە بۆ ئاوەدانکردنی ئەو مەنتیقانە بکات، داوا دەکەم ئەو مەسەلانە چارەسەر بکرێت، بەڕاستی چونکە خەڵکی ئێمە زۆر مەغدورە لەو مەسەلەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عوسمان شوانی وەزیری پلاندانان فەرموو.

**بەڕێز عثمان شوانی/ وەزیری پلاندانان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆر سوپاس، پێشنیارەکەی کاك عوسمان زۆر بەجێیەو، سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران لە کۆبوونەوەی رابردوو بڕیاریدا کە لیژنەیەکی پێکهێناوە لە وەزارەتی شارەوانی و کشتوکاڵ و دارایی و کۆمەڵێك جیهاتی تر وەکو وەزارەتی عەدل و ئەمانە، بۆ ئەوەی زۆر لە قەزاو ناحیەکانی کە کێشەی تاپۆ نەکردنی سنووری شارەوانیان هەیە هەموویان بۆ چارەسەر بکرێت، وەزارەتی شارەوانی تەبەنای ئەم ئیشەی کردووەو حەقێکی قانونی خەڵکە، زۆر لە ناحیەکانی کوردستان، بگرە قەزا هەیە زۆر کۆنیشە، ئەم کێشەیە کێشەیەکی موتەراکیمی ساڵانی پێشوو، هی زەمانی رژێمیش بووە، ئێستا هەوڵ دراوە لە حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ ئەوەی چارەسەر بکرێت، چونکە بەبێ چارەسەر کردنی ئەمانە، ناکرێت تۆ تاپۆ بۆ خەڵك

بکەیت، کە تاپۆش نـەبێت سـولفەی نـادرێتێ، بۆیـە ئـەم بڕیـارە جـێ بـەجێ دەکرێـت و پێشـنیارەکەی کـاك ئیسماعیل لە جێیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك حاتەم فەرموو.

**بەڕێز حاتم محمد جان حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش هەر ئەوە بوو، پشتگیری بوو بۆ بوونی ئەو ماددەیە چۆن لـە یاسـای پارسـاڵ لـە موازەنـە هـاتووە، بـا ئەمسالێش هەبێت لە یاساکە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عادل فەرموو.

**بەڕێز عادل محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من سەبارەت بەوەی سۆزان خان قسەی لـێ کـرد، مـن پێموایـە ئـەو کێشـەیە هەیـە، پـێش کـەمێکیش ئێمـە هەندێك خەڵکمان بینی بەڕاستی لە هەولێر لەبەر ئەوەی مەساحەی زەویەکان کەمە، لێرە بە سیسـتەمێکی تایبەتی زەوی تەوزیع کراوە، بەڵام لـە سـلێمانی و گـەرمیان و ئـەوە، یـەعنی کـەمترین مەسـاحەش عـەقاری پێدراوە، یەکێك لەو شـتانەی تـر کـە بەڕاسـتی ئامـانجی دابـین کردنـی شـوێنی نیشـتەجێ بـوون نایەتـە دی ئەوەیە کە بڕی پارەکە کەمە بەڕاستی، یەعنی زۆر لە پارێزگا پێموایە دوازدە ملیۆنە، لە قەزاو ئەوانیش نۆ ملیۆن، یەعنی بەڕاستی ئەو بڕە حەق وایە ئێمە لێرە شتێك بنووسین، کە وەزارەتی مالیـە بتوانێـت چـۆنی ئەوەی بۆ پەیدا دەکات، یەعنی زیاد بکرێت، بەلای کەمەوە پازدە ملیۆن تەقریبەن باشە.

سەبارەت بە لادێ و ئاواییەکان، کە کاك دڵشاد ئیشارەتی پێدا، من نازانم لە سـاڵی 1992ەوە تـاوەکو ئێسـتا، بۆ نموونە بۆتان دەهێنمەوە، گەرمیان (1010)دێی هەیە، لە 2٪ی دێهاتی گەرمیان ئاوەدانەو ئەویش یەك دێ نییە حکومەتی هـەرێم جگـە لەوانـەی لـە قـەراری (986) ئەگـەر سـێ، چـوار دێ کـرا بێـت و، لەلایـەن ڕێکخراوەکانەوە، یەعنی با حکومەتی هەرێم لە ساڵێك لە ساڵەکاندا بە نموونە سی دێ ئـاوەدان بکاتـەوە بـە نموزەج، بە مەراحیل، یەعنی بەڕاستی ئەوە مەوزوعێکە دوای حەڤدە، هەژدە ساڵ تا ئێستا حکومـەت بـیری لەوە نەکردۆتەوە دێهات کە بڕبڕەی پشتی ئابووری کوردسـتان بـووە، ئێسـتا دێهـات چـۆل بـووە، بـە نموونـە بۆت دەهێنمەوە، لە وشکەساڵی پار لە گەرمیان لە نزیکەی هەشت هەزار سەر خێزان لـە گـەرمیان، نزیکـەی شەش هەزار خێزانی بەهۆی وشکەساڵییەوە کۆچی کرد، یەعنی جگە لەوەی ئەو شتانەی نەکراوە ڕێگاوبـان، قوتابخانـە، ئەوانـە هـەموو ڕێکخراوەکـان کردوویـەتی، یـەعنی حکومـەت زۆر بـە ڕێژەیـەکی کـەم، یـەعنی بەڕاستی من ئەوەی کە دەیڵێم مەیدانیەن، یەعنی من لەو فەترەیە لە پانتایی گەرمیانـەوە ڕۆیشـتووم دێـی

وا هەیە خێزانێك، یان دێی وا هەیە كەسی لێ نەماوە، یەعنی بەڕاستی حەقە حكومەت كیانەكی هەبێت بۆ ئەو ئاوەدانكردنەوەیە.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك غەفور فەرمووو.

**بەڕێز غفور طاهر سعید مەخموری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەنیسبەت ئەو ماددەیەی كە پێشنیار كراوە، منیش لەگەڵ ئەوەدام كە ئیزافە بكرێت، بەڵام بەنیسبەت ئەو مەسەلەیەی ڕێكخستنی ڕێنماییەكان، ئەگەر ئێمە تێبینی بكەین یەعنی ئامانج چیە لەو مەسەلەیە؟ ئامانج ئەوەیە كە ئێمە ئەزمەی سەكەن چارەسەر بكەین، یەعنی قەیرانی نیشتەجێ بوون چارەسەر بكەین لەو وڵاتە، كەواتە ئەگەر كەسێك لە سەد مەتریشی كەمتر بوو، دەبێت تۆ هاوكاری بكەیت كە شوێنی نیشتەجێ بوون بۆ خۆی دابین بكات، ئەوە یەك.

دوو/ ئێمە هەر لەو پەرلەمانە یاسای دابین كردنی شوێنی نیشتەجێ بوونمان دەركردووە، لەو ماددانەی كە تێدایە كۆمەڵێك تەوصیاتیشمان دا بە وەزارەتی ئاوەدانكردنەوە كە شوقەی سەكەنی دروست بكرێت و بدرێت بە هاووڵاتیان بە ئەقسات، یاخود بە نرخێكی ڕەمزی، بۆ ئەوەی بتوانین ئێمە بەشێك لە كێشەكان چارەسەر بكەین، وەزیری پلاندانان كە بەڕێزیان لێرەیە، ناكرێت، ئایا ئێمە لە گوندەكان، لە ناحیەكان، لە قەزاكانیش ئەو كۆمەڵگای نیشتەجێ بوون دروست بكەین بەشێوەی شوقە بێت، یان بەشێوەیەكی تر بێت؟ ئەوە خاڵێك.

خاڵێكی تر، بەڕاستی مەسەلەی ئاوەدانكردنەوەی گوندەكان، یەعنی جگە لەوەی گوندەكان ئاوەدان دەكرێنەوە، ئێمە بۆ ژێرخانی ئابووری خۆشمان سوودێكی زۆر وەردەگرین، لە هەمان كاتدا جوولەی كشتوكاڵ كردنیش بەهێزتر دەبێت، مەسەلەن جوولەی بەخێو كردنی ئاژەڵ و پەلەوەریش بەهێزتر دەبێت لە وڵاتی ئێمە، ئێمە دەتوانین پشت بەخۆمان ببەستین لە ڕووی ئاوەدانكردنەوەی ئەو گوندانە، لە ڕووی ئابوورییەوە، خۆی پێشتر كە حكومەتی عێراقی ئەو گوندانەی تێكدا ئامانج ئەوە بوو، یەك لە ئامانجەكان ئەوە بوو كە ژێرخانی ئابووری كوردستان تەدمیر بكات، تاكی كورد ئیعتیماد نەكاتە سەر خۆی بۆ ژیان و چاوی لە دەست ئەو بێت، بۆیە ئێمە دەبێت حكومەتی كوردستان مولزەم بكەین كە لە بەرنامەی دادێت گوندەكان ئاوەدان بكاتەوەو هەموو هاوكاری و ئاسانكارییەكیش پێشكەش بكات، بۆ ئەوەی لە داهاتوویەكی نزیكدا ئێمە بتوانین لە زۆر شت كە ئێستا خۆمان، هەتا بەداخەوە ئێستا سەوزەو میوەش لە وڵاتانی دەوروبەر دێتە كوردستان، یەعنی مەعقول نییە لە كوردستان هەتا تەماتەو خیار لە سوریاو ئێران دێتە ئێرە، ئێمە دەبێت بە خۆمان هەندێك پرۆژەمان هەبێت بۆ چارەسەر كردنی ئەو گرفتانە، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

کاک عەونی فەرمووو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتگیری لە پێشنیارەکەی لیژنەی دارایی و یاسایی دەکەم، سەبارەت بە دانانی ماددەیەك وەکو پارساڵ بۆ دانەوەی سولفەی عەقاری، بەلاَم کێشەکە لێرە لەوەدا نییە، ئێمە لە راپۆرتی ئەمساڵیشمان لە لیژنەی یاسایی لە برِگەی دە ئەوەمان داوا کردووە، کێشەکە لێرەیە، جەنابی وەزیر دەڵێت رێنماییەکان یەکن، بەلاَم رێنماییەکان یەك نییە، لە هەولێرو سلێمانی سەبارەت بە سەرف کردنی سولفەی عەقاری بۆ ئەو پارچە عەرەسانە (200) مەترە، لێرە مەوزوعی ئیفراز نییە، ئێمە نامانەوێت پارچەی سەد مەتری ئیفراز بکرێت بۆ دوو بەش، بەلاَم ئەو کەسانەی کە شریکن لە پارچەیەکی (200) مەتری هەردووکیان سولفەی وەربگرن، کێشەکە لێرەیە، لە هەولێر سولفە سەرف ناکرێت بۆ ئەو پارچە زەویانەی کە دوو کەس هاوبەشن لە عەرەسەیەك یەکەمیان وەریگرتووە، ئەوی دووەم وەری نەگرتووە لە سلێمانی ئەوە سەرف دەکرێتن، پێشنیار دەکەم ماددەیەك ئیزافە بکرێت بەو شێوەیە کە ئێستا دەیخوێنمەوە (المادة المضافة:

1- تصرف السلفة العقارية لكلا الشريكين بصورة مستقلة في العرصات المشاعة التي لاتزيد مساحتها على 200م مربع.

2- زيادة مبلغ السلفة المصروفة من 12 مليون دينار الى 18 مليون دينار لمركز المحافظة، ومن 9 ملايين دينار الى 12 مليون دينار للاقضية والنواحي) زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

گوڵناز خان فەرمووو.

**بەڕێز گوڵناز عزیز قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش پشتگیری لەو برادەرانە دەکەم، کە داوای یەکخستنی رێنماییەکان دەکەن، چونکە نابێت جیاوازی هەبێت بەو جۆرە کە ببێتە گرفت بۆ هاووڵاتیەك لە شارێکەوە بۆ شارێکی تر، ئەمە یەك.

دووەم/ برِی رێژەکە بۆ قەزاو ناحیەو پارێزگاکان وەکو یەك بێت، لەگەڵ رێزم بۆ رەئیەکەی کاك عەونی، لە قەزاو ناحیەکانیش کەرەستە وەکو هەمان پارێزگاکان گرانە، شتێکی تر لێرە کە کاك عوسمان جەنابی وەزیر ئاماژەی پێدا، بەراستی گرفتی تاپۆیەکان بۆتە گرفتێکی گەورە، شوێنێکە کە ناوی ناحیەیە، قەزایە، هەیە سیفەتی شاری وەرگرتووە، ئەگەر حکومەت بێتو دەست پێشخەری بکات، یان پەلە بکات لە تاپۆ کردنی، دەبێتە داهاتێکیش بۆ حکومەت.

دووەم شت، لە وەرگرتنەوەی قەرزی هاتنەوەی ئەو مەبلەغەی کە دەدرێتە عەقار، رێنماییەك دەربکرێت، کە هیچ نەبێت ئەگەر برِێکی کەمیش لەسەر هاووڵاتیش رێژەکە زیاد بکرێت لە وەرگرتنەوە، بەلاَم ئەو مەبلەغێکی ئەوتۆی دەست بکەوێت، کە خانووەکەی لە ماوەیەکی دیاریکراو تەواو بکات، ئەوە هەم دەبێتە

ئیرادێك بۆ حكومەت، هەم هاووڵاتیەكی تریش دەتوانێت لە دوای ئەوە سوودی لێ وەربگرێت، ماددەی ئیزافیشم هەیە ئەگەر بكرێت دوای ئەوە رێگەم پێ بدەن و سوپاستان دەكەم.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك ئارام فەرموو.

**بەڕێز ئارام رسول مامند:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من بەش بەحاڵی خۆم زۆر بە تەواوەتی پشتگیری لەو پێشنیارەی لیژنەی دارایی دەكەم، حەز دەكەم شتێك بخەمەوە یادی ئەندامانی پەرلەمانی بەڕێز، ئێمە ساڵی پار لە كاتی موناقەشە كردنی بودجەی 2008 ئێمە یەكێك لە داوایەكانی ئەندامانی پەرلەمان بوو، كە وەكو تەوصیە جێی كرایەوەو خۆشبەختانە ئەمجارەش وەكو یاسا جێی دەكرێتەوە، كە ئەویش پێشینەی خانووبەرە بدرێت بە هاووڵاتیان، ئێمە وەكو لیژنەی ئاوەدانكردنەوە لە ماوەی رابردوو سەردانی سەرجەم قەزاكانی هەرێمی كوردستانمان كردووە، ئەو خاڵەی كە كاك ئیسماعیل ئیشارەتی پێدا سەبارەت بە چەند قەزاو ناحیەیەك، كە تاكو ئێستا تاپۆیان نییە، بەڕاستی ئەوە داواكارییەك بوو لە زۆربەی ئەو شوێنانەی كە ئێمە چووین و رووبەڕووی لیژنەكەمان كرایەوەو وەكو راپۆرتێكیش ئێمە ئاراستەی سەرۆكایەتیمان كردووە، بۆیە داواكارین كە چارەسەری ئەو كێشەیە هەرچی زووتر بكرێت، ئەوەی كە من پێم خۆشە لێرە ئیشارەتی پێ بدەم، كاك عەونی تا رادەیەك باسی كرد، پار ئێمە لە موازەنەی 2008 پێشینەی خانووبەرەمان تەسبیت كرد، داواكارم ئەمساڵ هەوڵ بدەین ئەو بڕە پارەیەی كە دەدرێت چ لە پارێزگاو چ لە قەزاكان و ناحیەكان زیاد بكرێت بەشێوەیەك لەگەڵ باری ئابووری ئەمڕۆی بازاڕی كوردستان بگونجێت، بۆیە من پێشنیاری ئەوە دەكەم كە ئەو مەبلەغەی كاك عەونی ئیشارەتی پێدا، ئێمە بتوانین تەسبیت بكەین، كە ئەمساڵ توانی بێتمان شتێكی باشتر بكەین، پار ئەم پێشینەیە جێگیر كراوە، ئەمساڵ بتوانین مەبلەغەكەی زیاتر بكەین، بۆ ئەوەی كە هاووڵاتیان زیاتر بتوانن ئیستیفادەی لێ بكەن، ئەمە یەكەم.

سەبارەت بە یەكخستنی رێنماییەكان، سەرۆكی پەرلەمان، ئاشكرایە هەر شارێكی هەرێمی كوردستان لە رووی جوگرافیەوە تایبەتمەندی خۆی هەیە، گرنگ ئەوەیە جەنابی وەزیری دارایی ئیشارەتی پێدا كە رێنماییەكان بەنیسبەت پێدانی پێشینەی خانووبەرە لە پارێزگاكانی كوردستان وەكو یەكە، بەڵام زۆر تەبیعییە ئێمە تایبەتمەندی شارەكان و پارێزگاكان بپارێزین لەوەی كە ئەگەر لە سنووری پارێزگایەك لە رووی شارەوانییەوە تایبەتمەندییەك هەبێت و تەعلیماتی خاصی خۆی پێ دەربچێت، من لەگەڵ ئەوەدام پێشینەی خانووبەرە بدرێت بە زەوی سەد مەتری، بەڵام ئەویش پێویستە لە چوارچێوەی رەچاو كردنی پێكهاتەی جوگرافیەی ئەو شارە بێت، یان ئەو موحافەزەیە بێت، لەگەڵ تەعلیمات و بەرنامەی شارەوانی یەك دەگرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك ڕەمەزان فەرموو.

**بەڕێز د.رمضان عبدالرحمن محمد رضا:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئامانج لەم یاسایە كەم كردنەوەی كێشەی نیشتەجێ بوونە، بەتایبەتیش تەئكیدی ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان لەسەر خەڵكانی هەژارو كەم دەرامەت بوو، لەسەر خەڵكانی كرێچی بوو، ئێستا ئەوەی كە هەیە لە كوردستاندا، ئەو خەڵكانەی كە لەسەر سەد مەتری بینایەك دەكەن، وەنەبێت لە خۆشیان بێت، لە ناچاریدایە، كە بەشێكی فرۆشتووەو دەتوانێت ئەو بەشە بكرێتەوەو بینایەكەشی مەحدودە.
دووەم/ شتێكی تر هەیە، كە ئەویش قەرزی بانكی خانووبەرەیە بۆ كۆمپانیاكان كە خانوو دروست دەكەن، بۆ بڕی ئەو سێ دەفتەرو نیوە لە كاتێكدا تۆ دوازدە ملیۆن دەدەیت بە قەرزی عەقاری، ئەو قازانجانەی كە دێتە سەریشی نیسبەتەن بە قەرزی سندوقی ئیسكان زۆر زیاترە، ئەمە ئەخیر مەعلوماتە كە ئێمە ئێستا لە بانك وەرمانگرتووە، لەكاتێكدا ئێمە تەشجیعی ئیستیسمارمان كردووە، بەڵام دەبێت لەگەڵ ئەو كۆمپانیایانەشدا هەماهەنگیمان هەبێت دەربارەی تێچوونی خانووبەرەكەیان، تا بە سعرێكی گونجاو بدرێتەوە هاووڵاتی، چونكە مەبەستی ئێمە خزمەتكردنی هاووڵاتییە، خزمەتكردنی خەڵكانی بێ جێگاو ڕێگایە، بڕی قەرزەكە كە دەدرێت زۆرە، ئێمە زەویمان بە بەلاش داوەو هاوكاری تری ئەو كۆمپانیایانەمان كردووە، كەواتە لە كاتی دیاری كردنی نرخی فرۆشتنی ئەو یەكانە ئەوەیە دەبێت حكومەت ئاگادار بێت و قازانجێكی ئەوتۆ نەچێتە سەر هاووڵاتی، كە نەتوانێت سوود لەو یەكانە وەربگرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

ئاخیر كەس كاك بەڵێن فەرموو.

**بەڕێز حمد عبدالله محمود(بەڵێن):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەوەی كە من دەمویست باسی بكەم كاك عەونی باسی كرد، كێشەی سەد مەترییەكە چارەسەر بكرێت، ئەوەی كە پێشنیاری كرد، پێشنیاری دووەمیش هەر ئەوەی كاك عەونی بوو بەڕاستی، ئەو بڕە پارەیە زیاد بكرێتن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك عوسمان وەزیری پلاندانان فەرموو.

**بەڕێز عثمان شوانی/ وەزیری پلاندانان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆر سوپاس، من تەنها وەڵامم بۆ کاک عادلە، کە پێموایە ئەو ژمارانەی کاک عادل گوتی ڕاست نەبوو، دەڵێن لە هەموو گەرمیاندا هەژدە دێ ئاوەدانە، من داوا دەکەم لیژنەی دارایی و ئابووری دوای موناقەشاتی میزانیە کە تەواو دەکات سەردانی وەزارەتی ئێمە بکات بە ژمارەی گوند، بە ژمارەی خێزان، بە ژمارەی ئەو خەدەماتانەی کە پێشکەشیش کراوە، حەق نییە ئێمە ڕێگا بگریتن، چونکە لە ماددەیەکدا باسی سولفەی عەقار دەکرێتن، باسی ئاوەدانکرادنەوەی دێ و هیچ خەدەمات پێشکەشی گەرمیان نەکراوە، یەعنی ئەمە لە مەوزوعە ئەساسیەکە لادرا، بۆیە من ئەمە ڕەد دەکەمەوە بە قسەی جەنابی کە فەرمووی، کە هیچ خەدەماتێك پێشکەش بە گەرمیان نەکراوەو گەرمیان وایەو وایە، دەتوانن نوێنەری گەرمیان هەیە لێرە دوو لە ئەندامەکانی گەرمیان بێن لەگەڵ لیژنەی دارایی سەردانی وەزارەتەکەی ئێمە بکەن، سەردانی ئیدارەی گەرمیان بکەن، کە ئەو خەدەماتەی تەقدیم کراوە، ناکرێت بەم شێوەیە بە کەم بگیرێت خزمەتەکانی حکومەتی کوردستان لە هەموو سنووری کوردستاندا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك شێخ بایز وەزیری دارایی فەرموو.

**بەڕێز شێخ بایز تاڵەبانی/ وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

باسی خەدەمات دەکرێت بۆ گوندەکان، من هەندێك ئیزافەم هەیە، بەڕاستی ئەو ڕەقەمانەی کە لەلای ئێمە دەرچووە لە وەزارەتی دارایی زۆر زۆر زۆر زیاترە لەوەی ئێستاکە کە دەڵێن سێ و چوار دێ، هەر بۆ وشکەساڵی، بزانە ئێمە پارساڵ چەندمان سەرف کردووە لە حدودی سی ملیار دینارمان بەس بۆ وشکەساڵی، ئەگەر گوندەکان نەبێت و وجودی نەبێت ئەم ملیاراتانە بەس بۆ ئاو سەرف کراوە، دوای ئەوە هەندێك مەعلوماتی ترم هەیە حەز دەکەم پەرلەمان ئاگایان لێ بێت.

برایان، خوشکانی ئازیزم.

ئێوە دەزانن لە میزانیەی کوردستان چی بۆ مەنتیقەی کوردستان دەردەچێت، هەر هەندێك مەعلوماتتان بدەمێ، لە (60) گوند زیاتر بە پارەی حکومەتی هەرێم، لە میزانیەی حکومەتی هەرێم، هەر یەکێك لەوانە (7500) حەوت هەزار پێنج سەد دۆلاریان وەرگرتووە، بۆ ئەوەی گوندەکانیان ئاوەدان بکەنەوە، زیاتر لە (60) گوند، ناحیەکانی قەرەهەنجیرو شوان و تەکیەی جەباری و قادرکەرەم و تۆپزاوەو هەر هەموو ئەو ناحیانە بە میزانیەی ئەم حکومەتەی ئێرە ئێستاکە جارێکی تر بینات نراونەتەوە، ئایا ئەو شوێن و گەڕەکە هەژارانەی کەرکوك دەبینن هەمووی چیمەنتۆ و قیر کراوە، هەمووی بە میزانیەی حکومەتی هەرێم کراوە، ئایا لە خانەقیندا ئەو هەموو مەساریفە کە بۆیان دەکرێت و نەفەقاتیان هەیە؟ هەمووی بە میزانیەی حکومەتی هەرێم کراوە، ئایا ئەو فەرمانبەرو مامۆستایانەی ئێستا لە کەرکوك و خانەقین دەوام دەکەن، حکومەتی عێراقی هەتاکو ئێستاش مووچەیان ناداتێ، ئێمە لێرە مووچەکانیان بۆ

دابین دەكەین و لەویٚ خزمەت تەقدیم دەكەین، ئێمە بێجگە لە سنجارو هەموو شوێنەكانی تر، بەڕاستی حكومەتی هەرێم بارێكی قورسی خستۆتە سەر ئەستۆی خۆی، ئەویش بۆ ئەو ناوچانەی كە لە دەرەوەی هەرێمی كوردستانە، بۆ تەوزیحەو سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، كاك عادل قسەت كردو وەڵامیش درایەوە، كەس گومانی لە قسەكانی بێتن، دەتوانێت بچێتە وەزارەتی پلاندانان، بۆ ئەوەی تەماشا بكاتن و قسەكان چەندی راستن و روونی بكاتەوە، ئەمە موناقەشەی لابەلایە، ناكرێتن قسەی خۆتان كردو ئەویش وەڵامی دانەوە، مەوزوع ئەوە نییە لێرە موناقەشەی هین بكەین، ئەوە میزانیەیە، ئەو موقتەرەحەی لیژنەی دارایی كە لیژنەی یاسایی پشتگیری لیٚ كردو موداخەلەكان دەوڵەمەندیان كردو وەزیری داراییش موافیقە دەڵێت هەر هەیە، دەیخەمە دەنگدانەوە بە سولفەی عەقارەوە بەردەوام بوون لە دانی سولفەی عەقار بەپێی رێنماییەكانی وەزارەتی دارایی، كیٚ لەگەڵ ئەو ماددەیە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، كیٚ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەكۆی دەنگ ماددەكە وەرگیرا، بەنیسبەت ئەوەی تر كە خەڵكی لادیٚ بگرێتەوەو سەد مەتری بگرێتەوە، دەتوانێت ئەوە بە تەوصیە بنووسرێت، بەڵام من ئیزاحێكم هەیە، بەنیسبەت قسەكانی كاك ئیسماعیل و برادەرانی تر كە گوتیان، ئەو ناوچانەی كە تاپۆی نییە، لێرە كەسیش ئاماژەی بەوە نەكرد، لێرە لە یاسایەكدا قەرارێكماندا، داوامان لە وەزارەتی شارەوانی كرد، لە وەزارەتی كشتوكاڵ كرد، كە ئەو كێشەیە چارەسەر بكەن و تاپۆی بكەن، دوایێش لەبەر رۆشنایی زیارەتی لیژنەی ئاوەدانكردنەوەو لیژنەی كشتوكاڵ بۆ ئەو ناوچانە، لیژنەی شارەوانی، جارێكی تر ئەو داوایانەمان ئاراستەی حكومەت كردو گوتمان پەلەی بكەن و ئاخیر محاوەلەمان قسەمان لەگەڵ كرد گوتیان لیژنەیان داناوەو دەرچووینە لە هەندێك شوێن تەواویان كردووە، لە هەندێك شوێن بەردەوامن، مەسەلەیەكی گرنگە، دەبێت ئەو ناوچانە هەمووی چارەسەر بكرێن تاپۆیان هەبێت، لەگەڵ حكومەتیش چەندین جار دانیشتووین باسمان كردۆتەوەو كە ئەوانیش پەلەی بكەن و زەخت بكەن لەسەر وەزارەتی شارەوانی بەتایبەتی ئەو ئیشە تەواو بكات، بەنیسبەت ئەو تەفسیلاتەی كە كاك عەونی باسی كرد، ئەوە تەبعەن ئێمە ناتوانین، حكومەت خۆی ئەگەر پارەی زۆر بێت پێشینەكەی زیاد دەكاتن، من ئەو رۆژە باسم لەوە كرد كە گوتم بانكی هەرێم ببەسترێتەوە بە بانكی مەركەزی، ئومێد دەكەم بانكەكانی تریش پەیوەندییەكانیان باش بێت، سیولە لێرە زیاد بێت، ئەگەر سیولە لە بانكەكاندا هەبوو، دەتوانین قەرز لێیان وەربگرین لەكاری وادا بەكاری بێنین، بەڵام تۆ سیولەت نییە، ئەوەی هەتە نیتە داهاتی میزانیەتێكە لە بەغداوە دێت، بەڵام لە بەغدا شتێكی تر هەیە، لە هەموو بانكەكاندا ئیحتیاتی هەیە، پارەیەكی زۆریان لەبن دەستە، رەئیسی حكومەت دەتوانێت لەوەدا قەرزی پێشینەی خانووبەرە بدات بۆ چەند ساڵێكیش، مادام دەگەڕێتەوە دەتوانێت دەستكاری بكاتن، بەڵام

ئێمە ئەو سیولەمان نییە، ئومێد دەکەم ئەو پەیوەندیەی بەینی بانکەکانی تریش و بانکەکانی عێراق بگەڕێتەوە، ئەو سیولەی لە بانکەکانی بەغدادا هەیە لێرەش هەبێتن زۆر کێشەی لەو بابەتە حەل دەبێتن، زۆر کێشەی کە دەڵێین بۆ ئاوەدانکردنەوەی دێهاتەکان، پشتگیری کردن لە کەرتی تایبەت، چارەسەر کردنی هەتا بێ کاری، ئەوانەی خەریجی صناعەو ئەوانەنە، ئەگەر حکومەت ئیمکانیەتی هەبێت یەکەو بیست هەزار، سی هەزار دۆلار بداتە ئەو خەڵکانە بچن کارێکی تایبەت بکەن، بۆ ئینتاجی زراعی، بۆ پیشەسازی چارەیە، بەلاًم کێشەکەمان لەوەدایە لەگەڵ بەغدادا ئەو جۆرە پەیوەندییە نییە، ئومێد دەکەین هەبێتن، ماددەی دواتر تکایە، چیە کاك بەڵێن.

**بەڕێز حمد عبدالله محمود(بەڵێن):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە سێ، چوار ئەندام پەرلەمان داوای چارەسەر کردنی کێشەی سەد مەتریەکانمان کرد، بەڕاستی خەڵکێکی یەکجار زۆر.........

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاکە باسمان کرد، گوتمان ئەوە بە قەرارێك وەردەگری پارەی تێدا بێت، ئەگەر حکومەت نەتوانێت جێ بەجێی بکاتن، ناکرێتن، جەنابی وەزیر دەڵێ ئەوە هین نییە، بەلاًم لە تەوصیاتدا دەنووسین حکومەت هەوڵ بداتن بۆ دابین کردنی سولفەی عەقار، نەك تەنیا بۆ ئەوانەی هینە، بۆ ئەوانەی سەد مەتریشیان هەیە، بۆ لادێش، ئەوە وەکو تەوصیات دەنووسین، ئەگەر حکومەت ئیمکانی هەبوو دەیکات، دوازدە تەوصیاتمان هەیە، ئەوەش یەکێکە لەو تەوصیاتانە، ماددەی بیست دەبێتە ماددەی بیست و دوو، ئێمە ئەو ماددەیەمان زیاد کرد 20٪ەکەی کە کەممان کردۆتەوە، ئەویش ماددەیەکە، دوو ماددە ئیزافە کراوە، فەرموو کاك کەریم قسەی هەیە.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە دوێنێ دەنگمان بۆ ئەوەدا کە ڕێژەی 20٪ لە موازەنەی موخەصەص بۆ مەنافیعی ئیجتیماعی هەرسێ سەرۆکایەتی دەنگمان بۆدا، پێم باشە لێرە وەکو ماددەیەك بەر لەوەی بچینە ماددەکانی تر، لێرە ئیزافە بکرێت.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك کەریم دەنگمان بۆدا، بووە رەقەم بیست، دەنگمان بۆدا صیاغەکەی ئێوە لێی مەسئوول دەبن، بەلاًم دەنگمان بۆ داوەو تەواو بووە، صیاغەکەی مەسئولیەتی ئێوەیە، ئێمە دەنگمان بۆداو بڕاوەتەوە، ئێستا دەبێتە ماددەی بیست و دوو، کە لە ئەسڵدا ماددەی بیستە، فەرموو کاکە بۆ خوێندنەوەی.

**بەڕێز کریم مجید شریف(جوتیار):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی بیستەم دەبێتە ماددەی بیست و دووەم:

کار بە هیچ بڕیارێك ناکرێ کە ناکۆك بێ لەگەڵ ئەم یاسایەو گەنجینە هیچ بارگرانابیەکی دارایی ئەم بڕیارە ناگرێتە ئەستۆ، ئەگەر شەرعیەتی یاسایی وەرنەگرتبێ و لەپەرلەمان پەسند نەکرابێ.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة العشرون والتي اصبحت المادة الثانية والعشرون:

لايعمل بأي قرار مخالف لهذا القانون ولا تتحمل الخزينة اي اعباء مالية لهذا القرار مالم يكتسب الشرعية القانونية ويصادق عليه من قبل البرلمان.

لیژنەی یاسایی هیچ تێبینیەکی لەسەر ئەو ماددەیەش نییە، سوپاس.

**بەڕێز د. دلێر اسماعیل حقی شاوەیس:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لیژنەی داراییش ئەو ماددەیەی لەلا پەسندە، هیچ تێبینیەکی لەسەر نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك سەردار.

**بەڕێز سەردار صباح بۆزۆ هەرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێموایە ئەو صیاغەیە زۆر مەوەفەق نییە، ئەگەر وەکو یاساکانی دیکە بیگۆڕین بڵێین (لا یعمل بأي نص قانوني او قرار يخالف احكام هذا القانون)، هەمان ئەو حوکمەی دەدات کە لەناو ئەو قانونەیە، لەبەر ئەوە لێرە دەڵێت (ولا تتحمل الخزينة اي اعباء مالية لهذا القرار مالم يكتسب الشرعية القانونية)، کەی شەرعیەتی قانونی دەبێت؟ کە موخالف نەبێت لەگەڵ قانونەکەی (ويصادق في المجلس الوطني) واتا پەرلەمان، بکرێتە پەرلەمان، واتا بە قەرار، یان بە قانون دەردەچێت، بۆیە ئەو صیاغەی لە هەموو یاساکانی ترمان بەکارهێنا، پێشنیار دەکەم هەمان صیاغە بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

من هەرچەندە قانونی نیم، بەلأم پێموایە زۆر بە دیقەت هاتووە، ئەمە قانونێکە تایبەتە بە بودجە، مەقصەدی ئەوەیە قەرارێك فەوقی ئەوە نەیەت، قەرارێك نەدرێتن لەسەر ئەو قانونە تەجاوز بکاتن، مەقصەد لەوەدایە، ئەگینا تەبیعییە لەئاخیریدا نووسراوە (لا يعمل بأي نص قانوني ............)، ئەوە دەبوایە بنووسرێتن، ئەوە ئەگەر نەنووسرایە، ئەوە دەتوانرێت لێرە ئیزافە بکرێت، بەڵێ کاك شێخ بایز.

**بەڕێز شێخ بایز تاڵەبانی/ وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**دیارە ئەوە لە قانونی عێراقیشدا لە ماددەی چلدا هاتووە (لایعمل بأي قرار مخالف لهذا القانون ولا تتحمل الخزينة العامة الاتحادية اي اعباء مالية لهذا القرار مالم يكتسب الشرعية القانونية ويصادق عليه في مجلس النواب العراقي).**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**وازیحە، بەڵام ئەو نەصەی تۆ دەڵێی ڕۆتینە دەبێت بگوترێت، بەس ئەوە دەڵێت لێرەدا، لە نەصەکەی عێراقەوە هێناویانە، بۆ ئەوەی قەرارێك دەرنەچێتن، مەقصەدی لە چ دایە، ئەو عەجزەی کە هەیە، با بەدیقەت بڵێین سبەینێ مەشروعێك نێتە پێشەوە مەسەلەن عەجزمان چوار سەد ملیۆنە ئێستا، سبەینێ بە قەرارێك سەد ملیۆنی تر سەرف نەکرێتن، ئەو عەجزەی بکاتە پێنج سەد ملیۆن، ئیلا بە موافەقەتی پەرلەمان نەبێتن، ئەو نەصە مەقصەدی ئەوەیە، بەڵێ کاك شێروان.**

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ئەگەر مەجالم بدەیت یەك تەوزیحم هەیە بەنیسبەت ئەوە، من پێموایە ئەو نەصەی کە هاتووە عادەتەن ئەگەر میزانیە موصادەقە نەکرێت یەك لەسەر دوازدەی مانگانە سەرف دەبێت، بەڵام ئەگەر موصادەقەی لەسەر کرا میزانیەی ئیتلاق دەبێت، ئەو وەختە بەگوێرەی ئەو ئیعتیماداتەی کە موصەدەقە، ئینجا سەرف دەبێتن، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**ئەو نەصە وەکو خۆی دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەزۆرینەی دەنگ وەرگیرا، تکایە ماددەی بیست و سێ کە لە ئەسڵدا بیست و یەکە.**

**بەڕێز کریم مجید شریف(جوتیار):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ماددەی بیست و یەك کە دەبێتە ماددەی بیست و سێ:**

**پێویستە وەزارەتی دارایی ڕاپۆرتێکی دەوری هەر شەش مانگ جارێك لە بارەی باری دارایی هەرێم پێشکەش بە پەرلەمانی کوردستان - عێراق بکات.**

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**المادة الحادية والعشرون والتي اصبحت المادة الثالثة والعشرون:**

**على وزارة المالية تقديم تقرير دوري كل ستة اشهر عن الوضع المالي للاقليم الى برلمان كوردستان - العراق.**

لیژنەی یاسایی هیچ تێبینیەکی لەسەر ئەو ماددەیەش نییە.

**بەڕێز د. دلێر اسماعیل حقی شاوەیس:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لیژنەی دارایی و ئابووریش هیچ تێبینیەکی نییە، جگە لەوەی کە پاش و پێش بکەوێت لەگەڵ ماددەکانی پێشووتردا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەس فەزیلە خان قسەی هەیە، فەرموو.

**بەڕێز فضیلة رمضان سعدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەڕاستی ئەو ماددەیە وەزارەتی مالیە ئیلزام کریە کو راپۆرتەکە لە شەش مانگ دی ئامادە بکات، ئەوە ئومێدی هەموومانە، بەلاّم من یەك پرسیارم هەیە، حەزم لێیە وەلاّمی هەبێت، ئەگەر تاخیر بوو، لە کاتی خۆی نەهات، چ ئیجرائاتی هەیە کو زەخت بکات لەسەر وەزیرەکە، ئەو راپۆرتە لە کاتی خۆی بێت و تاخیر نەبێت؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

داوای لێ دەکەین بێت لێرە روون کردنەوەمان بۆ بدات، بۆچی دواکەوتووە؟ ئەگەر پێویستی کرد موحاسەبەی دەکەین، سنگی فراوانە، ئەو ماددەیە دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەزۆرینەی دەنگ وەرگیرا، فەرموو بۆ ماددەی بیست و چوار کە لە ئەسڵدا بیست و دووە.

**بەڕێز کریم مجید شریف(جوتیار):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی بیست و دوو کە دەبێتە ماددەی بیست و چوار:

وەزیری دارایی بۆی هەیە رێنمایی پێویست بۆ جێبەجێ کردنی ئەم یاسایە لەماوەی دوو هەفتە لەمێژووی دەرچوونیەوە دەربکات.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة الثانية والعشرون والتي اصبحت المادة الرابعة والعشرون:

لوزير المالية اصدار التعليمات اللازمة لتسهيل تنفيذ احكام هذا القانون خلال اسبوعين من تاريخ اصداره.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ماددەیەکی رۆتینیە، دەیخەمە دەنگدانەوە، مامۆستا کاکە قسەی هەیە فەرموو.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

مەفهومی ئەو ماددەیە مانای وایە ئەگەر پاش دوو هەفتە نەیكرد ناتوانێت، ئەوە نابێت ئەوە بێتن، دەبێت یان بڵێی (على وزير المالية اصدار التعليمات خلال اسبوعين)، ئەگەرنا (خلال اسبوعين)ی ناوێت.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەو مولاحەزەیەی مامۆستا كاكە راستە، كەواتە دەبێتە (على وزير المالية اصدار التعليمات اللازمة لتسهيل تنفيذ احكام هذا القانون) دەیخەمە دەنگدانەوە بەو گۆڕانكارییە، كێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەكۆی دەنگ وەرگیرا، مومكینە دوو رۆژ تاخیر بێتن، دوایێ كێشە دەبێتن سێ رۆژ تاخیر بێتن، دوایێ بە پەلە دەریدەخاتن، مەبدەئی كاركردن حوسن نیەتە، لەبەر ئەوە بە سوئی نیەت نابێت قەرار بدەین، فەرموو بۆ ماددەی بیست و پێنج كە لە ئەسڵدا بیست و سێیە.

**بەڕێز كريم مجيد شريف(جوتيار):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی بیست و سێ كە دەبێتە ماددەی بیست و پێنج:

پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران و لایەنی پەیوەندیدار حوكمەكانی ئەم یاسایە جێبەجێ بكەن.

**بەڕێز كريم بحرى عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

المادة الثالثة والعشرون والتي اصبحت المادة الخامسة والعشرون:

على مجلس الوزراء والجهات ذات العلاقة تنفيذ احكام هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەو ماددەیە دەیخەمە دەنگدانەوە، كێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەكۆی دەنگ وەرگیرا، فەرموو.

**بەڕێز كريم مجيد شريف(جوتيار):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی بیست و چوار كە دەبێتە ماددەی بیست و شەش:

ئەم یاسایە لە رۆژنامەی فەرمی (وەقائیعی کوردستان) دا بڵاو دەکرێتەوەو لە رێکەوتی ( / / 2009)دا جێبەجێ دەکرێت.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة الرابعة والعشرون والتي اصبحت المادة السادسة والعشرون:

ينشر هذا القانون في الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان) ويعتبر نافذاً اعتباراً من (2009/1/1).

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەو ماددەیەش رۆتینە، دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ وەرگیرا، ئێستا قانونەکە تەواو بوو، کۆمەڵێك تەوصیات هەیە، بەڵێ گوڵناز خان.

**بەڕێز گوڵناز عزیز قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لەو تەوصیاتە هەندێك قسە بکەین و لەگەڵ رێزو..........

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

جارێ با تەوصیاتەکە بخوێنمەوە، بزانە تەوصیاتی تۆی تێدایە، ئەگەر تێدا نەبوو، ئینجا داوای ئەو ئیجازەیە بکە، دوێنێ قسەمان لێ کردو باسمان کردو گوتمان لێرەشدا ئەوەی تێدا نەبێتن، تەوصیاتەکان رەنگە صیاغەکەی دەقیق نەبێت، بەڵام مەبدەئەکان کە تەسبیت کرد، لیژنەی یاسایی و دارایی صیاغەی دەکەن، دەبێتە بەشێك لە یاسایەکەو بۆ حکومەتی دەنێرین، تەوصیاتەکان دەڵێت:

1- بچووك کردنەوەی پێکهاتەی کابینەی ئەنجومەنی داهاتووی وەزارەت لەپێناوی تەرشیقی کارگێڕی لە حکومەت و پاشکەوت کردنی داهاتی بودجەی گشتی هەرێم.

2- یەکگرتنەوەی تەواوی وەزارەتی دارایی و دەزگاکانی چاودێری دارایی و ئاسایش، تا دوایی.

3- چارەسەر کردنی کێشەی زینندانیانی سیاسی هەرێمی کوردستان بە تەرخان کردنی مووچەو ئیمتیازاتیان بۆ مسۆگەر کردنی بە دەرکردنی رێسایەکی تایبەت لەم بارەیەوە.

4- یەکخستنی مەرجەکانی سولفەی زەوی و زارو چاوخشاندنەوە بە دیاری کردنی پێوەرە تایبەتیەکانی سولفە بە مەرجێك دێهاتەکانیش بگرێتەوە.

ئینجا ئەوە دەبێت ئیعادەی صیاغە بکرێتەوە، لەبەر رۆشنایی ماددەیەکمان لەوێ دانا، ئەو بابەتە دەبێتە هۆی رەچاو کردنی ئەو کەسانەی کە زەوی نیشتەجێیان لە سەد مەتریە، واتا سەد مەترە، هەروەها ئەوانەی کە لە دێیەکان دەژین، بۆ ئەوەی سولفەکە بیانگرێتەوە، بەو شێوەیە بێتن.

5- زیاد کردنی مووچەی کەم دەرامەتەکان لە حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ باشتر کردنی ژیانیان.

6- دیاری کردنی منحە بۆ حزب و رێکخراوە تایبەتیەکان بەپێی پێوەری دیار کراو لەسەر بنەمای پرۆژەی یاسایەکی هەموار کراوی یاسای حزبەکان.

7- چاودێری خاوەن پێداویستیە تایبەتیەکان و وێڕای دابین کردنی پێداویستە تایبەتمەندیەکانیان. ئەوەی کە باسمان کرد گوتمان پەنجا هەزار کەمتر نەبێت، ئەگەر زیادیش بکرێتن باشترە، چونکە ناوەکەیان وایە (ذوي الاحتياجات الخاصة).

8- دەبێت حکومەتی هەرێم هەوڵ بدات بینادنان و پێش چاوخستنی پیشەسازی پاڵاوتن و پترۆکیمیاویەکان بە مەبەستی باشترین سوود وەرگرتن لەسەروەت و سامانی نەوت، بۆ نەوەکانی داهاتوو، هەوڵ بدرێت بەشێك لەو داهاتە تەرخان بکرێت بۆ خەڵکی ناوچەکە.

ئینجا لێرەدا دەبێت ئیزافە بکەم پێویستە ئەو بڕە پارانەی لە بڕی گرێبەستەکانی حکومەتی هەرێم لەگەڵ کۆمپانیایەکانی نەوت و غاز کە تەرخان دەکرێت بۆ ناوچەکان، بۆ ئەو ناوچانەی نەوت و غاز لێی دەردێت جێ بەجێ بکات، بەتایبەتی ناوچەی گەرمیان کە زیاتر ئەو جێگایە وەبەرهێنان لەوێ دەگرێتەوە، ئەوە ئیزافە بکرێت، یان جیاواز بێت لێیان لەوێ ئیزافە بکرێت، ئەوەی کاك عادل داوای کردو یاداشتی بە ئێمە دابوو خولاصەکەی ئەوەمان لێ دەرهێنا، کە بایەخی تایبەتی بدەینە ئەو جێگایە.

9- پێویستە حکومەت بەرەچاو کردنی پرەنسیپەکانی پاداشت و لێ پێچینەوە کار بکات، ئەو دەزگاو کەسانەی کە کارەکانیان باش ئەنجام نادەن و کەم تەرخەمەن لێ پێچینەوەیان لەگەڵدا بکرێت.

10- جارێکی تر جەخت لەسەر ئەوە دەکەینەوە، ئەوە ئیزافەیە دەبێت ئیزافەی بکەین، جەخت لەسەر ئەوە دەکەینەوە کە پێویستە بودجەی هەرێم لەکاتی خۆیدا پێشکەش بکرێت بە رەچاو کردنی ئەوەش کە ئەو بودجەیە لەلایەن بەغداوە پێویستە پەسند بکرێتن، بەڵام ئێمە داواکارین ئەو بودجە خەملێنراوە بێتە پەرلەمانی کوردستان، پێش ئەوەی بچێتە بەغدا، دواتر کەی هەموار کراوە لە بەغدا، لەبەر رۆشنایی رەقەمەکان جارێکی تر دەکرێتن ئەو رەقەمانە پەسند بکەین، بەڵام بودجەی خەملێنراو لە لایەن پەرلەمان پێویستە لەوەختی خۆیدا، بەپێی یاسا، بەپێی نیزامی داخیلی پەرلەمان، پارساڵیش داوامان کرد، ئەگەرچی تێدەگەین لە صعوبەتی ئەوە چەندین جار ناچارن بیگۆڕن، بەڵام ئەو ناچاریە بیگۆڕن پەرلەمانیش پێ مەشغول بکەن، بەتایبەتی لیژنەی دارایی خەڵملاندنی بودجە لەکاری خۆیدا، کە دەبێت لە مانگی (10)دا بێت لەلایەن خۆتانەوە کۆتایی مانگی (10) کە بودجەتان خەملاند ئاگاداری پەرلەمان بکەنەوەو ئومێد دەکەم ئەمساڵ لە بەغداشدا ئەو مەسەلەیە زووتر چارەسەر بکرێت، چی تر هەبوو

لەبیرمان چوو بێت، بایەخدان بە ئاوەدانكردنی هەموو ناوچەكان، بەتایبەتی ناوچەكانی دەرەوەی هەرێم ئاوەدان بكرێتەوە، بەتایبەتی ناوچەكانی هەڵەبجەو گەرمیان، بەڵێ جەنابی وەزیر.

**بەڕێز شێخ بایز تاڵەبانی/ وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

نازانم بە كۆی گشتی یاساكە خرایە دەنگدانەوە.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەگەر وا بێتن مانای وایە دەگەڕێینەوە سەر سفر، ئێمە ئەو دە پێشنیارەمان كردووە، ئەگەر شتێكی زۆر گرنگ هەبێتن لەبیرمان چوو بێت، یان شتێكی تر هەیە، ئەوە تەوصیاتە لە صیاغە دەكرێت كەم و زیاد بكرێت، دەكرێتن لە رووی یاساییەوە هەرچی مولاحەزەتتان هەبێتن لە سەرۆكایەتی ئەوەی بە هەین دەزانین دەینرێن بۆ حكومەت، ئەوە پێتان باشترە، با یاساكە بە تەنیا دەدەین، ئەوەش دەڵێن قەراری پەرلەمانە لەبەر رۆشنایی ئەو كۆبوونەوانەی كە كراوە داواتان لێ دەكەین ئەو شتانەی خوارەوە جێ بەجێ بكەن و بە هەند وەربگرن باشتر دەبێتن، پێموایە بەو تەریقەیە باشترە هەرچی پێشنیارتان هەیە، لەبەر رۆشنایی ئەو چوار رۆژەی موناقەشاتە، ئەو رەئیانەی كە لێرە باس كراوە، ئەو داواكارییانەی كە لە حكومەت باس كراوەو لەو دە خاڵەدا نەهاتووە بە نووسراو بدەنە سەرۆكایەتی، ئەو دە خاڵەو ئەو خاڵانەی كە ئێوە دەیدەن و لێرە باس كراو ئاماژەی پێ كرا بێت و ژمارەیەك لە ئەندامان ئاماژەیان پێ كرد بێ، دەتوانین كۆبوونەوەیەك ئەنجام بدەین لەگەڵ سەرۆكی لیژنەكان لە پەرلەماندا بدەینە حكومەت، بەڵێ كاكە نوقتەی نیزامیت هەیە.

**بەڕێز عبدالكریم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەنیسبەت ئەو هەموو تەوصیاتانە حەق نییە لەناو قانون بێت، چونكە قانون ئەحكامە، ئێستا ئەوەی بكەینە مولحەقی قانونەكە گەلێك باشترە.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

ئێمەش وا دەڵێین، دەڵێین ئێمە دە خاڵمان نووسیووە، ئەو خاڵانەی تریش كە لەبەر رۆشنایی ئەو نامانەی كە دەنووسن بۆ ئێمە كۆبوونەوەیەك لەگەڵ سەرۆكی لیژنەكان دەكەین جارێكی تر ئەوانە بە بڕیارێكی تر دەینرێن بۆ حكومەت، بۆیە ئێستاكە من پرۆژە یاساكە بەگشتی، بەڵێ كاك عبدالرحمن.

**بەڕێز عبدالرحمن احمد رضا:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

هەندێ بابەتی گرنگ هەبوو عیلاقەی بە تەوصیاتەوە نییە، بۆ نموونە ئەو داواكاریانەی ئێمە لە چاكسازی لە بودجەی وەزارەتی كشتوكاڵ و سەرچاوەكانی ئاو و پلانی ستیراتیجی كوردستان، ئێمە بە رەقەم و بە داتا قسە دەكەین، قەرار بوو موناقەشەیەكی تیا بكەین، ئێمە دوو ساڵە ئاڵوگۆڕ لە بودجەی وەزارەتەكان ناكەین، تەوصیات چیە؟ تەوصیات مولاحەزەیەكە، پاریش ئەو تەوصیاتانە هەمووی كرا، من داوا دەكەم مەجالی ئێمە بدەن پێنج دەقیقە لە روانگەی راپۆرتەكانمانەوە هەندێك روون كردنەوە بدەین، ئەوە یەك. دووەمیش/ جەنابت دوێنێ فەرمووت ئەو حیساباتی خیتامیە ئیستینساخ بكرێت، تا ئێستاش نەمانبینی، نازانم چی لێهات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

جارێ بەنیسبەت قسەی دووەمت حیساباتی خیتامیەكە ئەگەر ئیستینساخ نەكراوە، هەر دەبێت ئیستینساخ بكرێت پێشتان بدرێت، بە هەر حاڵ جوابی كاك عبدالرحمن ئەوەیە لە موناقەشەكاندا دەركەوت سەرەتای بودجەی خەملێنراو هەژدە ملیار دۆلار بووە، هەژدە ملیار دۆلار ئەو وەختی نەفەقاتی تەشغیلی لە حدودی 30٪و شتی وا بووە، كە بۆتە كەمتر لە نۆ ملیۆن دۆلار نەفەقاتی تەشغیلی بەرز بۆتەوە بۆتە 65٪ لەسەر حیسابی ئەوان نەفەقاتی ئیستیسماری، نەفەقاتی رەئس مالی كەم بۆتەوە، بۆیە وەزارەتی كشتوكاڵ كە پارەت نەبێتن، ئەو بەرنامەیەی كە جەنابتان داتناوە ناكرێتن بە گفتوگۆ بەینی وەزارەتی دارایی و وەزارەتی كشتوكاڵ بەپێی ئەوەی مەوجودات ئەوەندەیە كەم بۆتەوە، كە ئیمكان نەبوو چۆن زیادی بكەین؟ تەبعەن ئەهمیەتی كشتوكاڵ رەقەم یەكە، ئەمساڵ ساڵی كشتوكاڵ بووە لە هەرێمی كوردستاندا، كۆنفرانسی بۆ گیراوە، زیادی بۆ كراوە، ئومێدیش دەكەین حەز دەكەی ئەوەش دەكەینە تەوصیەتێك لەگەڵ ئەوەی جەنابت باست كرد، بنووسە دەیكەینە خاڵێك لە خاڵەكانی ئەوەی كە بایەخدان بە كشتوكاڵ و هین و ئەوانە، با جارێ لە یاسایەكە تەواو بین هەرچی مەوزوعی تەوصیات بێت باسی دەكەین، با لە بودجەكە تەواو بین موناقەشەی ئەو ئەفكارانە دەكەین، ئێستا یاسای بودجە كە مادده بە مادده موناقەشەمان كرد هەمووی پێكەوە دەخەمە دەنگدانەوە، كێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەزۆرینەی دەنگ وەرگیرا، زۆر سوپاس، ئێستا بودجە پەسند كرا، زۆر سوپاستان دەكەین، ئینجا فەرموو سۆزان خان لەسەر تەوصیەكان.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە چوار دانە ساڵە لەگەڵ ئەم حكومەتەدا ئەو كێشەیەمان هەیە، تەوصیات دەنێرین دەخرێتە ناو چەكمەجەی حكومەتەوە، بە حیاتی نەمانبینی حكومەت لە چەكمەجەكەیدا ئەو تەوصیاتە بێنێتە دەرێ و كاری لەسەر بكات، یەكجار نەبێت ئەویش بۆ مەوزوعی خانوو دروست كردنەكەی گەرمیان بوو كە

تەوصیاتمان بۆ حکومەت کرد بەچ شێوازێك بکرێت، لەبەر ئەوە تکا دەکەم یەعنی تەوصیات ئەو قوەتەی نییە، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، ئەو بودجەیە پارەی کەسمان نییە، پارەی ئەم هاوولاَتیانەی ئەم ولاَتەیە، بۆیە دەبێت بەڕاستی ئەگەر ئەو تەوصیاتانە بزانین قوەتی ئەوەی تیا نییە، کە حکومەت جێ بەجێی ناکات حەق نییە بینووسین و شتێك بکەین، لە مانگی چوارەوە لە 2009/4/26ەوە وەزیرێکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەڕێز دکتۆر محەمەد ئیحسان کە مونەسقی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی بەغدایە کتابی تەوجیهی ئەنجومەنی وەزیران و وەزارەتی دارایی کردووە، بۆ رەئی وەرگرتن، یەك رەئیان وەربگرێت، ئایا رەزامەندن لەسەر ئەوەی پارەی زیندانیە سیاسیەکان لەسەر نەفەقاتی سیادی بە ئیقتیراحی حکومەتی عێراق کراوە؟ دەلَێ رازین، یان رازی نین جوابیان نەداینەوە، ئەی چۆن ئێستا ئێمە چاوەڕێ بکەین بە چوار مانگی دیکەش جوابیان بدەنەوە؟ ئەم کێشەیە وەکو خۆی دەمێنێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، من نامەوێت دیفاع لە حکومەت بکەم، بەلاَم تۆ لیژنەی پەروەردەی، هەموو ئەو لیژنانەی لێرە دانیشتوون دەیان راپۆرتیان نووسیووە کە بەرز بکرێتەوە بۆ حکومەت، هەروەها سکالاَی هاوولاَتیان کە لە ناحیەی یاساییەوە پێیان وابووە غەدریان لێ کراوە، لەبەر رۆشنایی رەئی لیژنەی یاسایی هەمووی ناردراوە بۆ حکومەت و داوامان کردووە ئەم کێشانە چارەسەر بکات، دەتوانم بلَێم لە 90٪ی ئەو داواکارییانە جێ بەجێ کراوە، خۆشتان لیژنەکانتان، جێ بەجێ کراوە یەعنی چی، یەعنی حکومەت ئەمری بە وەزارەتی پەیوەندیدار کردووە دەلَێ ئەوە رەئی پەرلەمانە تکایە جێ بەجێی بکە، حەقە لیژنەکان کە نوسخەکە بۆی دەگەڕێتەوە بچێتە وەزارەتەکە بلَێت ئەوە سەرۆکایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان داوای لێ کردووم کە رەئی پەرلەمان جێ بەجێ بکەن، بەلاَم لە لایەن حکومەتەوە بلَێ جواب نەدراوەتەوە، من وەکو سەرۆکی پەرلەمان جوابی راپۆرتەکان کە هاتووە هەمووم ناردۆتەوە بۆ لیژنەکان کە بەدواچوونی بۆ بکەن، لەبەر ئەوە تۆزێك حەق نییە، نازناز خان نوقتەی نیزامیت چیە؟

**بەڕێز نازناز محمد عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی من دەمەوێت باسی بکەم لە ئەنجامی بەدواداچوونی لیژنەی پەروردەو خوێندنی بالاَ بۆ سەرفی بودجە لەهەردوو وەزارەت، بەتایبەت لە وەزارەتی پەروەردە سەردانی کاك عوسمان شوانی و کاك دلَشادو لەدواییشدا کاك بایزیشمان دەعوەت کرد بۆ لیژنەکەمان بە وردی چووینە ناو مەوزوعی سەرفی بودجە، ئەوەی لێرەدایە من دەمەوێت شەرحی بکەم و زەمانەتێکیش وەربگرین بۆ بودجەی سالَی ئایندە کە بە چ شێوەیەك سەرف دەبێت، راستە ئێستا لێرە بە کۆمەلَە شتێکی باش ئێمە تەواو بووین، سوپاسی لیژنەی دارایی دەکەین، پێشنیاری زۆر چاکیان خستەڕوو، لە یەك تێگەیشتنێکی باش لە هەردوولا هەبوو، دلَنیاشم بەشێکی زۆری ئەو راسپاردانەش من گەشبینم دەزانم دێتە دی، بەلاَم مەسەلەیەکی گەورە هەیە، کە ئەو

وەزیرە بەڕێزانەش ئەو کاتی ئیشارەتیان پێدا، ئێستا ئەمڕۆکە (6/16)ـە ئێمە لە تەصدیقی بودجە نەجاتمان دەبێت، بەلاَم ئیحتیمالی هەیە تا عەمەلیەی تەعمیم بۆ سەرفی بودجە پێنج مانگ دەخایەنێت لە ولاَتی ئێمە، ئەمە پارساڵ روویدا، ئێستا چ زەمانەتێك هەیە کە بۆ ئەو ساڵ سەرفی بودجەی ئێمەش هەمان هەڵەکانی پارساڵ دووبارە نابێتەوە، بۆچی؟ جەنابی سەرۆکی پەرلەمان، چونکە کە لێرەدا دەڕوا مەفروزە وەکو هەموو قانونەکانی دیکە تەنها بچێتە بەردەمی سەرۆکی هەرێم، کە ئەو ئیمزای کرد، ئیتر ئۆتۆماتیکیەن دەبێت سەرف بێت، یەعنی دوای ئەوە کاری رۆتینەکەی خۆی بڕوا، بەلاَم لە دواییدا دەگەڕێتەوە ئەنجومەنی وەزیران، لە ئەنجومەنی وەزیران دەچێتەوە وەزارەتی مالیە، لە وەزارەتی مالیە جارێکی دیکە دەگەڕێتەوە، ئینجا لە دواییدا تەعمیم دەکرێت هەمووشمان شارەزای بەکارهێنانی رۆتینین لە ولاَتی ئێمە چەند خراپ سوود لەو نیزامە وەردەگرین کە لە ئەساسدا نیزامێکی باشە، هەر کتابێك کە دەڕوات مانگێك لەسەر مێزەکان دەمێنێتەوە، لە حاڵەتێکدا من ئاگام لە موعاناتی وەزیرەکانە، لێرەدا ئێمە دەبێت ئەو حاڵەتانەش ئیشارەتی پێ بدەین، یەك لەوانە وەزیری شەهیدانە رۆژانە پەیوەندیمان پێ دەکات کەی مەسەلەی بودجە تەواو دەبێت، یەك کۆمەڵ پرۆژەمان هەیە هەمووی لەسەر ئەوەیە، چونکە ناتوانین و سەرفی بودجەمان بۆ ناکرێت و ماونەتەوە، جەنابی سەرۆکی پەرلەمان، ئێستا ئێمە دەپرسین لە جەنابی کاك بایزو کاك عوسمان چ زەمانەتێك هەیە کە بەزووترین کات، ئەوەی کە ئەوەندەش لێرە رۆیشتووە، بەتایبەتی لە مەشاریع کە دەزانم مەعاشەکان راناوەستێ، بەلاَم لە مەشاریع ئەمانە چۆن جێ بەجێ دەکرێت؟ بۆچی؟ چونکە پارساڵ ژمارەیەکی زۆری پرۆژەکانی وەزارەتی پەروەردە جێ بەجێ نەکرا، لەبەر ئەو خەلەلە، خەلەلی رۆتین کە زۆر درەنگ تەصدیق کرا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ئەو تەوصیاتانە لەگەڵ یاسایەکە پێکەوە دەچێت بۆ ئیمزا کردن، یەعنی مولحەق دەبێتن، لەبەر ئەوە تکام وایە هەر ئەمڕۆ، یاخود سبەینێ هەرچی مولاحەزات هەیە بدەنە لیژنەی یاسایی و دارایی، بۆ ئەوەی وەرەقەی تەوصیاتەکە بە مولحەقی بنێرین، موناقەشەکە تەواو بووە، قسە دەدەمە کاك شێخ بایز پێش ئەوەی کۆتایی بە دانیشتنەکەمان بێنین، فەرموو وەزیری دارایی و ئابووری.

**بەڕێز شێخ بایز تاڵەبانی/ وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە زۆر زۆر سوپاسی بەڕێزتان دەکەین، هی سەرۆکایەتی و هەموو ئەندامانی پەرلەمان بۆ موصادەقە کردنی یاساکە، بەڕاستی ئەو چەند رۆژە مەجالی ئێمەتان دا بتوانین ئەو بۆچوونانەی حکومەت هەیبوو لێرە بە ئێوەی بەڕێز رابگەیەنین، دیارە هەموو لەو موناقەشاتانە ئێمە زۆر ئیستیفادەمان کرد، ئینشائەڵلا تەوصیاتەکانیش زۆر زۆر بەباشی وەریدەگرین و جێ بەجێی دەکەین ئینشائەڵلا، من تەئکید دەکەمەوە

لەسەر ئەوەی وەعد بێت هەر وەختێك لە جەریدەی رەسمی نەشر کراو گەیشتە دەستی وەزارەتی دارایی، ئێمە نەهێڵین یەك هەفتە بەسەریدا بڕوات تەعلیماتەکە تەوزیع بکەین، ئێمە لە ئێستاشەوە لەسەر ئەوە ئیش دەکەین، کە تەعلیماتەکە ئێستا جێ بەجێی بکەین و دایبڕێژین بۆ ئەوەی حازر بێت، ئینشائەڵڵا ئەوەش دواناکەوێت، دووبارە زۆر زۆر سوپاستان دەکەین.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر زۆر سوپاس، کۆتایی بە دانیشتنەکەمان دەهێنین، ئاگادارتان دەکەینەوە بۆ دانیشتنی داهاتوو.

| | | |
|---|---|---|
| **فرست احمد عبدالله** | **محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی)** | **عدنان رشاد مفتی** |
| **سکرتێری پەرلەمانی** | **جێگری سەرۆکی پەرلەمانی** | **سەرۆکی پەرلەمانی** |
| **کوردستان – عێراق** | **کوردستان – عێراق** | **کوردستان - عێراق** |

# پەرلەمانی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (20)**

**دووشەممە ڕێکەوتی 22\6\2009**

**خولی دووەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (20)

## دووشەممە ڕێكەوتی 2009/6/22

كاتژمێر (11)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی دووشەممە ڕێكەوتی 2009/6/22 پەرلەمانی كوردستان - عێراق بە سەرۆكایەتی بەڕێز عدنان رشاد مفتی سەرۆكی پەرلەمان و, بە ئامادەبوونی بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی) جێگری سەرۆك و, بەڕێز فرست أحمد عبدالله سكرتێری پەرلەمان, دانیشتنی ژماره (20)ی خولی دووەم, ساڵی (2009) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی كار:**

بەپێی حوكمەكانی بڕگە (1)ی مادده (20) لە پێڕۆی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەمواركراوی ساڵی 1992ی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق, دەستەی سەرۆكایەتی پەرلەمان بڕیاردرا دانیشتنی ژمارەی (20)ی خولی دووەمی هەڵبژاردن لە كات (11)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی دووشەممە ڕێكەوتی 2009/6/22 دا بەم شێوەیە بێت:

1- خوێندنەوەی یەكەمی پرۆژەی یاسای هەموار كردنی یاسای ژمارە (16)ی ساڵی 2008 یاسای پەسند كردنی پرۆژەی دەستووری هەرێمی كوردستان، كە لە لایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانەوە پێشكەش كراوە.

2- خوێندنەوەی یەكەمی پرۆژەی یاسای زانكۆ تایبەتیەكان لە هەرێمی كوردستان – عێراق، كە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە بەنووسراوی ژمارە (5537) لە 2009/6/2 پێشكەش كراوە.

3- خوێندنەوەی یەكەمی پرۆژەی یاسای هەموار كردنی یاسای وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی ژمارە (10)ی ساڵی 2008، كە لە لایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە بەنووسراوی ژمارە (5537) لە 2009/6/2 پێشكەش كراوە.

4- خوێندنەوەی یەكەمی پرۆژەی یاسای خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی، كە لە لایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانەوە پێشكەش كراوە.

5- خستنەڕوو و گفتوگۆ كردنی ناڕەزایی دەربڕینی بەڕێز سەرۆكی هەرێم لەسەر یاسای ژمارە (4)ی ساڵی 2009 یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاكان و قەزاو ناحیەكان لە هەرێمی كوردستان.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

**بەناوی گەلی کوردستان، دانیشتنەکەمان دەکەینەوە، بەرنامەی کار:**

**بەپێی حوکمەکانی بڕگە (1)ی ماددە (20) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموار کراوی ساڵی 1992ی پەرلەمانی کوردستانی عێراق، دەستەی سەرۆکایەتیی پەرلەمان بڕیاریدا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە (20)ی خولی دووەمی هەڵبژاردن لە کاتژمێر (11)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی دوو شەممە رێکەوتی 2009/6/22دا بەم شێوەیە بێت:**

**1- خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژەی یاسای هەموار کردنی یاسای ژمارە (16)ی ساڵی 2008 یاسای پەسند کردنی پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان، کە لە لایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانەوە پێشکەش کراوە.**

**2- خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژەی یاسای زانکۆ تایبەتیەکان لە هەرێمی کوردستان – عێراق، کە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە بەنووسراوی ژمارە (5537) لە 2009/6/2 پێشکەش کراوە.**

**3- خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژەی یاسای هەموار کردنی یاسای وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی ژمارە (10)ی ساڵی 2008، کە لە لایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە بەنووسراوی ژمارە (5537) لە 2009/6/2 پێشکەش کراوە.**

**4- خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژەی یاسای خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی، کە لە لایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانەوە پێشکەش کراوە.**

**5- خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی نارەزایی دەربڕینی بەڕێز سەرۆکی هەرێم لەسەر یاسای ژمارە (4)ی ساڵی 2009 یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان و قەزاو ناحیەکان لە هەرێمی کوردستان.**

**داوا لە لیژنەی یاسایی دەکەم بێن لە شوێنی خۆیان دابنیشن، بۆ دەست پێ کردن بە کارەکانیان، هەروەها لیژنەی ناوخۆش، خاڵی یەکەم لە بەرنامەی کار/ خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژەی یاسای هەموار کردنی یاسای ژمارە (16)ی ساڵی 2008 (یاسای پەسند کردنی پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان، کە لە لایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانەوە پێشکەش کراوە). تکایە فەرموون بۆ خوێندنەوەی.**

**بەڕێز سەردار صباح بۆزۆ هەرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**پرۆژەکە تەنها بە زمانی عەرەبیمان لەبەردەست دایە.**

**مشروع قانون التعديل الاول**

**لقانون اقرار دستور اقليم كوردستان رقم 16 لسنة 2008**

**المادة الاولى: تعدل المادة السادسة من القانون وتقرا كالآتي:**

**اولاً: يعرض مشروع الدستور على الاستفتاء العام بعد مصادقة البرلمان عليه بموافقة ما لايقل عن ثلثي عدد اعضاءه.**

**ثانياً: تجري عملية الاستفتاء العام على مشروع الدستور وبالاقتراع العام السري والمباشر، يوم السبت المصادف 2009/7/25.**

**ثالثاً: يكون الاستفتاء بابداء الرأي بالسؤال الآتي: {هل توافق على مشروع الدستور؟ وتكون الاجابة بـ(نعم) أو (لا)}.**

**المادة الثانية: تعدل المادة السابعة وتقرأ كالآتي:-**

**تطبع اعداد كافية من مشروع الدستور المصادق عليه من قبل البرلمان باللغات الدارجة في الاقليم (الكوردية، العربية، التركمانية، السريانية) لعرضها على الشعب للاستفتاء العام.**

**المادة الثالثة:**

**تعدل الفقرة الثانية من المادة الثامنة بأضافة العبارة التالية الى آخر الفقرة (ولها ان تصدر الانظمة اللازمة لذلك بموجب هذا القانون).**

**المادة الرابعة: مادة مضافة:**

**يعد مشروع الدستور موافقاً عليه بحصوله على أصوات اكثرية المصوتين بنعم في الاستفتاء العام ويعتبر نافذاً بعد مضي ثلاثين يوماً من تأريخ الاستفتاء.**

**المادة الخامسة: مادة مضافة:**

**يكون الشخص مؤهلاً للتصويت للاستفتاء على مشروع الدستور بتوفر الشروط الآتية:**

**1- ان يكون عراقياً من مواطني كوردستان - العراق وأكمل الثامنة عشر من العمر.**

**2- ان يكون مسجلاً في سجلات الناخبين.**

**المادة السادسة:**

**على مجلس الوزراء والجهات ذات العلاقة تنفيذ احكام هذا القانون.**

**المادة السابعة:**

**ينفذ هذا القانون اعتباراً من تأريخ اصداره وينشر في الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان).**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**بە كوردیەكەی تكایە.**

**بەڕێز دلێر محمد شریف:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**پرۆژەی یاسای یەكەم هەموار كردنی یاسای پەسندكردنی**

**دەستووری هەرێمی كوردستان**

## ژمارە (16)ی ساڵی 2008

**ماددەی یەکەم:**

**ماددەی شەشەم لەیاساکەدا هەموار دەکرێ و بەم شێوەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:**

**یەکەم: پرۆژەی دەستوور دەخرێتە بەر راپرسی گشتی و دوای پەسندکردنی لە پەرلەمان لای کەم بە رەزامەندی دوو لەسەر سێی ئەندامانیەوە.**

**دووەم: پرۆسەی راپرسی گشتی لەسەر پرۆژەی دەستور لە رۆژی شەممە رێکەوتی 2009/7/25 ئەنجام دەدرێت بە دەنگدانێکی نهێنی راستەوخۆ و سەرتاسەری.**

**سێیەم: راپرسی بە رادەربڕین دەبێ لەسەر ئەم پرسیارەی خوارەوە:{ئایا تۆ رەزامەندیت لەسەر پرۆژەی دەستورکە؟ وەڵامەکەشی بە (بەڵێ) یان (نەخێر) دەبێت}**

**ماددەی دووەم:**

**ماددەی حەوتەم هەموار دەکرێ و بەم شێوەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:**

**ژمارەیەکی بەرچاو لە پرۆژەی دەستوری پەسندکراو لە پەرلەمان بە زمانە پەیڕەوکراوەکانی هەرێم (کوردی، عارەبی، تورکمانی و سریانی) چاپ دەکرێ بۆ ئەوەی بخرێتە بەردەستی گەل لە راپرسیەکی گشتیدا.**

**ماددەی سێیەم:**

**برگەی دووەم لە ماددەی هەشتەم هەمواردەکرێت بە زیادکردنی ئەم دەربڕینەی خوارەوە لە کۆتایی برگەکەدا: (بۆی هەیە سەبارەت بەوە پەیرەوی پێویست بەپێی ئەم یاسایە دەربکات).**

**ماددەی چوارەم: ماددەیەکی زیادکراوە:**

**پرۆژەی دەستورەکە بە پەسندکراو دەژمێردرێت بە بەدەستهینانی دەنگی زۆرینەی دەنگدەران لە راپرسیەکی گشتیداو بەکارپێکراویش دادەنرێت دووای تێپەڕبوونی (30) رۆژ بەسەر راپرسیەکەدا.**

**ماددەی پێنجەم: مادەیەکی زیادکراوە:**

**ئەو کەسەی شیاوی دەنگدانی هەیە بۆ راپرسی سەر پرۆژەی دەستورەکە دەبێ ئەم مەرجانەی خوارەوەی تێدابێت:**

1- **دەبێ عێراقی ولە هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان بێ و، هەژدە ساڵی تەمەنی تەواو کردبێت.**

2- **دەبێ ناوی لە تۆمارگەی دەنگدەراندا تۆمارکرابێت.**

**ماددەی شەشەم:**

**پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.**

**ماددەی حەوتەم:**

**ئەم یاسایە لە ڕۆژی دەرچوونیەوە جێبەجێ دەکرێ و لەرۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان)دا بلاّودەکرێتەوە.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**زۆر سوپاس، ئەم یاسایە ئاراستەی لیژنەی یاسایی و لیژنەی ناوخۆ و ئەندامانی پەرلەمان دەکەم، پاشی تەواو بوونی جەلسە سەعاتێك فرسەت دەدەین، بەلاّم من داوا لە هەردوو لیژنە دەکەم کە ڕەچاوی ئەوە بکەن، کە (ثانیاً)، بۆ ئەوەی ماندی نەکەین و موناقەشە نەکەین کە نووسراوە (ثانیاً: تجري عملیة الاستفتاء) ڕەچاوی ئەوە بکەن کە دەبێت لە ئەخیرەکەی بنووسرێت (ان تم اقراره في برلمان بثلثي اعضائه) دەبێت ئەوە بنووسین، چونکە هەتا ئیقرار نەکرێت، ناتوانی ڕۆژی ڕاپرسیەکە تەحدید بکەیت، دووەمیش/ شروتی ئەو کەسەی کە حەقی دەنگدانی هەیە، دەبێت لەگەڵ یاسایەکەی پێشتر یاسای هەڵبژاردن بگونجێتن، هەمان شروتی کە لەوێداو لێرەشدا دابنرێت، چونکە وەکو یەك نییەو ڕەچاوی بکەین، بۆ ئەوەی وەختمان زۆر لێ نەڕوات، ئەوەی بە کوردی خوێندرایەوە تەواو، بەلاّم ئەوەی نووسراوەو تەوزیع کراوە لە شروتی ئەندامەکان نەکراوە، ئەو پرۆژەیە لە لایەن ئەندامان: (کاك شێروان حەیدەری، طلعت سیف الدین، دکتۆرە ڕۆژان دزەیی، کاك رشاد احمد، کاك عەونی بەزاز، کاك دکتۆر ناصح غفور، کاك طارق جامباز، کاك خدر سلیمان، کاك عادل محمد امین، کاك جمال شمعون، کاك جعفر مستەفا، کاك جمال یوسف بۆتانی پێشکەش کراوە)، زۆر سوپاس.**

**خاڵی دووەم لە بەرنامەی کار: خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژەی یاسای زانکۆ تایبەتیەکان لە هەرێمی کوردستان – عێراق، کە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە بەنووسراوی ژمارە (5537) لە 2009/6/2 پێشکەش کراوە، ئەم پرۆژەیە دیارە تەبعەن وەزارەتی خوێندنی باڵا ئیشێکی زۆری لەسەر کردووەو کاری کردووە، لەبەر ئەوە داوایان لێ کردین بە لای کەمی خوێندنەوەی یەکەمی بۆ بکرێت و ئاراستەی ئەندامانی پەرلەمان بکرێت و لیژنەی پەیوەندیدار بکرێت، بۆ ئەوەی هەم ئاگادار بن، هەمیش دیراسەتی بکەن، هەرچەندە پێمان گوتن ڕەنگە نە مەجالی ئەوە هەبێتن، نە بتوانین لەو ماوەیە کورتەدا کە ماوە پەسندی بکەن، بەلاّم وەکو خوێندنەوەی یەکەم لێرە ئاماژەمان پێ کردو زۆرە، تەنیا ئیکتیفا بەوە دەکەین، کە ئاراستەی لیژنەی یاسایی و لیژنەی پەروەردەو خوێندنی باڵاو ئەندامانی پەرلەمانی دەکەین، بۆ ئەوەی ئاگادار بن ئینشائەڵلاّ لە خولی داهاتووی پەرلەماندا جارێکی تر دەبێت بخوێندرێتەوەو ئەوانەی کە دەمێنێنەوە لە ئەندامانی پەرلەمان ئاشنا دەبن و کارەکانیان ئاسانتر دەبێت.**

**خاڵی سێیەم لە بەرنامەی کار/ خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژەی یاسای هەموار کردنی یاسای وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی ژمارە (10)ی ساڵی 2008، کە لە لایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە بەنووسراوی ژمارە (5537) لە 2009/6/2 پێشکەش کراوە.**

**ئەم پرۆژەیەش بە هەمان شێوە ئاراستەی لیژنەی خوێندنی باڵاو لیژنەی یاسایی دەکەین، لەگەڵ ئەندامانی پەرلەمان، لەبەر هەمان مەبەست و هەمان شەرح، کە ئاماژەمان پێ کرد.**

**خاڵی چوارەم لە بەرنامەی کار/ خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژەی یاسای خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی، کە لە لایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانەوە پێشکەش کراوە.**

ئەم یاسایە لە لایەن ئەندامانی پەرلەمان و لیژنەی خوێندنی باڵاو لیژنەی پەروەردە، ناوە كانیان: (خاتوو نازناز محمد عبدالقادر، خاتوو سۆزان شهاب، دكتۆرە شوكریە، دكتۆر دلێر شاوەیس، دكتۆر نوری تاڵەبانی، دكتۆرە هالە سهیل، خاتوو چرۆ علی، خاتوو ڤیان سلێمان، كاك محەمەد احمد صالح، كاك عەونی بەزاز، كاك محمد صالح اسماعیل پێشكەش كراوە)، بۆیە خستمانە بەرنامەی كار، چونكە ئەم پرۆژەیە لەلایەن پەرلەمانەوە ئامادە كراوە، پێویست بەوە دەكاتن حكومەت دیراسەتی بكاتن و رەئی لەسەر بداتن، بۆیە من داوایان لێ دەكەم موافەقەت بكەن كە بینرێن بۆ حكومەت، بۆ ئەوەی حكومەت دیراسەتی بكات و تەقدیمی بكاتن بۆ خولی داهاتووی پەرلەمان ئامادە بێتن، دەیخەمە دەنگدانەوە، كێ لەگەڵ ئەوەیە ئەو پرۆژەیە بنێرین بۆ حكومەت تكایە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەزۆرینەی دەنگ وەرگیرا، هەرچەندە پێویستی نەدەكرد، بەلام بۆ ئەوەی لە مەسئوولیەتی خۆمان لاببەین و ئەو پرۆژەیە ئاراستەی حكومەتی دەكەین، بۆ ئەوەی دیراسەتی بكەن، پاش دیراسە كردن بۆمان بنێرنەوە.

خاڵی پێنجەم لە بەرنامەی كار/ خستنەڕوو و گفتوگۆ كردنی ناڕەزایی دەربڕینی بەڕێز سەرۆكی هەرێم لەسەر یاسای ژمارە (4)ی ساڵی 2009 یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاكان و قەزاو ناحیەكان لە هەرێمی كوردستان.

داوا لە لیژنەی یاسایی و لیژنەی ناوخۆ دەكەم چۆنیان ئیتیفاق كردووە بۆ خوێندنەوەی ئیعتیرازی سەرۆكی هەرێم بۆ خستنە گفتوگۆی فەرموون.

**بەڕێز سەردار صباح بۆزۆ هەركی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەمە دەقی ناڕەزایی جەنابی سەرۆكی هەرێمە:

**بڕیار**

**ژمارە (12)ی ساڵی 2009**

بەپێی خاڵی (2)ی برگەی "یەكەم"ی ماددەی "دەیەم"ی یاسای سەرۆكایەتی هەرێمی كورستان – عێراق ژمارە (1)ی ساڵی 2005ی هەموار كراو و لەپێناو مسۆگەر كردنی نوێنەرایەتی پێكهاتەكانی كوردستان لە كلدان و ئاشووری و توركمان لە ئەنجومەنی پارێزگاكانی كوردستان و، بە مەبەستی هەماهەنگی لەنێوان یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی كوردستان – عێراق ژمارە (1) ساڵی 1992ی هەموار كراو و یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنەكانی پارێزگاكان و قەزاو ناحیەكان لە هەرێمی كوردستان – عێراق ژمارە (4) ساڵی 2009 بڕیارماندا:

1- یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنەكانی پارێزگاكان و قەزاو ناحیەكان لە هەرێمی كوردستان – عێراق ژمارە (4)ی ساڵی 2009، كە پەرلەمانی كوردستان لە دانیشتنی ژمارە (11)ی ئاسایی خۆیدا لە 2009/5/11

تەشریعی کردووەو بەنووسراوی ژمارە (753/34) لە 2009/5/26 ناردوویەتی بۆ سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان – عێراق بگەڕێنینەوە پەرلەمانی کوردستان تاوەکو پێدا بچێتەوە.

2- بۆ وەدیهێنانی ئەو ئامانجانەی لەسەرەوە ئاماژەمان پێیان کرد، پێشنیار دەکەین پەرلەمان لە پێداچوونەوەیدا ماددەیەك بۆ یاساکە زیاد بکات بەم شێوەیە:

1- لە ئەنجومەنی پارێزگای دهۆك دوو کورسی تەرخان دەکرێت بۆ کلدان سریان ئاشووری و پالێوراوانی خۆیان کێبڕکێیی لەسەر دەکەن.

2- لە ئەنجومەنی پارێزگای دهۆك یەك کورسی تەرخان دەکرێت بۆ پێکهاتەی ئەرمەن و پالێوراوانی خۆیان کێبڕکێیی لەسەر دەکەن.

3- لە ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی یەك کورسی تەرخان دەکرێت بۆ کلدان سریان ئاشووری و پالێوراوانی خۆیان کێبڕکێیی لەسەر دەکەن.

4- لە ئەنجومەنی پارێزگای هەولێر دوو کورسی بۆ کلدان سریان ئاشووری و سێ کورسی بۆ تورکمان تەرخان دەکرێت و پالێوراوانی پێکهاتەکانی خۆیان کێبڕکێیی لەسەر دەکەن.

5- دەنگدەرانی هەر پێکهاتەیەك پالێوراوانی پێکهاتەی خۆیان هەڵدەبژێرن.

**مسعود بارزانی**

**سەرۆکی هەرێمی کوردستان – عێراق**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، راپۆرتی رەئی لیژنەی یاسایی و لیژنەی ناوخۆ لەسەر ئەوە فەرموو.

**بەڕێز دلێر محمد شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بۆ / سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان ـ عیراق**

**بابەت / رای لیژنەی یاسایی**

لیژنەی یاسایی رۆژی چوار شەممە رێکەوتی 2009/6/17ی بەرامبەر بە 27/جۆزەردان/2709 کوردی بە ئامادە بوونی ئەو ئەندامە بەڕێزانەی کە لە خوارەوە واژوویان کردووە بۆ تاوتوێکردنی بڕیاری ژمارە (12)ی ساڵی 2009 سەرۆکی هەرێمی کوردستان دەربارەی گەڕاندنەوەی یاسای ژمارە (4)ی ساڵی 2009

**یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنەکانی پارێزگاکان و قەزاو ناحیەکان لە هەرێمی کوردستان بۆ سەیر کردنەوەی جارێکی تر لەپێناو مسۆگەر کردنی نوێنەرایەتی پێکهاتەکانی کوردستان لە کلدان و ئاشووری و تورکمان لە ئەنجومەنی پارێزگاکانی کوردستان بە مەبەستی هەماهەنگی لەنێوان یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستانی عێراق ژمارە (1)ی ساڵی 1992ی هەموار کراو و یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان و قەزاو ناحیەکان لە هەرێم و بەزیاد کردنی ماددەیەك بۆ یاساکە.**

**لیژنە بەڕای زۆرینەی ئەندامانی پشتگیری لە تێبینیەکانی سەرۆکی هەرێم دەکات و ماددەکە بەم شێوەیە دەبێت:**

**1- لە ئەنجومەنی پارێزگای دهۆك دوو کورسی تەرخان دەکرێت بۆ کلدان سریان ئاشووری و پالێوراوانی خۆیان کێبڕکێیی لەسەر دەکەن.**

**2- لە ئەنجومەنی پارێزگای دهۆك یەك کورسی تەرخان دەکرێت بۆ پێکهاتەی ئەرمەن و پالێوراوانی خۆیان کێبڕکێیی لەسەر دەکەن.**

**3- لە ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی یەك کورسی تەرخان دەکرێت بۆ کلدان سریان ئاشووری و پالێوراوانی خۆیان کێبڕکێیی لەسەر دەکەن.**

**4- لە ئەنجومەنی پارێزگای هەولێر دوو کورسی بۆ کلدان سریان ئاشووری و سێ کورسی بۆ تورکمان تەرخان دەکرێت و پالێوراوانی پێکهاتەکانی خۆیان کێبڕکێیی لەسەر دەکەن.**

**5- دەنگدەرانی هەر پێکهاتەیەك پالێوراوانی پێکهاتەی خۆیان هەڵدەبژێرن.**

**بەڕێز اسماعیل محمود عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بۆ/ سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان – عێراق**

**بابەت/ رای لیژنەی کاروباری ناوخۆ**

**لیژنەی کاروباری ناوخۆ رۆژی دوو شەممە رێکەوتی (2009/6/22) بە مەبەستی تاوتوێ کردنی ناڕەزاییەکانی جەنابی سەرۆکی هەرێم لەسەر یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان و قەزاو ناحیەکان لە هەرێمی کوردستان کۆبوونەوەی خۆی کرد.**

**پاش دراسەت کردن و گفتوگۆ کردن، لیژنەی کاروباری ناوخۆ رای خۆی لەم راپۆرتە بەم شێوە پێشکەش دەکات:**

**1- لیژنەکەمان ناڕەزایی سەرۆکی هەرێم پەسند دەکات، کە کۆتا هەبێت بۆ برا تورکمان و کلدان و ئاشووری و سریان و ئەرمەن.**

2- لیژنــه بــەڕای زۆرینــەی ئەنــدامانی پێشــنیار دەکــات ماددەیــەك زیــاد بکرێــت بــۆ یاســایەکەو ژمــارەی کورسیەکانیش بەم شێوەیەی خوارەوە بێت:

یەکەم: لە ئەنجومەنی پارێزگای دهۆك دوو کورسی تەرخان دەکرێت بۆ کلدان سریان ئاشووری و ئەرمەن و پالێوراوانی خۆیان کێبڕکێیی لەسەر دەکەن.

دووەم: لـە ئەنجومـەنی پارێزگـای سـلێمانی یـەك کورسـی تـەرخان دەکرێـت بـۆ کلـدان سـریان ئاشـووری و پالێوراوانی خۆیان کێبڕکێیی لەسەر دەکەن.

سێیەم: لە ئەنجومەنی پارێزگای هەولێر دوو کورسی بۆ کلدان سریان ئاشـووری و دوو کورسـی بـۆ تورکمـان تەرخان دەکرێت و پالێوراوانی خۆیان کێبڕکێیی لەسەر دەکەن.

چوارەم: دەنگدەرانی هەر پێکهاتەیەك پالێوراوانی پێکهاتەی خۆیان هەڵدەبژێرن.

لەگەڵ ڕێزماندا.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، هەردوو لیژنەکە مەبدەئی کۆتایان پەسندە، خیلاف لەسەر ئەوە نییە، کۆتـا ئـەو مەبدەئـە لـە عێـراقیش بـۆ ئەنجومـەنی پارێزگاکـان دابـین کـراوەو، کـارێکی باشـە لەگـەڵ دیموکراسـی، بـە قـەرارو یاسـا پاراستنی مافەکانیان جێگیر بکرێت باشترە لەوە کە بکرێتە ئەوەی وەکو زۆرینـەی خـەڵك و ئەوانـە، ڕەنگـە نەتوانن بگەنە مافەکانی خۆیان، لێرەدا بڕگە بە بڕگە موناقەشەی دەکەین، مەبدەئەکـە کـە هـاتووە ئەگـەر کەس خیلافی لەسەر مەبدەئەکە هەیە با کۆتا بێتن، پێموا نییـە کـەس خـیلافی لەسـەر مەبدەئەکـە هـەبێت، مادام مەبدەئەکە قەبول کراوەو هەردوو لیژنەکـەش پەسـندی کـردووە دەچـینە نـاو تەفسـیلەکانەوە، خـاڵی یەکەم لە ئەنجومەنی پارێزگای دهۆکە، داوا کراوە کە دوو کورسی تەرخان بکرێت بۆ کلدان سـریان ئاشـوور، یەك کورسیش بۆ ئەرمەن، ئەگەر کەس قسەی لەسەر هەیە بەس دهـۆك، ناوتـان دەنووسـم، لەسـەر ئـەوەی دوو کورسی بۆ سریان کلدان ئاشوور، کورسیەکیش بۆ ئەرمەن هی دهۆك فەقەت، تێکـەڵاوی مەکـەن تکاتـان لێ دەکەم لەسەر مەوزوعی دهۆکە، کاك ڕۆمیۆ فەرموو.

**بەڕێز ڕۆمیۆ حزیران نیسان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی بەڕاستی بێت دەبێت ئێمە بە گشتی قسە لەسەر سەرجەم خاڵەکان بکەین، چونکە تـەعبیر لـە یـەك ئامـانج دەکـەن، بۆیـە مـن داوا دەکـەم ئەگـەر ڕێگـام بـدەن بەگشـتی و زۆر بـە کـورتی قسـە لەسـەر هـەموو خاڵەکان بکەم، ئەو قسانەی کـە مـن دەیکـەم تـەعبیر لـە بیروبۆچـوونی خوشـك و برایـانی بـەڕێزم گەلاوێـژ شاباو جەمال شـەمعون و ئەنـدریوس یوحنـاو، هـەروەها منـیش دەکـاتن لـە پێشـەکیدا زۆر سوپاسـی بـەڕێز سەرۆکی هەرێم دەکەم، کە ئیستیجابەیەکی تەواوی کرد بۆ داخوازی و هەروەها بۆ ئەو یاداشـتنامەیەی کـە ئێمە ناردمان و ئیمزامان کرد بوو، کە ناڕەزاییمان دەربڕی دەربارەی ئەو دەنگدانـەی پەرلـەمان، کـە بەشـی

هەرە زۆری خوشك و برا بەڕێزانی ئەندامانی پەرلەمان دەنگیان لەسەردا دژی بیرو بۆچوونی ئێمە بوو بەڕاستی وەکو گەلی کلدانی و سریانی و ئاشووری، ئەمە شتێکی چاك بوو کە جەنابیان ئەو یاسایەیان گەڕاندەوە بەو شێوەیەی کە ئێمە داوامان کرد، بەلاَم ئەوەی تێبینی دەکرێت من یەکەم جار رەخنەیەکم لە لیژنەی یاسایی هەیە، لیژنەی یاسایی جارێکی تر ناوی گەلەکەمانی دژی ئەوەی کە لە نووسراوی بەڕێز سەرۆکی هەرێم هاتووە جارێکی تر نووسراوە، بەڕاستی ئەمە دەبێت جارێکی تر راست بکرێتەوە.

دوو/ لە یاسای هەموار کردنی یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان لە $2/12$ی ئەمساڵ، هەروەها نووسراوی بەڕێز سەرۆکی هەرێم لە $6/2$، هەروەها لە دوایین نوسخەی دەستووری هەرێم لە $6/10$، کە دوایین کۆبوونەوەی لیژنەی دەستووری بوو ناوی گەلەکەمان بەو شێوەیە کە جەنابی سەرۆکی هەرێم ئیشارەتی پێداوە، بەلاَم بەداخەوە ئەوەی تێبینی دەکرێت جارێکی تر وا خەریکە دەیانەوێت وا بەشێوەیەك تەسبیت بکرێت، کە دژی بیروبۆچوون و داخوازی ئێمەیە، بۆیە ئێمە داوا دەکەین کە جارێکی تر گوێ بۆ ئێمە مانان بگرن بەو شێوەیەی کە ئێمە داوا دەکەین چۆن ناومان بنووسرێت لە هیچ شوێنێکی دنیا نەبووە کە ناو فەرز بکرێت بەسەر خەڵکانێك، یاخود بەسەر نەتەوەیەك، بەپێچەوانەوە، یان دەبێت بڵێین ئەمانە نوێنەری ئەو نەتەوەیەن گوێیان بۆ رابگرن، یاخود دەبێت بڵێین نوێنەری ئەم خەڵکە نین، ئێمەش لە جیاتی ئێوەش شت دەنووسین، بۆیە ئێمە مانان، ئێمە ئامادە نین بەڕاستی، چونکە ئێستا رووبەڕووی دوا رۆژو چارەنووس و پاراستنی ناسنامەی نەتەوەیی گەلەکەمان دەبینەوە، ئێمە ئامادە نین بەڕاستی رازی بین بەو ناوەی کە بەم شێوەیە بێجگە لەو شوێنانەی کە من باسم کردن جارێکی تر ناوەکە دەگۆڕێت.

سێ/ ئێمە داوا لە پەرلەمانی بەڕێز دەکەین، بەڕاستی نەچێتە ژێر ئەو بارە قورسەی مێژووییەوەو خۆشی بەشدار بێت لە دابەش کردن و پارچە پارچە کردنی نەتەوەیەك، یاخود پێکهاتەیەکی خودی خۆی، واتا خودی ئەم پەرلەمانەوە، بۆیە جارێکی تر داوا لە بەڕێزتان وەکو سەرۆکایەتی پەرلەمان و، هەروەها سەرۆکایەتی هەرێم و سەرۆکایەتی حکومەتیش دەکەین جارێکی تر بە تەنگ داخوازیەکانی ئێمە بێنەوە، بۆ ئەوەی جارێکی تر ناوەکەمان لە دەستووری هەرێم و لە سەرجەم یاساو بڕیارەکانی ئەم پەرلەمانە بەڕێزە بەم شێوەیە بنووسرێت و تەسبیت بکرێت، کە ئێمە داوا دەکەین، نەك خەڵکانێك لە دەرەوەی ئەم پەرلەمانەو دەرەوەی ئەم نەتەوەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، خۆی لەڕاستیدا بوو بۆ ئەوەی روون بێتن، ئەوەی ئێستا لەو یاسایەدا هاتووە عیلاقەی بەو پرۆژە دەستوورییە نییە، پرۆژە دەستوورییەکە پاشی موناقەشەو گفتوگۆیەکی زۆر بەهەند وەرگرتنی رەئی هەموو لایەك، ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان لە نوێنەرانی کلدان سریان ئاشوور، خەڵکی تریش، ئەحزابەکانی تریش، صیغەیەکمان نووسیوە کە تەعبیر لەوە بکاتن، کە ویستی ئەوان، ئیرادەی ئەوان، بەبێ ئەوەی تەدەخول بکەین، بەلاَم ئەمە یاسایە، موفتەرەحەکەی کاك رۆمیۆ پەسند دەکەم، وەکو لە نامەکەی

**جەنابی سەرۆك هاتووە چۆن نووسراوە وا بـێتن، چ ئیشكالێكیش دروست ناكات لەسـەر هـین و ئەوانـە، بـا وەكو یاسا بڕواتن، كاك سەردار فەرمووە.**

**بەڕێز سەردار صباح بۆزۆ هەركی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**ئێمە لە لیژنەی یاسایی دەقی نووسراوی سەرۆكایەتی هـەرێم هـاتووە، دەقـی ئـەوەمان نووسـیوەتەوە، بۆیـە حەز دەكەم بۆی بخوێنمەوە:**

**1- لە ئەنجومەنی پارێزگای دهۆك دوو كورسی تەرخان دەكرێت بۆ كلدان سریان ئاشووری.**

**ئێمەش لە هی خۆمان بەهەمان شێوە نووسیومانە بۆ كلدان سریان ئاشووری، ئەمە یەك.**

**دووەم/ ئێمە لە بەینی ئەوانە، ئەوەی لە نووسراوی سەرۆكایەتی هەرێمیش هاتووە نـە فـاریزە دانـراوە، نـە حەرفی (و) دانراوە بە یەك صیغە، بە یەك كەلیمە هاتووە، لەگەڵ رێزم.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**ئەگەر بە دیقەت ئینتیباهتان بكرد بوایە، ئەو ئیعتیرازەت نـەدەكرد كـاك رۆمیـۆ، چـونكە لـە راپۆرتەكـەدا، موسـاعەدە بكـە بـەناوی تـۆش قسـەی كـردو تەئیـدی ئـەو دەكـەی، بـەس موسـاعەدە بكـە، لـە راپۆرتەكـەدا رەئیـەكی نووسـراوە، بـەلاَم موقتەرەحەكـەی دەڵـێ یەكـەم لـە یاسـایەكە بـەو شـێوەیە دەربچـێت كـە ئێسـتا خوێندیەوە لە بیدایەتەوە (و)ەكەی نووسـیووە، بـەلاَم خـۆی دەڵـێ بـەو شـێوەیەی خـوارەوە بێـت وەكـو لـە نامەكـەی جـەنابی سـەرۆكی هـەرێم هـاتووە عـەینی شـتی نووسـیووە بەنیسـبەت ناوەكـە، بـەلاَم رەنگـە لەبەردەمت نەبێت، بۆیە هینت نەكردووە، گرنگ ئەوەیە یاساكە بەو شـێوەیە دەربچـێتن كـە هەیـە، گـرنگ ئەو ماددە یاساییە ئیقتیراحی كردووە ببێتە ماددەیەك لە یاساكەدا ناوەكەی وەكو خـۆت ئامـاژەت پـێ كـرد، وەكو لە نامەكەی جەنابی سەرۆكدا هاتووە وا نووسراوە، كاك ئارێز فەرمووە.**

**بەڕێز ئارێز عبدالله احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**ئەو قسەی كە من دەیكەم پەیوەندی بە دهۆك و سلێمانی هەموویەوە هەیـە، بـەلاَم مەبەسـتم نییـە لەسـەر ژمارەكە قسە بكەم، دیارە من بۆ ئەوەی جەنابت بزانی ئەوە نییە تایبەت بە دهۆك، چونكە ناكرێـت دواتـر قسەی لێ بكرێت، من پێموایە كۆتا كارێكی زۆر باشە كە ئێمە دەیكـەین وەكـو لـە پەرلـەمانی كوردسـتانیش كردمان و پێشتریش داوامان كرد بوو بكرێتن ئەوەیـە، بـەلاَم شـتێك هەیـە لێـرەدا حـەز دەكـەم دیقـەتی بـۆ بدەین، ئێمە دەمانەوێت هـەمووومان هـاوولاَتی بـین لـە ئـەرك و مـاف، هـاوولاَتی كوردسـتان بـین بـە كـوردو عەرەب و توركمان و كلدو ئاشوور بە هەموومانەوە هاوولاَتی بین، كارێكی باشە ئێمە كۆتا بكەین، بەلاَم ئەو شێوە كۆتایەی ئێستا كاری لەسەر دەكەین بڕوا دەكەم هەمیشە ئێمە وا دەكەین جیاوازییەك هـەبێتن،**

من پێشنیار دەکەم بۆ ئەوەی ئەو جیاوازییە نەبێت، بۆ ئەوەی كۆتاكەش لەبەرچاو بگیرێت، یەعنی بە نموونە بیهێنمەوە، ئێستا خەڵکی غەیرە کورد ئاسان نییە بچێتە ناو حزبەکانی تر، حزبە نیشتمانییەکان کار بکات، یان بچێتە قەوارەکانی تر کار بکات و ئیش بکات، یان دەرگایەك لەسەر ئەوان دادەخات، ئێمە دەمانەوێ تێکەڵ بین وەکو هاوولاَتیەکی یەکسان لە هەموو رووێەکەوە دروست بکەین، من پێموا بێت ئەگەر بکەین کۆتا هەبێت، بەلاَم سندوقی تورکمان کلدان ئاشوور لە لیستە نیشتمانییەکان هەبێت، یان نەبێت کێشەمان نییە دەنگ بدەن بۆ لیست و قەوارەکانی تر، بەلاَم سندوقی ئەوانیش بەجیا بێت، واتا ئەوانە دوو جار دەنگ بدەن، یەکێکیان بۆ کۆتا، یەکێکیان بۆ ئەوە، پێشنیارەکەم ئەوەیە بە جیا بۆ لیستە نیشتمانییەکان دەدات، چونکە بە تەئکید ئەوە هەیە، ئەوە یەك، رەئیە هەمیشە پێم خۆشە بزانی بەو نەوعەی ئێمە هەمیشە جیاوازی لە بەینیەوە دروست دەکەین نامانەوێت یەك بگرین، بۆ نموونە دەیان خەڵك هەیە ئێستا لەناو حزبی پارتی دیموکراتی کوردستان و لەناو حزبی یەکێتی نیشتمانی کوردستاندا خەڵکی زۆر لێهاتوون، خەڵکی زۆر بە کەفائەن، شایەنی ئەوەن نەیانتوانیوەو لەناو لیستەکانی خۆیان جێیان نەبۆتەوەو نەشیانتوانیوە ئێستا خۆیان تەرشیح بکەن وەکو نوێنەری کلدان و ئەوانە، ئەوە پێشنیارێکە، من ئەوە بە پەسند دەزانم.

دووەمین/ ئەگەر ئێستاش رازی نەبێت، هەروای لێ دێتن، بە هەر حاڵ ئەوە یەکێکە دەبێت ئەوە بکەین، بەڕاستی ئەوەی تر ئەوەندەی قسەی لەسەر کرا لەبیرم چوو خاڵەکەی تر، داوای لێبووردن دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاست دەکەم، من دڵنیام لەوەی کە ئەو موقتەرەحە لە بەرژەوەندی تورکمان و کلدان و سریان و ئاشوورییە، یەعنی هەم لەوێ دەنگ بدەن قانونەن نابێت هەر یەك دەنگی هەیە، دەبێت یەکجار بیداتن، ئەگەرنا دەزانم مەسەلەکە ئەوەیە لەوێ ژمارەیەك هەنە کە ئەندامن لە حزبەکان و ئەوانە، بەلاَم لە مومارەسەی حەقی ئینتیخابی یەك دەنگی هەیە، دەبێت خۆی ئیختیاری بکاتن، کاك ئەسعەد فەرمووو.

**بەڕێز اسعد شاکر امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشەکی سوپاسی سەرۆکایەتی هەرێم دەکەم، کە ئەو سیستەمی کۆتای بۆ تورکمان و کلدو ئاشوورو سریانی داناوە، بەلاَم بەشێوەیەکی گشتی من دەمەوێت لەسەر سلێمانی و دهۆك و هەولێر هەرسێکیان پێشنیارم هەیە، ئاخر هەر جارێك هەڵستم بۆ جێگایەك، بۆ هەرسێکیان پێشنیازەکە دەکەم، تەبعەن لە دهۆك دوو عائیلەی رەسەن هەیە گەورەنە عائیلەی ئاوچی و کەتانە، ئەوانە نوێنەرێك بۆ ئەوان دەمانەوێت وەکو تورکمان لە دهۆك زیاد بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**كاك بەڵێن فەرموو.**

**بەڕێز حمد عبدالله محمود(بەڵێن):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**تێبینیەكەی من لەسەر مەسەلەی ژمارەیە، یەعنی ئەو ژمارەی كە دانراوە بۆ هەرسێ پارێزگاكان تەخمینە، مومكینە لە واقیع نزیك بێت، بەڵام من پێم باشە لەو یاسایە شتێك بنووسرێت، لە مانگی (10) سەرژمێری دەكرێت بەگوێرەی سەرژمێری دانیشتوانی هەرێمی كوردستان ژمارەی كورسیەكانی هەر ئەنجومەنی موحافزەكان چەند كەسە؟ دابەشی سەر دانیشتوانی دەكرێت، هەر ئەوەندە كەسە كەرەسیەكی دەبێت لەوە، بەگوێرەی ئەو سەرژمێریان، فەقەرەیەك زیاد بكرێت بۆ ئەوەی بەڕاستی ئەگەر كەمە بۆیان زیاد بكرێت، ئەگەر زیادە یەعنی ئەوە باشترەو تەسبیت دەكرێت و وابزانم مافیشیان لێرە باشتر تەسبیت دەكرێت بۆ ئەوە، سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**سۆزان خان فەرموو.**

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان.**

**من هەمان قسەكەی كاك ئارێزم هەیە، بەڵام بە شێوازێكی تر دەیكەم، من مەبەستم نییە بۆ ئەنجومەنی پارێزگاكان، من مەبەستم ئەوەیە یەعنی كاتێك كە بۆ پەرلەمانی كوردستان، كاتێك ئەو كەسە كە هاووڵاتی ئەم كوردستانەیە دێت دەنگ دەدات، دوو سندوق دادەنرێت، سندوقێك ئینتیمای خۆی وەكو هاووڵاتی لەسەر خاكی كوردستان، ئەوە بە جیا دەنگی بۆ دەدات، ئەویتریشی بۆ ئەو نوێنەرەی خۆی كە كۆتای وەرگرتووەو كێبڕكێی دەكەن لەناوخۆیاندا، ئێمە بیرمان نەچێتەوە ئێمە وەكو چۆن باس دەكرێت، هەموومان لەسەر ئەم خاكە دەژین، بەڵام نابێت هەستی نەتەوایەتی وامان لێ بكات كۆتاو بەشدار وامان لێ بكات ئەو هەستە بۆ ئەم خاكە نەمێنێت، بۆ ئەم نیشتمانە نەمێنێت، نوێنەرەكانی تری پەرلەمانی كوردستان، یاخود ئەنجومەنی پارێزگا هەم نوێنەری ئەم نەتەوەیەن، یەعنی خۆ فەرق ناكات هەم نوێنەرین، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا كۆتا دانراوە دەردی عەرەب دەڵێت (زیادة الخیر خیرین) یەعنی دانراوە نوێنەرایەتی دەكات، بەڵام هەستە نیشتمانیەكە بەلای منەوە گرنگە، كە هەست بكات ئەم وڵاتە هی خۆیەتی، بۆیە بەشیشی تیایەتی، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، من پێموایە ئەو هەستە هەیە، لەبەر ئەوەی مافەکانی ولأتی خۆشیەتی بە تەئکید، کاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەت راپۆرتی لیژنەی یاسایی جەنابت وەڵامی کاك رۆمیۆت داوە، بەس بەنیسبەت ئەو قسانەی کاك رۆمیۆ من حەز دەکەم هەندێك خاڵ هەیە روونی بکەمەوە، یەکەم/ لەو پەرلەمانە لەکاتی موناقەشە کردن لەسەر یاسای ئەنجومەنی پارێزگاکان، هیچ کەسێك موعارز نەبووە کە کۆتا بۆ برا مەسیحیەکان و سریان و ئاشوورییەکان دابنرێت، بۆ برا تورکمانەکان دابنرێت، بەڵکو هەمووومان هەر لەگەڵ ئەوە بووین کە پێویستە کۆتا بۆ ئەو بەڕێزانە دابنرێت، بەلأم مەسەلەکە چی بوو؟ بەو وەختە نەدەتوانرا باس بکرێت و چۆن رێژەکە دابنرێت؟ ئەوە بوو کە چووە سەرۆکایەتی هەرێم، دیارە سەرۆکایەتی هەرێم دیراسەی کردووەو رێژەکانی داناوە، من پێموایە ئەو کۆتایە بۆ پارێزگای دهۆك هاتووە لە جێگای خۆیەتی، لەگەڵ رێزماندا.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك دکتۆر ناصح فەرموو.

**بەڕێز د.ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بێگومان من پێموایە ئەو کۆتایەی کە دیاری کراوە شتێکی زۆر پیرۆزە، پێش هەموو شتێك راستە تەئکید لەسەر نەتەوایەتی ئەو خەڵکانە دەکات، یەعنی هەستی نەتەوایەتیان بەهێز دەکات، بەس من پێموایە ئەگەر هەستی نەتەوایەتیان بەهێز بکات، وەکو ئەو پێکهاتانە هەستی نیشتمانیشیان بەهێز دەبێت لە ئاستی ئەو هەستە نەتەوایەتیە، بۆیە کۆتاکە شتێکی زۆر پیرۆزەو ئەوەی ئەرمەنیش حەتمەن لەسەر ئەساسی ئەوەی بۆ پەرلەمانمان دیاری کرد لەسەر ئەساسی ئەوە هاتووە، تەبعەن وەکو پێشووتریش باسمان کرد، ئەوان تەنها لە سنووری پارێزگای دهۆك لە قەزای زاخۆ ئەوان هەن شتێکی باشە، بەلأم بەنیسبەت برا تورکمانەکانمان لە دهۆك، من پێموا نییە تەنها بۆ دوو عائیلە، یان بۆ عائیلەیەك، یان بۆ سێ عائیلە ئێمە کۆتایەك دابنێین، ئەوەی ئێستا لە هەولێر دیاری کراوەو، لە سلێمانی دیاری کراوە، ئەوەی کەوا لیژنەی یاسایی ئامادەی کردووە شتێکی باش و پیرۆزە، منیش پشتگیری لێ دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

مەبدەئیەن کەس خیلافی لەسەر ئەوە نییە، ئەو مولاحەزاتانەی بە تەئکید من هەست دەکەم کاك ئەسعەد حەقی ئەوەی هەیە، بەلاَم بۆ دوو عائیلە زەحمەتە، نوقتەی نیزامی لەسەر دهۆکت هەیە، فەرموو کاك کەرخی.

**بەڕێز کرخی نجم الدین نورالدین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی نوقتە نیزامیەکەم ئەوەی بوو جەنابت گوتت تەنیا لەسەر دهۆك قسە دەکەین، کەچی لەسەر هەولێرو شوێنی تریش قسە کرا، بۆیە من داوا لە بەڕێزتان دەکەم رێگام بدەن منیش قسە بکەم، دەنا ناحەقی دەبێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کە هاتینە سەر هەولێر هەمووتان قسەی بکەن.

**بەڕێز کرخی نجم الدین نورالدین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

داوای لێبوردن دەکەم، چونکە قسەیان کرد بەڕاستی، بۆیە من گوتم، بەنیسبەت دهۆکەوە ئەوەی جەنابی کاك ئەسعەد باسی کرد دەڵێت بۆ دوو عائیلە، ئەو دوو عائیلەیە تەنیا دوو خێزانی سادە نییە، ئەو دوو عائیلەیە وەکو دوو بنەماڵەی لەوانەیە هەردووکیان لێك بدەیتەوە نزیکەی هەزاران کەسن هەشتاو نۆ بۆ نەوەد عائیلەنە، ئینجا ئێمە ئاگادارین، لێرە خەڵکی دهۆك هەیە دەپرسن دەڵێن دکتۆر عەبدولی کتانە دەناسی، دەڵێ ناناسم، کەچی دکتۆرەو فتعەشی هەیە لە دهۆك و چەندین ساڵ دکتۆر بووە لەوێ، باشە چۆن دەتوانین ئەوە لێك بدەینەوە، ئێمە داوا دەکەین، ئینجا ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان قەراری ئەوەل و ئاخیر بۆ ئەوانە، بەنیسبەت هەولێر، بەڕاستی ئێمە لە هەولێر گلەییمان لە لیژنەی ناوخۆ هەیە لە ئیقتیراحەکەی جەنابی سەرۆکی هەرێم لێرەوە من دووپاتی سوپاس و پێزانینی خۆشمان دەکەین بۆ جەنابی سەرۆکی هەرێم، کە هەردەم بەتەنگ پێکهاتەکانەوە بووە، هەردەم بە تەنگ مافەکانمانەوە بووە، بەلاَم لەجیاتی ئەوەی زیاتر بکاتن، ئەوان سێیەکەشیان کردۆتە دوو کورسی بۆ تورکمان، من لێرەوە داوای پێنج کورسی دەکەم بۆ تورکمان لە هەولێر مافی خۆشمانە، پێموایە شتێکی زۆر تەبیعییە، بەنیسبەت سلێمانیش، سلێمانی خەڵکێکی زۆری تورکمانی لێیە کەلارو کفری و ئەوانە بە دەیان هەزار تورکمانی لێیە، لەناو خودی سلێمانیش تورکمانێکی زۆر هەیە، بۆیە داوا دەکەین مەقعەدێکیش لەوێ بۆ تورکمان دابنرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

ئێستا بڕگەی یەكەم لەسەر ئەوەی كە دوو كورسی بۆ كلدان سریان ئاشوور، یەك كورسی بۆ ئەرمەن لە ئەنجومەنی پارێزگای دهۆك كێ لەگەڵ ئەو موفتەرەحەی سەرۆكی هەرێمە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەزۆرینەی دەنگ وەرگیرا، خاڵی دووەم/ داواكاری ئەوەیە كە سێ كورسی بۆ توركمان، دوو كورسیش بۆ كلدان سریان ئاشوور دابنرێتن، مەبدەئەكەتان پەسند كرد، كێ لەسەر ژمارەكان قسەی هەیە، چونكە لیژنەی ناوخۆ دەڵێ هەولێر دەبێت دوو بێتن فەرقی هەیە، لیژنەی یاسایی پەسندی كردووە، بەڵێ كاك ئاخیر فەرموو.

**بەڕێز اخر جمال انور:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لیژنەی ناوخۆ هەندێك لە ئەندامان دەڵێن دوو بێت، ئەگەرنا ئێمە لەسەر ئەو پێشنیارەی جەنابی سەرۆكی هەرێمین كە هاتووە بۆ پەرلەمان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ مولاحەزەكەت راستە، دەبێت بڵێین زۆرینەی ئەندامانی لیژنەی ناوخۆ داوا دەكەن، كاك ئیسماعیل فەرموو.

**بەڕێز اسماعیل محمود عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

هەروا نووسراوە دەڵێت زۆرینە، كاك شێخ ئاخیر تێبینی كرد.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەتەنیاش بێت هەر دەكاتە زۆرینە.

**بەڕێز اخر جمال انور:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لەبەر ئەوەی مەوزوعێكی گرنگ و حەساسە منم، كاك جەمال قاسمە، كاك شەهابە، كاك شەهاب رەئی هەیە پرسیاری لێ بكەن هاتبووە كۆبوونەوەی فراكسیۆنی هەبوو تەسادف كرد، ئەگەرنا جەنابیشی وكاك شێخ جەعفەریش دوو رەئییە.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەهەر حاڵ كاك شێخ جەعفەر فەرموو.

**بەڕێز جعفر مصطفی معروف:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من پشتگیری لەو لیژنەی ناوخۆ دەکەم بەڕاستی، بەس بۆ ئەرمەنەکە ئێمە دوایی صیغەیەکی ترمان داڕشت کە ئیزافەی بکەینەوە، ئەوەی لە هەولێر لەگەڵ لیژنەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك جەمال قاسم فەرموو.

**بەڕێز جمال محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەبیعی عادەتەن لە هەڵبژاردنێکدا هەست بکرێت تەرەفێك دەنگ ناهێنێت، بۆ ئەوەی کە مافی کەس نەفەوتێت و هەموو کەسێك بەشدار بێت لە پرۆسەی دیموکراسیەت و هاوکاری کردن لە وەزعەکە نوێنەر دەدرێت بەو تەرەفە، ئێمە بەنیسبەت لیژنەی ناوخۆ تەبیعی تۆزێك ئیشتیباهەك بوو بەنیسبەت دهۆك منیش لەگەڵ ئەوەدا بووم کە دوو کورسی بۆ کلدو ئاشوور سریان ئەوە رۆیشت، بەنیسبەت هەولێر منیش تێبینیم وایە کە کۆتا دیاری دەکرێت بۆ ئەوانەی کە ناتوانن یەك کورسی بێنن، تەبیعی یەك کورسیان دەدرێتێ، بەڵام سەرۆکی هەرێم سێیانی داناوە بەقەناعەتی لیژنەی ناوخۆ ئێمە گوتمان دووان کافییەو لەگەڵ دوانەکە بووین بۆ هەولێر، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

مەعلومە نوێنەرانی تورکمان تەئیدی لیژنەی یاسایی و داواکاری سەرۆکی هەرێم، بۆ ئەوەی ببێتە سێ، لیژنەی ناوخۆ بە زۆرینە داوا دەکەن دوو بێت، لیژنەی یاسایی پشتگیری لە داوایەکەی سەرۆکی هەرێم دەکات کە دەڵێت سێ کورسی بێت، لەڕاستیدا ئەو موناقەشەیە لە بەینی دوو و سێیە، بۆچی سێ نووسراوە؟ تاوەکو ئینسان هەست بکاتن بەوانە وەکو کاك جەمال گوتی بۆ یەك نییە، یەك/ لەبەر ئەوەی کۆتا ژمارەیان کەمەو هین و ئەوانە، بەدەلیلی ئەوەی قانونی موحافەزاتی عێراقیش کە کۆتایان داناوە لە هەندێك جێگا دوویان داناوە، لە هەندێك جێگا یەکیان داناوە، بەڵام تورکمان لە هەولێر تایبەتمەندی هەیە یەك، لەسەر ئەساسی ژمارەش دانەنراوە، چونکە بەتایبەتی لە هەولێر مەعلوم نییە ژمارەیان چەندە؟ بۆیە ئەگەر بێتو حیساب بکەین کە لە کوردستاندا پێنج کورسیان بۆ دانراوە، هەولێر حیساب بکەیت هەتا ئەو چەند عائیلەیەی کە لە دهۆکیش هەیە ئیزافەی بکەین لەوێ نەیاندرێتێ، لێرە بیاندرێتێ، لە سلێمانی نەیاندراوەتێ، لێرە بیاندرێتێ، لەوپێنجە بۆ سەدو یازدەکە وەکو سێیەکەیە بۆ چل کەسەکە، باش حیساب کراوەو بە دیقەت حیساب کراوە، ئەو تایبەتمەندیەش بۆ تورکمان لە هەولێر هەمووومان من خۆشم هەولێریمە دەزانم ئەو تایبەتمەندییە دەوڵەمەندی تەجوربەی کوردستان دەکاتن، خۆشم پشتگیری لە سێ کورسیەکە دەکەم، لەبەر ئەوە ئەگەر لیژنەی ناوخۆ، زۆرینەی لیژنەی ناوخۆ موسیرن لەسەر ئەوە،

**موقتەرەحەکەیان دەخەمە دەنگدانەوە، ئەگەر موسیڕن لەسەر دوو کورسیەکە، بۆ ئەوەی موناقەشە نەکەین، چونکە ئەوە چەند موناقەشە بکەین هەر ئەو دوو رەئیەیە، فەرموو کاک ئیسماعیل.**

**بەڕێز اسماعیل محمود عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ئێمە موسیڕین لەسەر رەئیەکەمان، لەبەر ئەوەی ئێمە تەماشای یاسای عێراقیشمان کردووە لە پازدە دەزگای عێراق تەنها شەش کورسی دانراوە بۆ هەمووی، ئەمە تەنها لە هەولێر سێ کورسی دابنێین، بەڕاستی زۆرە، ئێمە وەکو لیژنەی ناوخۆ بەزۆرمان زانیوە، بۆیە موسیڕین لەسەر رەئی خۆمان، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**ئەوە قانونە، قانونیش دەتوانین بگۆڕین، مومکینە تورکمان پێی وا بێتن ژمارەی زۆر زۆر زیاترە، ئیحصا دەکرێتن لە مانگی (10)دا، ئەگەر زیاتر بێت زیاتریان بۆ دەکەین، بەلأم من پێموایە هیچ کەم ناکاتەوە لەو هینە، کاک کەمالیش قسەی هەیە فەرموو.**

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**پێویست ناکات لێرە موناقەشەی بکەین، لیژنەی ناوخۆ چی گوتووەو چی نەگوتووە، زۆرینە رەئی لیژنەکەیە، ئەوەی غائیبیش بووە رەئیەکەی دەسووتێت، بەنیسبەت ئەو بەڕێزانە، بەنیسبەت هەولێر برای تورکمان چەندە؟ برای نەتەوەکانی تر چەندە؟ چونکە ئیحصایەکی دەقیق نییە، بۆیە پێشنیاری من ئەوەیە رێز لە پێشنیارەکەی سەرۆکی هەرێم بگرین و ژمارەی ئەو کورسیانەی پێشنیاری کردووە پەسندی بکەین و زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**ئەو موقتەرەحەی لیژنەی یاسایی مەعلومە، کاک ئەسعەد فەرموو، با تورکمانێك قسەی بکاتن دوایی دەخەینە دەنگدان.**

**بەڕێز اسعد شاكر امين:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێشنیازێکی ترم هەیە بۆ ئەوەی کەوا لیستەکە کراوە بێت هی تورکمان، چونکە باشترەو تەجروبەیی، یان نیمچە کراوە بێت، بۆ ئەوە ئەو پێشنیازەم کرد، بە لیست نەبێت.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوە رۆیشتووە قانونە ئەو جارەیە بەهەمووانە، کاك سەردار لە موفتەرەحتان بەردەوامن، دەیخەمە دەنگدانەوە، جەنابی سەرۆکی هەرێم پێی باشە سێ کورسی بە سیستەمی کۆتا تەرخان بکرێت بۆ ئەنجومەنی پارێزگای هەولێر بۆ تورکمان، لیژنەی یاسایی پەسندی کردووە، بەلام لیژنەی ناوخۆ بەزۆرینەی دەنگ ئیقتیراح دەکات ببێتە دوو کورسی لەجیاتی سێ کورسی، کێ لەگەڵ ئەو موقتەرەحەی لیژنەی ناوخۆیە کە دوو کورسی بێتن دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، موقتەرەحی سەرۆکی هەرێم کە دەڵێت سێ کورسی بۆ تورکمان لەلایەن لیژنەی یاساییەوە پشتگیری لێکراوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەزۆرینەی دەنگ وەرگیرا، دێینە سەر ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، بەڵێ کاك ئارێز.

**بەڕێز ئارێز عبدالله احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یاسای هەڵبژاردنی پارێزگاو قەزاو ناحیەکان هەموار دەکەین، لەبەر ئەوەی مامۆستا ئەسعەد پێشنیارێکی کرد دەڵێت ئەو یاسایە رۆیشتووە ئەی ئێمە یاسایەکە هەموار ناکەین؟

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

هەموار کردنەکە ئەو دەڵێت پێدا بچنەوە، بەلام ئیقتیراحەکەی ئەو تەنیا نیزامی کۆتایە، ئێمەش لەبەر ئەوە تەنیا پێشنیارەکەی سەرۆکی هەرێم کە دەڵێت ئەو ماددەیە ئیزافە بکرێت ئەوەمان قەبول کردووە تەنیا، یەعنی ئیزافەی ئەو ماددەیە، هەموو قانونەکە قەبولمان نییە پێدا بچینەوە پەسند کراوەو تەواو بووە، بەس ئەو موقتەرەحەی کە ئەو ماددەیە ئیزافە بکرێتن و سیستەمی کۆتا دابنرێت ئەوەمان قەبول کردو خستمانە بەردەم ئێوە، بۆ سلێمانی داوای سەرۆکی هەرێم کورسیەك تەرخان بکرێتن بۆ کلدان سریان ئاشوور لە ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، ببوورە، بۆ ئەنجومەنی پارێزگای هەولێر دوو کورسی تەرخان بکرێتن بۆ کلدان سریان ئاشوور، ئەوە مەدەئێکە پێشتریش هەیە، پێموایە هەردوو لیژنەیش موتەفیقن لەسەری، ئەگەر قسەتان نەبێت دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کەواتە ئەنجومەنی پارێزگای هەولێر دوو کورسی بە کۆتا دەبێت بۆ کلدان سریان ئاشوور، سێ کورسیش بۆ تورکمان.

بڕگەی سێیەم لە ماددە تازەکە کە پێشنیار کراوە بخرێتە سەر یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان، ئەنجومەنی سلێمانییە، پێشنیاری سەرۆکی هەرێم یەك کورسی تەرخان بکرێت بۆ کلدان سریان ئاشوور لە سلێمانی، فەرموون ئێوە موقتەرەحی هەردوو لیژنەکە پشتگیری لەوە دەکات کە ئەو کورسیە هەبێت، قسەتان هەیە، فەرموو کاك ئارێز.

**بەڕێز ئارێز عبدالله احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەسنووری ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، ئێستا واتا لە کفری، مەنتیقەی گەرمیان تورکمان هەیە، لەبەر ئەوە مادام پارێزگای سلێمانی ئەگەر گەرمیان لەسەر پارێزگای سلێمانییە، پێویستە ئەوەش لەبەرچاو بگرین نوێنەرێکیش بۆ برایانی تورکمان لەو ناوچەیە هەبێت، مادام کۆتای نوێنەرایەتیان هەبێت، واتا گەرمیانیش بە جیا بێتن دیسان پێویستە لە گەرمیان هەبێت، لەگەڵ ئەوەشدا لەناو سلێمانیش تورکمان هەیە بۆ ئاگاداری.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك ئەسعەد فەرموو.

**بەڕێز اسعد شاکر امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش دەنگم دەخەمە پاڵ دەنگی کاك ئارێز لە کفری تورکمان ڕێژەیەکی زۆر هەیە، ئەگەر گەرمیان جیاواز بێت لەگەڵ گەرمیان بین، ئەگەر گەرمیان لەسەر سلێمانییە با نوێنەرێکی ئەوانیش لەسەر پارێزگای سلێمانی دابنێین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك کەرخی فەرموو.

**بەڕێز کرخی نجم الدین نورالدین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێشتریش قسەم کردو دووبارەی دەکەمەوە، بەنیسبەت سلێمانی کفری و کەلارو ئەوانەی لەسەر ئێستا حالی حازر دەنگیش دەدەن لە $7/25$دا، بۆیە داواکارین ئەندامێك وەکو کۆتا دابنرێت بۆ تورکمان لە ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك کەریم فەرموو.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی من پێشنیارەکەی کاك بەڵێن دووپات دەکەمەوە، کاك بەڵێن پێشنیارێکی کرد، ئەگەر هاتوو پرۆسەی ئامار لە مانگی $(10)$ بەر لە هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی پارێزگاکان ئەنجام درا لە ئیحصایەکە دەرکەوت ڕێژەی تورکمان و کلدان سریان ئاشوور لەو شوێنانە لە هەرێمی کوردستان، ئایا ئەو کۆتایە لە یاساکەدا هەر دەمێنێت؟ یان بەپێی ئەو ڕێژەیەی کە هەیانە لە شوێنەکە دیاری دەکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

عەفوم دەكەی پێش ئەوەی قسە بدەمە كاك سەردار، دوایێ كاك دكتۆر كەمال، ئامار عیلاقەی بەو قانونەوە نییە، قانون بە ئسلوبی خۆی دەكرێت، ئەگەر رەچاوی ئامارەكە بكرێت، پێویست بكات قانونەكە بگۆڕێت، ئەوە رێگای خۆی وەردەگرێت چ بە زیاد كردن، چ خوا نەخواستە بە كەم كردن، من شەخصی خۆم كە لێرەش بم كەم كردن میللەتێكن، جیاوازن، زمانیان جیاوازە، دەوڵەمەندی دیموكراتیەت دەكاتن، ئینجا ئەوە بڕیارە بۆ پەرلەمان و، بۆ ئەو كەسەی كە یاساكە دادەنێت و لەبەر رۆشنایی ئەو ئامارەی لە نەتیجەی دەردەكەوێتن، كاك سەردار فەرموو.

**بەڕێز سەردار صباح بۆزۆ هەركی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بەو پێشنیارەی كاك ئارێز كردی، كاك ئەسعەدو كاك كەرخی پشتگیریان لێ كرد، بەڕاستی ئەو شوێنانە هەم لە كەلارو هەم لە كفری سەر بە پارێزگای سلێمانی نین، ئەو شوێنانەیە كە ململانێی لەسەرە، یاخود (مناطق متنازع علیها) ئەمڕۆ، یان سبەینێ ماددەی 140 جێ بەجێ بكرێت، ئەو شوێنانە دەگەڕێنەوە سەر كەركووك، دەبێت لە كەركووك كورسیان بۆ دابین بكرێت، ئەگەر ئیجازەشم بدەیت بەشێوەیەكی گشتی چەند تێبینیەكم هەیە:

یەك/ بۆ ئێمەی گەلی كورد لەوانەیە چونكە زوڵم و غەدرێكی زۆرمان لەسەر بووە، لەوانەیە زۆر ئاسانتر بێت ئێمە تەفاهومی مافەكانی پێكهاتەكانی دیكە بكەین وەكو توركمان، وەكو كلدان، وەكو ئاشووری، یەك/لەبەر ئەوەی ئێمە ئەو زوڵمەمان لەسەر بووە، دووش/لەبەر ئەوەی كلدان و ئاشووری و سریان پێكهاتوویەكی رەسەنی ئەو میللەتەن، هەروەها توركمانیش پێكهاتەیەكی سەرەكی ئەو میللەتەن، بەڵام لێرە من حەز دەكەم خاڵێك روون بكەمەوە، كەی كۆتا دەدرێتن؟ ئینجا كە كۆتا دەدرێتن یان بە ژنان دەدرێتن، بە رەگەزێك، یان بە نەتەوەیەك دەدرێتن، یان بە ئاینێك كە مەترسی دەبێتن بە دەنگی خۆیان كورسی بەدەست نەهێنن چ لە پەرلەمان بێت، چ لە ئەنجومەنی پارێزگاكان بێت، چ لە شارەوانییەكان بێت، ئەو كاتە كۆتایان بۆ دادەنرێت، تاكو بتوانن دەنگی نەتەوەی خۆیان، یاخود پێكهاتەی خۆیان بگەیەننە ئەو ئەنجومەنەو داكۆكی لە مافەكانی ئەو میللەتە بكەن، دیارە ئەمەش لێرە نارەحەتیەكمان هەیە كە لەوانەیە بە دەنگی خۆیان نەتوانن ئەو كورسیانە بەدەست بێنن، بۆیە كۆتامان بۆ داناون، بۆیە بۆ ژنانیش كۆتامان داناوە، بەڵام من پێموایە ئەگەر بێتو ئێمە موبالەغە بكەین لە ژمارەی كورسیەكان بۆ خۆیان بۆ ئەو پێكهاتەیە،بەڕاستی باش نییە، لەبەر ئەوە رەد فیعل دروست دەبێت، رەد فیعل لەوانە لە نەتەوەكانی تر، لە پێكهاتەكانی تر دروست بێت، كە ئەو ژمارە كورسیانە زۆرە، ئەو رەد فیعلەش بەڕاستی بۆ ئیستیقرارو سەقامگیری پێموایە باش نییە، بۆیە ئێمە پێشنیارمان كردو لەگەڵ ئەوەداین، لەگەڵ ئەو پێشنیارەی كاك ئارێزو برادەران كردیان لەگەڵیان دانین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

من یەك تەعلیقی بچووكم هەیە، ئەگەر تەماشای ئەنجومەنی پارێزگای هەولێر بكەین بێ كۆتا پارتیە، یەكێتیە، ئیسلامیە، بەلأم هەموویان كە قائیمە دادەنێن ئەگەر كۆتا نەبێت رەچاوی ئەوە دەكەن توركمانیشی تێدا بێت لە نەتیجەدا رەنگە كەمتریش نەبێتن زیاتر بێت، ئەوە تەبیعییە، لەبەر ئەوە بە حەقی خۆیانن نوێنەری خۆیان هەڵبژێرن و، فەرموو.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كەمال كەركووكی):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەنیسبەت ئامار لە وەختی ئێمە نییە، لە وەختی پەرلەمانی تازەیە، ئەو بەڕێزانەی دێن لەو زوروفە رەچاو دەكەن دەتوانن بڕیاری لێ بدەن، بەنیسبەت ئێمە خۆمان لەم پەرلەمانە كەوەختی یاساكەمان دانا كۆتامان پەسند نەكرد بڕیاری خۆمان بوو، ئێستا بەڕێز سەرۆكی هەرێم كۆتای داناوە نیسبەیەكی داناوە، ئێمە قەبولی دەكەین، یان نایكەین، ئینجا نەچین جارێكی تر زیادی بكەین، كەمی بكەین، بە رەئی من بێینە سەر خاڵەكان دەنگی بۆ بدەین، یان دەنگ نەدەین، با ئەویش بۆ ئەو پەرلەمانە بەڕێزە ماوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بە هەر حاڵ ئەو موقتەرەحەی برایانی توركمان لەلایەن سێ ئەندام پشتگیری لێ كرا، كە داوا دەكەن كورسیەك دابنرێت بۆ توركمان، قسەی ترت هەیە خیلافی ئەوە، ئەگەر قسەت كرد بێت.

**بەڕێز كرخی نجم الدین نورالدین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڕاستی من پێم سەیرە جەنابی كاك سەردار دەڵێت ئەگەر داوای مافێكی خۆمان بكەین، ئێمە مێژوویەكمان پێكەوە هەیە، بۆچی رەد فیعل پەیدا دەكات؟ من تەسەور ناكەم هیچ خەڵكێك، یەكێك، تاكێك لەم كوردستانە رەد فیعل پەیدا بكات لەوەی كە توركمان داوای بكات، یان كلدو ئاشوورو سریان داوای شتێك بكات، من پێموایە پشتگیریمان دەكەن هەر وەك جەنابی سەرۆكی هەرێمیش پشتگیریمان لێ كردووە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك سەردار گوتی ئەگەر موبالەغەدا، نەك هین و ئەوانە، ئەو وای گوت، خۆ نەیگوت موبالەغە دەكەن.

**بەڕێز كرخی نجم الدین نورالدین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

كەلارو كفری و ئەوانە (مناطق متنازع علیها) نین.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

باشە تەواو، ئەو موقتەرەحەی برادەرانی تورکمان کە دوو و سێ ئەندامی پەرلەمان تەئیدی کرد، کە کورسیەك هەبێت لە ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، کێ لەگەڵ ئەو موقتەرەحەیە دەستی بەرز بکاتەوە؟ فەرموو کاك ناصح.

**بەڕێز د.ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەگەڵ ڕێزمدا بۆ بۆچوونەکانی برا تورکمانەکان، بەتایبەتی کاك کەرخی.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابت ئەوە نوقتەی نیزامی نییە، تەعلیق مەدە، کاك ناصح ئەوە گوترا، باس کرا گوتیان کفری و کەلار عایدی کەرکووکە، ئەوە باس کرا، سوپاس ئەو رەئیە بەناوی نوقتەی نیزامی گوترا، ئەو رەئیەی کە دەڵێتن کفری و کەلار سەر بە پارێزگای سلێمانی نین، بۆیە کۆتایان بۆ دابنرێت ئەوە پێشتر گوترا، کفری لەگەڵ کەلار لەپاشی راپەرینەوە لە سلێمانیە پێش راپەرین لە سلێمانی نییە ئەوە مەعلومە شتەکان، بەهەر حاڵ موناقەشە تەواو بوو، ئەو موقتەرەحەی برادەرانی تورکمان، کاك کەمال قسەی هەیە.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان، کفری موحافەزە نییە، ئەمە بۆ دهۆك، بۆ هەولێر، بۆ سلێمانی دانراوە، کفری مەجلیس مەحافەزەی نییە، بۆیە ئەوەی دەوترێت بەس بۆ سلێمانییە، ئەو پێشنیارەی جەنابی سەرۆك زۆر لە جێگای خۆیەتی و پشتیوانی لێ دەکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك شێروان تۆ ئیزافەت هەیە.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مەفروز وایە پێشنیارەکەی جەنابی سەرۆك بدرێتە دەنگدان، کە دەنگی لەسەر درا، ئینجا پێشنیاری دووەمی برا تورکمانەکان بدرێتە دەنگدان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوە نوقتەی نیزامیێکی معقولە هەرچەندە تەحصیل حاصلە هەمان نەتیجە دەگرێتەوە، راست دەکات یەکەم جار جەنابی سەرۆکی هەرێم ئەوەی حەسم بکەین کە داوای کردووە یەك کورسی بدرێتە کلدان سریان ئاشوور لە ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ وەرگیرا، پێشنیارێکی تازە هەیە لەلایەن ئەندامانی پەرلەمان برا تورکمانەکان کە دەڵێن کورسیەکیش بدرێتە تورکمان لە ئەنجومەنی پارێزگای

سلێمانی باس کرا، ڕەئی کاك سەرداریش و هەندێك لـە ئەنـدامانی پەرلـەمان بـاس کـرا، بـەڵێ کـاك عومـەر نوقتەی نیزامیت هەیە، فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو موفتەرەحەی کە کاك کەمال باسی کرد زۆر تەواوە، مەفروز نییە ئەو موفتەرەحە بدرێتە دەنگدانەوە، چونکە ئەو مەجلیسانە بۆ مەجلیسی موحافەزاتە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

مـن ڕەدم نەدایـەوە، لەبـەر ئـەوەی کـە گوتـت مەجلیسـی موحافـەزات مەجلیسـی موحافەزەیـە، قـەزاش دەگرێتەوە، ئێستا ئەرمەن زۆرینەیان لە زاخۆیە، لـە ئەنجومـەنی موحافـەزات، بەهـەر حـاڵ موفتەرەحێکـە دەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ئەوەیە ئەندامێکی تورکمان بە کۆتا لە ئەنجومـەنی موحافـەزەی سلێمانی هەبێتن دەستی بـەرز بکاتـەوە؟ (23) دەنـگ، کـێ لەگەڵـدا نییـە دەسـتی بـەرز بکاتـەوە؟ بەزۆرینـەی دەنـگ لەگەڵدا نین، بەداخەوە، ئێمە سێ کەس لێرەینە، بۆ ئەو سێ خاڵـەی دەنگتـان بـۆدا فەقەرەیـەکی تـر هەیـە دەڵێت دەنگدان هەر پێکهاتەیەك لە پـاڵێوراوانی خۆیانـدا هەڵدەبـژێرن ئـەوە تەبیعیـە، کێ لەگـەڵ ئەوەیـە دەستی بەرز بکاتـەوە؟ زۆر سـوپاس، کـێ لەگەڵـدا نییـە دەسـتی بـەرز بکاتـەوە؟ زۆر سـوپاس، بـەکۆی دەنـگ وەرگیرا، بەڵێ.

**بەڕێز پەخشان عبدالله زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە بڕگەی پێنجدا دەڵێت دەنگدەرانی هەر پێکهاتەیـەك پـاڵێوراوی خۆیـان هەڵدەبـژێرن، ئێمـە لـە هەویـەی ئەحوالی مەدەنی قەومیەت نەنووسـراوە، دیانـەت نووسـراوە، دیانـەت ڕەنگـە جـاری وا هەیـە یـەکێ کـوردە، بەلاَم مەسیحییە، عەرەبە، شتێکی دیکەیە، ئەمە پێموایە تۆزێك تەدقیق بکرێت پێکهاتەی هەر دەنگدەرانی هەر پێکهاتەیەك.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوەلەن ئەوە لە قانونی هەڵبژاردنی پەرلـەمانیش موناقەشـە کـرا، گوتمـان ئـەوەی دەچـێتە سـەر دەنگـدان خۆی قەرار دەدات، ئەوە یەك.

دووەم/ لە مانگی (10) کە هەڵبژاردن دەکرێتن خاڵێك هەیە نەتەوەی دیـار دەکـاتن تورکمانـە، یـان کلدانـە ئاشوورییە، ئەوە حەسم دەبێتەوە، بەلاَم ئەگەر ئەوە نەکرا، ئەو کەسەی کە دەچـێتە سـەر دەنگـدان دەنگـی خۆی لەلا گرنگە بەویستی خۆی، بە ئیرادەی خۆی قەراری خۆی دەداتـن، داوا دەکـەم لیژنـەی یاسـایی وەکـو ماددەیەك جێگای ئەو ماددەیە بکاتەوە لە پرۆژەکەو ئاماژەی پێ بکات و حازری بکات.

ماددەکە هەمووی بەو بڕگانەوە دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بـەرز بکاتـەوە؟ زۆر سـوپاس، بـەکۆی دەنـگ وەرگـیرا، زۆر سـوپاس، کـارێکی بـاش بـوو،

دانیشـتنەکەمان بـۆ یـەك سـەعات دوا دەخـەین، سـەعات یـەك باشـە، ئاگادارتـان دەکەمـەوە کـە پـرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردسـتان لـە سـندوقەکانتانە ئامادەیـەو حـازرە، دەتـوانن وەریبگـرن بەهـەردوو کـۆپی کوردی و عەرەبی لەسندوقەکانتان وەربگرن تکایە تا سەعات یەك، سەعات یەك دەست پێ دەکەینەوە.

***دانیشتنی دووەم***

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی کوردستان، دانیشتنەکەمان دەسـت پـێ دەکەینـەوە، داوا لـە لیژنـەی یاسایی و لیژنـەی نـاوخۆ دەکەم بێن دابنیشن لە شوێنی خۆیان، یەکەممان خوێندەوە ئاراستەی لیژنەی یاسایی و لیژنـەی ناوخۆمـان کرد، سەبارەت بە هەموار کردنی قانونی ژمارە (16) قانونی بەڕێوەبردنی دەستووری هـەرێمی کوردسـتان، ڕەئی خۆیان بخوێننەوە، فەرموون.

**بەڕێز سەردار صباح بۆزۆ هەرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لیژنـــەی یاســـایی و لیژنـــەی نـــاوخۆ کاتـــژمێر (12:15) رۆژی دوو شـــەممە لـــە بـــەرواری 2009/6/22 کۆبوونـەوەی خـۆی ئەنجامـدا بـە مەبەسـتی تـاوتوێکردنی پـرۆژەی یاسـای هـەموار کردنـی یەکـەمی یاسـای پەسـند کردنــی دەسـتووری هــەرێمی کوردسـتان ژمـارە (16)ی سـاڵی 2008، کـە لەلایــەن سـەرۆکایەتی پەرلەمان لە دانیشـتنی ژمـارە (20)ی رۆژی 2009/6/22 ئاراسـتەی لیژنـەکانمان کـرا بـوو، دوای گفتوگـۆ کــردن و تــاوتوێکردن لیژنـــەی هاوبـــەش پشـــتگیری لـــە پرۆژەکـــە دەکـــات، داواکـــارین بفـــەرموون بـــۆ چاوپێخشاندنەوەو خستنەڕووی پرۆژەکەو رای لیژنەی هاوبەش لەو بارەیەوەو لەسەر پەرلەمانـە گفتوگـۆو رای گونجاو لەو بارەیەوە بدات، لەگەڵ رێزماندا.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، فەرموو مادده بە مادده بخوێنەوە.

**بەڕێز سەردار صباح بۆزۆ هەرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**المادة الاولى: تعدل المادة السادسة من القانون وتقرأ كالأتي:**

**اولاً: يعرض مشروع الدستور على الاستفتاء العام بعد مصادقة البرلمان عليه بموافقة مالايقل عن ثلثي عدد اعضائه.**

**ثانياً: تجرى عملية الاستفتاء العام على مشروع الدستور بالاقتراع العام السري والمباشر يوم السبت المصادف** 2009/7/25.

**ثالثاً: يكون الاستفتاء بأبداء الرأي وبالسؤال الاتي: (هل توافق على مشروع الدستور)، وتكون الاجابة بـ(نعم) او (لا).**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەکوردیەکەی.**

**بەڕێز دلێر محمد شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ماددەی یەکەم: ماددەی شەشەم لە یاساکەدا هەموار دەکرێت و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:**

**یەکەم: پرۆژەی دەستوور دەخرێتە بەر راپرسی گشتی و دوای پەسند کردنی لە پەرلەمان لای کەم بە رەزامەندی دوو لەسەر سێ ئەندامانیەوە.**

**دووەم: پرۆسەی راپرسی گشتی لەسەر پرۆژەی دەستوور لە رۆژی شەممە رێکەوتی** 2009/7/25 **ئەنجام دەدرێت و بە دەنگدانێکی نهێنی راستەوخۆو سەرتاسەری.**

**سێیەم: راپرسی بە را دەبڕین دەبێت لەسەر ئەم پرسیارەی خوارەوە:**

**(ئایا تۆ رەزامەندیت لەسەر پرۆژەی دەستوورەکە)، وەلأمەکەشی بە (بەڵێ)، یان (نەخێر) دەبێت.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**کەس قسەی هەیە لەسەر ئەو ماددەیە، کاک ئارێز فەرموو.**

**بەڕێز ئارێز عبدالله احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**من پرسیارێکم هەیە، ئێمە پێویستمان بە** (90) **رۆژ هەیە، بۆ خۆ ئامادە کردن بکەین، ئێستا ئێمە لێرە** 7/25 **دادەنێین، ئایا پێرا دەگەین؟ ئەوە یەك.**

**دوو/ لە سێیەم دەڵێت بە (نا)، یان بە (بەڵێ) جواب بدرێتەوە، من پێم باشە بە (نا) و (بەڵێ) بنووسرێت بە نیشانەی راست، ئینجا ئەوە خۆمان لێرە دیاری بکەین، یان کۆمسیۆن دیاری دەکات، بۆ ئەوەی ئاسانتر بێت، چونکە هەموو خەڵك ناتوانێت بنووسێت بەڵێ یان نەخێر، نیشانەی راست لە بەرامبەر بەڵێ یان نەخێر بنووسرێت.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێمە مەبدەئەکەمان تەسلیم کردووە، بەلاّم موفەوەزیە بۆ خۆی دەیکات بە نیشانەی راست، بەلاّم مولاحەزەی یەکەمت کۆمسیۆنی بالاّ لە یەك لە تەسریحەکان پێش ماوەیەك دەڵێت بەپێی رێنماییەکانی نێودەوڵەتی دوو مانگی دەوێتن، بەلاّم لە تەفسیلدا قسەکانی کە لەگەڵ لیژنەی دەستووری دانیشتووەو قسەی کردووە، ئەو رێنماییانە پێداویستی مودەکان ئۆتۆماتیکیەن لەبەر ئەوەی هەڵبژاردنی پەرلەمان و سەرۆکایەتی هەیە کاریان بۆ کردووە، موراقیبین حازرە، سندوقەکان بەس ئەوەندەیە دادەنێن، هەموو کارەکانی فەنیان کردووە، لەبەر ئەوە گوتیان بە مانگێکیش دەتوانین، چونکە بۆ پەرلەمانی کوردستان ئەو کارانەی کە بۆ ئیستیفتا دەکرێت چەند هەنگاوێك هەیە کراوە، بۆیە دەتوانین بیکەین، گوتبووشی بەپێی رێنماییەکانی نێودەڵەتی دوو مانگی دەوێت هەر ئیستیفتایەك، هەر هەڵبژاردنێك، بەس لەبەر ئەوەی ئێمە مانگ و نیویێك، کە دوو مانگە کار دەکەین بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمان و سەرۆکایەتی هەرێم، بۆیە ئەو هەنگاوانەی کە پێویستە سەرەکییەکان دابنێین ئامادەیە بۆ راپرسیەکە دەتوانین بیکەین، ئێمە قسەمان کردووە بۆیە، ئەگەرنا لە خۆمانەوە نالێین، بەلاّم لەگەڵ ئەوەشدا رەئی کۆتایی ئەوان دەیدەن، کە ئەو یاسایە پەسند دەکرێتن، بەس لەگەڵ ئێمە قسەیان کردووە، بۆیە ئێمە وامان هین کردووە، کاك سەعدەدین فەرموو.

**بەڕێز سعدالدین عبدالله مولود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەگەڵ روون کردنەوەکەی جەنابت، بەس من هەر پێموایە عەمەلیەی راپرسی لەسەر دەستوور کاتەکەی زۆر کورتە تا دەگاتە دەست خەڵکی دەیخوێننەوەو دابەش دەکرێت، یەعنی لەگەڵ ئەوەی کە دەستوور حەساسە، پێویستی لە کاتێکی زیاتر هەبوو، هەر ئالیەت نییە، کە ئالیەتی ئەوەی هەبێتن سندوق حازرە، بەس ئیستیفتای لەسەر دەکرێت، ئەمە یەك.

دوو/ (ما لا یقل عن ثلثي عدد اعضائه) یەعنی قەصدی (74)ە، یەعنی یەك وا تێ نەگات حیسابی حوزور دەکات، قەصدی لێرە حیسابی حوزور نییە، حیسابی عەدەدی ئەسڵی ئەندامانی پەرلەمانە، یەعنی دەبێت (74) دەنگی لەسەر بدات و حازر ببێتن، دوایێ لە برگەی سێیەم (یکون الاستفتاء بابداء الرأي) لێرە واوێکی دەوێت (وبالسؤال) واوێکی دەبێت بۆ زیاد بکەین، ئەگەرنا عیبارەتەکە لەنگە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاست دەکەین، بەلاّم ئەوە بەدیهیە دوو لەسەر سێی ئەندامەکانی کاك سەعدەدین، مەقصەدی لە (111)ەکە دوو لەسەر سێی (111)ەکەیە مەفهومە، هەموو کەسێك ئەوە دەزانێت، (اعضائه) نالێت (حاضرین)، نووسراوە (بموافقة ما لایقل عن ثلثي عدد اعضائه)، واتا (عدد اعضاء البرلمان) مەفهومە، ئەویتریش وەلاّمان دایەوە پێویست بە وەلاّمدانەوە ناکات، کاك دلێر فەرموو.

**بەڕێز دلێر محمد شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مـن پێموایـە وەك سیسـتەمی فیـدراڵی بەحـەقیقی زەرورەتێكـە لـە رووی تەبیعـەتی قـانونی و سیسـتەمی فیدراڵی زەرورەتـە ئێمـە دەسـتوورمان هـەبێت، ئێمـە هـەمووومان موتـەفیقین لەسـەری وەك پاراسـتنی ئـەو كیانە، ئەو قەوارە فیدراڵیەش زەرورە ببێت، بەلاَم من بەش بەحاڵی خۆم بەڕاسـتی ئـەو پـرۆژەیـە هەنـدێك ماددەی تیایە بەتایبەتی ماددەی شەش كە ئێستا لەو دواییە گۆڕانی بەسەردا هاتووە، خۆم وەك ئەنـدامێكی لیژنەی دەستووری.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك دلێر ئێمە باسی دەستوور ناكەین، باسی ئەو قانونە دەكەین، قانونەكە چیە؟ ماددەی شەش چیە؟

**بەڕێز دلێر محمد شریف:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بە هەر حاڵ من ویستم وەك موبەریرێك بۆ ئەوە باس بكەم، ئەگەر پێویست ناكات موشـكیلە نییـە، بـەلاَم من لە هەموو حاڵەت وای دەبینم، چونكە لە بڕگەی دووەمدا تەحدیدی دەكات لە $7/25$، من بەش بەحاڵی خۆم گوتم دەستوور زەرورە هەمان بێت، زەروریشە بكرێت لە كـاتێكی گونجـاو و دیـاری كـراو، بـەلاَم بـەپێی ئەوە كە لە $7/25$ بكرێت، بەپێی ئەو شروتانەی كە لە ئەنزیمەو تەعلیماتی موفەوەزی عولیا هەیە، بەپێی ئەو كاتەی كە دیاری كراوە تەنها هاووڵاتیـانی كوردسـتان بـەپێی سـجلی ناخیـب تـەنها هـەولێرو سـلێمانی و دهۆك دەتوانن دەنگ بـدەن، ئەمـە زۆر تەبیعییـەو مـن موتـەفیقم سـەد جار لەگـەڵی لـە رووی قانونیـەوە، چونكە ئەمە بۆ هەیئەتێكی تەشریعی یاسادانەرە، نوێنەرایـەتی كردنـە، پەرلـەمان كوردسـتان نوێنەرایـەتی خەڵك دەكات، سەرۆكی هەرێم نوێنەرایەتی خـەڵكی كوردسـتان دەكـات، بـەلاَم دەسـتوور تـەعبیر لـە هـەموو هاووڵاتیـەكی كـورد دەكـات لـەم ولاَتـەدا كـە هـەرێمی فیـدراڵی كوردسـتان، هەرێمێكـە لـە دەوڵـەتی عێراقـی فیدراڵیە، قەناعەتی من وایە دەبێت هەموو هاووڵاتیانی كورد لە بەغدا بێت، لە كەركووك بێ، لە خانـەقین بێ، دەبێت بەشداری لـەو راپرسـی و دەنگدانـە بكـات، بۆیـە ئەمـە لـە رووی قـانونی مـن وای دەبینـم ئەمـە حەقێكە بەنیسبەت هەموو هاووڵاتیەك، چونكە ماف و ئەركی هەموو هاووڵاتیـەكی كـورد لـەو دەسـتوورەدا دیاری دەكات، بەس مافی هاووڵاتی لە كەركووك و هەولێرو سلێمانی و دهۆك ناكـات، بۆیـە مـن وای دەبینـم دەبێت ئەمە هەموو هاووڵاتی كوردستانی دەنگی بۆ بدات، ئەگەر موبەریرەكەمان لە رووی قـانونی مـاددەی $140$ بێـت، ئەمـە مـەوزوعێكی سیاسـییە، بـەش بـەحاڵی خـۆم بەڕاسـتی دەبینـم ئەمـە جیـاوازە، بـەلاَم بـۆ دەستوور، چونكە دەستوور تەعبیر لە هاووڵاتیەكی خەڵكی كەركووكیش دەكات، چـونكە مـاف و ئیلتیزامـات بۆ ئەویش دیاری دەكات، بەتایبەت لە ماددەی دووی دەسـتوورەكە بـاس لـە دەسـتووری هـەرێمی كوردسـتان دەكات، كە كەركووك و سلێمانی و هەولێرو هەموو ئەو ناوچانەی كە لـە پـێش سـاڵی $1968$ەوە هەبوونـە، لەبەر ئەوە پێموایە بەپێی ئەو سنوورە، بەپێی ئەو ماددەیە، بەپێی ئەوەی تەحدید كـراوە، ئـەوە سـنووری جوگرافی تاریخی هەرێمی كوردستانە، دەبێت ئەو خەڵكەش بەشداری بكەن لەو راپرسیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كـاك دلێـر جـەنابت ئەنـدامی لیژنـەی دەسـتووری، یـەك لـە ئەسـبابی دواكـەوتنی ئـەو پرۆژەیـە ناوچـە دابڕاوەكانە، كە زۆر جار چاوەڕوان دەكرا ماددەی 140 جێ بـەجێ بكرێـت، بـۆ ئـەوەی هـەمواری بكـەین و حازر بێتن، بەلآم دواتر كە دواكەوت رەئی زۆرینە ئەوە بـوو كـە پرۆژەكـە رانەوەسـتێتن لەسـەر ئـەوەی كـە ماددەی 140 جێ بەجێ دەكرێت، ئامادە بكرێتن بۆ ئەوەی زۆرینەی خەڵك لەو سێ پارێزگایـە دەنگـی بـۆ بدەن و، هەر كاتێك ماددەی 140 جێ بەجێ كرا، ئەو وەختە ئەو دەسـتوورە دەبێـت هـەموار بكرێـت، ئـەو وەختـە ئـەو خەڵكـەی كـە دێنـە نـاو هـەرێمی كوردسـتان دەنگـی بـۆ بـدەن، مـن پێمـوایـە خـەڵكی دەرەوەی كوردستانیش حەقێكی تەبیعییە بۆ ئەو دەستوورە، ئەو مافـەیان هەیـە، بـەلآم ئێسـتاكە لەگـەڵ كۆمسـیۆنی بالآ باسمان كرد هەر بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانیش ئێمە داوامان كرد بـوو و بڕگەیـەكمان خسـتە نـاو یاسـاكە حـەقی مـافی هاوولآتیـانی كوردسـتان لـە دەرەوەی هـەرێم دەنگـی بـۆ بـدەن، بـەلآم گوتیـان نـاكرێتن و زۆر زەحمەتە، یەكەم/ ناتوانین دیاری بكەین، كێ خەڵكی ئەو سێ پارێزگایەیـە؟ بـەپێی یاسـا غـەیری ئـەو سـێ پارێزگایە كەس دەنگی بۆ ناداتن.

دووەم/ وەزارەتی دەرەوەی عێراق ناتوانێتن ئەو كارە ئـەنجام بـداتن، لەبـەر رۆشـنایی دەبێـت سـەفارەتەكان لەگەڵ دەوڵەتاندا سجلی ناخبین هەبێتن، بەلآم ئومێدەوارم ئەوەش یەكلا ببێتـەوە، ئـەو رۆژە خۆشـەی كـە ماددەی 140 جێ بەجێ دەكرێت تا ناوچەكانی تر دەگەڕێنەوە سەر هەرێمی كوردستان، بە تەئكید دەبێت ئەو دەستوورە هەموار بكرێت، هەم ئەو خەڵكە دەنگی بۆ بـدات، هـەم ئـەو خەڵكانـەی لـە دەرەوەی وڵاتـن دەنگی بۆ بدەن، هـەم ئێمـەش جارێكی دیكـە بـۆ هـەموار كردنەكـە دەنگـی بـۆ بـدەین، كـاك جـەمال قاسـم فەرموو.

**بەڕێز جمال محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەحەقیقەت كە من سەیری پرۆسەی جێ بەجێ كردنی دەستوورو ئەمـەی كـە لەبـەر دەسـتماندایە دەكـەم، هەست دەكەم خێراییەكی پێوە دیارە، بەتایبەتی كە دەبینم مەسەلەن ئەمڕۆ ئەم نوسخەیەم دەستكەوتووە، تـەبیعی عادەتـەن كـە دەسـتوور دادەنرێـت بـە حەقیقـەت لەسـەر بنـەمای ئەولەویـەتی مافـەكانی كـەس و نەتەوەیی و ئەو پێویستیانە دادەڕێژێت، یەعنی............ .

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كـاك جـەمال ئێمـە موناقەشـەی ئـەم قانونـە دەكـەین، دەسـتوور موناقەشـە ناكرێـت، مـاددەی یەكـەم خوێندرایـەوە رەئیـت لەسـەر مـاددەی یەكـەم چیـە؟ فەقـەت ئەوەیـە، تـەنیا لەسـەر مـاددەی یەكـەم تكایـە، جەنابت لێرە نەبووی خوێندنەوەی یەكەمی بۆ كراوەو ئاراسـتەی ئەنـدامانی پەرلـەمان كـراوە، قانونەكـەی پێشتر تەعدیل دەكەین بەیانی خوێندمانەوە، ئاراستەی ئێوەمان كـرد گوتمـان سـەعاتێك لیژنـەی یاسـایی و

ناوخۆ راپۆرتی خۆیان حازر كـردووه، ئێستا موناقەشـەی ئـەو هـەموار كردنـە دەكـەین، مـاددەی یەكـەممان خوێندەوە رەئیت لەسەر ماددەی یەكەم ئەگەر هەیە فەرموو، خاتوو پەخشان فەرموو.

**بەڕێز پەخشان عبدالله زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من لەگەڵ بوونی دەستوورم بـۆ هـەرێمی كوردسـتان، ئـەوە شـتێكە تەئكیـدی ناوێـت، عیلاقـەی بـە مـاددەی یەكەمەوە هەیە، مەوعیدی راپرسی دەستوورە، هێشتا من دەستوور وا دەبینم كـە زۆر دواكـەوت، جـەنابتان ئاماژەتان بۆ یەك یەكە هۆیەكەی كرد، تەبعەن سەبەبی تریش زۆرەو بەدەر نییە لە خۆشمان، یـەعنی ئـەو سـەبەبانە، جـەنابتان لـە جەلسـەی پـێش ئـەم جەلسـەیە ئەنـدامانی پەرلـەمانتان ئاگـادار كـردەوە كـە لـە سندوقەكاندا نوسخەی دەستووری تیایە، مانـای وایـە پەیوەندیـەك هەیـە لـەنێوان ئـەم یاسایەی كـە ئێسـتا موناقەشەی دەكەین و لەگەڵ ئەو ئاگادار كردنەوەیەی جەنابتان، من وەكو ئەندامێكی لیژنـەی دەسـتوور ئـا ئێستا لەم جێگەیەی خۆم هەندێك لە ئەندامانی پەرلەمان هاتن بۆ لام لەم جێگەیـە دانیشـتبووم، نـەك لـە دەرەوە بـاس لـەوە دەكـەن كـە گـۆڕانی سـەیر هەیـە لـە دەسـتوورەكە، باشـە منێـك كـە ئەنـدامی لیژنـەی دەستوورم وەختێكم دەوێت، بۆ ئەوەی پێدا بچمەوە، منیش لەگەڵ ئەو رەئیانـەم نـازانم چۆن 25ی مـانگ خەڵك فریا دەكەوێت، ئەمە لە لایەك.

لە لایەكی ترەوە مانای ئەوە نییە كە دەبمە رێگرێك لەبەردەمی ئەوە كە 25ی مانگ بكرێت، یان نـەكرێت، بـەڵام ئـەم پرسـیارە بـۆ هەمووانـە، نـازانم چـۆن فریـا دەكـەوین كـە ئێمـە ئەنـدامانی لیژنـەی دەسـتوور هەندێكیان پێویستمان بەوەیە بیخوێنینەوە جارێكی تر، بزانین چ گۆڕانێكی تیا بووە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەس ئەوەندە دەڵێم ئەم جەلسەیە دەنگدان نییە بۆ دەستوور، لەبەر ئەوە دەنگدانەكە لەوانەیە دوو سبەی بێت، خۆ ئێستا دەنگدان نییە بۆ ئەوەی تۆ بڵێـی مـن موافیـق نیمـە، ئەمرۆشـت هەیـە، سـبەش هەتـە، دوو سـبەیش هەتـە، ئەگـەر موافەقـەتتان كـرد، (48) سـەعات مـەجال هەیـە گۆڕانكاریـەكان ئەنـدامی لیژنـەی دەستووری تێدا ئیشت كردووە، وابزانم ئەو كۆبوونەوەیەی دوا كۆبوونەوەی كە كردیان جـەنابت لـە بەغـدا بووی، كاك جەعفەر فەرموو.

**بەڕێز جعفر مصطفى معروف:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من دوو تێبینی بچووكم هەیـە، مـاددەی یەكـەم بڕگـەی دوو هەرچـەندە لـە پرۆژەكـە دیـاری كـراوە 7/25 ئەگەر لە كۆتایی بڕگەكە زیاد بكرێت لەگەڵ هەڵبژاردنـەكانی كوردسـتان، ئـەوە ئیزافـە بكرێـت، بـۆ ئـەوەی مەعلوم بێت، راستە 25ی مانگە، بەس هەڵبژاردنی كوردستانی بۆ زیاد بكرێت، ئەگـەر بتـوانین جێگەیـەك بكەینەوە بۆ ئەو كەسانەی كـە نەخوێنـدەوارن، چـونكە ئێمـە لـە سـاڵی 1992 تووشـی كێشـەیەكی گـەورە

بووین، ئەوانەی کە نەخوێندەوارن جێگەی بکرێتەوە، کە ئەوانە رێگایان پێ بدرێت نەخوێندەروار لەگەڵ چەند کەسێك بچێت بۆ دەنگدان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك تەلعەت فەرموو.

**بەڕێز طلعت محمد صالح تۆفیق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لەگەڵ قسەکانی کاك ئارێزم، بەتایبەتی سێیەم دەڵێت بەڵێ، یان نا بە نیشانە بنووسرێت، یەعنی بە نیشانە ئاسانە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك کەریم فەرموو.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو وردەکاریانەی کە برادەران پرسیاری لێ دەکەن بە نیشانەیە، یان نا، ئەوەی شێخ جەفعەریش باسی لێ دەکرد بۆ ئەوانەی نەخوێندەوارن، ئەوە بەپێی ئەو پەیڕەوەی کە کۆمسیۆنی باڵا دەری دەکات لەوێ ئەو وردەکاریانە تێدا باس دەکرێت و خۆیان لە سیستەمەکە ئەو مەسائیلانە دیاری دەکەن، پێویست ناکات ئێمە لە یاسایەکە دیاری بکەین، ئێمە دەسەڵاتیان پێ دەدەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

فەقەرەی دوو نازانم کاك سەردار کە خوێندیەوە ئیقتیراحم کرد گوتم (ل)یەك ئیزافە بکەن، هەرچەندە لە فەقەرەی یەك هاتووە، بەڵام تەئکید بکرێتەوە (ان تم اقراره في البرلمان)، (ثانياً: تجرى عملية الاستفتاء العام على مشروع الدستور بالاقتراع العام السري والمباشر يوم السبت المصادف 2009/7/25) دەبێت تەئکید بکەینەوە، لە فەقەرەی یەکدا هاتووە، کاك شێروان رەئیت چیە.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە فەقەرەی یەك هاتووە پێویست ناکات دووبارەی بکەینەوە بە قەناعەتی من، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە ماددەی یەك وەکو خۆی دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەزۆرینەی دەنگ وەرگیرا، ماددەی دوو.

**بەڕێز سەردار صباح بۆزۆ هەرکی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**المادة الثانية: تعدل المادة السابعة وتقرأ كالاتي:**

**تطبع اعداد كافية من مشروع الدستور المصادق عليه من قبل البرلمان باللغات الدارجة في الاقليم (الكوردية، العربية، التركمانية، السريانية) لعرضها على الشعب للاستفتاء العام.**

**بەڕێز دلێر محمد شريف:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**ماددەی دووەم: ماددەی حەوتەم هەموار دەكرێت بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:**

**ژمارەیەكی بەرچاو لە پرۆژەی دەستووری پەسند كراو لە پەرلەمان بە زمانە پەیڕەوكراوەكانی هەرێم (كوردی، عەرەبی، توركمانی، سریانی) چاپ دەكرێت، بۆ ئەوەی بخرێتە بەردەستی گەل لە راپرسییەكی گشتییدا.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**ئەوەی تێدا نییە، ئێوە چ دەخوێننەوە، پرۆژەكە ئەوەی تێدا نییە، بەس مەشروعی قانون كە لەبەر دەمانە ئەوانەی تێدا نییە، ئەوە چ بوو خوێندرایەوە.**

**بەڕێز كریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**ئێمە دوێنێ كە لەگەڵ كۆمسیۆنی باڵا دانیشتین وەكو لیژنەی یاسایی، پێشنیاریان كرد ئەو ماددەیە گۆڕانی بەسەردا بێت بەو شێوەیەی ئێستا برادەران خوێندیانەوە، لە ئەسڵی یاسای ژمارە (11) كە هەموار دەكرێت بەو شێوەیە هاتووە:**

**(المادة السابعة: على حكومة اقليم كوردستان طبع اعداد كافية من مشروع الدستور المصادق عليه من قبل المجلس باللغات الدارجة في الاقليم (الكوردية، العربية، التركمانية، السريانية) وعرضها على الشعب للاستفتاء العام خلال مدة مناسبة تحددها حكومة الاقليم وبالتنسيق مع المفوضية العليا للانتخابات)، لێرەدا ئەو هەموار كردنەی بەسەری داهات مەسەلەكەی بەشێوەیەكی موتڵەق هێشتەوە بۆ ئەو لایەنەی ئیعدادە بكات، كە پەیوەنداره تەبع بكاتن لە هەمان كاتدا تەنسیق لەنێوان حكومەت بۆ تەحدیدی مودەی موناسب ئەوەش لادراوە، ماددەكە بەو شێوەیە خوێندرایەوە، ئێمە وەكو پرۆژە پێشكەشمان كردووە، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**كاك سەردار فەرموو.**

**بەڕێز سەردار صباح بۆزۆ هەركی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە لە خوێندنەوەی یەكەم لە پێش نیوەڕۆی ئەمڕۆ ئەو صیغەیەمان خوێندەوە كە من و كاك دلێر خوێندمانەوە لەسەر ڕۆشنایی ئەو خوێندنەوەی یەكەمە كە ڕەوانەی لیژنەكان كرا، ئێمە هەردوو لیژنە ڕەزامەندیمان لەسەر كردووەو، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كەواتە ماددەی دووەم تەنیا لەسەر داوای كۆمسیۆنی بالأیە چڕتر كراوەتەوە بەو شێوەیەی كە ئیكتیفای پێ دەكرێت كە ناوی حكومەتی لێ لابردراوە، ناوی موفەوەزیەشی لێ لابردراوە، بۆ ئەوەی مەجال هەبێتن كێ تەبعی دەكاتن، مومكینە پەرلەمان تەبعی بكاتن، مومكینە هەر كەسێكی تر تەبعی بكات، دەیخوێنمەوە بۆ ئەوەی بیخەمە دەنگدان، (المادة الثانية: تعدل المادة السابعة وتقرأ كالاتي:

تطبع اعداد كافية من مشروع الدستور المصادق عليه من قبل البرلمان باللغات الدارجة في الاقليم (الكوردية، العربية، التركمانية، السريانية) لعرضه على الشعب للاستفتاء العام)، فسەت هەیە كاك شێروان.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پێموایە (اللغات الدارجة في الاقليم) ئەوە وارد نییە (اللغات قوس) چوار لوغەكە دابنرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك محەمەد فەرەج فەرمووو.

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

یەعنی لە دەستووردا هاتووە لوغات رسمیە لە هەرێمی كوردستان ئەوە باشترە.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

باشە موشكیلە نییە، مولاحەزەكە بەقوەتتری دەكات لە ناحیەی زمانی با دارجەكە نەمێنێت چ موشكیلە نییە، كەواتە وا دەیخوێنمەوە پێش ئەوەی بیخەمە دەنگدان، (المادة الثانية: تعدل المادة السابعة وتقرأ كالاتي: تطبع اعداد كافية من مشروع الدستور المصادق عليه من قبل البرلمان باللغات (الكوردية، العربية، التركمانية، السريانية) لعرضها على الشعب للاستفتاء العام) كێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەكۆی دەنگ وەرگیرا پاش ئەو تەعدیلاتانە، ماددەی سێیەم.

**بەڕێز سەردار صباح بۆزۆ هەركی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

المادة الثالثة: تعدل الفقرة الثانية من المادة الثامنة باضافة العبارة التالية الى اخر الفقرة: (ولها ان تصدر انظمة لازمة لذلك بموجب هذا القانون).

**بەڕێز دلێر محمد شريف:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی سێیەم: بڕگەی دووەم لە ماددەی هەشتەم هەموار دەكرێت بە زیاد كردنی ئەم دەربڕینەی خوارەوە لە كۆتایی بڕگەكەدا: (بۆی هەیە سەبارەت بەوە پەیڕەوی پێویست بەپێی ئەم یاسایە دەربكات).

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو.

**بەڕێز كريم بحرى عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بڕگەی دوو بەم شێوەیە: (تقوم المفوضية العليا المستقلة للانتخابات بالاشراف على عملية الاستفتاء العام في الاقليم) ئەوەی بۆ زیاد دەكرێت (ولها ان تصدر انظمة لازمة لذلك بموجب هذا القانون)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەوە هەرچەندە تەحصیل حاصلە، بەلاَم داوای موفەوەزیەیە، یەعنی ئەو دەسەلاَتە قانونیەی بدەینێ كە تەعلیمات دەربكەن، دەیخەمە دەنگدانەوە، كێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەكۆی دەنگ وەرگیرا، مادەی دواتر تكایە.

**بەڕێز سەردار صباح بۆزۆ هەركی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

المادة الرابعة: مادة مضافة:

يعد مشروع الدستور موافقاً عليه بحصوله على اصوات اكثرية المصوتين بنعم للاستفتاء العام ويعتبر نافذاً بعد مضي ثلاثين يوماً من تاريخ الاستفتاء.

**بەڕێز دلێر محمد شريف:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی چوارەم: ماددەیەكی زیاد كراوە:

پرۆژەی دەستوورەكە بە پەسند كراو دەژمێردرێت بە بەدەستهێنانی دەنگی زۆرینەی دەنگدەران لە راپرسییەكی گشتیداو بەكارپێكراویش دادەنرێت دوای تێپەر بوونی سی رۆژ بەسەر راپرسییەكەدا.

**بەڕێز كريم بحرى عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

هەردوو لیژنە موافیقە لەسەر دەقی ماددەكە.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەوە ماددەیەكە لە دەستووردا هاتووە بەعەینی نەص، بەلاّم لێرە قوەی قانونی دەداتێ پێش ئەوەی دەستوور پەسند بكرێت، دەیخەمە دەنگدانەوە، كێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەكۆی دەنگ وەرگیرا، ماددەكەی تر تكایە.

**بەڕێز سەردار صباح بۆزۆ هەركی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**المادة الخامسة: مادة مضافة:**

**يكون الشخص مؤهلاً للتصويت للاستفتاء على مشروع الدستور بتوفر الشروط الاتية:**

**اولاً: ان يكون عراقياً من مواطني كوردستان – العراق واكمل الثامنة عشرة من العمر.**

**ثانياً: ان يكون مسجلاً بسجلات الناخبين.**

**بەڕێز دلێر محمد شريف:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**ماددەی پێنجەم: ماددەیەكی زیاد كراوە:**

**ئەو كەسەی شیاوی دەنگدانی هەیە بۆ راپرسی سەر پرۆژەی دەستوورەكە، دەبێت ئەم مەرجانەی خوارەوەی تێدا بێت:**

**یەكەم: دەبێت عێراقی و لە هاوولاّتیانی هەرێمی كوردستان بێت و هەژدە ساڵی تەمەنی تەواو كرد بێت.**

**دووەم: دەبێت ناوی لە تۆمارگەی دەنگدەراندا تۆمار كرا بێت.**

**بەڕێز كريم بحرى عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**هەردوو لیژنەی یاسایی و ناوخۆ لەگەڵ دەقی ماددەكەدان.**

بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:

**مولاحەزەت هەیە فەرموو.**

**بەڕێز چرۆ علی حمه امین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**بەنیسبەت شروتەكانەوە شەرتی ئەهلی تیا نییە، نابێت تیای هەبێت.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**خۆ مورەشەح نییە، ئەوە هەویەی هەیە دەچێت لەوێ، ئەگەر ئەوەی لێرە دیاری بكەیت مانای وایە هەر چوار ملیۆن دەنگیشی لەسەر بدەن بزانی ئەهلیەی هەیە، یان نا، فەرموو كاك سەردار.**

**بەڕێز سەردار صباح بۆزۆ هەركی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من پشتگیری لە پێشنیارەکەی چرۆ خان دەکەم، هەتا بۆ قانونی مەجالیسی ئینتیخابی موحافەزات و یاساکانی دیکەش بۆ ناخیب فەقەرەی دووەم دەڵێت کامل ئەهلیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

مورەشەح شتێکە ناوی لە ناخیبدا هەیە، تۆ بڵێی کامل ئەهلیە نابێت ڕێگای بدەیت بۆ دەنگدان تاکو تەحقیق نەکەیت کە ئەوە کامل ئەهلیەیە، یان نا، فەرموو کاک کەریم.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو ئیقتیراحەی چرۆ خان کردی کە کاک سەردار پشتیوانی لێ کرد، ئەگەر بێتو لە یاسایەکەدا بێتن، دەبێت هەر دەنگدەرێك راپۆرتی دکتۆری لەگەڵدا بێت کە دەچێت دەنگ دەدات کامل ئەهلیەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك دلێر فەرموو.

**بەڕێز دلێر محمد شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

عادەتەن شروتی ناخیب، شروتی ئەو کەسانەی دەنگ دەدەن وازیحە، بەلاَم من پرسیارێك دەکەم من ئەندامی پەرلەمانی کوردستانم و ئەندامی نووسینەوەی دەستووری هەرێمی کوردستانم ئەو پرۆژەی لەبەر دەستتانە، بەلاَم من حەقی دەنگدانم نییە لەو پرۆژەیە، چونکە من لە سجلی ناخیب ناوم نییە، لەبەر ئەوە من خەڵکی کەرکووکم بیتاقەی مەواد غیزائیم لە کەرکووکە، من یەك لەو هاووڵاتیانە دەبم کە ناتوانم دەنگ بدەم بەو دەستوورەی کە بەشداریم کردووە لەو حەڤدە کەسەی کە نووسیوومانەتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك سەردار فەرموو.

**بەڕێز سەردار صباح بۆزۆ هەرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من حەز دەکەم ئاماژە بە یەك مادده بکەم لە قانونی ئینتیخابات مەجالیس موحافەزات و قەزاو ناحیە لە ئیقلیمی کوردستان، (الفصل الثاني/ حق الانتخاب

المادة الثالثة: 2- ان يكون كامل اهلية) واتا ئەو قسەی کە کاك کەریم دەڵێت هەر کەسێك بۆ راپرسی بێت راپۆرتی لەگەڵ بێت بۆ ئەو ئینتیخاباتانەش دەبێت ئەو راپۆرتەی لەگەڵ بێت، ئەگەر وا بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك کەریم فەرموو.

**بەڕێز كریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

كاك سەردارو كاك دلێر هەردووكیان ئەندامی لیژنەی یاسایی بوون، ئێمە یەك سەعات ماوەمان پێدرا موناقەشە بكەین، دەبوایە ئەو موناقەشەی ئێستا لێرە دەكەن لەناو هۆڵی پەرلەمان لە لیژنەی یاسایی بیان كردبا، لەوێ ئیزافەیان كردبا، ئەوە زیادە لێرە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

لە هەڵبژاردنی پەرلەمان چ نووسراوە، دەنگدان بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمان، ئەوەتا لێرە قەوانینی شروتی اهلیە، لە شروتی ناخیب وموڕەشەح ئەوەی كە ناخیبەكە دەڵێت (ان یكون من مواطني كوردستان – العراق ذكراً كان ام انثى ان یكون ناخباً او مرشحاً اذا توفر فیها شروط.......... .

المادة العشرون: یشترط في الناخب ان یكون من مواطني كوردستان – العراق واكمل الثامنة عشرة من العمر)، تەواو، دەیخەمە دەنگدانەوە، كێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەزۆرینەی دەنگ وەرگیرا، ماددەی شەشەم.

**بەڕێز سەردار صباح بۆزۆ هەركی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

المادة السادسة: على مجلس الوزراء والجهات ذات العلاقة تنفیذ احكام هذا القانون.

**بەڕێز دلێر محمد شریف:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی شەشەم: پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەكان حوكمەكانی ئەم یاسایە جێ بەجێ بكەن.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك ئاریێز لەسەر ئەو ماددەیە، فەرموو.

**بەڕێز ئاریێز عبدالله احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پێش ئەوەی كۆتایی پێ بینین، مولاحەزەیەك هەیە تەبعەن ئێمە لێرە نووسیتمان (اقرار دستور اقلیم كوردستان)، لێرە نووسراوە (مشروع دستور اقلیم كوردستان – العراق)، لە جێگایەكی تر نووسراوە، من حەز دەكەم با روون كردنەوە بدەم، ئێستا ناوی پەرلەمانمان كردە پەرلەمانی كوردستان – عێراق، واتا كوردستان هەم سیفەتێكی ئیدارەییە، هەم نیشتمانی هەیە، ئەو دەستوورە هەر پەیوەندی تەنیا بە یەك ئیقلیم، كە دەڵێت ئیقلیم كوردستان، یان هەرێمی كوردستان، واتا ئەو سێ پارێزگایە دەگرێتەوە ئێستا بەڕاستی، بەڵام كە دەڵێت كوردستان دەرەوەش دەگرێتەوە، خودی مەشروعەكەش پەیوەندی بە دەرەوەش هەیە بە جێ بەجێ كردنی دەستوور، لەبەر ئەوە من پێشنیار دەكەم یەكەم ناو بكرێتە یەك، یەعنی هەمووی وەك یەك بێت، چونكە ئێستا بە سێ جۆر هاتووە، لە هەمووی بكرێتە یەك، ناوی پەرلەمان چۆن نووسراوە لە ئەوەكەش بەو

شێوەیە بنووسرێت، یەعنی ئێستا بە سێ شێوە نووسراوە کاك کەریم پێش ئەوەی جواب بدەیەوە، ئایا دەکرێت یەك جۆرە پرۆژە، یەك جۆرە قانون بە سێ جۆر ناوی بێتن؟ ئەوەیە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر بە راشکاوانە قسەی بکەین، ئەگەر تۆ بڵێی پرۆژەی، یان بڵێی دەستووری کوردستانی عێراق، یەعنی دەستووری خەڵکی کەرکووکیشە، خەڵکی خانەقینیشە، خەڵکی سنجاریشە، خەڵکی کوردەکانی بەغداشە، کە دەنگیان نەدابێتن ئەو حەقمان نییە ئەو دەستوورە فەرز بکەین لەسەریان، بۆیە ئەو دەستوورە هی هەرێمی کوردستانە، تاوەکو ماددەی 140 جێ بەجێ دەکرێت، ئەو وەختی دەکرێت بیگۆڕین، کاك کەریم.

**بەڕێز کریم بحری عبداللە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

رەئیەکەی کاك ئاریز ئەگەر بێتو جێ بەجێ بکرێت موخالیف دەبێت لەگەڵ دەستووری عێراقی، لەبەر ئەوەی دەستووری عێراقی دەڵێتن (هەموو هەرێمێك دەستوورێکی دەبێتن) ناڵێت کوردستانی عێراق دەستووری دەبێتن، بۆیە موخالیف دەبێتن لەگەڵ نەصی دەستووری عێراقی، بۆیە دەستووری هەرێمی کوردستان راستترە لە کوردستانی عێراق.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ماددەی شەشەم: (على مجلس الوزراء والجهات ذات العلاقة تنفيذ احكام هذا القانون)، دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ وەرگیرا، ماددەی حەوتەم.

**بەڕێز سەردار صباح بۆزۆ هەرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة السابعة: ينفذ هذا القانون اعتباراً من تاريخ اصداره وينشر في الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان).

**بەڕێز دلێر محمد شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی حەوتەم: ئەم یاسایە لە رۆژی دەرچوونیەوە جێ بەجێ دەرکرێت لە رۆژنامەی فەرمی وەقائیعی کوردستان بلاو دەکرێتەوە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ وەرگیرا، پرۆژەکە بەهەر حەوت ماددەکەیەوە دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ وەرگیرا، زۆر سوپاستان دەکەم هەر بژین، رۆژی (24)ی مانگ سەعات (11) دەستوورەکە دەخوێنینەوەو دەیخەینە دەنگدانەوە، ئومێدەوارم کە لێرەدا کەس غائیب نەبێت، چونکە یەکە یەکە ناو

دەخوێنینەوە، بۆ ئەوەی غەڵەت نەکەین چەند کەس دەنگی بۆ دەدات و چەند کەس هین ناکات، ئومێد دەکەم کەس غائیب نەبێت، زۆر سوپاستان دەکەم تا ڕۆژی چوار شەممە سەعات (11)، لێرەدا کۆتایی بە دانیشتنەکەمان دەهێنین.

فرست احمد عبدالله
سکرتێری پەرلەمانی
کوردستان – عێراق

محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی)
جێگری سەرۆکی پەرلەمانی
کوردستان – عێراق

عدنان رشاد مفتی
سەرۆکی پەرلەمانی
کوردستان - عێراق

# پەرلەمانی کوردستان - عێراق

## پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (21)

## چوارشەممە رێكەوتی 24\6\2009

## خولی دووەمی هەڵبژاردن

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (21)

## چوارشەممە ڕێکەوتی 2009/6/24

**کاتژمێر (11)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی 2009/6/24 پەرلەمانی کوردستان - عێراق بە سەرۆکایەتی بەڕێز عدنان رشاد مفتی سەرۆکی پەرلەمان و, بە ئامادەبوونی بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی) جێگری سەرۆك و, بەڕێز فرست أحمد عبدالله سکرتێری پەرلەمان, دانیشتنی ژمارە (21)ی خولی دووەم, ساڵی (2009) ی خۆی بەست.**

**بەرنامەی کار:**

**بەپێی حوکمەکانی بڕگە (1)ی مادده (20) لە پێڕۆی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموارکراوی ساڵی 1992ی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق, دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاردرا دانیشتنی ژمارەی (21)ی خولی دووەمی هەڵبژاردن لە کات (11)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی 2009/6/24 دا بەم شێوەیە بێت:**

**1- خوێندنەوەی پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان – عێراق و دەنگدان لەسەری.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

**بەناوی گەلی کوردستان، دانیشتنەکەمان دەکەینەوە، بەرنامەی کار:**

**بەپێی حوکمەکانی بڕگە (1)ی مادده (20) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموار کراوی ساڵی 1992ی پەرلەمانی کوردستانی عێراق، دەستەی سەرۆکایەتیی پەرلەمان بڕیاریدا بەرنامەی کاری**

دانیشتنی ژماره (21)ی خولی دووەمی هەڵبژاردن له کاتژمێر (11)ی پـێش نیـوەڕۆی ڕۆژی چوار شـەممە ڕێکەوتی 2009/6/24دا بەم شێوەیه بێت:

1- خوێندنەوەی پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان – عێراق و دەنگدان لەسەری.

سەرەتا بەخێرهاتنی مێوانه بەڕێزەکان دەکەم و له ئەندامانی لیژنەی نووسینەوەی دەستوور، بەدواچوونی پرۆژەی نووسـینەوەی دەسـتوور، هـەروەها مێوانـانی سـەرەوەو برادەرانـی ڕاگەیانـدن بەگشـتی بـەخێر بـێن سەرچاوان، پێش ئەوەی دەست به بەرنامەکه بکەین، ئیجازەم بـدەن بـه کـورتی سـێ ڕوون کردنـەوه بـدەم، نامەوێ بچمه ناو تەفاسیلی چۆنیەتی ئامادە کردنی ئەو پرۆژەیه، لەبەر ئەوەی سەرۆکی لیژنەو ئەندامانی لیژنــه ڕوونــی دەکەنــەوە، تــەنیا دەمــەوێ ئــەوە بڵــێم ئــەم دەســتوورە ســەرکەوتنێکه بــۆ گەلەکــەمان، دەستکەوتێکی گەورەیه بۆ هەموو خەڵکی کوردستان، داواکارم له هەموو حزبه سیاسیەکان و ڕێکخراوەکانی کۆمــەڵگای مــەدەنی، دەزگاکــانی ڕاگەیانــدن، میــدیاکان معاملــه لەگــەڵ ئــەم دەســتوورە بکــەن وەکــو دەستکەوتێکی گەورە بۆ گەل، دەستکەوتێك نییه بۆ حزبێك، دەستکەوت نییه بـۆ پـارتی، دەسـتکەوت نییـه بۆ یەکێتی، بۆ یەکگرتوو، بۆ کۆمەڵ، بۆ حزبی شیوعی، بۆ سۆشیالیست، بۆ زەحمەتکێشان، دەستکەوت نییه بۆ برا تورکمانەکان و کلدان و سریان و ئاشوور، دەسـتکەوت نییـه بـۆ هـیچ ڕێکخراوێکـی سیاسـی بـه تـەنها، دەستکەوت نییه بۆ ئەوانـه بـه تـەنها، دەسـتکەوته بـۆ هـەموو ئەوانـه پێکـەوە، ئیمکانیش نییـه لـه دنیـادا دەستوورێك هەبێت سەرتانسەری کوردستان تەماشا بکەیت، ئیمکان نییه دەستوورێك هـەبێتن هـەموو ئـەو خـەڵکی وڵاتـه لێـی ڕازی بـن، یـاخود هـەموو تاکـەی حزبێـك لێـی ڕازی بێـت، ئێسـتا ئەگـەر تەماشـای ئـەو پرۆژەیه بکەین، ئەوانەی لێرە دانیشتوون به تەئکید دڵنیام لەوە هەر یەك له ئێمه ماددەیـەك دەبینێتـەوە که ناڕازییه لێی، یاخود پێیوایه دەبوایه باشتر دابڕێژرێت، ئەگەر ئەم پرۆژەیـه بدەیتـه حزبێـك بـه تـەنیا، به تەئکید به نەوعێك دەنووسێتن که لەگەڵ ئاراو ئایدۆلۆجیەتی حزبەکه بگونجێت، ئەگەر بدەیتـه تاکـه کەسیش به تەئکید فەرق دەکاتن لەگەڵ ئەوەی کۆمەڵەك پێکەوە دەنووسـن، ئـەم دەسـتوورە کـه نووسـراوە دیارە میساقێکه ڕەچاوی هەموو کۆمەڵگای کوردسـتانی کـراوە، ڕەچاوی واقیـع کـراوە، پێکهاتـەی کوردسـتان کراوە، تەنیا کورد لێرەدا ناژیت، تورکمانمان لەگەڵه، کلدان، سریان، ئاشوورمان لەگەڵه، تـەنیا دیـنی ئیسـلام ڕاسـته زۆرینەیـه، بـەڵام ئێمـه مەسـیحیمان لەگەڵـه، ئیزیـدیمان لەگەڵـه، ئەرمـەنمان لەگەڵـه، بۆیـه ئـەم دەسـتوورە ڕەچـاوی مـافی هـەموو ئەوانـەی کـردووە، بـه تەئکیـد ئەرکیشـی تێدایـه، ئـەم دەسـتوورە ئەگـەر تەماشای بکەیت و بچیه وردەکاریەکەیەوە بەشـێوەیەك داڕێـژراوە کـه لەگـەڵ نموونـەی دەسـتووری وڵاتـانی هاوشێوە هەرێمەکان بگونجێت، قۆناغی زۆری بینیوە، سێ ساڵ و نیو کـاری لەسـەر دەکـرێتن، دەیـان پسـپۆڕ هاتوون ڕەئیان لەسەر داوە دەستخۆشیان له لیژنەی نووسـینەوەی دەسـتووری کـردووە، لـه سـاڵی 2005ەوە ئەم لیژنەیه پێکهاتووە، له 24/ایلول/2006 لێرەدا بەرامبـەر ئێـوەی بـەڕێز خوێندرایـەوە بـۆ ڕاگەیانـدن، هەشت هەزار نوسخه لێی کۆپی کراو درا بەهـەموو حزبـه سیاسـیەکان، درا بەهـەموو ڕێکخراوەکـان، لەسـەر میدیاکان، له سایتی پەرلەمان بڵاو کرایەوەو دەتوانم بڵێم ئەو کەسەی که ویستی ئەوە ببێت، بـزانێتن ئـەو

دەستووره تەفسیلاتی چیە؟ چۆتە سەر ئەو سایتانەو خوێندیتیەوەو بەدواچوون تێگەیشتووە، دواتـر ئـەم لیژنەیە داوای کرد لە حزبە سیاسیەکان و ڕێکخراوەکان کە تێبـینی خۆیـان بـدەن لـە مـاوەی هەشت مـانگ پێنج هەزارو سەدو قصور تێبینی بۆ ئەو لیژنەیە هاتووە، لەوانە نامەی حزبە سیاسیەکان پـارتی، یـەکێتی، مەکتـەبی سیاسـی یـەکێتی، مەکتـەبی سیاسـی پـارتی بـە راپـۆرتێکی دوورو درێـژ تێبـینی خۆیـان داوەتـە لیژنەکـە، ئەنـدامانی لیژنەکـە پێکهـاتووە لـە هـەموو ئـەو پێکهاتانـەی کـە لـە پەرلەمانـدا هەیـە، زائیـدەن پسپۆری دەرەوەی پەرلەمانیش لە یاساناسان و دەستووریناسان، واتا یەکگرتووی ئیسلامی، کۆمەڵی ئیسلامی، تورکمان، جگە لەوەی کە حزبی شیوعی هـەموو ئەوانـەی تـر کـە تێیدانـە، بـرا کلدان و سـریان و ئاشـوور، نوێنـەری ژنـان لـە لیژنـەی بەداوچـوونی مافـەکانی ژنـان و ئافرەتـان هـەموویان تێـدا بوونـە بـە تەئکیـد هەوڵیشیان داوەو بۆچوون و تێگەیشتنی خۆیان لەو پرۆژەیەدا جێگەیان دیار کردووە لە دەستوورەکە، بەڵام بە تەئکید لە کۆتاییدا قیادەی سیاسیش مەسئوولیەتی هەیە، مەسئوولیەتی ئەوەیە ڕەچاوی ئەو کۆمەڵگایە بکاتن، کە پێکهاتەی هەموو کوردستانە، مەسئوولیەتی ئەوەیە ڕەچاوی ئەوە بکاتن ئەو کەسانەی ڕەخنـەش لە دەستوورەکەیان هەیە، راو بۆچوونیان هەیە، بۆ ئەوەی بەشێوەیەك بێتن بەلای کەمی ویسـتی کـەمترین، ویستی هەموو لایەنـەکانی تێـدا بـێتن، دووبـارەی دەکەمـەوەو دڵنیاشـم لـەوە بـە خۆشمـەوە تێبینـیم هەیـە لەسەر هەندێك خاڵ و مادده، خۆشم تێبینیم هەیە، بەڵام لە (122) مادده تەماشـا بکـەین تێبـینی لەسـەر ماددەیەك، یان دوو مادده هەبێتن، ئـەو هـەموو دەسـتکەوتە زۆرەی کـە لـە ماددەکـانی تـردا هەیـە بـە جیـا کردنــی دەســەڵاتەکان، بــەدابین کردنــی مــافی دیموکراســی و ئــازادی و دیــاری کردنــی دەســەڵاتی دادوەری، پەرلەمان، سەرۆکایەتی هەرێم، جیا کردنەوەی لە یەکتر، دانانی دەسەڵاتی ئامـاژە کـردن بـەوەی کـە دەبێـت هـەرێم مەحکەمـەی دەسـتووری هـەبێت، کـە ئـەو مەحکەمـە دەسـتوورییە زۆر گرنگـە، بـۆ ئـەوەی ئـەو دەستووره بپارێزێت، کێ پێشێلکاری دەکاتن لەو دەستوورەدا؟ تەئکیدیشـم لـەوە کـە ئـەو دەسـتووره کۆتـایی دنیا نییە، قورئان نییە نەتوانین نەیگۆڕین، هەر ئەو کەسانەی ئەو دەستوورەیان نووسیووە خـەڵکی تـریش دێت بەو ڕێنماییەی لەناو دەستوورەکەدا هەیە، ئەگـەر پێویسـتی کـرد هـەمواری دەکـاتن، یـەك لـە هۆکـاری ئەوەی کە ئەو پرۆژەیە دواکەوتووە، کە دەبوایە لە 2007وە تەواو بێتن، ئەوە بوو بۆچوونێك هـەبوو کـە دەبێت چاوەڕوان بکەین و پەلەی لێ نەکەین، تاکو ناوچە دابڕاوەکان بگەڕێنـەوە سـەر هـەرێمی کوردسـتان ماددەی (140) جێ بەجێ ببێت، تـا کۆتـایی سـاڵی 2007 جـێ بـەجێ نـەکرا، لـە سـاڵی 2008یشـدا هـەر ئومێد هەبوو، دیمستۆرا هات، دیمستۆرا ڕۆیشت تاوەکو گەیشـتە کۆتـایی سـاڵی 2008، ئـەو ڕەئییـە غائیـب بوو، کە نابێت ئێمە ئەو دەستووره زیاتر دوابکەوێتن لەسەر ئەوەی ئەو بۆچوونە سەرکەوت، کە ئێمـە بـەو شێوەیە دایبڕێژین مافی مێژوویی تاریخی و جوگرافی هـەرێمی کوردسـتان دەست نیشـان بکرێـت، ناوچـەکانی هەرێمی کوردستانی لێ پێـك دێت دەسـت نیشـان بکرێـت، کـە کـەس بـۆی نییـە موساوەمەی لەسـەر بکـات، یاخود بڵێتن کوردستان نییە، لە هەمان کاتیشدا لە ڕووی پراکتیکـەوە، لـە ڕووی عەمەلیـەوە دەسـت نیشـان کردنی خەریتەی کوردستان بەستراوە بەوەی جـێ بـەجێ کردنـی مـاددەی (140)، یـەعنی مـاددەی (140)

سبەینێ ئەگەر خەڵكێك لە مەخمور، لە كەركووك، لە خانەقین، لە سنجار، لە هەر شوێنێكی تر لەو ناوچە دابڕاوانە، ئەگەر دەنگیش نەدەن بۆ ئەوەی بێنە سەر هەرێمی كوردستان، ئەو مافە تاریخیە، جوگرافیە ناگۆڕێتن لە دەستووری هەرێمی كوردستاندا هاتووەو حەقی میللەتی كوردستانە هەر وەختێك بۆی بڕەخسێت بە ڕێگایەكی یاسایی ئەو ناوچانە بگەڕێنێتەوە سەر هەرێمی كوردستان، بۆیە لە ساڵی 2009وە گفتوگۆیەكی زۆری سیاسی بۆ ئەوەی ئەو پرۆژەیە لە ڕووی سیاسیەوە بە گفتوگۆ لەلایەن قیادەی سیاسیەوە، بۆ ئەوەی وا بكەین هەموو كۆمەڵگای كوردستان بگرێتەوە، خەڵك و پێكهاتەی كوردستان بگرێتەوە بە برا كلدان و سریان و ئاشووری و توركمان، دەتوانم بڵێم ماوەیەك رەنگە ماوەیەكی كورتیش نەبوو بێت، هەر بۆ ئەوەی برایانی كلدان و سریان و ئاشوور رازی بن لەسەر ناوەكانیان دوا كەوتووە، برایانی توركمان لەسەر ئەوەی مافەكانیان چ بێت، ئەو دەستوورە ڕەنگە دەبێت كەیفمان بەوە بێت بۆ نەتەوەكانی كە لەگەڵماندا دەژین، بۆ كەمایەتیەكان، بۆ كەمایەتیە ئاینیەكان كە لەگەڵماندا دەژین، ئەو مافانەی كە تیادا دیاری كراوە زۆر باشترەو زیاترە لەوەی لە دەستووری عێراقدا بۆیان هاتووە، ئێمە ئەو دیموكراتیەی كە هەمانە بەهێزتری دەكات و بەقوەتتری دەكات، دڵنیاشم كە خەڵكی كوردستان ئێستا لەبەردەم ئێوەدا ئەم دەستوورە دەخوێنێتەوە بە ئاگا دەبن لەو دەستكەوتانەی كە لەو دەسوورە بۆیان دابین كراوە لە ڕووی دیموكراسی، لە ڕووی مافی تاك، لە ڕووی ئازادی، لە ڕووی زیاد كردنی دەسەڵات، لە ڕووی چۆنیەتی هەڵبژاردن، گۆڕینی ئالیەتی پاراستنی مافی مرۆڤ، مافی مرۆڤ لەزۆر دەستووردا هاتووە، تەنانەت لە هەندێك دەستووری وڵاتانی نادیموكراتیشدا باسی مافی مرۆڤ دەكەن، بەڵام هیچ ئالیەتێك دانەنراوە لە دەستوور كە چۆن مافی مرۆڤ دەپارێزێت، لەم دەستوورەی ئێمەدا چەندین ئالیەتی داناوە بۆ پاراستنی مافی مرۆڤ و دەستكەوتەكانی گەل و دیموكراس، من لێرەدا داوا لە سەرۆكی لیژنەی بەدواچوونی نووسینەوەی دەستوور دەكەم، كە ئەندامانی لیژنەش لێرەنە، سەرەتا ئەو نامەیەی كە ئاراستەی سەرۆكایەتی پەرلەمانیان كردووە بیخوێننەوە، دواتریش موقەدیمەكەی بخوێننەوە، پاشان بەو شێوەیەی ڕێككەوتوون لەنێوان خۆیاندا مادده بە مادده بە زمانی كوردی و عەرەبی بخوێندرێتەوە، فەرموو كاك فرسەت، خۆی ئێمە وا ڕێككەوتبووین كە ئەوەل جار بە كوردی بخوێندرێتەوە دوایێ بە عەرەبی، تەنیا نامەی سەرۆكایەتی لە نامەی لیژنەكە بۆ سەرۆكایەتی كاك فرسەت وەكو سەرۆكی لیژنەكە بە عەرەبی دەخوێنێتەوە، دوایێ بە كوردی، دواتر دەگەڕێینەوە سەر هەمان ئالیەت كوردی ئەوجا عەرەبی، فەرموو كاك فرسەت.

**بەڕێز فرست احمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**بسم الله الرحمن الرحیم.**

**الی/ رئاسة برلمان كوردستان _ العراق**

**تحیة واحتراماً...**

يسرنا ان نعلم رئاسة برلمان كوردستان – العراق انجاز لجنتنا (لجنة اعادة النظر في مشروع دستور اقليم كوردستان – العراق) لمهامها وانتهائها من الصياغة النهائية لمشروع الدستور المرفوع اليكم بـ(120) نسخة باللغتين الكوردية والعربية وعلى امل ترجمته خلال الايام القادمة الى اللغة التركمانية والسريانية وبهذه المناسبة نود ان نوضح بأن المشروع المذكور قد تم كتابته وانجازه في ثلاثة مراحل:

المرحلة الاولى: هي مرحلة كتابة مشروع الدستور وبدأت مع بداية سنة 2002 وانتهت بمصادقة برلمان كوردستان عليه كمشروع بقراره المرقم (26) في 7/تشرين الثاني/2002 بعد ان توج بمباركة وموافقة (36) حزباً كوردستانياً في مدينة كويسنجق في نفس السنة على ان يعاد النظر فيه على ضوء التطورات التي كانت من المتوقع حدوثها في العراق.

المرحلة الثانية: بدأت مع قرار برلمان كوردستان المرقم (5) المتخذ بتاريخ 8/ايلول/2005 حيث تقرر تشكيل لجنتنا لإعادة النظر في المشروع على ضوء التطورات التي حدثت في العراق نتيجة سقوط النظام الدكتاتوري في 9/نيسان/2003 وتبني النظام الفيدرالي باقرار الدستور الاتحادي في استفتاء عام جرى بتاريخ 15/تشرين الاول/2005 ولقد استغرق عمل اللجنة للمرحلة الثانية من 14/ايلول/2005 لغاية 22/اب/2006 وبعرض المشروع المنجز في 24/ايلول/2006 على البرلمان انتهت المرحلة الثانية وبدأت المرحلة الثالثة.

المرحلة الثالثة: ان هذه المرحلة قدبدأت بتاريخ 24/ايلول/2006 وتم خلالها طبع وتوزيع اكثر من ثمانية الاف نسخة من المشروع على نطاق واسع في وسائل الاعلام بقنواته الثلاث المقروءة والمسموعة والمرئية اضافة الى اقامة موقع خاص بمشروع الدستور على الانترنيت، كما وجهت اللجنة في 2006/9/27 مئات الرسائل التحريرية المباشرة مرفقة بنسخ من المشروع الى الاحزاب ومنظمات المجتمع المدني والقضاة واساتذة الجامعات والمحامين والمثقفين داعية اياهم المساهمة بمقترحاتهم وملاحظاتهم على مشروع الدستور كما ساهم اعضاء اللجنة في الندوات والسمينارات التي عقدت في مختلف المناطق واستقبل اعضاء اللجنة عشرات الوفود في برلمان كوردستان.

وبغية متابعة مايرد الى اللجنة من مقترحات وما يثار بخصوص المشروع من ملاحظات انتظم اعضاء اللجنة في عدة لجان فرعية لمتابعة مقترحات الاحزاب ومنظمات المجتمع المدني ولما ينشر في الصحف والمجلات والندوات التلفزيونية وما ينشر على الانترنيت وما يتم استلامه من رسائل الكترونية، وان ما ورد الى اللجنة من مقترحات وملاحظات ضمت اكثر من خمسة الاف مقترح وملاحظة تم تنظيمها في (22) اضبارة واعدت غرفة خاصة بها وباشر اعضاء اللجنة بدراسة ما ورد اليها من مقترحات وملاحظات وانتقاء ما يعتقد بصحته وصلاحه للدستور لعرضه ومناقشته في الاجتماعات العامة للجنة.

كما ونوقشت ما إحتوى مشروع الدستور من مباديء وأحكام وخاصة ما يتعلق بالمباديء الأساسية وحقوق الإنسان وآلية دفاع المواطنين عنها مع الخبراء وأساتذة الجامعات الأجنبية والوطنية والمنظمات المعنية بحقوق

الإنسان والديمقراطية، ولقد قيموا المشروع تقييما عاليا وكان محل إستحسانهم وأعرب العديد منهم عن إستعدادهم لإتخاذه مادة للبحث والدرس إن تم تبنيه بصيغته النهائية....

وإن اللجنة وفي كافة مراحل عملها كانت قد إتخذت أكثر من اربعين دستوراً مصادر لعملها بعد ترجمتها من قبل اللجنة القانونية مشكورة ومنها على سبيل المثال لا الحصر دستور جنوب أفريقيا والولايات المتحدة الأميريكية والمانيا الإتحادية والهند وماليزيا وبوسنة وايطاليا وسيسيليا (صقليا) وسويسرا وبلجيكا وكندا والمكسيك وكاليفورنيا، وكذلك دستور دولة الامارات العربية المتحدة ودستور ليبيا الاتحادى للفترة من 1963/1952 وقانون ادارة الدولة العراقية ودستور الاتحادى للعراق اضافة الى دساتير الدول العربية وغيرها من المصادر الدستورية الاخرى، وان مشروع الدستور بصيغته النهائية يتكون من (122) مادة تشكل مواضيعها ثمانية ابواب.

الباب الاول/ المبادئ الاساسية

والباب الثاني/ الحقوق الاساسية

ويتكون ثلاثة فصول/ الفصل الاول للحقوق المدنية والسياسية.

والفصل الثاني/ للحقوق الاجتماعية والاقتصادية.

والفصل الثالث/ للحقوق القومية والدينية للمكونات المختلفة في اقليم كوردستان.

والفصل الرابع/ للحقوق الواردة في الاتفاقيات والمواثيق الدولية والقانون الدولي ونطاق تقييد الحقوق.

اما الباب الثالث/ فيخص سلطات اقليم كوردستان وجاء بثلاثة فصول مخصصة للسلطات التشريعية والتنفيذية والقضائية،

والباب الرابع/ مخصص للادعاء العام ومجلس الشورى.

والباب الخامس/ للادارات المحلية والمجالس البلدية.

والباب السادس/ مخصص للهيئات والمفوضيات المستقلة.

والباب السابع/ للاحكام المالية.

والباب الثامن/ لاحكام نفاذ الدستور وتفسيره وتعديله.

بهذه المناسبة فان لجنتنا تتقدم بجزيل الشكر لرئاسة برلمان كوردستان والسادة اعضاء البرلمان للثقة التى اولونا اياها باعتمادنا لجنة لانجاز مهمة اعادة النظر فى مشروع دستور 2002 كما نتقدم بجزيل الشكر والامتنان لكل من ساهم فى انجاز هذه المهمة سواء بتقديم المقترحات او الملاحظات لاغناء المشروع او توجيهه الانتقادات او الاشارة الى الاخطاء فلقد ادت مساهمتهم جميعا لتصويب عمل اللجنة، فجميعها كانت تصب في مجرى اغناء التجربة الديمقراطية.

آملين ان يعرض المشروع على برلمان كوردستان لتصديقه عملاً بالقانون رقم 16 لسنة 2008 المعدل وياخذ طريقه الى الاستفتاء العام المنتظر في يوم السبت المصادف 2009/7/25 .

ومن الله التوفيق

**لجنة اعادة النظر بمشروع دستور اقليم كوردستان_العراق**

**1- فرست احمد عبدالله — رئيس اللجنة**

**2- طارق جامباز – عضو البرلمان وعضو اللجنة القانونية — نائباً للرئيس**

**3- شيروان الحيدري – عضو البرلمان ورئيس اللجنة القانونية — نائباً للرئيس**

**4- الحاكم عبدالكريم ابوبكر – عضو البرلمان ومقرر اللجنة القانونية — مقرر اللجنة**

**5- الحاكم عوني البزاز – عضو البرلمان ونائب رئيس اللجنة القانونية — مقرر اللجنة**

**6- خليل ابراهيم محمد– عضو البرلمان وعضو اللجنة القانونية — عضواً**

**7- دلير محمد شريف– عضو البرلمان وعضو اللجنة القانونية — عضواً**

**8- قادر سعيد خضر– عضو البرلمان وعضو اللجنة القانونية — عضواً**

**9- كريم بحري عبدالله– عضو البرلمان وعضو اللجنة القانونية — عضواً**

**10- محمد صالح اسماعيل– عضو البرلمان وعضو اللجنة القانونية — عضواً**

**11- بخشان عبدالله حسن– عضو البرلمان — عضواً**

**12- كرخي نجم الدين نورالدين– عضو البرلمان — عضواً**

**13- روميو حزيران نيسان– عضو البرلمان — عضواً**

**14- خضر سليمان خليل– عضو البرلمان — عضواً**

**15- د.محمد عمر مولود – عضو محكمة التمييز — عضواً**

**16- د.شيرزاد احمد النجار – استاذ جامعي — عضواً**

**17- شؤرش حسن عمر/ استاذ جامعي — عضواً**

**18- الحاكم /امير عبدالكريم حويزى — وافاه الاجل رحمه الله-عضوا**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**زۆر سوپاس، با كاك كەریم بە كوردی بخوێنێتەوە، فەرموو.**

**بەڕێز كريم بحرى عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

**بۆ / سەرۆكایەتی پەرلەمانی كوردستان ـ عێراق**

**سلاو و ڕێز.....**

**شادمانین كە سەرۆكایەتی پەرلەمانی كوردستان – عێراق ئاگادار بكەینەوە، كەوا لیژنەكەمان لیژنەی پێداچوونەوەی پرۆژەی دەستووری هەرێمی كوردستان – عێراق كارەكانی خۆی لە داڕشتنەوەی كۆتایی پرۆژەی دەستووری ئەنجامدا كە (120) دانەی بە زمانی كوردی و عەرەبیتان پێشكەش دەكەین، هیوادارین**

لە چەند ڕۆژی داهاتووشدا وەربگێردرێتە سەرهەردوو زمانی تورکمانی و سریانی، هەر بەم بۆنەیەوە دەمانەوێ روونی بکەینەوە کە پرۆژەی ناوبراو بە سێ قۆناغ نووسراوەو تەواو کراوە:

قۆناغی یەکەم: قۆناغی نووسینی پرۆژەی دەستوور، کە دەستپێکی لە ساڵی 2002وە بووە بە پەسند کردنی لە لایەن پەرلەمانی کوردستانەوە، وەك پرۆژەیەك بە بڕیاری ژمارە (26)ی ڕۆژی 7/تشرینی دووەم/ 2002کۆتایی پێهات، وێڕای ڕەزامەند بوونی (36) حزبی کوردستانی لە شاری کۆیە لە هەمان ساڵدا، ئەویش بە مەرجێ کە پێداچوونەوەی بۆ بکرێت، لەبەر ڕۆشنایی ئەو پەرەسەندنانەی کەوا چاوەڕوان کراوبوون لە عێراقدا روو بدات.

قۆناغی دووەم: دووەم قۆناغ بە بڕیاری پەرلەمانی کوردستان ژمارە (5)ی ڕۆژی 8/ئەیلول/2005 دەستی پێکرد، کاتێك بڕیاردرا لیژنەکەمان پێك بهێنرێ بۆ پێداچوونەوەی پرۆژەکە، لەبەر ڕۆشنایی ئەو پەرەسەندنانەی کە لە ئەنجامی رووخانی ڕژێمی دکتاتۆری لە 9/نیسان/2003 لە عێراق روویان داو ئەوەبوو سیستەمی فیدرالیەت جێگیرکرا بە پەسندکردنی دەستووری فیدراڵی لە ڕیفراندۆمێکی گشتی لە 15/تشرین یەکەم/ 2005دا ئەنجام درا، بۆیە کارەکانی لیژنە لە قۆناغی دووەمیدا کە لە 14/ئەیلوول/2005 تاوەکو 22/ئاب/ 2006 دەستی پێکردو بەخسنتەڕووی پرۆژەیەکی تەواوکراو بۆ پەرلەمان لە ڕۆژی 24/ئەیلول/2006 بەم جۆرە قۆناغی دووەمیش کۆتایی پێهات.

قۆناغی سێیەم: ئەم قۆناغەش بە چاپکردن و دابەش کردنی زیاتر لە هەشت هەزار دانە لە پرۆژەی دەستوور، کە لە ڕۆژی 24/ئەیلول/2006 دا لەسەر ئاستێکی بەر فراوان لە هۆیەکانی ڕاگەیاندن بە هەر سێ کەناڵەکانی خوێندراو بیستراو و بینراو بلاۆکرایەوە، لە پاڵ دانانی ماڵپەرێکی تایبەت بە دەستوور لەسەر ئینتەرنێتدا، هەروەها سەدان نامەی نووسراوی ڕاستەوخۆی لە 2006/9/27 بە هاوپێچی دانەی پرۆژەکە لەلایەن لیژنەوە ئاراستەی حیزب و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی و دادوەران و مامۆستایانی زانکۆو پارێزەر و ڕۆشنبیران کراوە، داوایان لێکرا بە پێشنیازو تێبینیان بەشداریی لەسەر پرۆژەی دەستوور بکەن و، هەروەها ئەندامانی لیژنە بەشداریان لەو کۆڕو سیمینارانەدا کرد کە لە ناوچە جیاجیاکاندا بەستران و ئەندامانی لیژنەش لە پەرلەمانی کوردستاندا پێشوازییان لە دەیان شاند کردووە.

بە مەبەستی بەدواداچوون لەو پێشنیارانەی بۆ لیژنەکە دەهاتن و ئەوەش کە تێبینیەکان دەربارەی پرۆژەکەوە دەیوروژاند، بۆیە ئەندامانی لە چەند لیژنەیەکی لاوەکی ڕێکخران بۆ بەدواداچوونی پێشنیازی حیزب و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی و ئەوەی لە ڕۆژنامەو گۆڤارو کۆڕەکانی تەلەفزیۆنی بلاۆ دەکرانەوە، یان ئەوەی لەسەر ئەنتەرنێت پەخش دەکران وێڕای ئەو نامە ئەلیکترۆنیانەی کە بۆیان دەهات. جێگەی ئاماژەیە ئەوەی بۆ لیژنەکەمان هاتووە لە پێشنیازو تێبینیەکان پتر لە پێنج هەزار پێشنیازو تێبینی گرتبووە خۆکە لە ناو (22) دۆسیێدا ڕێکخرابوو لە ژوورێکی تایبەتی کە بۆی ئامادە کرابوو.

دوای ئەوە ئەندامانی لیژنە دەستیان بە تاوتوێکردنی ئەو پێشنیازو تێبینیانە کرد کە بۆیان دەهات، ئینجا ئەوەی پێیان وابووکە راست ورەوایە بۆ دەستوور دەست دەدات بڕاریان دەکرد بۆ ئەوەی لە کۆبوونەوە گشتیەکانی لیژنەدا بخرێتە ڕوو بۆ گفتوگۆکردن.

هەروەها لەسەر پرەنسیپ و حوکمەکانی پرۆژەی دەستورەکە بە تایبەت ئەوەی کە پەیوەستن بە پرنسیپە بنەڕەتیەکان و مافەکانی مرۆڤ و میکانزمی داکۆکیکردن لە هاوولاَتیان کردووە، لیژنە گفتوگۆی لەگەڵ شارەزاو مامۆستایانی زانکۆی بیانی و نیشتمانی و رێکخراوەکانی پەیوەندیدار بە مافەکانی مرۆڤ و دیموکراسیەوەیە کردووە، ئەوانیش پرۆژەکەیان بەرز هەڵسەنگاند کە جێگەی ڕەزامەندشییان بوو، بەجۆرێك و زۆر لەوانە ئامادەگیی خۆیان دەربڕیوە هەرکاتێك کە دەستوورەکە شێوەی کۆتایی خۆی وەربگرێ بیکەنە بابەتی لێتوێژینەوەو خوێندن.

هەروەها لیژنەکەمان لە هەموو قۆناغەکانی کارەکەیدا پتر لە چل دەستووری کردۆتە سەرچاوەی کارەکەی بە سوپاسەوە دوای وەرگێڕانی دەستورەکان لەلایەن لیژنەی یاساییەوە، لەوانە بۆ نموونە دەستوورەکانی خوارووی ئەفەریقا و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و ئەڵمانیای فیدراڵی و هیندو مالیزیاو بۆسنەو ئیتیالیاو سیسیلیا (سقلیا)و سویسراو بەلجیکاو کەنداو مەکسیك و کالیفۆرنیا، هەروەها دەستووری دەوڵەتی میرنشینەکانی عەرەبی و دەستووری لیبیای فیدڕاڵی بۆ ماوەی 1963/1952 و یاسای بەرێوە بردنی دەوڵەتی عیراق و دەستووری فیدراڵی عێراق سەرباری دەستووری ولاَتە عەرەبیەکان و سەرچاوەی دیکەی دەستووری، هەروەها پرۆژەی دەستور بە شێوە کۆتاییەکەی لە (122) مادده پێك دێ و بابەتەکانیشی هەشت دەروازە لەخۆ دەگرێ بەم شێوەی خوارەوە:

دەروازەی یەکەم/ پرەنسیپە بنەڕەتیەکان

دەروازەی دووەم/ مافە بنەڕەتیەکان کە لەسێ بەش پێکهاتووە

بەشی یەکەم/ مافە شارستانی و سیاسیەکان

بەشی دووەم/ مافە کۆمەلاَیەتی و ئابووریەکان

بەشی سێیەم/ مافە نەتەوەیی و ئاینیەکانی پێکهاتە جیاجیاکان لە هەرێمی کوردستاندا.

بەشی چوارەم/ ئەو مافانەی کە لە رێکەوتنامە و پەیماننامە نێودەوڵەتیەکان و یاسای نێودەوڵەتی و بازنەی کۆتکردنی مافەکاندا هاتوون.

هەرچەند دەروازەی سێیەم/ تایبەتە بە دەسەلاَتەکانی هەرێمی کوردستان کە بەسێ بەش هاتووە بۆ دەسەلاَتەکانی یاساکاری و راپەڕاندن و دادوەری تەرخانکراوە.

دەروازەی چوارەم/ بۆ داواکاری گشتی و ئەنجومەنی شورا تەرخانکراوە.

دەروازەی پێنجەم/ بۆ کارگێڕیەکانی خۆجێی و ئەنجومەنەکانی شارەوانیە.

دەروازەی شەشەم/ بۆ دەستەو کۆمسیۆنەکانی سەربەخۆ تەرخانکراوە.

دەوازەی حەوتەم/ بۆ حوکمە داراییەکانە.

دەوازەی هەشتەم/ بۆ حوكمەكانی راڤەو راپەڕاندنی دەستورو هەمواركردنیەتی.

هەر بەم بۆنەیەوە لیژنەكەمان سوپاسی بێ پایانی پێشكەش بە سەرۆكایەتی پەرلەمانی كوردستان و بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان دەكات بۆ ئەو متمانەیەی بە ئێمەیاندا وەك لیژنەیەكی جێ بەجێكار كە ئەركی پێداچوونەوە بۆ تەواوكردنی پرۆژەی دەستووری 2002 مان پێ سپێردرا. هەروەها سوپاس و پێزانینیان پێشكەش بە هەریەكێ دەكەین كە بەشداربووە لەو ئەركەدا، جا بە پێشكەش كردنی پێشنیازو تێبینی بووبێ ، یاخود بە ئاراستە كردنی رەخنەو ئاماژە كردن بێ بۆ هەڵەكان، لەبەر ئەوەی بەشداری كردنی هەر هەموویان بووە مایەی راستكردنەوەی كاری لیژنەكە هەر هەمووشیان دەرژێنە رێڕەوی دەوڵەمەند كردنی ئەزموونی دیموكراسیەت.

بۆیە هیوادارین پرۆژەكە بخرێتە بەردەم پەرلەمانی كوردستان بۆ بڕیار لەسەردانی بەپێی یاسای ژمارە (16)ی ساڵی 2008ی هەموار كراو بۆ ئەوەی رێگەی خۆی وەرگرێ بۆ ریفراندۆمی گشتی چاوەڕوان كراو لە رۆژی شەممەی رێكەوتی 2009/7/25.

سەركەوتن لە خواوەیە

لیژنەی پێداچوونەوەی پرۆژەی دەستووری هەرێمی كوردستان_عێراق بریتین لەو بەرێزانە

1- فرست احمد عبدالله/سكرتێری پەرلەمان سەرۆكی لیژنە

2-تاریق جامباز –ئەندامی پەرلەمان و ئەندامی لیژنەی یاسایی جێگری سەرۆك

3-شێروان حەیدەری –ئەندامی پەرلەمان و سەرۆكی لیژنەی یاسایی جێگری سەرۆك

4-دادوەر عەبدولكەریم ئەبوبەكر-ئەندامی پەرلەمان و بڕیاردەری لیژنەی یاسایی بڕیاردەری لیژنە

5-دادوەر عەونی بەزاز-ئەندامی پەرلەمان و جێگری سەرۆكی لیژنەی یاسایی بڕیاردەری لیژنە

6-خەلیل ابراهیم محەمەد- ئەندامی پەلەمان و ئەندامی لیژنەی یاسایی ئەندام

7-دلێر محەمەد شەریف- ئەندامی پەرلەمان و ئەندامی لیژنەی یاسایی ئەندام

8-قادر سەعید خدر- ئەندامی پەرلەمان و ئەندامی لیژنەی یاسایی ئەندام

9-كەریم بەحری عەبدوڵلا-ئەندامی پەرلەمان و ئەندامی لیژنەی یاسایی ئەندام

10-محەمەد صالح ئیسماعیل –ئەندامی پەرلەمان و ئەندامی لیژنەی یاسایی ئەندام

11-پەخشان عەبدوڵلا حەسەن-ئەندامی پەرلەمان ئەندام

12-كەرخی نەجمەدین نورەدین-ئەندامی پەرلەمان ئەندام

13-رۆمیۆ حزیران نیسان- ئەندامی پەرلەمان ئەندام

14-خدر سلیمان خەلیل- ئەندامی پەرلەمان ئەندام

15-د.محەمەد عومەر مەولوود-ئەندامی دادگای پیداچوونەوە ئەندام

16-د.شێرزاد ئەحمەد نەجار-مامۆستای زانكۆ ئەندام

17- شۆرش حسن عمر ماموستای زانكۆ ئەندام

18- خوالێخۆش بوو دادوەر/ ئەمیر عبدالکریم حەوێزی ئەندام

زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس کاک کەریم، من داوا دەکەم کە ئەو نامەیە بدرێتە هەموو ئەندامان و بلاّو بکرێتەوە لە راگەیاندن و بخرێتە سایتی پەرلەمان، پێش ئەوەی بچینە سەری مولاحەزەیەك دەدەم لەسەر زمانی کوردی، لە زمانی کوردی هەندێك دەستەواژە هەیە رەنگە ئیختیلاف لەسەر هەبێت، هەندێك هەڵە کرا بوو لەسەر چاپ، واو زیادو ئەوانە چاك کراون، بەلاّم بە چاککراوی پێش ئەوەی چاپی بکەین لیژنەیەکمان داناوە لە سێ کەس کە شارەزا بن لە زمانی کوردی پێدا بچینەوە لەو چەند رۆژەی ئەوە تەواو دەکەن، لەبەر ئەوە داوای لێبووردن دەکەین بۆ هەر هەڵەیەك لە کوردیەکەدا هاتبێتن، بەلاّم وەکو ئێستا کە هەیە دەخوێندرێتەوە، فەرموو بۆ خوێندنەوەی پێشەکیەکەی دەستوور بە کوردی، دوایێ بە عەرەبی.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای بەخشندە و دڵۆڤان

پێشەکی

ئێمەی گەلی کوردستان _ عێراق، لە هەستکردنمان بەوەی کە نەوەکانمان چەشتوویانە لە دژواریی سیاسەتەکانی حکومەتە یەك لەدوای یەکەکان لە ئەنجامدانی زوڵم و زۆرو ستەمی چەوسانەوەو بێ بەش کردنمان لەو مافەی خوا بە ئادەمیزادی بەخشیوە لە ئازادی و یەکسانی و دادپەروەریداو چەندین تاوانی دژە مرۆڤایەتی و هەڵمەتی جینۆسایدو پاکتاوی نەتەوەییان لە دژمان ئەنجامدا, کە مێژوو بە دەگمەن وێنەیانی بینیوە, وخۆیان بینیەوە لە خاپوورکردنی سەرلەبەری پتر لە چوارهەزارو پێنج سەد گوند وگۆڕانکاری لە دیمۆگرافیای بەشێکی فراوان لە کوردستان_عێراق لە ڕێگەی بەزۆر کۆچ پێکردنی دانیشتوانی, یان ناچارکردنیان بۆ ئەوەی نەتەوەی خۆیان بگۆڕن و بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی و چەکە قەدەغە کراوەکانی تری نێونەتەوەیی لە دژ بە دانیشتوانی سڤیلی شاری هەڵەبجەی شەهیدو بالیسان وگەرمیان وبادینان وچەندین ناوچەی فراوانی ترو بە هەزاران لاوی کوردی فەیلی لە نێو کێڵگەکانی تاقیکردنەوەی کیمیاوی وگۆڕی بەکۆمەڵ بەرەو مەرگ ڕاپێچ کران, ئەوەی مانەوەش خیزانەکانیان ناچارکران بۆ دەرەوەی عێراق کۆچبکەن و ولاّتنامەی عێراقیان لێ سەندنەوەو بەدوایەوە چەندین هەڵمەتی بە کۆمەڵ -قڕکردنیان ئەنجامدا کە پتر لە هەشت هەزار بارزانی گرتەوەو پڕۆسەکانی لە ناوبردنی بەدواداهێنا, کە بە ئەنفال ناونران و پتر لە سەدو هەشتاو دوو هەزار مرۆڤی لێکردە قوربانی.

لە ڕێزگرتنمانەوە بۆ سەرکردەو هێماکانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردستان و خەباتگێڕو پێشمەرگە تێکۆشەرە شەهیدە مێرخاسەکانی و ئەو قوربانیانەی داویانە لە پێناو ئازادیمان و پاراستنی کەرامەتمان و نیشتمانمان داویانەو دانانمان بە مافی دەست نیشانکردنی چارەنووسمان بە ویست و ئازادی خۆمان لە

دڵسۆزیمانەوە بۆ ئەو پەیام و ئامانج و بەهایانەی کە گیانی خۆیان لە پێناودا بەختکرد، بۆ هێنانەکایەوەی کۆمەڵگایەکی شارستانی لە کوردستان، کە شانازی بە پێکهاتەی0 نەتەوەیی و ئایینەوە بکات و گیانی برایەتی و لێبووردەیی باڵ بەسەر هەمووان دابکێشێ و هێزو توانای ڕۆڵەکانی کوردستان بخاتە گڕ، لە پێناو بنیاتنانی کوردستانێك کە نیشتمانێکی یەکگرتوو بێت بۆ هەمووان و لەسەر بنەمای بەها دیموکراتیەکان دامەزرابێ و کاربکات لە ژێر ڕۆشنایی بنەماکانی مافی مرۆڤ و یاساو دادوەری تێدا بەرقەرار بێ بۆ گەیشتن بە فەرمانڕەواییەکی ژیر، کە لە ویستی ئازادانەمانەوە هەڵقوڵابێ و ئارەزووەکانمان خەیاڵ نییە لەگەڵ ویستی پێکهاتە نەتەوەییەکانی تری عێراق و هێزە نیشتمانیەکانیدا بەیەك گەیشتن بۆ ئەوەی کوردستان_عێراق هەرێمێکی فیدراڵی بێ لەناو دەوڵەتی عێراقی فیدراڵدا. بۆ بەرجەستەکردنی ئەم ویستە و بەدیهێنانی ئەم ئامانجە، ئەم دەستوورەمان دانا.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز کاك فرسەت بۆ خوێندنەوەی پێشەکییەکە بە عەرەبی.

**بەڕێز فرست احمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بسم الله الرحمن الرحيم

المقدمـــــــــة

نحن شعب كوردستان ـ العراق

إدراكاً منـا بما عانتـه أجيالنـا مـن قسوة سياسات الحكومات المتعاقبة الموغلة في ممارسة القمع والظلم والاضطهاد وحرماننا مما منحه الله لبني البشر من حق في الحرية، والمساواة، والعدل فارتكبت بحقنا جرائم ضد الانسانية وحملات إبادة جماعية وتطهير عرقي فلما شهد التاريخ لها من مثيل وتمثلت في إزالة ما يربو على أربعة آلاف وخمسمائة قرية عن بكرة أبيها وتغيير ديموغرافية أجزاء واسعة من كوردستان ـ العراق بتهجير سكانها قسراً أو اجبارهم على تغيير قوميتهم واستخدام الاسلحة الكيماوية وغيرها من الاسلحة المحرمة دولياً ضد السكان المدنيين في مدينة حلبجة الشهيدة وباليسان وگرميان وبهدينان ومناطق واسعة أخرى وساقت الآلاف من الشبان الكورد الفيليين الى حتفهم في حقول تجارب كيماوية ومقابر جماعية بعد أن هجّرت من تبقّى من عوائلهم الى خارج العراق وأسقطت عنهم الجنسية العراقية وأتبعتها بحملات إبادة جماعية شملت ما يزيد على ثمانية آلاف من البارزانيين وعمليات إبادة سميت بالأنفال التي راح ضحيتها أكثر من (182) مائة واثنين وثمانين ألف إنسان.

وتقديراً منا لقادة ورموز الحركة التحررية لكوردستان ومناضليها والپيشمرگه وشهدائها الأبرار وتضحياتهم من اجل حريتنا وصون كرامتنا وحماية وطننا والإقرار بحقنا في تقرير مصيرنا بملئ إرادتنا الحرة، ووفاءً منا للرسالة والأهداف والقيم التي ضحوا من اجلها، ولإقامة مجتمع كوردستاني متمدن يزهو بمكوناته القومية والدينية تسوده روح الإخاء والتسامح منفتحاً على الجميع، محرراً لطاقات

أبنائه لبناء كوردستان وطناً موحداً للجميع، مؤسساً على القيم الديمقراطية، مستنيراً بمبادئ حقوق الانسان، يسوده القانون والعدل وللوصول إلى إرساء حكم رشيد منبثق من إرادتنا الحرة، مجسدٍ لآمالنا، وفيٍّ لتضحياتنا، فلقد توحدت خياراتنا والتقت إرادتنا مع إرادة بقية مكونات شعب العراق وقواه الوطنية لتكون كوردستان ـ العراق إقليماً اتحادياً ضمن دولة العراق الفيدرالية وتجسيداً لهذه الإرادة وتحقيقاً لهذه الاهداف، فلقد تبنّينا هذا الدستور.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، مامۆستا كاكە فەرموو لە ماددەی یەكەوە تا ماددەی حەڤدە بە كوردی، فەرموو.

**بەڕێز عبدالكریم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

## دەروازەی یەكەم

## بنەما سەرەكیەكان

ماددەی (1)

كوردستان _ عێراق هەرێمێكە لە نێو دەوڵەتی عێراقی فیدراڵیدا, سیستەمە سیاسیەكەی پەرلەمانی, كۆماری و دیموكراتیەو پشت بە فرە لایەنیی سیاسی و بنەمای لێك جیاكردنەوەی دەسەڵاتەكان و دەستاودەستكردنی ئاشتیخوازانەی دەسەڵات لە ڕێگای هەڵبژاردنی گشتیی ڕاستەوخۆی نهێنی و دەوریەوە دەبەستێ.

ماددەی (2)

یەكەم: كوردستانی عیراق قەوارەیەكی جوگرافیی مێژووییە, پێكدێت لە پارێزگای دهۆك بە سنووری كارگێڕی ئێستایەوەی و لە پارێزگاكانی كەركووك و سلێمانی و هەولێرو قەزاكانی ئاكرێ و شێخان و سنجارو و تلكێف وقەرەقوش وناحیەكانی زمارو بەعشیقە وئاسكی كەلەك لە پارێزگای نەینەواو هەردوو قەزای خانەقین ومەندەلی لە پارێزگای دیالە. ئەمانەش بە سنووری كارگێریی پێش ساڵی 1968 یانەوە.

دووەم: سنوورە سیاسیەكانی هەرێمی كوردستان-عیراق, بە پشت بەستن بە جێبەجێكردنی ماددەی (140)ی دەستووری فیدڕاڵیەوە, دیاردەكرێن.

سێیەم: نابێ هەرێمێكی نوێ لە نێو سنووری هەرێمی كوردستان دابمەزرێندرێ.

ماددەی (3)

یەكەم: گەل سەرچاوەی دەسەڵاتەو بناغەی رەوایەتی, كە لە ڕێگای دامو دەزگا دەستووریەكانیەوە پیادەی دەكات و دەستوورو یاساكانی هەرێمی كوردستان سەروەریو باڵادەستیان بەسەر هەموو ئەو یاسایانەدا هەیە كە لەلایەن حكومەتی عیراقەوە دەردەچن وبەدەرن لە دەسەڵاتە تایبەتیەكانی (حصری) دام و دەزگا فیدراڵیەكان كە لە ماددەی (110) ی دەستووری كۆماری عێراقی فیدراڵیدا هاتوون.

**دووەم: یاسای فیدرالی لەسەروەری و بالاّ دەستیی دەستووری هەرێمی کوردستان و یاساکانی و ئەو دەسەلاّتانەی کەم ناکاتەوە کە لە ماددەی (115) و برگەی دووەمی مادەی (121) ی دەستووری فیدرالّیدا هاتوون, ئەگەر کاروبارێکی لە خۆ گرت کە دەکەوتنە چوارچێوەی ئەو دەسەلاّتە تایبەتیانەی لە ماددەی (110) ی دەستووری فیدرالّیدا بە دام و دەزگا فیدراڵیەکان دراوون و کاروبارێکی دیکەشی لە خۆگرت کە بەدەربوون لەو چوارچێوەیە.**

**ماددەی (4)**

**پەرلەمانی کوردستان بۆی هەیە هەر یاسایەکی فیدراڵی لە هەرێمدا بخاتە کار کە بەدەربێ لە دەسەلاّتەکانی (حصری) تایبەتی دامودەسگاکانی فیدرالی کە لە ماددەی (110) ی دەستووری کۆماری عێراقی فیدرالّیدا هاتوون.**

**ماددەی (5)**

**گەلی هەرێمی کوردستان پێك هاتووە لە کورد, تورکمان, عەرەب, کلدان وسریان وئاشووری, ئەرمەن و هاوولاّتیانی دیکەی هەێمی کوردستان.**

**ماددەی (6)**

**ئەم دەستوورە دان بە ناسنامەی ئیسلامی زۆرینەی گەلی هەرێمی کوردستان دەنێ و رێزی لێ دەگرێ, و دان بە تەواوی مافە ئایینیەکانی مەسیحی و ئێزدیەکان و ئەوانی دیکە دادەنێ و سەربەستیی بیروباوەرو بەرێوەبردنی رێو رەسم و داب و نەریتی ئایینی لە هەرێمدا بۆ هەموو کەسێك دابین دەکات و بنەماکانی شەریعەتی ئیسلام سەرچاوە یەکی سەرەکیی یاسادانانن ونابێ:**

**یەکەم: یاسایەك دابندرێت ناکۆك بێت لەگەڵ حوکمە نەگۆڕەکانی ئیسلام.**

**دووەم: یاسایەك دابندرێت ناکۆك بێت لەگەڵ بنەماکانی دیموکراسی.**

**سێیەم: یاسایەك دابندرێت ناکۆك بێت لەگەڵ ئەو ماف وئازادیە بنەڕەتیانەی لەم دەستوورەدا هاتوون.**

**ماددەی (7)**

**گەلی کوردستان_عیراق مافی دیارکردنی چارەنووسی خۆی هەیە و بەویستی ئازادانەی خۆی ئەوەی هەڵبژاردووە کە کوردستان هەرێمێکی فیدرالّی بێ لە چوارچێوەی عێراقدا مادام عێراق پابەند بێ بە سیستەمی فیدرالّی, دیموکراتی, پەرلەمانی, فرەلایەنی و مافەکانی تاکو کۆی مرۆڤەوە، بەو جۆرەی کە لە دەقی دەستووری فیدرالّیدا هاتووە.**

**ماددەی (8)**

**یەکەم: ئەو پەیماننامەو رێککەوتننامە نێو دەوڵەتیانەی کە حکومەتی فیدراڵ لەگەڵ هەر دەوڵەتێك یان لایەنێکی بیانیدا**

**مۆريان دەكاو پێوەنديان بە پێگە, يان بە مافەكانى هەرێمى كوردستانەوە هەيە، كاريان پێدەكرێت لە هەرێمدا ئەگەر پەرلەمانى كوردستان-عيراق بە زۆرينەى ڕەهاى ژمارەى ئەندامانى رەزامەنديان لەسەر بدات.**

**دووەم: هەتا پەرلەمانى كوردستان-عيراق بە زۆرينەى ڕەهاى ژمارەى ئەندامانى رەزامەندى نەدات, كار بەو بەياننامەو رێكەتننامانە ناكرێت بەرامبەر بە هەرێمى كوردستان كە حكومەتى فيدرالْ لەگەلْ دەولْەتێكى بيانى مۆريان دەكات ئەگەر هەندێ پرس لە خۆ بگرن كە لەدەرەوەى ئەو دەسەلاْتە (حصريە) تايبەتيانە بن كە بە پێى ماددەى (110) ى دەستوورى فيدرالى, بۆ حكومەتى فيدرالْ دياركراوون.**

**سێيەم: هەرێمى كوردستان مافى ئەوەى هەيە رێكەوتننامە لەگەلْ دەولْەتە بيانيەكان, يان هەرێمەكانى نێويانەوە مۆربكات**

**سەبارەت بەو پرسانەى ناكەونە نێو ئەو دەسەلاْتە (حصريە) تايبەتيانەى كە بە پێى ماددەى (110) لە دەستوورى فيدرالْيدا, بۆ حكومەتى فيدرالْى دياركراوون.**

**چوارەم: ئەو رێككەتنامەى لە نێوان هەرێمى كوردستان و دەولْەتانى بيانى, يان هەرێمەكانى نێويانەوە مۆر دەكرێن دەخرێنە بەر چاوى حكوومەتى فيدرالْ بۆ پەسندكردن و ئەگەر حكوومەتى فيدرالْ لەبەر چەند هۆيەكى دەستوورى وياسايى رەزامەندى لەسەر نەدان جێبەجێ ناكرێن.**

**ماددەى (9)**

**هەرێم مافێكى بنچينەيى و دەستوورى بەرامبەر بە دام و دەزگا فيدرالْيەكاندا هەيە لە:**

**يەكەم: بەشێكى دادپەروەرانە لە داهاتە فيدرالْيەكاندا, بە بەخشش و يارمەتى و قەرزە نێو دەولْەتيەكانەوە لەسەر بنەماى هاوشانيى رێژەى دانيشتووان و لەبەرچاوگرتنى ئەو بارەى تووشى كوردستان_عيراق بووە لە سياسەتى كۆكوژى و سووتاندن و وێرانكردن و بێبە شكردنى گەلەكەى لە مافى شياوى خۆى بە درێژايى فەرمانرەوايى رژێمەكانى پێشوو، ئەمەش بە پێى هەردوو ماددەى (106و112) ى دەستوورى فيدرالْ.**

**دووەم: بەشداريكردنێكى دادپەروەرانە لە بەرێوەبردنى دامو دەزگا جۆراوجۆرەكانى دەولْەتى فيدرالْ و نێردە و كورسيەكانى خوێندن (الزمالات الدراسيە) و شاندەكان و كۆنفرانسە هەرێمى و نێودەولْەتيەكاندا بە شێوەيەكى گونجاوو هاوشان. هەروەها سپاردنى پلەكانى فەرمانبەريى دامو دەزگا فيدرالْيەكان لە هەرێمى كوردستاندا بە هاوولاْتيانى خۆى بە پێى ماددەى (105) لە دەستوورى فيدرالْيدا.**

**ماددەى (10)**

**شارى هەولێر پايتەختى هەرێمى كوردستانەو پەرلەمانى هەرێميش بۆى هەيە شارێكى ديكەى كوردستان بكاتە پايتەخت بە زۆرينەى دوو سێيەكى ژمارەى ئەندامانى.**

**ماددەى (11)**

یەکەم: هەرێمی کوردستان-عێراق ئالأیەکی تایبەتی هەیە کە لە تەك ئالأی فیدراڵیدا هەڵدەدرێ، هەروەها دروشم و سروودی نیشتمانی و جەژنی نەتەوایەتیی خۆی ( نەورۆز) یشی هەیەو ئەمەش بە یاسا رێك دەخرێ.

دووەم: ئالأکە پێك دێت لە ڕەنگی سوور, ئینجا سپی ئینجا سەوزو خۆرێکیش بە رەنگی زەرد دەکەوێتە ناوەڕاستیەوە کە بیست و یەك تیشکی لێوە دەردەچن و بەیاسایەك ئەندازەکانی دیاردەکرێن و مانای پێکهاتەکانی روونەدەکرێتەوە.

سێیەم: پشووە فەرمیەکان و نیشانەو میداڵیاکان بە یاسایەك رێکدەخرێن.

ماددەی (12)

هەرێمی کوردستان, بە پێی برگەی (پێنجەم) لە ماددەی (121) ی دەستووری فیدرالی, هێزێکی (پێشمەرگە)ی بەرگریکاری هەیە بۆ پارێزگاریکردن لە هەرێم, کە پێکهاتەو ئەرکەکانی بە یاسایەك رێکدەخرێن و نابێ مێلیشیای چەکدار لە دەرەوەی چوارچێوەی یاسا پێکبهێنرێن.

ماددەی (13)

ڕێگە نادرێ بە دانانی هیچ رەسم یان باجێك یان هەموارکردنی یان لێخۆشبوونی لە هەرێمی کوردستاندا بەبێ رەزامەندیی پەرلەمانی کوردستان و پەسەند کردنی بە یاسایەك.

ماددەی (14)

یەکەم: کوردی و عەرەبی دوو زمانی فەرمیی هەرێمی کوردستانن و ئەم دەستوورە مافی هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان دەستەبەر دەکات لە فێرکردنی منداڵەکانیان لە دام و دەزگا فێرکاریەکانی حکومەتدا بە پێی مەرج و رێککاریەکانی پەروەردەیی بە زمانی زگماکی خۆیان. ئەمەش زمانەکانی تورکمانی و سریانی و ئەرمەنیش دەگرێتەوە.

دووەم: زمانی تورکمانی و سریانی دوو زمانی رەسمین لە تەك زمانی کوردی و عەرەبیەوە, لەو یەکە کارگێرییانەدا کە ئەوانەی بەو زمانانە دەدوێن, زۆرینەی دانیشتووان پێك دێنن. ئەمەش بە یاسایەك رێکدەخرێ.

سێیەم: لە هەرێمی کوردستان کار بە حوکمەکانی ماددەی (4) ی دەستووری فیدراڵی دەکرێت لە بارەی زمانی فەرمیەوە لە هەر جێیەك بواری یاسایی هەبێت بۆ جێبەجێکردنی.

ماددەی (15)

هەرێمی کوردستان پشت بە سیستمی ئابووری و بازاری کێبرکێی رەوا دەبەستێ لەگەڵ هاندان و گرتنەبەری پەرەپێدانی ئابووری لەسەر بنەمای نوێ و وەبەرهێنان, بەهەر دوو ڕووی گشتی و تایبەتیەکەیەوە، قۆرخکردنیش (احتكار) بە یاسا نەبێ رێگەی پێ نادرێ.

ماددەی (16)

هەموو دام و دەزگاكانی هەرێم, بە پێی بەر پرسیارێتیان بەرامبەر بە نەوەكانی ئێستاو دوا ڕۆژەوە, ئەركی پاراستنی ژینگەو پێداویستیە سەرەكیەكانی ژیان و ژینگەی سروشتی و ژینگەی مرۆڤیان لە هەرێمی كوردستاندا لەسەر شانە، یاساش چۆنیەتیی دروستكردنی ناوچە پاوانكراوەكانی دەشت و دەرو گیانلەبەرەكان و رووەكە سروشتیەكان و چۆڵەوانیەكان و هێشتنەوەیان بە شێوەی سروشتیی خۆیان و رێگە نەدان بە دروستكردنی خانووبەرەو هەرچەشنە چالاكییەكی فیزیكی دیكە تیایاندا, رێك دەخا.

ماددەی (17)

یەكەم: داهات وسەرچاوە گشتیەكانی سامانی سروشتی و ئاوی ژێر زەوی و كانە دەرنەهێراوەكان و كانی و رووبارو كانە بەردو كانگاكان, سامانی گشتین و دەرهێنان و بە كارهێنان و بەرێوەبردن و مەرجەكانی ڕەفتار لەسەركردنیان بە یاسایەك رێكدەخرێن كە بۆ بەرژەوەندی نەوەكانی ئێستاو دوا رۆژ پارێزگاریان لێ بكا.

دووەم: زەوی و سامانە گشتییەكانی هەرێم موڵكی گەلی كوردستان-عیراقن و چۆنیەتی رەفتار لەسەر كردن و بە كارهێنانیان بە یاسایەك رێكدەخرێ.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ئێستا كاك شێروان حەیدەری بۆ خوێندنەوەی ماددەی یەك تا ماددەی حەڤدە بە زمانی عەرەبی، فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

السادة الاعضاء.

فيما يلي أقرا على حضراتكم نص مشروع دستور اقليم كوردستان – العراق باللغة العربية:

## الباب الأول

## المبادئ الأساسية

المادة (1):

كوردستان - العراق اقليم ضمن دولة العراق الاتحادية نظامه السياسي برلماني جمهوري ديمقراطي يعتمد التعددية السياسية ومبدأ الفصل بين السلطات وتداول السلطة سلمياً عن طريق الانتخابات العامة المباشرة السرية والدورية.

المادة (2):

أولاً: كوردستان ـ العراق كيان جغرافي تاريخي تتكون من محافظة دهوك بحدودها الادارية الحالية ومحافظات كركوك والسليمانية وأربيل وأقضية عقرة والشيخان وسنجار وتلكيف وقرقوش ونواحي زمار وبعشيقة

واسكي كلك من محافظة نينوى وقضائي خانقين ومندلي من محافظة ديالى وذلك بحدودها الادارية قبل عام 1968.

ثانياً: يتم تحديد الحدود السياسية لاقليم كوردستان-العراق باعتماد تنفيذ المادة (140) من الدستور الاتحادي.

ثالثاً: لا يجوز تأسيس إقليم جديد داخل حدود اقليم كوردستان.

المادة (3):

أولاً: الشعب مصدر السلطة وأساس شرعيتها، يمارسها من خلال مؤسساتها الدستورية ولدستور اقليم كوردستان وقوانينه السيادة والسمو على جميع القوانين التي تصدر من الحكومة العراقية خارج الاختصاصات الحصرية للسلطات الاتحادية المنصوص عليها في المادة (110) من دستور جمهورية العراق الاتحادية.

ثانياً: لا ينتقص من سيادة وسمو دستور اقليم كوردستان وقوانينه ولا يحد من صلاحيات سلطات الاقليم الواردة في المادة (115) والفقرة (ثانياً) من المادة (121) من الدستور الاتحادي تناول القانون الاتحادي أموراً ضمن الاختصاصات الحصرية للسلطات الاتحادية الواردة في المادة (110) من الدستور الاتحادي وأموراً أخرى خارجة عنها.

المادة (4):

لبرلمان كوردستان-العراق إنفاذ أي قانون اتحادي في الاقليم خارج عن الاختصاص الحصري للسلطات الاتحادية المنصوص عليها في المادة (110) من دستور جمهورية العراق الاتحادية.

المادة (5):

يتكون شعب اقليم كوردستان من الكورد، التركمان، العرب، الكلدان والسريان والآشوريين، الأرمن وغيرهم ممن هم من مواطني اقليم كوردستان.

المادة (6):

يقر ويحترم هذا الدستور الهوية الإسلامية لغالبية شعب كوردستان - العراق ويقر ويحترم كامل الحقوق الدينية للمسيحيين والأيزديين وغيرهم ويضمن لكل فرد في الاقليم حرية العقيدة وممارسة الشعائر والطقوس الدينية وان مبادئ الشريعة الاسلامية مصدر اساس للتشريع ولا يجوز:

أولاً: سن قانون يتعارض مع ثوابت أحكام الاسلام.

ثانياً: سن قانون يتعارض مع مبادئ الديمقراطية.

ثالثاً: سن قانون يتعارض مع الحقوق والحريات الاساسية الواردة في هذا الدستور.

المادة (7):

لشعب كوردستان_العراق الحق في تقرير مصيره بنفسه، وقد اختار بإرادته الحرة أن تكون كوردستان_العراق اقليماً اتحادياً ضمن العراق طالما ألتزم بالنظام الاتحادي الديمقراطي البرلماني التعددي وحقوق الإنسان الفردية والجماعية وفق ما نص عليه الدستور الاتحادي.

المادة (8):

أولاً: تكون المعاهدات والاتفاقيات الدولية التي تبرمها الحكومة الاتحادية مع أية دولة أو طرف أجنبي تمس وضعية أو حقوق اقليم كوردستان نافذة في الاقليم إذا اقترنت بموافقة برلمان كوردستان_العراق بالأغلبية المطلقة لعدد أعضائه.

ثانياً: لا تكون المعاهدات والاتفاقيات التي تبرمها الحكومة الاتحادية مع الدول الاجنبية نافذة بحق اقليم كوردستان إذا تناولت أموراً خارجة عن الاختصاص الحصري لها بموجب المادة (110) من الدستور الاتحادي ما لم يوافق برلمان كوردستان-العراق على إنفاذها في الاقليم بالأغلبية المطلقة لعدد أعضائه.

ثالثاً: لاقليم كوردستان الحق في عقد اتفاقيات مع دول أجنبية أو أقاليم داخل دول أجنبية بشأن المسائل التي لا تدخل ضمن الاختصاصات الحصرية للسلطات الاتحادية المنصوص عليها في المادة (110) من الدستور الاتحادي.

رابعاً: ترفع الاتفاقية التي تبرم بين اقليم كوردستان وحكومات الدول الأجنبية الى الحكومة الاتحادية لإستحصال موافقتها ولا تكون الاتفاقية نافذة إذا رفضت الحكومة الاتحادية الموافقة عليها لأسباب دستورية وقانونية.

المادة (9):

للإقليم حق أساسي ودستوري تجاه السلطات الاتحادية في:

أولاً: حصة عادلة من الواردات الاتحادية بما فيها المنح والمساعدات والقروض الدولية على أساس مبدأ التكافؤ والتناسب السكاني والأخذ بنظر الاعتبار ما أصاب كوردستان_العراق من سياسة الابادة الجماعية والحرق والدمار وحرمان شعبها من استحقاقاته طيلة سنوات حكم الأنظمة السابقة وذلك طبقاً للمادتين (106) و (112) من الدستور الاتحادي.

ثانياً: المشاركة العادلة في إدارة مؤسسات الدولة الاتحادية المختلفة والبعثات والزمالات الدراسية والوفود والمؤتمرات الاقليمية والدولية بشكل متناسب ومتكافئ واناطة الدرجات الوظيفية للدوائر الاتحادية في اقليم كوردستان لمواطنيه طبقاً للمادة (105) من الدستور الاتحادي.

المادة (10):

مدينة اربيل (هەولێر) عاصمة اقليم كوردستان ولبرلمان الاقليم اتخاذ غيرها من مدن كوردستان عاصمة له بأغلبية ثلثي عدد أعضائه.

المادة (11):

أولاً: لاقليم كوردستان علم خاص يرفع الى جانب العلم الاتحادي، وله شعار ونشيد وطني وعيده القومي (نوروز)، وينظم ذلك بقانون.

ثانياً: يتكون العلم من اللون الأحمر فالأبيض فالأخضر وتتوسطه شمس بلون اصفر ينبعث منها واحد وعشرون شعاعاً وتحدد قياساته وتبين مدلولات مكوناته بقانون.

ثالثاً: تنظم بقانون العطل الرسمية والأوسمة والأنواط.

المادة (12):

لاقليم كوردستان استناداً الى الفقرة خامساً من المادة (121) من الدستور الاتحادي قوات (پێشمەرگە) دفاعية لحراسة الاقليم تنظم تشكيلاتها ومهامها بقانون ولا يجوز تشكيل ميليشيات مسلحة خارج نطاق القانون.

المادة (13):

لا يجوز فرض أي رسم أو ضريبة في اقليم كوردستان أو تعديلها أو الاعفاء عنها دون موافقة برلمان كوردستان وإقرارها بقانون.

المادة (14):

أولاً: الكوردية والعربية لغتان رسميتان في اقليم كوردستان ، ويضمن هذا الدستور حق مواطني اقليم كوردستان في تعليم أبنائهم بلغتهم الأم، ويشمل ذلك اللغة التركمانية والسريانية والارمنية، في المؤسسات التعليمية الحكومية وفق الضوابط التربوية.

ثانياً: التركمانية والسريانية لغتان رسميتان الى جانب اللغة الكردية والعربية في الوحدات الإدارية التي يشكل الناطقون بها كثافة سكانية، وينظم ذلك بقانون.

ثالثاً: تعتمد المادة (4) من الدستور الاتحادي بخصوص اللغة الرسمية أينما وجد المجال القانوني لتطبيق أحكامها في اقليم كوردستان.

المادة (15):

يعتمد اقليم كوردستان نظام اقتصاد السوق التنافسي (المشروع) مع تشجيع وتبني التنمية الاقتصادية على أسس حديثة والاستثمار بوجهيه العام والخاص ولا يجوز الاحتكار الا بقانون.

المادة (16):

على جميع سلطات الاقليم في ضوء مسؤوليتها حيال الأجيال الحالية وأجيال المستقبل واجب حماية البيئة والمقومات الأساسية للحياة والبيئة الطبيعية والبشرية في اقليم كوردستان وينظم القانون كيفية إنشاء المناطق المحمية والبرية والمتنزهات الطبيعية والحدائق العامة بقصد حماية الطبيعة والحياة البرية والحيوانات والنباتات الطبيعية والبراري وإبقائها في حالتها الطبيعية وعدم السماح باقامة المباني أو أي نشاط آلي فيها.

المادة (17):

أولاً: الموارد والمصادر العامة للثروات الطبيعية والمياه الجوفية والمعادن غير المستخرجة والمياه السطحية والمقالع والمناجم ثروة عامة وينظم استخراجها واستغلالها وإدارتها وشروط التصرف بها بقانون يحافظ عليها لمصلحة الأجيال الحالية والمستقبلية.

ثانياً: الأراضي والممتلكات العامة في الإقليم هي ملك شعب كوردستان-العراق وينظم بقانون كيفية التصرف بها واستغلالها.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، داوا لە کاك تارق جامباز دەکەم کە لە ماددەی هەژدە تا بیست و چوار بخوێنێتەوە بە زمانی کوردی، فەرموو.

**بەڕێز طارق محمد سعید جامباز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**دەروازەی دووەم**

**مافە بنەڕەتیەکان**

**بەشی یەکەم**

**مافە شارستانی و سیاسیەکان**

ماددەی (18) پابەندبوون وجێبەجێکردن

دەسەڵاتەکانی یاسادانان و جێبەجێکردن و دادوەریی هەرێمی کوردستان پابەند دەبن بەو مافە سەرەکیانەی کە لەم دەستوورەدا هاتوون وەك یاسایەکی سەرەکی کە دەبێ پیادە بکرێن و جێبەجێ بکرێن, وەك مافە بنەرەتیەکانی هاووڵاتیانی هەرێم.

دووەم: ئەو دەق و حوکمانەی تایبەت بەو مافە سەرەکیانەی لەم دەستوورەدا هاتوون, هەرکاتێ جێبەجێ کردنیان لە توانادا هەبێ, کەسی سروشتی و مەعنەوی دەبێ پابەندبن پێیانەوە، بە لەبەرچاوگرتنی سروشتی مافەکەو سروشتی ئەو ئەرکەی مافەکە دەی سەپێنێ.

سێیەم: ئەومافە سەرەکیانەی بۆ کەسی سروشتی هاتوون لەم دەستوورەدا لەسەر کەسی مەعنەویش جێبەجێ دەبن لە هەرێمی کوردستاندا ئەگەر سروشتەکەی بۆ جێبەجێکردن بگونجێ.

ماددەی (19): کەرامەت و ژیان و ئازادی:

یەکەم: کەرامەتی ئادەمیزاد پارێزراوەو رێزلێگرتن و پاراستنی ئەرکی هەموو دامو دەزگاکانی هەرێمە.

دووەم: هەموو کەس مافی ژیان و ئازادیی هەیەو بە یاسا نەبێ نابێ هیچ کەس لێیان بێبەش بکرێ یان لێی بەر تەسك بکرێنەوە.

سێیەم: نابێ لە دژ هیچ کەسێك ئامرازەکانی ئازاری جەستەیی, یان دەروونی بەکاربهێنرێن, رەفتاری بە شێوەیەکی نامرۆڤانە لەگەڵدا بکرێ, سووکایەتی پێ بکرێ, یان بەبێ رەزامەندی ئازادانەی خۆی تاقیکردنەوەی پزیشکی یان زانستی و هی دیکەی لەسەر ئەنجام بدرێ. پشت بەهیچ دانپێدانانێکیش

نابەستریٚ كە بە زۆر، بە ئازاردان، بە هەڕەشە یان بە ترساندن وەرگیرابیٚ، هەركەسیش تووشی ئازاردان یان رەفتاریٚكی توندوتیژی، یان سووكایەتی پیٚكردن بووبیٚ مافی خۆیەتی قەرەبووی ئەو زیانە جەستەیی و دەروونیانەی بۆ بكریٚتەوە كە تووشی هاتوون.

چوارەم: لە چوارچیٚوەی ئەو خزمەتە گشتییەدا نەبیٚ كە بە پیٚی یاسا لەسەر هەمووان جیٚبەجیٚ دەكریٚ، نابیٚ هیچ كەس ناچار بكریٚ كاریٚكی بیٚگاری بكات.

پیٚنجەم: كاری بیٚگاری بەسەر كەسدا ناسەپیٚندریٚ تەنها بە بڕیاریٚكی دادوەری نەبیٚ كە لەكاتی سزادانیدا بۆی دیاربكات.

شەشەم: هەموو كەس مافی ئاسایشی كەسیی (شخصی) خۆی هەیە.

حەوتەم: هەموو كەسیٚك مافی ئەوەی هەیە ریٚز لە ژیانی تایبەتی وخیٚزانی و ناو ماڵ و هەموو پیٚوەندیپیٚوەكردنەكانی بگیریٚ. خانوو و ماڵ و هاوشیٚوەیان ریٚزیان هەیەو نابیٚ پیٚشیٚل بكریٚن. بە پیٚی یاساو بە فەرمانیٚكی دادوەری نەبیٚ كەس بچیٚتە نیٚویانەوە, بپشكندریٚن یان بخریٚنە ژیٚر چاودیٚریەوە. هەروەك پشكنینی هەموو كەسیٚك یان شتومەكەكانیشی بەبیٚ هۆیەكی یاسایی قەدەغەیە.

هەشتەم: هەموو كەس مافی هاوسەرگیری و پیٚكهیٚنانی خیٚزانی هەیەو گریٚبەستی هاوسەرگیری بە زۆری و بەبیٚ رەزامەندیی تەواوی هەردوو لا ئەنجام نادریٚ.

نۆیەم: زۆر لیٚكردن لە ئاییندا نیە، و هەموو كەس مافی ئازادیی ئایین و بیرو باوەرو بیركردنەوەو ویژدانی هەیەو حكومەتی هەریٚم ئازادیی موسڵمان و مەسیحی و ئیٚزدی و كەسانی دیش لە بە جیٚگەیاندنی ریٚو رەسمی خواپەرستی و داب و نەریتە ئایینیەكاندا دەستەبەر دەكا, بیٚ ئەوەی كەس پیٚشیان پیٚ بگریٚ، هەروەها ریٚزی مزگەوت و كەنیسەو شویٚنەكانی دیكەی خواپەرستی دەستەبەر دەكا. وبۆ پاراستنی ریٚزی ئەو شویٚنانەو پیرۆزیی پەیامەكەیان, قەدەغەیە مزگەوت و كەنیسەو شویٚنەكانی خواپەرستی بكریٚنە گۆرەپانی چالاكیی حزبی و سیاسیی.

دەیەم: هەموو كەس مافی ئازادیی دەربڕینی هەیەو پیٚویستە ئازادیی رۆژنامەنووسی و هۆیەكانی رادەربڕین و راگەیاندن و فرەلایەنیان مسۆگەر بكریٚ، بەلاٚم ئەم مافە توانج و تەشەرەو دەستدریٚژی بۆ سەر مافی خەڵكی دیكەو سووكایەتی بە پیرۆزیە ئایینیەكان و هاندان بۆ توندوتیژی و برەوپیٚدانی رق و كینە لە نیٚو پیٚكهاتەكانی گەلی كوردستان-عیراقدا ناگریٚتەوە.

یازدەم: مافی بە دەستهیٚنانی زانیاری بەیاسایەك دەستەبەردەكریٚ.

دوازدەم: حكومەتی هەریٚم ئازادی پیٚوەندی پیٚوەكردن و ئاڵوگۆركردنی پۆستەیی و بروسكەیی و تەلەفۆنی و ئەلیكترۆنی دەستەبەر دەكاو نابیٚ چاودیٚریان بخریٚتە سەر, گویٚیان لیٚ بگیریٚ یان ئاشكرا بكریٚن, مەگەر بە پیٚوستیەكی یاسایی, یان ئاسایشی وبە بڕیاریٚكی دادوەری بیٚت.

سیٚزدەم: حكومەتی هەریٚمی كوردستان سەرپەرشتیكردنی میٚردمندالاٚن و گەنجان و گەشەپیٚدانی تواناكانیان و پاڵپشتی دەستپیٚشخەریەكانیان و دروستكردنی دامودەزگای پیٚویست بۆ پیٚگەیاندنیان

دەستەبەر دەکات و بواریان بۆ دەرەخسێنێ تا بتوانن شان بەشانی پێشوەچوونە زانستی و تەکنەلۆژیـەکانی جیهان بڕۆن، بۆ ئەوەی ڕۆڵێکی چالاکانە لـە کۆمەڵدا بگێـڕن و بـەهرەکانیان لـە وەبـەرهێنانی ئـابووری و کۆمەڵایەتی و زانستیدا بەکاربێنن و بەرنامە و نەخشە بۆ وەدیهێنانی ئەو ئامانجانە دادەنێ.

چواردەم: وەرزش کردن مافی هەموو هاووڵاتیەکە و ئـەرکی حکومـەتی هـەرێمی کوردسـتانە هـانی بـۆ بـداو دامودەزگای تایبەتی بۆ دامەزرێنێ و پێداویستیەکانی بۆ ئامادە بکات.

پازدەم: هونەر و وێژە (ئەدەب) و توێژینەوەی زانستی لە هەموو کۆت و بەندێك ئـازادە و پێویستە ئـازادی ئـەکادیمی بـۆ توێژینــەوەی زانسـتی دەســتەبەر بکـرێ و هـان بـدرێ و پشـتەوانیی زانکۆکـان و ناوەنــدە زانسـتیەکان بکـرێ و سەرپەرشـتی بکـرێن وحەرەمــەکانیان بپـارێزرێ و بنیـاتی (مقومـات) کەسـایەتی مەعنەویان دەستەبەر بکرێ و بەڕێوەبردنیان لەسەر بناغەی کارگێری نامەرکەزی گەشە پێبدرێت.

شازدەم: حکومەتی هەرێم پاراستنی خاوەندارێتی هزری و مافی دانـان (تـالیف)و بڵاوکردنـەوەو بڕوانامـەی داهێنان (براءات الاختراع) و نیشانە بازرگانیە تۆمارکراوەکان (العلامات التجارية المسجلة) دابین بکات.

حەڤدەم:

1 ـ هـەموو کـەس مـافی ئـازادی کۆبوونــەوە و پێکهێنــانی کۆمەڵــەو رابیتــەو یەکێتیــەکانی هەیــە و کاربەدەستانی هەرێم هەوڵ دەدەن ڕۆڵ و سەربەخۆیی ڕێکخراوەکانی کۆمـەڵگای شارسـتانی بـەهێز بکـەن و هەموو کەسێکیش بە پێی یاسا مافی خۆپیشاندان و مانگرتنی ئاشتیخوازانەی هەیە.

2 ـ ئەو کۆمەڵانە قەدەغە دەکرێن کە ئامانجیـان، یـان کردەوەکانیـان لەگـەڵ حوکمـەکانی ئـەم دەسـتوورە و یاساکان ناکۆك بن یان هەڵوێستێك وەربگرن کـە دژی پێکـەوە ژیـانی ئاشـتیخوازانەو لێـك نزیـك بوونـەوەی پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینیەکانی گەلی کوردستان-عیراق بێت.

هەژدەم:

1 ـ ئازادی دامەزراندنی حیزبەکان دەستەبەرکراوە و بە پێی یاسا ڕێکدەخرێ، بە مەرجێك کە لـە پێـڕەوی ناوەخۆ و ڕێکخستن و چالاکی و مافی ئەندامەکانیان پابەند بن بە بنەما سەرەکیەکانی دیمەکراسی و مـافی مرۆڤ و حوکمەکانی ئەم

دەستوورەو ڕیزگرتن لە ئاڵاو سروودە نیشتمانیەکەی.

2ـ نابێت حیزب لقی پارتێکی بێگانە یان پاشکۆ بێت بۆ بەرژەوەندیەکانی لایەنێکی بیانی.

3 ـ ئـەو حیزبـەی هـەوڵ بـدات لـە ڕێگـای ئامانجـەکانی، یـان چـالاکی، یـان زیـان بـە سیسـتەمی بنـەڕەتی دیمـوکراتیی هـەرێمی کوردسـتان بگەیـەنێ، یـان لای بـەرێ، یـان هەڕەشـە لـە یەکپارچـەیی هـەرێم، یـان پێکەوەژیانی ئاشتیخوازانەی پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینیەکانی بکا بـە سەرپێچیکاری دەسـتوور دادەنـدرێ و دادگای دەستووریش لایەنی تایبەتمەندە بۆ بڕیار دان لەسەر ئەو سەرپێچیە دەستووریەی دراوەتـە پـاڵی و رادەی مەترسیداری سەرپێچیەکە.

4 ـ هەر قەوارە، یان ڕێبازێك پەیڕەوی لە بیروباوەڕێكی فاشی، ڕەگەزپەرستانە, تیرۆریستی، بە كافر دانان، پاكتاوی ڕەگەزی یان ئایینی بكا، هاندەری بێت، ڕێی بۆ خۆش بكات، پێیدا هەڵبدات، بەرەوی پێ بدات یان پاساوی بۆ بێنێتەوە قەدەغە دەكرێ و كاربەدەستانی هەرێمی كوردستان پابەندن بە بەربەرەكانیكردن دژی هەموو شێوەكانی تیرۆرو كاركردن بۆ پاراستنی خاكی هەرێم لەوەی ببێتە بنكە, بەردەبازی هاتوچۆ، یان گۆڕەپان بۆ چالاكیەكانی.

5ـ حزب دەبێ داهات و سەرچاوەكەی و چۆنیەتی بەكارهێنانی بۆ دەسەڵاتی یاسایی تایبەتمەند ئاشكرا بكات.

نۆزدەهەم: دەركردنی بە كۆمەڵ قەدەغەیە.

بیستەم: هەموو كەس لە چوارچێوەی یاسادا مافی خاوەندارێتی و میرات و وەسیەتكردن لەو ماڵو موڵكەی دا هەیە كە لە ڕێگایەكی ڕەواوە بە دەستی هێناوە، خاوەندارێتی تایبەتی پارێزراوەو نابێ لێی وەربگیرێ، یان بێبەش بكرێت، مەگەر بۆ بەرژەوەندی گشتی و بە پێی یاسا بێت، ئەویش بەرامبەر قەرەبووكردنەوەیەكی دادپەروەرانە و دەستبەجێ، كە لە كاتی دەست لێ هەڵگرتنی خاوەنەكەی تێ نەپەڕێ، مەگەر بە ڕەزامەندی خۆی بێت.

ماددەی (20) یەكسانی:

یەكەم: هەموو كەس بەرامبەر بە یاسا یەكسانە.

دووەم: هەموو چەشنە جیاكاریەك لەسەر بناغەی ڕەگەز، ڕەگ، زمان، پێگەی كۆمەڵایەتی، وڵاتنامە، بنەچە، ئایین، بیروباوەڕ، ئایدیۆلۆژی، تەمەن، باری ئابووری، كۆمەڵایەتی، سیاسی، یان كەم ئەندامی قەدەغەیە.

بنەمای یەكسانیش كۆسپ ناخاتە پێش سڕینەوەی شوێنەوارو دەرهاوێشتەكانی ئەو ستەمەی لە ڕابردوودا لەلایەن ڕژێمە فەرمانڕەواكانی پێشووەوە دەرهەقی هاووڵاتیانی كوردستان-عیراق و پێكهاتە نەتەوەیی و ئایینی و زمانەوانیەكان كراوە.

سێیەم: پیاوو ژن بەرامبەر بە یاسا وەك یەكن و حكومەتی هەرێم دەبێت هەوڵ بدات هەموو كۆسپێك لە ڕێگای یەكسانی لە ژیان و مافە شارستانی و سیاسی و كۆمەڵایەتی وڕۆشنبیری و ئابووریەكاندا لابەرێ و حكومەتی هەرێم دەبێت ئەو مافانەی لەم دەستوورەو لەو پەیماننامانەدا هاتوون كە لەلایەن دەوڵەتی عیراقەوە پەسەند كراون بۆ هەمووان دەستەبەر بكات.

ماددەی (21) مافی هاونیشتمانی:

یەكەم: هەر هاووڵاتیەك (18) ساڵ لە تەمەنی تەواو كردبێت مافی دەنگدانی هەیە لەهەر هەڵبژاردن, یان ڕاپرسیەك دا كە لەو ناوچەیەی لێی دادەنیشێ لە هەرێمی كوردستاندا ڕێك دەخرێت.

دووەم: هەر هاووڵاتیەك 18 ساڵی تەواو كردبێت بۆی هەیە پۆستە گشتیەكان وەربگرێت.

سێیەم: ئازادی نیشتەجێ بوون و هاتوچۆ و گەشت (سفر) لە چوارچێوەی یاسادا دەستەبەر كراوە.

چوارەم: هەموو هاووڵاتییەك بۆی هەیە سكاڵا یان عەرزوحاڵ بداتە كاربەدەستانی هەرێم و ئەوانیش بۆیان نیە وەرینەگرن، هەروەها مافی ئەوەی هەیە وەڵامێكی خێراش وەربگرێتەوە. وەرنەگرتنی سكاڵا یان درەنگ وەڵامدانەوەی بەبێ پاساوێكی یاسایی، بەرپرسێتیی یاسایی دێنێتە كایەوە.

ماددەی(22) مافی دادگایی كردنی دادپەروەرانە:

یەكەم: لایەنی لێكۆڵینەوە دەبێ، لە ماوەی 24 سەعاتدا لە كاتی گیرانی تۆمەتبارەوە، پەڕاوی لێكۆڵینەوەكە بداتە دادوەری تایبەتمەند و نابێ ئەم ماوەیە درێژ بكرێتەوە، مەگەر بۆ جارێك و ئەویش هەر بۆ هەمان ماوە بێت.

دووەم: نابێ هیچ كەسێك دەستبەسەر بكرێ و گرتن، بەندكردن یان زیندانیكردن، تەنیا بە پێی یاسا وبەبڕیارێك كە لایەنێكی دادوەریی تایبەتمەند دەریكردبێ ڕەوایە. پێویستە كەسی دەستەبەسەركراو دەستبەجێ و بە زمانی خۆی لەم تۆمەتە ئاگادار بكرێ كە دراوەتە پالی. تۆمەتبار بۆی هەیە كۆمەك لە پارێزەرێك وەربگرێ ئەگەر تۆمەتبارەكەش بۆ خۆی پارێزەرێكی نەبوو داكۆكی لێ بكات، دەبێ دادگا لەسەر خەرجیی حكومەت ولە هەردوو قۆناغی لێكۆڵینەوە ودادگاییكردندا، پارێزەرێك بگرێ بۆ بەرگریكردن لەو كەسەی تۆمەتی تاوان، یان كەتنێكی دراوەتە پاڵ.

سێیەم: تۆمەتبار بێ تاوانە تا ئەو كاتەی لە دادگاییكردنێكی یاسایی و دادپەروەرانەدا تۆمەتەكەی لەسەر ساغ دەبێتەوە، تۆمەتبار پاش ئازادكردنی، جارێكی دیكە هەر بەو تۆمەتە دادگایی ناكرێتەوە، مەگەر بەلگەی نوێی لەسەر دەركەوتبن.

چوارەم: هەموو كەس مافی هەیە لە دادگایەكی تایبەتمەندو خێراو دادپەروەرانەدا دادگایی بكرێ.

پێنجەم: بە بێ دەقێكی یاسایی، نەتاوان هەیە و نە سزا وناكرێ هیچ كەس بە كردن، یان بە نەكردنی كارێك كە لە كاتی ئەنجامدانیدا تاوان نەبووە سزا بدرێ.

شەشەم:

1- كاریگەریی یاسا بۆ دواوە ناگەڕێتەوە، مەگەر دەقێك بە پێچەوانەی ئەمەوە هەبێت. ئەم هەڵوێردنەش باج و ڕەسمەكان ناگرێتەوە.

2-كاریگەریی یاسای سزایی بەرەودواوە ناگەڕێتەوە, مەگەر لە بەرژەوەندی تۆمەتبار بێ.

حەوتەم: سزا شتێكی (شخصی) كەسیە.

هەشتەم: نابێ سزایەكی توندتر لەوەی لە كاتی ئەنجامدانی تاوانەكەدا كاری پێكراوە لەسەر كەس بسەپێندرێ.

نۆیەم: نابێ كەس لەسەر تاوانێك دادگایی بكرێ, یان سزا بدرێ كە پێشتر تێیدا, بە پێی یاسا, بێ تاوان دەرچووە, یان لەسەری حوكم دراوە.

دەیەم: نابێ كەسانی سیڤیل (مەدەنی) لە دادگایەكی سەربازیدا دادگایی بكرێن.

**یازدەم: نابێ کەس بگێرێ یان زیندانی بکرێ, لەو شوێنانە نەبێ کە بە پێی یاسا بۆ ئەم مەبەستە دیارکراون، ئەوانیش دەبێ چاودیری لەش ساغیی کۆمەڵایەتیان بەسەرەوەبێ و لە ژێر دەسەڵاتی حکومەتدا بن.**

**دوازدەم: دەبێ رێز لە بیر و باوەڕی ئایینی و بنەما رەوشتیەکانی زیندانیان بگیرێ.**

**بەشی دووەم**

**مافە کۆمەڵایتی و ئابوورییەکان**

**ماددەی** (23)

**یەکەم: حکومەتی هەرێمی کوردستان چاودێریی خانەوادەی شەهیدانی بزووتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کوردستان-عیراق و پێشمەرگەو خانەوادەی قوربانیانی ئەنفال و کیمیاباران و ئەو کەسانە دەستەبەردەکات کە لە ئاکامیاندا تووشی نەخۆشی هەمیشەیی بوون. ئەوانە, بە خۆوبە منداڵەکانیانەوە, ئەگەر شیاوی کارەکە بن, بە پێی یاسا, پێش دەخرێن لە کاتی رەخساندنی هەلی کارکردن.**

**دووەم: دەسەڵاتی هەرێمی کوردستان کار بۆ ئەوە دەکات کە حکومەتی فیدراڵی عێراق بەرپرسیارێتی دەستووری و یاسایی و ئەخلاقی خۆی لەئەستۆ بگری, بەرامبەر بە سیاسەتی سەرکوتکردنی حکومەتە ناوەندیە یەك لە دوای یەکەکان دژی قوربانیانی ناوبراو لە برگەی یەکەمی سەرەوەدا, بە بەندکراوە سیاسیەکان و زیانلێکەوتووانیشەوە, ئەمەش بە قەرەبووکردنەوەیان و دەستەبەرکردنی مافەکانیان لە دابینکردنی سەرچاوەی ژیانێکی سەربەرزانە و چاودێریکردنی تەندروستیان.**

**ماددەی** (24)

**یەکەم: هەموو کەس مافی ئەوەی هەیە ئاستێکی گوزەرانی تەواوی هەبێ بۆ ئەوەی سەربەرزانە بژی کە خۆراك و پۆشاك و خانووبەرەش دەگرێتەوە.**

**دووەم: هەموو کەس مافی ئەوەی هەیە دەستی بە چاودیریی لەش ساغی و چارەسەریی پزیشکی رابگا, بێ لەبەر چاو گرتنی توانای خەرجیەکانی.**

**سێیەم: هەموو کەس مافی بیمەی کۆمەڵایەتی هەیە، بە تایبەتی لە کاتی دایکایەتی و نەخۆشی و بێکاری و پێکران و پەککەوتەیی و نەبوونی سەرچاوەی گوزەران, کە بە هۆیەکی بەدەر لە ویستی خۆیەوە بێ, ولە حاڵەتی پیری و لانەوازەییدا.**

**چوارەم: کەس ناچارناکرێت کارێك, یان فەرمانێك بەبێ خواهیشتی خۆی ئەنجام بدات.**

**پێنجەم: کرێکار مافی ئەوەی هەیە بۆ کاری یەکسان هەقدەستی یەکسان وەربگرێ و بە یاساش پەیوەندی نێوان کرێکار و خاوەن کار لەسەر بنەماکانی ئابووری رێکدەخرێ, لەگەڵ ڕەچاو کردنی رێساکانی دادپەروەری و کۆمەڵایەتی.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**زۆر سوپاس، كاك عەونی بەزاز بۆ خوێندنەوەی ماددەی هەژدە تا بیست و چوار بە زمانی عەرەبی، فەرموو.**

**بەڕێز عونی كمال سعيد بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**الباب الثاني**

**الحقوق الأساسية**

**الفصل الأول**

**الحقوق المدنية والسياسية**

**المادة (18) الالتزام والتطبيق:**

**أولاً : تلتزم سلطات اقليم كوردستان التشريعية والتنفيذية والقضائية بالحقوق الأساسية الواردة في هذا الدستور باعتبارها تشريعاً أساسياً واجب التطبيق والتنفيذ كونها حقوقاً أساسية لمواطني الاقليم.**

**ثانياً: تكون النصوص والأحكام الخاصة بالحقوق الأساسية في هذا الدستور ملزمة للشخص الطبيعي والمعنوي كلما أمكن تطبيقها مع الأخذ بنظر الاعتبار طبيعة الحق وطبيعة الواجب الذي يفرضه ذلك الحق.**

**ثالثاً: تنطبق الحقوق الأساسية للشخص الطبيعي في هذا الدستور على الشخص المعنوي أيضاً داخل اقليم كوردستان إذا كانت طبيعته قابلة لذلك.**

**المادة (19) الكرامة والحياة والحرية:**

**أولاً : كرامة الانسان مصونة، واحترامها وحمايتها واجبان على سلطات الإقليم كافة.**

**ثانياً: لكل فرد الحق في الحياة والحرية ولا يجوز حرمانه منهما أو تقييدهما إلا وفقاً للقانون.**

**ثالثاً: لا يجوز استعمال وسائل التعذيب الجسدي أو النفسي بحق أي فرد كان أو معاملته بصورة غير انسانية أو مهينة أو اخضاعه لتجارب طبية أو علمية أو تجارب أخرى دون موافقته الحرة، ولا يعتد بأي اعتراف منتزع بالإكراه أو التعذيب أو التهديد أو التخويف، ولكل من تعرض للتعذيب أو معاملة قاسية أو مهينة الحق في الحصول على تعويض عن الأضرار الجسدية والنفسية التي تعرض لها.**

**رابعاً: لا يجوز إجبار أحد على القيام بعمل إلزامي إلا ضمن الخدمة العامة والتي تسري على الجميع وفقاً للقانون.**

**خامساً: لا يفرض العمل القسري إلا بقرار قضائي في حالة الحكم بالسجن.**

**سادساً: لكل شخص الحق في الأمن الشخصي.**

**سابعاً: لكل شخص الحق في احترام حياته الخاصة والعائلية والمنزلية وجميع اتصالاته، وتتمتع المساكن وما في حكمها بحرمة ولا يجوز انتهاكها أو دخولها أو تفتيشها أو مراقبتها إلا بموجب القانون وبناءاً على أمر قضائي كما يحظر تفتيش أي شخص أو ممتلكاته دون مسوغ قانوني.**

**ثامناً: لكل شخص الحق في الزواج وتكوين الأسرة ولا يجوز ابرام عقد الزواج الا برضى طرفيه رضاءً لا إكراه فيه.**

**تاسعاً: لا إكراه في الدين، ولكل شخص الحق في حرية الدين والعقيدة والفكر والضمير وتكفل حكومة الاقليم ضمان حرية المسلمين والمسيحيين والايزديين وغيرهم في ممارسة عباداتهم وشعائرهم وطقوس دياناتهم دونما تعرض، وضمان حرمة الجوامع والمساجد والكنائس ودور العبادة، ولصون حرمتها وقدسية رسالتها يحظر اتخاذ الجوامع أو المساجد أو الكنائس ودور العبادة ساحة لممارسة النشاط الحزبي أو السياسي.**

**عاشراً: لكل شخص الحق في حرية التعبير ويجب ضمان حرية الصحافة ووسائل الرأي والاعلام الأخرى وتعدديتها ولا ينسحب هذا الحق على التشهير أو التجاوز على حقوق الغير أو اهانة مقدساتهم الدينية أو التحريض على العنف أو الترويج على الكراهية بين مكونات شعب كوردستان_العراق.**

**حادي عشر: يضمن حق الحصول على المعلومات بقانون.**

**ثاني عشر: تكفل حكومة الاقليم حرية الاتصالات والمراسلات البريدية والبرقية والهاتفية والالكترونية ولا يجوز مراقبتها أو التنصت عليها أو الكشف عنها الا لضرورات قانونية أو أمنية وبقرار قضائي.**

**ثالث عشر: تكفل حكومة اقليم كوردستان رعاية النشء والشباب وتنمية ملكاتهم ومؤهلاتهم وتشجيع مبادراتهم وإنشاء المؤسسات اللازمة لتأهيلهم وتمكينهم من مسايرة التطورات العلمية والتكنولوجية في العالم لاداء دور فعال في المجتمع واستثمار مواهبهم في التنمية الاقتصادية والاجتماعية والعلمية ووضع البرامج والخطط لتحقيق ذلك.**

**رابع عشر: ممارسة الرياضة حق لكل مواطن وعلى حكومة اقليم كوردستان تشجيعها وإنشاء المؤسسات الخاصة بها وتوفير مستلزماتها.**

**خامس عشر: الفن والادب والبحوث العلمية حرة من القيود ويجب ضمان الحرية الأكاديمية للبحوث العلمية وتشجيعها ودعم الجامعات والمراكز العلمية ورعايتها وصيانة حرمها وضمان مقومات شخصيتها المعنوية وتطوير إدارتها على أسس من الادارة اللامركزية.**

**سادس عشر: تكفل حكومة الاقليم حماية الملكية الفكرية وحقوق التأليف والنشر وبراءات الاختراع والعلامات التجارية المسجلة.**

**سابع عشر:**

**1- لكل شخص الحق في حرية التجمع وتشكيل الجمعيات والروابط والاتحادات، وتسعى سلطات الاقليم لتعزيز دور منظمات المجتمع المدني واستقلاليتها، كما ان لكل شخص الحق في التظاهر والاضراب السلمي وفق القانون.**

**2- تحظر الجمعيات التي تتعارض أهدافها أو أفعالها مع أحكام هذا الدستور والقوانين أو تتخذ موقفاً مضاداً للتعايش السلمي والتقارب بين المكونات القومية أو الدينية لشعب كوردستان-العراق.**

**ثامن عشر:**

**1- حرية تأسيس الأحزاب مكفولة وتنظم وفق القانون على أن تلتزم في نظامها الداخلي وتنظيماتها ونشاطها وحقوق أعضائها بالمبادئ الأساسية للديمقراطية وحقوق الانسان وأحكام هذا الدستور واحترام علم كوردستان ونشيده الوطني.**

**2- لا يجوز أن يكون الحزب فرعاً لحزب اجنبي أو تابعاً لمصالح وجهات أجنبية.**

**3- يعتبر الحزب الذي يسعى من خلال أهدافه أو نشاطه، إلى المساس بالنظام الأساسي الديمقراطي لاقليم كوردستان أو ازالته أو تهديد وحدة الاقليم أو التعايش السلمي بين مكوناته القومية أو الدينية مخالفاً للدستور وتكون المحكمة الدستورية هي الجهة المختصة لاتخاذ القرار في ضوء المخالفة الدستورية المنسوبة إليه ومدى خطورتها.**

**4- يحظر كل كيان أو نهج يتبنى الفكر الفاشي أو العنصري أو الارهابي أو التكفيري أو التطهير العرقي أو الطائفي أو يحرض أو يمهد أو يمجد أو يروج أو يبرر له، وتلتزم سلطات اقليم كوردستان بمحاربة الارهاب بجميع أشكاله والعمل على حماية أراضي الاقليم من أن تكون مقراً أو معبراً أو ساحة لنشاطه.**

**5- على الحزب ان يعلن عن موارده ومصادر تمويله وكيفية التصرف بها للسلطة المختصة قانوناً.**

**تاسع عشر: يحظر الطرد الجماعي.**

**عشرون: لكل شخص الحق في التملك والإرث والوصية في حدود القانون بممتلكاته التي حصل عليها بطريقة مشروعة والملكية الخاصة مصانة ولا يجوز نزعها أو الحرمان منها إلا للمصلحة العامة وبموجب القانون لقاء تعويض عادل وفوري يدفع في موعد لا يتجاوز تاريخ رفع يد المالك عنها إلا بموافقته التحريرية.**

**المادة (20) المساواة:**

**أولاً: الجميع سواسية أمام القانون.**

**ثانياً: تحظر جميع أشكال التمييز على أساس العرق أو اللون أو الجنس أو اللغة أو الخلفية الاجتماعية أو الجنسية أو الأصل أو الدين أو المعتقد أو الفكر أو العمر أو الوضع الاقتصادي أو الاجتماعي أو السياسي، أو الاعاقة، ولا يمنع مبدأ المساواة تصحيح آثار وتبعات الظلم الواقع في الماضي من قبل أنظمة الحكم السابقة بحق مواطني كوردستان-العراق ومكوناته القومية والدينية واللغوية.**

**ثالثاً: الرجال والنساء متساوون أمام القانون وعلى حكومة الاقليم السعي لإزالة كل ما يعتبر عقبة تحول دون المساواة في الحياة والحقوق المدنية والسياسية والاجتماعية والثقافية والاقتصادية وتكفل حكومة الاقليم تمتع الجميع بحقوقهم المنصوص عليها في هذا الدستور والمواثيق الدولية المصادق عليها من قبل دولة العراق.**

**المادة (21) حقوق المواطنة:**

**أولاً: لكل مواطن أكمل (18) عاماً من عمره الحق في التصويت في أي انتخاب أو استفتاء ينظم في المنطقة التي يقيم فيها داخل اقليم كوردستان.**

**ثانياً: لكل مواطن أكمل (18) عاماً الحق في تقلد الوظائف العامة.**

**ثالثاً: حرية الاقامة والتنقل والسفر مكفولة في حدود القانون.**

رابعاً: لكل مواطن الحق في تقديم شكاوى أو عرائض الى سلطات الاقليم وليس لها رفض تسلّمها وله الحق في تلقي اجابة سريعة وان رفض استلامها او تأخير البت فيها دونما مسوغ قانوني يوجب المسؤولية القانونية.

المادة (22) الحق في المحاكمة العادلة:

أولاً: على جهة التحقيق عرض أوراق التحقيق الابتدائي على القاضي المختص خلال فترة لا تتعدى أربعاً وعشرين ساعة من حين القبض على المتهم ولا يجوز تمديدها الا مرة واحدة وللمدة نفسها.

ثانياً: يحظر حجز أي شخص ولا يكون التوقيف أو الحبس أو السجن الا وفقاً للقانون وبناءاً على قرار صادر عن جهة قضائية مختصة، ويجب إبلاغ الشخص الموقوف بالتهمة الموجهة اليه فوراً وبلغته وله الحق في الاستعانة بمحام وتنتدب المحكمة محامياً على نفقة الحكومة للدفاع عن المتهم بارتكاب جناية أو جنحة في مرحلة التحقيق والمحاكمة لمن ليس له محام يدافع عنه.

ثالثاً: المتهم بريء حتى تثبت إدانته في محاكمة قانونية عادلة ولا يحاكم المتهم عن التهمة ذاتها مرة أخرى بعد الافراج عنه إلا اذا ظهرت أدلة جديدة.

رابعاً: لكل شخص الحق في محاكمة عادلة وسريعة أمام محكمة مختصة.

خامساً: لا جريمة ولا عقوبة الا بناءاً على نص في القانون، ولا يجوز إدانة أي شخص بفعل أو امتناع عن فعل لم يكن يشكل جريمة وقت ارتكابه.

سادساً:

1- ليس للقانون اثر رجعي ما لم ينص على خلاف ذلك، ولا يشمل هذا الاستثناء الضرائب والرسوم.

2- ليس للقانون الجزائي اثر رجعي إلا إذا كان أصلح للمتهم.

سابعاً: العقوبة شخصية.

ثامناً: لا يجوز تطبيق عقوبة أشد من العقوبة النافذة وقت ارتكاب الجريمة.

تاسعاً: لا يجوز محاكمة احد أو معاقبته مرة أخرى بموجب إجراءات جنائية عن جريمة سبق أن برئ منها أو أدين بها وفقاً للقانون.

عاشراً: لا يجوز محاكمة المدنيين أمام محكمة عسكرية.

حادي عشر: لا يجوز التوقيف أو الحبس أو السجن في غير الأماكن المخصصة لذلك وفق القانون على أن تكون مشمولة بالرعاية الصحية والاجتماعية وخاضعة لسلطة الحكومة.

ثاني عشر: يجب احترام المعتقدات الدينية والمبادئ الاخلاقية للسجناء.

## الفصل الثاني

## الحقوق الاجتماعية والاقتصادية

المادة (23):

أولاً: تكفل حكومة اقليم كوردستان رعاية عوائل شهداء الحركة التحررية لشعب كوردستان-العراق والپيشمەرگە وعوائل ضحايا الأنفال والقصف الكيمياوي والمصابين بالعاهات المستديمة جراءها وتكون للمؤهلين منهم ولابنائهم الأولوية في فرص العمل وفقاً للقانون.

ثانياً: تعمل سلطات اقليم كوردستان على تحمل حكومة العراق الاتحادية مسؤولياتها الدستورية والقانونية والادبية تجاه ضحايا سياسات القمع للحكومات المركزية المتعاقبة من المذكورين في الفقرة أولاً اعلاه بما فيهم السجناء السياسيون والمتضررون بتعويضهم والتكفل بحقهم في تأمين مصدر عيش كريم والرعاية الصحية.

المادة (24):

أولاً: لكل شخص الحق في مستوى معيشي كاف لحياة كريمة، بما في ذلك المأكل والملبس والمسكن.

ثانياً: لكل شخص الحق في الحصول على الرعاية الصحية والعلاج الطبي دون النظر الى قدرته على تحمل النفقات.

ثالثاً: لكل شخص الحق في الضمان الاجتماعي وعلى وجه الخصوص في حالات الأمومة والمرض والبطالة والاصابة والعجز وفقدان مصدر المعيشة لظروف خارجة عن ارادته والشيخوخة والتشرد.

رابعاً: لا يجبر الشخص على القيام بعمل أو وظيفة لا يرتضيها.

خامساً: للعامل الحق في أجر متساوٍ على العمل المتساوي وتنظم بقانون العلاقة بين العمال وأرباب العمل على أسس اقتصادية مع مراعاة قواعد العدالة الاجتماعية.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، كاك كەرخی بۆ خوێندنەوەی ماددەی بیست و پێنج تا پەنجا بە زمانی كوردی، فەرموو.

**بەڕێز كرخی نجم الدین نورالدین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی (25)

پێویستە كاربەدەستانی هەرێم چاودیری خاوەن پێداویستیە تایبەتیەكان بكەن وڕایان بهێنن بۆ ئەوەی تێكەڵ بە كۆمەڵ بن، ئەمەش بە یاسایەك ڕێكدەخرێت.

ماددەی (26)

حكومەتی هەرێم مافی دامەزراندنی كۆمەڵە و سەندیكا و ڕێكخراو و یەكێتیە پیشەییەكان و چوونەناوی بەئازادانەیان دەستەبەر دەكاو ئەمەش بە یاسایەك ڕێكدەخرێ.

ماددەی (27) فێركردن و خێزان:

یەكەم: حكومەتی هەرێم خوێندنی بە خۆڕایی لە هەموو قۆناغەكانی بنەڕەتی و دواناوەندی و زانكۆیی, هەروەها ڕاهێنانی پیشەیی و فێركردنی تەكنیكی دەستەبەر دەكا. خوێندن تا تەواوكردنی قۆناغی بنەڕەتی تەوزیمیە.

دووەم: حكومەتی هەرێم هەڵمەتی نەهێشتنی نەخوێندەواری لە ئەستۆ دەگرێت.

**سێیەم:** خێزان کرۆکی بنەڕەتی کۆمەڵگایە، لەم ڕوانگەیەوەش پێویستە دایکان و منداڵان بپارێزرێن و چەوساندنەوەی ئابووریی منداڵان قەدەغە بکرێ.

**چوارەم:** حکومەتی هەرێم دامەزراندنی خانەی تایبەتی بۆ سەرپەرشتی و پاراستنی ئەو ژنانە لە ئەستۆ دەگرێ، کە لەبەر چەند هۆیەکی کۆمەڵایەتی، دڵنەوایی خێزانییان لە دەستداوە.

**پێنجەم:** هەموو شێوەیەکی جیاکاری و توندوتیژی و ناهەقی لە نێو کۆمەڵگا و قوتابخانەو خێزاندا قەدەغە دەکرێ.

**ماددەی (28) ماف بە کاربەران (المستهلك)**

پێویستە کاربەدەستانی هەرێمی کوردستان پارێزگاری لە مافەکانی بە کاربەران بکەن و بواری یاساییان بۆ پێك بێنن بۆ ئەوەی توانای بەرگریان هەبێ لە مافەکانیان و کۆمەڵە و یەکێتیی تایبەت بەخۆیانەوە دابمەزرێنن.

## بەشی سێیەم
## مافە نەتەوەیی و ئایینیەکانی پێکهاتە
## جۆراوجۆرەکانی هەرێمی کوردستان-عیراق

**ماددەی (29)**

ئەو کەسانەی سەر بە یەکێك لە پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینیەکانن لە هەرێمدا مافی ئەوەیان هەیە بە ناوی خۆیانەوە بە فەرمی بناسرێن و مافی ئەوەشیان هەیە، ، ناوی شوێنە خۆجییە نەریتیەکانیان بە زمانی خۆیان بەکار بێنن، لەگەڵ پابەندبوونیان بە حوکمەکانی یاسای زمانەکانی کارپێکراو لە هەرێمی کوردستان.

**ماددەی (30)**

**یەکەم:** نابێ حوکمەکانی باری کەسێتیی پەیڕەوانی ئایینێك لە سەر پەیڕەوانی ئایینێکی دیکەدا بسەپێندرێن.

**دووەم:** پەیڕەوانی ئایین و ئایینزاکانی نا موسوڵمان وەك مەسیحی و ئێزدیەکان وهیدیکە، بۆیان هەیە ئەنجومەنی ئایینی خۆیان دابمەزرێنن و پەیڕەوی لە حوکمەکانی تایبەت بە باری کەسێتیان بکەن کە بە یاسا دیار دەکرێن و دادگای ماددە کەسیەکانیش لێیان دەڕوانیو حوکمەکانی ئەم یاسایانەی پێوەندیان بە ماددە کەسیەکانی ئەوانەوە هەیە، هەتا بەیاسایەك هەمواردەکرێن, یان هەڵدەوەشێنرێنەوە، کاریان پێ دەکرێ.

**ماددەی (31) پابەند بوونی کاربەدەستان بە دەستەبەرکردنی یەکسانیەوە**

کاربەدەستانی هەرێمی کوردستان دەبێ بنەمای یەکسانیەکی کارا دەستەبەر بکەن و کاربکەن بۆ بەدیهێنانیان لەنێو خەڵکانی سەر بە پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینیەکانداو کەشێکی دابینکەر ئامادە بکەن کە ناسنامەیان بپارێزرێ و ڕێکاری پێویست بۆ پتەوکردنیشی بگرنەبەر.

ماددەی (32) پابەند بوونی کاربەدەستان بە دوورکەوتنەوە لە دوورخستنەوەی بەزۆرەملێ

یەکەم: کاربەدەستانی هەرێم دەبێ کەسانی سەر بە پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینیەکان بپارێزن لە گرتنەبەری هەر رێکارێك بە مەبەستی دوور خستنەوەیان بە زۆرەملێ. و دەبێ پشتیوانیان لێ بکەن و هانیان بدەن بۆ دامەزراندنی رابیتەو کۆمەڵەی تایبەت بەخۆیانەوەو بەردەوامبوونیان.

دووەم: حکومەتی هەرێمی کوردستان پابەندە بە نەهێشتنی گۆڕینی بە ئەنقەست لە ڕێژەی دانیشتوان لەو ناوچانەی کە پێکهاتەیەکی نەتەوەیی, یان ئایینی لێ دەژیت، بێ ئەوەی کاربکاتە سەر پرۆسەی سڕینەوەی شوێنەواری بە عەرەبکردن و ڕاگوێزانە زۆرەملێییەی کە ڕژێمی بەعس لە کەرکووك وناوچەکانی دیکەی کوردستان-عیراق ئەنجامی داون.

ماددەی (33)

کاربەدەستانی هەرێمی کوردستان بنەمای ڕێزلێکگرتن پتەو دەکەن لە نێوان هەموو ئەو کەسانەدا کەلە هەرێم نیشتەجێن, بە تایبەتی لە بوارەکانی خوێندن و راگەیاندن و رووناکبیری گشتیدا و هەلومەرجی پێویست دەرەخسێنن بۆ ئەوەی کەسانی سەر بە پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینیەکان بەشداریەکی کارایان لەگشت بوارەکانی ژیاندا هەبێ.

ماددەی (34)

هەر پێکهاتەیەکی ئایینی لە هەرێمدا مافی خۆیەتی ئەنجومەنێك بۆ گەشە پێدان و ڕێکخستنی کاروباری ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و کەلەپووریی خۆی دابمەزرێنێ و پەرەی پێ بدا، ئەمەش بە یاسایەك ڕێکدەخرێ.

ماددەی (35)

ئەم دەستووره مافی نەتەوەیی و ڕۆشنبیری وکارگێڕی دەستەبەر دەکات بۆ تورکمان, عەرەب, کلدان وسریان وئاشووری, ئەرمەن بە مافی ئۆتۆنۆمیشەوە بۆ هەر پێکهاتەیەك زۆرینەی هەبێت. ئەمەش بە یاسایەك ڕێکدەخرێ.

ماددەی (36)

ئەو حوکمانەی لەو بەشەدا هاتوون سەرباری ئەو مافانەن کەلەم دەستوورەدا بۆ پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینیەکان هاتوون.

## بەشی چوارەم

## ڕێککەوتن و پەیماننامەو یاسایە نێو دەوڵەتیەکان

ماددەی (37)

سەرباری ئەو مافانەی لەم دەستوورەو لە یاسای نێو دەولەتیدا بۆی دەستەبەر کراون، هەرکەسێك مافی خۆیەتی کەڵك لەو مافانەش وەربگرێ کەلە رێککەوتننامەو پەیماننامەو بەڵێننامەو جاڕنامە نێو دەولەتیەکانی پێوەندیدار بە مافی مرۆڤەوە هاتوون و عێراق چۆتە ناویانەوە, یان پەسندی کردوون.

ماددەی (38) پشتێنەی کۆتبەندکردنی مافەکان

یەکەم: نابێ هیچ کۆتێك دابنرێ لەسەر بەکارهێنانی ئەو مافە شارستانی و سیاسی و کۆمەلایەتی و ئابووری و رۆشنبیریانەو مافەکانی پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینیانەی کەلەم دەستوورەدا دانیان پێدانراوە، مەگەر بەیاسا بێت، بەمەرجێ ئەو کۆتەی دادەندرێت کرۆکی مافەکان نەپێکێت, ئەویش بە پێی پێویست وباو بێت لە کۆمەلگایەکی دیموکراتی ئاشتیخوازی بنیاتنراو لەسەر فرەلایەنی ورێزگرتن ویەکسانی وئازادیدا. هەر کۆتێکیش بە پێچەوانەوەی ئەمەبێ بەهیچ دادەندرێت.

دووەم: هەموو کەسێکی خاوەن بەرژەوەندیی ڕاستەوخۆ بۆی هەیە لەبەردەم دادگای دەستووریی هەرێمدا تانووت لەو یاسایە یان ئەو رێکارە، بدات، کە بە پێچەوانەی برگەی یەکەمی ئەم ماددەیە, مافەکەی کۆتبەند کردووە.

## دەروازەی سێیەم

## دەستەلاتەکانی هەرێمی کوردستان-عیراق

ماددەی (39)

دەستەلاتەکانی هەرێمی کوردستان پێکدێن لە:

یەکەم: دەستەلاتی یاسادانان.

دووەم: دەستەلاتی جێبەجێکردن.

سێیەم: دەستەلاتی دادوەری.

## بەشی یەکەم

## پەرلەمانی کوردستان-عیراق

ماددەی (40)

پەرلەمانی کوردستان-عیراق دەستەلاتی یاسادانان و سەرچاوەی بڕیاردانە لەسەر پرسە چارەنووس سازەکانی گەلی هەرێمی کوردستان و ئەندامەکانی لە دەنگدانێکی گشتیی ئازاد و ڕاستەوخۆی نهێنیدا هەلدەبژێردرێن.

ماددەی (41)

یەکەم: شێوەی هەلبژاردنی ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان و چۆنیەتی و کاتی ئەنجامدانی و رێژەی نوێنەرایەتی تیادا بەپێی یاسا دیاردەکرێن.

دووەم: لە سستەمی هەلبژاردنی ئەندامانـدا نوێنەرایەتیی دادپەروەرانەی پێکهاتەکانی گەلی کوردستان ورێژەی بەلای کەم, (30٪)ی کورسیەکانی پەرلەمانی کوردستان_عێراق بۆ ژنان لەبەر چاو دەگیرێ.

سێیەم: ئەندامانی پەرلەمان نوێنەری گەلی کوردستان_عێراقن, بە هەموو پێکهاتەکانیەوە, بێ لەبەرچاوگرتنی پێوەندیی سیاسی، نەتەوەیی، ئاینی, یان ناوچەی هەڵبژاردنیانەوە.

ماددەی (42)

یەکەم: خولی هەڵبژاردنی پەرلەمان چوارساڵە, کەلە ڕۆژی یەکەم کۆبوونەوەیەوە دەست پێ دەکات.

دووەم: پەرلەمان لەسەر بانگهێشتی سەرۆکی هەرێمی کوردستان, لە ماوەی پازدە ڕۆژی دوای ڕاگەیاندنی دوائاکامەکانی هەڵبژاردنەوە کۆدەبێتەوە، و ئەگەر هات و بانگهێشت بۆ کۆبوونەوەی دەرنەچوو، هەر خۆی سەعات دوازدەی نیوەڕۆی ڕۆژی دوای تەواوبوونی ئەو ماوەیە کۆدەبێتەوە.

ماددەی (43)

پەرلەمان یەکەم کۆبوونەوەی خۆی بە سەرۆکایەتی بە تەمەنترین ئەندامی ئەنجام دەدات و سەرۆك و جێگری سەرۆك و سکرتێری گشتی بە دەنگدانی نهێنی لە نێو ئەندامەکانیدا هەڵدەبژێردرێن.

ماددەی (44)

ئەندامی پەرلەمان, پێش دەست بەکاربوونی, ئەم سوێندە دەستووریە دەخوا:

{ بەخودای گەورە سوێند دەخۆم کە بەرژەوەندی گەلی هەرێمی کوردستان و یەکێتی وکەرامەت و ماف و ئازادیەکانی هاوڵاتیان و سامانی گشتی بپارێزم و پابەندی حوکمەکانی دەستوور بم و ئەرکی ئەندامەتی بەڕاستی و دڵسۆزیەوە ئەنجام بدەم. }

ماددەی (45)

ئەندامی پەرلەمان, کە سوێندی دەستووری خوارد, بە دەست کێشایەوە لە فەرمانەکەی خۆی دەژمێردرێ و پاش تەواوبوونی ماوەی ئەندامەتیی پەرلەمان بۆی هەیە بچێتەوە سەر فەرمانەکەی خۆی, یان فەرمانێکی هاوشێوەو ماوەی ئەندامەتیی پەرلەمانیشی بۆ مەبەستی پایەبەرزکردنەوە وقیدەم و پلە پێدان و خانەنشینی بۆ ئەژماردەکرێ.

ماددەی (46)

نابێ ئەندامەتیی پەرلەمانی کوردستان-عیراق لەگەڵ ئەندامەتیی پەرلەمانی فیدراڵ ، ئەنجومەنە خۆجێییەکان, شارەوانی یان فەرمانبەریەتیی گشتی کۆبکرێتەوە.ئەندام تەرخان دەبێ بۆ کاری پەرلەمان و لە ماوەی ئەندامەتی پەرلەماندا قەدەغەیە هیچ پیشەیەکی دیکە پیادەبکات.

ماددەی (47)

یەکەم: پەرلەمان لە ساڵێکدا دوو خولی کارکردنی هەیە، ماوەی هەر یەکێکیان چوار مانگە، وپێڕەوی ناوخۆی چۆنیەتیی سازدانیان دیاردەکات.

دووەم: ئەوخولەی کاری پەرلەمان، کە بودجەی گشتی تێدا خرابێتە ڕوو، هەتا بودجەکە پەسند نەکرێ کۆتایی نایە.

دەکرێ خولی کاری پەرلەمان بۆ تەواوکردنی هەندێ کاری دیکە، بەلای زۆری، بۆ ماوەی سی (30) ڕۆژ درێژ بکرێتەوە، ئەگەر لەبەر گرنگیەکەی درێژکردنەوەی دەویست، ئەمەش بەداوای سەرۆکی هەرێمی کوردستان، یان سەرۆکی پەرلەمان، یان سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران یان بیست و پێنج کەس لە ئەندامانی پەرلەمان دەبێ.

ماددەی (48)

نیسابی یاسایی پەرلەمان بە ئامادەبوونی زۆرینەی ئەندامەکانی بەدەست دێ و بڕیارەکانیشی بە دەنگی زۆرینەی ئامادە بووان دەردەچن، مەگەر دەقێکی یاسا یان پێڕەوی ناوخۆ بە پێچەوانەی ئەوە هاتبێ، ئەگەر دەنگەکانیش وەك یەك بوون سەرۆکی پەرلەمان دەنگی یەکلاکەرەوەی هەیە.

ماددەی (49)

دە (10) ئەندامی پەرلەمان دەتوانن پێشنیازیی یاسایەك یان بڕیارێك پیشکەش بە پەرلەمان بکەن.

ماددەی (50)

یەکەم: ئەندامی پەرلەمان بۆی هەیە لەبارەی کاروباری ئەنجومەنی وەزیران یان یەکێك لە وەزارەتەکانەوە، پرسیار بۆ سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران، یان جێگرەکەی یان یەکێك لە وەزیرەکانەوە پێشکەش بکات، و یاسا و پێڕەوی ناوخۆی پەرلەمان ڕێکخستنی ئەم کارە لەئەستۆ دەگرن.

دووەم: دە (10) کەس لە ئەندامانی پەرلەمان بۆیان هەیە لێپرسینەوە لە سەرۆك, یان ئەندامانی ئەنجومەنی وەزیران بکەن و گفتوگۆ لەسەر لێپرسینەوەکە ناکرێ تا دوای هەشت رۆژ لە گەیشتنی داواکاریی لێپرسینەوەکە بۆ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران. ئەگەر لێپرسینەوەکەش داوای متمانەسەندنەوەی لە سەرۆك ئەنجومەنی وەزیران یان یەکێك لە وەزیرەکانی لێکەوتەوە، ئەو کاتە متمانەسەندنەوە لە سەرۆك وەزیران بە ڕەزامەندی 3/2 دوو لەسەر سێی ئەندامانی پەرلەمان و لە وەزیر بە ڕەزامەندیی زۆرینەی ڕەهای ئەندامانی پەرلەمان دەبێ.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، پەخشان خان بۆ خوێندنەوەی ماددەی بیست و پێنج تا ماددەی پەنجا بە زمانی عەرەبی، فەرموو.

**بەڕێز پەخشان عبدالله زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة (25):

على سلطات الاقليم رعاية ذوي الاحتياجات الخاصة وتأهيلهم للاندماج في المجتمع وينظم ذلك بقانون.

**المادة (26):**

**تكفل حكومة الاقليم حق تأسيس الجمعيات والنقابات والمنظمات والاتحادات المهنية والانضمام الحر اليها وينظم ذلك بقانون.**

**المادة (27): التعليم والأسرة**

**أولاً: تكفل حكومة الاقليم التعليم المجاني بجميع مراحله الاساسية والثانوية والجامعية وكذلك التدريب المهني والتعليم التقني، ويكون التعليم إلزامياً لحين اكمال المرحلة الأساسية.**

**ثانياً: تتولى حكومة الإقليم حملة مكافحة الأمية.**

**ثالثاً: الأسرة هي نواة المجتمع الأساسية، ومن هذا المنطلق يجب حماية الأمهات والأطفال وحظر الاستغلال الاقتصادي للأطفال.**

**رابعاً: تكفل حكومة الإقليم تأسيس دور خاصة لرعاية وحماية النساء اللواتي افتقدن الأمان العائلي لأسباب اجتماعية.**

**خامساً: تمنع كافة أشكال التمييز والعنف والتعسف في المجتمع والمدرسة والاسرة.**

**المادة (28): حقوق المستهلكين**

**على سلطات اقليم كوردستان حماية حقوق المستهلكين وإيجاد الوسائل القانونية لتمكينهم من الدفاع عن حقوقهم وتأسيس الجمعيات والاتحادات الخاصة بهم.**

## الفصل الثالث

## الحقوق القومية والدينية

## للمكونات المختلفة في اقليم كوردستان-العراق

**المادة (29):**

**للأشخاص المنتمين الى احدى المكونات القومية أو الدينية في الاقليم الحق في الاعتراف القانوني بأسمائهم ولهم الحق في استخدام أسماء الأماكن المحلية التقليدية بلغتهم مع الالتزام بأحكام قانون اللغات النافذ في اقليم كوردستان.**

**المادة (30):**

**أولاً: لا يجوز فرض أحكام الأحوال الشخصية لأتباع ديانة على اتباع ديانة أخرى.**

**ثانياً: لأتباع الديانات والطوائف غير المسلمة كالمسيحيين والايزديين وغيرهم إنشاء مجالسهم الدينية واتباع الأحكام الخاصة بأحوالهم الشخصية التي تحدد بقانون وتنظر فيها من قبل محكمة المواد الشخصية وتبقى أحكام القوانين المتعلقة بالمواد الشخصية الخاصة بهم نافذة ما لم يتم تعديلها أو الغاؤها بقانون.**

**المادة (31): إلتزام السلطات بضمان المساواة**

على السلطات في اقليم كوردستان ضمان تحقيق مبدأ المساواة الفعالة والعمل على تحقيقها بين الأشخاص المنتمين الى المكونات القومية أو الدينية وتهيئة الظروف الكفيلة بالحفاظ على هويتهم واتخاذ التدابير اللازمة لتعزيزها.

المادة (32): التزام السلطات بتجنب الاستبعاد القسري

أولاً: على السلطات في الاقليم حماية الأشخاص المنتمين الى المكونات القومية أو الدينية من أي إجراء يهدف الى الاستبعاد القسري وعليها دعم وتشجيع الاشخاص المنتمين اليها في انشاء الرابطات والجمعيات الخاصة بهم والحفاظ على استمراريتها.

ثانياً: تلتزم حكومة اقليم كوردستان بمنع التغيير عمداً في نسبة السكان في المناطق التي يسكنها مكون قومي أو ديني، دون المساس بعملية ازالة آثار التعريب والتهجير القسري الذي قام بهما النظام البعثي في كركوك والمناطق الاخرى من كوردستان-العراق.

المادة (33):

تقوم السلطات في اقليم كوردستان بتعزيز مبدأ الاحترام المتبادل بين جميع الأشخاص المقيمين في الاقليم خصوصاً في مجالات التعليم والاعلام والثقافة العامة، وتهيئ الظروف اللازمة للأشخاص المنتمين الى المكونات القومية أو الدينية للمشاركة في جميع مجالات الحياة مشاركة فعالة.

المادة (34):

لكل مكون ديني في الإقليم الحق في تأسيس مجلس لتطوير وتنظيم شؤونه الثقافية والاجتماعية والتراثية وتنميتها وينظم ذلك بقانون.

المادة (35):

يضمن هذا الدستور الحقوق القومية والثقافية والادارية للتركمان، العرب، الكلدان والسريان والاشوريين، الأرمن بما فيها الحكم الذاتي حيثما تكون لأي مكون منهم أكثرية سكانية وينظم ذلك بقانون.

المادة (36):

يعتبر ما ورد في هذا الفصل من أحكام حقوقاً مضافة الى حقوق المكونات القومية والدينية الواردة في هذا الدستور.

## الفصل الرابع

المادة (37) الاتفاقيات والمواثيق والقوانين الدولية:

لكل شخص حق التمتع بالحقوق الواردة في الاتفاقيات والمواثيق والعهود والاعلانات الدولية المتعلقة بحقوق الانسان التي انضم اليها أو صادق عليها العراق، إضافة الى الحقوق المكفولة له بموجب هذا الدستور والقانون الدولي.

المادة (38) نطاق تقييد الحقوق:

أولاً: لا يجوز وضع أي قيد على ممارسة الحقوق المدنية والسياسية والاجتماعية والاقتصادية والثقافية وحقوق المكونات القومية والدينية المعترف بها في هذا الدستور إلا بقانون، على أن لا يمس القيد جوهر تلك الحقوق وبالقدر الضروري والمقبول في مجتمع ديمقراطي مسالم مبني على التعددية والكرامة والمساواة والحرية، ويعد باطلاً كل قيد يفرض خلاف ذلك.

ثانياً: لكل شخص ذي مصلحة مباشرة الطعن في القانون أو الاجراء المقيّد للحق خلافاً للفقرة أولاً من هذه المادة وذلك أمام المحكمة الدستورية للاقليم.

## الباب الثالث

## سلطات اقليم كوردستان-العراق

المادة (39):

تتكون سلطات اقليم كوردستان من:

أولاً: السلطة التشريعية.

ثانياً: السلطة التنفيذية.

ثالثاً: السلطة القضائية.

### الفصل الأول

### برلمان كوردستان-العراق

المادة (40):

برلمان كوردستان-العراق هو السلطة التشريعية والمرجع للبت في القضايا المصيرية لشعب اقليم كوردستان ، ويجري انتخاب أعضائه من خلال الاقتراع العام الحر المباشر السري.

المادة (41):

أولاً: تحدد طريقة انتخاب أعضاء برلمان كوردستان- العراق وكيفية إجرائه وتحديد موعده ونسبة التمثيل فيه بموجب القانون.

ثانياً: يؤخذ بعين الاعتبار في نظام انتخاب الاعضاء التمثيل العادل لمكونات شعب كوردستان ـ العراق وضمان نسبة لا تقل عن (30٪) من المقاعد لتمثيل المرأة في البرلمان.

ثالثاً: يمثل عضو البرلمان شعب كوردستان-العراق بجميع مكوناته بصرف النظر عن انتماءاته السياسية أو القومية أو الدينية أو منطقته الانتخابية.

المادة (42):

أولاً : الدورة الانتخابية للبرلمان أربع سنوات تبدأ من تأريخ أول اجتماع له.

ثانياً: يجتمع البرلمان بدعوة من رئيس اقليم كوردستان خلال خمسة عشر يوماً من تأريخ إعلان النتائج النهائية للانتخابات، وفي حالة عدم صدور الدعوة لاجتماعه، فانه يجتمع تلقائياً في الساعة الثانية عشرة ظهراً من اليوم التالي لانتهاء المدة المذكورة.

المادة (43):

يعقد البرلمان جلسته الأولى برئاسة اكبر أعضائه سناً، وينتخب له بالاقتراع السري رئيساً ونائباً للرئيس وسكرتيراً عاماً من بين اعضائه.

المادة (44):

يؤدي عضو البرلمان قبل المباشرة بمهمته اليمين الدستورية الآتية:

(أقسم بالله العظيم أن أحافظ على مصلحة شعب اقليم كوردستان-العراق ووحدته وكرامته وحقوق وحريات مواطنيه والمال العام وأن ألتزم بأحكام الدستور وأن أقوم بمهمة العضوية بصدق واخلاص).

المادة (45):

يعتبر عضو البرلمان مستقيلاً من وظيفته عند أدائه اليمين الدستورية، وله حق العودة اليها أو لوظيفة مماثلة لها بعد انتهاء مدة عضويته، وتحتسب مدة عضويته في البرلمان لأغراض الترفيع والترقية والأقدمية والتقاعد.

المادة (46):

لا يجوز الجمع بين عضوية برلمان كوردستان-العراق والعضوية في البرلمان الاتحادي أو المجالس المحلية أو البلدية أو الوظيفة العامة ويكون العضو متفرغاً للعمل البرلماني ويحظر عليه ممارسة أية مهنة أخرى طيلة مدة عضويته في البرلمان.

المادة (47):

أولاً: للبرلمان دورتا انعقاد في السنة الواحدة مدة كل منها أربعة أشهر، ويحدد النظام الداخلي كيفية انعقادهما.

ثانياً: لا تنتهي دورة انعقاد البرلمان التي تعرض فيها الموازنة العامة حتى تتم الموافقة عليها، ويمكن أيضاً تمديد دورة انعقاد البرلمان بما لا يزيد عن ثلاثين يوماً لإنجاز مهمات أخرى تستدعي أهميتها التمديد بناء على طلب رئيس اقليم كوردستان أو رئيس البرلمان أو رئيس مجلس الوزراء أو خمسة وعشرين عضواً من أعضاء البرلمان.

المادة (48):

يحصل النصاب القانوني في البرلمان بحضور الأغلبية المطلقة لأعضائه، وتصدر قراراته بأغلبية أصوات الحاضرين ما لم ينص القانون أو نظامه الداخلي على خلاف ذلك، وإذا تساوت الأصوات فلرئيس البرلمان صوت الترجيح.

المادة (49):

لعشرة من أعضاء البرلمان تقديم مقترح قانون أو قرار للبرلمان.

المادة (50):

أولاً: لعضو البرلمان توجيه أسئلة لرئيس مجلس الوزراء ونائبه والوزراء حول الأمور التي تخص مجلس الوزراء أو إحدى الوزارات، ويتولى قانون البرلمان ونظامه الداخلي تنظيم ذلك.

**ثانيـاً: لعشـرة مـن أعضـاء البرلـمان طلـب اسـتجواب رئـيس أو أعضـاء مجلـس الـوزراء، ولا تجـري المناقشـة في الاستجواب إلا بعد ثمانية أيام من تأريخ وصـول طلـب الاسـتجواب الى رئاسـة مجلـس الـوزراء، وإذا تمخض عـن الاستجواب طلب حجب الثقة عن رئيس مجلس الـوزراء أو عـن أحـد الـوزراء، يكـون حجب الثقـة عـن رئـيس الوزراء بموافقة (2\3) ثلثي أعضاء البرلمان وعن الوزير بموافقة الاغلبية المطلقة من أعضاء البرلمان.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**زۆر سوپاس، كاك زانا بۆ خوێندنـەوەی ماددەی پەنجا تا شەست و چوار بە زمانی كوردی، فەرموو.**

**بەڕێز قادر سعيد خضر(زانا):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**ماددەی (51)**

**سـەرۆكی پەرلـەمان و جێگرەكـەی و سـكرتێری گشـتیی وئەنـدامانی پەرلـەمان شـایانی چـەند مـاف و ئیمتیازێكن كە سەربەخۆیی وڕەوشێكی ژیانی گونجاویان بۆ دابین بكەن، ئەمەش بە یاسایەك دیاردەكرێن و ڕێكدەخرێن.**

**ماددەی (52)**

**وردەكـاریی و بەڕێوەچـوونی كـاری پەرلـەمان و چـۆنیەتی بەسـتنی كۆبوونـەوە ئاسـایی و نائاسـاییەكانی و ڕێكخستن و بـەڕێوەبردنیان و حاڵەتـەكانی كۆتـایی هـاتنی ئەندامـەتی و چـۆنیەتیی پڕكردنـەوەی كورسـیە چۆڵەكان بە یاسای پەرلەمان و پێڕەوە نێو خۆییەكەی دیار دەكرێن و ڕێك دەخرێن.**

**ماددەی (53)**

**پەرلـەمان بێجگـە لـەو ئەركانـەی بـەپێی یاسـا كارپێكراوەكـانی هـەرێم پێـی دەسـپێردرێن ئـەم ئەركانەشـی لەسەر شانە:**

**یەكەم: بڕیاردان لەسەر پرسە چارەنووس سازەكانی گەلی كوردستان-عیراق بـە دەنگـی زۆرینـەی دوو لەسـەر سێی ئەندامەكانی.**

**دووەم: ڕەزامەنـدی لەسـەر ئـەو هەمواركردنـە دەسـتووریانەی بـە پێـی مـاددەی (120/چـوارەم)ی ئـەم دەستوورە پێشنیاز دەكرێن.**

**سێیەم:**

**1- دانانی یاسا لە هەرێمی كوردستان، كە هەمواركردن و هەڵوەشاندنەوەی یاساكانیش دەگرێتەوە لە هەموو پرسـێكدا, جگـە لـەو پرسـانەی بـە تـەواوی دەكەونـە نێـو دەسـەڵاتی یاسـادانانی تایبـەتی (حصـری ) دامودەسگاكانی فیدڕاڵی كە بەپێی ماددەی (110)ی دەستووری فیدراڵی پێیان دراوە.**

**2- بڕیـاردان لەسـەر كـارپێكردنی یاسـا فیدراڵیـەكان لـە هـەرێمی كوردسـتاندا و هـەمواركردنی جێبـەجێ كردنیان , ئەمەش بە یاسایەك دەبێ, جگە لەو یاسایانەی كە بەپێی مـاددەی (110)ی دەسـتووری فیـدراڵی**

به تەواوی دەکەونە بەر دەسەڵاتە تایبەتیەکانی (حصری) دامودەسگاکانی دەوڵەتی فیدراڵ , کە لەگەڵ کارپێکرانیان بەپێی حوکمەکانی دەستووری فیدراڵی، لە کوردستانیش جێبەجێ دەکرێن.

چوارەم: گرتنەبەری ڕێکاری تۆمەتبارکردنی سەرۆکی هەرێمی کوردستان, یان جێگرەکەی بە ڕەزامەندی دوو لەسەر سێی ئەندامانی پەرلەمان لەسەر بنەمای شکاندنی سوێندی دەستووری, یان پێشێلکردنێکی سامناکی دەستوور, یان خیانەتی گەورە.

پێنجەم: متمانەدان بە وەزارەت و ئەندامەکانی یان لێوەرگرتنەوەیان. متمانەوەرگرتنەوەش لە سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران بە زۆرینەی دوو لەسەر سێی ئەندامانی پەرلەمان ولە وەزیریش بە زۆرینەی ڕەهای ژمارەی ئەندامان دەبێت.

شەشەم: چاودێریکردنی کارەکانی دەسەڵاتی جێبەجێ کردن و لێپرسینەوە لە سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و جێگرەکەی و وەزیرەکان, بەپێی یاسا و ڕێکارەکانی پێڕەوی نێوخۆی پەرلەمان.

حەوتەم: پەسەندکردنی بودجەی گشتی هەرێمی کوردستان و ژمێرکاریی کۆتایی و گواستنەوە لە نێو دەروازەکانی بودجەداو بڕیاردان لەسەر ئەو خەرجیانەی لە بوجەدا نەهاتوون.

هەشتەم: پەسەندکرنی پلانە گشتیەکانی پەرەپێدان.

نۆیەم: دانانی باج و رەسمەکان و هەموارکردن و هەڵوەشاندنەوەیان، یان لێخۆشبوونیان.

دەیەم: بڕیاردان، بە زۆرینەی ڕەهای دەنگی ئامادەبووان، لەسەر دروستی ئەندامەتیی لە پەرلەمان دەکرێ. ئەم بڕیارەش دەکرێ، لە ماوەی سی (30) ڕۆژ لەدوای دەرچوونیەوە، تانووتی لێ بدرێ لەبەردەم دادگای دەستووریی هەرێمەوە.

یازدەم: دانانی پێڕەوی ناوخۆی پەرلەمان و دیارکردنی میلاکی فەرمانبەرەکانی و خەملاندنی بودجەکەی ودامەزراندنی فەرمانبەرەکانی و دیارکردنی مووچەکانیان.

دوازدەم: پێکهێنانی لیژنە هەمیشەیی و کاتیەکان و لیژنەکانی لێکۆڵینەوە.

سێزدەم: پەسەندکردنی پاڵاوتنی ئەندامانی دادگای دەستووریی هەرێمی کوردستان بە دەنگی زۆرینەی ژمارەی ئەندامەکانی.

چواردەم: پەسەندکردنی پاڵاوتنی سەرۆکەکانی ئەو دەستە و کۆمسیۆنە سەربەخۆیانەی کە لەماددەی (107)ی ئەم دەستوورەدا دەقنووس کراون، بە دەنگی زۆرینەی ڕەهای ژمارەی ئەندامانی.

ماددەی (54)

بەدەر لە حوکمی بڕگەی (حەوتەم)ی ماددەی (65), کە لەم دەستوورەدا هاتووە، پەرلەمان بۆی نیە واز لە دەستەڵاتەکانی یاسادانانی خۆی بێنێ.

ماددەی (55)

یەکەم: ئەندامی پەرلەمان پارێزراوەیی (حصانە)ی پەرلەمانی هەیە و بۆی هەیە لەو سنوورەی کەلە پێڕەوی ناوخۆی پەرلەماندا هاتووە بە ئازادی قسە بکات.

**دووەم: به ڕەزامەندیی پەرلەمان نەبێ، نابێ ئازادیی ئەندامی پەرلەمان کۆتبەند بکرێت، یان چاودێری بخرێتە سەر.**

**سێیەم: ئەندامی پەرلەمان لە خولی کۆبوونەوەکانی پەرلەماندا نابێ لەهیچ لایەنێکەوە، بەبێ ڕێگە پێدانی پێشتری پەرلەمان، ڕاوە دوو بنرێ یان لێکۆڵینەوەی لەگەڵدا بکرێ، یان خۆی، ماڵی یان نووسینگەی بپشکێندرێ، مەگەر لەکاتی ئەنجامدانی تاوانێکی بەئاشکرادا بگێرێ.**

**چوارەم: نابێ ئەندامی پەرلەمان لەدەرەوەی خولی کۆبوونەوەی پەرلەماندا لە هێچ لایەنێکەوە بەبێ ڕێگە پێدانی پێشتری پەرلەمان ڕاوەدوو بنرێ یان لێکۆڵینەوەی لەگەڵدا بکرێ یان خۆی، ماڵی یان نووسینگەی بپشکێنرێ, مەگەر لەکاتی ئەنجامدانی تاوانێکی بەئاشکرادا بگێرێ.**

**ماددەی** (56)

**یەکەم: پەرلەمان بۆی هەیە بە ڕەزامەندیی دوو لەسەر سێی ئەندامانی، خۆی هەڵوەشێنێتەوە.**

**دووەم: پەرلەمان لەم حاڵەتانەی خوارەوەدا بەمەرسوومێکی سەرۆکی هەرێمی کوردستان هەڵدەوەشێتەوە:**

1- **ئەگەر پتر لە نیوەی ئەندامەکانی دەستیان لەکار کێشایەوە.**

2- **ئەگەر شەست ڕۆژ پاش بانگهێشتنی بۆ کۆبوونەوە لە دوای هەڵبژاردنیدا نیسابی یاسایی بۆ کۆبوونەوەی تەواو نەبوو.**

3- **ئەگەر متمانەی نەدا بە سێ کابینەی پێشنیازکراوی وەزاریی جیاوازی یەك لە دوای یەكدا.**

**ماددەی** (57)

**ئەگەر پەرلەمان هەڵوەشایەوە یان خولی هەڵبژاردنیی تەواوبوو, مەرسوومێك دەردەچێت بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکان**

**ودیارکردنی رۆژی ئەنجامدانی لەماوەی  پازدە رۆژ لە هەڵوەشانەوەیدا, یان بەلای کەمی, نەوەد رۆژ پێش کۆتایی خولی هەڵبژاردن، بە مەرجێك ئەنجامدانی کاتی هەڵبژاردن لە نەوەد رۆژی دوای هەڵوەشاندنەوەی تێپەڕنەکات، یان دەبێ لە ماوەی نەوەد رۆژ پیش کۆتایی خولی هەڵبژاردن بێت.**

**ماددەی** (58)

**ئەگەر پەرلەمان بەپێی حوکمی ماددەی (56)ی ئەم دەستورە هەڵوەشایەوە یان خولەکەی تەواوبوو، و نەش تواندرا هەڵبژاردنێکی نوێ بکرێ، یان لەبەر هەلومەرجێکی دژوار، دوا کەوت، پەرلەمان دەمێنێتەوەو لەسەر ئەرك و دەسەڵاتە دەستووریەکانی بەردەوام دەبێ هەتا پەرلەمانێکی نوێ هەڵدەبـژێردرێ و یەکەمین کۆبوونەوەی خۆی دەبەستێ. کارکردن بە مەرسوومی هەڵوەشاندنەوەکەش، هەتا هەڵبژاردنی پەرلەمانی نوێ، بە هەڵپەسێردراو دادەندرێت.**

## بەشی دووەم

## دەسەڵاتی جێ بەجێ کردن

**ماددەی** (59)

دەســـەڵاتی جێبــەجێکردن لــە: ســـەرۆکایەتی هــەرێمی کوردســـتان وئەنجومـــەنی وەزیـــران پێکــدێ و دەسەڵاتەکانیشیان بەپێی دەستوورو یاسا پیادەدەکەن.

یەکەم: سەرۆکی هەرێمی کوردستان

ماددەی (60)

یەکەم: سەرۆکی هەرێمی کوردستان سەرۆکی باڵای دەسەڵاتی جێبەجێکردنو فەرماندەی گشتیی هێزەکانی پێشمەرگەی (پاسەوانی هەرێم)ەو لە بۆنە نیشتمانی و نەتەوەییەکاندا نوێنەرایەتیی گەلی هـەرێم دەکاتو هەماهەنگی لە نێوان دەسەڵاتەکانی فیدراڵیو دەسەڵاتەکانی هەرێمدا دەکا.

دووەم: سـەرۆکی هـەرێمی کوردسـتان جێگرێـك بـۆ خـۆی هەڵدەبـژێرێ کـە هاوکاریی دەکا لـە ئەنجامـدانی ئەرکەکانیدا ولەکاتی ئامادەنەبوونیدا جێـی دەگرێتـەوەو جێگـری فەرمانـدەی گشـتی هێزەکـانی پێشـمەرگە (پاسەوانی هەرێم) دەبێ، بە مەرجێك ڕەزامەندی پەرلەمان بەدەست بهێنـێ بـە زۆرینـەی ڕەهـای ژمـارەی ئەندامانی.

ماددەی (61)

سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە ڕێگای دەنگدانی گشتیی، نهێنیی، ڕاستەوخۆوە لەلایەن هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستانەوە هەڵدەبژێردرێ، بەو شێوەیەی کە یاسا دیاری دەکا.

ماددەی (62)

سەرۆکی هەرێم، یان جێگرەکەی لەسەر پۆستەکەی لادەبـرێ ئەگـەر دادگـای دەسـتوری بـەتاوانکاری دانـا لـە ئاکامی تۆمەتبارکردنیەوە بەزۆرینەی دوو لەسەر سێی ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان-عیراق، بەشـکاندنی سوێندی دەستوریی یان پێشێلکردنێکی سامناکی دەستور، یان ئەنجامدانی خیانەتی گەورە.

ماددەی (63)

سەرۆکی هەرێمی کوردستانو جێگرەکەی پێش دەست بەکاربوونیان، لەبەردەم پەرلەمانی کوردسـتاندا ئـەم سـوێندە دەسـتوریە دەخـۆن: ( بـەخودای گـەورە سـوێند دەخـۆم کـە مـافو دەسـکەوتەکانو یەکیـەتیو بەرژەوەندیەکانی گەلی کوردستان-عیراق بپارێزمو ئەرك‌وفەرمانەکانم بەڕاستیو دڵسۆزی بـەجێ بگەیـەنمو پابەندی دەستوری هەرێمی کوردستان بم).

ماددەی (64)

مـاوەی ویلایـەتی سـەرۆکی هـەرێمی کوردسـتان چـوار سـاڵە, کـە لـە ڕۆژی سـوێند خـواردنی دەسـتوریەوە دەستپێدەکات، ودەکرێ بۆ ویلایەتی دووەمیش هەڵ بژێردرێتەوە, لە ڕۆژی کارپێکردنی ئەم دەستوورەوە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ئێستا کاك خەلیل ئیبراهیم بۆ خوێندنەوەی ماددەی پەنجاو یـەك تـا مـاددەی شەسـت و چـوار بە زمانی عەرەبی، فەرموو.

**بەڕێز خليل ابراهيم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**المادة (51):**

**يستحق رئيس البرلمان ونائبه والسكرتير العام وأعضاء البرلمان حقوقاً وامتيازات تؤمن لهم استقلاليتهم وظروفاً حياتية مناسبة ويتم تحديدها وتنظيمها بقانون.**

**المادة (52):**

**تحدد وتنظم تفاصيل سير العمل في البرلمان وكيفية عقد جلساته العادية والاستثنائية وتنظيمها وإدارتها وحالات انتهاء العضوية وكيفية ملئ المقاعد الشاغرة بقانون البرلمان ونظامه الداخلي.**

**المادة (53):**

**يمارس البرلمان بالاضافة إلى أي اختصاص آخر يناط به بموجب القوانين النافذة في الاقليم الاختصاصات الآتية:**

**أولاً: البت في القضايا المصيرية لشعب كوردستان-العراق بأغلبية ثلثي عدد الأعضاء.**

**ثانياً: الموافقة على التعديلات الدستورية المقترحة وفقاً للمادة (120/ رابعاً) من هذا الدستور.**

**ثالثاً:**

**1- تشريع القوانين في اقليم كوردستان ويشمل ذلك تعديلها وإلغاءها في جميع الامور باستثناء المسائل التي تقع كلياً ضمن الاختصاصات التشريعية الحصرية للسلطات الاتحادية وفق المادة (110) من الدستور الاتحادي.**

**2- إقرار نفاذ القوانين الاتحادية في اقليم كوردستان وتعديل تطبيقها، وذلك بقانون باستثناء القوانين التي تقع كلياً ضمن الاختصاصات الحصرية للسلطات الاتحادية وفق المادة (110) من الدستور الاتحادي، فتطبق في الاقليم حال نفاذها بموجب أحكام الدستور الاتحادي.**

**رابعاً: اتخاذ إجراءات الاتهام لرئيس اقليم كوردستان أو نائبه بموافقة ثلثي أعضاء البرلمان وذلك على أساس الحنث في اليمين الدستورية أو انتهاك خطير للدستور أو الخيانة العظمى.**

**خامساً: منح الثقة بالوزارة وأعضائها وحجبها عنهم ويكون حجب الثقة عن رئيس مجلس الوزراء بأغلبية 3\2 ثلثي اعضاء البرلمان وعن الوزير بالاغلبية المطلقة لعدد اعضائه.**

**سادساً: مراقبة أعمال السلطة التنفيذية ومساءلة رئيس مجلس الوزراء ونائبه والوزراء وفق القانون وإجراءات النظام الداخلي للبرلمان.**

**سابعاً: إقرار الموازنة العامة لاقليم كوردستان والحسابات الختامية وإجراء المناقلة بين أبوابها والمصادقة على النفقات التي لم يرد ذكرها في الموازنة.**

**ثامناً: إقرار الخطط العامة للتنمية.**

**تاسعاً: فرض الضرائب والرسوم وتعديلها وإلغاؤها أو الاعفاء منها.**

**عاشراً: البت في صحة العضوية في البرلمان بالأغلبية المطلقة لأصوات الحاضرين ويكون القرار خاضعاً للطعن خلال ثلاثين يوماً من تأريخ صدوره وذلك لدى المحكمة الدستورية في الاقليم.**

**حادي عشر: وضع النظام الداخلي للبرلمان وتحديد ملاكات موظفيه وتقدير موازنته وتعيين موظفيه وتحديد رواتبهم.**

**ثاني عشر: تشكيل اللجان الدائمة والمؤقتة ولجان التحقيق.**

**ثالث عشر: المصادقة على ترشيح أعضاء المحكمة الدستورية لاقليم كوردستان بالاغلبية المطلقة لعدد أعضائه.**

**رابع عشر: المصادقة على ترشيح رؤساء الهيئات والمفوضيات المستقلة المنصوص عليها في المادة (107) من هذا الدستور بالاغلبية المطلقة لعدد أعضائه.**

**المادة (54):**

**لا يجوز للبرلمان التنازل عن سلطاته التشريعية باستثناء ما ورد في الفقرة (سابعاً) من المادة (65) من هذا الدستور.**

**المادة (55):**

**أولاً: يتمتع عضو البرلمان بالحصانة البرلمانية، وله حرية الكلام ضمن الحدود المبينة في النظام الداخلي للبرلمان.**

**ثانياً: لا يجوز تقييد حرية عضو البرلمان أو مراقبته إلا بموافقة البرلمان.**

**ثالثاً: لا تجوز ملاحقة عضو البرلمان، أو التحقيق معه، أو تفتيشه، أو تفتيش مسكنه أو مكتبه، أو القبض عليه اثناء دورة الانعقاد من قبل أية جهة كانت دون إذن مسبق من البرلمان، إلا في حالة الامساك به متلبساً بارتكاب جناية مشهودة.**

**رابعاً: لا تجوز ملاحقة عضو البرلمان، أو التحقيق معه، أو تفتيشه، أو تفتيش مسكنه أو مكتبه، أو القبض عليه خارج دورة الانعقاد من قبل أية جهة كانت دون إذن مسبق من رئيس البرلمان، إلا في حالة الامساك به متلبساً بارتكاب جناية مشهودة.**

**المادة (56):**

**أولاً: للبرلمان حل نفسه بموافقة أغلبية ثلثي عدد أعضائه.**

**ثانياً:يحل البرلمان بمرسوم يصدر من رئيس اقليم كوردستان في الحالات التالية:**

**1- استقالة أكثر من نصف عدد أعضائه.**

**2- عدم اكتمال النصاب القانوني لانعقاده خلال ستين يوماً من تأريخ دعوته للانعقاد عقب انتخابه.**

**3- عدم منح الثقة لثلاث تشكيلات وزارية مقترحة مختلفة ومتتالية.**

**المادة (57):**

**في حالة حل البرلمان أو انتهاء دورته الانتخابية, يصدر مرسوم بإجراء الانتخابات وتحديد موعدها خلال خمسة عشر يوماً من تاريخ حله أو قبل تسعين يوماً على الاقل لانتهاء الدورة الانتخابية على ان لا يتعدى**

**موعد إجرائها مدة تسعين يوماً التالية على تاريخ حله، او تكون خلال التسعين يوماً السابقة على تاريخ انتهاء دورته الانتخابية.**

**المادة (58):**

**في حالة حل البرلمان استناداً لحكم المادة (56) من هذا الدستور أو انتهاء مدة الدورة الانتخابية للبرلمان وتعذر إجراء انتخابات جديدة أو تأخرها لظروف قاهرة يبقى البرلمان قائماً ويستمر في أداء مهامه وسلطاته الدستورية حتى ينتخب برلمان جديد وانعقاد جلسته الأولى ويعتبر مرسوم الحل موقوفاً لحين اجراء انتخاب البرلمان الجديد.**

## الفصل الثاني

## السلطة التنفيذية

**المادة (59): تتكون السلطة التنفيذية من:**

**رئاسة اقليم كوردستان ومجلس الوزراء وتمارس صلاحياتها وفقاً للدستور والقانون.**

**أولاً : رئيس اقليم كوردستان-العراق**

**المادة (60):**

**أولاً: رئيس اقليم كوردستان هو الرئيس الأعلى للسلطة التنفيذية والقائد العام لقوات الپێشمەرگە (حرس الاقليم) ويمثل شعب الاقليم وينوب عنه في المناسبات الوطنية والقومية، ويتولى التنسيق بين السلطات الاتحادية وسلطات الاقليم.**

**ثانياً: يختار رئيس اقليم كوردستان، نائبا له يعاونه في أداء مهامه ويحل محله عند غيابه ويكون نائباً للقائد العام لقوات البيشمەرگە (حرس الاقليم)، على ان يحوز موافقة البرلمان بالاغلبية المطلقة لعدد اعضائه.**

**المادة (61):**

**ينتخب رئيس اقليم كوردستان عن طريق الاقتراع العام السري المباشر من قبل مواطني اقليم كوردستان بالطريقة التي يحددها القانون.**

**المادة (62):**

**ينحى رئيس الاقليم أو نائبه من منصبه إذا أدين من قبل المحكمة الدستورية في الاقليم بناءاً على اتهامه من قبل برلمان كوردستان بأغلبية ثلثي عدد أعضائه بالحنث باليمين الدستورية أو لانتهاك خطير للدستور أو ارتكاب الخيانة العظمى.**

**المادة (63):**

**يؤدي رئيس اقليم كوردستان ونائبه قبل مباشرتهما لمهامهما اليمين الدستورية الآتية أمام البرلمان: (أقسم بالله العظيم أن أحافظ على حقوق ومكتسبات ووحدة ومصالح شعب كوردستان ـ العراق وأن أؤدي مهامي بصدق وإخلاص وأن التزم بدستور اقليم كوردستان).**

**المادة (64):**

**مدة ولاية رئيس اقليم كوردستان أربع سنوات تبدأ من تاريخ ادائه اليمين الدستورية، ويجوز إعادة انتخابه لولاية ثانية اعتباراً من تاريخ نفاذ هذا الدستور.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**زۆر سوپاس، داوا لە کاك دلێر دەکەم کە لە ماددەی شەست و چوار تا حەفتاو سێ بخوێنێتەوە بە زمانی کوردی، فەرموو.**

**بەڕێز دلێر محمد شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ماددەی (65)**

**سەرۆکی هەرێم سەرەڕای هەر دەسەڵاتێك کە بەیاسا پێی بدرێ ئەم دەسەلاتانەی خوارەوەش پیادە دەکا:**

**یەکەم: پێشکەش کردنی پڕۆژەی یاساو بڕیارەکان بۆ پەرلەمانی هەرێمی کوردستان.**

**دووەم: دەرکردنی ئەو یاساو بڕیارانەی کە پەرلەمانی کوردستان دایاندەنێ، لەماوەی پازدە ڕۆژ لە وەرگرتنیەوە، بۆشی هەیە لەو ماوەیەدا ناڕەزایی لەسەر هەموو یان بەشێکیان دەربڕێو بیان نێرێتەوە بۆ پەرلەمان بۆ چاو پێداخشاندنەوەیان، و دواتر بڕیاری پەرلەمان لەبارەیانەوە بنبڕ دەبێ، ئەگەر سەرۆك لەو ماوەیەدا یاساو بڕیارەکانی دەرنەکرد, بێئەوەی ناڕەزاییان لەسەر دەربڕێ، ئەوا بەدەرچوو دەژمێردرێنوسەرۆکایەتی پەرلەمان بلاوکردنەوەیان لە ڕۆژنامەی فەرمیدا لەئەستۆدەگرێت.**

**سێیەم: دەرکردنی مەرسوومێك بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنی گشتیی پەرلەمان، لەکاتی هەڵوەشانەوەی یان تەواوبوونی خولەکەیدا، ئەمەش بەپێی ماددەی (57)ی ئەم دەستوورە.**

**چوارەم: دەرکردنی مەرسومێك بۆ بانگهێشت کردنی پەرلەمان بۆ یەکەم دانیشتنی خولی کۆبوونەوەی خولی هەڵبژاردنی لەماوەی پازدە رۆژ دوای ڕاگەیاندنی دوائەنجامەکانی هەڵبژاردندا، ئەگەر بانگهێشت کردنەکەشی نەکرد, پەرلەمان ڕۆژی دوای تەواوبوونی ئەو ماوەیە سەربەخۆ کۆدەبێتەوە.**

**پێنجەم: دەرکردنی مەرسومێك بۆ هەڵوەشاندنەوەی پەرلەمان، لەو حاڵەتانەی کە لەم دەستوورەدا هاتوون.**

**شەشەم: دەرکردنی مەرسومێك بۆ لەسەر کار لابردنی وەزیر، لەسەر پێشنیازی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران.**

**حەوتەم: دەکردنی ئەو مەڕسومانەی کە هێزی یاساییان هەیە، پاش ڕاوێژکردن لەگەڵ سەرۆکی پەرلەمانو ئەنجومەنی وەزیران، ئەگەر هەرێمی کوردستانو سیستمە سیاسیەکەی، یان ئاسایشی، یان دەمەودەزگا دستووریەکانی کەوتنە بەر مەترسیەکی لەناکاوو پەرلەمانیش نەیتوانی کۆبێتەوە، بەمەرجێك ئەو مەڕسومانە بخرێنە پێش چاوی یەکەمین کۆبوونەوەی پەرلەمان، ئەگەر نەش خرانە بەرچاوی پەرلەمان، یان خرانە بەرچاوی پەرلەمان و ئەویش پەسەندی نەکردن، ئاکاری یاساییان نامێنێ.**

**هەشتەم: جاڕدانی باری نائاسایی, پاش ڕاوێژکردنو ڕێککەوتن لەگەڵ سەرۆکی پەرلەمانو سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران لەحاڵەتی شەڕ، داگیرکردن، یاخیبوون، ئاژاوە، کارەساتی سروشتی، یان بلاْوبوونەوەی**

پەتادا، یان هەر حاڵەتێكی لەناكاوی دیكەدا، بەمەرجێك ماوەكە لە مانگێك پتر نەبێ‌و درێژكردنەوەی دواتریش بەڕەزامەندی زۆرینەی ڕەهای ئەندامانی پەرلەمان‌و بۆ ماوەیەك دەبێ كە بۆ هەر درێژكردنەوەیەك، لەسێ مانگ تێنەپەڕێ. حوكمەكانی حاڵەتی نائاساییش بەیاسایەك ڕێكدەخرێن.

نۆیەم: لێبوردنی تایبەتی زیندانیان بەدەركردنی مەڕسومێك بەپێی یاسا.

دەیەم: پەسەندكردنی حوكمی ئیعدام یان سووككردنی بۆ زیندانی هەتاهەتایی.

یازدەم: بانگهێشت كردنی ئەنجومەنی وەزیران بۆ كۆبوونەوەی نائاسایی لەكاتی پێویستدا بۆ باسكردنی هەندێ پرسی دیاركراو كە كۆبوونەوەیان بۆ ئەنجام دەدرێ، هەر بۆخۆشی سەرۆكایەتی كۆبوونەوەكە دەكا.

دوازدەهەم: ڕێگەدان بە هاتنی بەشێك لە هێزە چەكدارە فیدڕالیەكان بۆ كوردستان-عیراق لە كاتی پێویستدا، پاش وەرگرتنی ڕەزامەندیی پەرلەمانی كوردستان-عیراق لەسەر هاتنە ژوورەوەی ئەم هێزانە لەگەڵ دیاركردنی ئەركو فەرمانیان‌و جێگاو ماوەی مانەوەیان لە هەرێمدا.

سێزدەم: ناردنی هێزەكانی پێشمەرگە (پاسەوانی هەرێم) یان هێزەكانی ئاسایشی ناوەخۆ بۆ دەرەوەی هەرێم بەڕەزامەندی پەرلەمان.

چواردەم:

1- ڕاسپاردنی پالێوراوی ئەو فراكسیۆنەی زۆرترین ژمارەی هەیە بۆ پپكهێنانی وەزارەت لە ماوەی چل‌وپێنج ڕۆژ لە مێژووی ڕاسپاردنیەوە.

2- ڕاسپاردنی پالێوراوێكی دیكە لە هەمان فراكسیۆن بۆ پێكهێنانی وەزارەت، ئەگەر پالێوراوی یەكەم لە ماوەی چل‌و پێنج ڕۆژی دوای ڕاسپاردنی نەیتوانی وەزارەت پێكبهێنێ.

3- ئەگەر پالێوراوی دووەمیش نەیتوانی كابینە پێكبهێنێ، سەرۆكی هەرێمی كوردستان بۆی هەیە هەر كەسێكی پێی باش بوو هەڵیبژێرێ‌و ڕای بسپێرێ بۆ پێكهێنانی وەزارەت.

4- دەكرێ ئەوەی ڕادەسپێردرێ وەزارەت پێكبهێنێ یەكێك بێ لە ئەندامانی پەرلەمان، یان كەسێكی دیكە بێ.

پازدەهەم: دەركردنی مەرسومێك بۆ پێكهێنانی وەزارەت پاش ئەوەی متمانەی پەرلەمانی وەرگرت.

شازدەم: دەركردنی مەرسومێك بۆ لەسەركارلادانی وەزارەت یان وەزیر، ئەگەر متمانە لەهەریەكێكیان وەرگیرایەوە.

حەڤدەهەم: دەركردنی مەرسومێك بۆ ڕەزامەندیدان لەسەر دەست لە كاركێشانەوەی وەزارەت یان وەزیرو ڕاسپاردنی بۆ ئەنجامدانی كارەكەی هەتا پێكهێنانی وەزارەتێكی نوێ.

هەژدەم: دەركردنی مەڕسومێك بۆ پێكهێنانی ئەندامانی دادگای دەستوری, پاش ڕەزامەندیی پەرلەمانی كوردستان لەسەر پالێوراوەكان.

نۆزدەم: دەركردنی مەڕسومێك بۆ دامەزراندنی دادوەرەكان‌و سەرۆكی دەستەی سەرپەرشتیاری دادوەری‌و سەرۆك‌و ئەندامانی داواكاریی گشتی, دوای پاڵاوتنیان لەلایەن ئەنجومەنی دادوەریی لە هەرێمی كوردستان.

بیستەم: دەرکردنی مەرسومێك بۆ دامەزراندنی سەرۆکەکانی ئەو دەستەو کۆمسیۆنانەی کە لە ماددەی (107)ی ئەم دەستورەدا دەقنووس کراون, پاش ڕەزامەندیی پەرلەمان لەسەر پالأوتنیان.

بیستویەکەم: دەرکردنی بڕیارێك بۆ دامەزراندنی نووسینگەی تایبەت بە هەرێمی کوردستان لەولأتانی بیانیدا لەسەر پێشنیازی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران, بە هەماهەنگی لەگەڵ لایەنی تایبەتمەند لە حکومەتی فیدڕالیدا.

بیستودووەم: دەرکردنی مەرسومێك بۆ دامەزراندنی خاوەن پلە تایبەتەکان، لەسەر پالأوتنی وەزیری پەیوەندیدارو ڕەزامەندیی ئەنجومەنی وەزیران.

بیستوسێیەم: بەخشینی پلە سەربازیەکان بە ئەفسەرانی پێشمەرگە (پاسەوانی هەرێم)و هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ، ودەرکردنو خانەنشین کردنیان بەمەرسومێك, بەپێی یاسا کارپێکراوەکان.

بیستوچوارەم: بەخشینی نیشانەو میدالیا بە مەرسومێكو بەپێی یاسا.

ماددەی (66)

مووچەو دەرماڵەی سەرۆکی هەرێمی کوردستانو جێگرەکەی بەیاسا دیاردەکرێن.

ماددەی (67)

سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان دیوانێکی دەبێ کە پێکهاتەو دەسەلأتو ئەركو فەرمانەکانی بەیاسا دیار دەکرێن.

ماددەی (68)

یەکەم: لە حاڵەتی دەست لە کارکێشانەوەی سەرۆکی هەرێم, یان مردنی, یان پەککەوتنی بەجۆرێك کە نەتوانێ ئەرکەکانی سەرۆکایەتی ئەنجام بدا جێنشینێکی لەماوەی شەست ڕۆژدا بۆ هەڵدەبژێردرێ بۆ ماوەی چوار ساڵ, بەپێی ماددەی (64)ی ئەم دەستوورە.

دووەم: ئەگەر پۆستی سەرۆکی هەرێم بەپێ‌ی بڕگەی (یەکەم)ی ئەم ماددەیە چۆڵ بوو سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان ئەركوفەرمانەکانی بەجێ دەگەیەنێ هەتا سەرۆکێکی نوێ لەماوەی شەست ڕۆژدا لە ڕۆژی چۆڵبوونی پۆستەکەیەوە، هەڵدەبژێردرێت.

سێیەم: ئەگەر سەرۆکی هەرێم لە کوردستان نەبوو یان پشووی وەرگرتبوو یان بەشێوەیەکی کاتی نەیتوانی ئەركوفەرمانەکانی ئەنجام بدا جێگرەکەی ئەركوفەرمانەکانی لە ئەستۆ دەگرێ.

چوارەم: ئەگەر ماوەی سەرۆکایەتی تەواو بوو، بەلأم بەهۆی شەڕ یان کارەساتی سروشتیەوە، نەکرا هەڵبژاردنێکی نوێ بۆ سەرۆکێکی دیکە بکرێ سەرۆکی هەرێم لەسەر ئەنجامدانی ئەركوفەرمانەکانی بەردەوام دەبێ هەتا کۆسپەکان لادەچنو سەرۆکێکی نوێ هەڵدەبژێردرێ.

دووەم: ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان

ماددەی (69)

ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان دەسەلأتی جێبەجێکردنو کارگێڕیە لە هەرێمدا.

ماددەی (70)

یەکەم: ئەنجومەنی وەزیران لە سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران‌و جێگر، یان جێگرەکانی‌و وەزیرەکان پێکدێ‌و پێکهاتەکانی بە یاسا دیاردەکرێ.

دووەم: ڕاسپاردنی پالێوراو بۆ پێکهێنانی وەزارەت، بەپێی حوکمەکانی برگەی (چوارەم)ی ماددەی (65)ی ئەم دەستووره دەبێ.

سێیەم: سەرۆکی ڕاسپێردراوی ئەنجومەنی وەزیران، جێگر، یان جێگرەکانی‌و وەزیرەکانی لەنێو ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان، یان کەسانی دیکە لەوانەی مەرجەکانی ئەندامێتی پەرلەمانیان تێدایە هەڵدەبژێرێت.

چوارەم: سەرۆکی ڕاسپێردراوی ئەنجومەنی وەزیران لیستی ئەندامانی وەزارەتەکەی پێشکەش بە سەرۆکی هەرێم دەکات وداوای پەسەندکردنی دەکات.

پێنجەم: دوای پەسەندکردنی لیستەکە لەلایەن سەرۆکی هەرێمەوە، سەرۆکی ڕاسپێردراوی ئەنجومەنی وەزیران ئەندامانی وەزارەتەکەی پێشکەش بەپەرلەمانی کوردستان دەکات‌و داوای متمانەیان بۆ دەکا.

شەشەم: سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران سەرۆکایەتیی کۆبوونەوەکانی ئەنجومەن دەکا، جگە لەو کۆبوونەوانەی کە سەرۆکی هەرێم ئامادەیان دەبێ.

ماددەی (71)

سەرۆك‌و ئەندامانی ئەنجومەنی وەزیران دوای وەرگرتنی متمانەو پێش دەست پێکردنی کارە ڕەسمیەکانیان لەبەردەم پەرلەمان ئەم سوێندە دەخۆن:

( بەخودای گەورە سوێند دەخۆم کە بەدڵسۆزیەوە یەکێتی گەل‌و خاکی کوردستان-عیراق بپارێزم، و ڕێز لە دەستورو یاسا بەرکارەکان بگرم‌و سامانی گشتی بپارێزم‌و بەتەواوی چاودێریی بەرژەوەندیەکانی گەل بکەم).

ماددەی (72)

لە پێکهاتەی ئەنجومەنی وەزیران نوێنەرایەتیەکی دادپەروەرانەی پێکهاتەکانی گەلی کوردستان-عیراق ڕەچاودەکرێ.

ماددەی (73)

سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران ووەزیرەکان پێکەوە لەبەردەم پەرلەمان لەو کاروبارانەی پەیوەندیان بە ئەنجومەنی وەزیرانەوە هەیە بەرپرسن‌و هەر وەزیرێکیش بەتەنیا بەرامبەر بەکاروباری وەزارەتەکەی خۆی بەرپرسەو هەر خۆی بەرپرسی یەکەم‌و ڕاستەخۆی وەزارەتەکەیەتی.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ئێستا مامۆستا کاکە بۆ خوێندنەوەی ماددەی شەست و پێنج تا ماددەی حەفتاو سێ بە زمانی عەرەبی، فەرموو.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

المادة (65):

يمارس رئيس الاقليم الصلاحيات التالية إضافة الى أية صلاحيات أخرى تمنح له بقانون:

أولاً: اقتراح مشاريع القوانين والقرارات لبرلمان اقليم كوردستان.

ثانياً: إصدار القوانين والقرارات التي يشرعها برلمان كوردستان-العراق خلال خمسة عشر يوماً من تأريخ تسلّمها، وله حق الاعتراض عليها كلياً أو جزئياً خلال المدة المذكورة وإعادتها الى البرلمان لإعادة النظر فيها، ويكون قرار البرلمان بشأنها قطعياً، وتعد تلك القوانين والقرارات صادرة في حالة عدم إصدارها من قبله ضمن المدة المذكورة دون أن يكون قد أعترض عليها وتتولى رئاسة البرلمان نشرها في الجريدة الرسمية.

ثالثاً: إصدار مرسوم بإجراء الانتخابات العامة للبرلمان عند حله أو انتهاء مدة دورته الانتخابية وذلك وفق المادة (57) من هذا الدستور.

رابعاً: إصدار مرسوم بدعوة البرلمان الى الاجتماع الاول لدورة الانعقاد الأولى للدورة الانتخابية خلال عشرة أيام من تأريخ إعلان النتائج النهائية للانتخابات، وفي حالة عدم دعوته يجتمع البرلمان تلقائياً في الساعة الثانية عشر ظهراً من اليوم التالي لانتهاء المدة المذكورة.

خامساً: إصدار مرسوم بحل البرلمان في الحالات التي ينص عليها هذا الدستور.

سادساً: إصدار مرسوم بإقالة الوزير بناءً على اقتراح رئيس مجلس الوزراء.

سابعاً: إصدار مراسيم لها قوة القانون بعد التشاور والاتفاق مع رئيس البرلمان ورئيس مجلس الوزراء، إذا تعرض اقليم كوردستان ونظامه السياسي أو الأمن فيه أو مؤسساته الدستورية لخطر داهم يهدد كيانه وتعذر اجتماع البرلمان، على ان تعرض تلك المراسيم على البرلمان عند أول اجتماع له، فان لم تعرض عليه، أو عرضت ولم يقرها البرلمان، زالت عنها الصفة القانونية.

ثامناً: إعلان حالة الطوارئ بعد التشاور والاتفاق مع رئيس البرلمان ورئيس مجلس الوزراء في حالات الحرب أو الاحتلال أو العصيان أو الفوضى أو الكوارث الطبيعية أو انتشار الأوبئة أو أية حالات طارئة أخرى، على أن لا تزيد المدة الأولى عن شهر واحد، وتكون التمديدات اللاحقة بموافقة الأغلبية المطلقة لأعضاء البرلمان ولمدة لا تزيد عن ثلاثة أشهر لكل تمديد، وتنظم الأحكام الخاصة بحالة الطوارئ بقانون.

تاسعاً: العفو الخاص عن المحكومين بموجب القانون.

عاشراً: المصادقة على أحكام الاعدام أو تخفيفها الى السجن المؤبد.

حادي عشر: دعوة مجلس الوزراء الى الاجتماع بشكل استثنائي عند الحاجة لمناقشة المسائل المحددة التي يعقد من اجلها الاجتماع، ويرأس بنفسه الاجتماع المذكور.

ثاني عشر: السماح بدخول قوات مسلحة اتحادية الى أراضي كوردستان-العراق عند الضرورة، بعد استحصال موافقة برلمان كوردستان-العراق على دخول تلك القوات مع تحديد مهامها ومكان ومدة بقائها في الاقليم.

ثالث عشر: إرسال قوات البيشمەرگه (حرس الاقليم) أو قوى الأمن الداخلي الى خارج الاقليم بموافقة البرلمان.

رابع عشر:

1- تكليف مرشح الكتلة البرلمانية الأكثر عدداً بتشكيل وزارة خلال مدة خمسة واربعين يوماً من تاريخ تكليفه.

2- تكليف مرشح آخر من الكتلة نفسها لتشكيل وزارة عند إخفاق المرشح الأول في تشكيلها خلال مدة خمسة واربعين يوماً من تاريخ تكليفه.

3- في حالة إخفاق المرشح الثاني في تشكيل الوزارة، لرئيس اقليم كوردستان اختيار من يراه مناسباً وتكليفه بتشكيل الوزراة.

4- يجوز أن يكون المكلف بتشكيل الوزارة من بين أعضاء البرلمان أو من غيرهم.

خامس عشر: إصدار مرسوم بتشكيل الوزارة بعد نيل ثقة البرلمان.

سادس عشر:إصدار مرسوم بإقالة الوزارة أو الوزير عند حجب الثقة عن أي منهما.

سابع عشر: إصدار مرسوم بقبول استقالة الوزارة أو الوزير وتكليفها بتصريف الاعمال لحين تشكيل الوزارة الجديدة.

ثامن عشر: اصدار مرسوم بتعيين اعضاء المحكمة الدستورية بعد مصادقة البرلمان على المرشحين.

تاسع عشر: اصدار مرسوم بتعيين القضاة ورئيس هيئة الاشراف القضائي ورئيس وأعضاء الادعاء العام بعد ترشيحهم من قبل مجلس القضاء لاقليم كوردستان.

عشرون: اصدار مرسوم بتعيين رؤساء الهيئات والمفوضيات المستقلة المنصوص عليها في المادة (107) من هذا الدستور بعد مصادقة البرلمان على ترشيحهم.

حادي وعشرون: أصدار قرار بتأسيس المكاتب الخاصة باقليم كوردستان في الدول الأجنبية بناءً على اقتراح رئيس مجلس الوزراء بالتنسيق مع الجهة المختصة في الحكومة الاتحادية.

ثاني وعشرون: اصدار مرسوم بتعيين أصحاب الدرجات الخاصة بناءً على ترشيح الوزير المختص وموافقة مجلس الوزراء.

ثالث وعشرون: منح الرتب العسكرية لضباط البيشمەرگه (حرس الاقليم) وقوى الأمن الداخلي وفصلهم وإحالتهم على التقاعد بمرسوم وفق القوانين النافذة.

رابع وعشرون: منح الأوسمة والأنواط بمرسوم وبموجب القانون.

المادة (66):

يحدد راتب ومخصصات رئيس اقليم كوردستان ونائبه بقانون.

المادة (67):

يكون لرئاسة اقليم كوردستان ديوان تعين تشكيلاته واختصاصاته وواجباته بقانون.

المادة (68):

**أولاً: في حالة استقالة رئيس الاقليم أو وفاته أو اصابته بعجز يحول دون أدائه لمهماته الرئاسية، ينتخب له خلف في غضون ستين يوماً لفترة أربع سنوات وفق المادة (64) من هذا الدستور.**

**ثانياً: عند خلو منصب رئيس اقليم كوردستان وفق الفقرة (أولاً) من هذه المادة يتولى رئيس البرلمان القيام بمهامه لحين انتخاب رئيس جديد خلال مدة ستين يوماً من تاريخ خلو منصبه.**

**ثالثاً: عند غياب رئيس الاقليم عن كوردستان أو تمتعه بإجازة أو أصبح غير قادر على أداء مهامه بصورة مؤقتة يتولى نائبه مهامه.**

**رابعاً: يستمر رئيس الإقليم في أداء مهامه في حالة انتهاء ولايته وتعذر إجراء انتخابات جديدة لرئيس آخر بسبب الحرب أو الكوارث الطبيعية لحين زوال الموانع المذكورة وانتخاب رئيس جديد.**

**ثانياً: مجلس وزراء اقليم كوردستان-العراق**

**المادة (69):**

**مجلس وزراء اقليم كوردستان-العراق هو السلطة التنفيذية والإدارية في الاقليم.**

**المادة (70):**

**أولاً: يتألف مجلس الوزراء من رئيس مجلس الوزراء ونائبه أو نوابه والوزراء، ويحدد تشكيله بقانون.**

**ثانياً: يكون تكليف المرشح بتشكيل الوزارة وفق أحكام الفقرة (الرابعة عشرة) من المادة (65) من هذا الدستور.**

**ثالثاً: يقوم رئيس مجلس الوزراء المكلف باختيار نائبه أو نوابه والوزراء من بين أعضاء البرلمان أو من غيرهم ممن تتوفر فيهم شروط عضوية البرلمان.**

**رابعاً: يقدم رئيس مجلس الوزراء المكلف قائمة بأعضاء وزارته إلى رئيس الاقليم للمصادقة عليها.**

**خامساً: يقدم رئيس مجلس الوزراء المكلف، بعد مصادقة رئيس الاقليم, أعضاء وزارته إلى البرلمان طالباً منحهم الثقة.**

**سادساً: يترأس رئيس مجلس الوزراء جلسات المجلس باستثناء الجلسات التي يحضرها رئيس الاقليم.**

**المادة (71):**

**يؤدي رئيس وأعضاء مجلس الوزراء اليمين الدستورية الآتية أمام البرلمان بعد نيلهم ثقته وقبل مباشرتهم لمهاتهم الرسمية:(اقسم بالله العظيم أن احافظ مخلصاً على وحدة شعب وأرض كوردستان-العراق، واحترم الدستور والقوانين النافذة، وأحافظ على المال العام، وأرعى مصالح الشعب رعاية كاملة).**

**المادة (72):**

**يراعى التمثيل العادل لمكونات شعب كوردستان-العراق في تشكيلة مجلس الوزراء.**

**المادة (73):**

**رئيس مجلس الوزراء والوزراء مسؤولون بالتضامن أمام البرلمان عن الشؤون المتعلقة بمجلس الوزراء، وكل وزير مسؤول بصورة منفردة عن أعمال وزارته وهو المسؤول الأول والمباشر عنها.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، داوا لە کاك ڕۆمیۆ دەکەم کە لە ماددەی حەفتاو چوار تا نۆەدو هەشت بخوێنێتەوە بە زمانی کوردی، فەرموو.

**بەڕێز ڕۆمیۆ حزیران نیسان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (74)

ئەنجومەنی وەزیران ئەم دەسەڵاتو تایبەتمەندیانەی خوارەوە پیادە دەکا:-

یەکەم: جێبەجێکردنی یاساو بڕیارومەڕسووم وپێڕەوەکان وپارێزگاریکردن لە ئاسایشی کوردستان-عیراق وسامانی گشتی.

دووەم: نەخشەکێشانی سیاسەتی گشتی هەرێم بەبەشداری سەرۆکی هەرێم و جێبەجێکردنی, دوای پەسندکردنی لەلایەن پەرلەمانەوە.

سێیەم: ئامادەکردنی پڕۆژەی بودجەی گشتیی هەرێمی کوردستان.

چوارەم: ئامادەکردنی پڕۆژەی یاساو بڕیارەکان وپێشکەش کردنی بە پەرلەمان.

پێنجەم: دەرکردنی پێڕەو وبڕیارەکانی جێبەجێکردنو کارگێڕی, بەپێی دەستوورو حوکمی یاساکان.

شەشەم: ئامادەکردنی پڕۆژەکانی پەرەپێدانو جێبەجێکردنیان, پاش پەسەندکردنیان لەلایەن پەرلەمانەوە.

حەوتەم: پێکهێنانی فەرمانگەیەکی هاوبەش لەگەڵ حکومەتی فیدراڵی, بۆ بەڕێوەبردنی ئەو نەوت و گازەی پێش (2005/8/15) لەخاکی کوردستان دەرهێنراونو بەشێوەی بازرگانی بەرهەم هێنراون, بەمەرجێك ئەو داهاتەی لێی بەدەست دێ بەشێوەیەکی دادپەروەرانە بەپێی ئەو بنەمایانەی لە ماددەی (112)ی دەستوری فیدراڵو یاساکانی هەرێمی کوردستاندا دیارکراون دابەش بکرێ. بۆجێبەجێ کردنی حوکمی ئەم بڕگەیەش، پێوەری بەرهەمهێنانی بازرگانی بەوە دەناسرێت کە بەرهەمەکەی بەدرێژایی (12) مانگ، ڕۆژانە لە (5000) پێنج هەزار بەرمیل کەمتر نەبێ.

هەشتەم: کار کردنی هاوبەش لەگەڵ حکومەتی فیدراڵیدا بۆ داڕشتنی سیاسەتەکانی ستراتیژیی پێویست بۆ گەشەپێدانی سامانی نەوت و گاز، بەو مەرجەی لە هەر شتێکدا کە پێوەندی بە سامانی هەرێمەوە هەیە ڕەزامەندیی پەرلەمانی لەگەڵدابێ.

نۆیەم: بەڕێوەبردنی هەر کارێك کە کێڵگەکانی نەوت و گازی خاوی دەرنەهێندراو، یان دەرهێنراوی بێ بەرهەم لە رووی بازرگانیەوە پێش 2008/8/15 پێویستیان پێ بێت، وەك پرۆسەکانی دۆزینەوەو بەرهەمهێنان و بەڕێوەبردن و گەشەپێدان و فرۆشتن و ناردنەبازاڕو گشت کارێکی دیکە, بەپێی یاساکانی هەرێم. بۆ مەبەستی جێ بەجێکردنی حوکمی ئەم بڕگەیەش، بەرهەمی بازرگانی بەو بەرهەمە لێکدراوەتەوە کە بەدرێژایی (12) مانگ, ڕۆژانە بگاتە (5000) بەرمیل.

**دەیەم:** پیادە کردنی دەسەڵاتە جێ بەجێکاریەکانی تایبەت بە هەرێمی کوردستان لە هەر شتێکی کە لەو تایبەتمەندیە (حصریانە) دا نەهاتوون کە بۆ دەسەڵاتەکانی فیدراڵی بەپێی ماددەی (110)ی دەستووری فیدراڵی دەقنووس کراون.

**یازدەم:** پیادە کردنی هەر شتێك کە دەسەڵاتە هاوبەشەکانی نێوان دەسەڵاتی فیدراڵ و دەسەڵاتی هەرێمی کوردستان, بەپێی حوکمەکانی دەستووری فیدراڵ ڕێی پێداون.

**دوازدەم:** سەرپەرشتی کردنی کاری وەزارەتەکان و دامودەزگاکان و شوێنە گشتییەکان لە هەرێمی کوردستاندا و ڕێنمایی کردنیان و بەدواداچوونیان و چاوەدێری و هەماهەنگی کردن لەنێوانیاندا.

**سێزدەم:** دامەزراندن و پلە بەرز کردنەوەو دەرکردن و لادانی فەرمانبەران و خانەنشین کردنیان بەپێی یاسا بە چەشنێك ناتەبا نەبێ لەگەڵ حوکمەکانی ئەم دەستوورەو ئەو یاسایانەی کە بەپێی حوکمەکانی دەستوورەوە دەردەچن.

**چواردەم:** پێشنیازی دامەزراندنی نووسینگەکانی تایبەت بە هەرێم لە باڵیۆزخانەو نێردراوە دیپلۆماتیەکان بۆ کاروباری رۆشنبیری‌و کۆمەڵایەتی و پەرەپێدان و بەڕێوەبردنیان. پاڵاوتنی بەڕێوەبەرانی ئەم نووسینگانەش بە ڕەزامەندی پەرلەمان دەبێت.

**پازدەم:** ڕێکخستن و بەڕێوەبردنی هێزەکانی پێشمەرگە (پاسەوانی هەرێم) بۆ پاراستنی هەرێم, و پۆلیس و دەزگاکانی ئاسایش و پێکهاتەکانی دیکەی هێزەکانی ئاسایشی ناوەخۆ.

**ماددەی (75)**

**یەکەم:** ئەنجومەنی وەزیران لەم حاڵەتانەی خوارەوەدا بە دەست لەکارکێشاوە دادەنرێ و داوا لە وەزارەت دەکرێ هەتا پێکهێنانی وەزارەتی نوێ, کارەکان بەڕێوە بەرێ:

1-پەسەند کردنی (قبول) داوای دەست لە کارکێشانەوەی سەرۆکەکەی.

2- سەندنەوەی متمانەی پەرلەمان لە سەرۆکەکەی.

3- دەست بەکاربوونی خولێکی نوێی پەرلەمان.

4- دەستپێکردنی ویلایەتێکی نوێی سەرۆکی هەرێم.

5- مردنی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران.

**دووەم:** وەزیر بە دەست لەکارکێشایەوە دادەنرێ, ئەگەر پەرلەمانی کوردستان-عیراق متمانەی لێ وەرگرتەوە.

**ماددەی (76)**

**یەکەم:** چۆنیەتی تۆمەتبار کردنی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و جێگرەکەی و وەزیرەکان و دادگایی کردنیان بە یاسا ڕێکدەخرێ.

**دووەم:** یاسا مووچەو دەرماڵەو ئیمتیازەکانی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و جێگرەکەی‌و وەزیرەکان دیار دەکا.

## بەشی سێیەم

## دەسەڵاتی دادوەری

### یەکەم: بنەما گشتییەکان

ماددەی (77)

دەسەڵاتی دادوەری لە هەرێمی کوردستان سەربەخۆیەو لە ئەنجومەنی دادوەری و، دادگای دەستووری و، دادگای پێداچوونەوەو، دەستەی سەرپەشتیی دادوەری و، دەستەی داواکاریی گشتی و دادگاکان بە گشت پلەو جۆرو دەستەکانیەوە پێکدێ و، رێکخستنی شێوەی پێکهێنان و مەرج و رێکاری دامەزراندنی ئەندامەکانیان و لێپرسینەوەیان بە یاسایەك رێکدەخرێن.

ماددەی (78)

دادوەری سەربەخۆیەو جگە لە یاسا هیچ دەسەڵاتێکی بەسەرەوە نیە.

ماددەی (79)

دادوەری دەسەڵاتی (ولایە عامە)ی گشتیی بەسەر هەموو کەسە سروشتی و مەعنەویەکانەوە هەیە لە هەرێمی کوردستان.

ماددەی (80)

حوکم و بڕیارە دادوەریەکان بەناوی گەلەوە دەردەکرێن و جێبەجێ دەکرێن.

ماددەی (81)

هەموو دادوەرەکان بۆ ماوەیەکی دیارنەکراو دادەمەزرێن و لە تەمەنێك خانەنشین دەکرێن کە یاسا دیاری دەکاو، نابێ لەسەر کار لابرێن مەگەر لەو حاڵەتانەدا کە یاسا دیاریان دەکاو، پێویستە هەلومەرجێکی لەبار بۆ کاری دادوەران دابین بکرێ و پاداشتێکیان بدرێتێ کە لەگەڵ کەرامەتی جێگەوپێگەکەیان و قەبارەی ئەرکەکانیان بگونجێ و، سەربەخۆییان بپارێزێ، هەروەها تا ئەو کاتەی لە پۆستەکانیاندا ماون نابێ پاداشتەکانیان کەم بکرێنەوە.

ماددەی (82)

ئەم کارانەی خوارەوە لە دادوەرو ئەندامانی داواکاریی گشتی قەدەغەن:

یەکەم: کۆکردنەوەی فەرمانبەرێتی دادوەریی لەگەڵ هەر فەرمانبەریەکی یاسادانان, یان جێبەجێکردن, یان هەر کارێکی دیکەدا.

دووەم: چوونە نێو حزبێك یان رێکخراوێکی سیاسی.

ماددەی(83)

دانیشتنەکانی دادگا ئاشکران، مەگەر دادگا بڕیار بدا بۆ ڕەچاوکردنی دابونەریتی گشتی, یان لەبەر رێزی خێزان نهێنی بن، ئەویش بەو مەرجە حوکمەکە لە دانیشتنێکی ئاشکرادا ڕابگەیەندرێ.

ماددەی (84)

پێکهێنانی دادگای تایبەتی, یان نائاسایی لە هەرێمی کوردستاندا قەدەغەیە.

ماددەی (85)

بە یاسایەك دادگاکانی تایبەتمەند بە تێڕوانینی ئەو تاوانانەی کە سروشتی سەربازیان هەیە و کارمەندانی هێزی زێرەڤانی هەرێم(پێشمەرگە) و هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ ئەنجامیان دەدەن و هەروەها ئەو تاوانانەی کە لە نێو تاکەکانی ئەو هێزانەدا ڕوودەدەن، ڕێکدەخرێن.

ماددەی (86)

قەدەغەیە لە یاساکاندا دەقی وا بێت کە ڕێگەنەدا بە دادگاکان گوێ لەو داوایانە بگرن کە لەو یاسایانەوە سەر هەڵدەدەن.

ماددەی (87)

قەدەغەیە لە یاساکاندا هیچ بڕیارێك یان کارێکی جێبەجێکردن, یان کارگێری لە تانووت لێدان بە دوور بخرێ.

ماددەی (88)

یاسا بێ لایەنی کارگێری و سزادانی زێدە ڕۆ لە بە کارهێنانی دەسەڵاتدا دەستەبەر دەکا.

ماددەی (89)

هەرکەس لە ئاکامی ڕەفتارێکی هەڵە یان گوێ پێنەدانی کارمەندانی فەرمانگە و دەستە حکومیەکانی هەرێمی کوردستان لە کاتی ئەنجامدانی کارەکانیاندا زیانێکی پێگەیشتبێ, بۆی هەی داوای قەرەبووکردنەوە لەو لایەنانە بکا.

ماددەی (90)

حوکمە دادوەریەکان دەبێ جێبەجێ بکرێن و خۆ بواردن لە جێبەجێ کردنیان یان پەکخستنی جێبەجێ کردنیان بە تاوان دادەنرێ و یاسا سزای لەسەر دادەنێ. ئەگەر تۆمەتبار فەرمانبەرێکی گشتی بوو یان خزمەتێکی گشتی پێ سپێردرابوو, سەرەڕای سزای تاوانەکەی لە کارەکەشی لادەدرێ. حوکم بۆ دراوەکەش مافی هەیە ڕاستەوخۆ داوا پێشکەش بە دادگای تایبەتمەند بکات و حکومەت قەرەبووی تەواوی بۆ دەستەبەر دەکا لە حاڵی زیان پێگەیشتنیدا بێ ئەوەی ئەمە بەرپرسیارێتی سەرپێچیکارەکە لابەرێت.

## دووەم: دادگای دەستووری

ماددەی (91)

بە یاسایەك دادگای دەستووری کوردستان-عێراق دادەمەزرێندرێت.

ماددەی (92)

یەکەم: دادگای دەستووری لە حەوت ئەندام پێکدێت بە سەرۆکەکەیەوە، کە لە نێو دادوەران و مامۆستایانی یاسا و پارێزەرانێکدا هەڵدەبژێردرێن کە سەرجەم کارکردنیان, لە بواری دادوەری, یان یاسادانان, یان وانە وتنەوە یان پارێزەری, لە بیست ساڵ کەمتر نەبێ.

دووەم: سەرۆکی هەرێم بە ڕاوێژکردن لەگەڵ ئەنجومەنی دادوەری ئەندامانی دادگای دەستووری دەپاڵێوێ.
سێیەم: ئەندامانی دادگا پاش ئەوەی پەرلەمان بە زۆرینەی دوو لەسەر سێی ئەندامەکانی ڕەزامەندی لەسەر پاڵێوراوەکان دەردەبڕێ، بە مەرسومێك لەلایەن سەرۆکی هەرێمی کوردستانەوە دادەمەزرێن.

ماددەی (93)

دادگا سەرۆکەکەی لە نێو ئەندامەکانیدا هەڵدەبژێرێ.

ماددەی (94)

سەرۆك و ئەندامانی دادگای دەستووری, پێش ئەوەی دەست بە ئەرك و فەرمانەکانیان بکەن, لەبەردەم سەرۆکی هەرێمی کوردستان سوێندی یاسایی دەخۆن.

ماددەی (95)

دادگای دەستووری تایبەتمەند دەبێت بەو کاروبارانەی خوارەوە:

یەکەم: راڤە کردنی دەقی ماددەکانی دەستووری هەرێمی کوردستان.

دووەم:

1- چاودێری بەسەر دەستووریبوونی یاساکاندا, لەسەر داوای سەرۆکی هەرێمی کوردستان ، یان ئەنجومەنی وەزیران، یان دە کەس لە ئەندامانی پەرلەمان.

2- بڕیاردان لەسەر رەوایی مەرسوم و پێڕەوو بڕیارو رێنماییەکان, لەسەر داوای هەر کەسێکی خاوەن بەرژەوەندی ڕاستەوخۆ.

سێیەم: یەکلا کردنەوەی دەفعێك کە پێشکەش کراوە لە داوایەکدا کە دراوەتە بەردەم دادگا سەبارەت بە دەستووری نەبوونی یاسایەك، یان رەوا نەبوونی بڕیارێك، یان پێڕەوێك، یان رێنماییەك. دادگاش دەبێ داوایەکە دوابخات تا ئەو کاتەی ئاکامی دەفعەکە یەکلا دەکرێتەوە.

چوارەم: پەسەند کردنی ئەنجامەکانی راپرسی و هەڵبژاردنەکانی گشتی بۆ سەرۆکی هەرێم و پەرلەمانی کوردستان-عیراق.

پێنجەم: یەکلاکردنەوەی دەستووریبوونی ئەو هەموارکردنەی پێشنیاز دەکرێ بۆ دەستووری هەرێمی کوردستان و گونجاوبوونی لەگەڵ مەرجەکانی ماددەی(120)ی ئەم دەستوورە.

شەشەم: دادگایی کردنی سەرۆك یان جێگری سەرۆکی هەرێمی کوردستان پاش ئەوەی بە پێی ماددەی (62)ی ئەم دەستوورە لە لایەن پەرلەمانەوە تۆمەتیان دەدرێتە پاڵ. بۆ بەتاوانبارکردنی سەرۆك یان جێگرەکەی, پێویستە بەلای کەم پێنج ئەندامی دادگا ڕەزامەندی لەسەر بدەن.

حەوتەم: یەکلاکردنەوەی ئەو داوایانەی کە بە پێی ماددەی(19/بڕگەی هەژدەهەم/3)ی ئەم دەستوورە بەرزکراونەتەوە.

هەشتەم: یەکلاکردنەوەی ئەو تانووتانە کە پێوەندیان بە دروستیی ئەندامەتی و لابردنی پارێزراوەیی (حصانە) لەسەر ئەندامی پەرلەمانەوە هەیە.

**ماددەی (96)**

**مەرجەکانی ئەندامەتیی لە دادگا و ڕەوتی کار تێداکردنیان وچۆنیەتی وەرگرتنی داواکاری و داخوازیەکان و تانووتەکان بە یاسایەك ڕێکدەخرێن.**

**ماددەی (97)**

**حوکمەکانی دادگای دەستووری بنەڕەتین و لەسەر هەمووان جێبەجێ دەکرێن. ئەگەر دادگا لە کاتی یەکلاکردنەوەی دەستووریبوونی یاسایەکان، یان ڕەواییبوونی مەرسووم و پێڕەو و بڕیار و ڕێنماییەکان، بڕیاری دا کە هەر کام لەوانە پێچەوانەی دەستوور یان یاسایە، دەبێ دەسەڵاتی پەیوەندیدار لە هەرێمی کوردستان ئاگادار بکاتەوە تا هەرچی پێویستە ئەنجامی بدا بۆ لابردن، یان ڕاستکردنەوەی سەرپێچیەکە.**

**سێیەم: ئەنجومەنی دادوەری**

**ماددەی(98)**

**یەکەم: ئەنجومەنی دادوەری لە سەرۆکی دادگای پێداچوونەوە و جێگرەکانی و سەرۆکی دەستەی سەرپەرشتیی دادوەری، و سەرۆکی داواکاری گشتی و سەرۆکەکەانی دادگاکانی تێهەڵچوونەوەی ناوچەکانی هەرێمی کوردستان پێکدێ.**

**دووەم: ئەنجومەنی دادوەری، بە پێی یاسا، بەڕێوەبردنی دادوەریی و دەستەبەرکردنی سەربەخۆییەکەی و چاودێریی دەستەکانی دادوەری لە ئەستۆ دەگرێ.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**زۆر سوپاس، ئێستا کاك محەمەد صالح بۆ خوێندنەوەی ماددەی حەفتاو چوار تا ماددەی نۆەدو هەشت بە زمانی عەرەبی، فەرموو.**

**بەڕێز محمد صالح اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**المادة (74):**

**یمارس مجلس الوزراء الصلاحیات والاختصاصات الآتیة:**

**أولاً: تنفیذ القوانین والقرارات والمراسیم والأنظمة والمحافظة علی أمن کوردستان - العراق والأموال العامة.**

**ثانیاً: رسم السیاسة العامة لاقلیم کوردستان بالاشتراك مع رئیس الاقلیم وتنفیذها بعد إقرارها من قبل البرلمان.**

**ثالثاً: إعداد مشروع الموازنة العامة للاقلیم.**

**رابعاً: إعداد وتقدیم مشاریع القوانین والقرارات الی البرلمان.**

**خامساً: إصدار الأنظمة والقرارات التنفيذية والإدارية وفقاً للدستور وبموجب القوانين.**

**سادساً: إعداد مشاريع خطط التنمية وتنفيذها بعد إقرارها من قبل البرلمان.**

**سابعاً: تكوين إدارة مشتركة مع الحكومة الاتحادية لإدارة النفط والغاز المستخرج من أراضي كوردستان-العراق والمنتجة تجارياً قبل (2005/8/15)، على أن يتم توزيع الموارد المتأتية منها بشكل عادل وفق الأسس المحددة في المادة (112) من الدستور الاتحادي وقوانين اقليم كوردستان الخاصة بالنفط والغاز، ولغرض تطبيق حكم هذه الفقرة، فإن مقياس الإنتاج التجاري يعرف بكونه الإنتاج الذي لايقل عن (5000) خمسة آلاف برميل يومياً وعلى مدى (12) اثني عشر شهراً.**

**ثامناً: العمل المشترك مع الحكومة الاتحادية لصياغة السياسات الاستراتيجية اللازمة لتطوير ثروة النفط والغاز، على أن يقترن بموافقة البرلمان في كل ما يخص ثروة الاقليم.**

**تاسعاً: ادارة كل ما تتطلبه حقول النفط والغاز الخام غير المستخرج او المستخرج غير المنتج تجارياً قبل (2005/8/15) من عمليات الاستكشاف والانتاج والادارة والتطوير والبيع والتسويق والتصدير وكافة العمليات الاخرى، وفق قوانين الاقليم، ولغرض تطبيق حكم هذه الفقرة، فان الانتاج التجاري يعرف بكونه الانتاج الذي لا يقل عن (5000) خمسة آلاف برميل يومياً وعلى مدى (12) اثني عشر شهراً.**

**عاشراً: ممارسة الصلاحيات التنفيذية الخاصة باقليم كوردستان في كل ما لم ينص عليه في الاختصاصات الحصرية للسلطات الاتحادية وفق المادة (110) من الدستور الاتحادي.**

**حادي عشر: ممارسة ما تخوله له الصلاحيات المشتركة بين السلطات الاتحادية وسلطات اقليم كوردستان وفق احكام الدستور الاتحادي.**

**ثاني عشر: الإشراف على أعمال الوزارات والمؤسسات والمرافق العامة في اقليم كوردستان وتوجيهها ومتابعتها ومراقبتها والتنسيق بينها.**

**ثالث عشر: تعيين وترفيع وفصل وعزل الموظفين وإحالتهم على التقاعد وفقاً للقانون بما لايتعارض مع أحكام هذا الدستور والقوانين التي تصدر بالاستناد إلى أحكامه.**

**رابع عشر: اقتراح تأسيس المكاتب الخاصة بالاقليم في السفارات والبعثات الدبلوماسية للشؤون الثقافية والاجتماعية والانمائية وإدارتها ويكون ترشيح مدراء المكاتب المذكورة بموافقة البرلمان.**

**خامس عشر: تنظيم وإدارة قوات البيشمەرگە (حرس الاقليم) لحماية الاقليم والشرطة والاجهزة الأمنية وغيرها من تشكيلات قوى الأمن الداخلي.**

**المادة (75):**

**أولاً: يعتبر مجلس الوزراء مستقيلاً وتكلف الوزارة بتصريف الأعمال لحين تشكيل الوزارة الجديدة في الحالات الآتية:**

**1- قبول استقالة رئيسه.**

**2- حجب برلمان كوردستان-العراق الثقة عن رئيسه.**

3- عند بدء ولاية جديدة للبرلمان.

4- عند بدء ولاية جديدة لرئيس الاقليم.

5- وفاة رئيس مجلس الوزراء.

ثانياً: يعتبر الوزير مستقيلاً إذا سحب برلمان كوردستان-العراق الثقة منه.

المادة (76):

أولاً: تنظم بقانون كيفية اتهام رئيس مجلس الوزراء ونائبه والوزراء ومحاكمتهم.

ثانياً: يحدد القانون راتب رئيس مجلس الوزراء ونائبه والوزراء ومخصصاتهم وامتيازاتهم.

## الفصل الثالث

## السلــطة القضائيـــــة

### أولاً: مبادئ عامة

المادة (77):

السلطة القضائية في اقليم كوردستان مستقلة وتتكون من مجلس القضاء، والمحكمة الدستورية، ومحكمة التمييز، وهيئة الأشراف القضائي، وهيئة الادعاء العام، والمحاكم بمختلف درجاتها وأنواعها وهيئاتها، وتنظم طريقة تشكيلها وشروط وإجراءات تعيين أعضائها ومساءلتهم بقانون.

المادة (78):

القضاء مستقل لا سلطان عليه لغير القانون.

المادة (79):

للقضاء الولاية العامة على جميع الأشخاص الطبيعية والمعنوية في اقليم كوردستان.

المادة (80):

تصدر الأحكام والقرارات القضائية وتنفذ باسم الشعب.

المادة (81):

يعيين جميع القضاة لمدة غير محددة ويخضعون لسن تقاعد يحدده القانون، ولا يجوز عزلهم إلا في الأحوال التي يحددها القانون، ويجب أن توفر للقضاة ظروف ملائمة للعمل ومنحهم مكافأة تتناسب مع كرامة الموقع وحجم واجباتهم، وتضمن استقلاليتهم كما لا يجوز تقليل مكافآتهم خلال توليهم مناصبهم.

المادة (82):

يحظر على القاضي وعضو الادعاء العام ما يلي:

أولاً: الجمع بين الوظيفة القضائية وأي من الوظيفتين التشريعية والتنفيذية أو أي عمل آخر.

ثانياً: الانتماء إلى حزب أو منظمة سياسية.

المادة (83):

جلسات المحاكم علنية، إلا إذا قررت المحكمة جعلها سرية مراعاة للآداب العامة أو لحرمة الأسرة، على أن يتم النطق بالحكم في جلسة علنية.

المادة (84):

يحظر إنشاء محاكم خاصة أو استثنائية في اقليم كوردستان.

المادة (85):

تنظم بقانون المحاكم المختصة بالنظر في الجرائم ذات الطابع العسكري التي يرتكبها منتسبوا قوات حرس الاقليم (البيّشمرگه) وقوى الأمن الداخلي وفي الجرائم الواقعة فيما بين أفراد تلك القوات.

المادة (86):

يحظر النص في القوانين على منع المحاكم من سماع الدعاوى الناشئة عنها.

المادة (87):

يحظر النص في القوانين على تحصين أي قرار أو عمل تنفيذي أو إداري من الطعن.

المادة (88):

يضمن القانون حياد الإدارة ومعاقبة المتعسف في استعمال السلطة.

المادة (89):

لكل من يصيبه ضرر نتيجة تصرف خاطئ أو إهمال من منتسبي الدوائر والهيئات الحكومية لاقليم كوردستان اثناء مزاولتهم لأعمالهم حق المطالبة بالتعويض من الجهات المذكورة.

المادة (90):

الأحكام القضائية واجبة التنفيذ والامتناع عن تنفيذها أو تعطيل تنفيذها يعد جريمة يعاقب عليها القانون، وإذا كان المتهم موظفاً عاماً أو مكلفاً بخدمة عامة فانه يفصل من الوظيفة إضافة إلى إيقاع العقوبة الجزائية عليه، وللمحكوم له الحق في رفع الدعوى مباشرة إلى المحكمة المختصة، وتضمن الحكومة تعويضاً كاملاً له في حالة الضرر دون أن يحجب ذلك مسؤولية التابع.

## ثانياً: المحكمة الدستورية

المادة (91):

تؤسس بقانون المحكمة الدستورية لكوردستان-العراق.

المادة (92):

أولاً: تشكل المحكمة الدستورية من سبعة أعضاء بما فيهم الرئيس يتم اختيارهم من بين القضاة وأساتذة القانون والمحامين ممن لا تقل ممارستهم في مجال القضاء أو التشريع أو التدريس أو المحاماة ما مجموعه عشرون سنة.

ثانياً: يقوم رئيس الإقليم بالتشاور مع مجلس القضاء بترشيح أعضاء المحكمة الدستورية.

**ثالثاً: يتم تعيين أعضاء المحكمة من قبل رئيس اقليم كوردستان بمرسوم بعد مصادقة البرلمان على المرشحين بغالبية ثلثي عدد اعضائه.**

**المادة (93):**

**تنتخب المحكمة رئيسها من بين أعضائها.**

**المادة (94):**

**يؤدي رئيس وأعضاء المحكمة الدستورية اليمين القانونية أمام رئيس اقليم كوردستان قبل مباشرتهم لمهامهم.**

**المادة (95):**

**تختص المحكمة الدستورية بالأمور التالية:**

**أولاً: تفسير نصوص مواد دستور اقليم كوردستان.**

**ثانياً:**

**1 ـ الرقابة على دستورية القوانين بناء على طلب رئيس اقليم كوردستان، أو مجلس الوزراء، أو عشرة من أعضاء البرلمان.**

**2 ـ البت في مشروعية المراسيم والأنظمة والقرارات والتعليمات بناءً على طلب كل شخص ذي مصلحة مباشرة.**

**ثالثاً: البت في الدفع المقدم في دعوى مقامة أمام محكمة بعدم دستورية قانون أو مشروعية قرار أو نظام أو تعليمات، وعلى المحكمة المذكورة تأجيل الدعوى لحين البت في نتيجة الدفع من قبل المحكمة الدستورية.**

**رابعاً: تصديق نتائج الاستفتاءات والانتخابات العامة لرئيس الاقليم وبرلمان كوردستان - العراق.**

**خامساً: البت في دستورية التعديل المقترح على دستور اقليم كوردستان ومدى موافقته لمتطلبات المادة (120) من هذا الدستور.**

**سادساً: محاكمة رئيس أو نائب رئيس اقليم كوردستان بعد اتهامهما من قبل البرلمان وفقاً للمادة (62) من هذا الدستور، ولادانة الرئيس أو نائبه يستوجب موافقة ما لا يقل عن خمسة من أعضاء المحكمة.**

**سابعاً: البت في الدعاوى المرفوعة وفق المادة (19 /الفقرة ثامن عشر/ 3) من هذا الدستور.**

**ثامناً: البت في الطعون المتعلقة بصحة العضوية ورفع الحصانة عن أعضاء البرلمان.**

**المادة (96):**

**تحدد شروط العضوية في المحكمة وسير العمل فيها وكيفية قبول الدعاوى والطلبات والطعون بقانون.**

**المادة (97):**

**أحكام المحكمة الدستورية نهائية وملزمة للجميع، وإذا ما قررت المحكمة عند بتها في دستورية القوانين أو مشروعية المراسيم والأنظمة والقرارات والتعليمات أن أياً منها مخالف للدستور أو القانون، يتعين عليها إشعار السلطة المعنية في اقليم كوردستان لاتخاذ ما يلزم من إجراءات لإزالة المخالفة الدستورية أو تصحيحها.**

### ثالثاً: مجلس القضاء

**المادة (98):**

**أولاً: يتكون مجلس القضاء من رئيس محكمة التمييز ونوابه، ورئيس هيئة الإشراف القضائي، ورئيس الادعاء العام، ورؤساء محاكم المناطق الاستئنافية في اقليم كوردستان.**

**ثانياً: يتولى مجلس القضاء إدارة شؤون القضاء وضمان استقلاليته والإشراف على الهيئات القضائية وفقاً للقانون.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**زۆر سوپاس، داوا لە كاك محەمەد عومەر دەكەم كە لە ماددەی نۆەدو نۆ تا سەدو بیست و دوو بخوێنێتەوە بە زمانی كوردی، فەرموو.**

**بەڕێز محمد عمر مولود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**ماددەی (99)**

**یەكەم: دەسەڵاتی دادوەری بودجەیەكی تایبەتی هەیە كە بە بودجەی هەرێمەوە دەلكێندرێ و پێكدێ لەو ڕەسم و غەرامانەی كە بە پێی یاسا وەردەگیرێ و لەو پارەیەی حكومەتی هەرێم بۆی تەرخان دەكا.**

**دووەم: ئەنجومەنی دادوەری ئامادە كردنی پرۆژەی بودجەی ساڵانەی دەسەڵاتی دادوەری لە ئەستۆدەگرێ و لەگەڵ وەرگرتنی بیروڕای دادگای دەستووری سەبارەت بەو پارە تایبەتەی بۆی تەرخان كراوەو دەیخاتە بەرچاوی پەرلەمانی كوردستان-عیراق بۆ پەسندكردنی، بە مەرجێ دوا ژمارەی بخرێتە نێو بودجەی ساڵانەی هەرێمەوە.**

## دەروازەی چوارەم

## یەكەم :داواكاری گشتی

**ماددەی(100)**

**داواكاری گشتی نوێنەری كۆمەڵە, بۆ بەرگریكردن لە دادپەروەری و پاراستنی ڕەوایی (مشروعیە) و سیستەمی گشتی و ئاسایشی هەرێم و دارایی گشتی و پاراستنی خێزان و تاكە كەسان و ئازادیەكانیان. ئەمەش بە یاسا ڕێكدەخرێ.**

## دووەم: ئەنجومەنی شووڕا

ماددەی (101)

ئەنجومـــەنی شـــووڕای هـــەرێمی کوردســـتان-عـــیراق دادەمەزرێنـــدرێ وئـــەرك وفەرمانـــەکان ودەســـەڵات وپێکهاتەکانی بەیاسایەك ڕێکدەخرێن.

## دەروازەی پێنجەم

## کارگێڕیە خۆجێییەکان و ئەنجومەنەکانی شارەوانی

ماددەی (102)

دابەش بوونی کارگێری لە هەرێمی کوردستان لەسەر بناغەی (پارێزگا، قەزا،ناحیەو دێ) دەبێ و کردنەوە و دیارکردن و گۆڕینی مەڵبەنـدەکانیان(مرکـز)و دیـارکردن و هـەموارکردنی سنوورەکانیان و لێـك کردنـەوەو لکاندنیان بە یەکەکانی دیکەی کارگێڕیەوە بە پێی یاسا دەبێ.

ماددەی (103)

یەکـەم: لـە بـەڕێوەبردنی یەکـە کارگێڕیـەکان لـە کوردسـتان-عیراقـدا, (پارێزگـا، قـەزا، ناحیـەو دێ) و لـە گەشـەپێدان و کـارا کردنیـان بەشـێوەیەکی بـەردەوام, بنـەمای نامەرکـەزی دەگردرێتەبـەر، وەك یـەکێك لـە شێوازە پێویسـتیەکانی بەشـداریکردنی هاووڵاتیـانی هـەرێمی کوردسـتان-عـیراق لـە بـەڕێوەبردنی کاروبـاری گشتیی یەکە کارگێڕیەکاندا بۆ وەدیهێنانی دیموکراسی. هەر یەك لەمانـەش ئەنجومـەنێکی خـۆجێیی دەبـێ کـە بـە دەنگـدانی گشـتیی، نهـێنی و راسـتەوخۆ هەڵدەبـژێردرێ. بـە یاسـایەك شـێوەی هەڵبژاردنەکـەی و دەسەڵات و ئەرکو فەرمانەکانی دیاردەکرێن.

دووەم: هـەر یەکەیـەکی کـارگێری ئەنجومـەنێکی جێبـەجێ کردنـی دەبـێ کـە سـەرۆکی یەکـە کارگێریەکـە سـەرۆکایەتی دەکـاو چـۆنیەتی پێکهێنـانی و دیـارکردنی دەسـەڵات و ئـەرکو فەرمانـەکانی و پەیوەنـدیی بـە ئەنجومەنی خۆجێیی یەکە کارگێریەکە بە وەزارەتەکان و دامودەزگا ناوەندیەکان لە هـەرێمی کوردسـتانەوە بە یاسا ڕێك دەخرێن.

ماددەی (104)

مەلبەندی هەر پارێزگاو قەزاو ناحیەك و هەر دێیەکیش کە ژمارەی دانیشتوانی لە سێ هەزار کەس کـەمتر نـەبێ شـارەوانیەکی دەبـێ کـە ئەنجومـەنێکی شـارەوانی بـەڕێوەی دەبـاو بـەپێی یاسـا خزمەتـە گشـتیەکان پێشکەش بە هاووڵاتیانی دەکا.

ماددەی (105)

یەکەم: ئەنجومەنە خۆجێی و شارەوانییەکان خاوەنی کەسایەتی مەعنەوین.

دووەم: هەر یەکەیەکی کارگێری، یان شارەوانی بودجەیەکی سەربەخۆو تایبەتی دەبێ.

ماددەی (106)

یەکـــەم: لـــە پێکهێنـــانی ئەنجومەنـــە جۆجێیـــەکان و شـــارەوانیەکاندا نوێنەرایەتیـــەکی دادپەروەرانـــەی پێکهاتەکانی ئەو یەکە کارگێریە، یان شارەوانیە لەبەرچاو دەگیرێ و ئەمەش بە یاسا ڕێکدەخرێ.

دووەم: پێویستە یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنە خۆجێیەکان وەدیهێنانی ڕێژەی بەلای کەم 30٪ ژمارەی ئەندامانیان بۆ ژنان وەك ئامانجێك لەبەرچاو بگرێ.

## دەروازەی شەشەم

## دەستەو کۆمسیۆنە سەربەخۆیەکان

ماددەی (107)

یەکەم: بە یاسایەك ئەمانەی خوارەوە دادەمەزرێن:

1-دەستەی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕاپرسی لە کوردستان-عێراقدا.

2- دیوانی دەستپاکی و چاودێریی دارایی

3ـ دەستەی گشتی دروستی و باشیی بەرهەمەکانی خۆماڵی و هاوردەکان.

دووەم:

1 ـ بە یاسایەك ئەنجومەنی ڕاوێژکار بۆ کاروباری ئابووری و کۆمەڵایەتی دادەمەزرێت.

2 ـ ئەرکی ئەو ئەنجومەنە ڕاوێژ پێشکەشکردنە بە هەریەك لە سەرۆکایەتی هەرێم و پەرلەمان و ئەنجومەنی وەزیران لە بواری کاروباری ئابووری و کۆمەڵایەتیدا.

ماددەی (108)

یەکەم: ئەو دەستانەی کە بڕگەی (یەکەم)ی ماددەی (107)ی ئەم دەستوورە دەیانگرێتەوە لەژێر چاودێریی پەرلەمانی کوردستان-عێراقدا دەبن و یاسا پەیوەندی هەر یەکێکیان بە پەرلەمانەوە ڕێکدەخات.

دووەم: بێجگە لەوانەی لە بڕگەی (یەکەم)ی ماددەی (107)ی ئەم دەستوورەدا هاتوون, دەکرێ دەستە و کۆمسیۆنی دیکەش بە یاسا پێکبهێندرێت.

ماددەی (109)

ئەنجومەنێك پێکدەهێندرێت بەناوی (ئەنجومەنی ئاسایشی هەرێم) وپەیوەست دەبێ بە سەرۆکی هەرێمەوە وپێکهاتەو ئەرکوفەرمان وتایبەتمەندی ودەسەڵاتەکانی بەیاسایەك ڕێکدەخرێن.

## دەروازەی حەوتەم

## حوکمە داراییەکان

ماددەی (110)

ئەو کەسانەی خاوەن داهاتی نزمن لە باج دەبەخشرێن, بە جۆرێك نزمترین ڕادەی دادپەروەریی گوزەران دەستەبەر بکات، ئەمەش بە یاسایەك ڕێکدەخرێت.

ماددەی (111)

داهاتی هەرێمی کوردستان پێکدێت لە:

یەکەم: بەشی هەرێم لە بودجەی گشتی حکومەتی فیدڕاڵ لە دەسکەوتەکانی سامانی نەوت و گازو ڕەسم و گومرگ و داهاتە فیدڕاڵیەکانی دیکە بە قەرز و بەخشین وهیبەو یارمەتیەکانیشەوە.

دووەم: دەسکەوتەکانی باج و رەسم و کرێکانی راژەی دامودەزگا گشتیەکان و داهاتەکانی دامەزراوو کۆمپانیا گشتیەکان.

سێیەم: ئەوەی وەردەگیرێت لە کرێیەکانی (بەڕێوەبردن و کۆکردنەوەی باج و رەسم و گومرگە فیدراڵیەکان و داهاتە فیدراڵیەکانی دیکە لە هەرێمدا).

چوارەم: دەسکەوت و داهاتەکانی وەبەرهێنانی حکومەتی هەرێم.

پێنجەم: بەخشش و هیبەکان

شەشەم: قەرزە نێوخۆیی و دەرەکیەکانی تایبەت بە هەرێم.

حەوتەم: ئەو پشتیوانە داراییەی کە حکومەتی فیدراڵ پێشکەش بە حکومەتی هەرێمی دەکا.

ماددەی (112)

ساڵی دارایی بە یاسا دیار دەکرێ.

ماددەی (113)

یەکەم: هەموو ساڵێکی دارایی یاسای بودجەی هەرێم دادەنرێت و داهات و خەرجیە خەملێندراوەکانی لەخۆدەگرێت.

دووەم: سێ مانگ پێش تەواو بوونی ساڵی دارایی، پرۆژە یاسای بودجەی ساڵی دارایی دەدرێتە پەرلەمانی کوردستان-عێراق.

سێیەم: ئەگەر لەبەر هەر هۆیەك، ئامادەکردن، یان پێشکەش کردنی بودجە کەوتە دوای دەستپێکی ساڵی دارایی حکومەتی هەریمەوە، ئەوا بۆ هەر مانگێك کە بودجەکەی دواکەوتوە ڕێژەی (12/1) ی ئەو پشتەوانیەی کە بۆ ساڵی دارایی رابردوو بڕیاری لەسەردرابوو خەرج دەکرێت.

ماددەی (114)

قەدەغەیە سەرۆکی هەرێمی کوردستان و جێگرەکەی و سەرۆکی پەرلەمان و جێگرەکەی و ئەندامانی پەرلەمان و سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و جێگرەکانی و وەزیرەکان و ئەوانەی پلەی تایبەتیان هەیە و دادوەرەکان و داواکارە گشتیەکان و جێگرانی داواکاری گشتی و بەڕێوبەرە گشتیەکان و ئەوانەی لە پلەی ئەوان دان، شتێك لە سامانە گشتیەکانی هەرێمی کوردستان-عێراق بکڕن یان بە کرێ بگرن یان شتێك لە موڵکی خۆیان بە دامودەزگاکانی هەرێم بفرۆشن یان بە کرێ بدەن یان گرێبەستێك مۆر بکەن بە ناوی ملتزم(پابەند)، یان هاوردکار، یان بەڵێندەر، ڕاستەوخۆ یان بە هۆی کەسێکی دیکەوە.

## دەروازەی هەشتەم

## کارپێکردنی دەستوور و لێکدانەوە و هەموارکردنی

ماددەی (115)

کار بە هیچ هەموارکردنێکی دەستووری فیدراڵی ناکرێ ئەگەر لەو دەسەلاتانەی دەزگاکانی هەرێمی کوردستان کەم بکاتەوە کە ناکەونە نێو دەسەلاتە تایبەتیەکانی (حصری) فیدراڵی، هەتا ڕەزامەندی

پەرلەمانی هەرێم و ڕەزامەندی زۆرینەی دەنگدەرانی گەلی کوردستان-عێراق لە راپرسیەکدا لەسەر نەبێ, بە پێی حوکمی ماددەی (126/ چوارەم) لە دەستووری فیدرالی.

ماددەی (116)

تا ئەو کاتەی دادگای دەستووری لە کوردستان پێکدێ، دادگای پێداچوونەوەی کوردستان بێجگە لە تایەبتەمەندیە ئاساییەکانی، تایبەتمەند دەبێت بە لێکدانەوەی دەقەکانی ئەم دەستورە و بڕیاردان لەسەر دەستوورینەبوونی یاساکان و ڕەوانەبوونی بڕیار و مەرسووم و پێڕەوو ڕێنماییەکان لەو داوایانەی دەخرێنە بەردەم دادوەری.

ماددەی (117)

یاساکان لە ڕۆژنامەی رەسمیی هەرێمی کوردستان (وەقائیعی کوردستان) دابلاو دەکرێنەوە و لە ڕۆژی بلاوبوونەوەیان کاریان پێ دەکرێ, مەگەر دەقێکیان بە پێچەوانەی ئەمەوە تێدا هاتبێ.

ماددەی (118)

ئەم دەستووره پاش رەزامەندیی زۆرینەی دەنگدەرانی گەلی هەرێمی کوردستان لە ڕاپرسیەکی گشتیدا بە پەسەندکراو دادەندرێ.

ماددەی (119)

ئەگەر زنجیرەی ئەو ماددانەی دەستووری فیدرالی کە لەم دەستوورەدا پشتیان پێوە بەستراوە, هەمواركرا, پەرلەمان بۆی هەیە بە زۆرینەی دەنگی ئامادەبووان ئەو زنجیرەیە راست بکاتەوە کە پشتی پێ بەستراوە.

ماددەی (120)

یەکەم: ئەم دەستووره هەموارناکرێ بەبێ ئەو ڕێکارانەی لەم ماددەیەدا هاتوون, بە مەرجێ زیان بەسەلامەتی سیستەمی سیاسیی, پەرلەمانیی کۆماری و دیموکراتیی کوردستان - عیراق و سەلامەتی خاکەکەی نەگەیەنێ و لەو ماف و ئازادیانەی لەم دەستوورەدا هاتوون کەم نەکاتەوە.

دووەم: سەرۆکی هەرێمی کوردستان و ئەنجومەنی وەزیران پێکەوە ، یان نیوەی ژمارەی ئەندامانی پەرلەمان بۆیان هەیە پێشنیازی هەموارکردنی دەستوور بکەن.

سێیەم: دادگای دەستووری پاش پێداچوونەوەی هەموارکردنی پێشنیازکراو, دەبێ لە ماوەی چل و پێنج ڕۆژدا بڕیار بدات ئایا هەرموارکردنە پێشنیازکراوەکە ناکۆکە لەگەڵ ئەو مەرجانەی لە بڕگەی یەکەمی ئەم ماددەیەدا هاتوون, یان گونجاوە.

چوارەم: پەرلەمانی کوردستان بۆی هەیە بە زۆرینەی 3/2 ی ژمارەی ئەندامەکانی رەزامەندی لەسەر پێشنیازەکە دەربڕێت.

پێنجەم: گەلی کوردستان-عیراق لە ڕاپرسیەکی گشتی دا بە زۆرینەی دەنگدەران رەزامەندی لەسەر هەموارکردنەکە دەردەبڕێت.

ماددەی (121)

ڕاپرسی مافی هاووڵاتیانی هەرێمە و (25٪) ی ئەوانەی مافی دەنگدانیان هەیە لە هەرێم دا دەتوانن لەسەر بابەتێکی دیارکراو داوای ڕاپرسی بکەن، بە مەرجێك ئەم ڕاپرسیە بە پێی یاسا ڕێکبخرێ و جێ بەجێبکرێ.

ماددەی (122)

یەکەم: ئەم دەستوورە, سی (30) رۆژ دوای ئەوەی لە ڕاپرسیەکی گشتیدا ڕەزامەندی لەسەر دەدرێت, کاری پێدەکرێو سەرۆکی هەرێمی کوردستان, لەماوەی 10 ڕۆژ دوای ڕەزامەندی لەسەردانی لە ڕاپرسیە گشتیەکەدا, بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقائیعی کوردستان) لە ئەستۆ دەگرێ.

دووەم: ئەو یاسایانەی لە ڕۆژی کارپێکردنی ئەم دەستوورەدا کاریان پێکراوە, ئەگەر بە پێی حوکمەکانی ئەم دەستوورە هەموار نەکرابن یان هەڵنەوەشابنەوە، بە کارپێکراوی دەمێننەوە سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ئێستا دکتۆر شێرزاد بۆ خوێندنەوەی ماددەی نۆەدو نۆ تا ماددەی سەد بیست و دوو بە زمانی عەرەبی، فەرموو.

**بەڕێز د.شێرزاد احمد نەجار:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة (99):

اولاً: للسلطة القضائية ميزانية خاصة بها تلحق بميزانية الاقليم تمول من الرسوم والغرامات القضائية المستوفاة وفق القانون وما ترصده حكومة الاقليم من مبالغ لتمويلها.

ثانياً: يتولى مجلس القضاء إعداد مشروع ميزانية السلطة القضائية السنوية مع الأخذ برأي المحكمة الدستورية حول التخصيصات الخاصة بها ويعرضه على برلمان كوردستان-العراق للموافقة عليه، على أن يتم إدراج الرقم النهائي لها ضمن الموازنة السنوية للاقليم.

**الباب الرابع**

**أولاً: الإدعاء العام**

المادة (100):

ينوب الادعاء العام عن المجتمع في الدفاع عن العدالة وحماية المشروعية والنظام العام وأمن الاقليم والأموال العامة وحماية الأسرة والأفراد وحرياتهم وينظم ذلك بقانون.

**ثانياً: مجلس الشورى**

المادة (101):

يؤسس مجلس شورى اقليم كوردستان-العراق وتحدد مهامه وصلاحياته وتشكيلاته بقانون.

**الباب الخامس**

**الادارات المحلية والمجالس البلدية**

المادة (102):

تكون التقسيمات الإدارية في اقليم كوردستان على أساس (المحافظة، القضاء، الناحية، القرية) ويتم استحداثها وتعيين وتغيير مراكزها وتحديد وتعديل حدودها وفك ارتباطها وإلحاقها بوحدات إدارية أخرى وفق القانون.

المادة (103):

أولاً: تعتمد اللامركزية الإدارية في إدارة الوحدات الإدارية في اقليم كوردستان (المحافظة، القضاء، الناحية، القرية) وتطويرها وتفعيلها باستمرار باعتبارها إحدى الوسائل الضرورية لمشاركة مواطني الإقليم في إدارة الشؤون العامة للوحدة الإدارية تحقيقاً للديمقراطية، فيكون لكل منها مجلس محلي منتخب بالاقتراع العام السري المباشر وتبين طريقة انتخابه وتحديد صلاحياته ومهامه بقانون.

ثانياً: يكون لكل وحدة إدارية مجلس تنفيذي يترأسه رئيس الوحدة الإدارية تبين كيفية تشكيله وتحديد صلاحياته ومهامه وعلاقته بالمجلس المحلي للوحدة الإدارية ذاتها والوزارات والمؤسسات المركزية في اقليم كوردستان بقانون.

المادة (104):

يكون لمركز كل محافظة وقضاء وناحية وكل قرية لا يقل عدد سكانها عن ثلاثة آلاف نسمة بلدية يديرها مجلس بلدي يتولى تقديم الخدمات العامة لمواطنيها بموجب قانون.

المادة (105):

أولاً: تتمتع المجالس المحلية والبلدية بالشخصية المعنوية.

ثانياً: يكون لكل وحدة إدارية أو بلدية ميزانيتها المستقلة الخاصة بها.

المادة (106):

أولاً: يراعى في تشكيل المجالس المحلية والبلدية التمثيل العادل للمكونات الموجودة ضمن تلك الوحدة الإدارية أو البلدية وينظم ذلك بقانون.

ثانياً: يجب أن يستهدف قانون انتخاب المجالس المحلية تحقيق نسبة تمثيل للنساء لا تقل عن (30٪) من عدد اعضائه.

## الباب السادس

## الهيئات والمفوضيات المستقلة

المادة (107):

أولاً: تؤسس بقانون:

1- الهيئة العليا المستقلة للانتخابات والاستفتاء في كوردستان-العراق.

2- ديوان النزاهة والرقابة المالية.

3- الهيئة العامة لسلامة وجودة المنتجات المحلية والمستوردة.

ثانياً:

1- يؤسس المجلس الاستشاري للشؤون الاقتصادية والاجتماعية بقانون.

2- تكون مهمة المجلس تقديم المشورة في الشؤون الاقتصادية والاجتماعية لكل من رئاسة الاقليم والبرلمان ومجلس الوزراء.

المادة (108):

أولاً: تخضع الهيئات المشمولة بالفقرة (أولاً) من المادة (107) من هذا الدستور لرقابة برلمان كوردستان وينظم القانون علاقة كل منها به.

ثانياً: يجوز تشكيل هيئات ومفوضيات أخرى بقانون اضافة الى ما جاء في الفقرة (أولاً) من المادة (107) من هذا الدستور.

المادة (109):

يشكل مجلس يسمى (مجلس أمن الاقليم) يرتبط برئيس الاقليم وتحدد تشكيلاته ومهامه واختصاصاته وصلاحياته بقانون.

## الباب السابع

## الأحكام المالية

المادة (110):

يعفى أصحاب الدخول المنخفضة من الضرائب بما يضمن الحد الأدنى العادل للمعيشة، وينظم ذلك بقانون.

المادة (111):

تتكون واردات اقليم كوردستان من :

أولاً: حصة الاقليم من الموازنة العامة للحكومة الاتحادية المتأتية من عوائد الثروة النفطية والغازية ورسوم الكمارك والواردات الاتحادية الاخرى بما فيها القروض والمنح والهبات والمساعدات.

ثانياً: عائدات الضرائب والرسوم وأجور خدمات المرافق العامة وإيرادات المؤسسات والشركات العامة.

ثالثاً: ما يتم استيفاؤه من أجور عن (إدارة وجباية الضرائب والرسوم الكمركية الاتحادية وغيرها من الواردات الاتحادية في الاقليم).

رابعاً: عائدات استثمارات حكومة الاقليم ومواردها.

خامساً: المنح والهبات.

سادساً: القروض الداخلية والخارجية الخاصة بالاقليم.

سابعاً: ما تقدمه الحكومة الاتحادية من دعم مالي لحكومة الإقليم.

المادة (112):

تحدد السنة المالية بقانون.

المادة (113):

أولاً: يشرع قانون موازنة الاقليم في كل سنة مالية ويتضمن الواردات والنفقات التقديرية.

**ثانياً: يقدم مشروع الموازنة للسنة المالية لبرلمان كوردستان-العراق قبل ثلاثة أشهر من انتهاء السنة المالية.**

**ثالثاً: في حالة تأخر إعداد أو تقديم الموازنة عن بداية السنة المالية لأي سبب كان، تتولى حكومة الاقليم صرف نسبة (1\12) من الاعتمادات المقررة في ميزانية السنة المالية المنصرمة وذلك لكل شهر تأخرت عنه الميزانية.**

**المادة (114):**

**يحظر على رئيس اقليم كوردستان ونائبه ورئيس البرلمان ونائبه وأعضاء البرلمان ورئيس مجلس الوزراء ونوابه والوزراء وأصحاب الدرجات الخاصة والقضاة والمدعين العامين ونوابهم والمدراء العامين ومن هم بدرجتهم شراء أو استئجار شيء من الممتلكات العامة في كوردستان-العراق أو تأجير أو بيع شيء من ممتلكاتهم لسلطات الاقليم أو إبرام عقد مباشرةً أو بالواسطة بوصفهم ملتزمين أو موردين أو مقاولين.**

## الباب الثامن

## نفاذ الدستور وتفسيره وتعديله

**المادة (115):**

**لايعمل بأي تعديل للدستور الاتحادي ينتقص من صلاحيات سلطات اقليم كوردستان غير الداخلة ضمن الاختصاصات الحصرية للسلطات الاتحادية إلا بعد موافقة برلمان الاقليم وموافقة شعب كوردستان-العراق عليه في استفتاء بأغلبية المصوتين تطبيقاً لحكم المادة (126/رابعاً) من الدستور الاتحادي.**

**المادة (116):**

**تختص محكمة تمييز كوردستان، إضافة إلى اختصاصاتها الاعتيادية، بتفسير نصوص هذا الدستور والبت في الدفع بعدم دستورية القوانين ومشروعية القرارات والمراسيم والأنظمة والتعليمات في الدعاوى المقامة أمام القضاء لحين تشكيل المحكمة الدستورية في كوردستان.**

**المادة (117):**

**تنشر القوانين في الجريدة الرسمية لاقليم كوردستان (وقائع كوردستان) ويعمل بها من تأريخ نشرها إلا إذا نص فيها على خلاف ذلك.**

**المادة (118):**

**يعد هذا الدستور مصادقاً عليه بعد موافقة أغلبية المصوتين من شعب اقليم كوردستان عليه في استفتاء عام.**

**المادة (119):**

**في حالة تعديل تسلسلات مواد الدستور الاتحادي التي تم الاستناد عليها في هذا الدستور فلبرلمان كوردستان - العراق بأغلبية أصوات الحاضرين تصحيح التسلسل المستند عليه.**

**المادة (120):**

**أولاً: لا يعدل الدستور إلا وفقاً للإجراءات الواردة في هذه المادة على أن لا يمس هذا التعديل سلامة النظام السياسي البرلماني الجمهوري الديمقراطي لكوردستان ـ العراق وسلامة أراضيه وعلى أن لا ينتقص من الحقوق والحريات الأساسية الواردة في الدستور.**

**ثانياً: لرئيس اقليم كوردستان ومجلس الوزراء معاً، أو ثلث عدد أعضاء البرلمان اقتراح تعديل الدستور.**

**ثالثاً: على المحكمة الدستورية بعد مراجعتها للتعديل المقترح خلال خمسة وأربعين يوماً، أن تقرر كون التعديل المقترح مخالفاً للشروط الواردة في الفقرة (أولاً) من هذه المادة أم مطابقاً لها.**

**رابعاً: لبرلمان كوردستان-العراق الموافقة على الاقتراح بأغلبية ثلثي عدد أعضائه.**

**خامسا: يوافق شعب كوردستان-العراق في استفتاء عام على التعديل بأغلبية المصوتين.**

**المادة (121):**

**الاستفتاء حق لمواطني الاقليم ويحق لـ (25٪) ممن لهم حق الانتخاب في الاقليم طلب إجراء الاستفتاء لموضوع معين، على أن ينظم ويجري هذا الاستفتاء وفق القانون.**

**المادة (122):**

**أولاً: يعد هذا الدستور نافذاً بعد مضي ثلاثين يوماً من تاريخ الموافقة عليه في الاستفتاء العام، ويتولى رئيس اقليم كوردستان نشره في الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان) خلال عشرة أيام من تاريخ الموافقة عليه في الاستفتاء العام.**

**ثانياً: تبقى التشريعات النافذة في الاقليم معمولاً بها ما لم تلغى أو تعدل وفقاً لأحكام هذا الدستور.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**زۆر سوپاس، خوشك و برایان، ئەندامانی پەرلەمان، نامەوێت قسەكانی سەرەتای دانیشتنەكەمان دووبارە بكەمەوە، تەنیا ئەوە دەڵێم ئەو ساتانەی كە ئێستا تێدا دەژین مێژوویین بۆ پەرلەمانەكەمان، بۆ گەلەكەمان تەنیا وشەیەكە دووبارەی بكەمەوە، ئەویش ئەوەیە كە هەر كەسێك لە ئەندامانی پەرلەمان تاكە كەس، حزب حەقی خۆیەتی مولاحەزەو بۆچوونێكی تری هەبێت لەسەر بڕگەیەك لە بڕگەكانی ئەو ماددەیە، یاخود موافەقەتی لەسەر نەكات، بەڵام ئێمە وەكو گوتمان تێكڕای ماددەكان پێكەوە دەستووریێكن بۆ هەرێمی كوردستان، بۆ هەموومانە، بۆیە هەر كەسێك ئەو بۆچوونەی هەبێت لەسەر بابەتێك، دەتوانێت ئیحتیفازی پێ بكاتن لە لای خۆی، دەتوانێت باسی بكاتن لە راگەیاندن، بەڵام ئێستا لێرە وەكو پێشتریش رێككەوتین لەسەری، ئەو پرۆژەیە بە دوو مەرحەلە دەیخەمە دەنگدانەوە، یەكەم بەتێكڕای دەنگ دەنگی بۆ دەدەین، دوایێش بۆ ئەوەی وەكو گوتم ساتێكی مێژوویییە یەكە یەكە دەنگی بۆ بدەین، بۆ ئەوەی ئەو دوو لەسەر سێیەی كە پێویستە لەگەڵ پێشەكییەكە پێكەوە، پێشەكیەكەو ماددەكان پێكەوە، هەمووی پێكەوە دەیخەینە دەنگدانەوە، دوایێش یەكە یەكە رەئی ئەندامەكان وەردەگرین، بۆ ئەوەی ژمارەی دەنگدەران بە بەڵێ و بە نەخێر تۆمار بكەین، بۆیە تێكڕای پرۆژەكە لەگەڵ پێشەكییەكە، پرۆژەی دەستووری هەرێمی كوردستان – عێراق دەخەمە دەنگدانەوە، كێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر**

سوپاس، كێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، یەك كەس، بەزۆرینەی دەنگ وەرگیرا، زۆر سوپاس، ئێستاش یەكە یەكە دەنگی بۆ دەدەین، بۆ ئەوەی ژمارەی دەنگدان تۆمار بكەین، وامان ئیتیفاق كردووە لەگەڵ لیژنەی دەستووری، بۆ ئەوەی ژمارەكە تۆمار بكەین، (97) ئەندامی پەرلەمان ئامادەیە، كەواتە (96) دەنگی داوە لە (110)، چونكە یەك لە ئەندامەكان وەفاتی كردووە، خوا عەفوی بكاتن، لە (96) لە دەنگ لە سەد مانای وایە دوو لەسەر سێیەكەی دابین كردووە، كەواتە پرۆژەكە دەستوورییە، بەس لەو رۆژەوە ئێمە مەبدەئییەن خاوەنی دەستوورییین و چاوەڕوان دەكەین و ئومێد دەكەین گەلی كوردستان بە زۆرینەیان دەنگی بۆ بدەن لە 2009/7/25، ئێمە لەمڕۆوە لەگەڵ كۆمسیۆنی باڵا لەكار دەبین و لێرەدا دەبێت سوپاسی یەكە یەكە سەرۆكی لیژنەی نووسینەوەی دەستوورو جێگرەكانی و ئەندامەكانی، هەموو ئەو كەسانەی كە تیایدا بەشدار بوون، هەموو ئەو حزبانەی كە تێبینیان ناردووە، هەموو ئەو رێكخراوە مەدەنیانەی كە بۆچوونیان هەبووە، نامەیان ناردووەو لە رۆژنامەكاندا باسیان كردووەو پرۆژەكەیان دەوڵەمەند كردووە، سوپاسی یەكە یەكەیان دەكەم و منیش سوپاسی ئێوەی بەڕێزیش دەكەم، بە چەپڵە رێزان ............. .

كۆتایی بە دانیشتنەكەمان دەهێنین، ئەگەر پێویستی كرد بۆ دانیشتن ئاگادارتان دەكەینەوە، زۆر سوپاس.

| | | |
|---|---|---|
| **فرست احمد عبدالله** | **محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی)** | **عدنان رشاد مفتی** |
| **سكرتێری پەرلەمانی** | **جێگری سەرۆكی پەرلەمانی** | **سەرۆكی پەرلەمانی** |
| **كوردستان – عێراق** | **كوردستان – عێراق** | **كوردستان - عێراق** |

# پەرلەمانی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (4)ی نائاسایی**

**پێنج شەممە رێکەوتی 9\7\2009**

**خولی دووەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (4)ی نائاسایی

## پێنج شەممە ڕێکەوتی 2009/7/9

کاتژمێر (11)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی پێنج شەممە ڕێکەوتی 2009/7/9 پەرلەمانی کوردستان - عێراق بە سەرۆکایەتی بەڕێز عدنان رشاد مفتی سەرۆکی پەرلەمان و, بە ئامادەبوونی بەڕێز محمد قادر

عبدالله(د.كمال كەركووكى) جێگرى سەرۆك و, بەڕێز فرست أحمد عبدالله سكرتێرى پەرلەمان, دانیشتنی ژمارە (1)ی نائاسایی خولی دووەم, ساڵی (2009) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی کار:**

بەپێی حوکمەکانی بڕگە (1)ی مادده (20) لە پێڕۆی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموارکراوی ساڵی 1992ی پەرلەمانی کوردستانی عێراق, دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاردرا دانیشتنی ژمارەی (4)ی نائاسایی خولی دووەمی هەڵبژاردن لە کات (11)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی پێنج شەممە ڕێکەوتی 2009/7/9 دا بەم شێوەیە بێت:

1-خستنەڕوو وگفتوگۆکردن لەسەر هەڵوێستی کۆمیسۆنی باڵا سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان بەرامبەر بە پرۆسەی ڕیفراندۆم لەسەر پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان – عێراق.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی کوردستان، دانیشتنەکەمان دەکەینەوە بەرنامەی کار:

خستنەڕوو و گفتوگۆکردن لەسەر هەڵوێستی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان بەرامبەر بە پرۆسەی ریفراندۆم لەسەر پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستانی عیراق، سەرەتا دەمەوێ ئاماژە بەو کارە تیرۆرستیانە بکەم کە ئەمڕۆ لە تەلەعفەر ڕووی داوە کە بووەتە هۆی ئەوەی ژمارەیەکی زۆر شەهید و بریندار هەبن، ئەم کارە تیرۆرستیانە وەکو قەدەری گەلانی عیراقە، دەبێت ڕووبەرووی ببنەوە تاوەکو کۆتایی بە ڕێکخراوەکانی تیرۆرستی لە عیراق دێت، لەچەند ڕۆژی پێشتر دا لە کەرکووك بە هەمان شێوە بوو بە هۆی ئەوەی دەیان هاووڵاتی کەرکووك شەهید ببن و دەیانی تریش بریندار ببن، لێرەوە سەرەخۆشی لە هەموو کەسوکاری شەهیدانی کارە تیرۆرستیەکانی تەلەعفەر و کەرکووك و هەموو شارەکانی تری عیراق دەکەین، ئومێدەوارین خوای گەورە شیفای ئەو بریندارانە بدات و زوو چاك ببنەوە و بگەڕێنەوە شوێنی خۆیان، هەروەها داوا لە حکومەتی هەرێمیش دەکەین وەك هەمیشە هاوکار بوونە بۆ هاوکاری کردنی ئەو بریندارانە بۆ شاری تەلەعفەریش کاری پێویست بکەن، هەرچی ئیمکان هەبێت و داوایان کردبێت بۆیان جێ بەجێ بکرێت لەڕووی چاك بوونەوەیان، دیارە ئەم کۆبوونەوە نائاساییە هەمووتان دەزانن لەبەر ڕۆشنایی هەڵوێستی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانە لە عیراق لەبەرامبەر ئەو بڕیارەی ئێوە داتان لێرە پاش پەسەند کردنی پرۆژەی دەستوور لەلایەن پەرلەمانەوە کە درا بۆ ڕاپرسی ڕۆژی 2009/7/25 دەست نیشان کرا بۆ ڕاپرسی لەسەر دەستوور شان بەشانی هەڵبژاردنی پەرلەمان و سەرۆکی هەرێم، دیارە پێشتر ئێمە پێش ئەوەی ئەو بڕیارە وەربگرین لەگەڵ کۆمسیۆنی باڵا قسەمان کردبوو، ڕەنگە مانگێك پێش ئەوەش کە داواشمان کردبوو کە ئەو بڕیارە دەدەین و ئێمە تێ گەیشتین لە قسەکانی ئەوان کە ئەوان دەتوانن لەو ماوەیەدا کارەکان ئەنجام بدەن و لەگەڵ هەڵبژاردنی پەرلەمان و سەرۆکی هەرێم ئەو ڕاپرسیە لە 7/25 دا بکرێت، دواتر ئەوان پاش هەفتەیەك لەوەی کە

ئێمە نامەمان بۆ ناردن بەڕەسمی پاش دانیشتنی 6/24- 6/25 نامەی سەرۆکایەتی پەرلەمان لەگەڵ بڕیارەکەی ئێوە و لەگەڵ یاسایەکە و پرۆژەی دەستوورەکە گەیەنرا بە کۆمسیۆنی باڵا و داواشمان لێ کردن کە کاری پێویست بکەن، لەو چەند ڕۆژەش پاش 6/25 هەروا تەسەور دەکرا کە ئیشەکان بە ڕێکوپێکی دەکرێت، دواتر ئەوان لە 7/2 ئاگاداریان کردینەوە کە کۆسپی تەکنیکی هەیە لە بەردەمیان دا ناتوانین لەو ڕۆژەدا ئەو ڕاپرسیە ئەنجام بدەن شان بەشانی هەڵبژاردنەکان، داوامان لێ کردن بێن بۆ ئێرە، چونکە قەناعەتمان بە بیروبۆچوونی ئەوان نەبوو، گوتمان با بێن بۆ ئێرە لێرە لەگەڵ لیژنەی دەستووری و یاسایی دابنیشن بۆ ئەوەی گفتوگۆ بکەین و بزانین چ کۆسپێك هەیە بتوانین یەکلایی بکەین، لەبەرئەوە ئێمە ویستمان ئەوە بوو کە لە ڕۆژی 7/25 دا ئەنجام بدرێت، ئەوە بوو لە 7/3 هاتنە ئێرەو کۆمسیۆنی باڵا ئەنجومەنێکی هەیە 9 کەسن کە پێنجیان هاتن، کە دەکاتە پێشی چەند ڕۆژێك، دانیشتنمان لەگەڵ کردن و ئەوان باسی هۆکارەکانی داواکەیان کرد کە دوابخرێت ڕاپرسی، ڕوونیان کردەوە کە خۆ ئامادەکردنی باش نەکراوە پێویست دەکات کە چاپ کردن و ئەو شتانە کە ئەوان سیستەمێك و پێوەرێکیان هەیە بۆ ئەنجامدانی ئەو کارە، ئەویش ئەوەیە لەڕووی تەکنیکیەوە پێویست دەکات ئەو ئەوراقانەی کە پێویستە چاپ بکرێت دەبێت لە دەرەوەی وڵات چاپی بکەن، لەوەی کە خەڵکی کوردستان دەبێت کۆمسیۆن هەڵبستێت بە پروپاگەندە و ڕاگەیاندنی ناوەڕۆکی ئەو پرۆژەیە بە خەڵك، ئەوەمان بۆیان ڕوون کردەوە کە ئێمە چیمان کردووە و چی کراوە و چیش دەکەین، ڕوونمان کردەوە کە ئێمە 800 هەزار دانە لەو پرۆژەیە لەژێر چاپ دایەو پێشی 7/25 بە هەفتەیەك یان بە 10 ڕۆژ هەر دانەیەك دەگاتە هەر عائیلەیەك، ئەمەش بۆ یەکلایی کردنی ئەو بیانووانەی کە ئەوان دەیان هێنا پێشەوە، هەروەها باسمان کرد کە ئێمە وەکو پەرلەمان لەسەر میزانیەی خۆمان و دەتوانین لە حکومەتی هەرێمیش هەر چ کۆسپێکی ماددی بێتە پێشەوە ئامادەین کە لابەلای بکەین و هاوکاریان بکەین، بەوەش کەوا ڕێنماییەکانی دارایی ئەگەر کۆسپ بن بۆ ئەنجامدانی کارەکانیان ئێمە بە بڕیارێك ئەو کۆسپانەش یەکلایی بکەین بۆ ئەوەی بتوانن دەستیان بکرێتەوە و کارەکان ئەنجام بدەن، بە تێ گەیشتنی ئێمە لەو دانیشتنەدا ئەوانەی کە لێرە بوون زۆربەیان گەیشتنە ئەو قەناعەتەی کە دەکرێت لەو ماوەیە دا و لە 7/25 دا ئەو ڕاپرسیە بکرێت، تەنانەت ڕای ئۆفیسی کۆمسیۆن لە هەولێر و لە سلێمانی و لە دهۆك هەرسێکیان پشتگیریان لە بۆچوونی پەرلەمان کردو و گوتیان بەڵێ دەکرێت کاربکەین و ماوەکە کورت بکەینەوە بە تایبەتی پەرلەمان کارئاسانیمان بۆ دەکات بۆ ئەنجامدانی ئەو تەکنیکیانە، تەبعەن باسیان لەوە کرد کە یۆنامی ڕاپۆرتێکی بۆ ئەوان نووسیوە و دەڵێت بە پێوەرە نێودەوڵەتی بۆ ئەنجامدانی ڕاپرسی ناکرێت و ڕەنگە بەو پەلە پەلیە ئەنجامەکەی ڕاپرسی لەگەڵ هەڵبژاردنی پەرلەمان و سەرۆکی هەرێم بەڕێکوپێکی بەڕێوە نەچێت و تەئسیر بکات لەسەر مسداقیەتی هەڵبژاردنەکە و بەو شێوەیەی کە دەمانەوێت سەرنەکەوێت، دواتر پاش ئەوەی کە ڕۆیشتنەوە بەغدا دوو ڕۆژ دواتر دیسانەوە پەیوەندیان کردەوە و گوتیان کۆبوونەوەمان کردو ناتوانین ئەوە بکەین، داوایان کردووە کە بیخەینە 8/11ی مانگی دواتر واتە 17 ڕۆژ دوابخرێت لە 25ەوە بۆ 11 واتە 17 ڕۆژ

دوابخرێت، دەكرێت راپرسیەكە لەو تاریخەدا بكرێت و ئەوەشیان باسكرد كە پاشی بخەن ڕەنگە ئەوە بكرێت، ئێمە لەڕاستی دا لەو دوو، سێ ڕۆژەدا موتابەعەی هەموو لایەنەكانی ئەو مەسەلەیەمان كردووە، بەوەش كە زۆر لایەن لە بەغدا و لە ناو ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق ڕاوبۆچوونیان ئەوە بووە كە دژی ئەم دەستوورە قسەیان كردووە، لە هەڵوێستی نەتەوایەتی خۆیانەوە بەرامبەر نەتەوەی كورد، یاخود هەڵوێستی خۆیان بەرامبەر مافەكانی كورد كە لە دەستووری عیراق داهاتووە، بەبێ ڕەچاوكردنی ئەوەی كە ئەم دەستوورە دوو ماددەی ڕوون لە دەستووری عیراقی ئەو مافەی بە ئێمە داوە كە دەستووری خۆمان هەبێت، یەكێكیان ئەوەیە كە دەستووری عیراق دەڵێت (هەرێم بۆی هەیە دەستووری هەبێت) و ئەوەی تریشیان دەڵێت (دەستوورەكە نابێت دژی دەستووری عیراق بێت یاخود تەناقوز بێت لەگەڵ دەستووری عیراقی)، ئێمەش گوتمان لەو مەوزوعەدا چ موناقەشەیەك هەیە ئامادەین موناقەشەی بكەین و گفتوگۆی لەسەر بكەین، بەلاّم ئێمە پێمان وایە هیچ ناكۆكیەك نیە لە نێوان پرۆژەی دەستووری هەرێمی كوردستان لەگەڵ دەستووری عیراق دا، بەلاّم ئەو ڕەد فعلانەی هەندێك لەو كەسایەتیانە كە ناسراون و خۆشتان دەیان ناسن و خۆشتان لەسەر تەلەفزیۆنەكاندا دیوتانە و قسەیان كردووە و پێیان وابووە ئەو پرۆژەیە بۆ دابەش كردنی عیراقە و بۆ سەربەخۆیی كوردستانە و بۆ تەئسیر كردنە لەسەر ناوچە دابڕاوەكان و ماددەی 140، ئەو حەقەیان نیە ئەوان، بۆیە ئێمە پێیان دەڵێین ئەو حەقەتان نیە و هێشتا ماددەی 140 جێ بەجێ نەكراوە ئاماژە بەو ناوچانە دەكەن، بەهەرحاڵ بۆچوونێكە كە قابیلی قبوڵ نیە و مەنتقیشی زەعیفە، بەلاّم خەڵكانێك هەن ئەو بۆچوونانەیان هەیە و توانیویانە تەشجیع بن، ناتوانم بڵێم كۆمسیۆنی بالاّ بڕیارەكەی سیاسیە، چونكە كۆمسیۆنی بالاّ بە یاسایەك دامەزراوە و بە پێی دەستووری عیراقی سەربەخۆنە و نامەكەشیان بۆ ئێمە نووسیوە هیچ ئاماژەیان بە هیچ هۆیەكی سیاسی نەكردووە تەنها هۆی تەكنیكی نەبێت، بۆیە ناكرێت بڕیارەكەمان كە لە 7/25 بۆ ڕاپرسی كە كۆمسیۆن بڵێت ناكرێت، ئێمە ناتوانین فەرزیان لەسەر بكەین و بڵێین ئیللا دەبێت بیكەن، لە هەمان كاتیش دا لەو چەند ڕۆژە لەگەڵ سەرۆكی فراكسیۆنەكانی ناو پەرلەمان و لەگەڵ سەرۆكایەتی هەرێم و سەرۆكایەتی ئەنجومەنی وەزیران و هەموو لایەنە پەیوەندارەكانی كوردستان كە بەشدارن لە حكومەت و پەرلەمان، باسمان كردووە لەگەڵیان و ڕاوێژمان كردووە و ڕەئیەكان دوێنێ لەپەرلەمان دوو كۆبوونەوە كرا لەلایەن سەرۆكایەتی پەرلەمان و سەرۆكایەتی فراكسیۆن و لێپرسراوانی حیزب و نوێنەرانی كوتەلی سیاسی لە پەرلەمان و گەیشتینە ئەو ئەنجامەی دەبێت ئەو دانیشتنە بكەین بۆ ئەوەی بە بڕیارەكەی خۆماندا بچینەوە، ڕەئی وابوو كە ئێمە فعلەن ناتوانین بە تەنیا هەڵبژاردن و راپرسی بكەین لەلایەن خۆمانەوە، ئەوە مەسئولیەتێكی كۆمسیۆنی بالاّیە و لە هەمان كات دا كۆمسیۆنی بالاّ كە دەڵێت ئەو هۆكارانەی تەكنیكی هەیە لەبەردەمدا هەر ئەوان دەبێت ئەوە وەلاّم بدەنەوە بۆ لابردنی هۆكاری تەكنیكی، پرسیار لەوە داهات ئایا ئێمە لە 8/11 دا ئەو راپرسیە بكەین؟ یەعنی دوو، سێ شت لە پێشمان هەبوو ئایا هەر هەمووی دوابخەین هەڵبژاردنی پەرلەمان و هەڵبژاردنی سەرۆكی هەرێم و راپرسیش بۆ 8/11 دوای بخەین؟ یان دوای نەخەین؟ یان ئەو هەڵبژاردنە

بکەین لە 7/25 دا راپرسی لەسەر ئەو دەستووره بیخەینە 8/11 زۆر لەسەر ئەو مەسەلانە باسکرا، ئەگەر تەئکیدمان هەبووایە لەبەر ڕۆشنایی گفتوگۆمان دوێنێ و پێرێ لەگەڵ کۆمسیۆنی باڵا و لەبەر ڕۆشنایی تێگەیشتنمان لەسەر ئەو وەزعەی کە هەیە، ئەگەر تەئکیدمان هەبووایە کە لە 8/11 دا، هەمووی جێ بەجێ دەکرێت و راپرسیش، ڕەنگە رەئیەکی وا هەبوبێت کە هەر هەمووی دوابخەین بۆ 8/11 بۆ ئەوەی لە ڕۆژی 8/11 دا هەمووی ئەنجام بدرێت، بەڵام وەڵامێکی تەواومان نیە و تەئکیدێکی تەواو وەربگرین لە کۆمسیۆنی باڵا کە لە 8/11 پێشنیاری خۆیانە ئەو سێ هەڵبژاردن و راپرسیەکە پێکەوە ئەنجام بدرێت، تەنانەت تەئریخی تریشمان ئیقتراح کرد، گوتیان ئێمە لە 8/15 ەوە مەشغوڵی سجلی ناخبین دەبین، راپرسیەك هەیە، شتێك هەیە لەسەر عیراقە، ڕەنگە ئەویش زەحمەت بێت، کەواتە رەئیەکە لێرەدا بەرەو ئەوە دەچوو ئێمە ناتوانین ئەو هەڵبژاردنەی پەرلەمان کە 7/25 دەست نیشان کراوە، ئەو ڕۆژە لەگەڵ هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێم دوابخەین بە تايبەتی کە کارێکی زۆر کراوە لەلایەن هەموو ئەو لیستانەی کە بەشداری لە هەڵبژاردن دەکەن، هەروەها کۆمسیۆنی باڵا کارەکانی خۆی ئەنجام داوە، موراقبینێکی زۆر هاتوون و گەیشتوون لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکان ئیتیحادی ئەوروپی و هی تریش لەم ڕۆژانە دەگەن بۆ چاودێری کردنی ئەو هەڵبژادنە و بۆ ئەوەی ئەو هەڵبژادنە هیچ کۆسپێکی نەیەتە پێش، هیچ موبەرراتێك نەدەین بە هیچ کەسێك، کە تەئسیر بکات لە مسداقیەتی هەڵبژاردنی پەرلەمان و سەرۆکی هەرێم، رەئیەکە بۆ ئێوە دەگەڕێتەوە، بەڵام دوێنێ وا باسکرا کە 7/25 ەکە تەبیعیە و دەڕوات، ئێمە لێرەدا تەنها لەسەر مەسەلەی ڕاپرسیەکە کۆدەبینەوەو لە 8/11 دا ئەگەر بە تەنها راپرسی بکەین، رەئیمان وایە کە خەڵکی کوردستان زەحمەتە و ئەزیەتە بۆیان و ناکۆکە! بەڕاستی ئێمە هەڵبژاردنێك بکەین لە 7/25 دا بۆ پەرلەمان و بۆ سەرۆکی هەرێم دواتر بە 17 ڕۆژ جارێکی تر بەهەمان شێوە لەو 17 ڕۆژەدا خەڵکەکە مەشغوڵی ئەوەی بکەین کە ڕاپرسی لەسەر دەستوور بکرێت! ئەوە ئەزیەت دانێکی خەڵکە زۆریش، یەعنی بەڕاستی ئەو قورساییە رەئیمان وایە کە نەخرێتە سەر خەڵك لەو بەینە، بە تايبەتی کە پرۆژەی دەستوور قۆناغێکی زۆری بڕیوە بەوەش کەلەلایەن ئێوەی بەڕێزەوە پەسەند کرا، تەنها ڕاپرسیەکەی ماوە، بۆیە رەئی ئەوە هاتووەتە پێش راپرسیەکە دوابخەین و داوا لە سەرۆکایەتی پەرلەمان بکەین ئەو مەسئولیەتە بخاتە سەر شانی خۆی بۆ ڕاوێژ کردن لەگەڵ حکومەت و لایەنە پەیوەندارەکان، بەزووترین کات کاری پێویست بۆ ئەنجامدانی ڕاپرسی بەشێوەیەك لەگەڵ پێوەرەکانی نێودەوڵەتی ڕێك بێت و شەفاف بێت و سەرکەوتوو بێت، ئێمە هەر دەبینە خاوەنی دەستوور، ئەو دەستوورەش خەڵك نووسیویەتی و بەو مەراحلەو قۆناغانەی کە دەیان جار ئاماژەمان پێی کرد، چەندین ساڵە لیژنەی نووسینەوەی دەستووریش لە پەرلەمانی پێشوو هەموو لایەك پێوەی خەریك بوونە و دەوڵەمەندیان کردووە و تا گەیاندوویانەتە ئەمرۆ، بۆیە من دوو شت دەکەم، کە یەکەمیان نامەی مفەوەزیەتان بۆ دەخوێنمەوە دواتریش بۆ ئەوەی وەختی هین نەکوژین لیژنە تەکلیف کرا پرۆژەیەك پێشکەش بکەن بە ئێوە بۆ ئەوەی بڕیاری گونجاو بدەین، لەبەر ڕۆشنایی نامەی کۆمسیۆنی باڵا.

کۆمسیۆنی باڵا لـە نامەیـەکیان دا ژمـارە (خ/9) 1340 لـە 7/6 دا بـۆ سـەرۆکی پەرلـەمانیان نووسـیوە بـە عەرەبیە و دەیخوێنمەوە بۆ ئەوەی غەڵەت نەکەن لە هین دا.

م/ الاستفتاء على دستور اقليم كوردستان ـ العراق

تهديكم المفوضية العليا المستقلة للانتخابات اطيب تحياتها. اشارة الى كتابكم العـدد 3/4 (اربعـة علـى ثلاثـة) (902) في 2009/6/25 بشان اجراء الاسـتفتاء علـى دسـتور الاقلـيم مـع انتخابـات رئاسـة الاقلـيم وبرلـان الاقليم فى 2009/7/25 نود بيان الاتى:

لقد قامت المفوضية باستنفار موظفيها وبذلت اقصى جهودها لايجاد السبل الكفيلة لغـرض اجـراء الاسـتفتاء فى الموعد المطلوب بكتابكم أعلاه وفعلا تم اعداد الاستمارات الخاصة بذالك و وضع الجدول الزمنى العمليـاتى وصياغة مشروع نظام الاستفتاء على الدستور الاقليم وتكليف اللجان العملياتيـة فـى المفوضـية لغـرض ابـداء الرأى حـول مـدى امكانيـة اجـراء الاسـتفتاء فـى الموعـد المطلـوب وفعـلا عقـدت لجنـة التخطـيط عمليـات فـى المواضيع اجتماعات عدة لهذا الغرض واطلعت على تقارير المقدمة من قبل دوائر واقسام المفوضية حيث تـبين ان ادراج عملية الاستفتاء على مسودة الدسـتور الاقلـيم بـالتزامن مـع عمليـة الاقـتراع لرئاسـة وبرلـان اقلـيم ومايسـبق ذلـك مـن اسـتعدادات والتحضـيرات بحاجـة الى تأجيـل موعـد الاقـتراع العـام الى يـوم 2009/8/11 والاقتراع الخاص الى يوم 2009/8/9 وقد ايد الفريق الدولى للمساعدة الانتخابية يونامى وفق تقارير خبراءه الدولين ما ورد اعلاه و عليه تم مناقشة ذلك مع برلمانكم الموقر والذى ابدى عدم رغبتـه بتاجيـل موعـد الى 2009/8/11 ونـتيجة لذلك عقدت المفوضية عدة اجتماعات للجـان العملياتيـة المختصـة ولمجلـس المفوضـين وتبين عدم امكانية المفوضية باجراء الاستفتاء مع انتخابات رئاسة برلمان الاقليم وفـق الجـدول الزمنـى المعـد لهـا هـذا الغـرض حيـث ان نوعيـة الانتخابـات والتوافـق مـع المعـاير انتخابيـة الدوليـة وكفـاءة اداء العـاملين والتثقيف الانتخابى سوف لايكون بالمستوى المخطط له، مما يؤثر على نزاهة ومصـداقية اجـراءات المفوضـية.
ان المفوضية اذ تقدر جميع الجهود التى بـذلت بمساعدتها مـن جميـع سـلطات الاقلـيم فانهـا فـى الوقـت ذاتـه تتعهد مواصلة مشوارها بشفافية والنزاهة لغرض اتمام عمليـة انتخـاب رئاسـة وبرلـان الاقلـيم فـى موعـدهم محدد فى 2009/7/25 وفق المعايير الدولية.

ئەمە دەقی نامەی کۆمسیۆنی باڵایە، دیقەتی ئەوەش بدەن ئەخیرەکەی هەر تەئکید لەسەر ئـەوە دەکاتـەوە کە هەڵبژاردنی 7/25 لە وەختی خۆیدا بکرێت، بۆیە داوا لە لیژنەی یاسایی دەکەم بێن ئەو پرۆژەیەی کە ئامادەیان کردووە بـۆ ئـەوەی بیخوێننـەوە و دواتـر ماوەیـەك دادەنیشـین و چارەگە سـەعاتێك دواتـر دێـین گفتوگۆی لەسەر دەکەین و بڕیاری لەسەر دەدەین، کاك عونی فەرموو بیخوێنەوە.

**بەڕێز عونی كمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان ـ عیراق**

**بابەت/ پرۆژەی یاسایی**

سڵاو ڕێزمان

ئێمەی ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان هاوپێچمان گەڵاڵە کردووە بەناوی پرۆژە یاسای دووەم هەموار کردنی یاسای پەسەند کردنی دەستووری هەرێمی کوردستان ـ عیراق ژمارە 16 ی ساڵی 2008 ی هەموار کراو، تکایە بخرێتە بەرنامەی کاری کۆبوونەوەی داهاتووی پەرلەمان لەگەڵ ڕێزماندا، ئەو ئەندامە بەڕێزانەی کە واژوویان کردووە لەسەر پرۆژەکە:

1ـ شێروان حیدری.

2ـ عونی بزاز.

3ـ طارق جامباز.

4ـ رشاد احمد ابراهیم.

5 ـ دلێر اسماعیل حقی.

6ـ طلعت خضر.

7ـ محمد صالح اسماعیل.

8 ـ سەردار هرکی.

9ـ شکری نێروەیی.

10 ـ احسان ئامێدی.

11ـ قادر سعید خضر.

دەقی پرۆژەکە بە زمانی عەرەبی.

**مشروع قانون التعديل الثاني لقانون اقرار دستور اقليم كوردستان ـ العراق**

**المرقم 16 لسنة 2008 المعدل**

المادة (1): تلغى الفقرة (ثانياً) من المادة السادسة المعدلة من القانون ويحل محلها مايلي:

ثانياً: يتم تحديد موعد مناسب للاستفتاء العام على مشروع دستور اقليم كوردستان ـ العراق بالتنسيق بين رئاسة برلمان إقليم كوردستان ـ العراق وحكومة الاقليم والجهات ذات العلاقة.

المادة (2): على مجلس الوزراء والجهات ذات العلاقة تنفيذ احكام هذا القانون.

المادة (3): لايعمل باى نص قانونى او قرار يتعارض مع احكام هذا القانون.

المادة (4): ينفذ هذا القانون إعتباراً من تاريخ اصداره وينشر في الجريدة الرسمية ( وقائع كوردستان).

**الاسباب الموجبة**

بالنظر لاعتذار المفوضية العليا المستقلة للانتخابات في العراق حسب كتابها المرقم (خ/1340/9) في 2009/7/6 عن اجراء الاستفتاء العام على دستور اقليم كوردستان في 2009/7/25 لاسباب فنية تحول دون إجراء العملية المذكوره في الموعد المحدد لعدم إمكانية توفير مستلزماتها ضمن المدة المحددة في جدول عمليات التنفيذ بالشكل الذي يضمن الالتزام بالضوابط الدولية المعمول والمعترف بها عليه فقد شرع هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك خليل فەرمووو.

**بەڕێز خليل ابراهيم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**پرۆژەی یاسای دووەم هەموار كردنی یاسای پەسند كردنی دەستووری هەرێمی كوردستان ژمارە (16)ی سالّی 2008 هەموار كراو**

**ماددەی (1):** بڕگەی (دووەمی) ماددەی شەشەمی هەموار كراوی یاساكە پووچەڵ دەكرێ و بەم جۆرە دەخوێندرێتەوە:

دووەم/ كاتێكی گونجاو بۆ راپرسی گشتی دیار دەكرێت بۆ پرۆژەی دەستووری هەرێمی كوردستان بە هەماهەنگی لەگەڵ سەرۆكایەتی پەرلەمانی هەرێمی كوردستان – عێراق و حكومەتی هەرێم و لایەنە پەیوەندیدارەكان.

**ماددەی (2):** پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوندیدارەكان حوكمەكانی ئەم یاسایە جێ بەجێ بكەن.

**ماددەی (3):** كار بە هیچ دەقێكی یاسایی یان بڕیارێك ناكرێت ئەگەر ناكۆك بێت لەگەڵ ئەم یاسایە.

**ماددەی (4):** ئەم یاسایە لە ڕۆژی دەرچوونیەوە جێ بەجێ دەکرێت و لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقائعی کوردستان) بلاّو دەکرێتەوە.

**هۆیەکانی دەرکردنی ئەم یاسایە**

لەبەر ئەوەی کۆمسیۆنی بالاّی سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان لە عێراق پۆزشتی هێناوەتەوە بە نووسراویان ژمارە ( خ/1340/9) لە (2009/7/6) کە ناتوانێ لە 2009/7/25 ڕاپرسی گشتی ئەنجام بدات لەسەر پرۆژە دەستووری هەرێمی کوردستان – عێراق، چونکە پێیان ناکرێ پێداویستیەکان لەکاتی دیارکراو و بەگوێرەی ڕێککاریە نێو نەتەوەییە کارپێکراوان فەراهەم بکات، بۆیە ئەم یاسایە داندرا.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، دیارە ئەو پرۆژەیە پێویست بە گفتوگۆ دەکات، داوا لە ئێوە دەکەم پێش ئەوەی پشوویەك وەربگرین ئەگەر ئەو برادەرانەی کە دەیانەوێت قسە بکەن لەسەر ئەو قسانەی کە من عەرزم کردن، نەك لەسەر پرۆژەکە، بەلاّم ڕەچاوی شتێك بکەن بۆ ئەوەی هەین بکەین و واقعیەت و مەوزوعیەت لە تێگەیشتنمان لەو مەوزوعە، لەبەرئەوەی مەوزوعی کۆمسیۆنی بالاّ مەسئولیەتە لەوەدا ناکرێت هەموو بابەتەکان بخەینە سەر ئەوان، ئەوان هۆکارێکی تەکنیکیان هێناوە و ئێمەش ڕێز لە بۆچوونیان دەگرین و هۆکارەکەشیان تا حەدێك دەتوانین تێی بگەین، لەبەرئەوەی باسی ئەوە دەکات ماوەکە کەمە و پێویست بە تەدریب دەکات بۆ مفەوەزیە و موزەفی خۆی و ئەوانە، بۆیە من داواتان لێ دەکەم نەخرێتە سەر مفەوەزیە و ئەوانە، مفەوەزیە کاری تەکنیکی دەکات ڕوونیان کردووەتەوە کە لەبەرئەو کارانە ناتوانین لەو ڕۆژەدا ڕاپرسیەکە جێ بەجێ بکەین، کەسێك قسەی هەیە لەسەر ئەو قسانەی کە من عەرزم کردن، نیو سەعاتێك قسە دەکەین پشوویەك وەردەگرین بۆ ئەوەی بێینەوە پرۆژەی یاسایەکە موناقەشەی بکەین و بڕیاری لەسەر بدەین، تا ئەوە موناقەشە دەکەن نوسخەیەك لە پرۆژەکەش دەگاتە دەستتان، وا ڕێك کەوت بووین کە لە هەر فراکسیۆنێك یەکێك قسە بکات، کاك بارزان فەرموو، بەلاّم پێش ئەوەی قسە بکەی داوای لێ بوردن دەکەم بەخێرهاتنی میوانە بەڕێزەکانم نەکرد کە لێرە لەگەڵمان حازرن کە هەندێکیان لە بابلەوە هاتوون و لە مەحاویلەوە هاتوون بەخێر بێن، مەجلسی مەحاویلن لەگەڵ هەموو بەڕێزەکانی ڕاگەیاندن، زۆر بەخێربێن سەرچاوان، فەرموو.

**بەڕێز بارزان محمد قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێم وایە ئەسبابی نەتوانینی مفەوەزیەی عولیا عیلاقەی عیلاقەی شەکلی و عیلاقەی بە ئەسبابی تەکنیکی و نەتوانینی ئامادەکاریەوە بێت، من پێم وایە لە ئەسڵا من ناتوانم بڵێم مفەوەزیەی عولیا قەرارێکی سیاسیە، بەڵام لەژێر تەئسیراتی قەراری سیاسی دایە، من پێم مەسەلەی دەستووری هەرێمی کوردستان کە شەرعیەتی هەبووە بە پێی دەستووری عیراق کە ئێمە هەمان بێت، بۆمان ناکرێت ئەگەر مەلەفی قەزایەی و مەسەلەی کولی ئێمە لە عیراق هەموو جار وەکو یەکە، من پێم وایە بەشێکی پەیوەندی بە وەسیقەی ئیسلاحی سیاسیە، لە عیراق هەیە، بەشێکی لەسەر موساڵەحەی وەتەنیەوە هەیە، بەشێکی لەسەر تەئسیراتی دەرەوە و ئەمریکا و لایەنی ترەوە هەیە، من پێم هیچ وا نابینم ئەسبابی تەکنیکی بێت، ئەسبابی تەکنیکی بۆ لای ئێمە تەبع کردنی وەرەقەیەکە و مورەبەعێکیشی بۆ زیاد دەکرێت لەسەر قائیمەی دەنگدانەکە دەڕوات و بە تەبیعی و ئاساییە، من پێم وایە ئەمە ئەسبابی سیاسی هەیە، عیلاقەی بە وەزعی عیراقەوە هەیە، ئەگەر واش بڕوات، ئەوا میللەتی ئێمە هیچ بەدیلێکی بۆ بدۆزرێتەوە موقابیلێك بێنن، لە هیچ کاتێك لە وڵاتی ئێمە نە پێشکەوتن دروست دەبێت و نە ئێمە دەتوانین حقوقی خۆمان لە دەستووری عێراقدا تەسبیت بکەین، ئەوە دەبێتە مایەی سەرئێشەیەکی دوورودرێژ و زۆر شت لەدەست دەدەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك جمال قاسم فەرموو.

**بەڕێز جمال محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە حەقیقەت من شەخصی خۆم تێبینیم زۆرە، بەڵام موحاوەلە دەکەم زۆر کورتی بکەمەوە، بەتایبەتی لە خوێندنەوەی پرۆژەی داهاتوو کە بۆ ئەم مەبەستە دیاریکراوە لەلایەن لیژنەی یاساییەوە، بە قەناعەتی من ئەگەر پرۆژەکەمان دیراسەت کردو پیادەمان کرد، تەحدیدی کات نەکەین، چونکە گرانە کە ئێمە بتوانین تەحدیدی کات بکەین، نەك نەتوانین لەو کاتەدا جێبەجێی بکەین.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

عەفوم دەکەی کاك جمال، ئێمە موناقەشەی پرۆژەکە دوایی دەیکەین، ئێمە ئێستا قسەی عام دەکەین لەسەر مەسەلەکە، بەڵام بۆ ماددەکان دواتر پاشی پشووی چارەگێك، ئینجا دێینەوە موناقەشەی دەکەین، ببوورە.

**بەڕێز جمال محمد قاسم:**

ئەگەر وابێت من تەئجیلی دەکەم بۆ دوای ئەو پشووە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**كاك جمال یوسف فەرموو.**

**بەڕێز جمال یوسف بۆتانی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**دیارە دەستوور ناسنامەی میللەتێك و وڵاتێكە و پێی دەڵێن دایكی یاساكان، ئەم پرۆژەیە پرۆژەی دەستوور تابلێی كارێكی گرنگە، لەبەر ئەوە تەنزیم كردنی پەیوەندیەكانی ئیقلیم لەگەڵ نیزامی ئیتیحادی عێراقی بەهێز دەكات و تەنزیمی دەكات، رێكخستنەكانی پەیوەندیەكانی خۆمان تەنزیم دەكات، من پێم وایە ئەو دەستوورە سیفەتێكی هەیە كە دەستورێكی مەرینە، قابیلی گۆڕانە و قابیلی تەعدیلە، ئەو زەوبەعەی لەسەر دەستوور دروست دەكرێت لە بەرژەوەندی خەڵكی كوردستاندا نییە، ئەوەی ناحەزی خەڵكی كوردستانە، دژی دەستووری كوردستان رادەوەستێ ئەمڕۆ لە عێراق، لە هەندێ وڵاتانی تریش دژایەتی ئەم دەستوورە دەكەن، دیارە هەموومان ئاگادارین كە كۆمۆسیۆن قودرەتی نییە لە رووی فەنییەوە كە ئەم كارە ئەنجام بدات، ئێمەش ئەو كاتە كە دەڵێن تەحدیدی مەوعدێكی موناسب دەكرێت، پێمان باشە مەوعیدێكی موناسب هەبێت، هەم بۆ كۆمۆسیۆنی باڵا و لەلایەكی ترەوە هەم بۆ خەڵكی كوردستان، سەدان، هەزاران نوسخە چاپ دەكرێت لەبەردەستی خەڵكی كوردستان بێت، بەڕوونی و ئاشكرا و شەفافیەتەوە، ماددەكانی ئەم دەستوورە بخوێنن و هیچ غموزێك نەمێنێ لەسەر دەستوور، خەڵكی كوردستان دڵنیا بێت كە فعلەن دەستورێكە لە مەصلحەتی ئەو دایەو بۆ دوارۆژی ئەو میللەتە و ئەو وڵاتە دانراوە ئەو دەستوورە، دیارە باسی ئەوە دەكرێت هیوادارم فاكتەری سیاسی ئەوە نەبێت كە تەئسیر لەم پرۆژەیە بكات، چونكە پرۆژەیەكە چۆن ئەمڕۆ هەڵبژاردنی پەرلەمان دەكرێت و هەڵبژاردنی سەرۆك هەرێم، ئەمەش یەكێكە لە پرۆژە گرنگەكان كە چەندین ساڵە كاری لەسەر دەكرێت، خەڵكی كوردستان چاوەڕێیە ئەم دەستوورە دەربكرێت، ئێمەش وەكو هەرێمێكی فیدرالی ئیستیفادەی لێبكرێت، وەك باسم كرد كە قابیلی هەر گۆڕانێكە خەڵكی كوردستان بە روونی و ئاشكرایی بیبینێت، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**زۆر سوپاس كاك جمال، كاك محمد فرەج فەرموو.**

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

منیش هاوڕام لەگەڵ ئەوەی زەروورەتی دەستوور لەوەدایە کە هاووڵاتی خۆیان ئاشنای بن، بەوەی کە ئێمە و دەسەڵات هەردووکمان مەرجەعیەتمان دەبێتە دەستوور، بەڵام کە دەستوور نەبوو مەرجەعیەتی ئێمە دەبێتە دەسەڵات، دەسەڵاتیش هەمیشە لەبەرژەوەندی خۆی یاساکان دادەنێت، کەوابوو زەروورەتی دەستوور لێرەدا هەیە، پەیوەندی هاووڵاتی و دەسەڵاتی ڕێك دەخات، جگە لەوەی کە ئەو جێگایە ئەگەر هەرێمە و ئەگەر دەوڵەتە لەگەڵ دەوروبەری خۆیدا لەسەر ئەساسی ئەم دەستوورە مامەڵە لەگەڵ دەوڵەت دەکات، دەرەوەش لەسەر ئەساسی ئەم دەستوورە مامەڵە لەگەڵ ئێمە دەکات، کەوا بوو ئەمە دەسکەوتێکی زۆر گەورەیە، سیادە و سەروەری ئەم هەرێمە وئەو دەسەڵاتە ئەپارێزێ، دەبوو ئێمە وەك پەرلەمانی کوردستان یان وەکو سەرکردایەتی سیاسی لە هەرێمی کوردستاندا لە تەوقیتەکە قسەمان لەسەربێت، مەفروز وایە هەڵبژاردنی کات بۆ دیراسەکردنی دەستوور، کەش و هەوایەکی ئارام بێت، دوور لە هەموو ئاڵۆزیەك و گرژیەك، یان موزایەداتێکی سیاسی، بەڵام پێم وابوو ئەو کاتەی ئێمە دیاریمان کردبوو، ئەوە دیار نەبوو، خاڵێکی تر کە بەراستی دوایی من ئەمەم بۆ دەرکەوت، لە قسەی کۆمۆسیۆن و ئەو برادەرانەی کە لە کۆمۆسیۆن هاتبوون، ئەڵێن ئێمە هەموو پرۆژەیەك ئەدرێتە ئێمە ئەبێت شەست رۆژ پێش ئەوە دوو شتی لەگەڵدا بێت، یەکەم بڕیارێك یان قەرارێك لەگەڵ ئیمکانیەتە، ئەوەی ئێمە لە 6/25 بۆ 7/25 مانگێکە، یانی دەبوو ئێمە مونتەبیە بین لەمە، کە ئەم کاتە لەگەڵ ئەصڵی ئیشەکەی ئەوان ناگونجێ، یانی ئەوان دەتوانن فعلەن ئەو ئیشەی ئێمە بکەن، جگە لەوەی کە جەنابت لەگەڵیان لەسەدا سەد فشارێك هەیە لەسەری، کە ئەوانیش نەفەرن و یازدە کەسن و هەریەکەیان سەر بەلایەنێکن، تەواوی لایەنەکان لە عێراقدا کە هاوپەیمانی لەگەڵ هاوپەیمانی کوردستان هەیە، هەموویان ڕاستەوخۆ قسەیان لەسەر ئەم دەستوورە کردووە، تێبینی خۆیان داوە بە نەرێ، ئەو لایەنانەش لە کۆمۆسیۆندا سەر بەوانەن، کەوابوو شتێکی زۆر سروشتیە ئەوانە لە ژێر کاریگەری سیاسی ئەمەیان بۆ دروست ببێت، یانی لامان شتێکی سەیر نەبێت، بەڵام بەراستی دەبوو ئێمە کاتێك دیاری بکەین دوور بێت لەم مەسەلەیە، ئێمە لەناوخۆمان دەستمان بە هەڵبژاردن کردووە، هەڵبژاردن خۆی ئاڵۆزە، هەر بۆخۆی کێشە و گرفت دروست دەکات، بۆ خۆی موزایەدات دروست دەکات، ئەتوانن بڵێن ئەو هینە ناهێنێ، ئەگینا هەموو موتەفیقین لەسەر ئەوە ناوەڕۆکی ئەم دەستوورە بە شێوەیەکی گشتی، لەبەرژەوەندی هەرێمە و لەبەرژەوەندی هاووڵاتیە، لە هەرێمی کوردستاندا مولاحەزەیەکی زۆر هەیە، لەبەر ئەوە من داوا دەکەم کە ئەمە چارەسەرێکی سیاسی بۆ بدۆزینەوە، ئەم شێوازە بە ئاڵۆزی بمێنێتەوە، بۆ نموونە ئەکرێت بە کۆنفراسێکی لەسەر ئاستی عێراق و دەوروبەریشدا، خەڵکانێکی پسپۆری نێو دەوڵەتیش بانگ بکەین، هەروەکو بۆ نەوت بانگمان کرد با بۆ دەستووریش بانگیان بکەین، کە ئەو خەڵکە قسە لەسەر ئەو دەستوورە دەکەن دەڵێن نابێت، لەکوێدا نابێت، هەندێك پێیان وایە ئێمە تەجاوزمان کردووە لە سنووری خۆمان، لەچیدا تەجاوزمان کردووە، لەرووی دەستووریەوە وەکو بڵێی ستاندەرێکی نێو دەوڵەتیەوە ئێمە تەجاوزەکانمان کامەیە؟ ئەگەر لەناوخۆدا بەعزێ

تەجاوزاتمان هەیە، پێمان وایە لەسەر هەندێ شت زیاد ڕۆیشتووین، ئەکرێت قسە لەسەر ئەوانە بکەین، بەڵام ئایا لەرووی دەرەوە ئەو تەجاوزاتانە چیە کە ئێمە کردوومانە؟ سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس مامۆستا، وەڵڵا من دوو روونکردنەوەم هەیە لەسەر قسەی جەنابت، یەکەم لەمەوزوعی شەست ڕۆژەکە، پێشتر دەمانزانی ئەو شەست ڕۆژە و قسەشمان لەگەڵ کردبوون، ئەو شەست ڕۆژە دەڵێن هەر راپرسیەك و هەر هەڵبژاردنێك دەبێت دوو مانگ پێشتر قسەی لەسەر بکرێت، بەڵام لە کۆمۆسیۆن تێگەیشتووین کە ئەو کارانەی لەو شەست ڕۆژەدا دەکرێت ئۆتۆماتیکیەن لەبەر ئەوەی کار دەکرێت بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمان، کار دەکرێت بۆ هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێم، ئەو کارانە زۆری کراوە، تەنیا هەندێ شتی تری فەنی ماوە لە چاپ کردنی ئیستیمارات و لەدابین کردنی سەندووقی دەنگدان، لەتەدریب کردنی موزەفین، پێیان وابوو کە لەو مانگەدا دەکرێت، بۆیە ئێمە قەرارەکەمان لەبەر رۆشنایی لەگەڵ ئەوان موافیق بووین لەوە، یانی مەوزووعی شەست ڕۆژەکەیان وت، بەڵام موافیق بوون کە لەو مانگەیەدا دەکرێت، ئەوا تێگەیشتبوون، دوو مەسەلەی دەستوور، ناکرێت ئێمە هیچ لە دونیادا نەبووە جیهەتێك ئیعتیراز بگرن لەسەر دەستوور، ئیعتیراز هەیە بگەڕێینەوە و پەشیمان ببینەوە، تەنیا کەس دەتوانێ غەیری گەلی کوردستان لە راپرسیدا رەئیی خۆیان دەدەن، لەهەموو دونیا دوو رێگە هەیە بۆ نووسینەوەی دەستوور، یان جەمعیەیەکی وەتەنی دادەنرێت (جەمعیەی نووسینەوەی دەستوور)، خەڵك دەنگی بۆ دەدات، متمانە دەدات بە خەڵکانێکی پسپۆر، دەستووری یاسا ناس پێیان دەڵێت دەستوورێك بنووسن، چونکە ئەو دەستوورە زۆری ئیشەکانی یاساییە، زۆر ئیشەکانی ئەوەیە کە دەبێت بزانی تۆ کە ئەو حەقەت هەیە بە خۆت بدەی؟ ئەو یاسایانەت هەیە لەبەر رۆشنایی تێگەیشتنی دەستوورە، ئەوەیەك، دواتر ئەو لیژنەیە پرۆژەکە ئیعلان دەکات بۆ رای گشتی، مولاحەزات وەردەگری، جارێکی تر ئامادەی دەکاتەوە و دەیداتە راپرسی، یانی نایگەڕێنتەوە لەپەرلەمان موناقەشەی بکرێت، یان بەو رێیەی کە لە عێراقدا بەڕێوە چوو، ئێمە هەمان رێگەمان گرتووە، لیژنەیەك هەبوو، پرۆژەیەك هەبوو، ئێمە هاتووین لێرە لیژنەیەکمان راسپاردووە کە ئەو پرۆژەیە لە پەرلەمانی پێشوودا بۆمان هاتووە، و بەدوایداچینەوەو عیلاجی بکەین، نەدەکرا بێی لێرە خەڵکانێکی (مع احترامی) بۆ هەمووان و بەخۆشمەوە کە ئێمە شارەزانین لە دەستوورو لەیاسادا کە بێین ماددە بە ماددە موناقەشەی بکەین و بیخەینە بەردەم ئەوەی زۆرینەی رەئیان وایە لەسەر ئەو ماددەیە کارێکی پسپۆریە، بەڵام ئێستاکە پرۆژەکە ئەگەر گەلی کوردستان دەنگی بۆ دا تەنیا تەرەف دەتوانێ ئیعتیرازی لەسەر بگرێت و رای لەسەر بدات، مەحکەمەی دەستووریە، ئەگەر نا حزب و لایەن لەبەر بۆچوونی ئایدیلۆجی خۆی یان فیکری یان تێگەیشتنی حەقی خۆیەتی رەئیی لەسەر بدات، بەڵام لەناحیەی یاسایی، تەنیا مەحکەمەی دەستوور دەتوانێ بڵێ ئەوە خیلافی دەستووری عێراقە، ناکرێت کە بکرێت، ئەگەر نا لێرە هەمووتان دانیشتوون، هەموو حزبەکان مومکینە رەخنەتان هەبێت و بۆچوونیان هەبێت

لەسەر ماددەیەکی تر، بەڵام ئەمە ماددەیەکە بۆ هەموو خەڵکی کوردستان و بۆ هەموو پێکهاتەکانیشە، فەرموو کاك محمد.

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یانی ئەو برادەرانەی کۆمۆسیۆن سێ شتیان وت، وتیان کە ئەمەی پێویستە بۆ دەستوور بیکەین، هیچ ئەوانەی هەڵبژاردن ئەوەی تەعویز ناکات، ئێمە یەکەم ئەبێت تەدریباتێکی خەڵکی بکەین لەسەر ئەوە، دوو، سێ ئیجرائاتمان هەیە، ئەم سێ ئیجرائاتە بۆ هەڵبژاردن بیکەین دەبێت بۆ دەستووریش بیکەین، جگە لە تەبع کردنی ئەو مەوادانەی کە هەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك بەڵێن فەرموو.

**بەڕێز حمد عبدالله محمود(بەڵێن):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە ئێمە دەبێت لێرە بەراشکاوی بە خەڵکی کوردستان رابگەیەنین کە ئەو کۆسپ و تەگەرانەی دەخرێتە بەردەم راپرسی بۆ دەستووری هەرێمی کوردستان، زیاتر فشاری سیاسین، ئەو دەستوورەی کە نووسراوەتەوە لە هەرێمی کوردستان، بەراستی ئەوان دەیانتوانی، وەکو جەنابت باست کرد، مەحکەمەی دەستووری دەیتوانی، ئەگەر لە شوێنێك تەعاروز دەکات لەگەڵ دەستووری هەمیشەیی عێراق، دەیانتوانی ئەوان قسە بکەن، بەڵام لە چەند رۆژی رابردوو هەمووومان ئاگادارین ئەو لێدوانانەی کە دەدرا هەمووی دژی ئەوەن کە هەرێمی کوردستان دەستووری هەبێت، یانی ئەوان دژی ئەوەن هەرێمی کوردستان دەستووری هەبێت کە ئەو حەقە لە دەستووری هەمیشەیی عێراق دراوە بە خەڵکی کوردستان کە دەستووری خۆی هەبێت، بەداخەوە ئێستا کۆمۆسیۆنی باڵای هەڵبژاردنیش کە ئەو نامەی ناردووە کۆمەڵێك مەسائیلی تەکنیکی هێناوەتە پێش، کە من پێم وایە فشارەکان سیاسین، لەسەر کۆسپ دێڵنەوە ئەو دەستوورە، لەبەشی دووەمیش کە کۆمۆسیۆن دەیانەوێ بەراستی تۆپەکە بخەنە ساحەی ئێمە، کە ئەوان رازین لە 11ی مانگ بیکەن، کە دوایی کە هاتینە سەر موناقەشەی من رەئیی خۆم لەسەر ئەوەش دەدەم، بۆیە دەبێت بەراستی خەڵکی کوردستان وشیار بن لەو مەسەلەیە و ئاگاداربن کە دەستوور، ئێمە خۆمان وەکو حزبی زەحمەتکێشان مومکینە تەحەفوزیشمان هەبێت لەسەر دەستوورەکە و موزەکەرەشمان داوەتە سەرۆکایەتی پەرلەمان، بەڵام هەرگیز رێگر نابین لەبەردەم دەستوور، رای خۆشمان بەراشکاویی راگەیاندووە لەسەر دەستوور بۆ هەرێمی کوردستان، و زۆر گرنگە مافەکی دەستووری خۆمانە کە دەبێت هەرێمی کوردستان

دەستووری هەبێت، لە درێژایی مێژوو ئێمە دەستوورمان نەبووە، یەکەم جارە لە هەرێمی کوردستان دەستوور ئامادە بکرێت و بخرێتە دەنگدان و خەڵك رای خۆی لەسەر بدات، سەرەڕای ئەوەی کە ئێمە تەحەفوزیشمان هەبێت، بەڵام دەستوور بۆ هەرێمی کوردستان زۆر گرنگە و خەڵکی کوردستان دەبێت وشیار بن بەرامبەر ئەو پلان و نەخشانەی کە لەسەرمان هەیە، دەیانەوێ کۆسپ و تەگەرەمان بخەنە پێش بۆ ئەوەی دەستوورمان نەبێت، کە کوردستان دەستووری نەبێت، نەك ئەوەی کە دەستوورەکە تەعاروز دەکات لەگەڵ دەستووری عێراق، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس کاك شێخ ادهم.

**بەڕێز شێخ ادهم بارزانی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لدەسپێکیدا ئەز دەمەوێ ئیشارە بە چەند خاڵێك بکەم، ئەز وەکی کوردەك و لە زۆر راگەیاندن و چاڤپێکەڤتنا ژ من دیارکری، ئەز ڤە چەند ساڵە من دژی وە بوویمە کە کوردستان بێ دەستوور بێت، دەبێت چەند ساڵ پێش نوکە دەبی پەرلەمانی دەستورە کوردستانێ بریار لەسەر دابا ئیخستبا ئیستیفتائێ.ماددەی (140) دەستورا عیراقیشدا دیسا ئەز دبیژی ڤێ چەند دەبێ مە کە مرۆڤ لەسەر مالا خۆ، لەسەر دلێ خۆ، لەسەر خاکا خۆ، ئیستیفتائەك بکا، یان ئەم مالا خۆ بخیتە ریفراندۆمێکێ، بەڵێ ئەڤ شتە بووین و ڤەومێن و کەفتنا دەستووری عێراقێ، لسەر کەرکوکێ ریفراندۆم نەلازم، ئیستیفتا نەلازم، کەرکووك خاکا کوردیە و خاکا کوردستانێیە، یا وا پێکهاتیا دشیت کوردستانیێ دڤێ شارەیدا دەژیێن و هەر وەڤت جێ دهێشتین، ئەڤرۆش لەسەر مەسەلا دەستورێ، دەبێ پەرلەمانێ ماوەیەکی کورت پێش نووکە بریار لەسەردا، موصادەڤە لەسەربدا، بکەویتە ئیستفتائەکا گشتی داو میللەت دەنگی لەسەر بدا، ئەز بێژم بریارا پەرلەمانا مە سەرکەفتنا ئیرادەی میللەتی کوردە، ئیرادا میللەتی کورد و بڕیاردان لەسەر دەستوورێ زاڵ بوو لەسەر ئیرادا ناحەزێت میللەتی کورد، لەسەر ئیرادە کەسێك وەکی نەجێفی و ڤەدەوریدا، یانی حەفت رەنگی ئاڤاشتا کوردستانێدا ئیرادای گەلی کورد لەڤێ بڕیاردان و یا ئەڤێ ئیرادا وان نەوعا کەسا، ڤان ناحەزێ میللەتی کوردستانێ، ڤە ئیرادا سەرکەوت و سەرکەوتن بەدەست دێنن، ئەز لێرە بەرێ ئاخافتنا خۆ لە کۆمۆسیۆنا باڵایە هەڵبژاردنا دگۆڕم بۆ ناحەزێت میللەتی کورد، چونکی بەهانا کۆمۆسیۆنی گرتی، دبێژی هەندەك هۆیە تەکنیکینە، مادام هۆیەك تەکنیکینە و مەسائیلێت فەنینە، ئەگەر سیارەکی بەنزینا وێ خەلاس بێت، حەرەکە ناکات، ئەڤەش ڤەهۆیە تەکنیکی، باوەر بکەن ئەم دبێ وەخت وەربگرین وی تەئیدا رەئیی براکان و هەندەك هۆیا سیاسیش لگەل پشت وێ هەی، بەلێ ئەمیش دبێژین هەندەك هۆیا تەکنیکیا و سەرۆکایەتیا هەرێمی کوردستانێ، پەرلەمان و سەرۆکایەتیا ئەنجومەنا وەزیران، دشێیت ئەڤ بڕیارا ئەگەر هاتوو لە پەرلەمانا دەرچوو، کاتەکی دیارکری کە ئیستیفتائێ لەسەر پەرلەمان، لەسەر دەستوورا

کوردستانێ بێته کرن، بەلێ لێرەدا بەرێ ئاخافتنا خۆ دەدەمە ئەوان ناحەزێت میللەتی کوردستانێ، ئەڤان کەسێت کو ئەوان سەرکەوتنێت ئەڤرۆ لە کوردستانێ دەست کەویت، لەپەرلەمان دانانا کوردستانێ، لە حکومەت دانانا کوردستانێ، لەسەرۆکایەتیا هەرێمی کوردستانێ، لە ئاڤەدانکردنا کوردستنانێ، لڤێ ئازادیا کوردستانێی کە ئەڤرۆ لە کوردستانێی هەی، گەلەکا دوژمنان چاڤا ڤە دەسکەوتێ مە هەی، کە ئەڤرۆ میللەتی کورد ئەو پێشکەفتنا بەدەست هێنای، چاڤیا پێ هەڵنایەت، هەندە دبێژمە ئەوان کەسا دوێنێ نەکسا ساڵا 1975 ی لەسەر سەرێ میللەتی کورد هاتە کرنێ، دەیەها، هەزارەها خەلکی کورد ئاوارا بوو، ئەوەندە ساڵا تەحەمولا ئاوارەیی کرد، شۆرشا کورد جارەکا دی دەست پێکر و بەهێزتر بوو، و لەنەتیجەیێ شۆرشا کوردی و بە هەزارەها شەهید و قوربانی دای، مە کیمیا بارانی دی بە چاڤێ خۆ، لە چەند دەقیقەیەکدا لە هەڵەبجەدا بە هەزارەها شەهید بوون و بەهەزارەها برینـدار بوون، لە ئەنفالادا سەدو هەشتێ هەزار ئەنفال بووی، هەشت هەزار نەفەر بارزانی ئەنفال بووی، پێنج هەزار کوردی فەیلی ئەنفال بووی، نزیکی پێنج هەزار گوندی مە هاتە وێران کرن، ئەڤا شتەکا هەمووی دژی مە هاتە کرن، دنیایا ئازادە ئەڤرۆ، دنیایا دیموکراسیا ئەڤرۆ، چ ئەوروپا بێت، چ ئەمریکا بێت و چ دەوڵەتێکی تر بێت، ئیدیعایە مافێ مرۆڤ دەکەن و ئازادیا و دیموکراسیا دکەن، ڤێ رۆژێ هەمیا صەدام حوسێن و حوکمەتا ویا عەسکەری ڤان دەبێ و چاوا کورد دەکوشتی، ئایا دەنگەك هات کە مافێ مرۆڤیا، ئەڤرۆ پاش ئەوهەندە ساڵا قوربانی دان و کورد قوربانی دای، ڤە نیمچە ئازادی، ئەز نالێم ئەڤە ئازادی، نیمچە ئازادیا ئەز ئێمە ئەڤرۆ دی پشکیا باشورێ کوردستانێیدا بەدەست هێنان، بەڕەوا بۆ ڤێ میللەتێ هێنانە دی، ئەز وەصا دبێژم هەتا کوردستان، مەسئەلا کوردی بەشکلەکی گشتی چارەسەر نەبی، نە دەوڵەتی مەرکەزی عێراقیدا، نەدەوڵەتی دەوروبەرێ مە، نەدەوڵەتی دونیایەش، ئەوروپا و دنیایا دشیا ئازادیا، دەبێ لە هێڤیا وی چەند بێ کە ئاسایش و ئەمن و ئیستیقرار لە هیچ جێگەکی جیهانێ بەرقەرار نەبێ، هەتا کەی شاراوەیە میللەتی کورد چارەسەر نەبی، لەگەڵ رێز و سوپاسمدا.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، مام خورشید فەرموو.

**بەڕێز خورشید سلیم شێرە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

جەنابت تەوزیحێکت دا بەنیسبەت موبەریراتی کۆمۆسیۆنی باڵا، من لەگەڵ ئەوە نیم، کۆمۆسیۆن لەژێر فشاری سیاسیدایە، وەکو برادەرانیش باسیان کرد، ئەندامانی کۆمۆسیۆنی باڵا هەریەك لە حزبێکە و لەژێر تەئسیری خەیاراتی حزبەکەیە، هەتا ئەو خوشکەی کە ئیشراف لەسەر پرۆژەی هەڵبژاردنی هەرێمی کوردستان دەکات لە حزبی مالیکیە، من گلەیی لە کۆمۆسیۆنیش ناکەم، ئەویش رەئیی خۆیەتی و ئەمری پێکرایە و یان رەئیی ئەندامەکانیەتی، ئیستیقلالیەتێکی وای نییە کە ئێمە تەصور بکەین کۆمۆسیۆنی باڵا

موستەقیلە، من لەگەڵ ئەوە نیم کە کۆمۆسیۆن موستەقیل بێت، جەنابی سەرۆك من رەئیەکم هەیە، حەز دەکەم بە راشکاوانە بڵێم و رەئیی شەخصی خۆشمە، لەگەڵ هەموو رێز و تەقدیرم کە یەکێکم لە پێشمەرگە هەرەکۆنەکان، داوا لەسەرکردایەتی کورد دەکەم، ئەو هەلومەرجەی کوردستان کە ئێستا بۆ ئێمە دروست بووە، دەبێ بزانین و هەمووشمان دەزانین، قیادەش دەزانن و جەنابیشتان لە ئێمە باشتر دەزانن، لەگەڵی بووینە و لەگەڵی ژیاوین، چ زروفێك چ ئەسبابێك دروستی کردووە، کێ دروستی کردووە، چۆن دروست بووە، ئێمە لە چ قۆناغێك دەژین؟ ماددەی (140) لە دەستووری عێراقدا لە 80٪ لە بۆ میللەت دەست دەدات، ئێستا 180 موشکیلەمان بۆ دروست بووە، دەسەڵاتیشمان نییە فەرزی بکەین، بۆ دەسەڵاتمان نییە؟ لەبەر ئەوە من تکا لە قیادەی کورد دەکەم، لەمەودوا ئەو قەرارەی مەصیری کە صەلاحیەتی پەرلەمان و دەسەڵاتی مەجلیسی وەزەرا و هەرێم نییە، قەرار نەدا بەبێ ئەو کەسەی کە صاحێب قەرارە، قیادەی ئێمە صاحێب ئەو نەوعە قەرارە نییە، گوناحە و غەدر لە خۆیان و لە سومعەی خۆیان و لە خەڵکەکەش دەکەن، قەرارێك بدەن کە نەیتوانن تەنفیزی بکەن، با نەیدەن باشترە، ئەو قەرارە کۆمۆسیۆنی باڵا نییە کە ئیلغای کردۆتەوە، کۆمەڵێك ئەسبابە، دوەلی ئیقلیمیە، حکومەتی عێراقە، هاواریان لە بۆ ئەمریکای برد، بایدن بە سورعەت هات، سەفیری ئەمریکی هات، فلان هات، بەریتانیا تەداخولی کردووە، هەموو ئەوانە ناتوانین باسی بکەین، بەڵام ئەوانە حەقیقەتێکن با میللەت بزانن، ئەو قەراراتانەی کە مەصیرین کە لە کوردستاندا دەمانەوێ بدرێن، عیلاقەی بە ئایندەی کورد هەیە، لەگەڵ حکومەتی عێراق چ ماددەی (140)، چ دەستوورە، چ کۆمەڵێك ئەسبابی ترە، رجام لە قیادەی کورد هەیە کە مشورەتی ئەو کەسانەی کە صاحێب قەرارن، نەیدەن لەمەودوا، ئێستا ئێمە ئەوە بە عابر تێدەگەین، دوێنێ ئێمەتان کۆکردۆتەوە و پێتان ئیمزا کردووین، هەندێك مولاحەزە هەبوو کەس گوێی نەدایێ، ئێستا ئێمەتان کۆکردۆتەوە ئایا چ جوابی ئەو خەڵکە بدەینەوە؟ ئەوە دەسەڵاتی خۆمانە و ئیستیقلالیەتی خۆمان و صاحێب قەراری خۆمانین، ناوەڵڵا جەنابی سەرۆکی پەرلەمان، نەقەراری ئێمەیە و نەئیستیقلالیەتی ئێمەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو د. شوکریە.

**بەڕێز د.شکریە رسول ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەراستی ئەمڕۆ ئازارەکان دەدوێت، ئێمە ئەگەر هەمووومان بانگەشەی ئەوە بکەین کە هەرێمی کوردستان دەستوورێکی هەبێت، ئەو دەستوورە کە بە (ام القوانین) یان بە دایکی یاساکان دەناسرێت، ئەمڕۆ هەست دەکەم ئێمە لەژێر فشارێکی سیاسین، نەك لە ژێر فشارێکی تەکنیکی و کۆمۆسیۆنی باڵاین، من وا شتەکان

دەخوێنمەوە ئەم عەقڵیەتەی کورد هەڵدەسوڕێنن، ئیتر ئایا مەرکەزە، یان دەوڵەتێکی زلهێزە، خوایە وانەبێ و رۆژێك ببین لەپاڵ ئەوەی کەوا پەرلەمانێکی شەرعی و سەرۆکێکی هەڵبژاردە و هەروەها دەستوورێکمانیش هەبێت لە کوردستان، بەڵام من شتەکان وا دەخوێنمەوە، بەداخەوە ئەمڕۆ باجەکەی دوێنێ دەدەین، کە پەلەمان لە دەستوور کرد، ئەبوایە دوێنێ ئێمە لەکاتێکدا کە زەعیف بوو مەرکەز، ئێمە دەستوورمان هەبوایە، جێگەی داخە برادەرەکانم زۆر شتیان وت، دڵم زۆر گەرمە، زۆر رەشبینم بە نیسبەت هەندێ شتەوە، لەبەر ئەوە ئەوە دائەنێم بۆ مێژوو، تۆ بڵێی ئێمە رێگر رێگەمان لێ نەگرن ببینە خاوەنی دەستوورێکی هەمیشەیی بۆ کوردستان، ئەو قسانەی بەڕێزت کردت پێشبینیەك بوو، لە زۆرشتدا بەڕێزت هەڵەت کرد من دەم وچاوتم خوێندەوە، هەستم کرد هەمووتان بێزارن، کە شتێك هەیە هەموومان هەڵدەسوڕێنێ، وەکو مام خورشید ئاماژەی پێکرد، بریا ئێمە چۆن جەختمان کرد بۆ هەڵکردنی ئاڵای کوردستان، چۆن پێمان داگرت کە دەبێ نەوت دەربێ و نەوتیش بنێردرێتە دەرەوەی کوردستان، بۆ ئەم دەستوورەش دەبێ جەخت بکەین و زەمەنێك دانەنێین، دەبێ ئێمە هەوڵ بدەین وەکو ماددەی (140)ی لێ نەکرێت و پێنج، شەش مانگ دەبێت درێژبکرێتەوە، شەش مانگەکەمان درێژکردەوە، بەقسەیمان کرد، دیمستورا هاتە ئێرە کۆمەڵێك قسەی مەعسولی بۆ کردین، ئێمەی رازی کرد، چووینە ژێر رکێفی ئەوەوە، ئێستاش هەر دەڕۆن و دەڕۆن، ئەوەش دەستوور هاتە پێشەوە، کەواتە چی بکەین؟ چی بکەین و بۆ کوێ بڕۆین؟ ئایا ئێمە بووینەتە لاستیك، بووینەتە دارولاستیك بەدەستانی کەسانێکەوە، هیوادارم هێز بەکاربێنین، ئەو هێزی جەماوەرە، کە دەڵێن هێز لە بەرژەوەندیەکان و هێز لە دروست بوونی بڕیار، هێز لە هێزی سەرکردایەتی و جەماوەرمان هەبێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس د. شوکریە، بەڵام وا دنیا تاریك نییە، مەسەلەی چەند وەختێکە دڵنیابە لەوەی کە ئەم گەلە دەبێتە خاوەن دەستووری خۆی، کە چۆن بووە خاوەن پەرلەمان و حکومەت و ئازادی و دیموکراسی، چۆن ئێستاکە خەڵکی کوردستان بە ئازادانە بیروڕای خۆیان دەڵێن و چەند یاسا دەرچووە، خەڵکی کوردستان دەتوانم بڵێم بوێرە و رەخنە دەگرێ و قسە دەکات، حزب دادەمەزرێنێ و رۆژنامە دەردەکات و تەلەفزیۆنی هەیە و رەخنەی لە هیچ مەسئولێك نییە، بەڵکو رەخنە شتێکی باشە و ئەوە قوەتێکی باشە، دەستووریش دەبێتە قوەتێکی گەورەتر بۆ گەلی کوردستان، هەر دەبینە خاوەن دەستوور، ئەگینا مەسەلەیەکی تەکنیکیە کە بەکاردێت، ئێمە ئەو مەسەلە تەکنیکیە رۆژگار حەلی دەکات، هەر دەبینە خاوەن دەستوور و پێویست بەو تەشائومەش ناکات و دڵنیاش بە لەوەی کە چۆن ئیرادەی گەل سەرکەوتووە، ئەمجارەش هەر سەردەکەوێت، ڤیان خان فەرموو.

**بەڕێز ڤیان احمد خضر پاشا:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

گرنگی دەستوور کەس نکوڵی لێ ناکات، ئەو ڕۆژەش بە ڕۆژی ئەوەمان دادەنا کە دەبوایە ئەگەر دەستوور دەنگی لەسەر بدرابایە، بەجەژنمان دانابایە، بەڵام ئێستاکە لۆمەکە خراوەتە سەر کۆمۆسیۆنی باڵا، من لێرە قسەی برادەرەکانم، هەڤاڵان ئەندامانی پەرلەمان دووبارە ناکەمەوە کەوا لە ژێرفشاری سیاسی و شتەکە تەئسیراتی سیاسی زۆر پێوە دیارە، بەڵام من لۆمەی خۆمان دەکەم تاکو ئێستا کۆمۆسیۆنێکی باڵا بۆ دانامەزرێنین، دەزگایەکی وا دانامەزرێنین، بکەوینە ژێر فشاری کۆمۆسیۆنی باڵای سەربەخۆی بەغدا، ئێمە سێ سەرۆکایەتیمان هەبێت، دەبوایە ئێمە ئەگەر ئەو کۆمۆسیۆنەمان هەبوایە، ئێستاکە نەدەخراینە ژێر ئەو فشارە، مادام ئیمکانیاتی مادی و کادیرمان هەیە، ئەوە بە خاڵی یەکەم دادەنێم، دووەم من خەفەتی ئەوەم هەیە کە بەراستی کاتێك بێ پلان و بێ تێفکر کردنەوە شت بڕیار لەسەر دەدەین، منیش لەگەڵ ئەو خاڵەم بێ بڕیارو بێ پلان دانان شت دادەنێین، دەبوایە پێ دابگرین کە ئەو ڕۆژەی بڕیارمان دا بە تەختیت بچوباینە ناو مەوزوع، لەوانەیە کاك عدنان من پێم گوتی، گوتم کاك عدنان شەست ڕۆژی دەوێ بۆ کۆبوونەوە، وتت تۆ سەهوی، ئەو شتەت باس لێ کرد، بەڵام دێنەوە ئەو قسەمان لەسەر دەگرن و دەکەنە خاڵ لەسەرمان، کە دەڵێن شەست ڕۆژمان دەوێ لەبۆ شتی فەنی و تەکنیکی، یانی قسەی خۆیان بردە سەر، کە ئەوە دووبارە ئیشی بێ بەرنامەمانە، خاڵی سێیەمم ئەو قسەی مام خورشید، بەراستی ئەوەشی پێوە دیارە زۆر زۆر، مادام ئێمە بەشداریمان کرد لە دەنگدانی دەستووری عێراق، ئێمە هەموومان دەنگمان دا بۆ ئەو دەستوورە، حەقی ئەوەشمان هەیە کە بڵێین بەندێك لە دەستوور دەڵێ هەرێم دەتوانی دەستوور دابنێ، دژ نەبێ لەگەڵ دەستووری بەغدا، کەواتە ئێمە هیچ موشکیلەیەکمان نییە، هیچ گیروگرفت وکێشەیەکمان نییە، لێرە زۆر بەروونی و ئاشکرایی ئاماژە بەوە دەکات کە ماقی دەستوور دانانی هەیە کە دژ نەبێت، کەواتە ئێمە دەبوایە یان ئەو بڕیارەمان نەدابایە و کە بڕیاریشمان دا، دەبوایە سوور باینە لەسەر ڕۆژی ئیستیفتائەکە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، شێخ فتاح فەرموو.

**بەڕێز فتاح عبدالله نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی من دەمەوێ عەرزی بکەم، ئەویش ئەوەیە بە حەقیقەت تەئخیر بوونی ئەو دەستوورەیە لە کوردستانی ئێمە، تەسلیم بوونە بە ئیرادەی ئەو ناحەزانەی کە نەیانهێشت ئەوە بکرێ، ئەوە حەقیقەتێکە، بەڵام ئەگەر بمانەوێ من پرسیارێکم هەیە لە جەنابتان ئەمانەوێ دەستوورمان هەبێت لەمەودوا، ئەگەر

بمانــەوێ دەســتوورێکمان هــەبێت لــەو کوردســتانە، بــە تەئکیــد ئەگــەر لەگــەڵ ئینتیخــابی پەرلــەمان و سەرۆکایەتی هەرێم ڕەبتی نەکەین، ئەو دەستوورەمان نابێت، جا بۆیە ئەو قسەی جەنابت کە باست کرد لە 11ی مانگ و مانگی هەشت چەند ڕۆژێك، من داوا دەکەم تکام وایــە هــەموو ئەنــدامانی پەرلــەمانیش ئــەو داوایە بکەن، بیخەنە گەڕ ئینتیخابی گشتی کە لەکوردستاندا دەکرێت، ئەگینا ئێمە نابین بــە صــاحێبی ئــەو دەستوورە، قسەیەکەو بە قەردی دەدەم، بۆیە تکا دەکەم هــەمووومان دەنــگ بــۆ ئــەوە بــدەین ئــەو دەســتوورە زیاتر تەئخیر نەکرێت لە ڕۆژی ئینتیخابی پەرلەمان و ئەگینا نابین بە صاحێبی دەستوور، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك غفور.

**بەڕێز غفور طاهر سعید مخموری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان

من پێش ئەوەی بێمە سەر قسەکانم داوا لە جەنابت دەکەم ئەگەر نیو دەقەم بدەیی، کێشەیەك هەیە باســی دەکەم، بەس ئیشارەت پێدانێك بۆ پەرلەمانی کوردستان، نازانم بوارم دەدەیی یان نا؟ زۆر ســوپاس، خــەڵکی لەتیفاوە کێشەیەکیان هەیە کە کاتی خۆی ئەو گوندە تێکچووە، ئــەوە چــەند ڕۆژێکــە لەســەر ئــەو شــەقامە ڕاوەستاون لەبەر ڕۆژ و هەتاو، بەڕاستی کەس بەهانایانــەوە ناچێتن، داوا دەکــەم کــە پەرلــەمانی کوردســتان تەداخول بکات بە چارەسەر کردنی کێشەکەی خەڵکی لــەتیفاوە، زۆر ســوپاس، بــا ئیلتیــزام بــە نیــو دەقەکــە بکەم، بە نیسبەت مەسەلەی دواخستنی دەســتوور، بەڕاســتی مــن لەگــەڵ مەســەلەی دواخســتنەکەی دا نــیم، لەبەر ئەوەی ئێمە زۆر جاری تریش، زۆر کێشە هاتووتــە پێشــەوە، زۆر خــەڵکی تــر هاتوونــە و تــەداخولیان کردووە، ئیلتیزاماتیان داوە و ئیلتیزامیان بە وەعدی خۆیان نەکردووە، ئێمە باشمان لە بیرە، کاتی خۆی لــە هەڵبژاردنی گشتی عێراق، کە کوردستان بڕیار بوو بەشداری نەکات، هەردوو سەفارەتی بەریتانیا و ئەمریکا ئیلتیزامیان دا کە ماددەی 140 جێبەجێ بکرێ و کێشەکە یەکلایی بکرێتەوە، ئێستاش ئیلتیزامی هەردوو لا ماوە کە ئیمزاشیان کردیە هەردوو لا، سەفارەت کــە نوێنەرایــەتی هــەردوو لا دەکــەن، بەداخــەوە خــاوەنی ئیلتیزامی خۆیان نەبوون، ماددەکەش وەکو خۆی جێبــەجێ نــەکرا، تــا ئێســتا کێشــەی کــەرکووك ماوەتــەوە، ئەگەر ئێمە زۆر دوور نەگەڕێینەوە، کە نوێنەری نەتەوە یەکگرتووەکان لەو پەرلەمانە داوای شــەش مــانگی کــرد، مــن یــەکێك بــووم لەوانــەی کــە زۆر بەتونــدی دژی ئــەو پێشــنیارە وەســتامەوە، بــە ئێــوەی بــەڕێز و پەرلەمانتارانیشم وت کە ئێمە دژی ئەو پێشنیارە بووین، با جارێك بڵێین نا، خــۆ دونیــا کــاوەل نابێــت، ئــەو کات وتم ئەگەر ئەو شەش مانگە درێژ بکەینەوە، دڵنیام کە جێبەجێ ناکرێ، دوو شەش مانگ و سێ شــەش مانگی تریش، ئێستاش ئەگــەر دەســتوور لەگــەڵ هەڵبــژاردن یــەکلایی نەکرێتــەوە، دەنگی لەســەر نــەدرێ و

ئێمەش هیچ کاتێك دیاری نەکەین و بە کراوەیی بیهێڵێنەوە، وەزعەکە وا دەمێنێتەوە بەراستی، ئێمە ئەگەر پێشووتر یەعنی لەماوەی چەند ساڵی رابووردوودا کارمان نەکردبێ و دەستوورەکەمان پەسند نەکردبێ، بەراستی ئێمە لە فەراغێکدا بووینە و هەڵەیەکی گەورەمان کردووە، کردنی ئەو هەڵەیەش و ئێستاش ئێمە وا بیهێڵینەوە کە بیدەینەوە دەستی قەدەر، یەعنی لە کاتێکی دیاری کراو یان کاتێکی موناسیب، ئاخەر ئەو کاتە موناسیبە کەیە؟ یەعنی دەبێ دیاری بکرێ، ئەو دەڵێ 11ی مانگ، با ئێمە دیاری بکەین بۆ 20ی مانگ، بۆ نموونە بۆ 8/20 بکرێت، با 8/15 بکرێت، زۆر ئاساییە، ئەو خەڵکەی کە دەستووری بوێ، بیەوێ وڵاتەکەی بە موئەسەسات بکات، دەستووریش کە ئەرك و مافی هەموو هاووڵاتیانی کوردستان، هەموو تاکەکانی ئەو کۆمەڵگایە رێك دەخات و ئەرك و مافی هەموو دەزگاکان رێك دەخات، باوەڕ دەکەم کە خەڵك گەرم و گوڕیەکی هەیە کە بێت دەنگ بدات بە دەستوور، دەستوورەکە پەسند بکات، بۆیە بەراستی من لەگەڵ ئەوەدا نیم کاتی دیاری نەکراو هەبێت، دەبێ کاتەکە دیاری بکەین ئێمە لێرە، کۆمسیۆنیش بەوە مولزەم بکەن بێ ریفراندۆمەکە لەسەر دەستوور بکات، من قەت لەگەڵ ئەوەدا نیم کە هۆکارەکە تەکنیکی بێت، هۆکارەکە سرف سیاسیە، لە ئەو ئەندامانەی کە لە ئەنجومەنی کۆمسیۆنیشدان، هەموو موەزەفەکانی کۆمسیۆن، ئەوانە هەموویان باگراوەندێکی سیاسیان هەیە، هەموو لایەنە سیاسیەکانی عێراق، ئێمە ئاگادارین تا ئێستا بەس ئەنجومەنی باڵا، هەڵوێستی خۆی بە روون نەداوە، ئەوەی تر هەمووی دژی دەستوورەکەیە، زۆر لە وڵاتانی ئیقلیمیش دژی دەستوورەکەنە، ئێمە دەبێ بزانین ئەو مەسەلەیە، لەوەش ئێمە دەبێ جورئەتی بریاری سیاسی خۆمان هەبێت، ئێمە نابێ هەموو شتێك بدەینە دەست قەدەر بەراستی، ئێمە کە ئیمرۆ لە پەرلەمان کۆبووینەوە، لەسەر ئەو پرسە گرنگە، دەبێ بریاری خۆمان هەبێ، نەك یاساکە تەعدیل بکەین بۆ مەوعیدی موناسیب، ئاخەر مەوعیدی موناسیب کەیە بەراستی؟ من لەگەڵ ئەوەدا نیم بە هیچ شێوەیەك، دواتر ئێمە بەراستی دەبێ لێرەدا کاری ئەوەش بکەین پەرلەمانی داهاتوو مولزەم بکەین بە هەندێك شت، وەکو راسپاردە بۆیان بەجێ بێڵین، با ئێمە کۆمسیۆنی هەڵبژاردنی سەربەخۆی خۆمان هەبێ، هەندێ دەزگا هەن کە دەزگای نیشتمانی و نەتەوەیین دەبێ ئێمە دایانبمەزرێنین، بۆ ئەوەی ئەوەندە ئێمە موحتاجی خەڵك نەبین، کە خەڵك بێت قسەمان بۆ بکات، کە ئێمە کۆمسیۆنی خۆمان هەبێت، کۆمسیۆنی ئێمە زۆر بە ئاسایی دەتوانێت داوا لە چاودێرانی نیودەوڵەتی بکات، داوا لە نەتەوە یەکگرتووەکان بکات، لە وڵاتانی عەرەبی بکات، بێن بەشدار بن لە ریفراندۆمێك یاخود لە راپرسییەك یاخود لەهەر شتێك کە لە کوردستان بکرێت، ئێمە بەراستی کە ئەوەندە چاومان لە بەغدا بێ، ئیشەکەمان هەروا دەبێ، ئێمە لەو مەسەلەیەدا من تەئکید دەکەمەوە سەر ئەوە دەبێ جورئەتی بریاری سیاسی خۆمان هەبێت، رەغمی هەموو مولاحەزاتێك لەسەر دەستووری کوردستان، رەغمی هەموو ئەو تێبینیانەی کە هەن لە لایەنە سیاسیەکان، بەڵام بوونی دەستوور بۆ کوردستان، بەراستی پێویستیەکی زەروورەتە، پێویستیەکی زۆر زۆر پێویستە، یەکە لە پێویستە ئایینیەکان دەبێ هەموو لایەکمان کار بکەین بە زووترین کات ئەو دەستوورەمان هەبێت، ئێمەش وەکو یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان،

کۆمەڵێك تێبینیمان لەسەر دەستوور هەیە، بەڵام لەگەڵ بوونی دەستوورێك بۆ هەرێمی کوردستان، دەبێ کار بکەین ئەو دەستوورەمان هەبێ، پاشتر زۆر زۆر ئاساییە، هەر ماددەیەك کە بمانەوێت تەعدیل بکرێ، گۆڕانکاری بەسەردا بێت، بەڵام بوونی ئەو دەستوورە دەبێ هەبێ، دەبێ هەموو لایەکیشمان جەخت بکەینەوە سەر ئەوەی کە دەبێ دستوورێکمان هەبێ بۆ کوردستان، ئەوەش ئێمە لەگەڵ ئەوەداین کە کات دیاری بکرێ نەك بەکراوەیی بیهێڵین، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، سەبارەت بە خەڵکی لەتیفاوە کە لە مەوزوع دەرچووی، قەینا ئیجازەمدا، بەڵام بۆ ئەوەی پرۆپاگەندەی هەڵبژاردن حسیب نەکرێ، مەجبوورم ڕێگا بدەم بە لێژنەی شارەوانی، دوێنێ ئەوانیش لەگەڵیان دانیشتن، هەر بۆ ڕوونکردنەوە وەکو پەرلەمان، وەکو پەرلەمان چیان بۆ کراوە کاك ڕەشاد فەرموو.

**بەڕێز رشاد احمد ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دوێنی سەعات (10)، دوازدە کەس نوێنەری خەڵکی لەتیفاوە هاتنە پەرلەمان، پێشوازیم لێ کردن، گفتوگۆم لەگەڵ کردن، لە نزیکەوە ئاگام لە کێشەکەیان هەیە، لە هەموو خەڵکێکی زیاتر،ساڵی 1987 لەتیفاوە تێکدرایە، پرسیار دەکەن 22 ساڵە بۆ کەس بەدەنگیانەوە نەهات؟ لەبۆ ئەو دەقیقەیەی هێشتوویانەوە؟ ئەوە یەك، دوو: دوێنێ راپۆرتم نووسیە بۆ سەرۆکایەتی داوا لە ئەنجومەنی وەزیران بکەین، بە پێی یاسا قەرەبوو بکرێنەوە، ئەوەی موستەحەقی قەربووویە، چ بە زەوی، چ بە پارە، دووبارە تکام وایە، حقوقی خەڵك بەکار نەینین بۆ دیعایەی ئینتیخابی، حەقەکەیان بخورێتن، ئیشیان بۆ بکەین، بە دوای ئیشەکەیان بچین بە واقیعی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك محمد حەکیم فەرموو.

**بەڕێز محمد حکیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من سەرەتا خۆزگەیەکم هەبوو بەڵکو ئەمڕۆ بۆ دوا جار بێتە جێ، ئەوە داوای هەمووومانە، من تەئیدی مام خورشید دەکەم لەوەی بە کورتی دیاری و روونە ئەو هەڵوێستەی کۆمسیۆن دوای هاتنەکەی بایدن هاتە کایەوە، من ئەوەندە دەڵێم، کاك بایدن بایدایەوە، خاوەن مەشروعی تەجزیئەی عێراق بوو، دوایی گەیشتە

حوكم و نائیبی رەئیس، ئێستا داوای وەحدەی عێراق دەکات، دیارە پێی خۆش نیە هەرێمی کوردستان خاوەنی دەستوور بێ، روونە موئامەرەیەك لەسەر هەرێمی کوردستان هەیە کە نەبێتە خاوەنی دەستوور، باسی وەزعی ناوەخۆ ناکەین، خەڵك ئازادە لە ناوەخۆی کوردستان، نەخێر بۆ دەستوور بکات و خەڵکیش تەحشید بکات، بەس نەك تەوزیفی سیاسی بکات، پێشنیارم و پێشنیاری گروپەکەی ئێمە ئەوەیە کە جەنابت لە جوابی ئەو نامەی کۆمسیۆندا، نامەیەك بنووسی کە داوایان لێ بکەی ئەوان بە زووترین کات تەحدید بکەن بۆ ئێمە کە پێیان ئەکرێ؟ ئەوە پێشنیاری ئێمەیە، بۆ ئەوەی بزانین و ئەو مەتەڵە حەل بکەین کە ئایا فەنیە؟ یان فشاریان لەسەرە؟ بۆ جەماوەری کوردستان روون بێتەوە، بزانین ئایا ئەوان فیعلەن $8/15$ یان $9/1$، کەی پێیان ئەکرێ؟ کێشەی ئەوانەی لە دەرەوەی هەرێم نارازین لەسەر دەستووری هەرێمی کوردستان، روونە لەسەر ماددەی $2$، ماددەی $2$ ئێمە پێمان وایە زۆر بە مەزبوتی نووسراوە، کە جوگرافی سیاسی لەگەڵ جوگرافی مێژوویی جیای کردووتەوە، بەغدا و موسڵ و ئەوانەی کە قسە دەکەن، تێبینی و رەخنەیان لەسەر ماددەی $2$، من دوێنێ گوێم لە نوجێفی بوو، قسەیەکی سەرنجی راکێشام، پێم وایە دەسەڵات لە بەغداوە و ئەوانە دژی دەستوورن لە دەرەوە، ژوورەوە ناڵێم، موئامەرە لەسەر خولی تازەی پەرلەمانی کوردستان دەکەن، پێیان وایە ئەو خولە یان دەستوورەکە هەڵدەوەشێنیتەوە، یان تەعدیلی هەندێ مەواد دەکات، بەس ئایا خولی تازەی پەرلەمان، کوردێك بگاتە ئەو پەرلەمانە پێمان وا بێ هەوڵی تەعدیلی ماددەی $(2)$ بدات؟ ئایا لەوە کەمتر وەکو مافێکی کوردستانیمان و وەکو مافێکی تاکی کوردی لە ماددەی $(2)$ مەبەستمە، لەوە کەمتر بە کی رازی بین بە حەقیقەت؟ یەعنی روونە کە جیامان کردۆتەوە، جوگرافی و سیاسی، سنووری جوگرافیمان لەگەڵ سنووری سیاسی کە بەستراوەتەوە بە ماددەی $140$، جیا کراوتەوە، من پێم وایە ئەوە خاسرە و چاوەڕێی هیچ کەسێك و بە حەقیقەت بە دڵی بەغدا، بە دڵی دەرەوە، وەکو خۆی ئازادە چەند تەعدیل و چەند پێشنیار دەکات، بەڵام بە دڵی دەرەوە نەکات بە تایبەتی لە ماددەی $(2)$دا، ئێمە بە کۆی دەنگی هەمووومان دەبێ ئەو ماددەیە مەقبول بێ و جێی تەنازول نیە بە حەقیقەت، پێشنیاری ئەخیرم ئەوەیە کە، ئەو بابەتەی کە دواخستنی دەستوورە، تەوزیفی سیاسی نەکرێ و بۆ دیعایەی ئینتیخابی بەکار نەهێندرێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، قسەکانت بە جێیە، دەستوور بۆ حزبێك نیە، بۆ لایەنێك نیە، حەقیش نیە بەکار بێت لە پرۆپاگەندە، نە بۆ حزبێك و نە بۆ دژی حزبێك، ئەوە هەموو پێکهاتەی کوردستان لێرە دەنگیان بۆ داوە، پارتی و یەکێتی و یەکگرتوو و کۆمەڵ و سوشیالیست و حزبی شیوعی و زەحمەتکێشان، تورکمان، کلدان و ئاشوور، بێ لایەن، نەتەوەیی دیموکراتی، ئەوە کە لە هەڵبژاردنی $2005$دا، ئەوە ئەو لایەنانە هەموو کورسیەکانی هێناوە، یەعنی ئیرادەی گەل لێرەیە، دەستوورەکەش کە دەنگیان بۆ داوە $96$ کەس حازر بووە کە $95$ دەنگی بۆ داوە یەعنی ئیرادەی هەموویانە، کەواتە بۆ هەمووانە و بۆ کەسێك نیە، تەنیا کەسێك دەتوانێ رەتی بکاتەوە خەڵکی کوردستانە، بە بەڵێ و بە نا، ئەگەر وتیان نا ئەوە ئەو وەختی ملکەچی ئەو

دەبـین و دەبـێ ئالیـەتێکی تـر بـە دەسـتەوە بگـرین، بـەڵام تـەنیا خـەڵکی کوردسـتان دەتـوانێ بڵـێ نـا، ئـەو پرۆژەیەش کۆتایی هاتووە وەکو پـرۆژە لـە پەرلەمانـدا، دەنگی بـۆ دراوە، تـەنیا $3/2$ دەنگـی پەرلـەمان لـە خـولی داهـاتوودا، ئێسـتاش دەکرێ ماددەیـەك تەعـدیل بکـەن، غـەیری ئـەوە بـەس میللـەت دەتـوانی رەتـی بکاتەوە و کەس ناتوانی رەتی بکاتەوە، نەسرین خان فەرموو.

**بەڕێز نسرین محمد صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەستووری هەرێمی کوردستان بە دایکی یاساکان دائەنرێ، لە هەمان کاتدا هەرێمی کوردسـتان پێویسـتیەکی زۆری بەو دەستوورە هەیە، بۆیـە هیـوادار بـووین ببینـە خـاوەنی دەسـتووری خۆمـان، بـەڵام منـیش لەگـەڵ ئـەوەدام هەنـدێك لـە ماددەکـانی پێویسـتی بـە گۆڕانکـاری هەیـە، ئـەوش لـە پەرلـەمانی داهـاتوو ئـەتوانرێ چارەسەر بکرێ، هۆی دواکەوتنەکەشی ئەوەیە کە کۆمسیۆن کە دوای خستووە، ئێمـە لەگـەڵ ئـەوەدا بـووین کە لـە $7/25$ دا ئـەو راپرسـییە بکرایـە، خۆشـحاڵ ئـەبووین و گـەلی کوردسـتانیش خۆشـحاڵ ئـەبوو، بـەڵام هیوادارین ئەو ماوەیە دیاری بکرێ بۆ ئەوەی کە ئەو ماوە دابنرێ بۆ راپرسییەکە و کە راپرسییەکەش کـرا بۆ ئەوەی گەلی کوردستان بە راشکاوی رەئی خۆیان بدەن و لە هەمان کاتـدا گـرفتی تـر دروسـت نـەبێت بـە هۆی دواکەوتنی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

نازناز خان فەرموو.

**بەڕێز نازناز محمد عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەنگی خۆم دەخەمە پاڵ سێ هاوکاری ترم کە داوایـان کـرد بـە زووتـرین کـات هـەر ئـەو پەرلەمانـە پـرۆژە یاسـای پێکهێنـانی کۆمسـیۆنی بـاڵای هـەرێمی کوردسـتان دابمـەزرێنێ بـۆ راپرسـییەکان و هەڵبژاردنـەکان، چـونکە وا دیـارە ئێمـە لـە هـەموو هـەنگاوێك کـە دەهاوێـژین پێویسـتیمان بـە بەغدایـە، بەغـدا رێگریمـان لەبەردەم دەکات، ئەو پەیامەش بە بەغدا دەگەیەنم هەر چەند ئەوان رێگری دەکـەن لەبـەر دەم پێشـکەوتنی هەرێمی کوردستان، بە داخەوە رقی خەڵکی کوردستان ئەستوورتر دەکەن، ئەوەش لە زیانی هەموو عیراقـە، ئۆمیدەوارم ئەوان بەو نەزرەیە سەیری هەرێمی کوردستان نەکەن لەمەودوا، بە جۆرێکی تر فـەرمانرەوایی لەو وڵاتە بکەن، پەیامی دووەمم بۆ ئەمریکیەکانە کە ئێستا وا دیارە سیاسیەکان لەولا و لەو لا باس دەکـەن کە دەوریان هەبووە و کە تەئسیریان هەبێ، کەوتوونەتە ژێر تەئسیری مالکی، بـۆ ئـەوەی ریفرانـدۆم لەسـەر دەستووری هەرێمی کوردستان تەئجیل بکرێ، من دەڵێم ئەوان بۆ لە $1700$ـەکان کە وڵاتی خۆیان دروسـت کرد، بە حەقی خۆیان زانی و هەر ئـەو کـاتیش دەسـتووریان بـۆ ئـەمریکا دانـا کـە تـاکو ئێسـتا لەسـەر ئـەو

دەستوورەی خۆیان دەڕۆن، بەڵام بۆ نەتەوەیەکی 40 ملیۆنی کە بەشێکی تەنها 4 ملیۆنە، ئەو بەشە دەیەوێ تۆزێك سەربەخۆ بێت لە هەڵسووڕانی کارەکانی خۆی و دانانی یاسا و تەشریع، دەبێ ئەو هەموو ڕێگرییە بکەن، بۆ مەوقیفەکانیان ئەوها بە ئاسانی دەگۆڕن؟ حەقی وایە ئەوانیش جاریکی دیکە بە خۆیان دابچنەوەو بە سیاسەتەکانی خۆیاندا بچنەوە بەرامبەر بە نەتەوەیەکی بێ دەوڵەت کە بەم شێوەیە معامەلەی لەگەڵ دەکەن، وە داوا لە سەرکردایەتی سیاسی کورد دەکەم بزووتنەوەی ریفراندۆم هەبوو کە ئەو بزوتنەوەیە توانی ریفراندۆم بکات لە کوردستان و 98٪ ی خەڵکی کوردستان دەنگی دا بەسەربەخۆییدا، جارێکی تر ئەم بزووتنەوەیە زیندوو بکرێتەوە و لە پاڵ هەر هەڕەشەیەك کە بەغدا و ئەمریکایەکان ئەگەر لێمان بکەن لەسەر ئەو مەوزوعانە، ئێمەش ئەو بزووتنەوەیە لە ناو جەماوەری خۆماندا بەگەڕ و بە خرۆش بهێنین بۆ ئەوەی ئێمەش ئەو هەڕەشەیان نیشان بدەین لە حاڵەتێك دا ئەوان ڕێگری دەکەن لەبەردەم هەر هەڵکەندنی چاڵێکی نەوتی، هەر حەرەکەیەکی بازرگانی، هەر پێشکەوتنێکی کە لەهەر بوارێك کە ئێمە ئەنجامی دەدەین ئەوان ڕێگری دەکەن و ئێمەش دەتوانین واز لە ئەوان بێنین و بەڕێگای خۆماندا بچین و بەشی ئەوەندە سەرمایەی مرۆیی و سەرخاك و ژێرخاکمان هەیە کە بتوانین خۆمان خۆمان ئیدارە بکەین، داواشم لەسەرۆکی هەرێمی ئاییندە هەیە کە بێگومان سەرۆك بارزانیە، یەکەم کاری ئەوە بێت ئەگەر ڕەوتی پەیوەندیەکانی ئێمە لەگەڵ بەغدا بەو شێوەیە بێت ئیعلانی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان بکات بۆ ئەوەی ئەو هەموو سەرمایەی ئێمە بە خۆڕایی نەڕوات.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەهاری هێنا چۆکان! کاك دلێر فەرموو.

**بەڕێز دلێر محمد شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەڵبەتە هەموومان دەزانین دەستوور یەکێکە لە مەرجەکانی سیستەمی فیدراڵی، نەبوونی دەستوور یەکێکە لەو نەقسانەی کە پێم وایە خەلەل لە لوغەی قانونی و لە دەوڵەتی فیدراڵی دروست دەکات لە ئەسڵ دا، هەموو ئەنزیمەی فیدراڵی لە ئەسڵ دا ئەوە مومارەسەکە و حاڵەتێکی تەبیعیە و دەبێت، تەبعەن ئێمە هەموومان چاك دەزانین یەکێك لە بناغە سەرەکیەکانی دروست بوونی قەوارەیەکی قانونی و دەستووری سەربەخۆ پێویستی بە دەستوور هەیە، بە تایبەتی لەو دەستوورە دا کە بەشێك لە ماددەکان ڕاستەوخۆ لە ناوەرۆك دا تەعبیر لەو حەقیقەتە دەکەنەوە کە ماددەی 1 و 2و 3 و 4و 5 و 7، من پێم وایە لەچوارچێوەی ئەو ماددانەیە کە بەغدا بە دەرەجەی یەکەم و بەشێك لە وڵاتانی ناوچەکە و بەشێك لە وڵاتانی دونیاش ئەمڕۆ هاتوونەتە سەر خەت کە ئەمڕۆ لە ڕوانگەیەکی سیاسیەوە ڕێگە نادەن بە هەرێمی کوردستان کە ڕاپرسی بکەن لەسەر ئەو دەستوورە کە من بەش بەحاڵی خۆم پێم وایە ئەگەر 1٪ - 5٪ ی پەیوەندی بەلایەنی فەنیەوە هەبێت لە 95٪ ی پەیوەندی هەیە بەلایەنی سیاسیەوە، کە فشارێکی

سیاسیە لەم کاتەدا بە تایبەتی ، ئەوەش حەقیقەتێکە، چونکە من پێم وایە زۆر بە ناخۆشی دەیبینم کە ئێمە موبەریرات بۆ کۆمەڵگای خۆمان بێنینەوەو موبەریراتەکان وەکو خۆی نەهێنینەوە بۆی، پێی نەڵێین کە ئەمە حەقیقەتی ئێمەیە و لەم واقعەدا لە کوردستان دا ئێمە فشاری زۆرمان لەسەرە، ئێمە کاتێك کە ئیعلانی دەوڵەت ناکەین کە خەونی هەموومانە هەر پەیوەندی بەو فشارە هەیە، ئەگەر لەمڕۆشدا دەستووریش کێشەمان بۆی هەیە، دیسان قەزیەیەکی سیاسیە و با میللەت بە وازحی بزانێت و هەرئەوەندە نەیخەینە چوارچێوەیەکی ڕۆژنامەنووسی و بەو چوارچێوەیە پشتی پەردەکانەوە شتی تر هەبێت، من پێشنیار دەکەم مادام هەر ئەو ڕاپرسیە دوادەکەوێت و داواکاریشم لە پەرلەمان کە هەنگاو بەرەو ئەوەوە بنێت کە لە داهاتوودا ئەم ڕاپرسیە هەموو کورد بەشداری تیا بکات، من لە جەلسەی پێشووش دا گوتوومە دەستوور جیاوازە لە پەرلەمان، بۆ نوێنەرایەتی کردن نیە، عەقدێکی ئیجتماعیە، پەیوەندی بە هاووڵاتیان بە گشتی هەیە، هەموو هاووڵاتیەکی کورد ئەرك و واجبی هەیە، ئەرك و ئیلتزامات و مافی تیا هەیە، لەدەرەوە بێت یان لەهەر شوێنێك بێت زەرورەت وایە بەشداری لەو ڕاپرسیە بکات، پێم وایە مادام دواخرا دەبێت، موستەلزەماتی ئەوە ئامادە بکرێت هەموو هاووڵاتیەکی کورد بەشداری لە دەنگدان و لە ڕاپرسی کردنی ئەو دەستوورە بکات و تەنها حەسر نەکرێت لەو سێ شارەی کوردستان دا، چونکە ئەمە جیاوازە، ئەمە ئەگەرچی بەشی قەزیەکی سیاسیە ئیحتیمالە لەوەش ئەشکالیتمان بۆی هەبێت، بەڵام ئەمە واجبێکە و حەقێکی پەرلەمانە ئیش لەسەر ئەوە بکات، زۆر سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك د.دلێر فەرموو.

**بەڕێزد.دلێر اسماعیل حقی شاوێس:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە نەبوونی دەستوور کەلێنێکی گەورەیە لە وڵاتی ئێمە کە تاوەکو ئێستا ئێمە دەستوورێکمان نیە پابەند بین پێوەی، بۆیە پرۆژەی دەستوور دەسکەوتێکی گەورە بوو، هەر لەبەر ئەوە پرۆژەی دەستوور دەسکەوتێکی زۆر زۆر گەورەیە کە ئێمە شانازی دەکەین کە مافی ئەوەمان هەبوو شەرەفی ئەوەمان هەبوو بەشداری بکەین لەو پرۆژەیە، لەڕاستی دا دەکردنی پرۆژەکە و دواتر لە ئایندەدا دەنگدان و ڕاپرسی لەسەر پرۆژەی دەستوور پرۆسەی دیموکراتیزە کردنی کۆمەڵگای کوردستانی بەهێزتر و پتەو تر و بەرەو پێشەوە دەبات، بۆیە دژایەتی کردنی کەوتە ئەستۆی ئەو کەسانەی کە کۆنەپارێزن، کەوتە ئەستۆی ئەو کەسانەی کە دژ بە خواستەکانی گەلی ئێمەن، کەوتە ئەستۆی داگیرکەرانی کوردستان و میللەتی ئێمە، کەوتە ئەستۆی ئەو کەسانەی دژ بە دیموکراسیەت و لەگەڵ ملهوڕی و دیکتاتۆریەت دان، کەوتە ئەستۆی ئەو کەسانەی کە نایانەوێت ئەم وڵاتە بەرەو پێشەوە بچێت، هەر کەسێکی دژایەتی ئەو پرۆسەیە بکات من پێم وابێ ئەگەر

هەست بکات و یان هەست نەکات هەڵوێستێکی هەڵپەرستانە دەبینێت بەرامبەر بە ئاییندەی ئەم وڵاتە، من پێم وانیە ئەو پاساوانەی کە کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان دەیهێنێتەوە پاساوێکی ڕاست بێت، هیچ کێشەیەکی تەکنیکی لە ئارادا نیە، بەڕاستی با ئێمە ڕاستگۆ بین، با شەفاف بین لەگەڵ خەڵکی خۆمان و لەگەڵ خۆشماندا، ئەمە فشارێکی سیاسیە بۆ ئێمە هاتووە، کۆمەڵە خەڵکێك هێناویەتی، دەسەڵاتداران هێناویانە، وڵاتانی دەوروبەر هێناویانە، هەندێك لە زلهێزەکانی جیهان هێناویانە، کە بەداخەوە هەندێك لە هێزەکانی ناوخۆ ڕەنگە لێرەو لەوێ ڕۆڵیان هەبووبێت لەو مەسەلەیە، من پێم خۆشە لێرە مەسەلەیەك باس بکەم کە بە داخەوە دەبووایە ئەم پرۆژەیە زووتر دەرچووبایە، یەکێك لەو کێشانە ئەوەیە کە ئێمە چاوەڕوانی زۆرمان کرد دەبووایە لە ماوەی ئەو چوار ساڵە ئێمە چاوەڕوانمان نەکردایە ئاوا دوای بخەین و ئەو پاساوانە دروست بکەین، بۆیە من پێم چاکە لێرەوە بە جورئەتەوە ئێمە باسی ئەوە بکەین کە ئێمە خۆمان لایەنێك بووین لەوەی کە ئێمە ئەوەمان دواخستووە بە تایبەت سەرۆکایەتی پەرلەمان بەرپرسە لەوە، بە پلەی یەکەم، ئینجا ئێمە وەکو ئەندامانی پەرلەمان، بەڕاستی بەرپرسین بەرامبەر بە دواخستنی بە تایبەتی سەرۆکایەتی پەرلەمان چەند جارێك لێی تیکرار کراوەتەوە کە دەبووایە پەلە بکرایە لە مەسەلەی پرۆژەکە، من جارێکی تر ئەو قسانەی کە پێش من هاوکارانم باسیان کرد، جەخت دەکەمەوە سەر ئەوەی کە بوونی دەستوورێك لە کوردستاندا پرۆسەی دیموکراتیزە کردنی ئەم وڵاتە و ئەم خەڵکە بەهێز تر دەکات و سەقامگیری لە ناوچەکە بەهێز تر دەکات، لەبەرئەوە پێویستە هەموو کەسێك پشگیری لێ بکات، چونکە ئەو کەسەی پشتگیری لێی ناکات دەبێتە هۆی ئەوەی کە ئاسایش و ئارامی نەك تەنها لە هەرێمی کوردستان دا، بەڵکو لە ناوچەکەدا تێك دەدات و زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك شێخ جعفر فەرموو.

**بەڕێز جعفر مصطفى معروف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵڵا من چەند ڕەئیەکی بچووکم هەیە، یەکێکیان بە بڕواوە من ڕاپرسی لەسەر دەستوور لە هەموو دەنگدانەکانی تر پیرۆز ترە، ڕاست لەپەرلەمان و لە سەرۆکایەتی پیرۆز ترە، یەعنی ئێمە ئەوان بکەین بە قوربانی دەنگدان لەسەر دەستوورەکە گەورە ترە، نەك دەستوورەکە بکەین بە قوربانی ئەوەی کە موشکیلەمان بۆ دروست نەبێت، ئەمە یەك، دووەم: ئەگەر ئەو کۆمسیۆنە لەژێر تەئسیراتی سیاسی دا بێت، خەتەرە لەسەر هەموو کارەکان لە عیراق دا چ لە هەڵبژاردنی پەرلەمان چ لە هەڵبژاردنی عیرا ق چ لە هی ئەنجومەنەکانیش، وئەوان دەیانتوانی پێشتر ئەم قسانەیان بکردبایە یان دەیانتوانی پێشتر بڵێن 7/25 ناتوانین ئەو ڕاپرسیەتان بۆ بکەین، بۆ ئەوەی ئێمە کاتمان بۆ خۆمان دیاری بکردبایە، من پرسیارێکم

هەیە جەنابی سەرۆکی پەرلەمان من ئەو قوتابیە نیم کە لە ئەمریکاوە گەڕاوە یان لە حەربی عالەمی دووەم بە قیادەی سیاسی خۆی گوت، گوتی ئێوە غەڵەتن ئەگەر بڕیار بدەن شەڕ لەدژی ئەمریکا بکەن، بە گوێیان نەکرد و شەڕیان کرد هیرۆشیما و ناکازاکی ڕووی دا، من لە جەلسەیەکی ئەم پەرلەمانە پیرۆزە باسم کردو تەسجیلە و لە پرۆتۆکۆڵەکاندا هەیە، گوتم رەئی ئەمریکایەکان ئاوا بووە، ئەوەی کە من گوێم لێیان بووە، گوتیان ئێمە 22 دەوڵەتی عەرەبی ناکەین بە قوربانی سێ ملیۆن و نیو کورد، من ئەم قسەیەم بۆیە گوت، بۆیە تیکراریشی دەکەمەوە دەبوایە قیادەی سیاسی کوردی حیسابی بۆ ئەو قسەیە بکردبایە، ئەم تەئجیلە لەسەر قسەی ئەمریکایە و موداخەلاتی بەریتانیایە و لەبەر خاتری چاوی ڕەشی عەرەبە و لەبەر خاتری زەختی مالکیە بەڕاستی، لەبەرئەوە ئەگەر ئەمەشتان بەسەردا ڕەت بوو حەقی ئەوەیە ئێمە حیسابێك بۆ خۆمان بکەین وەکو ئەو میللەتە و وەکو قیادەی سیاسی کورد، ئەوەی عەرەب گوتی ئەمریکا بە گوێی بکات، ئەوەی عەرەب گوتی لە دراوسێکان بە گوێی بکەن، ئەوەی عەرەب گوتی بە هەموو عەرەبەکانەوە، من جارێکی تریش قسەیەکم کردو جەنابت بۆت شەرح کردم، من ناڵێم چاکیان تیا نیە بەرامبەر بە قەزیەی کوردی، لەبەرئەوە هەرچی دەسەڵاتیان هەبێت ئەوە دەڵێت کە ئێستا مالکی دەیڵێت، مالکی قوتابی بووە لە جامیعەی سەلاحەدین، ئەوە موقەررەکەیەتی لەویا، مەشهەدانی لە هەڵەبجە بووە لەلای ئێمە، ئەوان وەفایان بۆ ئەم هەموو رەفاقەت و دۆستایەتیەی ئێمە نەبوو بێت، تۆ بە تەمای چ عەرەبێکی تری تاوەکو بێت قەناعەتی بە خەڵکی کورد بێت، لەبەرئەوە قیادەی سیاسی کورد دەبێت قەزیەی کورد لەگەڵ ئەمریکا یەکلایی بکاتەوە، نەك لەگەڵ عیراق دا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك دیلمان فەرموو.

**بەڕێز محمد احمد صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

کاك دلێر پێشتر قسەکانی منی کرد، تەئیدی قسەکانی دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس دەستەکانت خۆش، کاك خلیل فەرموو.

**بەڕێزخلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من باسی ئەهمیەتی  دەستوور ناکەم گرنگی و زەرورەتی، بەس ڕاستی بەبێ دەستوور هەموو دەسکەوتەکان، هەموو ستراتیژیەتی میللەتی کورد هیچ ئیستقراری بۆ نامێنێت، یەعنی ئەمە شتێکی زۆر زۆر خەتیرە بە

نیسبەت ئێمەوە، باسی ئەوەش ناکەم بڵێم مافی ئێمەیە خاوەنی دەستوور بین و مافێکی دەستووری و مافێکی ئێمەیە وەکو شەعبێك و وەکو کیانێك، ئەم مەوزوعە ئێمە زۆر جوانە لێرە نوێنەری خەڵکین و خاوەن پەرلەمانین و لەڕۆژانی ئەخیرین ڕاستگۆ بین و شەفاف بین و سەریح بین لەگەڵ میللەتی خۆمان، ئەم مەوزوعە فشارە و موئامەرەیە و حەلەقەکە لە موسەلسەلی عەدا و دژایەتی لەسەر کوردستان، ئەم مەوزوعە سیاسەتی (لوي ذراع) یەعنی هەر بادانی دەستە، یەعنی من وادەزانم شتێکی زۆر خەتیرەو لازمە وەقفە بکەین لەسەر ئەو مەوزوعە، ئەمە ئەگەر هەر وا بەو شێوەیە تەسلیم ببین ئەوا عەدی تەنازولی باش دەست پێ کرد بۆ هەموو موکتەسەباتی ئێمە، ئەم دەستوورەی ئێمە موئامەرەیە لەسەرمان، لەلایەن ئەو کەسانەی کە ئیمانیان بە دەستووری عیراقی نیە، ئیمانیان بە فیدراڵی نیە، ئەمە موتەعارز نیە لەگەڵ دەستووری عیراقی، ئەمە موتاعارزە لەگەڵ ئەو ئەفکار و ئەو تەسوراتانەی کە ئیمانیان بە فیدراڵیەت نیە، ئەوانەی ئێستا دژی دەسکەوتەکانی کوردن لە دەستووری عیراقی، ئێستا دەستووری عیراقی لەبەردەم هەموارکردنە، ئەو هەموو هەموارکردنەی زۆبەی هەرە زۆری باس باسی دەسەڵاتەکانی هەرێمی کوردستانە، ئیزعافی ئەم تەجروبەیە، ئێمە ئەگەر لێرە ئیرادەی خۆمان بەکارنەهێنین، ئیرادەی گەلی کورد ناجیح نەکەین لێرە لەو مەحەتە و لەو قۆناغە حەساسە من وای دەبینم نامەیەکی زۆر سەلبی دەدەین، چ بۆ خۆمان و چ بۆ خەڵکانی تر، ئێمە وا وەکو عەقیدەی جەبری هەر بڵێین وەڵڵاهی هیچ ناکرێت و ئەوە وایە، ئەوە وایە، ڕاستە قیرائەی واقع زۆر موهیمە، تەقدیری زروف زۆر موهیمە، بەڵام ڕاستی تا خاوەن ئیرادە نەبین، هەموو شتێکمان دەچیت، من لێرە دەڵێم کوردستان هەندێك بڕیاری جەریئی داوە لەکاتی خۆی زروفی زۆر خەتیریش بووە لەمە ئیحتیمالە خەتەر تریش ببێت، بڕیارمان داوە لە 1992/10/4 کە کوردستان فیدراڵی بێت، عیلاقەی لەگەڵ ناوەند فیدراڵی بێت، ئەوکاتە سەدام هەبوو دوژمنی زۆر هەبوو، هیچ بەوادری ئەوەش نەبوو کە عیراق دەگۆڕدرێت، بڕیاری عقودمان داوە ئەوەی نەفت، کە شتێکی دەزانین چەند حەساس و چەند ئەوەیە، وەکو موغامەرەیەك بوو الحمدلله سەرکەوت، موهیم بڕیاری زۆر درا، من لێرە داوا دەکەم ئێمە پێویستمان بەو بڕیارە هەیە، نەهێڵین مەفتوح، ئەگەر وامان هێشت، یەعنی هیچ ڕۆژێکمان دانەنا، من وای دەبینم ئەمە بەدەردی ماددەی 140 دەچێت! زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، قسەکان تەواو بوون من چەند مولاحەزەیەکم هەیە و دواترپشوویەك وەردەگرین بۆ ئەوەی بێینەوە موناقشەی هین بکەین، یەکەم: ئەو جۆرە تەشائومە جارێکی تر تەئکیدی لێ دەکەمەوە لەسەر ئەو دواکەوتنە حەق نیە هەبێت، تەنها دواکەوتنێکە زۆر زۆری چەند مانگێکە زیاتر نیە، ئەمە ڕاستە دژی بڕیاری پەرلەمانە، بۆیەش دانیشتنمان کرد بۆ ئەوەی بڕیارەکە هەموار بکەینەوە، ڕاستە دژی ویستی ئیرادەی زۆرینەی خەڵکی کوردستانە، بەڵام ناکرێت تۆ شتێك بکەی تەنها لایەنی جێ بەجێ بکەی و بڕیار بدەی، کۆمسیۆنی باڵا هەیە و سەربەخۆیە و جێگاکەی لە بەغدایە، ئەو بەو ئیشە هەڵدەستێت و دەڵێت

پێم ناكرێت، كه پێی ناكرێت ناتوانم بڵێم ئیللا دەبێت بیكەی، ئالیەتێك نیە لە خیلالی ئەو چەند ڕۆژەدا بێم هەموو ئەو شتانەی ئەو كردوویەتی من بیكەم و بیدەمە ڕاپرسی هەر دەبێت بەرێگای ئەوانەوە بكرێت، ئەگەر بمانەوێت بكرێت لەو ڕۆژانەدا، ئەوان كە دەڵێن تەكنیكیە موناقەشەی تەكنیكیان ناتوانم لەگەڵ بكەم، دەڵێ یەك و دوو و سێ و چوار، خوبەرا هەیە، بەشی عەمەلیاتی هەیە، بەشی تەختیتی هەیە، بەشی مالیەی هەیە، دەڵێن هەموو پێمان دەڵێن هینیان هەیە، بێجگە لەو شتانە كە بۆیان ناكرێتن، لەبەر ئەوەی ئێمە بڕیارەكە بە دەرەجە یەك لەبەر ئەو قسانەی جەنابتان كردتتان لەسەر هەبوونی فشاری سیاسی بە تەئكید هەیە خۆ كەس ناتوانێت نكۆڵی لێ بكات، لەبەر ئەوەی لە تەلەفزیۆن دەبینی، بەلاَم ئێمە موعامەلەمان لەگەڵ ئەو مەوزوعە لەگەڵ كۆمسیۆن هەیە، كە دەڵێتن ناتوانم بیكەم، بۆیە ئێمە ڕەئیەكەمان لەسەر ڕەئیی ئەوان دەدەین، كۆمسیۆنی بالاَ دەڵێت من ناتوانم بیكەم، ئەمە یەك.

دووش/ زۆر قسە كرا لەو قسانەی جەنابتان كردتتان، من دڵنیاتان دەكەمەوە لەوەی كەوا ئەمریكا ئەگەر ڕەئیەكیدا بێتن، ئەو ڕەئیە ڕەئی ئەوە نییە كە لەسەر كورد گۆڕا بێت، ئەو دوو پەیوەندی تەلەفۆنەی لەنێوان جەنابی مام جەلال و جەنابی كاك مەسعود لەو دوو ڕۆژەدا كراون، من لە هەردوو تەلەفۆنەكە ئاگادارم زۆریشی لە راگەیاندن بلاَو كراوەتەوە، تەئكید لەسەر چەند شتێك كراوە:

یەكەم/ پەیوەندی ئەمریكاو كورد ستراتیجییەو بەهێزەو لە دوا ڕۆژیشدا بەهێزتر دەبێت.

دووەم/ ئەمریكا گەلی كوردستانی عێراق بە دۆستێكی نزیكی خۆی دەزانێت.

سێیەم/ ئەمریكا دەڵێت هەرێمی كوردستان، گەلی كوردستان حەقی خۆیەتی دەستووری خۆی هەبێت، ئەمە مەوزوعێكە قابیلی ئەوە نییە، بەلاَم ئەمریكا بە پەرۆشە بۆ ئەوەی پێكهاتەكانی عێراق پێكەوە بتوانن موساڵەحە بكەن، بتوانن كێشەكان حەل بكەن، ئەوە مەسەلەیەكی ترەو ڕێگر نییە، بڕیارەكەی ئێمەش لەبەر چاوی ئەمریكایە، نە ئەو لایەنانەیە كە نارازین لە دەستوور، بەڵكو كۆمسیۆنی بالاَیە، كۆمسیۆنی بالاَی هەڵبژاردنەكان دەڵێ هۆی تەكنیكیمان هەیە ئێمەی راگرتووە، ئەگینا دە فشاری واش هەبوایە ئێمەی ڕانەدەگرت و بەردەوام دەبووین لە هینەكاندا، چونكە تەنیا پابەندین بە ئیرادەی گەلی ئێمە، تەنیا گەلی ئێمە بڵێ نەخێر بەزۆرینەیان، ئەو وەختی ملكەچی ئیرادەی ئەوان دەبین، مەسەلەی تریش ئەوەی كە كۆمسیۆنی سەربەخۆی خۆمان دروست بكەین، ئەوە لە پەرلەمان باس كراوەو زۆر جار ئاماژەشمان پێ كردووەو، ئێمە ئێستا لێرەدا زۆر موناقەشەشمان كردووە ناكرێت ئەو مەوزوعە بەو پەلە پەلەیە، خۆتان دەڵێن پەلە پەلی مەكەن لە بڕیاردا، بەلاَم صیغەی ئەوەی نووسراوە لە پرۆژەكە دەڵێ (سەرۆكایەتی هەرێم، حكومەت بەردەوام دەبێت لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەكان)، ئەو لایەنە پەیوەندیدارەكان زۆر شت دەگەیەنێتن بە كۆمسیۆنی بالاَشەوە، یەعنی بەبێ ئەوەی ببێتە قەرار، بە تەئكید یەك لە خەیارەكان ئەوەیە لەگەڵ كۆمسیۆنی بالاَ بەردەوام دەبین بزانین ئەوان چیان پێ دەكرێت، دەبێت ئەوان پێمان بڵێن بە ڕوونی چ وەختێك دەتوانن بیكەن ئەوە یەكێكە لە خەیاراتەكان، ئەگەر نەبوو، ئەو وەختی سەرۆكایەتی پەرلەمان و حكومەت و ئەو لایەنەی كە پەیوەندی بەو مەسەلەیەوە هەیە بە

**تەئکید ڕێگایەك دەدۆزنەوە بۆ ئەو ڕاپرسییە ئەنجام بدرێت لە وەختی خۆی، ئێستا پشوویەك دەدەین بۆ ماوەی بیست دەقیقە، سەعات (11:15) دێینەوە، نیزامی داخیلی وایە دەبێت پشوویەك بدەین، پرۆژە هەیە دێینەوە ماددە بە ماددە یەکلای دەکەین، ئینشائەڵلا زۆری پێ ناچێت، ئینجا پرۆژەکە ئاراستەی یەکە یەکەی ئێوە دەکەم ولیژنەی یاساییش، سوپاس.**

**دانیشتنی دووەم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەناوی گەلی کوردستان، دانیشتنەکەمان دەکەینەوە، داوا لە لیژنەی یاسایی دەکەین بێن لە شوێنی خۆیان دابنیشن، فەرموو ڕاپۆرتەکە بخوێننەوە هی لیژنەی یاسایی.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بۆ/ سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان_عێراق**

**ب/ ڕاپۆرتی لیژنەی یاسایی**

لیژنەکەمان بەئامادەبوونی زۆرینەی ئەندامانی کۆبوونەوەی خۆی ئەنجامدا، بۆ دیراسەتکردنی پرۆژەی یاسای هەموارکردنی یاسای پەسندکردنی دەستووری هەرێمی کوردستان، ژمارە(16)ی ساڵی 2008ی هەموارکراو کە خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کرا، لەدانیشتنی نائاسایی ژمارە (4)ی ڕۆژی 2009/7/9 و دوای گفتوگۆکردن ڕای جیاواز هەبوو لەسەر ماددەی یەکەمی پرۆژەکە، ئەویش بەشێکیان لەگەڵ ئەوەدانە کە ماوە دیاری بکرێت بۆ ڕاپرسی گشتی،و زۆرینەی ئەندامان پشتگیری ناوەڕۆکی پرۆژەکە دەکەن، دوای لابردنی وشەی (گونجاو) (مناسب) لەپرۆژەکەدا.

تکایە دەقی پرۆژەکە و ڕای لیژنەکان بخرێتە بەردەم کۆبوونەوەی پەرلەمان بۆ ڕا دەربڕینی گونجاوو دەنگدان لەسەریدا.

**لەگەڵ ڕێزماندا**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە ئێستا ڕەئی لیژنەی یاسایی ئەوە بوو کە خوێندیانەوە، ئەویش دیارە دوو ڕەئیان هەیە لەسەر پرۆژەکە، بۆیە دێینە سەر ماددەی یەکەم، ئێستا ماددە بەماددە بەکوردی و بەعەرەبی دەیخوێنینەوە دوایش ڕەئی لیژنەکەش لەسەری، پاشان دەیخەینە دەنگەوە، ئێستا ماددەی یەکەم، فەرموون.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة (1): تلغى الفقرة (ثانياً) من المادة السادسة المعدلة من القانون ويحل محلها مايلي:

ثانياً: يتم تحديد موعد مناسب للاستفتاء العام على مشروع دستور اقليم كوردستان ـ العراق بالتنسيق بين رئاسة برلمان إقليم كوردستان ـ العراق وحكومة الاقليم والجهات ذات العلاقة.

**بەڕێز خليل ابراهيم محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**ماددەی (1): برگەی (دووەمی) ماددەی شەشەمی هەموار كراوی یاساكە پووچەڵ دەكرێ، و بەم جۆرە دەخوێندرێتەوە:**

**دووەم/ كاتێكی گونجاو بۆ ڕاپرسی گشتی دیار دەكرێت، بۆ پرۆژەی دەستووری هەرێمی كوردستان بە هەماهەنگی لەگەڵ سەرۆكایەتی پەرلەمانی هەرێمی كوردستان – عێراق و حكومەتی هەرێم و لایەنە پەیوەندیدارەكان.**

**بەڕێز عونی كمال سعيد بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**لیژنەكەمان بەئامادەبوونی زۆرینەی ئەندامانی كۆبوونەوەی خۆی ئەنجامدا، بۆ دیراسەتكردنی پرۆژەی یاسای هەمواركردنی یاسای پەسندكردنی دەستووری هەرێمی كوردستان، ئەوە بوو دوو ڕای جیاواز دروست بوو، یەكەم: ماوەیەك دیاری بكرێت بۆ ڕاپرسی گشتی، دووەم: دەڵێن وشەی (مناسب) لابرێت لە پرۆژەكەدا، زۆرینەش لەگەڵ ڕەئی دووەمدان و پشتگیری پرۆژەكەیان كردووە، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**كاك جمال قاسم پێشتر وتی قسەم هەیە لەسەر پرۆژەكە، فەرموو.**

**بەڕێز جمال محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**وەڵڵا من ئەڵێم ئەگەر ئێمە قەناعەتی شەخصیمان هەیە، سەبەبەكە تەكنیكی و فەنیە، لەگەڵ كۆمیسیۆنی باڵا نووسراوێك تەحدید بكەن ئەوان كەی ئامادە دەبن، ئەوكاتە بكرێت بە بڕیارێك، خۆ ئەگەر تەكنیكی و فەنی نیە، خۆ هەر ئەوە نیە شتی تر لەلای سەرۆكایەتی پەرلەمان وازحە، ئەوە تەحدیدی كات نەكرێت بۆ ئەوەی تووشی مەوقیفێكی حەریج نەبین، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**وەڵڵا خۆی پێش ئەوەی قسەتان بدەمێ، هەر وەكو ڕوونكردنەوەیەك ئێمە دوێنێش، لەگەڵ سەرۆكی فراكسیۆنەكان ولیست و نوێنەری جیاجیا كە لە پەرلەماندا بەشدارن، كۆبوونەوەمان كرد، ئەو صیغەی كە نووسراوە لەبەر ڕۆشنایی تێگەیشتنمان بوو بەدیاری كردنی هەموو لایەنی مەسەلەكان، بەتایبەتی لەڕووی تەكنیكیەوە، كە كۆمیسیۆنی باڵا ئەوەی دەستنیشان كردووە، هەر دوێنێش لەگەڵ كۆمیسیۆن قسەمان كرد، تەحدید كردنی ڕۆژێك ئەوان ناتوانن هەر لە ئێستاوە بڵێن بەڵێ و گرنتی بدەن و ڕۆژی نە 8/11 نە 8/19 دیاری بكەن، ئێمەش لە هەمان كاتدا ناتوانین هەڵبژاردن بكەین بۆ پەرلەمان و بۆ سەرۆكی هەرێمی كوردستان لە ڕۆژی 7/25 دوایی دوو هەفتەی تر خەڵكەكە ئەزیەت بدەینەوە و بانگیان بكەین بۆ هەڵبژاردنێكی تر، بۆیە ڕەئیەكە وابوو كە وای بەجێ بهێڵین لەو بەینەدا، سەرۆكایەتی پەرلەمان بەڕاوێژ لەگەڵ سەرۆكایەتی حكومەت ولایەنە بەرپرسەكان، دەستنیشانی ئەو ڕۆژە بكەن،**

خۆشتان زۆر قسەتان کردو وتتان نەدەبوایە ئەو ڕۆژە تەحدید بکرێت، ئەگەر زامنی ئەوەمان نەکردبێ، ئێستاش هەر لەبەر ئەو ڕەئیەیە کە لە کۆبوونەوەی سەرۆکی فراکسیۆنەکاندا هەبوو، ئێمە ئەگەر ڕۆژێك دیاری بکەین و دوایش ئەگەر نەکرا لەو ڕۆژەدا، بۆیە ڕەئیەکە وا پەسەند کرا، کە بەجێی بهێڵین بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمان و حکومەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان، لایەنە پەیوەندیدارەکان کۆمیسیۆنی باڵاش یەکێکە لەو لایەنانە، دەبێ لەگەڵیاندا بەردەوام بین، پێش ئەوەی بکرێت بەقەرار و ئیعلان بکرێت کە ئەو ڕۆژە ڕاپرسیە، دەبێ زامن بکرێت کە کۆمیسیۆنی باڵا بەنامە بۆمان بنووسێت کە فلان ڕۆژ دیاری بکرێت، تا بێت لە پەرلەمان لێرەدا عەرز بکرێت و تەحدیدی کاتەکە بکرێت، بۆیە دانراوە، بەڵام ئەگەر نەکرا، جارێکی تر ڕەخنەمان لێ بگیرێت و بڵێین ناکرێت، باشە ئێستا قسەتان دەدەمێ، کاك تەلعەت فەرموو.

**بەڕێز طلعت محمد صالح تۆفیق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لەگەڵ قسەی کاك جمال قاسمم، بەس سەقف زەمەنیەك دیاری بکرێت، نەوەك بڵێین سێ مانگی تر یان چوار مانگی تر، کاتێك دیاری بکرێت لە ئێستاوە تا مانگێك، تا $20$ ڕۆژ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

دکتۆرە هالە، فەرموو.

**بەڕێز د. هالە سهیل وادی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەت ئەو ماوەی کە دیاری کراوە، بە موتڵەقی ماوەتەوە، بۆیە پێم وایە ئەوە زەرەرێکی گەورەیە بۆ هەرێمی کوردستان، ئێمە پێویستە فشار دروست بکەین بۆ ئەوەی ئەو ڕیفراندۆمە بکرێت، با دوورتر بێت، بەڵام مسۆگەر بێت، بۆ نموونە کۆتایی ئەمساڵ هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق دەکرێت، زۆر گرنگە ئێمە ئیستغلالی ئەو کاتە بکەین، بۆ ئەوەی ئیشی کۆمیسیۆنەکەش دیارتر و ڕوونتر بێت، ئێمە دەتوانین ئەو ڕیفراندۆمە لەگەڵ هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراقدا ئەنجام بدەین، ڕاستە $4 - 5$ مانگی ترە بەس بۆ ئێمە مەزموون ترە، کە ماوەکە دیاری بکرێت، لە ئێستاوە تا کۆمیسیۆن بتوانێ کاری خۆی بکات بۆ ئەو کاتە، خەڵکانی هاووڵاتی هەرێمی کوردستانیش ماوەیەکی باشە کە پێیان دەدرێت تا زیاتر دیراسەی ئەو دەستوورە بکەن و قەناعەتی پێ بێنن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عزالدین، فەرموو.

**بەڕێز عزالدین سلیم خدیدا:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە با سەیر بکەین هەموومان، لەگەڵ دواخستنی ئەو ڕیفراندۆمە نین، بەڵام ئێمە مەجبوورین کە تەئجیلی بکەین، با ئێمە مێژوویەکی دیاریکراو دانەنێین کە فلان ڕۆژە، بەس سەقفی زەمەنی دیاری بکەین، بە دوو مانگ یان سێ

مانگ، یان با ئێمە هەرچەندە ئیتیفاق بکەین لەو چەند مانگەدا، هەم قیادەی خۆمان کە سەرۆکایەتی هەرێمە و سەرۆکایەتی پەرلەمانەو کۆمیسیۆنی باڵاشە، گفتوگۆ بکەن بۆ دیاریکردنی سەقفی زەمەنی و ڕۆژێك دیاری بکەن، بەڵام بەبێ سەقفی زەمەنی بەواتا ئیشەکە مردووە و کوشتوویانە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عومەر، فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خۆی ئاشکرایە دەستوور وەکو لە پێشتر باسی لەسەرکرا، کاریگەرییەکی زۆر گرنگی هەیە، پێناسەی گرنگی هەموو میللەتێکە، کە بیەوێت ببێت بە خاوەنی پێناسەی خۆی و تەحدیدی مەسیری خۆی پێبکات، ئەم شتانە ڕاستە، بەڵام وەکو باسی لەسەر کرا کۆمیسیۆنی باڵا هەندێ ئەسبابی فەنی بۆ خۆی هێناوەتە پێشەوە، کە ڕۆژی 8/11 دابنێت، خۆی ئەگەر 7/25 هەڵبژاردنی پەرلەمان بکرێت، چۆن 8/11 کۆمیسیۆنی باڵا فریای فەرزی ئەصوات ونەتیجەی پەرلەمان و سەرۆکی پەرلەمان ئەکەوێت، بەواتا جارێکی تریش تەئجیل ئەبێتەوە، ئەو هەموو تەئجیلانەش لەهەر بڕگەیەکی یاسایی و لەهەر شتێکی مەسیریدا، من پێم وایە نرخ و قیمەتی ئەو مەسەلەیە کەم ئەکات و نایهێڵێت و ئەیمرێنێت، لەم بڕگەی کە باسی لەسەر کراوە، من لەگەڵ ڕاپۆرتەکەی لیژنەی یاساییدام، کە ئەڵێت ماوەیەك دابندرێت، بەڵام با ماوەکە موناسیب نەبێت، چونکە ئەگەر موناسبی لەسەر بێت، ئەوە ئەبێت بە زەریعەیەك لەوانەیە هەموو کاتێك تا 50 ساڵی تر بێت هەر بڵێین موناسب نیە، انشاو الله کەی موناسب بوو ئەو کاتە باسی لەسەر ئەکەین، من پێم وابوو وەختی خۆشی دەنگدان لەسەر دەستوور پێم وابوو کارێکە لەپەرلەمان گرنگترە، ئەگەر وەکو دەنگدان حسابی لەسەر بکەین، بەڵام تازە وای لێهاتووە کە ئەکرێت تەئجیل بکرێت، لەبەر ئەو هۆکارانەی کە کۆمیسیۆن باسی لێوەکردوون، ڕەنگە ئەوەش لە ژێر زەختێکی سیاسی و دەرەکی و ناوەکی بێت کە باسی لەسەر کرابێت، با ئەو موناسیبەی لەگەڵدا نەبێت وکاتێك وەکو چۆن ئێمە بۆ قانونی پارێزگاکان باسمان لێوە کرد و وتمان( الی ما قبل نهایة السنة) مەوعیدێکی لەسەر تەحدید بکرێت بۆ ئەوەی ئەو کاتە ئیلتیزامی زیاتری پێوە ببینێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

دکتۆر فوئاد، فەرموو.

**بەڕێز د. فؤاد احمد محمد بابان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە لەقسەی ئەندامە بەڕێزەکاندا دەرکەوت کە هەمووومان نیگەرانین بەوەی کەوا ڕاپرسی دواکەوتووە، بەڵام دەبێ هەمووومان ئەوە بڵێینەوە کە بەڕاستی دەستوور هەم مافێکی دەستووری هەرێمی کوردستانە، هەم دەستکەوتێکی سیاسیە، هەم هۆکارێکی گرنگە بۆ ئەوەی دەسەڵاتەکانی هەرێم بکرێت بەدامەزراوەیی، بە موئەسەسات، بەڵام

لەکاتێکدا کە ئێمە ناچار بووین لەسەر پێشنیارو نامەی کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان بۆ ئەوەی ڕاپرسی دوابخرێت، من پێشنیار دەکەم ئەو مناسبە لابرێت، لەجیاتی ئەوە بووترێت (یتم تحدید اقرب موعد)نزیکترین کات وەکو دیارە نزیکترین کاتیش زۆر زەحمەتە وەکو باستان کرد کەوا لەگەڵ کۆمیسیۆن دیاری بکرێت، من پێم وایە ئاوا بنووسرێت هەم ئێمە تەئکید دەکەینەوە کە دەمانەوێت لەکاتێکی نزیکدا بکرێت هەم موناسیبەکەشی لادەبەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ڤیان خان، فەرموو.

**بەڕێز ڤیان احمد خضر پاشا:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لەکاتێکدا کە گوێمان لەقسەی کۆمیسیۆنی باڵا بوو، خۆیان وابانگەشەیان کرد کەوا دوو مانگیان دەوێت لەسەر پێوانەو مەعایری نێودەوڵەتی، ئەگەر بێت و ئێمە ئەو دوو مانگە لەو ڕۆژەی کەوا ئێمە بڕیارماندا 7/25 بێت، لەو ڕۆژەوە حسابی بکەین، دوو مانگی بۆ دابنێین، کەواتە قسەی کۆمیسیۆن دەبڕێت کە بەپێی پێوانەو مەعایری نێودەوڵەتی کە 60 ڕۆژیان دەوێت، ئێمە دەتوانین ئەو 60 ڕۆژە بکەین بە سەقفی زەمەنی کەواتە قسەی ئەوانیش دەبڕێت و شتەکەش وای لێدێت، کە پاش ئەوەی دەنگدانیش دەکرێت و سوێندی پەرلەمانی تازەش دەخورێت، کەوابوو دەکرێت ئەو 60 ڕۆژە بێت بەپێی پێوانەی نێودەوڵەتی و وەرگرتنی کاتی خۆشیان بەو شێوەیە عەرزیش دەکرێت بۆ هاووڵاتیان کە زیاتر ئاگادار بن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاک سعدالدین، فەرموو.

**بەڕێز سعدالدین عبدالله مولود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەموومان باش دەزانین لەو دانیشتنەی کە ئێستا بەڕێوەچوو، ئینتباعێك وەرگیرا ئەویش ئەوەیە، کە قیادەی کوردی سەرۆك بارزانی یان هەر کەسێك هەبێت، کە مساوەمە لەسەر ئەوە بکات کەوا دەستوور وەکو ناسنامەیەك، یان لە پشت پەردەکان ئەوەی لەگەڵدا بکرێت کەوا ئیستیفتائی لەسەر نەکرێت، تەسەور ناکەین شتی وا مەقبولیش نیە، مەڕفوزە، با ئەو ئینتیباعە وەرنەگیرێت، حەتا لە پێش شاشەکان و لەپێش ئیعلامیش، ئەو شتە وانیە بە تەسەوری من ئاوایە کە باسم کرد، بەنیسبەت تەحدید موعد مناسب، بەڕەئی من مناسب کەلیمەیەکی ئەدەبیە، یەعنی کەلیمەیەکە نابێ لەناو قانون ئیشارەتی پێبدرێت، باشترین حەل ئەوەیە، هەر تحدید موعد و ئیستیفتا لەسەر دەستوور با ئەو تەحدیدە خۆمان بیبەینە دەرەوە، واتە ئێمە تەحدیدی مەوعیدەکە نەکەین، ئیلتیزاماتەکە زیاتر بخەینە سەر سەرۆکایەتی هەرێم یان بیخەینە سەر حکومەت، با ئاوا بووترێت باشترە،( یتم تحدید موعد للاستفتاو العام علی مشروع

دستور اقليم كوردستان ـ العراق بالتنسيق بين رئاسه برلمان إقليم كوردستان ـ العراق وحكومه الاقليم والجهات ژات العلاقه)، من وای بەباشتر دەزانم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عادل، فەرموو.

**بەڕێز عادل محمد امين:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لەدانانی دەستووری هەرێمی کوردستان مادام ڕێگەی ڕیفراندۆممان گرتووە، ئەمانەوێت دەستووری هەرێمی کوردستان بەڕیفراندۆم هێزی پێبدرێت و بخرێتە کارەوە، یەعنی مەفروز بوو، ئەگەر چی کاتی خۆی لەو پڕۆژە بڕیارە کە پەرلەمان بۆ ئالیەتی دانانی دەستووری هەرێمی کوردستان ئامادەی کردبوو، من مولاحەزەم دا کاك عەونیش لێرەیە، یەعنی بەڕاستی ئەمە زۆر نا ستاندارد دانە کاتەکەمان دانا، یەعنی من کاتی خۆی مولاحەزەم دا، وتم من مولاحەزەم لەسەر کاتەکە هەیە، باش وایە بۆ ئەوەی حجەج نەهێڵینەوە بۆ ئەوەی کەسێك نەڵێت کاکە ئەو دەستوورەی ئێوە زۆر جیاوازە لە هەموو دەستووری دونیا لەڕووی پەسەند کردنەوە لە ڕووی کاتەوە بۆ ئەوەی خەڵك ئاگای هەبێت لە فەصڵ و ماددەی ئەم دەستوورە کە چۆنە، بۆیە بەڕەئی من دانانی کات زۆر زۆر گرنگە، لەبەرئەوەی ئیستیفتای دەستووری لە هەموو دونیادا نیە کە ئیستیفتایەکی دەستووری بهێڵیتەوەو بە موتڵەقی بڕوات، لەهەموو دونیادا کاتێك دیاری دەکرێت، ئەو کاتەش ئێمە ئەگەر دایبڕێژین پێم وایە بەڵگەو حجەی هەر لایەنێك، هەر کەسێك نامێنێتەوە لەسەر ئەوەی کە بڵێن کاکە بەشێوەیەك دەستوورتان ڕیفراندۆم کردووە، کە وێنەی نیە لە دونیادا، بۆیە من پێشنیاری ئەوە دەکەم، ئەگەر بکرێت 1ی نەورۆز دابنێین بۆ ڕۆژی ڕیفراندۆمەکە، کە ئەکاتە سەری ساڵی کوردی و ئەکاتە جەژنی کوردی، جەوەکەش زۆر لەبار دەبێت بۆ ئەو کارە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

دکتۆرە شکریە، فەرموو.

**بەڕێز د. شكريه رسول ابراهيم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یەکەم: وەکو لە ماددەی یەکەم، لە فەقەرەی یەکەمدا هاتووە، کە تەنسیق هەبێت لەنێوان سەرۆکایەتی پەرلەمان و حکومەتی هەرێم و لایەنە پەیوەندیدارەکان، مادام وایە من بەباشی دەزانم کە سەقفێکی زەمەنی دیاری بکرێت، بۆ ئەم حاڵەتەو گونجاویشە، دووەم: حەز دەکەم هەڵبژاردنەکە لەگەڵ هەڵبژاردنی پارێزگاکان بێت، پارێزگاکانی هەرێم، سێیەم: وشەی مناسب بەڕاستی لێرەدا زیادەیەو لابرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك دلێر، فەرموو.

**بەڕێز دلێر محمد شريف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من هەمان ڕەئی کاك عومەرم هەیە، کەلیمەی مناسب، مەتاتیەتێکی زۆری تێدایە، زەرورەتیش وایە کەوا تەحدیدی نالێین ئێستا مێژوو، بەلاّم ئەبێ لەنیهایەتی ئەم ساڵەدا کۆتایی پێبێت، یەعنی تەحدیدی کەلیمەی نیهایەت بکەین، یەعنی تا کۆتایی ساڵ، بەلاّم من پێشنیاری ئەوە ئەکەم پێش تەعدیلی دەستوور کەلەعێراقدا دەکرێت ئەم پێش بخرێت، یەعنی ئەو ئەرکە کە دەخرێتە سەر هەر سێ سەرۆکایەتیەکە بۆ تەحدید کردنی ئەو ڕۆژە، من پێشنیار دەکەم بخرێتە پێش ئەو کاتەوە، چونکە کە کەوتە پاش ئەوەوە من پێم وایە ئەو دەستوورە ئێستا کە مرا، ئەوەندەی تر دەمرێندرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

مام خورشيد، فەرموو.

**بەڕێز خورشيد سليم شێرە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

کاتی خۆی کە پێش هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراقی، ڕەشنووسی دەستوور کە دانراو ماددەی 140ی کەوتە ناو، سەرکردایەتی کورد ڕای گەیاند من یەکێك لەو کەسانە بووم کە پرسیارم لێکردن، کە ئایا تەتبیع لە مەنتقەی کەرکووك و بەتایبەتی شوێنەکانی تر، تەتبیع پێش هەڵبژاردن دەکرێت یان پاش هەڵبژاردن، ئیسراریان کرد وتیان پێش هەڵبژاردن، ئەوە هەموومان دەزانین کە نەکرا، پاش تێپەڕبوونی زیاتر لە ساڵێك یان دوو ساڵ، خەڵکی تەداخولی کرد، هاتن لەو پەرەلەمانە ئیجباریان کردین کە بۆ 6 مانگ تەئجیل بکرێت، کە 6 مانگەکەشمان تەئجیل کرد ئەوە بووە، ساڵێك و شەش مانگیش هەر نەکرا، بەلاّم ئێمە بڕیاری خۆمان داو فرسەتمان دا بەوان و بەڵگەمان نەهێشتەوە بۆ ئەوان، ئێستاش ماددەی 140 مومکینە بەچەند ساڵی تریش جێبەجێ نەکرێت، من لەگەڵ ئەوەدام وەکو پێشتر باسم کرد لە دانیشتنی پێشوو، نە سەلاحیەتی کۆمیسیۆنەو نە هی ئێمەشە، سەلاحیەتی خاوەن بڕیارە کە ئەم مەوزوعە دوابخرێت، وەکو ئەوەی کە کۆمیسیۆن جوابی ئێوەی داوەتەوە، تەحدیدی ڕۆژێکی کردووە، من موتمەئینم کە جێبەجێی ناکات، لێش ناگەڕێن جێبەجێی بکات، بەلاّم با دیسان ئەو تۆپە بهاوێینە ناو گۆڵی ئەوان، با ئێمە موافەقە لەسەر ئەو مەوعیدە بکەین کە کۆمیسیۆن دایناوە، با ئەو جێبەجێی نەکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك بەڵێن، فەرموو.

**بەڕێز حمد عبدالله محمود (بەلێن):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵڵا منیش هەمان ڕەئی مام خۆرشیدم هەیە، بۆ ئەوەی حوجەتی ئەوان نەمێنێ کەئەلێن لەباری تەکنیکیەوە ئێمە کێشەمان هەیە، ئێمەش مەترسی ئەوەمان هەیە، کە دوو هەڵبژاردن لە ماوەی 17 ڕۆژدا بۆ خەڵکی خۆمان زەحمەتە و ئاسان نیە، ئەوەش کێشەیەکە، بەڵام بەڕاستی دیاری کردنی سەقف زۆر گرنگە، وەکو کاك دلێر و کاك عبدالرحمن و کاك عومەر باسیان کرد، بەڕاستی با ئەو سەقفە دیاری بکرێت پێش تەعدیلی دەستووری عێراقی، ئێمە ئەو دەستوورەی خۆمان پەسەند بکەین، چونکە مەترسی هەیە کە ئەوان بیخەنە دوای ئەوە، بۆیە من پێم باشە، ئەگەر لەسەر 11ی مانگیش موافق نین، ئەوە با سەقفەکە بۆ نیهایەتی ئەمساڵ بێت، بۆ ئەوەی بکەوێتە پێش تەعدیلی دەستووری عێراقی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك شێخ ادهم، فەرموو.

**بەڕێز ادهم عثمان احمد بارزانی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەروەکو مە باسکردیە، ئەم دەستوورە هی میللەتی کوردە، یان بە گوتنەکا دی ئیرادا میللەتی کورد لەم دەستوورە دیار کرن، چەند ڕۆژێك یان چەند هەیڤێك پێش و پاش کردنا ئەڤ دەستوورە هیچ شتێك لە ئیرادا ئەم میللەتا ناگۆڕێ، ئەم میللەتە ئیرادەی هەیە و بە ئیرادەش دەگاتە جێ، زوو بێت یان درەنگ، ئەز لە دەستپێکێدا تەئیدی ڕەئیا دکتۆرە هالە دکەم، کە پێش مە ئاخافت و ئیشارەت پێ کر، بەڕەئیا من دەبی مە وەختەك دیاری بکەین، وشا گونجاو یان کەلیمەی مناسب، لەجێگای خۆیدا نایەتن، ئەم تەئکید لەسەر ڤە خالێ بکەین، کە پێش دوماهیا ساڵا 2009 ئیستیفتا بکرێت، یان ڕیفراندۆم لەسەر ئەم دەستوورە بێتە کرن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك ئارام، فەرموو.

**بەڕێز ئارام رسول مامەند:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا من مولاحەزەیەکم لەسەر خودی ماددەکەو شێوەی داڕشتنەکەی هەیە، بەو شێوەی کە هاتووە، باس لە هەماهەنگی نێوان سەرۆکایەتی پەرلەمان و سەرۆکایەتی حکومەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان دەکات، من پێم باشە بەرواری ڕیفراندۆم لەسەر پڕۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە دەست نیشان بکرێت، واتە تەحدیدی ئەو لایەنە بکرێت کە دەست نیشانی بەروارەکە دەکات، بەهەماهەنگی لەگەڵ حکومەتی هەرێم و لایەنە پەیوەندیدارەکان، بۆیە پێم باشە ئەمە گۆڕانێکی تێدا بکرێت، ئەمە یەکەم، دووەم: سەبارەت بە

دەست نیشان کردنی بەرواری ڕاپرسی، ئێمە نابێ ئەوەمان لەبیر بچێ من پێم وایە کەلیمەی گونجاو کە لێرەدا هاتووە، دوو، سێ مانا دەگەیەنێ، یەکەمیان: ئەو ستاندارده نێودەوڵەتیانەی کە هەیە، کە پەیوەندە بەو مودەیەی کە دەست نیشان دەکرێت بۆ ڕاپرسی، دووەم: بوونی چاودێری بیانی، سەرکۆکی پەرلەمان، سەرکەوتنی هەر هەڵبژاردن و ڕاپرسیەك بەشێکی خۆی لەوەدا دەبینێتەوە کە تا چەند تۆ ئەتوانی چاودێرانی بیانی و نێودەوڵەتی بێنیت بۆ چاودێری کردنی ئەو پرۆسەیە، دواتر ڕەزامەندیان لەسەری، من پێم وایە ئەو بەروارەی کە کۆمیسیۆن دیاری کردووە، 8/11 کارێکی ئەستەمە کە تۆ بتوانی ڕێژەیەکی گونجاو چاودێر بێنیت بۆ چاودێری کردنی ئەو ڕاپرسیە، بۆیە من بەباشی دەزانم کە ئێمە کات دەست نیشان نەکەین، بۆ ئەوەی جارێکی تر پەرلەمان تووشی ئەوە نەبێت کە دابنیشێتەوە بۆ دواخستنی، لەگەڵ ئەوەشدام کە ئەگەر ئیمکان بێت، لەگەڵ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکاندا یاخود هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق، کەلە ئایندەیەکی نزیکدا دەکرێت، هەوڵ بدرێت ئەم دەستووره ئەو کاتە ڕاپرسی لەسەر بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

دوا کەس کە بیەوێت قسە بکات، کاك محمد فەرەج، فەرموو.

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یەکەم: من سەرەتا لەگەڵ ئەوەدا نیم کە دەستوور لەگەڵ هیچ هەڵبژاردنێکدا بکرێت، با بەتەنها بێت، با ئێمە لەمە دەرس وەربگرین، با نەی پێچینەوە بە شتی ئاڵۆزەوە، دووەم: ئەگەر ئەم دەستووره ئێمە پشت بە کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانی عێراق ببەستین، من پێم وایە ئەم کۆمیسیۆنە هەتا مانگی 2ی ساڵی 2010 ناتوانێ هیچ شتێك بکات غەیری هەڵبژادنی هەڵبژاردنی پارێزگاکانی کوردستان، هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، کەخۆی بۆ ئامادە دەکات، لەبەر ئەوەی هەنجەتی هەر ئەمێنێ لەهەر کاتێکدا بتوانێ ئەم ئیشەی تۆ دوا بخات، بەڵام من پێشنیاری ئەوە دەکەم، ئێمە دوو ڕاسپاردەی گرنگ یان دوو بڕیار بەجێ بهێڵین بۆ خولی سێیەمی پەرلەمان، یەکەم: کۆمیسیۆنێکی باڵای هەڵبژاردن لەهەرێمی کوردستان کە بەدەستووری عێراقی فیدراڵ ئێمە مافمان هەیە، دایبمەزرێنن، ئەو کۆمیسیۆنە دەستوور لە ساڵی 2009 ڕاپرسی پێ بکات بەیاساکەی ئەو، ئەو سەرپەرشتی بکات ئیتر پێویستیمان بەو کۆمیسیۆنەی تر نەبێت، بۆ دیاری کردنی ماوەکەش من پێشنیاری ڕۆژێك دەکەم، کۆتایی دواهەمین پرۆسەی ئەنفال کە لەکوردستاندا کرا، کە بڕیارەکەی لە 8/23دا دەرکرا، بەڵام عەمەلیەکە لە 9/2 کۆتایی پێ هات، من پێشنیار دەکەم 9/2 بکرێت بەو ڕۆژەی کە نەیارانی گەلی کورد پێیان وابوو ئیتر لەم ڕۆژەدا کۆتایی پێهاتووە، ئێمە لەو ڕۆژەدا ڕاپرسی بۆ دەستوور بکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك شێروانیش داوای قسەی کرد، وەکو سەرۆکی لیژنەی یاسایی، فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە کاتێکمان دانا بۆ ڕاپرسی لەسەر دەستوور ئەویش 7/25 بوو، لەدیاری کردنی ئەو کاتەدا پەرلەمانی کوردستان سەرکەوتوو نەبوو، بەپێی ئەو قسانەی کە جەنابت لەسەرەتای کۆبوونەوەکەدا ئیشارەتت پێدا، واتە بەقەناعەتی شەخصی خۆم دیاری کردنی هەر فەترەیەکی زەمەنی وا دەکات کە ئێمە موەفەق نەبین، لەبەر ئەوەی ئەو ڕەوشە سیاسیەی کە هەیە، ئەو بیانوانەی کە هەیە، بەنیسبەت نەیاران و ناحەزانی گەلی کوردستان ڕەنگە تۆ نەتوانی تەحدیدی ڕۆژەکە بکەین یان فلاَن دەقیقە بکەیت کە تۆ بتوانی ئیستیفتا لەسەر دەستوور بکەیت، هەندێك لە ئەندامانی پەرلەمان ئیشارەت بەوە دەدەن کە دەڵێن پێش 2009 بکرێت، من شتێکی زۆر بەسیت دەهێنمەوە، هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە مانگی 1 دەکرێت، زۆر زۆر تەبیعیە بڵێین با لەگەڵ ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بکرێت، کە مانای وایە دیسان حەتا 2009 شمان تەحدید کرد، ڕەنگە لە نیهایەتی 2009 نەکرێت بخرێتە 2010، حەق وانیە ئێمەش گومان لەسەرکردایەتی خۆمان بکەین یان لەسەر سەرۆکایەتی پەرلەمانی خۆمان بکەین، حەق وا نییە ئێمە ئەو عەینەکە ڕەشە لەچاوی خۆمان لادەین و بەچاوێکی ڕەش سەیری دەستوور نەکەین، هەر ئیرادەی ئەو میللەتەیە کە توانی پەرلەمان دروست بکات، هەر ئیرادەی ئەو میللەتەیە کەتوانی حکومەت دروست بکات، هەر ئیرادەی ئەو میللەتەیە کەتوانی فیدڕالیەت بچەسپێنێ، ئێستاش ئێمە خاوەنی ئەو میللەتەین کە ئەو ئیرادەی هەیە کەبتوانێ دەستوورێك بچەسپێنێ، بۆیە من لەگەڵ ئەوەدا نیم دەستی سەرۆکایەتی پەرلەمان ببەستینەوە، دەستی سەرۆکایەتی حکومەت ببەستینەوە، دەستی سەرۆکایەتی هەرێم ببەستینەوە، بۆ ئەوەی ماوەیەك یان ڕۆژێك دیاری بکەین بۆ ڕاپرسی لەسەر دەستوور، مومکینە ڕاپرسی لەسەر دەستوور بەمانگێکی تر بکرێت، یان بەدوو مانگی تر بکرێت، بۆ ئیمە بیخەینە ئەو قاڵبەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، نزیکەی 18 کەس قسەیان کرد، هەموویان لەسەر ئەوە موتەفقن کە کەلیمەی (مناسب) لابرێت، ئەو ڕەئیەی کە تازە هاتە پێشەوە کە ڕۆژ دیاری بکرێت، یەعنی سەقفێك هەبێت بۆ ڕاپرسی ئەوە دەخەمە دەنگەوە یەکەمجار، ئەگەر دەنگی هێنا ئەوکاتە قسەی لەسەر دەکەین، کێ لەگەڵ ئەو ئیقتراحە تازەدایە کە لەلایەن ژمارەیەك لە ئەندامانی پەرلەمانەوە هاتە پێشەوە، کە دەڵێن دەبێ سەقفێکی زەمەنی هەبێت بۆ ڕاپرسی لەسەر دەستوور، کێی لەگەڵدایە بادەستی بلَند بکات تکایە؟، دەیژمێرین 29 کەسی لەگەڵدایە، فەرموون کێی لەگەڵدا نیە؟، 32 کەسی لەگەڵدا نیە، بۆیە ئەصلَەکە مایەوە، بەهەرحاڵ من یەك شتتان پێ ڕادەگەیەنم کە سەرۆکایەتی پەرلەمان و حکومەت ولایەنە پەیوەندیدارەکانیش و بۆچوونەکانیش کە لێرەدا هەن، هەموو خیاراتمان لە پێشە، یەکەمیان: کۆمیسیۆنی بالاَ دەبێ بزانین کەی دەتوانێ ئەو کارە ئەنجام بدات، بەزووترین کات لە چەند مانگی داهاتوودا، دووەم: ئەنجومەنی پارێزگاکان بەپێی قانون ئەبێ پێش 2009 هەڵبژاردن بکەن، دەکرێت لەگەڵ ئەوانەدا ڕەبت بکرێت، سێیەم: هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق، خوانەخواستە ئەگەر لەگەڵ ئەو دووەدا نەکرا، ئەوا لەوێ بکرێت، ئەگەر هەر

زانیشمان ناکرێت ئەوە خیاراتی تریش هەیە، ئاماژەیان پێکرد و پێویست ناکات پێش بینی بۆ بکەین، بەوەشەوە ئەگەر کۆمیسیۆنی بالا بۆی نەکرا، یان بۆی نەکردین، ئێمە حەق و مافی خۆمانە کە کۆمیسیۆنی بالای تایبەت بەخۆمان دروست بکەین، بەلاًم ئەوە ئێستا پێویست ناکات، کەواتە تا ئێستا ئەوان بەو ئیشە هەڵدەستن دەبێ ئەوان ڕابسپێرین، ئەگەر کرا ئەوە باشە، بەس دڵنیا بن لەوەی کە لەو چەند مانگەی داهاتوودا ئەو ڕاپرسیە دەکرێت، ماددەکە بەو شێوەی کە دەیخوێنمەوە (مناسب) نەماوە، ئێستا کاك عەونی ماددەی یەکەم بخوێنەرەوە بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگەوە، فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة (1): تلغى الفقرة (ثانياً) من المادة السادسة المعدلة من القانون ويحل محلها مايلي:

ثانياً: يتم تحديد موعد للاستفتاء العام على مشروع دستور اقليم كوردستان ـ العراق بالتنسيق بين رئاسة برلمان إقليم كوردستان ـ العراق وحكومة الاقليم والجهات ذات العلاقة.

**بەڕێز خليل ابراهيم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (1): بڕگەی (دووەمی) ماددەی شەشەمی هەموار کراوی یاساکە پووچەڵ دەکرێ و بەم جۆرە دەخوێندرێتەوە:

دووەم/ کاتێك بۆ راپرسی گشتی دیار دەکرێت بۆ پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان بە هەماهەنگی، لەگەڵ سەرۆکایەتی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان – عێراق و حکومەتی هەرێم و لایەنە پەیوەندیدارەکان.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەو ماددەیە دەخەمە دەنگەوە بەو گۆڕانکارییەی کە کرا، کێی لەگەڵدایە بادەستی بلّند بکات تکایە؟، فەرموون کێی لەگەڵدا نیە؟، بەزۆرینەی دەنگ وەرگیرا، بۆ ماددەی دواتر.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة (2): على مجلس الوزراء والجهات ذات العلاقة تنفيذ احكام هذا القانون.

**بەڕێز خليل ابراهيم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (2): پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێ بەجێ بکەن.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەم ماددەیەش دەخەمە دەنگەوە كێی لەگەڵدایە بادەستی بڵند بكات تكایە؟، فەرموون كێی لەگەڵدا نیە؟، بەكۆی دەنگ وەرگیرا، بۆ ماددەی دواتر تكایە.

**بەڕێز عونی كمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

المادة (3): لایعمل بای نص قانونی او قرار یتعارض مع احكام هذا القانون.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی (3): كار بە هیچ دەقێكی یاسایی یان بڕیارێك ناكرێت ئەگەر ناكۆك بێت لەگەڵ ئەم یاسایە.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەم ماددەیەش دەخەمە دەنگەوە كێی لەگەڵدایە بادەستی بڵند بكات تكایە؟، فەرموون كێی لەگەڵدا نیە؟، بەكۆی دەنگ وەرگیرا، بۆ ماددەی دواتر تكایە.

**بەڕێز عونی كمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

المادة (4): ینفذ هذا القانون إعتباراً من تاریخ اصداره وینشر في الجریدة الرسمیة (وقائع كوردستان).

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی (4): ئەم یاسایە لە ڕۆژی دەرچوونیەوە جێ بەجێ دەكرێت و لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقائعی كوردستان) بلاْو دەكرێتەوە.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەم ماددەیەش دەخەمە دەنگەوە كێی لەگەڵدایە بادەستی بڵند بكات تكایە؟، فەرموون كێی لەگەڵدا نیە؟، بەكۆی دەنگ وەرگیرا، بۆ ئەسباب موجبە.

**بەڕێز عونی كمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**الاسباب الموجبة**

بالنظر لاعتذار المفوضیة العلیا المستقلة للانتخابات في العراق حسب كتابها المرقم (خ/1340/9) في 2009/7/6 عن اجراء الاستفتاء العام على دستور اقلیم كوردستان في 2009/7/25 لاسباب فنیة تحول دون إجراء العملیة المذكوره في الموعد المحدد لعدم إمكانیة توفیر مستلزماتها ضمن المدة المحددة في جدول عملیات التنفیذ بالشكل الذي یضمن الالتزام بالضوابط الدولیة المعمول والمعترف بها علیه فقد شرع هذا القانون.

**بەڕێز خليل ابراهيم محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**هۆیەكانی دەركردنی ئەم یاسایە**

لەبەر ئەوەی كۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەكان لە عێراق، پۆژشی هێناوەتەوە بە نووسراویان ژمارە ( خ/1340/9) لە (2009/7/6) كە ناتوانێ لە 2009/7/25 راپرسی گشتی ئەنجام بدات، لەسەر پرۆژە دەستووری هەرێمی كوردستان – عێراق، چونكە پێیان ناكرێ پێداویستیەكان لەكاتی دیاركراو و بەگوێرەی رێككاریە نێو نەتەوەییە كارپێكراوان فەراهەم بكات، بۆیە ئەم یاسایە داندرا.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ كاك دلێر قسەت چیە؟، فەرموو.

**بەڕێز دلێر محمد شريف:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من پێم وایە ئەو ڕستانەی ئەخیری(لعدم إمكانیة توفیر مستلزماتها) ئەوانە زیادەن، حوجەكەی خۆیان وازحە ئیتر ئێمە بۆ موبەڕیڕی زیادیان بدەینێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك عەونی، فەرموو.

**بەڕێز عونی كمال سعيد بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەوان كۆمیسیۆنی سەربەخۆ خۆیان لە كیتابەكەیاندا وا ئەڵێن، ئیشارەتیان بەوە داوە، ئەوەش بە ئارەزووی جەنابتانە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

باشە ئەو دوو وشەیە لاببەن، ئێستا پرۆژەكە بە ئەسبابی موجیبەشەوە، دەخەمە دەنگەوە باشە كاك عزالدین نوقتەی نیزامی چیت هەیە؟، باشە خوا عەفوت بكات ئەوە كەی نوقتەی نیزامیە، ئێستا پرۆژەكە بە ئەسبابی موجیبەشەوە دەخەمە دەنگەوە، كێی لەگەڵدایە بادەست بڵند بكات تكایە؟، فەرموون كێی لەگەڵدا نیە؟، بەزۆرینەی دەنگ وەرگیرا، من پێش ئەوەی كۆتایی بە دانیشتنەكە بێنین، ئێستا با بێینەوە سەر هەندێ قسەی تر هەر لەسەر پرۆژەی دەستوور، ئێستا ئێمە زۆر قسەمان كردو نیگەرانیمان نیشاندا، هەر لەسەرەتای دەست پێكردنی قسەكانمانەوە، كۆمپیوتەری حسابیمان تێكچووبوو هەر لە ئەرقامدا من

غەڵەتم کردبوو، ڕەنگە بووبێتە هۆی ئەوەی کە چەندین کەس مەقالە بنووسن، بەڵام ئێستا کە یاساکەمان پەسەند کرد، من پێم وایە هەندێ لایەنی ئیجابیشی هەیە ئەو مەوزووعەی کە دوا دەکەوێت، هەمووی سلبی نیە وەکو باستان کرد، بەڵام کە ڕۆیشت ئێستا باسی دەکەم، یەکێك لەلایەنە ئیجابییەکانی ئەوەیە، ئەوانەی کە دژی ئەو دەستوورەن، مەبەستم لەوانەی کە لەبەغدادن، من پێم وایە بەشێکی ئاگانەبوونیانە لە تەفصیلاتی ئەو دەستوورەیە، وەکو زۆر کەسی تر کە مولاحەزە دەکرێت نەیان خوێندۆتەوە، هەر لەسەر تێبینی مەسئولێك یان ڕەخنەی مەسئولێك ڕەئیەك لەسەر دەستوورەکە دەدات، بڕیاری لەسەر دەدات، فرسەت دەبێت باشتر بیخوێننەوە، فرسەتیش دەبێت بۆ ئێمە لە پەیوەندیدا بین بۆیان ڕوون بکەینەوە، هەموو لایەنەکانیان نیشان بدەین، بەتایبەتی بەچ قۆناغێکدا ڕۆشتووە ئەو دەستوورە، وە چەند گونجاوە لەگەڵ ئەو دەستوورەی عێراقدا، هەروەها فرسەتێکی تری گەورە بۆمان دێتە پێشەوە بۆ ئەوەی هەموو خەڵکی کوردستان ئاشنا بن بەو دەستوورە، ئێستاکە لەم ڕۆژانەدا پێش کۆتایی ئەم مانگە هەر خانەوادەیەك، هەر عائیلەیەك نوسخەیەکی دەگاتێ، کەواتە بۆیان هەیە ئاگاداری تەفصیلاتی دەستوورەکە بن کە دەچن دەنگ دەدەن دەزانن بۆچی دەنگ دەدەن، چونکە من خۆم مولاحەزەم کردووە، زۆر کەس لەوانەی کە دێن و لەسەر شاشەی تەلەفزیۆنەکان یان لەسەر ڕۆژنامەکان مقالات دەنووسن، تەحلیلات دەکەن، لەوانەیە ڕەشنووسی دەستوورەکەی نەخوێندبێتەوە، ئەوە بەدڵنیاییەوە دەیڵێم چەندین سەروتارو وتارم لە پێشە، کۆشم کردۆتەوە، کە خودی مەقالاتەکان تەناقوزی تێدایە، ئەوەش دەلیلی ئەوەیە کە نەیخوێندۆتەوە، یاخود ئاگادار نیە، یەعنی مەسەلەن تۆ ڕەخنە لە دەستوورێك بگری، ئەبێ بزانی شێوەی ئەو وڵاتانەی وەکو ئێمەن دەستووریان چۆنە، یەعنی مەسەلەن یەکێ لەوانەی کە ڕەخنەی گرتووە، مەقالەیەکی نووسیوە، دەڵێت (چۆن دەبێ پەرلەمانێك بەپێی ئەو دەستوورە قانون دەربکات، سەرۆکی هەرێم بۆی هەبێت ئەو قانونە ڕەد بکاتەوە)، ئەو دەسەڵاتە دراوە بەسەرۆکی هەرێم قانونی پەرلەمان ڕەد بکاتەوە، بەبێ ئەوەی ئەو برادەرەی ئەوەی نووسیوە، تۆزێك خۆی ماندوو بکات بزانێ لەهەموو دونیادا وایە یان نا؟، لە بەغداد وایە یان نا؟، لەهەموو دونیادا ئسوڵ وایە کە پەرلەمان قانونێك دەردەکات سەرۆکی کۆمار بۆی هەیە ڕەدی بکاتەوە بۆ یەکجار، لەماوەی $10$ ڕۆژدا، لەسەر بڕگەیەك یان هەمووی، بەڵام دووەمجار کە پەرلەمان قەراری دا، قەرارەکەی کۆتاییە، یەعنی ئەم بەدیهیەتە لای ئەو دیار نیەو خۆشی ماندوو نەکردووە لە کەسێك بپرسێت پێش ئەوەی بیکات بە مەقالە، خەڵکێکی زۆریش کە دەیخوێنێتەوە مولاحەزە لەسەر قانونەکە لەسەر ئەو مەقالەیە وەردەگرێت، دەڵێت کەواتە دەستوورەکە خراپە، ئەندامێکی پەرلەمان ناوی ناهێنم، لە برادەرێکی تر دژی دەستوور موناقەشەی لەگەڵ کردووە بە بێدەنگی وتوویەتی ئەم دەستوورە زۆر خراپە، هیچ کەڵکی نیە، وتوویەتی خراپە دەژی دیموکراتیەتە، دژی مافی مرۆڤە، وتوویەتی باشە هەموو مادەکانت خوێندۆتەوە، وتوویەتی بەڵێ، وتی باشە ماددەی $123$ت خوێندۆتەوە، کە چەند باشە، وتوویەتی ئەو لەهەموویان خراپترە، ئێ خۆی $122$ ماددەیە، لەبەر ئەوە با ئەو فرسەتەمان هەبێت لەو چەند مانگەدا، هەموو خەڵکی کوردستان باشتر شارەزا بن، باشتر ئاشنا بن،

تكام وایە جارێكی تر لە ململانێی حزبی دور بكەوێتەوە، دواتریش ئەگەر كەسێك هەبێت، حزبێك هەبێت، لایەنێك هەبێت، دژی ناوەڕۆكی دەستوورەكە بێت، حەقی خۆیەتی تەبیعیە داوا بكات بڵێت من ئەو دەستوورەم قبوڵ نیە، داوا بكات لە خەڵك دەنگی نەدەنێ، ئەگەر خەڵك بەقسەی كرد مانای وایە، ئێمە غەڵەتین ئەو كاتە ڕێگایەكی تر دەگرینە بەر بۆ نووسینەوەی دەستوور، لە نەتیجەدا ناكرێت تۆ ئیرادەی هەموو خەڵك بۆ خۆت بێت، پێت وابێ تۆ تەمسیلی هەموو خەڵك دەكەیت، ئەو پڕۆژەی كە بەڕێگایەكی قانونی نووسراوە، ڕێگای خۆی دیوە، لیژنەی یاسابیە، پەرلەمان پەسەندی كردووە، دوا ڕەئیش میللەت دەیدات، ئەگەر قبوڵیان كرد، ئەوە قبوڵەو خۆ ئەگەر قبوڵیشیان نەكرد، ئەوە هەمووومان ئەو ڕەئیەی میللەتمان لا قبوڵ بێت، ملكەچی ببین و بگەڕێینەوە جارێكی تر بە باشی بینووسینەوە، دڵنیاشم لەوەی كە ئەم دەستووورە باشترین پڕۆژەی دەستووورە بە ڕەچاو كردنی هەموو پێكهاتەكانی كوردستان، بەڕەچاو كردنی مافی هەموو نەتەوەكان، ئایینەكان كە لەكوردستاندا پێكەوە دەژین، بەڕەچاوكردنی بنەماكانی دیموكراسی، بەڕەچاوكردنی كۆمەڵگای خۆمان، كە كۆمەڵگایەكە لەڕووی كۆمەڵایەتیەوە تایبەتمەندی خۆی هەیە، لەڕووی ئایینیەوە تایبەتمەندێتی خۆی هەیە، بەڕەچاوكردنی ئەم هەموو شتانە، باشترین شت كراوە، لەگەڵ ئەوەشدا ڕەخنەكان و بۆچوونی خەڵك بەڕێزن و تەقدیریشیان دەكرێت، ڕێزیشی لێ دەگرین، حەقی خۆشیانە ڕەئی خۆیان بە ئاشكرا بڵێن و داواش لەخەڵك بكەن كە دەنگی نەدەنێ، دەستووری عێراق كە دەنگمان بۆدا بەپێی قانونەكە ئەگەر سێ پارێزگا بە زۆرینەی دەنگ دژی بونایە، سەری نەدەگرت، ئەگەر لە موصڵ سەری بگرتایەو زۆرینە دەنگی بۆ بدایە ئەوە نەدەبوو، بەڵام ئەوەتا خۆشبەختانە ئێستا دەستوورمان هەیە، خاوەنی دەستوورین، بەشێك لەخەڵكی عێراق دەنگی بۆ نەداو دژی بوون، لە 20%ی خەڵكی عێراق دەنگی بۆ نەدا، بەڵام لە 80%ی بەشداربوان دەنگیان بۆدا، بەڵام لە 20% و خەڵكی تریش هەوڵ دەدەن هەمواری بكەنەوە، خۆ كۆتایی نایەت دونیا بەوەی كە ئەو دەستووورە دەنگی بۆ بدرێت، هەڵەیەك هەبوو ڕۆژگار ئیسپاتی كرد، پێویستی بە هەمواركردن هەبوو هەمواری دەكەینەوە، كاك دكتۆر فوئاد قسەت هەیە، فەرموو.

**بەڕێز د. فؤاد احمد محمد بابان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

زۆر سوپاست دەكەم بۆ ئەو ڕوونكردنەوەیە، لەڕاستیدا زۆرێك لەو ڕەخنانەی كە لەدەستوور دەگیرێت، لە ناوەڕۆكەكەی نیە؟، بەڵكو زۆرێك لەوانەی كە لەسەر دەستوور دەنووسن بێ ئاگان لەو ئامادەكارییانەی كە بۆ پڕۆژەی دەستوور كراوە، لەبەر ئەوە من پێشنیار دەكەم، لەگەڵ بڵاوكردنەوەی دەستوورەكە، ئەو ڕاپۆرتەی كە لیژنەی ئامادەكاری دەستوور بڵاوی كردۆتەوە، لەگەڵیدا بڵاو بكرێتەوە، تا هاووڵاتیان بەئاگا بن، لەوەی كە چ ئامادەكارییەك كراوە بۆ ئەم دەستووورە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ئەو ڕەئیەت زۆر بەجێیە، بێجگە لەوەش، ئێمە ئەوە چەند ڕۆژێکە لە ڕاگەیاندنی پەرلەمان خەریکی (سی دی) یەکین، بە دەنگ و بە ڕەنگ هەموو ئەو قۆناغانەی کە بڕیوویەتی ئەوەی لەبەردەستماندا ماوە، بەبیری خەڵکی دێنینەوە، چۆن پێش دوو ساڵ و چەند مانگێك لێرەدا خوێندراوەتەوەو پەخش کراوەو خەڵك دیویەتی لە تەلەفزیۆندا، چەندین وتار نووسراوە، هەڵوێستی مەکاتبی سیاسی حزبەکان، ڕاپۆرتیان، نامەکانیان، تێبینیەکانیان، هەمووی دۆکیومێنتە لامانە، بە خەڵکیشی نیشان دەدەین، پرۆژەکەش پێشتر کە چاپیش کراوە، بڵاوکراوەتەوە ئەویش نیشان دەدەین، هەروەها ئێمە لەو ماوەیەدا بەردەوام دەبین لەوەی کە ئەو دەستوورە بگات بە هەموو شوێنێك، ئومێدیش دەکەم کە ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەو ئەو شتانە، جارێکی تر پرۆژەکە بڵاو بکەنەوە، ئیکتیفا نەکەن بەوەی کە ئێمە وەکو نووسراو، وەکو کتێبێك بڵاوی دەکەینەوە، بۆ ئەوەی زۆرینەی خەڵك یان هەموو خەڵك، ئەگەر بکرێت ئاگادار بن، بەشداریش بن لە ڕاپرسی بۆ پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان، زۆر سوپاستان دەکەم، کۆتایی بەدانیشتنەکەمان دێنین بەخێر بێن سەرچاوان.

| | | |
|---|---|---|
| **فرست احمد عبدالله** | **محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی)** | **عدنان رشاد مفتی** |
| **سکرتێری پەرلەمانی** | **جێگری سەرۆکی پەرلەمانی** | **سەرۆکی پەرلەمانی** |
| **کوردستان – عێراق** | **کوردستان – عێراق** | **کوردستان - عێراق** |